
کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# هەڵبژاردەیەک لە دانراوەکانی

# مەنسور حیکمەت




ئامادەکردنی

سالار ڕەشید



کرێکارانی جیهان یەکگرن!

هەڵبژاردەیەک لە دانراوەکانی

مەنسور حیکمەت

ئامادەکردنی

سالار ڕەشید



2007 .06 .05





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێرست


بڕیارنامە سەبارەت بە شیعاری: ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کریکاری ............ 6

چەند تێزیک لەبارەی: بنەماکانی ریکخستنی کۆمۆنیستی و رەخنە لە شیوەکاری پۆپۆلیستی ............ 9

شانەکان و خەباتی بەردەوامی کرێکاریی ............ 28

مارکسیزم و پراکتیکی شۆرشگیرانە ............ 42

سەرهەلدانی خویناویی نەزمی نوی‌ی جیهان ............ 75

لەکوتاییی دەورەیەکدا ............ 85

میللەت و ناسیونالیزم و بەرنامەی کومونیزمی کریکاری .. 109

بنەمای رێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ............ 170

دنیایەکی باشتر ............ 176

لە پیناوی داکوکیکردن لە خواستی سەربەخویی کوردستانی عیراق ............ 274





بنەمای رێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ............ 289

دبلوماسی" یان هەلبژاردنی سیاسی؟ ............ 295

گفتوگو لەگەل منصور حکمت سەبارەت بە شیعاری فیدرالیزم ............ **327**

نامەیەک بۆ دوو هاورێ ............ 336

رووداوە گەورەکان و ئینسانە بچووکەکان ............ 348

دەربارەی لە باربردنی منال ............ 367

بۆ کۆنگرەی یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.. 394

حیزب و دەسەلاتی سیاسی ............ 396

سەبارەت بە گرژی نیوان ئیران و ئەفغانستان ............ 431

حیزب و کومەلگا ............ 440

ئیسلام بەشیکە لە لومپنیزمی نیو کومەلگا ............ 470

سەرنگونی، شۆرش، سۆسیالیزم ............ 480

تاوانی یەکیتی نیشتمانی لەدژی خەلکی کوردستان مەحکومە ............ 487

سەبارەت بە رەئی دەرنەبرینی حزب لە پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملووە ............ 490

بزووتنەوەی سەلبی و ئیسپاتی ............ 496




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وتاری ئیفتتاحیەی کونگرەی سییەمی حیزبی کومونیستیی کریکاریی ئیران ................................................ 517

میزگردي: بالاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی ......... 535

رووبەرووبوونەوە لە نزیکەوە: راپورتیکی پزیشکی ........ 552

تەرحی سازماندەیی رابەری حیزب ........................... 555

کۆتاییهێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە ........................ 561

دنیا دوای ١١ی سیپتەمبەر .................................. 569

تویژینەوەیەکی کورت سەبارەت بە فیدرالیزم ................ 604



## بڕیارنامە سەبارەت بە شیعاری :
## ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کریکاری

لەبەر ئەوەی :

بەگشتی تەبلیخاتی حیزب ناکرێ و نابێ بە تەبلیخی هەڵوێست و شیعارە تاکتیکی یەکانی حزبی کومونستی ئیرانەوە ببەستریتەوە و هەر ئێستاش بە دروستی ناوەرۆکی بەشی لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بەردەوام تەبلیخ کراوەو شی دەکریتەوە و هەروەها برِیک خالّی ئەم بەشە لە بەرنامەی حزبیش ، وەک شیعاری دیاریکراوی تەبلیخی لە تەبلیخاتی حزبدا دیتەگۆڕ !

لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بە روونی میحوەرو جیهەتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتالیا، یانی دکتاتۆری پرۆلیتاریا و دامەزراندنی سوسیالیزمی دیاری کردوە و ئەم هەڵوێستە بناغەی یەی حزبیش، جگە لەوەی کە هەر ئێستا لە مەیدانی تەرویج مان دا باسی لێ دەکرێ، دەبێ وەک شیعار لە تەبلیخاتی رۆژانەی حزب دا بیتەگۆڕ !

تەنیا تەبلیخی بەردەوام و ئوسوولی لەسەر پێویستی دامەزراندنی حکومەتی تاقانەی چینی کریکارو پەروەردەکردنی جەماوەری بەرینی چینی کریکار بەم ئامانجە کۆمۆنیتستی یەوە، دەتوانری دەورو خەسڵەتی تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە ئیستراتیژی و بەرنامەی شورشگیرانەی حزبی کۆمۆنیست دا بە دروستی لە تەبلیخات دا بیتەگۆرِو وێرای بانگەوازی بەردەوامی بەرین ترین جەماوەری کریکاو زەحمتکێش و تویژ زۆرلێکراوەکان وگشت هێزەکانی دیموکراتی شۆڕشیگڕ بەرەو لای ئەم جمهوری یەی، ئاسۆی شۆرشی بێ وچان و هەتا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بخریتە بەرچاوی چینی کریکار :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەشنە کەم تەرخەمی یەک لە تەبلیخی ئامانجە بەرنامەیی و بناغەیی یەکانی حکومەتی کریکاری پێ بە پێی تەبلیخی شیعاری تاکتیکی جمهوری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، دەبێتە هۆی ئەوەی کەجەماوەری کرێکارو زەحمتکیش، وە بەتایبەت ئەو بەشەی کەلەم دوایانەداو ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتر بەرەو کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی ئیران ڕادەکێشرین، لەڕادەی جۆراوجۆردا حزبی کومونیست هەر لە هەلوێست و شیعارە تاکتیکی و قۆناغی یەکانی ئێستایەوە بناسن و ئەم ئیشە تەگەرە دەخاتە ڕێگەی پێک هێنانی پەیوەندی قوول لە نێوان جەماوەری چینی کریکاو حزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەساسی بەرژەوەندو قازانجی سەربەخۆی پرۆلیتری یەوە، دەفتەری سیاسی حزبی کۆکۆنسیتی ئیران پەسەندی دەکا کە :

شیعاری ؛ ئازادی ، بەرابەری ، حکومەتی کریکاری ؛ دەبێ وەک شیعاریک کە جەوهەری ئامانجە سوسیالستی و پرۆلیتتری یەکانی سەر بەخۆی حزب لە خەبات لە پێناو دەستەلاتی سیاسی دا بەزمانێکی سادەو لە هەمان کات دا بەزوویی بەیان دەک، وێرای شیعارەکانی تری ئیستای حزب، لە تەبلیخاتی ئۆرگانە سەراسەری و مەحەللی یەکان و لە تەبلیخی هاوڕی یانی موبەللیخی حزبی دا دابنرێ. پێویست ئۆرگانەکان و هاوڕێ یانی موبەللیخ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم شیعارە سەرنج بدەنە ئەم خالانەی خوارەوە :

مانای ئازادی لەم شیعارەدا لە دیموکراسی سیاسی واوەتر دەبێ و بەیانی گشتی و جەوهەری مەسەلەی ڕزگاری چینی کریکارو توێژ زۆرلێکراو و چەوساوەکانە لەچنگ گشت کۆت و بەندێکی کۆیلایەتی چینایەتی و هەموو پەیوەندو دام ودەزگای کۆمەلایەتی، سیاسی و فەرهەنگی سەرکوت کەری کۆمەڵگای بۆرژوایی .

؛ بەرابەری ؛ لەم شیعارەدا بەمانای ئەو بەرابەری یە کۆمەلایەتی و ئابووری یەیە کە بە هەل وەشانەوەی مالکییەتی تایبەتی و بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەدا و بە دامەزراندنی مالکییەت و چاودێری کۆمەلایەتی لە سەریان، لە کۆمەڵ دادەمەزرێ . ئەم ؛ بەرابەری



؛یە لە چوارچێوەی بەرابەری حقووقی ئینسانەکاندا نامێنیتەوە بەڵکو بەمانای بەرابەری ڕاستەقینەی ئەوان لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دایە .

حکومەتی کریکاری ؛ بەیانی سادەی دکتاتوری پرۆلیتاریایە، لە کاتی ڕوون کردنەوەی دا دەبێ پێوستی بەدەستەوە گرتنی دەستەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کریکارەوە و باسی دەورو تایبەتمەندی یەکانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی بەشی ئسوولّی و لایەنی زۆری بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئیران و بەڵگە بناغەیی و جیهانی یەکانی کۆمۆنیزم بێتە گۆر و تەبلیخ بکرێ .

دەفتەری سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئیران
1982



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# چەند تێزیک لەبارەی :
# بنەماکانی ریکخستنی کۆمۆنیستی و رەخنە لە شیوەکاری پۆپۆلیستی

پاش دەیان سال زال بوونی ریڤیزینزم و ئۆپۆرتۆنیزم، بەشکل وشیوەی جۆراوجۆر، بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا بەگشتی وبزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئیراندا بەتایبەتی، ئەمرۆ بەرەوپیشچوون و سەرکەوتنی بزوتنەوەکەمان لە خەبات بۆ سۆسیالیزم و وەدیهینانی شۆرشی کۆمەلایەتدا، بە تەواوی بەژیاندنەوەی هەمەلایەنەی مارکیسزمی شۆرشگیرو بۆلشەویزمەوە گرێدراوە.
ئیستا دەیان ساڵە کە خەبات وپراتیکی کۆمۆنیستی راستەقینە لە ئاستی جیهاندا تووشی وەستان ودامرکان کراوە، بۆشایی دەیان سالەی کاری کۆمۆنیستی بەبیروراو کردەوەی گەندەلی ریڤیزنستی پرکراوەتەوە. شوورەی وچین کە خۆیان بەنووێنەری رەسمی مارکسیزم لە مەیدانی نیونەتەوەیدا لە قەلەم دەدەن، بەناوی کۆمۆنیزم، دژی پرۆلیتەری ترین تیئۆری وسیاسەت وشیوەکاریان برەوپی داوەو پەیرەویان لی کردوە. لە پالەوە بەروالەت لە بەرانبەر ئەم ریڤیزینزمەوە رەسمی یەدا، چەند رەوتیکی رٍەخنەگرانەی بەهەمان رادە ریڤیزینزم وەک تروتسکیزم وکۆمۆنیزمی ئەورووپی، کەلەپوورو سوننەتەکانی نەزەری وعەمەلی بزوتنەوەکەمان دەگۆرن و گەویری ئەدەن. بیجگە لەوانە، بە تایبەت لە ولاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، شۆرشگیرٍیەتی ناشیلگیرو تەحدیدیگەرایانەی وەردەبۆرژوازیش، بەم شیوەی سەرەکی لەسەر بناغەی پۆپۆلیزیم وناسیونالیزم و سۆسیالیزمی وردەبۆرژوازی، لە ژیرناوی مارکسیزمدا گەلێک تەحریفی وگۆڕین و چاوخشاندنەوەی پەشیمانی ئامێز  تازە، لە



حوکمە بنەڕەتی یەکانی تیئۆری و بنەماکانی پراتیکی مارکسیزمی شۆڕشگیرداپێک دینن. بەرانبەر بە هەموو رەوتە ریڤیزینزم ووەردەبۆرژوا-سوسیالستەکان، بەنارمەی حزبی کۆمۆنیست پێناسی ئیمەی وەک مارکسیزمی شۆرشگیر بە روونی دیاری کردوە. ئیمە پەیوەندمان هەر بەو بزوتنەوە چینایەتی یە جیهانی یەوە هەیە کە مانیفیستی کۆمۆنیست سەرەتای قەوارەگرتنی راستەقینەیەتی وشۆرشی ئۆکتۆبەر شاهیدی ڕاوەستاویی و شیلگیریەتی لە ڕیکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرولیتاریادا. ئیمە بەشیکین لەو بزوتنەوەیە کە نەک هەر دەستی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجی مانیفستی کۆمۆنیست نەکێشاوە، نەک هەر ئامانجەکانی خۆی دانەشکاندوە، بەڵکوو سوورە لەسەر ئەوەی کە بۆشایی دەیان سالەی کاری کۆمۆنیستی پڕکاتەوە وبەرابەر بە هەموو تەحریف وگورٍینێکی بۆرژوای و وەردەبۆرژوایی لە مارکسیزمدا، بە ئیرانی و جیهانی یەوە، سەر لە نۆی مارکسیزمی شۆرشگیرو ریو رەوشتنی بۆلشەویکی جیگیر بکاتەوە . ژیاندنەوەی بۆلشەویزم !
ئەمەیە ئامانجی بەرزی کۆمۆنیستی بزوتنەوەی ئیمە، ئامانجیک کە جیاکەرەوەی بزوتنەوەکەمانە لە هەموو ئەو رەوتانەی وا سوسیالیزمیان بە گویرەی ئامانجی نزمی چینایەتی خۆیان داشکاندوە. ئامانجیک کە جیاکەرەوەی بزوتنەوەکەمانە لە هەموو رەوتە رٍیڤیزینستەکان وردەبۆرژوای – سوسیالیستەکان. ئەمرۆ، لەبارودۆخیکی ئەوتۆدا کە ریڤیزینزم بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا زالە، ناتوانین بۆ وەدیهینانی سۆسیالیزم خەبات بکەین، بێ ئەوەی بە هەمان خۆراگری گورو تواناوە لەشەری بی ئامانی لەپێناو ژیاندنەوەی بۆلشەویزمدا تیًوەچین. ئیستا بە حوکمی هەول مەرجی عەینی و بارودۆخ و پیداویستی پراتیکی بزوتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا سەردەم، سەردەمی لەناو چوونی جیهانی ومیژوویی ریڤیزینزمە. زاڵبوونی مارکسیزمی شۆرشگیر بەسەر ریڤیزینزمی پۆپۆلیستی لە ئیرانداو پەیدابوونی ریزیکی یەکانگیری کۆمۆنیستی لەژیر ئالای بەرنامەی حیزبی کۆمۆیستدا، خۆی بەشیک لەو جوولانەوە میژوویە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که پرۆلیتاریای شۆرشگێربۆ وەدیهینانی ئامانجە میژوویی یەکانی خۆی بەرەو ژیاندنەوەی بۆڵشەویزم دەستی داوەتی . بەلام خەبات بۆ ژیاندنەوەی بۆلشەویزم، تەنیا خەباتیکی نەزەرەی نییە، بەلکو لەهەمان کاتدا پیویستی بەخەباتیکی لێبراوانە بۆ دۆزینەوەو چەسپاندنی سەرلەنۆێی سوونەتەکان و رەشتە کۆمۆنیستی یەکانیشە. ئەو سوونەتەو روشتانەی کە لەپال تیئۆری وبەرنامەی شۆرشگیرانەی مارکسزمدا، نیشانکردنیکی بنەرەتی جینەکراوەن بۆ دیاری کردنی پیناسی جیاوازو سەربەخۆی کۆمۆنیستەکان، لەبەرانبەر حزب و هیزە سیاسییە ناپرۆلیتەریەکان ورەوتە ناکۆمۆنیستی یەکانی ناو بزوتنەوەی چینی کریکاردا. مارکیسزمی شۆرشگیر خۆی رەوتیکی زیندووی چالاکی ناو بزوتنەوەی چینی کریکارە کەنەک هەر بەتیئۆری وئامانجە شۆڕشگیرانەکانی دا، بەلکو هەروەها بەرەوشت و سوونەتەکانی تایبەت بەپراتیکی خۆیدا دەناسرێتەوە لەغەیری خۆی جیادەکریتەوە. ئەو سوونەت و رەوشتانە کە تایبەت بەکۆمۆنیزم وکۆمۆنیستەکانە. ئەو سوونەت و روشتانەی کە پاڵیان بە ئامانج وبەرنامەی شۆرشگێڕانەی مارکسیزمەوەداوە، جووتی تەواوکەری جیاکەرەوەی بەرنامەکەو پیناسی عەمەلی بزوتنەوەکەمان دیاری دەکا. زال بوونی ریڤیزینزمیش خۆی هەر تەنیا بەمانای گۆڕینی بەردەوامی تیئۆری ولادان لەبەرنامەی مارکسیزم وگەویرکردنی پیناسی نەزەری کۆمۆنیستەکان نەبووە. بەلکو بە تایبەت هەتا گەویرکردن وسڕینەوەی ئەم سوونەت و روشتانەش لەکاروباری تەبلیغ، تەرویج، ڕیکخستن، خەباتی نێوخۆیی حزبی ودانان و بەدەستەوە گرتنی تاکتیک دا، بەکورتی لە هەموو لایەنەکانی پیناسی عەمەلی کۆمۆنیستی دا رۆیشتووەتەخواری. مانیفستی کۆمۆنیست چوارچێوەی گشتی ئەم رەوشتانەی دیاریکردوە. لینین و حزبی بۆلشەویک ئەم رەوشتانەیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی پراتیکدا، لە کاری رۆژانەی هەلسوورانی شانە حزبی یەکانی ناو چینی کریکار، لە شیوەکانی تەبلیغ، تەرویج، ڕیکخستنی حزبی وجەماوەری چینی کریکاردا. لەپەیوەندیەکانی نیوخۆی حزب وپیوەرەکان (موازین)ی سانترالیزم



ودیموکراسی نێوخۆی حزبدا، لە ڕیکخستن و ڕیکخراوبوون و بەدەوری ئۆرگانی سیاسی و ئەدەبییاتی سەرانسەری حزبی داو لە خەباتی دژی پۆلیسی سیاسی دا، بە کورتی لەکاری بەردەوام و ڕیک وپیکی حزبی یەوە هەتا ڕیکخستنی ڕاپەڕینی جەماوەری و شتی تر، هەموویان وردکردوەتەوەو بە دەستیانەوە گرتووە. ئەم ڕەوشتانە هەقیانەت بوونی خۆیان وڕیک هاتنەوەیان لەگەل ئوسوولی خەوش هەڵنەگری تیئۆری مارکسیزم بەگەلیک جار لە پراتیکی بەشە لیک جیاکانی چینی کریکاری جیهانی دا سەلماندوە .

ئەمرۆ خەبات لە پیناو ژیاندنەوەی بۆلشەویزمدا بۆ مارکسیزمی شۆرشگیری ئیران مانایەکی عەمەلی تایبەتی پەیداکردوە .نزیک بە چوار سال خەباتی ئیدیۆلۆژیکی ئامانحدار، بەتایبەت بەدژی ریڤیزینزمی پۆپۆلیستی، لە ناوجەرگەی شۆڕشیکی مەزن ولەناو بەربەرەکانەی دەستەویەخەی ئاشکرای چینەکاندا، توانای ئەوەی بەبزوتنەوەکەمان بەخشیوە کەپیناسی سەربەخۆی ئیدیۆلۆژیک– سیاسی پرۆلیتەری خۆی بدوزیتەوەو جیگیری بکا. بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست رەنگدانەوەی رەخنەی هەمەلایەنەی مارکسیزمی شۆرشگیری ئیران لە شیوە جۆراو جۆرەکانی ریڤیزینزم وسوسیالیزمی ناپرۆلیتەری یە، ئالای سەربەخۆی ئیدۆلۆژیک–سیاسی، نەک هەر بەرامبەر بەهەموو ریڤیزینزمی پۆپۆلیستی، بەلکو بەرانبەر بە هەموو چەشنە ریڤیزینزمیک. ئەم دەسکەوتە چارەنووس دیاریکەرە ئیمەی گەیاندوەتە بەردەرگای پیکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران. ئەرکی دەس بەجێ پیویستی پێکهینانی حزبی کۆمۆنیست و ئەو پراتیکە بەرینە کۆمۆنیستی یە کە هەر لە ئیستاوە لەگەل بلاوکردنەوەی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا چوەتە دەستووری کارمانەوە. زیاتر لە جاران پێداگری دەکا لەسەر پیویستی دەست بەجێی بزووتنەوکەمان بە دوزینەوەو جیگیرکردنی پیوەرەکان(موازین)و رەوشتەکانی پراتیکی بۆلشەویکی. ڕاستی یەکان وتاقی کردنەوەکانی بەرەوپیش هاتنی مارکسزمی شۆرشگیری ئیران بەدریژایی ئەم شۆرشە، سەلماندوویانە کەرەوشتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پۆپۆلیستی یەکان نەک هەر خزمەت بەئامانجە کۆمۆنیستی یەکان ناکەن بەلکوو رێگری لەوەدی هاتنیان دەکەن، سەلماندوویانەکە هەر تەنیا پراتیک بە شیوەی بۆلشەویکی یە کە دەتوانی ئامانج و بەرنامەی کۆمۆنیستی وەدی بینی. پیکهینانی حزبی کۆمۆنستی ئیران لە کردەوەدا هەر تەنیا لە سەربناغەی جیاکردنەوەی مارکسیزمی شۆرشگیر، لەریڤیزینزم، جیاکردنەوەیەک کەهەر ئیستا لەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا بەرۆشنی دەردەکەوی، ئیمکانی نابی حزبی کۆمۆنیست ئورگانی سەربەخۆیی نەزەری وعەمەلی پرولیتاری شۆرشیگرە، هەر لەبەرە ئەوە بۆ پیکهیانی حزب، پیوستە هیزەکانی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست، دەستیان بە تیئۆری لینینی تەشکیلات وپیوەرەکانی بۆلشەویکی هەلسورانی عەمەلی رابگا.

ئەمەیە کلیلی پیکهینانی بەکردەوەی حزب لە بارودۆخی ئیستاماندا. لەلایەگی تر دەست راگەیشتن بە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست و تێشکان و مایە پوچ بوونی ئاشکرای ریڤزنیزمی پۆپۆلیستی لە هەردوو مەیدانی تیئۆری وپراتیکدا، بزوتنەوەکەمانی هێناوەتە هەل ومەرجیکی هەرە لەبار بۆ هەلگرتنی دوا هەنگاو و لەریبازی پیک هینانی حزبی کۆمۆنیستدا. کۆنگرەی یەکەمی (اتحاد مباریزانی کمونیست) بە دوورو درێژی مەسەلەی رەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی وپۆپۆلیستی یە کانی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەو پێی لەسەر جیگاو گرنگی ئەم مەسەلەیە لەکاری پیکیهنانی حزبی کۆمۆنیست دا و لەراستکردنەوەو پەرەپیدانی مارکیزمی شۆرشگیردا، داگرت. ئیمە سوورین لەسەر ئەوە کە لیبراوانە لەریرەوی رەخنەگرتن لەرەوشتە پۆپۆلیستی یەکان لە ریزی مارکسیزمی شۆرشگردا، لەریرەوی دابرانی هەمەلایەنەی چینایەتی لەم رەوشتانەو جێگیرکردنی بنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لەهەموو ئاستیکی کاری عەمەلی دا خەبات بکەین. ئەم تیزانەی خوارەوە لەسەر بناغەی باسەکان و لیکۆلینەوەیان وکۆکردنەوەی ئەو باسانە لە؛ کۆنگرەی یەکەمی اتحادی مبارزین کمونیستدا؛، نووسراونتەوەو ریک وپیک کراون وخالی بۆچوونی تیئۆریکی ئیمەدەبن لە جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە دەست بەجێ پیویستەماندا.



دەست پێ راگەیشتنەوە و پتەوکردنی تیئۆری لینینی تەشکیلات و سوونەت و رەوشتەکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لە ریزەکانی ئیمەدا ، تەنیا بە رەخنەی هەمەلایەنە لە تیئۆری تەشکیلات و بنەماکانی شیوەکاری عەمەلی پۆپۆلیستی و بەتێگەیشتن لە خەسلەتی وەردەبۆرژوایانەی ئەم تیئۆری و رەوشتانە ئیمکانی هەیە :

تیئۆری مارکسیزم وبنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی بیگومان لەسەر هندیک ئوسوول وئەحکامی عەمەلی راوەستاوە کە بە عام دەکری وەکو زانست راستەخۆ وەربگیریۆفیریبین. بەڵام تیگەیشتنی قوول وسەراسەری وگشتی لەم ئەحکامەو ماددەی بوونیان لە ئاستی بزوتنەوەیەکی دیاری کراودا هەمیشە پیویستی بەوەیە رەخنە لەو راونگەو بۆچوونە ناپرۆلیتەریانە بگیری کە لەکردەوەدا سەردەم بەسەردەمی دینەسەر ریگای پەرەپێدان وجیگیرگردنی

بیرورای مارکسیستی. فیربوونی مارکسیزم لە بزوتنەوەیەکی چینایەتی دا تەنیا بە خەبات کردن لە دژی بیرورای لادەر لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا ئیمکانی هەیە. وەک چۆن بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بەرهەمی خەباتی ئیدیۆلۆژیک لە دژی ئەو کۆسپە نەزرەی یەبۆرژوایی و وردەبورژوایی یانەی ناو بزوتنەوەکەما بوون، جیگیرکردنی شیوەکانی پراتیکی کۆمۆنیستیش، هەرچەند ئەم شیوانە لەباری زانیستی و شۆرشگیری یەوە دروست بوونی خۆیان بە گەلیک جار سەلماندبی مەیسەرنابی مەگەر بە رەخنەگرتنی هەمەلایەنە لەو بۆچونە تەشکیلاتی یانەو لەو رەوشتە عەمەلی یانە کە تا ئیستا بەناوی مارکیسزم و بەسەر پراتیکی بزوتنەوەکەماندا زال بوون وبردوویانە بەلارێدا .

تێگەشتنی ئوسوولی پراتیکی کۆمۆنیستی لە بزوتنەوەی ئیمەدا، بەتایبەت ریکخستنی بزوتنەوەیەکی عەمەلی خاوەن مەودایەکی پراتیکی بەرین لەسەر بناغەی ئوسوولی عەمەلی بۆلشەویکی، پیویستی بە دابرانی چینایەتی تەواو لە هەموو بۆچوون و رەوشتێکی عەمەلی پۆپۆلیستی هەیە. خەباتی نەزەری مارکسیزمی شۆرشگیری ئیران لە رێرەوی پەرەپێدانی پراتیکی خۆی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وپیکهیانان وپتەوکردنی حزبی کۆمۆنیستی ئیراندا ئێستاپێویستە هیزی خۆی بخاتە سەر رەخنەگرتن لە؛ پۆپۆلیزم لە عەمەلدا؛ و سەر نیشاندانی بنەماکانی هەڵسورانی عەمەلی ریکخراویکی کۆمۆنیستی لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا .

هەر تەشکیلاتیکی سیاسی ناچار ئامرازی جی بەجیَ کردنی سیاسەت و ئامانجێکی دیاریکراوی چینایەتی، تەشکیلات پەیرەوێکە لە بەرنامەو سیاسەت، خەسلەتی سەرەکی و بنەکانی ریبازی عەمەلی و شیوەکاری هەر تەشکیلاتیش لە ئەنجامدا لەگەل ئەم سیاسەت و ئامانجانە ریک دەیتەوە. کەواتە رەخنەی مارکسزمی شۆرشگیر لەتیئۆری تەشکیلات و شیوەکاری پۆپۆلیستی نەک رەخنەیەکی فنی ( تکنیکی) بەلکو رەخنەیەکی سیاسی – چینایەتی یە :

کارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی کارکردیک لە رووی هەلکەوت، ئیختیاری یا لەرووی ناشارەزایی بزوتنەوەی پۆپۆلیستی لە بنەماکانی کاری کۆمۆنیستی نییە. تەشکیلاتی و رەوشتەکانی پراتیکی پۆپۆلیستی ئاکامی تەجەسومی ( تجسم) بی ئەم لاولای بۆچوونی تیئۆری– سیاسی و ریبازو ئامانجی بەرنامەیی پۆپۆلیزمە . بی گۆمان رەخنەی ئیمە لە پۆپۆلیزم لە مەسەلەی تەشکیلاتدا تەنیا کاتیک تەواو وکامل دەبی کە کارکردی پۆپۆلیزم لە مەیدانە جۆراو جۆرەکانی هەلسورانی ناوخۆیی و دەرەوەی تەشکیلات و لەبەرابەر مەسەلەی عەمەلی جۆراوجۆردا بدەینە بە لیکۆلینەوە. بەلام رەخنەی مارکسیستی ئەوە دەخوازی کە ئیمە لە پیشدا بنەمای تیئۆریک-سیاسی جولانەوەی تەشکیلاتی– عەمەلی پۆپۆلیزم بناسین وجەوهەری بۆرژوایی، چوونیەکی بیروڕای تیئۆریک سیاسی پۆپۆلیزم لەگەل پراتیکی پۆپۆلیزم دەرخەین. ئەمە کلیلی رەخنەگرتن لە شیوەکاری پۆپۆلیستی یە و مەرجی پیویستی پەرەپێدانی ئەم رەخنەیە لە مەیدانە موشەخەس ترەکان و لە بەرانبەر مەسەلە کۆنکریتەکاندایە. بە ستنەوەی رەخنە تەنیا بە لایەنی تکنیکی و ئیجرایی شێوەکاری پۆپۆلیستی و لە دەست بەردانی ئەم کلیلە ئەسلی یە یە.



روانینی پۆپۆلیستی لە مەسەلەی تەشکیلات، روانینیکی گونجاو لەگەل شۆرشگیریەتی بەرچاوتەنگانەی وردەبورژوایی دایەو تەشکیلات ورەوشتە پۆپۆلیستی یەکان، لەباشترین حالەتی خۆیدا، تەشکیلات رەوشتیکی گونجاوە لەگەل ئامانج وسیاسەتی وردەبۆرژوایی لەناو بزوتنەوەیەکی دیموکراتیکی گشتی دان. لەبەرانبەردا، تیئۆری کۆمۆنیستی تەشکیلات، ئەو تیئۆری تەشکیلاتیەیە کە لە ئامانج و سیاسەتی شۆرشگیرانەی پرۆلیتاریا، وەک چینیکی دیاریکراو، دیتەدەر. تەشکیلات و رەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان، رەوشتیکن کە بۆ ریکخستنی شۆرشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا لە دژی سەرمایەداری، بۆ دامەزراندنی دیکتاتوری پرۆلیتاریا وسۆسیالیزم پیویستن:

هەروەک ووتمان جیاوازی بنەرەتی لەنیوان روانین وکارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی و روانین وکارکردی کۆمۆنیستی دا، جیاوازیەک نییە کە هەر تەنیا لایەنە تەکنیکی یەکانی پراتیکی تەشکیلاتی بگریتەوە. ئەم جیاوازی یە لەبنەرەتدا لە وەلامی جیاوازی ئەم دوو روانینەدایە بە پرسیاریکی سەرەکی ئیدۆلۆژیک–سیاسی، تەشکیلاتی شۆرشگیر، تەشکیلاتێکە بۆ ریکخستن و رابەری کردنی شۆرش وکام سیاسەت وکردەوەی شۆرشگیرانە فەلسەفەی بوون و مەوزعیەتی کاری ئەسلی تەشکیلاتی پۆپۆبستی و تەشکیلاتی کۆمۆنیستی یە ؟ وەلامی پۆپۆلیزم و مارکسیزمی شۆرشگیر بەم پرسیارە، ناوەرۆکی چینایەتی تەواو جیاوازی ئەم دوو روانینە لەمەسەلەی تەشکیلات و رەوشتەکانی هەڵسورانی عەمەلی ئاشکرا دەکا . ریزیۆنیزمی پۆپۆلیستی هەرچەندی بەقسە ئەحکامی مارکسیستی دووپات کاتەوەو پێی لەسەر داگریَ لە پراتیکدا بە تەواوی خۆی بە سنووری ریکخستنی شۆرشگیریەتی وردەبۆرژوایی یەوە دەبەستێتەوە. وەک چۆن شۆرشگیریەتی وردەبۆرژوای لە خەباتی شیوە ئەنارشستی دژی دەولەتی، یا لەباشترین حالەتی خۆیداو لە ژێرفشاری پرۆلیتاریادا، لە خەباتێکی سەرووچینایەتی بۆ وەدیهینانی ئامانجی دیموکراتیک – شۆرشگێرانە تێپەرنابێ، تەشکیلاتی پۆپۆلیستیش لە باشترین حالەتی خۆیدا، وەک ئامرازیک بۆ ریکخستنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردەوەو سیاسەتی دیموکراتیک – شۆرشگیرانە بەناوەرۆکیکی بەناچار سەرووچینایەتی و وردەبۆرژوایی دەمینیتەوە. ریڤیزنیزمی پۆپۆلیستی دیموکراتیزمی ناشیلگیری وردەبۆرژوای لە لەفافەی سۆسیالیزم ومارکسیزمدایەو هەربۆیەش پیویستی ریکخراوبوون وتەنانەت پیویستی حزبی کۆمۆنیستیش لەپیداویستی یەکانی بزوتنەوەیەکی دیموکراتیک دەردەکیشی و ئەوی بەلاوە ئامرازیک بۆ وەلامدانەوەی ئەم پیداویستی یانەیە. لەبەرانبەردا فەلسەفەی بوونی ریکخراوی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست شۆرشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریاو ریکخستنی سەربەخۆی پرۆلیتاریا بۆ بەرەوپیشبردنی ئەم شۆرشەیە،پێویستی ریکخراوبونی کۆمۆنیستی، نەک لە تاکتیکەکان و پیداویستی یەکانی فلان قوناغی خەبات، بەڵکو لە ئاکامانجە بەرنامەیی و گشتی یەانی مارکسیزم ،واتە لە خەبات بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو سۆسیالیزم دەردەکیشرێ. ریکخراوی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیست بە حوکمی بنەرەتی ترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای سەرمایەداری، واتە خەباتی هەمیشەیی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی، خەباتی چینی کریکار وەک چینیکی کۆمەلایەتی لەدژی چەوسانەوەی ئابووری و کۆیلەیەتی سیاسی خۆی بە گشتی لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا یە کە پیویستی پەیدا دەکا. وە دەبێ وەلام بە پیداویستی یەکانی ئەم خەباتە بداتەوە. مادام سەرمایەداری و خەباتی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی لە کایەدایە، ریکخراویکی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریایش بۆ ریکخستنی ئەم خەباتە لەسەر بناغەی ئۆسوولی پایەداری نەزەری وعەمەلی، پیویست دەبی .
بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست قامک لەسەر جیگای حزبی کۆمۆنیست وەک ئامرازیکی خەبات بۆئەم ئامانجە پایەدارو سەربەخۆی چینایەتی یە دادەنی. بەرنامەی کۆمۆنیستی، بەئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانی دادەنی تەشکیلاتیکی ئەوتۆ دروست بکەن کە جیاواز لە هەر بارودۆخیکی تایبەتی سیاسی، هەمیشەو لەهەر بارودخێکدا چینی کریکار لە قازانجی سەربەخۆی چینایەتی ونێونەتەوایەتی خۆی تێ دەگەیەنی و بێ وچان لە ڕیزی حزبی سیاسی سەربەخۆی خۆیان– حزبی کۆمۆنیست– دا ریک دەخا، هەموو



لایەنیکی خەباتی عەمەلی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی ریک دەخاو ڕابەری دەکا . دووبەرەکایەتی وقڵشتی ناو ریزەکانی بزوتنەوەی ئەم چینە لەناودەباو لە هەر خەباتیکی عەمەلی دا بەرانبەر بە هەموو ڕەوتێکی ناچینایەتی وپرۆلیتەری، نوینەرایەتی لە قازانج و بەرژەوەندی کوللی چینی کریکا دەکا. حزبیک کە چالاکانە لە هەموو هەول و مەرجیکی تاکتیکی تایبەت کەلک وەردەگری لە پێناو قازانجی ریکخراوبوون و وشیاربوونەوەی سوسیالیستی فراوانتری چینی کریکاردا، لەپیناو پیکهینانی ریزی سەربەخۆی پرۆلیتاریای وشیار بەسەر قازانجی چینایەتی خۆیدا، لەپێناو پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی بۆرژوازی و لە پێناو ئەوەدا کە چینی کریکا بەکردەوە لەدەستەلاتی سیاسی نزیک بیتەوە. ریکخراوی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیست بەرهەم و سیمای عەمەلی ( تەشکیلاتی ئامانج و سیاسەتی پرۆلیتەری، واتە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی شۆڕشی سۆسیالیستی یە . ئامرازی ریکەوتن و تیکۆشانی چینێکی دیاریکراوە واتە پرۆلیتاریایە و لەباری عەمەلی یەوە ڕێکخراوبوونی سیاسی پیشڕەوترین و وشیارترین بەشەکانی چینی کریکارە. ئەم سیاسەتە پایەدارە سوسیالیستی یە کە دەڕوانێتە سەر ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لەگەل پەیوەندی چینایەتی تایبەتی ئەم ریکخراوە، دیاریکەری خەسڵەتی چینایەتی و تایبەتمەندی یە ئەسلی یەکان و ڕەوشتە عەمەلی یەکانی کۆمۆنیستەکانە لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەلسوڕاندا و لە هەموو روویەکەوەو لە هەموو وردەکاریەکدا لە ڕەوشتی عەمەلی وەردەبۆرژوایی جیایان دەکاتەوە .
تەشکیلاتی پۆپۆلیستی وەک ئامرازی ڕێکخستنی دیموکراتیزمی وردەبۆرژوایی تەنانەت توانای خەباتی شیلگری لە ڕێرەوی وەدیهینانی ئامانجە شۆڕشگێرانەو دیموکراتیەکاندا نییە. لەبەرانبەردا حزبی کۆمۆنیست وەک ریکخراوی پرۆلیتاریای سۆسیالیست، ریکخەرو رابەری شیلگیری هەر بزوتنەوەو شۆڕشیکی دیموکراتیکە لە سەردەمی ئیمەدا :
شۆڕشی ئیران ئەم حوکمە بنەرەتی یە مارکیسزم – لینیزمی بەشێوەیەکی حاشاهەلنەگر سەلماندوە کە هیچ بزوتنەوەو شۆڕشێکی دیموکراتیک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەردەمی ئێمەدا ناتوانی بێ رابەری پرۆلیتاریای وشیار سەربەخۆو ریکخراو بەسەرکەوتن بگا. بەم جۆرە پۆپۆلیزم و تەشکیلاتی پۆپۆلییستی لەگەل ئەوەشدا کە خۆی هەر بە سنووری ئامانج وسیاسەتی دیموکراتیکەوە نەستووەتەوە ، تەنانەت ناتوانی شیۆرشی دیموکراتیکیش کە فەلسەفەی بوونی تەشیلاتی پۆپۆلیستی یە ریکبخاو رابەری بکا. پۆپۆلیزم وتەشکیلاتی پۆپۆلیستی بە پشت گۆی دانی ریکخستنی سۆسیالیستی وسەربەخۆی پرۆلیتاریاو لەڕاستیدا بەدانانی کۆسپی نەزەری و عەمەلی لەسەر ریگای ئەم ڕیکخستنە سەربەخۆیە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بە کردەوە شۆڕشی دیموکراتیش لەبەر مەرجی پیویست و چارەنووس – دیاریکەری سەرکەوتنەکەی بێ بەری دەکا . تواندنەوەی ریزی پرۆلیتاریا لە ریزی گشتی گەلدا ، پال پیوەنانی چینی کریکار بەرەودەست هەلگرتن لە دۆرشم وسیاسەتی سەربەۆخۆی چینایەتی خۆی لە بزوتنەوەی دیموکراتیکدا ولاوازکردنی ڕابەری پرۆلیتاریا لەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا. ئەمەیە بەرهەمی کارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی لە شۆڕش و بزوتنەوەی دیموکراتیکدا .

لەبەرانبەردا، ریکخراویکی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست، وەک ریکخراویکی چینایەتی پرۆلیتاریای وشیار، ریک لەبەر ئەوە کە لە سەرکەوتنی کاملی هەر بزوتنەوەو شۆرشیکی دیموکراتیدا بۆ زەمینەی لەبار بۆ بەرەوپَیشی چوونی بێ وچانی چینی کریکار لە ریّرەوی شۆڕشی سوسیالیستی وگەیشتن بە دەستەلاتی سیاسی دەگەڕێ، ڕیک بەوبۆنەوە کە خوازیاری کامل ترین سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک و واوەترچوونی پرۆلیتاریا لە بازنەی دیمۆکراسی شۆڕشگێرە، هەربۆیە شیێلگیرترین چالاکترین و لەسازان بە دوورترین سیاسەت لەناو بزوتنەوەی کۆمۆستیدا بەدەستەوە دەگری . کۆمۆنیستەکان لە شۆڕشی دیموکراتیکدا خوازیاری پیکهێنانی ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا، دابین کردنی رابەری پرۆلیتەری بەسەر بزوتنەوەدا وریێکەوتن و کۆبوونەوەی جەماوەری بەرینی زەحمەتکیشانی غەیرە پرۆلیترە لە ژێر ئالای ئەم ڕابەری یەدان. بەم جۆرە



کۆمۆنیستەکان نەک هەر بانگەوازی پرۆلیتایا دەکەن کەچالاکانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک خەبات بکا، نەک هەر ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتەری لەم بزوتنەوەیەداو لە ڕیزی بەرەوەی ئەم بزوتنەوەیەدا پیێک دیێن و ڕیێک دەخەن بەڵکو شیلگیرترین کەسان لە بەرچاودەگریێ بۆ وشیار کردنەوە ڕیێکخستنی تویێژە زەحمەتکیێشە غەیرە پرۆلیتەریەکان لە ژیر ئالای سیاسەتی پرۆلیتەری و رابەری پرۆلیتەری بەسەر بزوتنەوەی دیموکراتیکدا .

جیاوازی بنەڕەتی چینایەتی نیێوان پۆپۆلیزم ومارکسیزم لە دیاریکردنی ئامانج و سیاسەتیێکدا کە دەڕوانیێتە سەر تەشکیلات، سەرچاوەی هەموو لادانیێکی پۆپۆلیزم لە مارکسیزم لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی دایە :

1 ) شۆڕشگیڕیەتی وردەبۆرژوایی لە سنووری ئامانج وسیاسیەتی دیموکراتیک تیێناپەڕێ. تەشکیلاتی پۆپۆلیستی تەواوی پیێناسەی سیاسی نەزەری خۆی لەوەدا دەبینێ و دەیبڕیتەوە کە بەرانبەر بە مەسەلە عەمەلی یەکانی بزووتنەوەو شۆرشی دیموکراتیک هەڵویێست بگرێ. ئەو مەسەلانە کە بۆ حزبی کۆمۆنیست لە دائیرەی تاکتیک بەمانای بەرینی دەگونجیێن، تەشکیلاتی پۆپۆلیستی پرۆلیتاریا لە بیردەباتەوەو قازانجی کاتی وقۆناغی (واقعی بێ یا خەیالی) دەکاتە قوتب نمای جولانەوەی خۆی. ئامانجی سوسیالیستی بۆ تەشکیلاتی پۆپۆلیستی دەبیێتە ئامانجی غەیرە واقعی و تەجریدی، وە خەباتی تاکتیکی وەک تاقە خەباتی واقعی و کۆنکریت، چاولی دەکرێ. بەم بۆنەوە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی ئامانجی سۆسیالیستی وبەرنامەی کۆمۆنیستی یە شتیێکی زیادی و زینەتی دادەنێ یا بە شیێوەی ئاکادیمیستی بۆی دەچێ . لەبەرانبەردا ریێکخراوی کۆمۆنیستی ئامانجی سۆسیالیستی بە ئامانجیێکی واقعی، عەمەلی وقابلی دەسپێ گەیشتین دەزانی و بەرنامەی کۆمۆنیستی دەکاتە خالّی جولانەوەو چوارچیێوەی هەڵسووڕانی عەمەلی خۆی، بەرنامەی کۆمۆنیستی بۆ کۆمۆنیستەکان بەرنامەی کارە بەرنامەیەکە بۆ بەدەستەوەگرتن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2) لەنەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی دا کە لە خەبات بۆ ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی قازانجی پایەداری چینایەتی خۆیدا قاڵ و خاراوبووبێ، قسە لە تاکتیک، بەمانای نەخشەیەکی ڕێک و پێک بۆ هەڵسووڕان لەسەر بناغەی ئوسووڵی پایەدارو لێکدانەوەی موشەخەس لە بارودۆخی موشەخەس، ناتوانی لە ئارادابی. بەم جۆرە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی خەسلەتێکی ئاکادیمیستی بەتاکتیک دەدا، تاکتێک وەک دەرخستنی نازنامە، تاکتیک وەک هەڵوێست ڕاگەیاندن، تاکتیک وەک سنووربەندی ؛ تیئۆری-سیاسی لەگەڵ باقی هێزو حزبە سیاسی یەکان – ئەمەیە جێگای ئاکادیمستی تاکتیک، بۆ پۆپۆلیزم. لە بەرانبەردا تاکتیک بۆ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست نەخشەکاری موشەخەس بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ڕێڕەوی ئامانجی بەرنامەیی و پایەداری سوسیالیستی لەهەل و مەرجی پڕئال و گۆری سیاسی و لەبەرانبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی خەباتی عەمەلی دایە . تاکتیکی کۆمۆنیستی ، تاکتێکە بۆ بەدسەتەوە گرتن و مەرجی پێویستی نزیک بوونەوەی پرۆلیتاریای شۆرشگیر لە ئامانجە بەرنامەیی یەکانی خۆی .

3 ) لەبەر ئەوەی کە ئامانج و ئسووڵێکی پایەدارو نەگۆڕی سۆسیالیستی ناروانێتە سەر سیاسەتی تاکتیکی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی، ئەم تەشکیلاتە هەر لە چنگ  سیاسەتی ئۆپۆرتۆنیستی و تاکتیک– پرۆسە و ئەم بەروئەوبەر کردنی پەیتا پەیتای سیاسی دا، یەخسیر دەمینیتەوە. نەبوونی ئوسوولی پایەداری بەرنامەی سوسیالیستی سەرچاوەی ئەسڵی ئەم باروبارکردنی تاکتیکی پۆپۆلیزم لە نیوان ئۆپۆرتۆنیزم و ئەنارشیزمدایە، سەرچاوەی ئاڵوزکاوی تەشکیلات ومەیل بە هەڵوەشاندنەوە لە سەر هەر پێچێکی توندی سیاسی دایە. قایم ڕاوەستانی کۆمۆنیستی کان بەرابنەر بەسیاسەتە بۆرژوایی یەکان و ئال وگۆڕە سیاسی یەکانی وبەردەوامکاری وپتەوی تەشکیلاتی کۆمۆنیستەکان بەرهەمی پیوەندی توندوتۆڵی نیوان بەرنامە وتاکتیکی کۆمۆنیستی و پەیرەوی کردنی تاکتیکە لە ئامانج و ئوسوولی بەرنامەی کۆمۆنیستی .



4 ) شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوای و مانەوەی لەسنووری ریکخستنی پراتیکی شۆڕشگێرانەو دیموکراتیکدا، دەبیتە هۆی ئەوە کە لە باتی چینی کریکار بە تایبەتی، تویژە دیموکراتەکانی کۆمەڵ بەعام ( گەل ) بکرێن بە مەوزووعی کاری ئەسلی تەبلیغ و تەرویج و ریکخستنی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی. تەنانەت کاتیکیش کە پۆپۆلیزم لە ناو چینی کریکاردا کار دەکاو هەڵدەسووڕێ ئامانجی ئەوکارو هەلسوورانە، ڕێکخستنی سوسیالیستی وسەربەخۆی چینی کریکار نییە بەلکو مەبەستی هێنانە مەیدانی چینی کریکار وەک هیزیکی ؛ دیموکراتی شیلگیرە؛ . لەبەرانبەردا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی پیش هەموو شتیک چینی کریکار دەکاتە مەووزعی کاری ڕیکخستنی سوسیالیستی چینی کریکار، بە تایبەت کریکارانی پیشڕەو و رابەرانی عەمەلی بزوتنەوەی کریکاری، وە ریک وپیک کردنی ریزەکانی چینی کریکار بۆ خەبات لەدژی بۆرژوازی بەئەرکی هەمیشەی و سەرەکی خۆی دادەنی. تەشکیلاتی کۆمۆنستی کاتیک بۆ دیموکراسی خەبات دەکا، بە تایبەت کاتیک لە شۆڕشی دیموکراتیکدا خەبات دەکا، ئەوە دەکا بە ئامانجی خۆی کەریزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا پیک بینی، زەحمەتێکشانی غەیرە پرۆلیتەری لەژێر ئالای سیاسەتی پرۆلیتاریادا کۆبکاتەوەو ڕیکیان بخاو رابەری پرۆلیتەری بەسەر بزوتنەوەی دیموکراتیکدا دابنین بکا .

5 ) پۆپۆلیزم بە حوکمی ماهیەتی سەرووچینایەتی ڕوانینە تەشکیلاتی یەکەی، ناچار جیاوازی عەینی چینی کریکار لە تویژە وردە بۆرژواکان لە باری جیگای کۆمەلایەتی یانەوە نەفی دەکا، هەربۆیە ئەفراد بە جیاوەبوو لە جیگاو ناونیشانی کۆمەلایتی – ئابووری یان وەک تاکە کەسی دابڕو لە کۆمەل لە ناو تەشکیلاتەکەی خۆیدا ریک دەخا. پۆپۆلیم لەکاری ڕێکخستن هەر تەنیا بەمانای تەسکی ڕێکخستنی تەشکیلاتەکەی خۆی تێ دەکاو ناتوانی چینی کریکار وەک چین ریک بخا. سللولی (خانەی) تەشکیلاتیکی پۆپۆلیستی  لە کەسانیک پیک دینی کە بۆ خەبات؛ کردن، لە پەیوەندە کۆمەلایەتی وچینایەتی یەکانی خۆیان دابڕاون و چوونەتە ناو ؛ ریکخراو ؛ و بەشێوەیەکی ئیختیاری لە پەنا یەکتر ریزکراون. لە بەرانبەردا ریکخستن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ کۆمۆنیستەکان بەمانای ریکخستنی پرۆلیتاریا وەک چینێکی کۆمەلایەتی یە کە بە حوکمی بوونی عەینی و کۆمەلاریەتی خۆی خەبات کارە، تەشکیلاتیکی کۆمۆنیستی، چینی کریکار لە شوینی ژیان و بەرهەم هیناندا، ریک دەخاو رابەری دەکا، شانەکان و خانە پایەکان لە ریکخراوێکی کۆمۆنیستی و لە حزبی کۆمۆنیست دا لە کریکارانی پێشرەو خەباتکارو لە رابەرنی عەمەلی بزوتنەوەی کریکاری، لە شوێنی ژیان و بەرهەم هێنان و هەڵسوورانیاندا پیک دێ .

6 ) بەم جۆرە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی دەبێتە ریکخراویک لەناو خۆیدا کە خەباتی سیاسی نە بە حوکمی ئەو خەباتە عەینی یەی لەنێوان چینەکاندا جاری یە، بەلکو بە حوکمی خودی ؛ ریکخراو؛ دیاری دەکا ، بۆ تەشکیلاتیکی پۆپۆلیستی خەبات دەبێتە خەبات لە بەنی ؛ ریکخراو؛ و دوژمن دا، دوژمنیک کە هەر چەشنە سیفەتیکی چینایەتی لی داتەکێنراوەو تارادەی؛ رژیمیک ؛ هێنراوەتە خوارەوە لەوە تێپەرناکا، هەر بەو جۆرە، کاری شورشگیران و بەدەستەوە گرتنی تاکتیکیش لای تەشکیلاتێکی پۆپۆلیستی لە سنووری کردەوەی راستەوخۆی ئەندامەکانی خۆی وا وەتر ناچی، تاکتیک وئاکسیون بۆ ریکخراوێکی پۆپۆلیستی، تاکتیک و ئاکسیونی ریکخراوەیی یە، نەک چینایەتی – جەماوەری . بێجە لەمانە تاقیکردنەوەی شۆرشی ئیران تی گەیشتنی پۆپۆلیسیتی لە خەبات تەنیا لە شێوەی ئاکیسونی دا دەبینێ و بەم بۆنەوە شێوەیەکی تایبەت لە یئکۆنۆمیزم، وە ئیکۆنۆمیزمی ئاکسیونی یا شوێن کەوتنی ئاکسیونی خۆبەخۆی جەماوەر یەکێکە لە خەسلەتە عەمەلی یەکانی هەڵسووڕانی پۆپۆلیستەکان. بەسترانەوەی موتلەق بە ئاکسیون، چ ئاکسیونی راستەوخۆی ریکخراوەیی یا ئاکسیونی خۆ بەخۆیی، پەردە لەسەر ناشیلگیربوون ، نەبوونی ئەردەموام کاری. سەتحیگەری سیاسی وکورت بینی وردەبۆرژوازی ریکخراوە پۆپۆلبیستییەکان هەڵدەداتەوە. لە بەرانبەردا کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بروایەن کە چینی کریکار، ئەک و ئامانجی خۆیان بەوە داناوە کە کردەوەی راستەوخۆی شۆرشگێرانەی کۆمەلایەتی چینی کریکار لە دژی



بۆرژوازی و دەولەتە بۆرژوایی یەکان، لەسەر بناغەی تاکتیک و شیعاری حزبی و لەژێر رابەری رێکخراوی حزبی دا، ریک بخەن. کۆمۆنیستەکان تاکتیک وئاکسیون، وەک تاکتیک وئاکسیونی چینایەتی، کەپێشرەوانی وشیارو کۆمەلایەتی ریکخراوەی چینی کریکار دەبێ بە دەستەوە بگرن، چاولی دەکەن وتەبلیخی دەکەن، وە چینی کرێکار وەک چینیکی کۆمەلایەتی بۆ بەدەستەوە گرتن و جی بەجی کردنی شیعارەکان و شیوەکانی خەباتیان بانگەواز دەکەن و ریکیان دەخەن .

7 ) زیاتر لە سێ سال هەلسوورانی پان وبەرین و بەدرێژایی شۆرشی ئیران، خەسلەتی وردەبۆروای ناوەرۆک و رەوشتەکانی تەبلیغ وتەرویجی ریکخراوە پۆپۆلیستەکانی بەتەواوی ئاشکرا کردوە. تەرویج بۆ ریکخراویکی پۆپۆلیستی زۆرتر؛ تەرویجی ناوخۆی ریکخراو؛ بووە کە بێجگە لە روونکردنەوەو بەرەوانیشاندانی ئاخرین هەلوێستەکانی؛ ریکخراو؛ بۆ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ریکخراوە، هیچ شتیکی تر نەبوو. وەک تریش تەبلیخیش زۆرتر دیتە سەر دووپات کردنەوەی پەیتا پەیتای شیعاری وفۆرموولی کلیشەیی ؛ هەڵوێستەکانی ریکخراو؛ بەرانبەر بەرووداوە سیاسی یە تازەکان، ریسواکردنی ئەخلاقی کاربەدەستانی سیاسی و دام ودەزگاکانی دەولەتی بۆرژوایی وهاندانی جەماوەری بی شکل و ناریکخراو بۆ ئەوەی ئاکسیونە خۆبەخۆیی یەکانیان پەرە پێ بدەن و توندو تیژی بکەنەوە. پۆپۆلیزم لە بەرەی بەرنامەیەکی پایەدارو پتەوی نیە، تەحدیدگەرایانە بۆ سیاسەت و خەباتی سیاسی دەچێ، ناتوانی خاوەنی خەت وریبازیکی تەبلیخی پایەداروپتەوبێ. رووداوە سیاسی یەکان و سیاسەتەکانی بۆرژوازی دەبنە هۆی ئەسڵی دیاریکردنی ناوەرۆکی تەبلیخی پۆپۆلیستەکان. بەم جۆرە تەبلیخ و تەرویج پۆپۆلیستی لەلایەک لەباری ناوەرۆکەوە دەبێتە شتیکی پرگرێ وگۆلی نارۆشن ، تیکەل لەگەل کۆمەلیک وردەکاری ناسکی ؛ تیئۆریک؛ لەلایەکی تریش لە کردەوەداو لە پەیوەند لەگەل ؛ جەماوەر؛دا بە ناچار تارادەی خواست وتێگەشتنی ئەوان روویان تی دەکا، دیتەخوار. ئاکسۆنیزم و شوینکەوتوو -ییزم تایبەتمەندی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیانەکراوەی پۆپۆلیزمە لە تەبلیخ و تەرویج دا. لەبەرانبەردا تەبلیخ و تەرویجی کۆمۆنستی کریکانی تیکۆشەرو کۆمەلانی کریکارو زەحمەتکیش دەگاتە مەوزعی کاری خۆی و ڕوو لەوان دەکات. تەبلیخ و تەرویجی کۆمۆنیستی ئامڕازی سەرەکی وشیارکردنەوەی چینی کریکارە. وشارەزاکردنی لەقازانجی خۆی وریکخستنی ریزەکانی چینی کریکارو زەحمەتکێشان لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی عەمەلی دایە. بەرنامەو تاکتیکی کۆمۆنیستی خەسلەتیکی قایم ویتەو، بی ئەم باروئەوبار بەردەوام و پایەدار بە تەبلیخاتی کۆمۆنیستی دەبەخشی و ریگا دەدا کە تەبلیخاتی کۆمۆنیستی لەمەیدانە جۆراجۆرەکاندا بە گویرەی مەسەلە موشەخەسەکانی خەباتی عەمەلی وبەپێی ئاستی تێ گەیشتوویی و زانیاری سیاسی ئەو کەسانە ڕوویان تی دەکا، شکل و شیوەی جۆروجۆرە پەیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی تاکتیکی و تەبلیخاتی یەک جۆرو سەراسەری حزبی بەناوەڕۆکی شۆرشگێرانەو پیشرەویەوە، لە خۆیدا بنوێنی. تەنیا لەو حاڵەتەدا کە تیشکی بەرنامەو تاکتیکی کۆمۆنیستی لە تەبلیخ و تەرویج بدا، هەر کریکارو هەڵسوڕاێکی کۆمۆنست توانای ئەوەی دەبێ کەبەردەوام و شیلگیر ئەم ئەرکە گرنگە کۆمۆنیستی یە بەروپێش بەرێ .

8 ) ڕایەل وپۆی تەشکیلاتی ریکخراویکی پۆپۆلیستی لەروانین وریبازگرتنی تیکرا گەلی پۆپپۆلیزم، پەیرەوی دەکا. شۆرشگێریەتی وردەبۆرژوای و ریکخستنی ئەفرادی وەک تاکە ئینسانی جیاوەبوو لە جیگاو پەیوەندی عەینی کۆمەلایەتی ئابووری خۆی، زیاتر لەهەموو شت لەگەل جێگاو ریگای ئابووری – کۆمەلایەتی و وردەبورژوایی و بە تایبەت رووناکبیرانی وردەبۆرژوا سازگارە. تەشکیلاتی پۆپۆلیستی بەپێی ماهییەتی خۆی ناتوانی ببێتە تەشکیلاتێکی خاوەن ڕایەل وپۆی کریکاری. لەبەرانبەردا تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی لە ڕێبازی هەڵدانی خۆیدا ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە کریکاران، خیزانە کریکای یەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کریکار و بۆ ناو ڕیزەکانی خۆی ڕادەکێشێ وڕێکیان دەخا.



9 ) تەشکیلاتی وردەبۆرژوایی پێکهاتووە لە ئەفرادی بێ ناوونیشان ( نازمامە)ی کۆمەلایەتی – چینایەتی، ناچار تەشکیلاتیکی مەحفلی، بی بەردەوام کاری وئاماتورە خەسلەتی فەردی لەپەیوەندە تەشکیلاتی یەکانی ڕیکخراویکی پۆپۆلیستی دا، ناوندیەتی (سانترالیزم) دیموکراتێک تاڕادەی لیبرالیزم، بیرۆکراتیزم ومەحفەلیزم دێنێتەخوار. لەبەرانبەردا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی وەک تەشکیلاتیکی پشت ئەستوور بە ریکخراوبوونی رابەرنی عەمەلی خەبات چینی کریکار لەمەیدانە جۆراوجۆرەکان وناوچەکان و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری دا کە لەژیر ڕابەری ناوەندێکی قایم و سەراسەریدا کار دەکەن، تەشکیلاتیک کە دەستەلات و نفووزی خۆی بە حوکمی پەیوەندی قوولی شانەکانی لەگەل پێشڕەوانی وجەماوەری چینی کریکار، بە دەست دێنی، تەشکیلاتیک کە هەر بەم بۆنەوە جۆلانەوەکەی خۆی لەر بناغەی بیروڕا گۆڕینەوە بڕیاردانی دیموکراتیکی هەلسووڕان و تیکۆشەرانی خۆی لە مەیدانە جۆراجۆرەکانداو لەسەر بناغەی رینوێنی و هاوئاهەنگی سەراسەری ئەم تیکۆشانە لەیەک ناوەندەوە دامەزراوە، تەنیا تەشیلاتیکی ئەو تۆ پیویستی بە بەرێوە بردنی ناوەندیەتی دیموکراتیک بە مانای راستەقینەی خۆی هەیە ودەشتوانی بەرێوەی بەرێ. تەشکیلاتی پۆپۆلیستی هەربەم جۆرە لەباقی مەیدانەکان ووردەکاری یەکانی تری هەلسوڕانی عەمەلیی، وەک خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی، دابین کردنی مالی و ماددی هەلسوورانی تەشکیلات وشتی تریشدا، خەسلەتی وردە بۆرژوایی مەحفەلی و دابڕوای لە چینی کریکاری لە خۆی نیشان داوە. بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ میراتی عەمەلی پۆپۆلیزم لە هەموو ئەم ڕێبازانەدا فڕێ بداو سیاسەتی پرۆلیتەری خۆی لەگشت مەیدانەکان و وردەکار یەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی دا وردبکاتەوەو بەدەستەوە بکرێ. بە دەستەوە گرتنی رەوشتی بۆلشەویکی لە پراتیکی تەشکیلاتی دا ئەرکێک نیە کە بۆ دوای پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست دابنرێ، یا تەنیا هەر لەدەستووی حزبی کۆمۆنستدا بێ، بەڵکوو هەمیشەو لەگشت هەل ومەرجیکدا ئەرکی هەموو شانەکان وگروپ وڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانە :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حزبی کۆمۆنست بە دەستی کۆمۆنیستەکان پیکدی و کۆمۆنیستەکان خۆیان لە پیشدا دەبی لە پیناوی نەزەری و عەمەلی خۆیاندا لە هەر دوو بارەوە کۆمۆنیست بن. ڕەوشتی عەمەلی کۆمۆنیستی، ریک وەک روانگەی نەزەری بەرنامەیی مارکسیزمی شۆرشگیر، بەشیک لە پیناسی کۆمۆنستی مانە و بەهەمان رادە لە دەستووری کاری هەموو تەشکیلاتیێکدایە کە لە هەول ومەرجی نەبوونی حزبدا، بۆ پێکهێنانی حزب و بۆ ریکخستنی بزوتنەوەی چینی کریکار خەبات دەکا. ئیمە دەبێلە ریزەکانی خۆماندا لە دژی ئەو روانگەو بۆچوونانە کە بەدەستەوە گرتنی رەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان تا پیکهاتنی حزب وە دوادەخەن وبە بیانووی نەبوونی حزب هەڵسووڕانی عەمەلی خۆیان هەر بەشێوەی پۆپۆلیستی درێژە پێ دەدەن وپاکانەی بۆ دەکەن، وەک لادانێکی تیئۆری لە مارکسیزم و وەک بەرهەڵستێکی عەمەلی سەر ریگای پیکهینانی حزبی واحید وسەراسەری پرۆلیتاریای شۆرشگیری ئیران، لیبراوانە خەبات بکەین. هەر تەنیا ئەو هەڵسووڕانە ئەو کادرانەو ئەو ریکخراوانە کە بتوانن لە هەردوو مەسەلەی تیئۆری وپراتیکدا خۆیان لەهیزە سیاسی یەکان چینە غەیرە پرۆلیتەری یەکان جیا بکەنەوە، بە مانای راستەقینەو عەمەلی توانای دروست کردنی حزبی کۆمۆنیستی ئیران دەبێ.

سالی 1985



# شانەکان و خەباتی بەردەوامی کرێکاریی

<u>پێشەکی</u>

ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی گفتوگۆیەکە، ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەم دواییانەدا لەگەڵ هاوڕێ مەنسور حیکمەتدا ئەنجامی داوە. لەم گفتوگۆیەدا چەندین خاڵی تازە دەربارەی شێوەی دەخاڵەتی شانەکان لە خەباتی بەردەوامی کرێکاران و پێداویستییەکانی ڕێبەریکردنی ئەم خەباتە خراونەتەڕوو، هەربۆیە چاپکردنیمان لە بەردەوامی ئەو وتارانەدا، کە تا ئێستا لەم بارەیەوە بوومانە، بە شتێکی بە کەڵک و زەرور زانی. لە ژمارەکانی داهاتووی کۆمۆنیستدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی شێوەکاری شانەکان لە بواری دەخاڵەتی عەمەلی لە خەباتی کرێکاری و بە دیاریکراوی، هەروەکوو لەم گفتوگۆیەشدا ئاماژەی پێ کراوە، جێگەی هەڵسوڕانی عەلەنی لە ڕابەرایەتیکردنی ئەم خەباتانەدا زیاتر دەدەینە بەر باس و لیکۆڵینەوە.

(کۆمۆنیست)

**پرسیار:** زۆربەی ڕێنوێنییەکانی ئێمە لەم دەورەیەدا لە بانگەوازکردنی هاوڕێیان و هەڵسوڕاوانی حیزب لە شارەکاندا بەدەوری تەوەرەی پێکهینانی شانە حیزبییەکان لە شوێنی ژیان و کاری کرێکاران و زەحمەتکیشان، پێکهێنان و بەرفراوانکردنی تەشکیلاتی شانەیی حیزب لەناو کرێکاراندا، دەخولێتەوە، لە هەمان کاتدا ئاگادارین، کە هەر لەم دەورەیەدا خەبات و نارەزایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئارادا بوون و لە ئارادان. سیاسەتی ئێمە، کە لەسەر بەرفراوانکردن و پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی حیزب دامەزراوە، چ پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم خەبات و نارەزایەتییانە و مەسەلەی ڕابەرایەتی ئەم خەباتەدا پێکدینێ؟ بە واتایەکی دیکە، ئێمە تا چ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕادەیەک و بە چ شێوەیەک لە مەسەلەی ڕابەرایەتیکردنی ئەم ناڕەزایەتییانەدا هەڵسوڕاو دەبین و ئایا دەخاڵەت لە ڕابەرایەتیکردنی ئەم خەباتەدا لەگەڵ ئامانجی ئەم دەورەیەمان لە پتەوکردن و بەرفراوانکردنی ڕێکخستنە حیزبییەکان لەنێو کرێکاراندا دژبەیەک ناوەستنەوە؟

**وەڵام:** هەروەکوو وتتان گرنگترین ئەرکێک، کە ئەمڕۆ لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا لەسەر شانی هاوڕێیانی ئێمەیە، بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی شانەیی حیزبە لەنێو کرێکارانی هوشیار و پێشڕەودا. واتە ڕێکخراوکردنی هوشیارترین و پێشڕەوترین کرێکاران لە شانە حیزبییەکان لەنێو کارخانە و گەڕەکەکاندا. ئەمە ئەولەوییەتێکی چارەنووسسازی هەیە بۆ ئێمە و پێشتریش بە شێوازی جۆراوجۆر، لە بڵاوکراوەکان و ڕادیۆکانی حیزبەوە گرنگییەکەیمان ڕوون کردۆتەوە. بەڵام ئەو پرسیارەش کە ئێوە دەیخەنە ڕوو، زۆر گرنگە. پرسیار ئەمەیە، کە چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم ئەرکە بنەڕەتییەی ئێمە و مەسەلەی دەخاڵەتکردنی چالاکانە لە ڕابەرایەتیکردنی خەبات و ناڕەزایەتییە هەمیشەییەکانی کرێکاراندا پێکدێت. ئایا ڕێکخستنی تەشکیلاتی شانەیی حیزب لەناو کرێکاراندا لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە خەباتی بەردەوامی کرێکاری، بە تایبەتی قەرارگرتن لە مەوقیعی ڕابەرایەتی ئەم خەباتانەدا، دژ بە یەکتر دەوەستنەوە؟ ئایا دەبێت لە نیوان ئەم دوانەدا یەکێکیان هەڵبژێردرێ؟

ئایا دەستبەکاربوون لە یەکێکیاندا، پێویستی بە دەستکێشانەوەیە لەوی دیکە؟ وە ئەگەر مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، هاوڕێیانی ئێمە بە چ شێوەیەک دەتوانن لەگەڵ بەردەوامیدان بە هەڵسوڕانی پایەیی خۆیان، لە هەمانکاتدا هەڵوێستێکی چالاکانەشیان هەبێ لە هەمبەر خەباتی کرێکاریدا؟ تا ئەو جێگایەی مەسەلەکە بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، وەک یەک **گشت**، وەک یەک **کۆمەڵە**، پەیوەستە، نەک تەنها دژایەتییەک لە ئارادا نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی حیزبی و شانەیی لەگەڵ دەخاڵەت لە مەسەلەی ڕابەرایەتیکردنی خەباتی بەردەوام و مەوجودی کرێکاریدا، لە بنەڕەتدا هەر یەکەیان پێداویستی ئەوی تریانە. ئێمە چەند جار گوتومانە، کە گەشەی



تەشکیلاتی حیزب لەنیو کرێکاراندا، زیادکردن و بەرفراوانبوونی شانە حیزبییەکان، مەرجی پێویستی شکلگرتنی یەک ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕ و ئیدامەکارە لەنێو کرێکاراندا. بەبێ تەشکیلاتی حیزبی، دەخاڵەت لە ڕابەرایەتی خەباتی ئابووری و ناڕەزایەتی کرێکاران لە بنچینەدا لە توانادا نییە و لە هەر هەنگاوێکدا کە هاوڕێیانی ئێمە بۆ بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی شانەیی حیزب هەڵی دێننەوە، بە شێوەیەکی واقیعی ئێمە چەند هەنگاو لە دابینکردنی ئەم ڕابەرایەتییە و بەهێزکردن و پەرەپێدانی خەباتی ناڕەزایەتیی کرێکاری نزیکتر دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، خودی دەخاڵەتکردن لە ڕێنماییکردنی خەباتی بەردەوامی کرێکاری، خۆی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی حیزبی لەنێو کرێکاراندا هەیە. ناتوانرێ باس لە حیزبێکی کۆمۆنیست بکرێت، کە سەبارەت بە مەسائیلی مەوجود و خەباتی بەردەوامی کرێکاران، کە پێشڕەوان و جەماوەری کرێکاران لە سنووری هەزارەهادا بە خۆیەوە خەریک دەکات، بێلایەن بێت و چاوەڕوانی ئەوەشی هەبێت، کە ڕێکخستنە حیزبییەکەی بە خێرایی بەرفراوان بێت. حیزبی ئێمە، کە دەبێ حیزبی ڕێکخەری کرێکارانی پێشڕەو بێت، دەبێ حیزبێکیش بێ، لە پاڵ هەوڵدانی بۆ ڕێکخراوکردنی کرێکارانی هوشیار لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە ڕیشەیی و چینایەتییەکان، وەڵامی سەرقاڵی و مەشغوڵبونی خەباتی هەمیشەییان بداتەوە. هیچ حیزبێک بە جیا لە خەبات و ناڕەزایەتی واقیعیی بەردەوامی کومەڵگا دروست ناکرێت. بەم پێیە ڕۆشنە، کە گشت حیزب، یانی حیزب وەک یەک گشت، دەبێ هەم پەیکەری خۆی بەرفراوان بکات، هەم لە ڕوڵی ڕابەرایەتی خەباتی کرێکاریدا دەربکەوێ. وە هەروەکوو وتم، ئەم دوو لایەنە تەواوکەر و پێداویستی یەکترین. بەڵام ئەوەی، کە دەربارەی گشت حیزب یان بە واتایەکی تر دەربارەی حیزب وەکوو یەک کومەڵە، دروستە، سەبارەت بە هەر بەشێک و ئەندامێکی حیزب دروست نییە. ئەوەی، کە بۆ گشت حیزب دروستە، مەرج نییە بە هەمان شێوە و ڕوونکردنەوەوە بۆ یەک شانەی حیزب لە دەوروبەری کرێکاریدا دروست بێت. ئەگەر ڕێکخستنی شانە حیزبییەکان لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لایەکەوە و ڕابەرایەتی خەباتی هەمیشەیی لە لایەکی دیکەوە، بەشە تەواوکەرەکانی سیاسەتی حیزبن، ئەوا کاتێک دێنە سەر کارکردی شانە بنەڕەتییەکان، ئەمانە ئیدی لەوانەیە بە شێوەیەکی واقیعی لە دەورانێکدا بە دژی یەکتر بوەستنەوە. لەوانەیە هاوڕێیەک بپرسێ، کە ئایا لە ڕاستیدا دەکرێ هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕابەرایەتیی مانگرتنێک، بەشداری چالاکانە لە ڕێنماییکردنی دەستلەکارکێشانەوەیەک، زەربە لە کاری بنەڕەتی شانەکانمان بدات؟ بەڵێ، بە داخەوە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمە بە تەواوی مومکینە. چونکە دەخاڵەت لە ڕابەرایەتیکردنی خەباتی هەمیشەیی کرێکاریی، پێویستی بە بەدیهێنانی کۆمەڵە پێداویستییەکە، کە شانەکانی ئێمە مەرج نییە لێی بەهرەمەندبن. ئەو کەسەی، کە گەرەکێتی بەڕاستی جێگای چوڵی ڕابەرایەتی لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی بەردەوامی کرێکاریدا پڕبکاتەوە، دەبێ پێش هەموو چشتێک بیر لە فەراهەمکردنی ئەم پێداویستییانە بکاتەوە. ئێمە ئەو شانانەمان ناوێ، کە جارێک لە مانگرتنێکدا بە چاکی بدرەوشێنەوە و دواتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مەیدان چۆڵ بکەن. ئێمە دەمانەوێ ڕێکخستنێکی حیزبی، پێکهاتوو لەو شانانەی، کە کرێکارانی کۆمۆنیستیان تێدایە پێکبهێنین، کە بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی نێوان حیزب و چین ڕابگرێت و بە شێوەیەکی بەردەوام ڕابەرێکی لێبڕاو، شۆڕشگێڕ و هوشیاری بەشە جوراوجورەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بێت، بە شێوەیەکی بەردەوام خەباتی هەمیشەیی بکاتە مەیدانێک بۆ ڕاکیشانی پێشڕەوترین و هوشیارترین کرێکاران بۆ نێو حیزب و بە شێوەیەکی بەردەوام هێز و توانای کرێکاران لە خەباتی سیاسی و ئابووریدا برەو پێ بدات. بە کورتی، حیزبی ئێمە دەبێت بتوانێت نەک تەنها ڕابەر و ڕێکخەری بزووتنەوەی چینی کرێکار بۆ سۆسیالیزم بێت، بەڵکوو دەبێت لە خەباتێکدا، کە کرێکاران بۆ باشکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیان، لە هەمان ئەم نیزامەی ئێستادا ڕوژانە دەستی دەدەنێ، بنەڕەتیترین و لێبڕاوترین ڕابەریش بێت. بەمپێیە، سروشتییە، کە ئێمە لەم دەورەیەدا کاری سەرەکی خۆمان بەوە بزانین، کە ڕێکخراوێکی ئیدامەکاری ئاوا لە



کرێکارانی کۆمۆنیست پێکبێنین. وە هەر ئەمەش بە بنەمای دەخاڵەتی جدی و چالاک، لە مەسەلەی ڕابەرایەتی خەباتی هەمیشەیی کرێکاراندا بزانین. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر بمەوێت قسەکانم کورت بکەمەوە، دەبێت بڵێم، کە یەکەم، ئێمە وەکوو حیزب هیچ کاتێک مەسەلەی بەرفراوانبوون و پتەوبوونی ڕێکخستنی حیزب لەنێو کرێکارانمان لە مەسەلەی خەباتی نارەزایەتی بەردەوامی کرێکاران جیا نەکردۆتەوە، ئێمە بە وردی پەیوەندی ئەم دوانە دەزانین و لە دیدگای گشتی و سیاسی خۆماندا هیچ دژایەتییەک و ناکۆکییەک لە نێوان ئەم دوو مەسەلەیەدا، لە نێوان ئەم دوو ئەرکەدا نابینینەوە. دووەم، لە ڕووی سیاسییەوە شێوە ئامانجی دەخاڵەتی ئێمە دیسانەوە وەک یەک حیزب، لە مەسەلەی ڕابەرایەتی خەباتی جاریدا ڕۆشن بووە. درووشمەکان و تاکتیکەکانی ئێمە ڕۆشنە، وە ئەگەر لە چەند مەسائیلێکدا کەموکوڕیمان هەیە دەزانین، کە دەبێت کاری لەسەر بکەین. دەزانین دەخاڵەتی ئێمە لە خەباتی جاریدا دەبێت چی بەدیبێنێت. دەبێت بەرفراوانبوونی پەیوەندی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب و چین، پتەوبوون و پێشڕەوی خودی بزووتنەوەی نارەزایەتی و ڕووتێکردنی بەشی هەرچی زیاتر لە کرێکاران بۆ خەبات و ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراوی حیزبی بە شێوەیەکی تایبەتی، بەدی بێنێت. بەڵام لەو جێگایەدا مەسەلەکە ئاڵۆز دەبێت، کە دێنە سەر مەسەلەی پەیوەندی شانەکان، یانی چەند بەشێکی دیاریکراوی حیزب، لەگەڵ خەباتی بەردەوامی کرێکاری، ئەویش لە دەورەیەکی دیاریکراودا، کە بناغەی ڕێکخستنی حیزب پتەو نییە و وەک پێویست بەرفراوان نییە. لێرەدا ئێمە دەڵێین، کە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە کاری شانەوە هەیە، دەخاڵەتکردن لە ڕابەرایەتی خەباتی بەردەوامی کرێکاریدا ئیتر بەم سادەییە نیە، بەڵکوو پێویستی بە وەدیهێنانی پێشەکی و پێداویستییەکە، کە لە جیهانی واقیعیدا ئەم دەخاڵەتکردنە مومکین بکات. ئەم پێداویستییانە دەبێ بە شێوەیەکی جدی بەدی بهێنرێن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پرسیار:** ئەم پێداویستییانە کامانەن. شانەکانی ئێمە دەبێت چ زەمینەیەک فەراهەم بکەن، بۆئەوەی بەکردەوە بتوانن دەخاڵەتی چالاکانە لە ڕابەرایەتی خەباتی جاری کرێکاراندا بکەن؟

**وەڵام:** ئێمە پێشتریش، چ لە وتارەکانی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست و چ لە ڕێگای ڕادیۆ و هەروەها لە ناوخوی حیزبدا ، تا ڕادەیەکی زۆر پەنجەمان بۆ ئەم مەسەلانە ڕاکێشاوە. من لە شکڵی فەهرەستدا پەنجە بۆ سەرخەتەکانی ئەوەی، کە وتوومانە ڕادەکێشم و دواتر دێمە سەر خاڵێکی تا ڕادەیەک تازە، کە بە بڕوای من گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە لە بەرەوپێشبردنی کاری شانەکان لەم مەیدانەدا.

یەکەمین مەرجی دەرکەوتن بەوێنەی ڕابەری خەباتی کرێکاریی، هەبوونی سیاسەت و ڕێبازێکی سیاسییە لەم خەباتەدا. ئێمە دەبێت تاکتیکەکانی خۆمانمان لە بەرامبەر مەسەلە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕۆشن کردبێتەوە، دروشمەکانمان دیاری کردبێت، ئاسۆ و ئایندەی ئەم خەباتە و توانای هەر ئێستا و بەهیزی هەر ئاکسیۆنێکی ئیعتیرازی بناسین و سەرەنجام پەیوەندی خەباتی بەردەوامی کرێکاری، واتە خەباتێک، کە هەر چۆنێک بێت بۆ چاکسسازییەکە لە بارودۆخی کرێکاراندا وەیان بۆ چاکسازییەکە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگادا، بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی کۆمۆنیستەوە بۆ ڕزگاری یەکجاری تێبگەین و لە هەموو لایەنێکەوە لێکبدەینەوە. ئێمە لە خەباتی هەمیشەیی کرێکاریدا بێ ڕێباز نین، ئێمە ڕەوتێکنین، دڵی بەمە خۆشکات، کە لە نارەزایەتییە کرێکارییەکاندا بەشداری دەکات. ئێمە لەم خەباتەدا سیاسەتێکی دیاریکراو و پەیگیر پیادە دەکەین، هوشیارکردنەوەی کرێکاران بە بەرژەوەندییە واقیعییەکانی خویان، ڕاستکردنەوەی درووشمەکان و ئامانجەکانی ئەم خەباتە، بەرفراوانکردنی گیانی ڕێکخراوبوون بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی تایبەتی لەنێو کرێکاراندا، بردنەسەرەوەی پشتبەخۆبەستوویی خەباتکارانە و گیانی خەباتکارانەی کرێکاران لە ڕێگەی بەدیهێنانی داواکارییە ڕەواکانیان و باشبوونی واقیعی



لە هەلومەرجی کار و ژیانی کرێکاراندا. شوێنکەوتنی ئەم ئامانجانەیە، کە ئێمە لە تریدیۆنیۆنیستەکان و ئیکۆنۆمیستەکان جیا دەکاتەوە. بەم پێیە پێش هەر شتێک حیزب بە شێوەیەکی گشتی و شانەکان وەک بەشەکان و یەکە بنەڕەتییەکانی حیزب دەبێت ئاگایی و مەعریفەی پێویستیان هەبێ بۆ ڕابەریکردنی خەبات و لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە پتەو بن، کە ئەوان بن خەبات ڕابەرایەتی بکەن نەوەک شەپۆلی ئاکسیۆنەکان ئەوان بە دوای خۆیاندا ڕابکێشێن. هەروەها دەخاڵەتکردن لە خەباتی هەمیشەیی کرێکاران، پێویستی بەوەیە هاوڕێیانمان، کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم خەباتەدا پەیوەندییان هەیە، خاوەنی بۆچوونی خۆیان بن لە مەسەلە عەمەلیترەکانی ڕابەرایەتی خەبات و تەجروبەی پێویستیان وەدەستهێنابێت، بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی جدی بگێڕن. لە مەیدانی پێداویستییە سیاسییەکاندا ئێمە کەمترین گیروگرفتمان هەیە، ئەمە مەیدانێکە، بە حوکمی هەبوونی بەرنامەی حیزب، داواکارییەکانی لانی کەمی حیزب، دروشمەکان و بڕیارنامە تاکتیکییەکانی حیزب، زۆرتر کاریان لەسەر کراوە و لە داهاتووشدا ڕێگرێکی تایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریان لە ئارادا نییە.

بەڵام هینانەدی پێداویستییە عەمەلی و ڕێکخراوەییەکان بۆ ئێمە ئەمڕۆ کارێکی دژوارترە و پێویستی بە وەگەڕخستنی وزەی زیاترە. ئێمە پێشتر لە وتاری ئاکسیۆنیزم لە شانە کەمنفوزەکاندا، ئاڵقە تەرویجییەکانی کرێکاران وە لە وتارەکانی تری بڵاوکراوەکان و بەرنامەکانی ڕابوردودا پەنجەمان بۆ بەشێکی زۆر لەم پێداویستییانە درێژکردووە. ئەو یەکە ڕێکخراوەییەی، کە گەرەکێتی لە شوێنی ڕابەرایەتی خەباتی هەمیشەیی کرێکاری قەرار بگرێ، دەبێت یەکەم بتوانێت بەردەوامکاری هەڵسوڕانی پایەیی خۆی دابین کردبێت (کە دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵە) دەبێت نفوزی خۆی لەنێو کرێکارانی سنوری چالاکی خۆی بە ڕادەیەکی پێویست بەرفراوانکردبێ و بە شێوەی جیاجیا لە لایەن کرێکارانی ڕێکخراوەوە دەور درابێت، دەبێت بە شێوەیەکی واقیعی بتوانێت لەگەڵ پێشڕەوترین کرێکاران و ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوە ئیعتیرازییەکاندا پەیوەندی هەبێت، بەشێک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم هاوڕێیانەی لایەنی کەم لە ڕیزەکانی خۆیدا هەبێت و لایەنی کەمیش نفوزی مەعنەوی و سیاسی دیاریکراوی لەنێو ڕابەرانی عەمەلی دیکەی کرێکاراندا، کە هێشتا پەیوەست نەبوون بە حیزبەوە هەبێت. شانەی کۆمۆنیستی دەبێ بە شێوەیەکی واقیعی بتوانێت بیروباوەڕ و کردەوەکانی کرێکاران بە درێژایی خەبات و ئاکسیۆن بخاتە ژێر کاریگەری حیزبەوە و ڕێنمایی بکات. لە بزووتنەوەی کرێکاریدا هیچ نفوز وئیعتیبارێک بە سانایی و بە سادەیی بەدەست نایەت. ڕابەرایەتی نافرێنرێت، بەڵکوو دەبێت بەدەستبێت و ئەمە پێویستی بە کارێکی پایەیی سیاسی تەرویجی و ڕێکخراوەیی جدییە لەنێو کرێکاراندا. هەر وەک وتم ئێمە ئەمەمان پێشتر بە وردی باسکردووە. خاڵێکی گرنگ، کە من لێرەدا ئەیخەمە سەر_ مەسەلەی کاری عەلەنی، ئەفرادی عەلەنیکار و وابەستەیی تەواوی ڕابەرایەتی ئاکسیۆنە کرێکارییەکانە بەم مەسەلانەوە. ئەمە مەسەلەیەکە، ئێمە لە ڕابوردوودا کەمتر قسەمان لێوە کردووە و هەوڵ دەدەین لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بۆ هاوڕێیانی شی بکەینەوە. مەسەلەکە ئەمەیە، کە ڕابەرایەتی نهێنیکارانەی خەباتی کرێکاری بە تەنها مومکین نییە، هەر ئاکسیۆنێک، بۆ نموونە، مانگرتن دەستلەکارکێشانەوە و لەم جۆرە شتانە، جووڵانەوەیەکە، کە هەر چۆنێک بێت دەرخەری بەرهەڵستی و خەباتی **ئاشکرای** بەشێکی فراوانی کرێکارانە لە بەرامبەر سەرمایە و خاوەنکار و دەوڵەتدا. بە هەر ڕادەیەکیش کە یەک مانگرتن لە لایەن یەک ناوەندی نهێنییەوە ڕێنمایی بکرێت، دیسانەوە مانگرتن وەک کاری ڕاستەوخۆی کرێکاران پێویستی بە ڕابەرایەتییە لە مەیدانی عەلەنیدا. وەگەرخستنی کرێکاران، دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی شیعارەکان لە ڕۆژی ئاکسیۆندا، پووچەڵکردنەوەی تەبلیغات و پیلانەکانی بەکرێگیراوانی دەوڵەت و خاوەنکار، وتووێژکردن، هەڵبژاردنی نوێنەر و ...... هتد، هەرچۆنێک بێت، پێویستی بە هەبوونی ڕابەران و موبەلیغی ئاشکرا هەیە. هیچ کارێکی جەماوەری بەبێ تەواوکردنی هەڵسوڕانی نهێنی کۆمۆنیستی، لە ڕێگای هەڵسوڕانی ئامانجداری ئاشکراوە مومکین نییە. گشت باسەکە لەسەر



ئەمەیە، کە چۆن شانەی نهێنی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە ڕۆژەکانی ئاکسیۆندا ڕابەر بێ، ڕابەرایەتییەک، کە پێویستی بە دەخاڵەتێکی چالاکی عەلەنییە. ئەگەر ئەم توانابییە و ئەم هێزەمان نەبێت، یانی ئەگەر نەتوانین بە دروستی هەڵسوڕانی نهێنی تێهەڵکێشی هەنگاوی عەلەنی پێویست بکەین، قسەیەک لە دەخاڵەتی چالاک لە ڕابەرایەتی خەباتی ئێستاشدا ناتوانێت لە ئارادا بێت. بەڵام کاری ئاشکرا مەیدانێکە، کە ئێمە تا ئێستا کەمتر دەستمان داوەتێ و کەمتر کون و کەلەبەرەکانیمان ڕۆشن کردۆتەوە. بە گشتی چەمکی موبەلیغی عەلەنیی کاری حیزبی، یانی کەسێک، کە یەکسەر لە ئاکسیۆندا لە ڕیزی پێشەوەی کرێکاراندا دەوەستێ و ئەوان ڕێنمایی دەکات، لە بزووتنەوەکەماندا و لە حیزبی ئێمەدا کەمتر ناسراوە. ئەگەر سەرنج بدەی هەڵسوڕاوترین قسەکەرانی کرێکاری، موبەلیغە خاوەن نفوزەکان و ڕابەرانی عەمەلی لە ڕیزی ئیکۆنۆمیستەکان و تریدیۆنیستەکاندا دەدۆزرێنەوە. ئێمە دەبێت ئەم دواکەوتوویە قەرەبوو بکەینەوە. تەنها کاتێک بە شێوەیەکی جدی لە مەسەلەی ڕابەرایەتی ئاکسیۆنە کرێکارییەکان نزیکبووینەتەوە، کە شانە حیزبیەکانمان توانیبێتیان پێ بنێنە نێو مەیدانی کەمتر ناسراوی هەڵسوڕانی عەلەنیی کۆمۆنیستییەوە. ئەمە یەک باسی شێوەکارییە، پەیوەندی شانەی نهێنی بە کەسانی عەلەنیکارەوە چییە؟ ئەم کەسانە چۆن بە شانەکانەوە پەیوەستن و چۆن لە شانەوە ڕێنوینی وەردەگرن و لە لایەن شانەوە ڕابەرایەتی دەکرێن؟ زانیارییەکانی ئەم تاکە نهێنیکارانە لە بارەی شانەی نهێنییەوە تا چ ڕادەیەکە؟ چۆن دەتوانرێت کارێک بکرێت، کە هەڵسوڕان ئاشکرای هاوڕێی حیزبیمان ئاسایش و بەردەوامکاری شانە و تۆڕی نهێنیمان نەخاتە مەترسییەوە؟ چۆن دەتوانرێت خودی موبەلیغی عەلەنیکار بپارێزرێت و ئاسایشی دابین بکرێت؟ موبەلیغ و هەڵسوڕاوانی عەلەنی ئێمە چۆن دەتوانرێ بێئەوەی ناچار بێت، کە ناسنامە و لایەنگریی حیزبی خۆی دەرخات_ تا ئەو دەمەی کە سەرکوت بەم ڕادەیە توند و تیژە بە گشتی ناچارە، کە ناسنامەی خۆی بشارێتەوە_ هەڵوێست و سیاسەتەکان و دروشمەکانی حیزب لە ڕۆژی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاكسیۆندا جێبەجێ بكات؟ بە گشتی موبەلیغەكان و هەڵسوڕاوانی عەمەلی خۆمان لە چ دەوروبەرێكدا بەدەست دێنین؟ چۆن دەیانكەین بە ئەندامی حیزب؟ وە چ پەیوەندییەك لـە نێوان شانە نهێنییەكان و ئەم موبەلیغە عەلەنیكارانەدا پێكدینین؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەمان چنگكەوێت و ئێمە هەوڵ دەدەین، كە ئەم وەڵامانە لە ئاییندەیەكی نزیكدا ڕۆشن كەینەوە. هەر چۆنێك بێت لەم هەلە كورتەدا، كە ڕەخساوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرم كە سەرەڕای ئەو پێداویستییانە، كە پێشتر وتمانن، دەبێت ئەم لایەنەی هەڵسوڕانیش بـە دروستی بناسین و خۆمان لەم ڕووەشەوە پتەو و ئامادە كەین. تێكهەڵكێشانی كاری نهێنی و ئاشكرا، مانای لە یەك كاتدا كاری عەلەنی و كاری نهێنـی هەموو شانە و پەیوەندییەكانی چواردەوریان نییە، بەڵكوو بە شێوەیەكی سەرەكی بە مانای هینانەدی پەیوەندییەكی پتەو و گونجاوە لە نێوان هەلسوڕاوانی نهێنی و هەڵسوڕاوانی عەلەنیكاردا. ئەمڕۆ كەمتر شانەیەكمان هەیە، بانگەشەی ئەوە بكات، كە خاوەن توانای عەلەنی تەبلیغی بێت بە شێوەیەكی ئیدامەكار، ئیدیعا بكا كە كەسانی عەلەنی و ڕابەرانی عەمەلی كردووە بە ئەندامی حیزب و هـەڵسوڕانی ئەوانی خستۆتە ژێر ڕێباز و ڕابەرایەتی حیزبـەوە بێئەوەی ئەوانی لەم مەیدانە حەیاتییە بێبەش كردبێت و هێنابێتە دەرێ، یانی بەبێ ئەوەی، كە كردبنی بە هەڵسوڕاوانی"نهێنی". حیزبی ئێمە یەك حیزبی نهێنیكارە، ئەمە سیفەتی هەمیشەیی حیزبێكە، كە لەنێو دڵی سەركوتی بۆرژوازییانە و لەبەرامبەر دڕەندەیی بۆرژوازیدا چالاكی دەنوێنێ. كۆمۆنیستەكان هەمیشە لە بارودۆخی تایبەتیدا نەبێت، ئەوا هەر لە هەلومەرجێكی ئاوادا چالاكی دەنوێنن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، كە مەیدانی كاری عەلەنی و مەیدانی عەمەلی ئاكسیۆنەكانیش بدرێتە دەست ڕیفۆرمیستەكان و تریدیۆنیۆنیستەكان. ئەگەر ئەمڕۆ بەكردەوە ئاوایە، ئەوا ئەمە خاڵی لاوازی ئێمەیە. ئێمە دەبێت دیاردەیەك بە نێوی ئاژیتاتۆری كۆمۆنیستی عەلەنیكار، ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوە كرێكارییەكان، كە بوونەتە ئەندامی حیزب بناسین و لە هەڵسوڕانی حیزبی خۆماندا جێگای واقیعی بۆ ئەم جۆرە



هاوڕێیانە ئاوەڵا بكەینەوە. سەرنج بدە لێرەدا قسە لەسەر ئاشكراكردنی یەك دوو كەس لە ئەندامانی شانە نییە، قسە لەسەر ڕاكێشانی ڕابەرانی پڕ شۆڕوشەوقی بزووتنەوەی كرێكارییە، قسـە لەسەر قسەكەرانێكی كرێكاری و كرێكارانی خاوەن نفوزە بـۆ ڕێكخراوكردنیان لە حیزبدا بە پاراستنی ڕۆڵی عەلەنی پێشوویانەوە، واتا ڕۆڵی عەلەنیكاری، ڕۆڵی موبەلیغی جەماوەری و ڕۆڵی ڕابەر، پێویستی بە پێكهێنانی پەیوەندییەكی زیرەكانە و حیسابكراوە لە نێوان ڕێكخراوی نهێنی حیزب و ئەفرادە عەلەنییەكاندا. ئەمە یەكێكە لە گرنگترین پێداویستییەكانی دەخاڵەتمان لە ئاكسیۆنەكاندا. ئەو ئاكسیۆنانەی، كە هەر وەك وتم بەبێ ڕابەری عەلەنیكار وجودی دەرەكییان نابێ و ڕێنمایی ناكرێن. ئەمە دەبێت بە كاری پڕ حەوسەڵە و هوشیارانە فەراهەم بكرێت. لەبەرئەوەی كە بەم جۆرە نییە، یانی لەبەرئەوەی كە شانەی نهێنی ئێمە ناچارە بۆ ئیدامەكاری خۆی، كە وەكوو وتمان ئەولەویەتی هەیە، چاوبپۆشی لە گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی لە ڕۆژی ئاكسیۆندا، وەیان بە چوونە ڕیزی پێشەوەی ئاكسیۆن گشت دەستكەوتەكانی ئێستای بخاتە مەترسییەوە، ئێمە ڕووبەڕووی ئەو ناكۆكییە دەبینەوە، كە لە پرسیارەكەتدا باست كرد. بەڵام ئەوكاتە، كە تۆڕی نهێنی ڕێكخستنی ئێمە بە شێوەیەكی ئوسووڵی و حیسابكراو و ڕێكوپێك و بە لێكدانەوەی هەموو لایەنە ئەمنییەتییەكانی، پەیوەست بێت بە كەسانی عەلەنی كارەوە، كە توانای ڕێنماییكردنی جەماوەری كرێكارییان لە ڕۆژەكانی ئاكسیۆندا هەیە، یانی ئەو كاتە كە ڕێكخراوی نهێنیمان بتوانێت بوونی ئاژیتاتۆری عەلەنیكار لە سیستەمی خۆیدا جێ بكاتەوە و هەرسی بكات، ئەو كاتە بە شێوەیەكی واقیعی ئامادەین كە لە خەباتی بەردەوامی كرێكاراندا وەك ڕابەر دەركەوین. هەر وەك وتم، ئەم باسانە بەرەبەرە بۆ هاوڕێیان دێنینە ناوەوە. من تەنها ویستم سەرنجی هاوڕێیان بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاكێشم و ئومێدەوارم لە نامەكانی خۆیاندا بۆ ئێمە لایەك لەم مەسەلەیەش بكەنەوە. باسی دوور و درێژتر دەبێت دواتر بخرێتە ڕوو. بەڵام بە یارمەتی خۆتان من لەم هەلە كەڵك وەردەگرم و چەند وشەیەكیش سەبارەت بە هەمان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوڕێیانی عەلەنیکار زیاد دەکەم. هەڵسوڕاوانی عەلەنیکار بەم جۆرە بەدەستنایەن، کە بۆ نموونە ئەم یان ئەو هاوڕێیە لـە شانە وەیان لـە دەوروبەری شانەدا بەپێی بڕیاری حیزب ڕۆڵی دەخاڵەتی عەلەنی لە ئاکسیۆندا بگرێتە ئەستۆ. ئاژیتاتۆری عەلەنی و ڕابەری عەمەلی تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی خودی خەبات و نارەزایەتییەکانی کرێکارانە. کرێکارانێکی پڕ شۆڕوشەوق، نارازی و قسەکەر، کە لـە مانگرتنەکاندا دەردەکەون، لەنێو کرێکاراندا نفوزی قسەکردن پەیدا دەکەن و بە کردەوە ئیمکانییەتی ڕابەرایەتی عەمەلی لە خۆیاندا نیشان دەدەن، زادەی خودی نارەزایەتیی چینی کرێکار لە دژی بۆرژوازی و سەرمایەیە. بزووتنەوەی کرێکاریی بە شێوەیەکی سروشتی ئەم کەسانە لەنێو دڵی خۆیدا پەروەردە دەکات و دەیانێتە ڕیزی پێشەوەی خۆی. بێگومان بە نەبوونی یەک ڕێکخراوی حیزبی و بە تێگەیشتنێکی سیاسی تیئۆری نزمەوە، ئەم دەستەیە لە ڕابەرانی عەمەلی، یان بەرەو بیروباوەڕە ڕیفۆرمیستی و تریدیۆنیۆنیستییەکان ڕادەکێشرێن، وەیان لـە حاڵەتێکدا، کە تەنانەت خۆیان بە کۆمۆنیستیش بزانن، ڕێکخراوبوونیان لە حیزبی نهێنکاریدا نییە. ئەزموونی بزووتنەوەی پۆپۆلیستیش پاکانە بۆ ئەم ترسەی ئەوان ئەکات. ئەوان لەوە نیگەرانن، کە پەیوەستبوونیان بە حیزبی سیاسییەوە ببێتە هۆی کەنارکەوتنیان لەم مەیدانی هەڵسوڕانەدا. هەروەها بە نەبوونی پەیوەندی و لایەنگری حیزبی لە زۆربەی بارەکاندا ناوەڕۆکی هەڵسوڕانی ئەم دەستەیە لە هاوڕێیان بەرتەسک دەبێتەوە بۆ تەبلیغ و کارکردی ڕیفۆرمیستی و ڕابەرایەتی عەمەلی خەبات لە هەمان سنووری خۆبەخۆییدا. کاری ئەمانە لێکپچڕاو و بێ ئامانجە و کارتێکردنیان کاتییە. بەڵام کاتێک هەمان ئەو موبەلیغانە پەیوەندی بە حیزبەوە بکەن ناوەڕۆکی هەڵسوڕانیان دەگۆڕێت، لە ڕووی سیاسی و تیئۆرییەوە قووڵتر دەبنەوە و دەبنە بڕبڕەپشتی چارەنووسساز لـە شکڵپێدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینەکە و پیادەکردنی ڕابەرایەتیی کۆمۆنیستی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریدا. ئێمە دەبێت هوشیارترین و پێشرەوترینی ئەم ڕابەرە عەمەلییانە ڕاکێشینە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. بەڵام



مەرجی پێویستی ئەم کارە، ئەگەر نەمانەوێت مەبەستاکەمان پووچەڵ کەینەوە، ئەمەیە کە دوای پەیوەستبوون بە حیزب و کارکردن لە سایەی ڕابەرایەتی کۆمیتە حیزبیەکانیشدا، ئەم هاوڕێیانە بتوانن، ڕۆڵی ئاشکرای خۆیان وەک ڕابەر و ئاژیتاتۆر بگێڕن، دووەم، هەڵسوڕانی ئەم هاوڕێیانە بەردەوام کاری شانەی حیزب نەخاتە مەترسیەوە، بە هەمان شێوە هەڵسوڕانی شانەی حیزب نابێت ئەمنییەتی و بەردەوامکاری ئەم هاوڕێیانە بخاتە مەترسییەوە. بەم پێیە دەبێت پەیوەندیەکی تایبەتی و چاک لە نێوان ئەم دەستەیە لە هاوڕێیان لەگەڵ شانە نهێنییەکاندا پێکبێت. ئێمە دەبێت بە هەمان شێوە، کە دەربارەی شێوەکاری شانەکان بە وردی و بە قووڵییەوە کارمان کردووە، وردەکارییەکانمان بۆ خۆمان ڕۆشن کردەوە و نەخشەی خۆمان بەپێی ئەم لێکدانەوانە دارشت، لە پێناسەی ڕۆڵی ئەفرادە عەلەنییەکان لە حیزبیشدا وردبینەوە و لایەنە جیاوازەکانی ئەم هەڵسوڕانە و ئەم جۆرە پەیوەندییە بناسین و فیربین. من وای دەبینم، کە لە مانگەکانی داهاتوودا، دوای ئەوەی، کە بە دووروودرێژی زیاترەوە دەربارەی ئەم لایەنەی هەڵسوڕانمان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا قسەمان کرد، لە جێگا و ڕێگایەکی باشدا دەبین لە شیکردنەوەی پەیوەندی شانە حیزبیەکان و خەباتی کرێکاریی ئێستادا. با هاوڕێیان چاوەڕێی باسەکانی دواتری ئێمە بن، ئێمەش چاوەڕێی بۆچوونی هاوڕێیانین.

*

ئەم چاوپێکەوتنە، ڕادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ هاوڕێ مەنسور حیکمەت ئەنجامی داوە و لە ژمارە 16ی بڵاوکراوەی "کمونیست"، ئۆرگانی ناوەندیی حیزب بڵاوکراوەتەوە.

1985



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*

**تێبینی:**

_ ئەم باسە لە لایەن ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" ەوە لە بەرواری حوزەیرانی 1990دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

_ پیاچوونەوەکەی ئێمە تەنها لە چوارچێوەی وەرگێڕاوە کوردییەکەدایە، نەک بەراووردکردنی لەگەڵ دەقە فارسییەکەدا.

وەرگێڕانی
ئاوات سەعید، ڕزگار مەحەمەد

تایپکردنەوەی: ئامانج ئەمین

پیاچوونەوەی
سالار ڕەشید



# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێرانە

## دەربارەی میتدۆلۆژی لێنین

جیاوازی لێنین و بۆلشەفیکەکان لەبناغەیی ترین ئاستیدا لەگەڵ مەنشەفیزم، جیاوازییەکی میتدۆلۆژییە. بەلام ئەم جیاوازییە لەوشوێنەدا نییە کە"یەکێتی کۆمۆنیستی" بەدوایدا دەگەڕێت. ئەم جیاوازییە لەڕەوشی شیکردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و"هاوسیَ"یەتی و ئەو هاوپێکهاتوانەی بەرهەمهێناندا نییە کەلەودا هەن. تەنانەت ئەم جیاوازییە لەوجیاوازیانەوە پەیدانەبووە، کەلەشیکردنەوەی فۆرمیلاسیۆنە ئابووری وکۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگای ڕوسیادا هەن. "یەکێتی کۆمۆنیستی" لەپێناو ڕۆشنکردنەوەی میتدۆلۆژی لێنیندا، بانگهێشتی خوێنەر دەکات بۆ دووبارە خوێندنەوەی کاپیتالی مارکس(هەربەو شێوەیەش بینیمان کە چۆن ئەم کتێبەش، بەپشتبەستن بەتەعمیمکردنی چەند بینراوێک لە"دنیای بچوکی کارخانەی ئینگلیزی" تائاستی نمونەیەکی دابڕاو لەکۆمەڵگای سەرمایەداری هێنراوەتە خوارەوە). بەلام میتدۆلۆژی مارکسیزم بەمانای ورد و کۆی وشکە، نەلە کاپیتاڵەوە دەست پێدەکاو وەنەبەتەواوی وراستەوخۆ لەکاپیتاڵدا ڕۆشنکراوەتەوە. تەنانەت نەبەشێوەیەکی لەپێشدا دانراویش پێویستە لەوێدا بۆی بگەڕێیین. کاپیتاڵ نمونەیەکی بەرجەستەی بەکارهێنانی میتدۆلۆژی مارکسە لەمەیدانێکی گرنگی ڕەخنەگریدا. بەلام کاپیتاڵ دانراوێک نییە کەبۆ ڕۆشنکردنەوەی خودی ئەم میتدۆلۆژییە بشێت، میتدۆلۆژییەک کەبەمەیدانی ئابووری سیاسییەوە سنوردار نابێتەوە. "یەکێتی کۆمۆنیستی" ئەوە پشتگوێ دەخات کەمارکس خۆی لەسالی 1845، چەندین ساڵ بەرلە نوسینی کاپیتاڵ، ماتریالیزمی تایبەتی خۆی، یانی کۆمەڵەی هەبوون ناسی،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیبستمۆلۆژیا ومیتدۆلۆژی خۆی له11 تێزی کورتدا دەربارەی فیورباخ (کەچەقی باسەکانی کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی پێکدەهێنیَ) بەرۆشنترین شێوە خستۆتەڕوو. "تێزەکان دەربارەی فیورباخ" و"ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" ئەو دانراوە بنەڕەتییانەن کەپێویستە بۆ درک کردنی میتدۆلۆژی مارکس بۆیان بگەڕێنەوە. بابەتی ئەم تێزانەش ئیتر باسێک نین دەربارەی ئابووری سیاسی، بەڵکو باسە دەربارەی ڕەخنە لەماتریالیزمی میکانیکی وئیسکۆلاستیک وبنیات نانی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی زانستی وپەیگیر لەبارەی هەموو جیهان ودەوروبەرەوە کە کۆمەڵگاو پراکتیکی ئینسان لەکۆمەڵگادا میحوەرە تێیدا. ئەگەر کەسێک بیەوێت لێنین و ڕەوشی ئەو – وەک یەک مارکسیستی واقعی- بناسیَ، ئەوا دەبی لەتێزەکانی مارکس دەربارەی فیورباخ و ئامۆزشەکانی ئەوەوە سەبارەت بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە و ئەو ماتریالیزمەی کە ئەم پراکتیکە تێیدا میحوەرە بۆ تیرَوانینی جیهان، دەست پیَ بکات، نەک لە "پەرەسەندنی سەرمایەداری ڕوسیاوە".

میتدۆلۆژی لێنین، هەمان میتدۆلۆژییە کەبەپیَ ی بنەما، پێویستە هەر مارکسیستێک لێیەوە دەستپێبکات. ئەمەش شتێکی زیاتر نییە لە وەفادار بوونی بەکردەوەی ئەو بۆ ماتریالیزمی تایبەتی مارکس. یانی ماتریالیزمی پراکتیک- ماتریالیزمیک کەدیالکتیک پەیوەندی پێکەوە گرێدراوی پراکتیکی ئینسانی لەگەڵ جیهانی بابەتیدا بەدەست هێناوە. بەم مانایەش میتدۆلۆژی لێنین بەشێوەیەکی گشتی بەدەرە لەهەر جۆرە خۆ تایبەتمەند بوونێک، لەچاو مارکسیزمی ئەرسەدۆکسدا. بەلام کاتێک دەیهێنینەوە یاد کەچۆن تەفسیری ئیسکۆلاستیکی ومیکانیکی و دترمینستی وهاوشێوەکانی بۆ مارکسیزم چەندە ڕەواجێکی فراوانی هەیە. کاتێک کەقەوارەیەکی یەکجاری گەورە لەئەدەبیاتی ڕیڤژنیستی لەبەرچاو بگرین، کاتێک کەبۆچوونی مەنشەفیکەکان لەسەرەتای سەدەو بۆچوونەکانی یەکێتی کۆمۆنیستی کۆتایی سەدەی بیستەم، کەهەموویان بەناوی مارکسیزمەوە دەخرێنەڕوو،



هەموو ئەمانە بهێنینەوە یاد، ئەوکاتەش بەوە دەگەین کەوەفاداری بۆ مارکسیزمی واقعی مارکس لەڕاستیدا یەک تایبەتمەندی خودییە. ئەم تایبەتمەندییە خودیەی لێنین، لێنینیزم و ئەومەیلانەیە کە ئالای خەباتیان لەدژی لادانی بۆرژوازی لەمارکسیزمدا بەدەستەوە گرتووە.

تایبەتمەندی ماتریالیزمی مارکس، ئەوەیە کە پراکتیک بەشێوەیەکی گشتی وپراکتیکی شۆڕشگێڕانە بەشیوەیەکی تایبەتی جیگایەکی بڕیاردەری هەیە لە تیراوانین وجیهانبینی ڕەخنەگرانەدا. ئەوەی مارکس ماتریالیزمی بۆ خۆجیاکردنەوە لە ماتریالیزمی کۆن، بە"ماتریالیزمی پراکتیک" ناودەبا و بەتایبەتیش ووشەی "کومۆنیست" و" ماتریالیستی پراکتیک" بەهەمان تەریب بەکار دەبات،** خۆی نیشانەیەکی ترە بۆ ڕۆلی میحوەری چەمکی"پراکتیکی شۆڕشگێڕانە" لەمارکسیزمدا. دەلێین چەمکی"پراکتیکی شۆڕشگێڕانە" چونکە مارکسیزم شتیکی واوەتر لە ماتریالیزم لەفەلسەفە و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە لەسیاسەتدا نییە. مارکسیزم پراکتیکی شۆڕشگیرانە بەوێنەی چەمک وگاتیگۆری‌یەکی فەلسەفی، لەتەجرید ترین ئاستدا دەباتە نێو ڕەخنە و ئیبستمولۆژیاوە. بەم جۆرەش پراکتیکی شۆڕشگیڕانە، لەپاڵ مەقولاتێکی وەک بابەتی، خودی هەببوون، ناسین و.. هیتر، بەوێنەی چەمکی لێکدانەوە دەباتە نێو قولڵترین ئاستی ئەندێشەو بیرکردنەوەوە.

پراکتیکی شۆڕشگیڕانە، تەنها بانگەوازێکی سیاسی- ئەخلاقی نییە، بەڵکو یەکێک لەگۆشە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەگرتنە لەفەلسەفەدا. مارکس مەقولەی "پراکتیک" بەمیحوەری ڕەخنەی خۆی لەماتریالیزمی کۆن دادەنیَ وهەرئەمەش دەکاتە بەردی بناغەی بوون ناسی وزانین ناسی ومیتۆدناسی لەماتریالیزمی تایبەت وجیاوازی خۆیدا.

ماتریالیزمی کۆن، ماتریالیزمیکی میکانیکی کەتەنانەت فیورباخیش ڕزگار نەبوو لیَ ی، لەتوانایدانەبوو خۆی لەلێکدانەوەی ڕاوەستاو ومیتافیزیکی سەبارەت بەجیهانی بابەتی و بیری ئینسانی ڕزگارکات. لەم ماتریالیزمەدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەلایەک جیهانی بابەتی، دنیای هەستپێکراو و"واقعیەت" هەیەو لەلایەکی تریشەوە هۆشی مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک لەبەرامبەر ئەم جیهانە بابەتییە دایە. جیهانی بابەتی دراوە، لەخودی خۆیدا ولەمیانەی خۆپەرەسەندنیدا، سەرنجی بۆئەدریَ وبیری ئینسانیش وەک لێکدانەوەیەک کەعەکس بۆتەوە، خەیاڵی وکارتێکراوی ئەم جیهانە دەرەکییەیە. مارکس ئەم دووانەییە میکانیکی ومیتافیزیکییە تێکدەشکێنیَ. بۆئەو لەلایەک جیهانی بابەتی خۆی لەهەمان کاتدا بەرهەمی پراکتیکی عونسورێکی چالاکە و ئەم پراکتیکە ئینسانییەش هاوکات خۆی بەهەمان پلە واقعی و هەستپێکراوو بابەتییە. وەلەلایەکی تریشەوە ڕاستی و دروستی بیرکردنەوەی ئینسانی، یانی ئەو پرسیارەی کەئایا ئەم بیرکردنەوەیە دەتوانیَ بەدروستی جیهان و دەوروبەری خۆمان "عەکس کاتەوە" وەیا لێکبداتەوە، لەگرەوی پراکتیکدایە. پراکتیکێک کەلەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە دەست بەریَ بۆ گۆڕینی جیهان وبەم هۆیەشەوە دروستی خۆی بەسەلماندن بگەیەنیَ. تائەو جێگەیەی کە مەبەست لەجیهانی بابەتی، کۆمەلگای بەشەری‌یە، مارکس دوو پرۆسەی پەرەسەندن بەشیوەیەکی مۆنیستی ودروست پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەویش کۆمەڵگاو بیرکردنەوەی ئینسانییە کەلەئەلقەی پراکتیکی ئاڵوگۆڕبەخشدا پێکەوە پەیوەند دەگرن. پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەجیا لە پراکتیکی عونسوری زاتی(چالاک)، لەتوانادا نییە کەئەم پەرەسەندنە وخودی ئینسانیش لێک بدرێتەوە و نیشان بدرآ. هەروەک چۆن ئەم  پراکتیکە، بەجیا لە جەرگەی کۆمەلایەتی خۆیدا ناتوانریَ دەربخریَ و پێناسەی بۆبکریَ. بەم شیوەیەش مارکس ئینسان دەباتە نێو جیگای واقعی خۆیی و لەمیژوویی خۆیدا دایدەنیَ. جیگایەک کەئیتر ئینسان بیرکەرەوە و لێکدەرەوەیەکی پاسفیستی جیهانی بابەتی نییە، بەڵکو هێزی ئالۆگۆڕبەخشی ئەم جیهانەیە. ئیتر هەلومەرجی بابەتی نەکۆتی دیلێتییە ونەکۆمەڵە بڕیارێکە بۆ ئەوەی کۆیلەکان پەیڕەوی لێبکەن، بەڵکو هەلومەرجێکە بۆ بۆچالاکی ئینسانی و زەمینەی ئیختیار و توانای ئەوە. ئەم هەلومەرجە ئاستی میژوویی توانای ئاڵوگۆڕبەخشی ئینسان پێناسەدەکات، بەلام خودی ئەم ئاستە و ئەم



هەلومەرجە لەڕێگای پراکتیکی ئینسانییەوە دەگۆڕدرێت. بەم جۆرەش ئینسان دەگۆڕدریَ بەخوڵقێتەری میژووی خۆی، ئەمەش لەژیر سایەی هەلومەرجێکدا کەخۆی دیاری نەکردووە. لەماتریالیزمی کۆندا ئینسان لێکدەرەوە بوو، بەلام لەماتریالیزمی مارکسدا ئینسان بوونەوەریکی ئاڵوگۆڕبەخش و ئاڵوگۆڕپێدەرە. سەرەڕای ئەمانە لەمارکسیزمدا ئینسان لەدیاردەیەکی موجەرەد وخۆی لەخۆیدا دەگۆڕدریَ بەیەک بوونەوەری کۆمەلایەتی. "خودێتی ئینسان"، خودێتی کۆمەلایەتی ئینسان(لەبونیادی کۆمەلایەتیشدا هەبوونی چینایەتی ئینسان) پێناسە دەکریَ. پراکتیکی شۆڕشگێرانەی ئینسان، بەشیوەیەکی دیاریکراوتر، پراکتیکی ئینسان وەک ئەوەی بەشێکە لەچینێکی کۆمەلایەتی دیاری کراو ولەپەیوەندییەکی کۆمەلایەتی دیاریکراودایە، سەرنجی بۆدەدریَ.

مارکس بابەتی بیکردنەوەی فەلسەفی پێش خۆی پەسەند ناکات. چونکە بۆئەو مەسەلە، گۆرینی جیهانە. ئەو لەهێرشەکانیدا فیورباخ دەدویَنیَ و دەلیَ کە"گرنگی چالاکی شۆڕشگێرانەو پراکتیکی-ڕەخنەگرانەی بەدەستەوە نەگرتووە" و ماتریالیزمێکی کۆن دەلاوێنیتەوە کە وەسف و تۆیژینەوەی "عونسووری چالاک" ی بەتەواوی سپاردەوە بەئایدیالیزم- ئایدیالیزمیک کەبەپیَ ی پیناسە توانای درککردنی پراکتیکی واقعی نییە.

دەخاڵەتگەری چالاکانەی مارکسیزم لەمەیدانی سیاسەتدا وهەروەها لێکهەڵپێکانی " ڕەخنەی کۆمەلایەتی" و"تێوەری شۆڕش" لەپەیکەرەی مارکسیزمدا، لەو شوینەوە گرآ دەخۆن کەمەقولەی"پراکتیکی شۆڕشگێرانە" لەنێوەندی تیرۆرانین وبیرکردنەوەی فەلەسەفی مارکسیزمدا جیگادەگریَ. "ماتریالیزمی پراکتیک" دروستترین و وردترین ناوێکە کەتایبەتمەندی بەتێڕاونین وڕەخنەگری مارکسیزم بەخشیوە.

بەم شیوەیە رۆشن دەبی کەمیتدۆلۆژی مارکس شتیکی زیاترە لەمیتدۆلۆژی ڕەخنەی تێوەری ئەو لەبوواری ئابووری سیاسیدا. تەنانەت ئەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میتدۆلۆژی‌یە بەرلە ڕەخنەی ئەو لەئابووری سیاسی، لەبنەرەتەوە لەریگای بەکارهێنانی ڕەخنە لەئاستیکی تەجریدی تردا، یانی لەرەخنەگرتن لەفەلسەفەی ئەلمانییەوە بەدەست هاتووە و خراوەتە ڕوو. هێنانە خوارەوەی میتدۆلۆژی مارکسیزم بۆسەر ئاستی میتدۆلۆژی شیکاری‌و ڕەخنەگرتن لەئابووری سیاسی ولەوەش کەمتر بۆ سەرئاستی ڕەوشێکی دیاری کراو بۆ پێناسەکردنی"شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری" لەئەنجامدا، کەمکردنەوەی یەک گشتی کۆ وشامیلە بۆئاستی یەک بەشی دیاریکراو، لەیەکێک لەومەیدانە شمولی یەدا کەبەکاربراوە. ئەم کەمکردنەوەگەراییەش ڕەنگدانەوەیەکی ترە لەومەیلە هەمیشەییەی ئەکادیمیایی بۆرژوازی کەدەیەوێت مارکسی شۆڕشگێڕ بگۆڕێت بەیەک ئابووری زان.

دواتر دەبینین کەچۆن لێنین جیاوازی‌یەکانی خۆی لەگەڵ مەنشەفیکەکاندا، لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ هەمان ماتریالیزمی پراتیک(وبەشیوەیەکی دیاری کراوتر بەگەڕانەوەی بۆ"تیزەکان دەربارەی فیورباخ")، ڕۆشن دەکاتەوە، بەبیَ ئەوەی هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بەپێناسەکانی مارکس لەمەیدانی ڕەخنە لەئابووری سیاسیدا دابێت.

کەوایە ئەو خاڵەی کەلەهەر جۆرە هەڵسەنگاندنێکی میتۆدۆلۆژی مارکسیزمدا (میتدۆلۆژی لێنین)، دەبی بهێنرێتەوە یاد، ئەوەیە کەئەم میتدۆلۆژی‌یە ڕەوشێکی ڕووتی بیرکردنەوە وشیکارکردن نییە، بەڵکو یەک ڕەوشی پراکتیکییە(بەمانا فراوانە چینایەتییەکەی)، یانی ڕەوشی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەو ئاڵوگۆڕبەخشە. بەزۆری لێرەولەویَ دەیخوێنینەوە کەتایبەتمەندی وخاسیەتی دیارکراوی میتدۆلۆژی لێنین بریتییەلە" شیکردنەوەی تایبەت بۆهەلومەرجی تایبەت". ئەمە بە زمانێکی تر هەرئەوشتەیە کە یەکێتی کۆمۆنیستی دەریدەبڕیَ : لێنین بەمەبەستی خستنەڕووی ئیستراتیژی شۆڕش، ئابووری ڕوسیای بەشێوەیەکی



دیارکراو شیکردۆتەوە. بێگومان "شیکردنەوەی تایبەت بۆهەلومەرجی تایبەت" جێگای خۆی لەهەر شیکردنەوەیەکی مارکسیستیدا هەیە. بەلام ئەمە نەتایبەتمەندی مارکسیزمە و نەلەبنەڕەتەوە بەمەسەلەی میتدۆلۆژییەوە گریَ دەخوا. چونکە بەشێوەیەکی ئوسوڵی پرسیار ئەوەیە کەمارکسیزم بەگشتی و لێنین بەتایبەتی بە کام میتدۆلۆژییەوە، دەچێتە سۆراغی "هەلومەرجی تایبەت"ەوە . یەکێتی کۆمۆنستیش "هەلومەرجی تایبەت" بەشێوەی"تایبەت" شیدەکاتەوە، بەلام ئەم شیکردنەوەیە بەمیتدۆلۆژی دیترمینیستی و ئولۆسیۆنیستی یەوە شکڵ دەگریَ. ئامانجی ئەم شیکردنەوەیە ئەوەیە کەبزانریَ "کام چینانە لەباری میژووییەوە گرنگی زیاتریان هەیە"، "ئابووری " چ حوکمێک لەبارەی "خەسڵەتی شۆڕش"ەوە دەردەکات وئەمەی دووەمیشیان چۆن ڕۆلی چینە"ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکان" لە هەستان بەکاری ڕابەریدا ڕۆشندەکاتەوە. وەیا ئەوەی کە کام چینە دەبیَ" ڕۆڵی میژوویی" خۆی بگێڕیَ. شیکردنەوەی تایبەت بۆ بیستنی پەیامی ئابووری‌یەکی "تایبەت"، ئەویش دیسانەوە شیکردنەوەیەکی تایبەتە بۆ هەلومەرجێکی تایبەت بەبیَ ئەوەی شیکردنەوەیەکی مارکسیستانە بێت. شیکردنەوەی لێنین بۆ هەلومەرجی ڕوسیا پێشەکییەکە بۆ نیشاندانی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی ڕوسیادا. چینێک کە بوونی ئەو و پێویستی ڕابەری کردنی ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕی‌یەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن ئەم چینەوە، بەرلەهەر لێکدانەوەیەکی تایبەتی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکانی ڕوسیا، مەسەلەیەکە کە بۆ لێنین بەفەرزگیراوە وبڕاوەیە. لێنین نەلە "پەرەسەندنی ڕوسیا"وە و تەنانەت نەلە"شۆڕشی ڕوسیاوە"، بەڵکو لەسەنگەری پرۆلیتاریاوە دەست پێدەکات ودەبزویَ، چونکە ئەو بیریارو سیاسەتمەدار وڕابەری بەکردەوەی هەرئەم چینەیە. بەم پێەش ئەوە یەکێتی کۆمۆنستییە کەهەرلەسەرەتاوە پیَ ی ناوەتە ڕیگایەکی هەڵەو بێئاکامەوە، کاتێک لەزمانی لێنینەوە ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کەدەڵی‌ت:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

"لەفۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکانی ڕووسیادا کام چینە لەباری مێژووییەوە گرنگی زۆرتری هەیە و کام چینە دەتوانێ ڕۆلی ڕابەری لە شۆڕشی ڕوسیادا لە ئەستۆبگرێ؟"

ئەم پرسیارە نەک هەرگیز خاڵی لێوە هەستانی لێنین نەبووە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر میتدۆلۆژییەکدایە کەئەو هەیەتی. ئەمە پرسیارو خاڵی لێوەهەستان و بناغەی بەڵگە هێنانەوەکانی مەنشەفیکەکانە و هەرئەو وەلامەشیان لێگرتووە کەپراتیکی سازشکارانەو پاشکەوتوویی یان بۆ بۆرژوازی هەبێ، چونکە ئەم چینە "لەباری مێژووییەوە گرنگی لەپێشتری" هەیە. تازە ئەگەر وای دابنێین کەلێنین بەواقعی لەم شێوە پرسیارە مێژوونوسییەوە دەستی پیکردووە، بەلام دیسانەوە وەلامی ئەو بەو پرسیارە، یانی ئەوەی کەدەرخستنی ناسنامەی چینێکی" لەبارەی مێژووەوە گرنگ" لەڕووسیادا، نابێ بەوەی کەلێنین وەلامی خۆی لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییەکانی ڕووسیایەوە، بداتەوە. لێنین وەک هەر کرێکارێکی شۆڕشگێڕو هوشیار بەبەرژەوەندی چینایەتی، وەک هەر کۆمۆنیستێکی جیدی، مانیفێستی کۆمۆنیست، ئەو شوێنەیە کەچینی کرێکار تێیدا بەسەلماوترین شێوە، و لەوانەش بۆ بەهۆش هێنانەوەی هەر مێژووپەرستێکی مەلایانەی وەک یەکێتی کۆمۆنیستی کەبەشوێن ووردە ووشەوەیە، ڕایگەیاندووە کەخودی چینی کرێکار "لەباری مێژوویی‌یەوە گرنگی زیاتری هەیە". خودی وجودی سوسیال دیموکراسی ڕوسیاو بەشداری لێنین لەم بزوتنەوەیەدا، بەمانای ئەوەیە کەنەتەنها هەرلەسەرەتاوە بڕیاری خۆی داوە دەربارەی وەلامدانەوە بەم پرسیارە، بەڵکو لێنین خۆی بەبەشێک لەم چینە دەزانێ"کەلەباری مێژووییەوە" گرنگە. بۆ لێنین وەک هەر کۆمۆنیستێک کەمارکسیزم دەرمانێک نییە بۆتوندوتیژکردنەوە و"ڕادیکاڵ"کردنەوەی ئۆمانیزم وناسیونالیزمەکەی، پرۆلیتاریا چ لەباری مێژووییەوە بێت و"چ نەبێت" گرنگی زیاتری هەیە. لێنین چاودێرو موفەسیری شۆڕش نییە، بەڵکو ئەو یەکێک لەبەشدارانی شۆڕشە،



نەک هەرئەمەش تەنانەت ئەو ڕێکخەری شۆڕشی چینێکی دیاریکراوە. بەم حاڵەوە ئەگەر کەسێک لیَی بپرسێت "لەباری مێژووییەوە چ چینێک گرنگی هەیە" و" چ کەسێک پێویستە ڕابەری شۆڕش لەڕوسیا بگرێتە ئەستۆ" ئەو لەوەلامدا لەئامارە کشتوکاڵییەکانی ڕوسیاوە وەلام ناداتەوە، بەڵکو لەمانیفێستی کۆمۆنیستیەوە، بەڵگە دێنێتەوە. (ئێستا لەوە دەگوزەرێین کەتەنانەت یەک موفەسیری ئابووریگەرایی تێگەیشتووتر لەیەکێتی کۆمۆنیستی کەهەم گرنگی"مێژوویی" چینەکان لەڕووسیا لەئابووری ڕووتی خودی ئەم ولاتەوە بەرئەنجام وەرناگرێ. ئایا لە وولاتی- نیپاڵ-یش پێویستە دیسانەوە بۆئەوە بڕوانین کە چ چینێک لەباری مێژووییەوە گرنگی هەیە!؟) لێنین خۆی بەشێک لەعونسوری چالاکی شۆڕشێکە کەزۆر لەمێژە شەیپوری خۆی لەئاست جیهاندا لێداوە. کاری ئەو هەلسەنگاندنەوەی سەرلەنوێ ی "گرنگی مێژوویی" چینەکەی خۆی نییە، بەڵکو دەستبەکاربوونیەتی بۆبەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم چینە لەیەکێک لەمەیدانەکانی مەوجودیەت وخەباتەکەیدا، یانی لەڕووسیا.

بەم پێیە یەکێتی کۆمۆنیستی بەخستنەڕووی پرسیارێکی ئاوا لەم شێوەیەیدا، هەرلەسەرەتاوە میتۆدۆلۆژی لێنین ئاوەژوودەکاتەوە. بەتایبەتی کەلێنین وجودی خۆی و چینەکەی وئامانجەکانی لەپێشەوە بەفەڕز وەرگرتووە. شیکردنەوەی مارکسیانەی ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕوسیا بڕیارە ئەوەی پێ نیشان بدات کەکام پراکتیکی دیاریکراوی سیاسی ئەتوانی تواناکانی پرۆلیتاریا بسازێنێ بۆ ئەوەی لەهەلومەرجێکدا کەهەیە، ڕۆڵی ئاڵوگۆڕ بەخشترین وکارسازترینی خۆی لەراستای بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و(ڕزگاری کۆمەڵگاش) دا بگێڕێ. بۆلێنین هەرگیز پرسیار ئەوە نییە کەبەحوکمی هەلومەرجی بابەتی "کام چینە لەباری مێژووییەوە گرنگی زیاتری هەیە" بەڵکو ئەوەی بۆئەو پرسیارە ئەوەیە کەچینەکەی، چینێک کەلەباری مێژووییەوە بەپآی پێناسە بۆی "گرنگ"ە، یانی کرێکار، لەڕێگای کام پراکتیکی سیاسی وخەباتکارانەوە دەتوانێ، لەکۆمەڵگای قەیران گرتووی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕووسیای سالی 1905دا ببیته ڕابەری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە. بەم جۆرەش خاڵی لێوەهەستانی لینین، پێویستی بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێرییەکانی پرۆلیتاریایە، بەخێراترین وکەم دەردەسەرترین و کۆترین شێوەی لەتوانا بوویدا. ئەم خاڵی لێوەهەستانەش نەلەفۆرمیلاسیۆنە ئابوورییەکانی ڕوسیاوە و وەنە لەهیچ لایەنیکی ترەوە، بەرئەنجام ناگیریَ. بەڵکو ئەمە بەشێکە لەپێناسەی "لێنینی بوون" و"کۆمۆنیست بوون" و"کرێکاری هۆشیاربوون". ( ئەمەش ئەنجامێکی سروشتی بیرکردنەوەیەکە کەپیَ ی وایە پراکتیکی ئینسانی دیاردەیەکی واقعی وبابەتییە ولەبیرکردنەوە وجێگای کۆمەلایەتی دانابڕێت). کۆمەڵگای ڕوسیا، ئەو هەلومەرجە بابەتییەیە کەدەبیَ ئەم خەباتە پرۆلیتێرییە تێیدا ئەنجام بدرێت. ئەمە کۆمەلگایەکە کە کۆمەلیک ڕیگا وبەربەست، کۆمەلێک تواناو ناتەواوی وهۆکاری هێورکردنەوە و یاریدەدەر دەخاتە بەردەم عونسوری چالاکی شۆڕشی پرۆلیتێری ڕوسیاوە. خودی ئەم کۆمەڵگایە بریارنییە ڕابەری کردنی شۆڕش بەلێنین بناسێنیَ، بەڵکو بارودۆخێکی بابەتی و تایبەتە کە لێنین لەدەروازەی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراوەوە، تێیدا نەک هەر خوازیاری شۆڕشە، بەڵکو دەزانێت کەبەبیَ دەخاڵەتکردنی ئەو وەک ڕابەرێک لەشۆڕشدا، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەجێگای مەبەستن لەگەلیان بەرەو رووە لەگشتییەتی خۆیدا ڕوونادەن. ئەم بارودۆخ و هەلومەرجانە دەبیَ بەقازانجی چینی کرێکار بگۆردرێن، بەلام ماتریالّ وبەرژەوەندی لەئالوگۆڕەکاندا دیسانەوە دەبیَ لەخودی هەرئەم کۆمەڵگایەدا بەدەستەوە بگیرێت. "ئینسانەکان دروستکەری میژووی خۆیانن ، بەلام لەهەلومەرجێکدا کەخۆیان دیاریان نەکردووە" . لێنین ئەو میژوویەی کەدەبیَ دروست بکریَ و ئەو هیزەی کەدەبیَ ئەم مێژووە دروستبکا، بەرلەپێداچوونەوە بەجۆرەکانی "هاوسێیەتی" لەشێوەی بەرهەمهێنانی ڕوسیادا، دەناسێت. هەلسەنگاندنی ئەو بۆ کۆمەڵگای ڕوسیا، هەولێکە بۆدەرک کردنی ئەو هەلومەرجە کەئەم مێژووە لەژێرسایەیدا دروست دەبێت.



ئەم میتدۆلۆژیە، پاسفیستییە کەبەدوای "چینی لەباری میژوییەوە گرنگ" ەوەیە و"ڕابەری" لەفۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکانەوە دەردەکێشیَ، ئارستەی قوڵی خۆی لەومیتدۆلۆژیە جیادەکاتەوە کەپێویستی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار وەکو ڕابەری هەر ئاڵۆگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلایەتی بەفەرز وەرگرتووە. ئەمەش یەکەمین سیمای جیاوازی نێوان میتدۆلۆژی بۆلشەفیزم و مەنشەفیزمە، نێوان لیبرالیزمی چەپ ومارکسیزمی شۆڕشگێرە. تێگەیشتنی یەکێتی کۆمۆنیستی بۆ شێوازی هەڵوێستگرتنی لێنین لە شۆڕشی 1905، ماتریالیزمی میژوویی پوچەڵ دەکاتەوە. ئەوە دروست ومارکسیستانەیە کەئەگەر بلّێین بەدرێژایی سەدەکان بەپیَ ی ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگا، چەندین چینی جۆراوجۆر هەبوون، کەبەحوکمی هەلومەرجی بابەتی وئابووری هاتونەتە پێشەوە و بونەتە عونسوری ئالۆگۆڕی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکان. بەلام ئەوە بەتەواوی نادروست ولادەرانەیە ئەگەر تەنها هەرئەوە لەماتریالیزمی مێژوویی تێبگەین کەبەیەک کۆبەندی کورتەوەو لەگشت ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی وگرنگی "ژێرخانی ئابووری"یەوە، بچینە سۆراغی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخەوە، هاوکات بمانەوێت لەسەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا ولەهەر ئالۆگۆڕێکی شۆڕشگێرانەدا، لەیەک ولاتی دیاریکراودا، دووبارە لە"ئابووری"دا بەدوای چینی پێشرەو وگرنگ و"ڕابەری شۆڕش"دا بگەرێین. ئەمە ئیتر ماتریالیزمی مێژوویی نییە. چونکە ئەمە بەدەقیقی لەمێژووی واقعی ئیستادا، یانی لەدەورانی مێژوویی ولەسەردەمی شۆڕشە پرۆلیتیرییەکان دابراوە. ئەگەر مەقولەو چەمکی پراکتیکی شۆڕشگێرانە لەمارکسیزم دەرکێشین، ئەگەر لایەنگری چینایەتی لەمارکسیزم وازلێبهێنین، ئەگەر درکی زیندووی مارکس لەپەیوەندی نێوان بارودۆخی بابەتی کۆمەلایەتی وعونسووری چالاکی ئینسانی بخەینەلاوە، ئەوکات ئەوەی لیَ ی دەمێنێتەوە ڕەنگە شتێکی هاوشێوەی کەمکردنەوە گەرایی ئابووری ومێژووگەرایی وئۆلۆسیۆنیزمێکی لەئاو دەرهاتوو بێت کەیەکێتی کۆمۆنیستی لەبری مارکسیزم پێشکەشی دەکات. هەمان ئەو مێژووگەرایی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و دیترمینیزمە ئابوورییەیە کە فۆرمۆڵەکانی وەک" لەشۆڕشی سیاسیدا، بەلام بەوجۆرە نییە"، " کام چینە ئەتوانێ باشتر کۆمەڵگا پیشەسازی بکات"، " کام چینە لەباری مێژووییەوە گرنگی زیاتری هەیە" و هیتری لێ دەردەکێشرێت. ئەمەش هەرئەو مارکسیزمە شێواو "بێلایەن"کراوەیە کەئەکادیمیستە بۆرژوازی‌یەکان لەمەیدانی مێژووی بیری ئابووریدا دەیلێنەوە. هەمان ئەو مارکسیزمە"ناپرۆلیتاری" کراوەیە کەبڕیارە لەولاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا ببێت بەتیۆەری شۆڕشی"خەلک لەدژی ئیمپریالیزم". هەمان ئەو مارکسیزمە ناسککراوەیە کە رۆشنبیرانیکی بۆرژوا- لیبرال و ئەو وردە بۆرژوا- ئیسلامییانەی کە لەماوەی دوودەیەی پێشووی ئێراندا بەنهێنی دەخوێننەوە و لەوکاتانەشەدا کە لەرێکخراوی"تەوحیدی" ومەحفەلی بەرەی نەتەوەیی ماندوو دەبن وخوازیاری "رادیکالیزم"ی زیاترن دەستیان بۆ بردووە. لەهەمانکاتدا ئەمە ئەو مارکسیزمە ئاوەژوو کراوەیە کە ئینسان تیایدا گۆڕدراوە بەبووەنەوەرێکی پاشکۆو بێئیرادە لە"پەرەسەندنی کۆمەلایەتی"دا. ئەمە هەر ئەو بەناو"مارکسیزم"ەیە کەبەبیانووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی کۆمەلایەتییەوە، بانگەوازی پرۆلیتاریا دەکات بۆ دەستکێشانەوە لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خوی و بوونی بەپاشکۆی "بۆرژوازی نیشتمانی و وردە بۆرژوازی دژی ئیمپریالیست". ئەمە"مارکسیزم"ی حیزبی توودە وڕێگای کرێکار ورەنجبەرانە(چەند ریکخراوی چەپی ئێرانە- وەرگێڕ) کە یەکێتی کۆمۆنیستی گەرەکیەتی لەژێر ناوی "میتدۆلۆژی لێنین"دا پێشکەش بکات. لەم دیدگایەدا ئینسان دەبێ شانسی هەبێ کەبەرێکەوت لەیەکێک لەو دەورانانەدا ژیان بکات کەتێیدا پرۆلیتاریا "لەباری مێژووییەوە گرنگی زیاتری هەیە" و بۆدەستنیشانکردنی ئەم مەسەلەیەش تازە دەبێ بەپێ ی پێوانەیەکی کافی "لەدنیای گەورە"ی سەرمایەداری ئێران بزانێ، ئەگەرنا ئەوا بەهەمان شێوەی باوی حیزبی توودە سەر لەکەپرو چادری ئەو چینانەوە دەردێنێ کە"لەباری مێژووییەوە" گرنگن.



بەداخەوە ئەم لێکدانەوە دیترمینیستییانە لەمارکس ومارکسیزم لەمێژوودا برەویان زۆرترە، لەدرکی دروستی ماتریالیزمی پراتیکی ودیالەکتیکی مارکس. بۆچوونەکانی یەکێتی کۆمۆنیستی هەربەو شێوەیەی ئاماژەمان پێدا، لەبنەڕەتەوە لەگەڵ باوەڕەکانی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخدا جیاوازی‌یان نییە. ئەمەش دیاردەیەکی نوێ و تازە پەیدابوو نییە. ئەوە بۆ یەکێتی کۆمۆنیستی ئەزمونێک دەبێ ئەگەر بێت وبەوە بزانێت کە"جیاوازی نێوان بۆلشەفیزم و مەنشەفیزم" لەسالی 1905دا بەدەقیقی هەمان جیاوازی نێوان ماتریالیزمی پراتیک ودەخاڵەتگەری‌یە لەگەڵ ماتریالیزمی سکۆلاستیکی و پاسفیستیدا. بەداخەوە یەکێتی کۆمۆنیستی نەتەنها لەتێگەیشتنی دا بۆ میتدۆلۆژی لێنین سەرکەوتوونەبووە، بەڵکو خودی ئەو وهاونمونەکانی وەک ئەو بابەتی ڕەخنەگرتنیان هەرئەم میتۆدۆلۆژی‌یە بووە.

تائەو شوینەی کار بەپێداهەڵدان بەسنورکێشانی لێنین لەگەڵ مارکسیزمی عەلەنی دەگات، بینیمان یەکێتی کۆمۆنیستی چۆن لەبواری ڕۆشنکردنەوەی"میتدۆلۆژی لێنین"دا بەکردەوە بەبنبەست گەیشتووە. بەتایبەت کەلێنین لەشیکردنەوەیەکی هاوشێوەوە بۆ فۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتی‌یەکانی ڕوسیا بە"ئەنجامێکی سیاسی" تەواو جیاواز گەیشتووە. لەڕووالەتدا وا دەردەکەوێ کەئەوە چەند فاکتۆر وهۆکارێکی "پێشبینی نەکراو" ونەزانراوی لەپڕدایە کەلێنین و میتدۆلۆژییەکەی لەپەیوەند بە(دەرکێشانی ئیستراتیژی شۆڕش لەفۆرمیلاسیونە کۆمەلایەتی‌یەکاندا) بەلاڕێدا بردووە وئەوی بەدەربڕینێکی "لاسارانە"وە بەستۆتەوە کەداکۆکی لەسەر پێویستی سەربەخۆیی ڕابەری پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا دەکات. یەکێتی کۆمۆنیستی لەڕۆشنکردنەوەی ئەم شێوەیە لەهەڵوێستگرتن، لەبردنە پێشەوەی باسەکانی خۆی‌دا، بێتوانا ماوەتەو سەیر لەوەشدایە بەم بێتوانایی‌یەوە ، ڕادەگەیەنی کە هەمان ئەو جیاوازیانە" لەباسەکانی لێنیندا لەدژی مەنشەویزم بەوپەڕی خۆی گەیشتووە".



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راستییەکەی ئەوەیە "جیاوازی‌یەک" کەلەباسەکانی نێوان لێنین و مەنشەفیکەکاندا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە، هەمان ئەو جیاوازی‌یانەیە کەلەنێوان مارکسیزم وماتریالیزمی پراتیک ودەخاڵەتگەر لەلایەک و لێکدانەوەی ئاکادیمیستی وپاسفیستی باو لەمارکسیزمدا، لەلایەکی‌ترەوە. ئەم جیاوازی‌یەش نەک تەنهاله مشتومڕی نێوان لێنین ومارکسیزمی عەلەنی‌دا بووە، بەڵکو بەشێوەیەکی دەرکەوتووتر لەخەباتی لێنین لەدژی ئێکۆنۆمیستەکان خویَ نیشانداوە. دواتریش هەرئەم جیاوازی‌یانەبوون کەلەخەباتی لێنیندا لەدژی مەنشەفیزم، بەڕۆشنترین شێوە، لەجیاوازیەکی بنەڕەتی ولەشێوەی دوو میتدۆلۆژیدا فۆرمۆلەبوونەتەوە. لێنین ئیکۆنۆمیزم و مارکسیزمی عەلەنی و مەنشەفیزم بەدیاریکراوی لەو ڕووەوە کەهەرسێکیان لەیەک میتدۆلۆژی پاسفیستی دا هاوبەشن دەستەبەندی دەکات کاتێک کەمامەڵە لەگەڵ خەباتی چینایەتی‌دا دەکەن، هەرسێ لایان لەیەک جەمسەردا بەرامبەر بەبۆلشەفیزم و مارکسیزمی دەخاڵەتگەرو چالاک، دەستەبەندی دەکات. لێنین لەسالی 1905دا مەنشەفیکەکانی وەک ڕەوتێک سەرەنجدا کەلەدرێژەی سروشتی ومەنتقی ئیکۆمۆنیزم ومارکسیسزمی عەلەنی دایە. ئەو لەبارەی ڕۆشنکردنەوەی جیاوازی نێوان بڕیارنامەی کۆنگرەی بۆلشەفیکەکان و کۆنفرانسی مەنشەفیکەکان، بەتایبەتی لەشێوازی هەڵوێستگرتن لەدەوڵەتی شورڕشگێری کاتی لەشورڕشی 1905دا، بەدروستی پەنجە لەسەر ڕیشەی میتدۆلۆژی ئەم جیاوازیانەی نێو سوسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا دانا:

" ئەمە بەدروستی هەمان ئەو جیاوازی‌یەیە کەماوەیەکە مارکسیستەکانی ڕوسیای بۆ دووباڵ دابەشکردووە. لەدەورەی کۆندا "مارکسیزمی عەلەنی" وەک باڵێکی موعجیزەگەر، لەبەرامبەر باڵی تێکۆشەرو سیاسیدا ڕاوەستا، وە لەسەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوە جەماوەری‌یەکاندا ئەم جیاوازی‌یە لەشێوەی هەردووباڵی ئێکۆنۆمیستی وباڵی سیاسیدا، شکڵیانگرت، بەتاییەت کەهەردووکیان لەیەک پێشینەی دروستی مارکسیستی یەوە بۆ ڕیشە قوڵە



ئابووریەکانی خەباتی چینایەتی بەگشتی وخەباتی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەتی دەیانڕووانی. ئێکۆنۆمیستەکان ڕاستەخۆ ئەوئەنجامەیان دەگرت کەئێمە دەبیَ پشت بکەینە خەباتی سیاسی وفراوانبوونەوەی خاوبکەینەوە ودامێنەکانی سنوردار و ئامانجەکانیشی بهێنینە خوارەوە. بەلام ئێمە باڵی سیاسی، بەپێچەوانەوە لەهەمان پێشینەوە ئەنجامگیرییەکی تەواو جیاوازمان بەدەستەوە گرت. ئەویش ئەوەبوو کەهەرچی زیاتر خەباتێک کەئیستا لەبرەودایە قوڵبکەینەوە. ئێمە دەبیَ بەهەمان ئاست فراوانتر و ڕاوەستاوانەتر و لێبڕاوانەتر و بەداهێنان وتوانایی زۆرەوە ئەم خەباتە بەرەو پێشبەرین. لەئێستاشدا دیسانەوە ئێمە لەگەڵ هەمان ئەم جیاوازییەدا بەرەو ڕووین، بەلام لەهەلومەرجیکی‌تر و لەشێوەیەکی تریدا. ئێستاش جیاوازییەکە لەو پێشینەیەوە دەست پێدەکات کەدەڵێت شۆڕشی دیموکراسی ڕاستەوخۆ شۆڕشی سۆسیالیستی نییە، و ئەوە تەنها هەژاران وبێبەشان نین کەلەم شۆڕشەدا "قازانج"دەکەن. ئالەم حوکمەوەبوو کەئەم شۆڕشە (شۆڕشی دیموکراتی) بەقوڵی ڕیشەی لە پێداویستی یە بەرپێنەگیراوەکانی گشت کۆمەڵگای بۆرژوازیدایە. ئێمەش لەهەمان ئەم پێشینەیەوە ئەو ئەنجامە دەگرین کەچینی پێشڕەو پێویستە ئامانجە دیموکراسییەکانی خۆی هەرچی بەرجەستەترە فۆرمۆلەبکا وهەرچی ڕۆشنترو کامڵترە بیخاتەڕوو. دروشمی دەست بەجیَ ی دامەزراندنی یەک جمهوری بخاتەڕوو . هاوکات بیرۆکەی پێویستی هێنانە سەرکاری حکومەتێکی شۆڕشگێڕی کاتی و تێکشکاندنی بیڕەحمانەی بەرەی دژی شۆڕش، بەفراوانی لەنێو جەماوەردا پەرەپێبدات. نەیارانی ئێمە، گروپی ئیسکرای نوآ، دروست لەهەمان پێشینەوە ئەو ئەنجامە دەگرن کەنابیَ ئەنجامگیرییە دیموکراتییەکان بەشێوەیەکی کۆکراوە بخرێتە ڕوو، لەنێویاندا دروشمی جمهوری کەئەتوانیَ دروشمێکی عەمەلی بێت، لەدەستور دەردەکێشن. هەروەها دەڵێن دەبیَ ئێمە خۆلابدەین لەجەماوەری کردنەوەی بیرۆکەی پێویستی هێنانە سەرکاری حکومەتێکی شۆڕشگیری کاتی. ئەم گروپە باوەری وایە کەبریاردان لەسەر پیَکێهنانی شورای دامەزرێنەران ئەتوانیَ سەرکەوتن بڕیاربدا ولێرەشەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڕیار لەسەر ئەوەدەدەن کە ئەرکی ڕووبەڕوو بووەنەوە وڕاوەستانەوە بەڕووی بەرەی دژی شۆڕشدا ئامانجێکی چالاکی ئێمە پێک ناهێنیَ، ئەم جیاوازیانەش ئەکریَ لەیەک ئاماژەی ناڕۆشندا( هەروەک چۆن لەفۆرمۆڵە هەڵەکانیاندا بینیمان) بۆ" پرۆسەی خەباتی ڕووبەڕوو" بخنکێندریَ و بتۆێندرێتەوە. ئەمە ئیتر زمانی ڕابەرانیکی سیاسی نییە. بەڵکو زمانی یەکێک لەلیژنە پەککەوتەکانی چاودێرانی ئەرشیفە!"

(لینین دووتاکتیکی سوسیال دیموکراتەکان لەشۆڕشی دیموکراتیدا.. بەرگی 9 لاپەرە 40-41 هێڵی تەئکید لەئێمەوەیە. کەوانەکان لەدەقەکە خۆیدایە)

ئەمە ئەو بەڵگانەیە کەلێنین بەهۆیەوە"بەرئەنجامە سیاسییەکان"ی مارکسیزمی عەلەنی وئیکۆنۆمیستەکان ومەنشەفیکەکان "پەسەند ناکات". ئەوەشی کەهەر لەسەرەتاوە سەرنج ڕادەکێشیت ئەوەیە کەلێنین نەتەنها هیچ ئاماژەیەک، نەلێرەداو نەلەتەواوی کتێبی"دووتاکتیک"دا، بەجیاوازی بۆچوونەکان لەشیکردنەوەی فۆرماسیۆنی ئابووری وکۆمەلایەتی ڕوسیادا ناکات، بەڵکو لەپێناو بەرجەستەکردنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکاندا، یانی جیاوازیەک کەلەبوواری میتدۆلۆژی دەخاڵەتگەرانەی بۆلشەفیزم وجێگای خەباتی پەیگیری سیاسی بۆگرتنی دەسەلاتی سیاسی، پێداگری دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای چاوپۆشکردن لەو ئاستە لەهەبوونی لێکچوونی پێشینەو لێکدانەوە ئابووری‌یەکان، کەلەنێوان هەموو باڵەکانی سوسیال دیموکراسیدا هەیە. بەمجۆرەش جیاوازی‌یەکان بەتەواوی بەو بەرئەنجامە سیاسی و عەمەلییانەوە گریَ دەداتەوە کەلەپێشینەو شیکردنەوەی هاوشێوەوە بەدەست هاتوون. گەر میتدۆلۆژی تایبەتی لێنین" بەشیوەیەکی تر" بێت، کەبەپیَ ی قسەی یەکێتی کۆمۆنیستی لەئابووری و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ڕووسیاوە بۆی دەڕوانێت، ئەوا لێنین لەم جۆرە میتدۆلۆژی‌یە بێئاگایە. بەپێچەوانەی یەکێتی کۆمۆنیستییەوە، ئەوە لێنینە کەپێداگری دەکات لەوەی هەموو سوسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا بناغە



ئابوورییەکانی شوڕشی دیموکراسی ڕوسیا وخەسڵەتی بۆرژوازی بوونی ئەم شۆڕشەو توانایی و جیاوازییەکانی لەچاو شۆڕشی سوسیالیستیدا، کەم تازۆر، وەک یەک و"دروست" لێکداوەتەوە، بەلام بۆلشەفیزم لەسەر ئەنجامگیرییە سیاسی و عەمەلییەکان کەوتۆتە بەرامبەر مەنشەفیزمەوە. ئەمەش ئیتر دەرکەوتنەوەی جیاوازییە کۆنەکانی نێوان باڵی سیاسی و تێکۆشەر، و بۆلشەفیکەکانە، لەگەڵ باڵی ئاکادیمیستی وئیکۆنۆمیستەکاندا، کەهەردوو ئەمانەش لەگەڵ مەنشەفیکەکاندا لەیەک خاڵدا هاوبەشن: خولادان لەهەلوێستگرتنێکی چالاکانە لەشوڕشی دیموکراتی وخەباتی سیاسی، هەروەها پشتکردن لەمەسەلەی ئالوگۆڕپێدانی دەسەلاتی سیاسی لەشۆڕشێکی ناسۆسیالیستیداو سپاردنی دەوڵەت ودەسەلاتی سیاسی بەبۆرژوازی وفەراموشکردنی پێداویستییە حەیاتییەکانی پرۆلیتاریا، یانی ئەوەی کەخواستە دیموکراسییەکان تا ئەوپەڕی پەرەپێبدریَ و بەئەنجامی مەنتقی خۆی بگات، کەبریتییە لە دەست ڕاگەیشتن بەحکومەت وجمهورییەکی دیموکراتیک. حکومەتێک کەپێویستە تەنانەت بۆکەسیک ئەگەر بەراستی دیموکراسی دەوێت، تاوەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی دوژمنانی دیموکراسی بەکاری بەریَ. لیرەدایە لێنین ڕاستەوخۆ یەکێتی کۆمۆنیستی بانگەوازدەکات. کەسانێک بانگەوازدەکات کەلە"سەرمایەداربوونی" ئێران بەپیَ ی خشتەکانی خۆیان، بەو بۆچوونە پووچە دەگەن، کەدەڵیَ" لەشوڕشی سیاسیدا، دەسەلات لەنێوخۆی چینی دەسەلاتداردا، لەتویژێکەوە بۆتوێژێکی تر دەگوێزرێتەوە"، کەسانێک کەهەوڵدان بۆ کردەی ڕابەری پرۆلیتاریا لەشۆڕشدا بۆ دیمکراسی، بەبیانوی ژێر بینای ئابووری و نۆرەی مێژوویی چینەکانەوە، بەهەڵەدا دەبەن و هەر لەسەرەتاوە بەڵێن بەبۆرژوازی دەدەن کەلەم خەباتەدا بۆدیموکراسی کاریان بەسەر حکومەتەوە نابیَ ولە "ئۆپۆزسیۆن"دا دەمێننەوە، حکومەتێک کەگرنگترین فاکتۆرە بۆ زامنکردن وەیا ژێر پێنانی دیموکراسی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیاوازی نیوان بۆلشەفیزم ومەنشەفیزم لەشۆڕشی دیموکراسیدا، بەرلەوەی جیاوازی‌یەک بێت لەسەر شیکردنەوەی فۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتی‌یەکان لەحاڵەتی شۆڕشدا، بەڵکو جیاوازییەکە لەدرک کردنی میتدۆلۆژی مارکسیستی لێکدانەوەو پراکتیکدا. بێگومان لێرەوە دەبێ بۆخودی مارکس بگەڕێنەوە، بەلام گەڕانەوەیەک نەبۆ ڕەخنەی ئەو لەئابووری سیاسی، بەڵکو بۆڕەخنەیەک کەلەماتریالیزمی میکانیکی و جەبرگەرایی ویەکلایەنەی پێش خۆی هەیەتی. لێنینیزم دەرکەوتەی بەکردەوە و درێژە پێدەری ئەم ڕایەڵە دیاریکراوەیە لەبیری مارکسیتیدا. یانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی، ماتریالیزمیکی چالاک ودەخاڵەتگەر کەجێگای ڕاستەقینەی پراتیکی شۆڕشگێڕانە لەئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵگادا دەناسآ وسومبول و داکۆکیکەر ولایەنگری فیکری وعەمەلی ئەو تێزانەیە کەمارکس دەربارەی فیورباخ وەک سیما تایبەتی وجیاکەرەوەکانی بیری شۆڕشگێڕانە لەبواری ڕەخنەیدا لەفەلسەفەی، سکولاستیکی خستویەتییە ڕوو.

دووبارە ئەوە خودی لێنینە کەلە دیارکردنی ڕیشەی جیاوازی نیوان بۆلشەفیزم و مەنشەفیزمدا، دەگات بە تێزەکانی مارکس دەربارەی فیورباخ:

" بڕیارنامەی مەنشەفیکەکان... لەباتی ئەوەی ئەو خاڵە ڕۆشنبکاتەوە کە پرۆلیتاریا لەئێستادا دەتوانێ چۆن "ڕەوەندی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشەوە بەریَ"، لەباتی ئامۆژگاری کردن سەبارەت بەخۆئامادەکردنی دیارکراو لەپێناو خەبات لەدژی بۆرژوازی کاتێک کەلەدژی دەستکەوتە شۆڕشگێڕی‌یەکان ڕادەوەستێتەوە، یەک وەسفی گشتی لەیەک پڕۆسە بەدەستەوە دەدات. وەسفێک کەهیچ شتێک لەبارەی ئامانجە دیارکراوەکانی هەڵسورانی ئێمەوە ناڵێت. ڕەوشی ئیسکرای نوآ لەخستنەڕووی بۆچوونەکانیدا ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی مارکس (کەلەتێزەکان سەبارەت بەفیورباخ ئاشکرای کردووە) لەبارەی ماتریالیزمی کۆنەوە، ماتریالیزمێک کەلەگەڵ بۆچوونە دیالەکتیکییەکاندا بێگانەیە. مارکس دەڵێت:



فەیلەسوفەکان جیهانیان لەڕێگای جۆراوجۆرەوە لێکداوەتەوە، بەلام مەسەلەکە گۆڕینییەتی. گروپی ئیسکرای نوآ دروست بەهەمان شێوە دەتوانێ لێکدانەوە و وەسفێک لەپڕۆسەی خەباتێک کەبەبەرچاومانەوە کەوتۆتە رآ، بخاتەڕوو، بەلام بەشێوەیەکی گشتی لەوڕووەوە بێ توانایە کەدروشمێکی دروست بۆ ئەم خەباتە بخاتەڕوو. ڕابەرانی باش و ڕابەرانی خراپ.

ئەوان بەفەرامۆشکردنی ڕابەریەکی چالاک کەڕۆڵی ڕێنمایی کەر دەبینآ ودەتوانن ودەبێ لەمێژوودا، لەڕێگای ئەحزابیکەوە پێشمەرجە مادی‌یەکانی شۆرَش بەدەستەوە بگرن وخۆیان لەڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوەو دەوردەگێرن. درکی ماتریالیستی بۆمێژوو پووچدەکەنەوە.

(هەمان سەرچاوەی پێشوو بەرگی 9 لاپەرە44- کەوانەکان و هێڵە دوانی یەکانی تەئکید لەدەقەکەدایەو ئەوانی تر لەلایەن ئێمەوەیە)

ئایا ئیتر ڕۆشن نییە کەخودی لێنین چۆن سەرنجی داوە بۆ جیاوازییەکانی نێوان خۆی ومەنشەفیکەکان؟ هەمان درکی پراکتیکی و دیالیەکتیکییە لەمارکسیزم و ماتریالیزمی مێژوویی کەبناغەی میتدۆلۆژی لێنین پێکدەهێنیَ، نەک توانای ئەو وەک موفەسیرێکی باشی ئابووری ڕوسیا. بەمجۆرە مەسەلەکە قسەکردنە لەسەر ناسینی ڕۆڵ و جێگای عونسووری چالاکی شۆڕشی پرۆلیتار، لەشکڵدان بەمێژووی واقعی و بردنە پێشەوەی شۆڕش وگێڕانی ڕۆڵی ڕێنمایکەر لەڕێگای ئەحزابیکەوە کەخۆیان لەڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوە. ئیتر ڕۆشنە بۆ ڕۆشنبیرانێکی ئەکادیمیست کەتازە لەدڵی شۆڕشەوە چرایان هەڵکردووە ولە ملاو ئەولای ئابووری کۆمەلگاوە کەوتونەتە دوای دۆزینەوەی چینی پێشڕەو و"گرنگ"ەوە، تاچەند لەگەڵ ئەم میتدۆلۆژییە وئەم تێروانینەدا بێگانەن. ئایا ئەم پێداگرییەی ئێمە (هەروەها لێنینیش) لەسەر ڕۆڵی چارەنوسسازی عونسوری چالاک لەپڕۆسەی شۆڕشدا بۆچوونێکی ڤۆلنتاریستی(ئێرادەگەری) نییە؟ ئایا لەم میتدۆلۆژییەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێنیندا عونسری چالاک نەکراوە بەهێزێک کەهەرچییەکی بوویت، بیکات؟ (ئەمە ئەو تۆمەتەیە کەبەزۆری دەدرێتە پاڵ لێنین) وەلام بەم پرسیارانە، نایە. چونکە لێنین لەبارەی درک کردنی پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕشەوە، لەئەحزابی پێشڕەو دەدوآ. ئەم پێشمەرجە مادی‌یانە هەمان ئەو بابەتانەن کەلە بیری دیترمینستی مەنشەفیکەکان و یەکێتی کۆمۆنستیدا گۆڕدراوون بەتوانایی یەکی ڕەها. ئەو دراوانەی (بابەت) کە لەخشتە و پێناسە لەپێشدا بۆکراوەکانەوە بۆ شۆڕش وئەوەی "ئەبیَ ونابیَ" ی مێژوویی کەمەنشەفیکەکان و یەکێتی کۆمۆنستی لیَ ی دەردەکێشن. هەلومەرجی بابەتی لەمیتدۆلۆژی مارکس و لێنیندا، شوێنی واقعی خۆیان دەگرن. دراوە خێرا وڕاستەوخۆکان، بچوک و گەورەکانیان، بەرئەنجامی بزاوتی عونسوری چالاک نین. بەڵکو کەلێن و سنور و دامێنەکانی کاری ئەم عونسورە چالاکە پێکدەهێنن. ئەم کەلێن و سنورانەش خشتەو پێناسەیەک نین بۆ شۆڕش و بڕیارەکانی، تەنانەت لیستگرتنی ئەو چینانە نییە کە یەک لەدواوی یەک ڕۆڵی "گرنگی مێژوویی" یان هەیە و لەقاڵبی" هاوسییەتی" شێوەکانی بەرهەمێهانانی باودان. بەڵکو ئەم کەلێن و سنورانە ئەو بەربەستە مادی و کۆمەلایەتییانە و ئەو بارودۆخە بابەتییە  ئابووری وسیاسییانە و ئەو سنور و دواکەوتوویە ڕێژەییانەن  کەبەشێکن لە عونسوری زاتی شۆڕشی پرۆلتاریا و دەستبردن بۆ کاری شۆڕشگێڕانەی خێرای سۆسیالیستییانەی سەرکەوتوو، یانی دەستبردن بۆ پراکتیکێک لەپێناو دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو لێدانی کۆتایی لە موڵکداریێتی تایبەتی ڕاستەوخۆ ناومکین دەکەن. ئەمەیە ئەو بەشە لە پێناسەکردنی"بەبەرست" کەئەتوانیَ ودەبیَ سەرنجی بۆبدریَ. لەڕۆمای سەردەمی سەرەتاییدا، لەخوارەوە بوونی ئاستی هێزەکانی بەرهەمێهنان، وەک دەسەلاتێکی ڕەهای بەربەستەکانی سەر ڕێگای شۆڕش ناژمێردرێن. هەروەها دواکەوتوویی ئابووری وەیا ئیستبداد لەسەدەی بیستەمدا، پێناسەو تایبەتمەندی کۆمەڵگای ئەم سەدەیە نییە، بەڵکو ئەمانە بەربەستەکانی سەر ڕێگای کامڵ بوونی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە کەلەباری



مێژوییەوە ئیمکانی هەیە. ئەوانە شێوە کۆمەلایەتییەکن کەلەهەمانکاتدا بابەتین و بەشێوەی مادی بوونیان هەیە، بەلام لەچاو سەردەمی خویدا"دەرەکین" وپێویستی مێژویی خۆیان لەدەست داوە. ئەو بەربەستیانەی کەلەسەر ڕێگای ئاڵوگۆری شۆڕشگێڕانەن دراوی هەمان کۆمەلگان و لەباری مێژووی‌یەوە تێپەربوون لێیان لەتواندایە. شۆڕشی دیموکراتی بۆ لێنین، پڕۆسەیەکە کەتێیدا پرۆلیتاریا بتوانیَ لەم بەربەستانە بداو خۆی لەهەلومەرجێکی بابەتی باشتر و یاریدەدەر تردا دابنیَ  وبەرەو شۆڕشی خۆی بیانبات. کەوایە بۆچی "شۆرش"؟ چونکە سەربەخۆ لەئیرادەو نەخشەی لەپێشەوە دانراوی هەرکەسێک، خودی کۆمەلگا لەدژی ڕووە جۆراو جۆرەکانی ئەم پاشکەوتوویانە و سەنگی کۆن کەلەبەر پیَ دان، دێنە نێو شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانەوە. بۆچی "دیموکراتی"؟ چونکە خواستی دیموکراسی وچاکسازی دیموکراسی هۆکاری هێزە بزوینەرەکانی ئەم شەپۆلدانەیە. چونکە جگەلە پرۆلیتاریا توێژگەلێکی فراوانتری کۆمەلایەتی پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتی زەبروزەنگانەوە لەدژی بارودۆخێک کەهەیە. چونکە ئەمە یەک بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی  هەمووانە ولەم بڕگەیەدا ولەشێوەی هەمەخەڵکییەکەیدا، ئامانجێکی زیاتر لە دیموکراسی وچاکسازی دیموکراتییانەی نییە. بوونی شۆڕش و خەسڵەتی دیموکراتییەکەی نەلەلایەن لێنین وتروتسکییەوە و وەنەلەلایەن مارکسیزمی عەلەنییەوە، هیچکامێکیان دیاریان نەکردووە. ئەم ڕاستییە بەهەمان پلە بابەتییە کەخودی ڕووسیا و ئابووری و پێکهاتی چینایەتییەکەی بابەتین. مەسەلەکە بەتەواوی پەیوەندی بەشێوەی مامەلەکردنی حیزبی پێشڕەووەوە هەیە لەگەڵ ئەم شۆرشەدا. حیزبێک کە"هەلومەرجە مادییەکانی ئەم شۆڕشەی ناسیوە". ماتریالیزمی میکانیکی وسروشتی- گەشەکردن، کەبەلای مەنشەفیکەکانەوە دەگات بەوەی کەمێژوو دابڕاوێکە وەک خشتە لەپێشەوە دروستکراوەکانی نێو بیروهۆش کە بەر لەمێژووی واقعی وخەباتی زیندووی چینایەتییەوە دانراون وچارەیەکیان نییە جگەلەوەی کەشۆرش لەقاڵبێکی کلێشەسازی و"شۆڕشی بۆرژوا- دیموکراتیک"دا، یانی قوناغێکی "مێژویی" کەبەپیَ ی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێناسە" بۆرژوازی ڕابەری شۆڕشە" بگونجێنێ. لێنین کەلەمێژووی واقعی وبەرهەمی بابەتییانەی ئەم مێژووەوە، یانی لە پرۆلیتاریا وپێداویستییەکانی ئەم چینەو توانا واقعییەکانیەوە دەست پێدەکات، خوازیاری زیاتر ڕۆیشتنە لەئاست چاوەڕوانی وئارەزووەکانی چینی بۆرژوازی لەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا وبەدوای فراوانکردنەوەیەتی تا دواپلەی چاوەڕوانی چینەکەی. یانی ڕادیکاڵترین هێزی واقعی نێو شۆڕش. سروشتیۍیە کەلەم شیوە مامەلەکردنەی زۆءرتر بردنەپیشەوە و"بەرەوپیشبردن"ەی شۆڕشدا، ئەوە ئەرکی خودی چینی کریکارە کەخوازیاری تێک و پێکشکاندنی یەکجاری بەربەستە دژی دیموکراتییەکان لەخەباتی چینایەتیدا بێت. سروشتییە کەئەم بۆچوونە لەپێناو ئەرکی ڕابەرێتی پرۆلیتاریا لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو درێژە پێدانی ئەم ڕابەرایەتییەدا، تائەوشوێنەی کە بزوتنەوەیەکە بۆگرتنی دەسەلاتی سیاسی، بەدەستەوە گرتووە بروات. بۆئەمەش چاوەڕێ ی دانی هیچ فۆرمۆڵەیەکی تێوەری نییە لەلایەن لێکۆلەرەوە مارکسیستییە پاسفیستییەکانی نێو مەنشەفیکەکانەوە. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لێنین لەبەرامبەر خۆیدا دایدەنێت، ئەوەیە کەچۆن دەتوانی لەرێگای هێزی خۆی و چینی کریکارەوە وبەپشت بەستن بەهێزە کۆمەلایەتیەکانی تر، کەخوازیاری ئالۆگۆڕی دیموکراسی بنەڕەتین، ئەو بەربەستانەی کە لەسالی 1905دا لەسەر ڕێگادان بەخێراترین و بەکەم دەردەسەرترین شێوە، کەلەتوانادایە لاببات.. بۆلێنین ئەو لێکدانەوەیە جێگای هەیە کەپێویستی"شۆڕشی دیموکراسی" بەدەستهێنانی جمهورییەک دەخاتەروو. جیاوازی بۆلشەفیزم و مەنشەفیزم لەشۆڕشی دیموکراسیدا لەوەدایە کەبۆلشەفیزم ئەم شۆڕشە بەوێنەی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەڕوانگەی سیاسەتی پرۆلیتاریاو خەباتی چینایەتییەوە لێکدەداتەوە. لەکاتێکدا مەنشەفیزم ئەم شۆڕشە لەدەروازەی "پەرەسەندنی کۆمەڵگای ڕوسیا"وە هەڵدەسەنگێنێ. کەبەرئەنجامێکی سیاسی و پراکتیکی تری لێبەدەستدێت. بۆلشەفیزم خودی پرۆلیتاریا، بەهێزی بزوێنەر وسەرەکی و ڕابەری خەبات لەپێناو یەکلاکردنەوەی کۆسپە بابەتی وخودییەکان، دەزانێ



وبانگەوازی ئەم چینەش دەکات تائەم ڕۆڵە بگێڕآ. لەکاتێکدا مەنشەفیزم ئەم ئەرکە بەئەرکی"مێژوو"یی ئەو چینانە دەزانێ کەلەباری مێژووییەوە جێگای"گرنگ"یان هەیەو پێویستە ئەورۆڵە لەپێشەوە دیاریکراوەیان بخرێتە ئەستۆ کە لەسەر ڕیگای "پەرەسەندنی" کۆمەڵگادایە، تا نۆرەی خۆیان تێپەڕێنن و"بەرهەمی مێژوویی" خۆیان پێشکەش بکەن ودواتریش پرۆلیتاریا بهێننە نێوکاری پراکتیکەوە و بەم جۆرەش دواین پەردەی نمایشەکە پێشکەشبکرآ. لەدیدگای مەنشەفیکەکاندا دەخاڵەتی پرۆلیتاریا لە" ڕابەریکردنی بزوتنەوە ناسۆسیالیستییەکان"دا و ئەو پرۆسەیەی کە" پەرەسەندنی مێژوویی" دێنێتە ئاراوە، دەروشێنرآ وپێیان وایە "لەنێوان تێپەڕاندنی مێژوودا" هەنگاونانی تر مەحاڵە. هەربۆیە خشتە تێوەرییەکان ڕیزدەکرێن و دواجار پرۆلیتاریای سەرکەش دەکرێتە "کەرسواری "( تەعبیری مەجازی پاشکویەتی کردنی کریکارانە بۆ چینەکانی تر لە ئالۆگۆرە کۆمەلایەتییەکاندا- وەرگێڕ) هەمان گۆرانکاری ناپرۆلیتاریانە لەکۆمەڵگادا، کەبەحوکمی هەلومەرجی بابەتی، کۆمەڵگا دەبێ بەشێوەیەکی"جەبری" پێیدا تێپەڕببێت. لەتەواوی کتێبی دووتاکتیکدا باسی لێنین لەسەر ئەم دوو تێزانینە و ئەم دوو میتدۆلۆژییەیە.

ئەگەر وردبینەوە، دەبینین کەئەوە مەنشەفیکەکانن، نەک لێنین، کە ئیستراتیژی شۆڕشی ڕوسیایان بەدیارکراوی وراستەخۆ لەئابووری ڕوسیایەوە (ئەویش بە"هاوسیەتی" وبەبێ "هاوسێ"یەتییەوە) دەرکێشاوە. پاشکەوتوویی سەرمایەداری ڕووسیا بۆ مەنشەفیزم بۆتە حوکمێک بۆلەدواوە ڕاگرتنی پراکتیک و کردەوەی سیاسی پرۆلیتای ڕوسیا. بەلام بۆلێنین، یەکەم هەروەک وتمان ئابووری سەرچاوەیەک نییە بۆ ئەنجامگیری پراکتیکی شۆڕشگێڕانە، بەڵکو شەرت ومەرجی ئەم پراکتیکە وێنادەکات. دووەمیش، چ"ئابووری ڕوسیا" و چ "پرۆلیتاریا" هەردووکیان لەجەرگەی هەلومەرجێکی نێونەتەوەیدا لەبەرچاودەگیرێن. ئەوەی کەلێنین لەسەرەتای کتێبی گەشەی سەرمایەداری لەڕووسیادا لەبارەی پەیوەندییە جیهانییەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ئابوورییەوە دەدوآ و کاریگەرییەکانی کەمێک جیادەکاتەوە، هەرگیز بەو مانایە نییە کە "شۆڕشی ڕوسیا" بەمەسەلەیەکی تەنها و ڕووتی ڕوسیاییەکەی گرتۆتەپێشچاو.  بەڵکو بەلای لێنینەوە شۆڕشی ڕووسیا مەیدانێکە "لەشۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم" کەتازە بەکەمێک دواکەوتنەوە کاری خۆی بردۆتەسەدەی بیستەمەوە. مارکس دەستپێکی سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی لەئابووری ڕوسیاوە بەبەر ئەنجام وەر نەگرتووە. مانێفیستی کۆمۆنیست بەهۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری وپرۆلیتاریاو پیشەسازی وەک دیاردەیەکی جیهانییەوە، ڕۆڵی پرۆلیتاریا لەشۆڕشە کۆمەلایەتییەکانی چەرخی نوێدا، ڕاگەیاندووە. بەم هۆیەشەوە چینی کرێکار بەپیَ ی پێناسەیەک و هەروەها بەپیَ ی دەرکێک کەلێنین لەم چینە هەیەتی، چینێکی نیونەتەوەییە. شۆڕشی ڕوسیا مەیدانێکە لەشۆڕشی ئەم چینە. بەم خاڵە بەهێزە مێژویی وجیهانیەوەیە کەلێنین ڕۆڵی ڕابەری پرۆلیتاریا لەبەرەی شۆڕشی ڕوسیادا بەفەڕز وەردەگریَ. ئەو خۆی عونسورێکی شۆڕشی پرۆلیتاریایە و بۆئەوەی بزانێت چ کەسێک دەبیَ لەڕوسیادا شۆڕشبکا وبەچ ئەنجامێکی بگەیەنێت، لەئابووری ڕوسیاوە دەست پێناکات، بەڵکو هەرلەسەرەتاوە ولەخودی خۆیەوە(پرۆلیتاریا)، و لەسەردەمی شۆڕشەکانی خۆیدا و لەبەیاننامەی ڕاگەیاندراوی مەوجودیەتی ئەم چینەوە( مانێفیستی کۆمۆنیست) دەست پێدەکات. هێنانە خوارەوەی پەیوەندی نێوان ئابووری و سیاسەت بۆ سەر یەک پەیوەندی" نیشتمانی"- نەتەوەیی- کەهەرجارە ولەهەر ولاتێکدا دەبیَ سەرلەنویَ لەمەحەک بدرێتەوە، یەکێکە لەلادانە بۆرژوازییەکان لەمارکسیزمدا، کەکاری پێدەکریَ. ئەوە نەیەکێتی کۆمۆنیستی ونەئەوانەی کەلەنێو مەنشەفیکەکانەوە سەریان دەرهێناوە، ڕیگە پێدراونین کە"شۆڕشی پرۆلیتێری" و"ڕابەری پرۆلیتاریا" لەشۆڕشەکانی سەردەمی ئێمەدا، بەهۆی دواکەوتوویی ئابووری‌یەوە لەم یان لەو تاک ولاتەدا سنورداربکەن. چینی کرێکار، چینێکی جیهانییە، سەرمایەداری سیستەمێکی جیهانییە، شۆڕشی پرۆلیتاریا دیاردەیەکی جیهانییە. هەربۆیە پرۆلیتاریا لەهەرولاتێدا لەپێناو گێڕانی دەوری



پێشڕەوانەی خۆی پێویست ناکات سەرلەنویَ لەبەڕێوەبەرایەتی ئامار و لیژنەکانی ئەو ولاتەوە و بەبەرچاوی چاودێرانێکی"بێلایەن"ی وەک یەکێتی کۆمۆنیستییەوە ئەوبەڵگەنامە ئیمزا لێدراوانەی کەکافی بوونی ژمارەی دوکەڵکێشی کارگەکان وڕێژەی لەسەدای کرێکارانی پیشەسازی لەچاوگشت دانیشتواندا" گرنگی" چینی کرێکار لەئابووری و شتی لەمجۆرە دەسەلمێنن، بخاتە بەردەم ئۆرگانە بڕیاربەدەستەکانی ئۆردوگای لیبرالیزمی چەپەوە.

***

تەواوی ریفۆرمیزم و سازشی چینایەتی مەنشەفیزم لەوەدایە کەیەکەم سیاسەت بەشێوەیەکی یەکلایەنە لەئابووری‌یەوە بەرئەنجام وەردەگرن ودووەمیش ئەو ئەنجامگیرییەش ڕاستەوخۆ بەپێوانەیەکی نیشتمانی و ولاتی بەڕێوە دەبەن، ئەمەش هەر ئەو دوو گۆشەیەیە کە یەکێتی کۆمۆنیستی بەقسەی خۆیان وەک پایەکانی میتدۆلۆژی لێنین بەحساب وەریدەگرن. بەڵی ئەگەر قسە لەسەر "گەشەی کۆمەڵگای ڕووسیا" یە بەجیا لەڕاستییەکان و هەلومەرجە جیهانییەکان، ئەگەر "جیهان" تەنها بەڕوسیا وپێکهاتی چینایەتی لەڕوسیادا سنوورداره، ئەگەر پرۆلیتاریای پیشەسازی لە ئێستادا وبەپێوانەیەکی جیهانی نەبووە بەچینی پێشڕەوی سەردەمی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەرکی حیزبی پێشڕەو ئەوەبێت کەلەسەر ئەم بناغانە ڕەوتی مێژووی ڕوسیا لێکبداتەوە، ئەوکاتە ڕەنگە خستنەڕووی پرۆسەیەکی لەو بابەتە شوێنی لەئیعرابدا ببآ کەپآی وابێت شۆرش لەڕووسیای دواکەوتوودا، وەک ئاڵوگۆڕێکی قوناغبەندی کراوی کۆمەلایەتی، لەدەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری و لەسەرمایەداریشەوە بۆ سوسیالیزم،  بەڕابەری بۆرژوازی یەک لەدوای یەک تێپەڕینی و دواتریش - سەرەی خۆمان- سەرەی پرۆلیتاریا بێتە پێشەوە. بەلام جیهان تەنها بەڕوسیاوە سنوردارنییە. بەهەمان شێوە کەبۆرژوازی ڕوسیا بەتەنها لەڕوانگەی ئابووری ڕووسیاوە بە ئارەزووی پەرلمان نەگەیشتووە، (لەکاتێکدا کەپەرلمانی بەریتانیا هەم بینراو هەم لەبەرچاوە). پراکتیکی پرۆلیتاریاش بەهەمان شێوە ناتوانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەتەنها وەرگێڕدراویکی سیاسی بێت لەبارودۆخ و جێگای "گرنگی" ئابووری خودی ئەم چینە دا. هەروەها سەردەمی شۆرشە پرۆلیترییەکان دووبارە لەوەزعیەتی ڕووسیاوە دەرنەکێشراوە. سەردەمێک بەو مانایەی کەتیایدا سیناریۆی قۆناغ  بەقۆناغکردنی میکانیکیانە هیچ پەیوەندێکی خۆی بەماتریالیزمی مێژووییەوە  گریَ ناداتەوە. لەسالی 1905دا "ماتریالیزمی مێژوویی"لەهەنگاوی یەکەمدا، یانی بەفەڕزگرتنی پێویستی رۆلی پرۆلیتاریا لەئاڵوگۆرە شۆڕشگێرییەکاندا ولەهەموو کۆمەڵگاکاندا، چ لە حاڵەتی ئۆپۆزسیۆن بوون و چ لە سبەینیَ ی سەرکەوتن وپێکهێنانی حکومەتدا، تەنانەت بەجیا لەوەی کەئەم ئاڵوگۆرە شۆڕشگێڕیانە، ڕاستەوخۆ وخێرا بەبیَ وەستان سوسیالیستی بن یان نا، چونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە بەحوکمی هەلومەرجی بابەتی و مێژویی نیونەتەوەیی، ئیتر بەشێک نین لەشۆڕشە بۆرژوا- دیموکراتییە کلاسیکییەکان، بەڵکو پێشینەیەکن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا.

باکورتی بکەینەوە ..یەکێتی کۆمۆنیستی لەخستنەڕووی میتدۆلۆژی لێنیندا گشتی ترین و بنەڕەتی ترین پایەکانی ئەم میتدۆلۆژییەی ئاوەژوو کردۆتەوە:

1- خاڵی لێوە هەستانی لێنین، کەهەمان خاڵی بەفەڕزگرتنی هەبوونی بابەتیانە وگرنگی مێژویی پرۆلیتاریا، وەک ڕابەری شۆڕشەکانی سەردەم، ژێر پێدەنی. ئەم فەڕزە لێنینزمییەش لەدەزگای فیکری یەکێتی کۆمۆنیستیدا گۆڕدراوە بۆ "پاشکۆ" و"ئەنجام"یک کەدەبیَ لەشیکردنەوەی بارودۆخی ئابووری‌یەوە دەربکێشرێتەوە.

بەم شێوەیە یەکێتی کۆمۆنیستی لایەنگری چینایەتی خستۆتە شوێنی تەفسیری سەروچینایەتی وبابەتییەوە. لێکۆلەوەر دیسانەوە لەسەنگەری موفەسیرو دادوەرێکی بێلایەنەوە "گرنگی مێژویی چینەکان" بڕیاردەداو خۆی لەمەقامی کەسێک کەلەپێکهینانی ئاڵوگۆڕی دیاریکراو ولەپێشەوە



پێناسەکراودا ولەسەنگەری چینێکی دیاریکراوەوە، کەبەرژەوەندی دارە، نابینیَ وتەنها لە حوکمی" زانست" و بەرئەنجامە" زانستییەکان" کەدراون پەیرەوی دەکات.

2- لەسەر ئەم بناغەیە دیترمینستی ئابووری دەبرێتە جێگای ماتریالیزمی پراکتیک ودەست وپیَ ی عونسوری چالاک دەبەستیَ و رۆڵی لە بەرەوپێشەوە بردنی مێژووی واقعیدا دەخاتە ژێر تیشکی موقەدەراتێکی حەتمییەوە کە بەرئەنجامی بارووۆدخی ئابووری‌یە.

3- ئەم دیترمینیزمە ئابووری‌یە، سەرەڕای ئەوەی لەچوار چێوەی ولاتی ونیشتمانیدا قەتیس دەمێنیتەوە (ئەنجامگیری ئیستراتیژی شۆڕش لەفۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکان و درککردنی لەمەودای ڕووتی نیشتمانییەکەیدا) دیسانەوە مەیدانی کار لەبەردەم پرۆلیتاریادا تەنگ دەکاتەوە. لەڕوانگەی پراکتیکییەوە لەولاتێکی دواکەوتوودا(لەچەشنی ڕوسیای 905) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێتە مایەی دواخستنی شۆڕش و کاری شۆرشگێرانە تا سەرئاستی لەدواوە ڕۆیشتن و پاشکەوتوویکردن بۆ ڕیفۆرمیزم و لیبرالیزمی بۆرژوازی.

ئەم میتدۆلۆژییە لەئاکامی مەنتقی خۆیدا  ئەنجامگیری ڕۆشنی مەنشەفیکیانەی بەدواوە دەبیَ. میتدۆلۆژی یەکێتی کۆمۆنیستی بەشێوەیەکی پەیگیرانە لەلایەن مەنشەفیکەکانەوە بەکارهێنراوە. خودی یەکێتی کۆمۆنیستی بۆ ئەوەی خۆی نەخاتە بەرامبەر لێنینەوە، هەروەها بۆئەوەی هەڵویستی لێنین بەدەر لە"ریَ وڕەوەشتەکان" لە شۆڕشی دیموکراتی و ڕابەری پرۆلیتاریا لە بزوتنەوە نا سۆسیالیستییەکاندا، لەگەڵ هەڵوێستەکانی خۆیدا سازگار نیشان بدات، ناچاربووە بەوەی کەلەسنوری هەمان میتدۆلۆژی دا ئەوەی بابەتییە دەستکاری بکات و ئابووری‌یەک دابتاشیَ کە هەڵوێستەکانی لێنین "دەیخوازیَ". ئابووری‌یەک دابتاشآ کەلەیەک کاتدا دەرەبەگایەتیەو  لەیەک کاتی تردا سەرمایەداریە. شۆڕشێک دابتاشآ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەلەیەک کاتدا دیموکراتییەو لەیەک کاتی تردا سۆسیالیستی‌یە. لێنینێک بخاتە بەرچاو کەلەیەک کاتدا  مارکسیستێکی عەلەنییەو لەکاتێکی تردا هەواداری فۆرمۆڵبەندی‌یەکانی تروتسکییە!

بەلام بەهەمان شێوە کەلەو گوتەیەدا، کەلەووتاری "بەرنامەکەمان"، هێنامانەوە، بینیمان ڕەخنەی خودی لێنین لەمیتدۆلۆژی پاسفیستانەی مەنشەفیکەکان وئیکۆنۆمیستەکان، و هەڵوێستی لەمانە زۆر رۆشنترە. لەسەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکاندا، ئەوە پرۆلیتاریای ڕووسیایە وەک بەشێک لەلەشکری جیهانی چینی کرێکار، لەوولاتی ڕووسیادا، لەگەڵ کۆمەلێک کۆسپ بەرەو ڕووە، کەهەنگاو هەڵهێانەوەی خێرا بەرەو سۆسیالیزم بۆی بۆتە کارێکی مەحاڵ.  بەلام شۆڕشێکی تر، یانی شۆڕشی دیموکراسی و هەمە خەڵکی کەبەپیَ ی خاسیەتەکانی خۆی ئەو کۆسپانەی کرۆتە ئامانجی خۆی، بەم هۆیەشەوە نەک هەر شۆڕشێکی لەتوانا بوودایە، بەڵکو لەسەرەتای سەدەدا ڕووداوێکە خەریکە ڕوودەدات پرۆلیتاریا نەک هەر نابیَ بەهۆی ناسۆسیالیستی بوونی ئەم شۆڕشەوە خۆی بکێشیتە کەنارەوە، تەنانەت نەک هەرناباَ بەحوکمی خشتە تیۆەرییە مەنشەفیکییەکان، ڕابەرییەکەی بەبۆرژوازی بسپێرآ، بەڵکو دەبیَ وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات. چونکە ئەوەتەنها خودی پرۆلیتاریایە کەدەتوانیَ خەسڵەتێکی بەهادار بەم شۆڕشە ببەخشآ، کەلەسەردەمی شۆڕشە پرۆلیتریییەکاندا بۆی پەیدابووە. یانی گۆرینی ئەم شۆڕشە بە پێشینەو زەمینەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی، شۆڕشێک کەتایبەتە بەچینی کرێکار. بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەوە شۆڕشی 905 دەگۆڕآ بۆیەک ریفۆرمی ناتەواو کەلەچاو مێژوودا لەدواوەیە ولانی زۆر دەیکاتە کاریکاتۆرێک لە" شۆڕشە گەورەکان" ی بۆرژوا- دیموکراتیکی سەدەکانی ڕابردوو. ئەگەر پرۆلیتاریا وەک ڕابەرێک لەم شۆڕشەدا بەشداری بکات، ئەوا دەبیَ وەک ڕابەری حکومەتێک کەلەم شۆڕشەوە پەیدادەبیَ، بەشداری بکات. چونکە شۆڕش



بۆدەسەلاتی سیاسییەو دەسەلاتی سیاسیش ئامرازی تێک و پێکشکاندنی "لەسەرەوە"ی بەرگری دژە شۆڕشە.

ئەمە ئەو لایەنەیە کەیەک ڕابەری ئەنتەرناسیونالیستی چینی کرێکار لێیەوە بۆ بەرەی شۆڕش لەڕوسیادا دەڕوانیَ، ئەمە ئەو لایەنەیە کەخودی ئەو ڕابەرە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر شیکردۆتەوە.  ئەمە هەمان ئەو درکە رۆشنەیە کەبڕیارە لێرەو لەویَ ی ڕستە دروستکراوە بێناوەرۆکەکانی وەک"هاوسآی و ناهاوسیآی"، پەیوەندی"ئابووری وسیاسەت" ونمونەکانی تری وەک ئەمانە گردوکۆبکریتەوە تا لیبرال چەپەکانی ئەمڕۆ، دوای تپَیپەڕبوونی 80 ساڵ بتوانیَ ئەنجامە مەنتقییەکانی مەنشەفیزم، ئاوێزانی خۆی بکا و بەناوی کۆمۆنیزم و ناوی لێنینەوە بهێڵێتەوە.

* * *

ئەم بەشە لێرەدا تەواو دەکەین. بەلام بۆ تەواوکردنی باسەکە، پاشکۆیەکی سەربەخۆمان دەربارەی بۆچوونە ئابووری‌یەکانی یەکێتی کۆمۆنیستی لەکۆتایی هەرئەم بەشەدا هێناوەتەوە. هەروەکو پێشووتریش گرآ جەوهەرییەکانی"تیۆەری ئامادەسازی شۆڕش" ومەسەلەی هەڵوێست لەدەسەلاتی سیاسیمان ڕۆشن کردەوە لەپەیوەند بەو شۆڕشانەوە کەهەلومەرج بۆدامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا تیایاندا، ئامادەنییە. لەبەشەکانی دواتردا باس لەمەسەلەی"دەسەلاتی سیاسی" دەکەین و بەشێوەیەکی دیاریکراو لەبارەی ئەم خالانەوە دەدوێین:

1) درکی یەکێتی کۆمۆنیستی بۆ پەیوەندی نێوان دیموکراتی وسۆسیالیزم. ئەمەش مەسەلەیەکە لەبۆچوونی لێنیندا بەتایبەت لەداڕشتنی ئیستراتیژی عەمەلی شۆڕشی پرۆلیتاریادا رۆڵی بڕیاردەری هەیە. هەربەو جۆرەی کەبینیمان یەکێتی کۆمۆنیستی لەتەفسیرکردنی خودی لێنیندا، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕەها لەقەڵەمەوە دێنێتە خوارەوە و لە"تیۆەری ئامادەسازی"دا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خودی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم ئاوەژوو دەکاتەوە. بەهەرحاڵ چاوپۆشی لەهەر ئاماژەدانێکی تێوەری، یەکێتی کۆمۆنیستی لەشۆڕشی 57 دا(مەبەست شۆرشی سالی 1979 ی ئیرانە- و) خۆی پەیوەستکردووە بەخەباتیکەوە کە ڕووی لە دیموکراسی و بەدەستهێنانی مافە دیموکراتیکییەکانە. بەلام لەبەشی داهاتوودا ئەوە نیشان دەدەین کەچۆن لەم چوارچێوە دیاریکراوەشدا، تێوەری "ئامادەسازی شۆڕش" بەکردەوە دەگۆڕدرآ بۆ کۆمەڵە خۆاستێکی نیوەناچڵی لیبرالی.

2) مەسەلەی حکومەتی کاتی شۆڕشگێڕ. ئایا حکومەتی کاتی شۆرشگێڕ خەیاڵێکە؟ لەبەشی دواتردا دەبینین کەچۆن خەباتی شۆرشگێڕانە لەپێناو دیموکراسیدا، بەپێ َی قسەی خودی یەکێتی کۆمۆنیستی کەنابێ َ ڕوو لەخواستی حکومەتێکی دیموکراتی شۆرشگێڕ، وەک ئامانجێکی تاکتیکی بنآ ولەم پەیوەندەشدا پێناسەی بۆ ناوەرۆکی سەرکەوتنی "شۆڕشی سیاسی" ووردتر هەڵدەسەنگێنین. (لەووتاری "دەوڵەت لەسەردەمانی شۆڕشگێڕیی دا" کەلەم ژمارەیەی - بەرەو سۆسیالیزم- داهاتووە ئاماژەمان بەهەندیَ خاڵ لەم بارەوە کردووە)، هەروەها لەبارەی بەڵگە هێنانەوەیەکی کۆنی یەکێتی کۆمۆنستی کەلەدژی حکومەتی دیموکراتی شۆرشگێڕ، دەیهنێتەوە، دەدوێین. کەپێشتر بەهەمان شێوە لەلایەن (پارۆوس) فۆرمۆڵەکراوە و لەلایەن لێنینەوە وەلامی وەرگرتۆتەوە. پرسیارێک کەدەبێ َ وەلامیَ پێبدەینەوە ئەوەیە "ئەگەر چینی کرێکار لەسەرسەری شۆرشێکی دیموکراسی ڕاوەستابێت ولەحکومەتێکی شۆڕشگێڕانەدا بالادەست بێت، بۆچی ئەمە بەمانای شۆڕشی سۆسیالیستی نییە"، وەیا بە بەیانێکی تێوەری تر "ئەگەر پرۆلیتاریا هێزی بزوێنەرو عونسووری چالاکی شۆڕشی دیموکراتی وسۆسیالیستی وهەردووکیان بێت، ئەو کاتە چۆن دەکریَ هەلومەرجی خویی بۆیەکێکیان ئامادەبیَ و بۆ ئەوی تریان ئامادە نەبیَ". زەینی گەرایی و ئاکادمیزمی زاتی ئەم" نارۆشنییە" ئەخەیەنەروو.



3) بەهەمان شیوە تاکتیکی بوون بە" ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراوی دوای شۆرش"، دیسانەوە فۆرمۆڵبەندییەکی نوی َ نییە. ئەمە هەمان تێزی کۆنی مەنشەفیکەکانە وئێمە بەبەشی خۆمان ئاماژەمان بە خەسڵەتە بۆرژوا- لیبرالییەکەی ئەم سیاسەتە دا.

4) وەلەکۆتایدا پێویستە بۆ خودی یەکێتی کۆمۆنیستی وەک بابەتێک کە"لەدەرەوەی هۆش"دایە و وەک هۆشیارییەکی "ماتریالیزەبوو" سەرنجێک بدەین. لەبەشی داهاتوودا بەپشتبەستن بەبەیاننامەو ووتارە تاکتیکییەکانی ئەم رەوتە، جێگا واقعییەکەی لەنێو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی جمهوری ئیسلامی دا نیشان دەدەین. لێرەشدا زۆرتر لەگەڵ ئاکامە سیاسییە ڕاستەڕەوایەکان و فۆرمۆڵە تێوەرییەکانی یەکێتی کۆمۆنستی ئاشنا دەبین.

ڕوونکردنەوەکان:

*/ ئەم بابەتە بەشیکە لەووتاریکی مەنسوور حکمەت بەناوی "یەکیتی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبرالیزمی چەپ" کەبەدوو بەش لە گۆڤاری تێوەریک سیاسی، حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، "بەرەو سوسیالیزم"، سالی 1989 بلاوکراوەتەوە.

**/ لەمبارەوە بگەڕێرەوە بۆ تێزەکانی مارکس سەبارەت بە فیورباخ. لەبارەی دەستەواژەی "ماتریالیزمی پراتیک"ەوە بگەڕێرەوە بۆ "ئایدیۆلۆژیای ئەلمانی، فۆرباخ، بەرابەرکآی تێڕوانینی ماتریالیستی و ئایدیالیستی". (هەڵبژاردەی سآ بەرگی/دانراوەکانی مارکس و ئەنگلس، بەزمانی ئینگلیزی لاپەڕە 27). " لە واقعیەتدا بۆ ئێمە ماتریالیستی پراتیک، یانی کۆمۆنیست، بەمانای بەشۆڕشدا کێشانی جیهانی مەوجودە، یانی مەسەلەمان پەلاماردان و ئالۆگۆر پێدانی هەموو ئەو دیاردانەیە کەهەن"- هیلەکانی تەئکید هی ئێمەن..



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

***/ نمونەی هەڵوێست گرتنی یەکێتی کۆمۆنیستی لەکوردستان، ئەم دیدگا ناسیونال-پیشەسازی‌یە، ڕیسوادەکات. ئەنجامگیری جەنابان لە" فۆرمیلاسیۆنە کۆمەلایەتییەکان"، لەکوردستان، ئەوانی بەهەلویست گرتنێکی سەرسوڕهینەر سەبارەت بەخەباتی کۆمۆنیستی وشۆرشگێڕانە لەم سەرزەوییە، گەیاندووە. لەڕوکەشدا کوردستان ئەو شوێنەیە کەنەچینی کرێکار، بەڵکو حزبی دیموکرات"لەباری میژوییەوە گرنگ" هەڵسەنگێندراوە! لەمبارەوە وەلامی ئێمە، بە دەربڕینەکانی یەکێتی کۆمۆنیستی سەبارەت بە هەبوون و نەبوونی پرۆلیتاریا لەکوردستان بگەڕێرەوە بۆ ووتارەکانی شەعیب زەکەریایی و مەنسور حکمەت کەبەدوای یەکدا لەپاشکۆی بلاوکراوەی "پێشرە" ژمارە9 و"کۆمۆنیست" ژمارە 22دا بلاوکراونەتەوە.

فەرهەنگۆک:

ئاناتۆمی: تویکاری

میتدۆلۆژی: رێکاری

فۆرمیلاسیۆنی ئابووری و کۆمەلایەتی: پیکهاتی ئابووری وکۆمەلایەتی( التشکیله اقتیادیه الاجتماعیه)

کاپیتال: سەرمایە

ریڤیژنستی: لادان، تحریفیەت

گاتیگۆری: مقولە

پاسفیزم: هیچ نەکردن، بیکرداری وپیچەوانەی چالاک



ئایدیالیزم: بیرگەرایی "المپالیە"

ئیکۆنۆمیزم: ئابووری گەرایی

ئۆمانیزم: مرڤگەرایی، مرۆڤ دۆستی

ڤۆلنتارستی: ئیرادەگەرێتی

ئیبستمۆلۆژیا: تیوەری زانین

ئیسکۆلاستیک: قوتابخانەیی، وانەیی، لەپەیوەند بەقوتابخانە فەلسەفییەکانی سەدەی ناوەراستەوە

دیترمینستی: جەبرگەرایی

دیترمینستی ئابووری: جەبرگەرایی ئابووری

مۆنیستی: یەک بنەمایی

ئۆلیۆسیۆنیستی: گەشەسەندنی پلەبەپلەیی (شینەیی پەرەسەندن )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# سەرهەلدانی خویناویی نەزمی نویی جیهان

## جەنگی ئەمریکا لە روژهەلاتی ناوەراست

بەوەی لە خەلیج روودەداتو بەو روایەتەی کە میدیاکان لە بارەیەوە بە دەستەوەی دەدەن، بەراستی دەبی بەوەی کە دنیای ئەمرو دنیای دوورووییو ئەخلاقیاتی ئارەزوومەندانەو پيوانەی دوو فاقەیە، سوپاسگوزرابین. بیهیننە بەرچاوتان ئەگەر بریاربوایە هەموو بریارنامەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەم رادەیە لە توندیو جدیەتەوە پیادەبکرایە، چ ئاشوبیک بەرپادەبوو .

بیهیننە بەرچاوتان کە تەنها بو نمونە چەند هەزار تەن بومب پیویست بوو بەسەر ئیسرائیلدا برژینریت بە هوی داگیرکردنی سەرزەمینەکانی فەلەستینو رەفتاری دژی ئینسانی بەرامبەر خەلکی فەلەستین، یان بەسەر ئەفریقای جنوبیدا، بەهوی ملنەدان بە بەرەسمیەت ناسینی هەویەتی ئینسانی زوربەی دانیشتوانەکەی، یان بەسەر خودی ئەمریکادا، بە هوی چەندین دەیە لە توقاندنی بەردەوامی بەشەریەتەوە. بیهیننە بەرچاوتان کە لەکارخستنی ئەو چەکە کوکوژانەی کە لە ئەمریکاو شورەوییو چینو فەرەنساو ئینگلستانو ئیسرائیلو هەر وولاتیک کە دەستی پی راگەیشتبیت عەمبار کراون، پیویستی بە چەند جار هەستانی فروکە جەنگیو بومب هاویژەکانو تەقاندنی چەند صاروخی کروز دەبوو .

سەرنج بدەن ئەگەر بەراستی بریاربووایە بەربگیری لە کونترولی ئینحصار نەک تەنها بەسەر نەوتدا، بەلکو بەسەر گەنمو تەکنولوژیاو زانیاریو



دەرمانو شتی تردا، دەبوو چەند جەنگی گەورە بەرپا بکرایە. ئەگەر بریابوایە هەموو دکتاتورەکان گەمارو بدرین چ ژمارەیەک لە کوشتار پیویست دەبوو. ئەگەر بریاربوایە هەموو تاوانبارانی جەنگ، بەدەر لە نەژادو بیروباوەرو میللیەتو دابو نەریتیان دادگایی بکرین، پیویستی بە چەند قازیو هولی دادگا دەبوو .

سەرنح بدەن کە هەنگاو هەلگرتن بو دەستەموکردنی هەموو زلهیزە دەست بە ماشەکان لە ئاستی جیهانییو ناوچەیدا، ژینگەی لەگەل چ مەترسیەکی گەورە رووبەروو دەکرد. سەرئەنجام خەرجو مەخارجی ئەمانە لەبەرچاو بگرن. هیچ ژاپونو عەرەبستانیکی سعودی نەیدەتوانی ئەم ئەندازەیە لە پارە هەلریژیت .بەراستی دەبووە کابوس .

بەوجورەی کە ئیستا هەیە باشە، ئەمین ترە. وەرن بە کرنەفالی خو فریودانو خوپەرستی قەومی ئەوروپایی-ئەمریکایەوە پەیوەست بین. وەرن لە کەیفو زەوقی مندالانەی "هەوالنیرە بیلایەنەکان"و موفەسیرە تەلەفزیونیە " پسپورەکان"مانو لە یاریەکانی جەنگی کومپیوتەری تازەیان لە دنیای واقعیدا، بەشدار بین .

یان رەنگە دیسان نا، لە جیاتی ئەمە باشترە خومان لە بە فەرزوەرگیراوو پاساوەکانیان رزگار بکەینو سەرنجی مەسەلە واقعیەکانی ئەم جەنگە بدەین .ئەم جەنگە لەسەر دیموکراسیو دیکتاتوری نیە. کوشتارو کەم ئەندام کردنی هەزاران کەس لە خەلکی عیراقو روخاندنی خانوو قوتابخانەو کارگاکانیان بەسەریاندا، بەراستی شیوازیکی درندانەیە بو رزگارکردنی ئەوان لە ستەمی سیاسی. ئەم جەنگە پەیوەندیەکی نیە بە بەرگرتن لە مەحروم بونی غەرب لە نەوت. دەست بەسەرا گرتنی لەمە زیاتری نەوت بو کەسیک کە مەبەستی فروشتنی نەبیت بیمانایە. ئەم جەنگە لەسەر پاریزگاری لە یاسا نیونەتەوەیەکان نیە. بە لەبەرچاوگرتنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیشینەی خودی ئەم بەریوەبەرانەی یاسا، لە هیروشیماو فیتنامەوە تا گراناداو نیكارگوا، ناكری ئەم ئیدعایانەیان بە جدی بگیری .

ئەمانە كیشە واقعیەكانی ئەم جەنگە نین. ئەمانە دروست وەكو ئەوەی كە هەن: پروپاگەندەی جەنگین. سەرەداوی ئەصلی درك كردن بە هویە واقعیەكانی ئەم رووبەرووبونەوەیە دەبی لە ئاماژە بە روالەت بی ئازارەكانی جورج بوش بو "نەزمیكی نوی‌ی جیهان"و خواستی پەسەند نەكراوی صدام حسین لەسەر بناغەی پیكهاتنی "پەیوەند" (لە نیوان چارەنوسی كویت لەگەل چارەسەری مەسەلەی فەلەستین)دا، بدوزینەوە .

نەزمی نوی‌ی جیهان رووبەروو بونەوەی ئەمروی خەلیج تەنها یەكیكە لە رووەكانی ناكوكی‌و ناروشنیە مەجودەكان لە پەیوەندیە نیونەتەوەیەكانی دوای جەنگی سارددا. بە شكستی بلوكی شورەویی لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتادا، پیكهاتەی پیشوی دەسەلاتیش لە ئاستی نیونەتەوەیدا، كە لەسەر بناغەی بەرامبەركی‌ی سەربازی‌و سیاسی‌و بەرادەیەكی كەمتریشس ئابوری، دوو بلوكی غەرب‌و شەرق دامەزرابوو، تیك رووخا. لە كاتیكدا كە میدیاكان‌و لیكولەرەوە سیاسیەكان لە غەرب جەژنی ئەو شتەیان دەگرت كە ناویان نابوو مەرگی كومونیزم‌و بەلینی ئایندەیەكی پر لە صلح‌و سەفایان دەدا لە سایەی دەسەلاتی بی رەقیبی بازاری پر لە شانازیدا، بو هەر چاودیریكی هوشیار ئاشكرابوو كە دنیای دوای جەنگی سارد پر دەبیت لە بەرامبەركی‌و كیشمەكیشی جدی ئابوری‌و سیاسی‌و ئایدولوژی. لیكولەرەوە سیاسیەكان لە غەربدا بە گشتی خویان بە مەسەلەكانی وەكو هەل‌ومەرجی ناپایەدارو پر ئالوگور لە شورەویی‌و ئەوروپای شەرقی، قلشتی نیوان "باكورو باشور"، ژینگە، كیشمەكیشە ناوچەییەكان‌و شتی لەم بابەتەوە سەرمەست دەكەن- مەسائلیك كە بە رواَلەت ریشەیان لە دەرەوەی سنورەكانی غەربی "موتەمەدن"و" دیموكراتیك"دایە. ئەمانە بیشك بەشیك لە گرفتەكانی دەیەی ٩٠ پیكدەهینن .بەلام نەبەردە سەرەكیەكان‌و كیشەی



میحوەری لە هەر هەولیك بو شكلدان بە" نەزمیكی نوی" لە خودی غەربدا خویان حەشارداوە. شكستی شەرق هەروەها هاوشانە لەگەل پوكانەوەی غەرب بە وینەی بلوكی بەرامبەری ئەو. واتە پوكانەوەی ئەو موجودیەتە ئابوری‌و سیاسی‌و سەربازی‌و ئایدولوژیەی كە بو ئابلوقەدان‌و شكستی بلوكی شورەوی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەمەزەرد كرابوو .غەرب، چ بە وینەی مفهومیك‌و چ بە وینەی واقعیەتیكی ئابوری- سیاسی، لەسەر بنەمای بالادەستی یان ئەوەی پی‌ی دەلین "نەخشی رابەری" وولاتە یەگكرتوەكان دامەزرابوو. پاراستنی ئەم نەخشە، یان هەتا پەرەپیدانی ئەمە، لە جیهانی پر ئالوگوری سیاسەتی دوای جەنگی سارددا، كاكلەی هیوای ئایندەی ئەمریكایە بو "نەزمی نوی‌ی جیهان ."

تا پیش قەیرانی ئەم دواییە لە روژهەلاتی ناوەراست وا دەهاتە بەرچاو كە ئایندەیەكی بەم جورە بی‌بەریە لە بەلگەی عەمەلی بو پیادەكردنی خوی . سەرهەلدانی ژاپون‌و ئەلمان بە وینەی زلهیزانیكی عەزیمی ئابوری، هەنگاونان بەرەو یەكیتی ئەوروپاو جی‌بەجی بوونی عەمەلی یەكیتی هەردوو ئەلمان، وەرچەرخانی سیاسی لە وولاتانی ئەوروپای شەرقی بە قازانجی راست‌و لایەنگری بازار، وە سەرئەنجام كرانەوەی ئابوری‌و سیاسی خودی شورەویی بەروی غەربدا، غەربی پیشوی لە هەموو روویەكەوە لاوازو تیكدابوو. نە تەنها نەخشی رابەری ئەمریكا، بەلكو خودی ئەو دامەزراوانەی ئامرازو زامنی بالادەستی ئەمریكابوون، وەكو ناتو، هەمیشە زیادەترو بی كەلك تر دەهاتنە بەرچاو. هەموو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا ئاراستەو چەقبەستنیكی خوی لە دەستدابوو. تەنانەت بەشیك لە سەرسەخترین شەرانیەكانی جەنگی سارد لە بالی راستی توندرەوی سیاسەتی ئەمریكادا بوون بە لایەنگرانی تەریكخوازی. قەیرانی خەلیج توانای ئەوەی بە دەولەتی ئەمریكا بەخشی كە بو هەلگیرانەوەی ئەم رەوەندانە دەست بەكاربیت. جورج بوش لە دوا ووتاری خویدا لە كوبونەوەی هەوالنیرانی دینیدا ئامانجی ئەمریكای لە جەنگدا بە راشكاویەكی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له رادەبەدەرەوە راگەیاند .بە ووتەی جورج بوش، ئامانج لەم حەنگە "گیرانەوەی رابەریی"و "قابل پشت پی بەستنی" ئەمریکایە. کاتیک ئەم ئامانجە جیبەجی بوو، ئەوکات مەسەلە نیونەتەوەیەکانی وەکو مەسەلەی فەلەستین دەتوانیت لە سایەی "نەخشی رابەریانەی ئەمریکا"دا چارەسەر بیت .

ئەمریکا ئەو فرسەتەی لە ئاسمان قوستەوە کە بە داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە بوی رەخسابوو، بو ئەوەی جیگای خوی وەکو زلهیزیک سەرلەنوی داسەپینیتەوە. بە یارمەتی کەمپینیکی عەزیم لە پروپاگەندەو هاندان کە لەلایەن ژورنالیزمی نوکەرو پرچەکی غەرب، کە خوی بەرئەنجامی خەمساردی سیاسی جەماوەری دەیەی هەشتایە براوەتە پیشەوە، شتیکی وەکو" ئیمپراتوریکی شەری" نوی قوتکرایەوە. وولاتیکی جیهانی سیەمیی بە دانیشتوانیکی کەمتر لە ١٧ ملیونەوە، قەرزارو بە تەواوی پشتبەستوو بە ناردنەدەرەوەی نەوت بو غەربو شەکەتو ماندوی جەنگیکی هەشت سالە لەگەل وولاتی ئیرانی دراوسیی، بە ووینەی خەتەریکی هەرەشەکەر لە جیهان نیشاندرا .مەسەلەیەکی ناوچەیی کە لە سایەی هەلومەرجیکی دیکەدا بە زەختو مانوری سیاسیو دیپلوماسی وەلامی وەردەگرتەوە. تا رادەی جەنگی مانو نەمان بو" جیهانی موتەمەدن" گەورە کرایەوە. ئەوروپای قارە بە رارابییەوە چوە پشتی ئەم سیاسەتە. هلمەت کولو میتران، سیماکانی ئەوروپایەکی بورژوازی یەکگرتوو قودرەتخواز، لەلایەن بوشو بیکەرەوە، رەمزەکانی دەسەلاتی بیهاوتای ئەمریکا، خرانە پەراویزەوە. ژاپونی زەبەلاح هینرایە خوارەوە بو ئاستی خەزینەداریکی موتیع. حەیاتی بوونی "دەوری رابەرایەتی" ئەمریکا لە نەزمی سەرمایەدارانەی نویی جیهاندا هینرایەوە بیری ئەوروپا .

لە کاتیکدا کە عیراق مەیدانی جەنگە، ئەو مەسەلە میحوەریانەی کە دەبی لە ریگای ئەم جەنگەوە یەکلابکرینەوە، بە پلەی یەکەم لە غەربدا خویان



حەشاردراوە. نمایشی هیزو "رابەری" ئەمریکا لە ناوچەکەدا بریارە زامنی پراستنی جیگاوریگای لە بانتری ئەو وولاتە بیت لە بەرامبەر هاوپەیمانو رەقبەکانی لە غەربی پاش جەنگی ساردا- فاکتەریک کە لە هەمان کاتدا پیشمەرجی بالادەستی جیهانیی ئەمریکاشە. بەلام هەولی ئەمریکا بە پیچەوانەی مەنتقی سەرمایەداری ئەمرووە کار دەکات کە پیداچونەوەیەکی نویی بنەرەتی لە هاوسەنگی پیشوو شکلگرتنی ئارایشیکی ئابوریو سیاسی بورژوزای تازە دەخوازی .ماهیەتی لەرزوکی "ئئیتلافی" ئەمرو بە بەراورد لەگەل هاوپشتیەکی ناوخویی کە یەکیتی غەرب دەیان سال لە بەرامبەر بلوکی شەرق لە خوی نیشانیدا، گیروگرفتە میژوویەکانی هەولی ئەمریکا نیشاندەدات. فەلەستینو کویت :پەیوەندییان لەسەنگەرەکانی بەرامبەردا، نەک عیراق بەوینەی ولاتیک یان رژیمیکی سیاسی، بەلکو ناسیونالیزمی عەرەب دەبینین بەوینەی هیزیکی ناوچەیی -رەقیبیکی دیکە لە کیشمەکیش بو بنیاتنانی نەزمی نویدا. ئەمە ناسیونالیزمی خەلک گەرایانەو دژی ئیستعماریی کون نییە، بەلکو ئالای بورژوازی عەرەبی دوای ئوپیکە. خەباتکاریی ئەم ناسیونالیزمە لە داماویی هەژارانی عەرەب یان کویرەوەرییەکانی خەلکی فەلەستینەوە سەرچاوە ناگریت، بەلکو بەرهەمی ئەو ئیمکاناتە ماددیەیە کە بەرووی دەولەتانی بورژوازی عەرەبدا کراوەتەوە بو باشکردنی جیوشوینیان لە ئابووری جیهانیو پیکهاتەی ناوچەییو نیونەتەوەیی دەسەلاتدا. ململانیی هاوکیشەی پیشووی نیوان روژهەلاتو روژئاوا دەمیک بوو ئەم جورە چاوەروانییانەی ناکام کردبووە. نفوزی روژئاوا لە خورهەلاتی ناوەراستدا پشتی بە ئیسرائیلو ئیران بەستبوو، وەکو دوو کولەکەی سیاسەتی گەمارودانی سوفیت. تەنانەت ولاتە عەرەبیەکانی لایەنگری روژئاوایش، وەک ئەردەن، سعودیەو دواتریش میسر، نەیانتوانی پەیوەندییەکی ئابووریو سیاسی توندوتولی وەها لەگەل غەربدا بەرقەرار بکەن کە ئیسرائیلو ئیرانی سەردەمی شا لیی بەهرەمەند بوونو بە مەرجی پیویستی گەشەی سەرمایەداریو پیشکەوتنی تەکنەلوجی دەژمیردرا. جگە لەمە ماوەیەکی زور بەر لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داروخانی یەکجاری بلوکی روژهەلات ئیتر ئەوە ئاشکرا ببوو کە ئەم بلوکە توانای دارشتنی هیچ جورە چوارچیوەیەکی نییە بو گەشەی ئابووری لە ولاتانی ناوچەی ژیر نفوزی خویدا. بەلام مادام کە بەرژەوەندییەکی فراوانتری جیهانی روژئاوا بە ئیسرائیل دەبەستیتەوە، ئەوەی کە ولاتانی عەرەبی بە دانیشتوانیکی ٥٠ ئەوەندەی ئیسرائیلو سەرچاوەیەکی فراوانی ئابووری، نەوتو هیزی کارەوە، لە ساحەی سیاسەتی نیونەتەوەییو ئابووری جیهانیدا نفوزیکی بەهەمان رادە کاریگەر بەدەست بهینن مومکین نەبوو. وە لیرەدا پەیوەندی لەحاشا نەهاتووی شەری ئەم دواییە لەگەل مەسەلەی فەلەستیندا ئاشکرا دەبیت. سەربەخو لەوەی کە سەرانی عەرەب بەقەد سەرە دەرزییەک لە خەمی کویرەوەرییەکانی خەلکی فەلەستیندا ببن یان نەبن ( کە بەگشتی نین(، مەسەلەی فەلەستین بووەتە مەحەکی هەلویستی روژئاواو ئەمەریکا بەرامبەر بە جیهانی عەرەب. ئیسرائیلو مەسەلەی فەلەستین ریگرە لەبەردەم جوشخواردنی ئابووریو سیاسی تەواوی جیهانی عەرەب لەگەل روژئاوادا. بە قەولی عەرەفات، "عەرەب دەیەویت لەگەل روژئاوادابن بەلام نەک وەکو کویلە بەلکو وەکو شەریک". میسر هەولیدا تا لەریگەی دوورکەوتنەوە لە مەسەلەی پان عەرەبیزمو گەیشتن بە ریکەوتنیکی سەربەخو لەگەل ئیسرائیلدا بەم ئامانجە بگات. ئەم ستراتیجە شکستی خوارد .ناسیونالیزمی میلیتانت دەیەویت بە هیزنیشاندان بە هەمان ئامانج بگات. لەگەل روژئاوادا دەجەنگیت بوئەوەی بە هەلومەرجیکی گونجاوترەوە پیوەی پەیوەست بیت .

داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە لەسەرەتاوە کردەوەیەکی عەسکەری راستەوخوی عیراق بوو بو گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خوی. باشترین سیناریو لەروانگەی عیراقەوە لکاندنیکی بیسەروسەدا بوو کە هیچ ئاکامیکی دەستبەجیی لە ناوچەکەدا لینەکەویتەوە. بەلام کاتیک ئەم کردەوەیە لەگەل مقاوەمەتی توندی روژئاوا بەرەورووو بووەوە، هەنگاوە



ناکامەکەی عیراق وەک خزمەتیک بە ئامانجیکی گەورەترو ناوچەیی لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبەوە باوەشی بو کرایەوە .

دەرکی ئەوەی کە بوچی ناسیونالیزمی عەرەب مەیدانی هەلسوورانی خوی فراوانتر دەبینیو بوچی شەریکی مالویرانکەر هیشتا دەکری بە پیشرەوییەکی سیاسی بژمیردریت دژوار نییە. داروخانی بلوکی سوفیت گرنگیی ستراتیژیی ئیسرائیلی بو روژئاوا کەم کردوتەوە. ئەو روژەی کە تیایدا واقعییاتە ئابووریو ئینسانیەکانی ناوچەکە خوی بەسەر سیاسەتی روژئاوادا فەرز بکات دوور نییە .گورینی جوگرافیای سیاسی کونی جیهان، هەروەک لە رووداوەکانی ئەوروپا، سوفیت، یەمەنو کوریا دەرئەکەویت، مەسەلەیەکی حەتمییە. دابەشکردنی نیونەتەوەیی دەسەلات لەنیوان دەولەتە بورژواییەکاندا بەناچاری دەبی چاوی پیدابخشینریتەوەو ئەو جەمسەرە ئابووریو سیاسییانەش بگریتەوە کە لە ئەنجامی گەشەی تەکنەلوژیو جیهانیبوونەوەی سەرمایەدا، لە دەرەوەی قەلەمرەوەکانی سەرمایەداری پیشکەوتوودا سەریان هەلداوە. ئەو هاوسەنگییە وشکوزرەی کە لەلایەن جەمسەربەندیی کونی روژهەلاتو روژئاواوە پیکهاتبووو پاریزگاری لیدەکرا تیک رووخاوە. ئەو هیزانەی کە روو لە سەرهەلدانن لە ئاستی ناوچەییدا دەتوانن ئومیدەوارتر بن بەوەی کە بە کاری لیبراوانە کاریگەری لەسەر چارەنووسی خویان دابنین .

بەشیک لە ئامانجەکانی ناسیونالیزمی میلیتانتی عەرەب هەرئیستا وەدیهاتووە. ئەنجامی شەرەکە هەرچییەک بیت، هەر ئیستا گورانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا بەزیانی ئیسرائیل لەئارادایە. دریژەپیدانی ئەم پروسەیەی ئیستای باشبوونی پەیوەندی ئەمەریکاو ئیسرائیل، کە دانی پارەو موشەک بە ئیسرائیل نیشانەکانیتی، لە ئایندەدا سەخت دیتە بەرچاو. بە کوتایی هاتنی شەر گوشاری روژئاوا، وەیان بەهەرحال ئەوروپا، لەسەر ئیسرائیل پەرەئەسینی. ناسیونالیزمی عەرەب



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەر بەمەندەی ئیستاش توانیوویەتی بەرەسمیەت ناسینی قورسایی ئابووری‌و سیاسی جیهانی عەرەب بەسەر روژئاوادا بسەپینی. هەر بەمەندەی ئیستاش روژئاوا بەلینی هەندیک سازشی لەسەر مەسەلەی فەلەستین داوە کە تا دوینی وینەی نەبووە. جگە لەمە کومەلیک سوودی لاوەکیشی هەبووە. لە خورهەلاتی ناوەراستدا ناسیونالیزم پیشەنگیی لە پان ئیسلامیزم سەندەوە. ئیسلام خوی کشاندوتە دواوە بو گیرانی دەوری پلە دوو لە سیاسەتی جیهانی عەرەبدا، بەوینەی ئامرازیکی هەلخراندن لەخزمەتی کاری سیاسی بە ناوەروک ناسیونالیستیدا. ئەم ململانییەی دوایی کومەکی کردووە کە تەنانەت لە ئیرانیشدا بوخچەی بالی پان ئیسلامیستی حیزب الله بپیچریتەوە. بو عیراق خوی خودی مانەوە، دوای مقاوەمەتیکی عەسکەری ئابرومەندانە، بە سەرکەوتنیکی سیاسی، وە لە دریژماوەدا تەنانەت بە سەرکەوتنیکی عەسکەریش دەژمیردریت. داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمەریکاوە، وەیان تەنانەت مانەوەی عەسکەریی دریژماوەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بیگومان ئەم جەنگەی ئیستا دەکاتە فیتنامیکی دووەم بو ئەم ولاتە. ئەمەش بە ئیحتمالیکی زور دەبیتە مایەی قلشت لەنیو یەکیتی روژئاواو تەریککەوتنەوەی ئەمەریکا لە ئەوروپای قارە. ئەم حالەتەی لیدەرچیت، جیوشوینی عیراق بەوینەی ولاتیکی بەنفوز لە جیهانی عەرەبدا سەقامگیر دەبیت. ئەم شەرە دەبی رابووەستی ئەم شەرە دەبی رابووەستی، لە پلەیەی یەکەمدا لەبەر ئەو وەحشیگەری‌یەی کە نمایشی دەکات. ئەم جەنگە هەر تائیستا هەزاران کەسی بیگوناهی کردووەتە قوربانی. سەرلەبەری بیروکەی بومباران بە "وردبینی نەشتەرگەریی" ئەفسانەیە. سەرتاپای ولاتیک بە بومب کیلراوە. خەلکی بە بچووکو گەورەوە بە بومبو موشەک کوشتار دەکرین، لەدەست نەبوونی ئاوو کارەباو داوو دەرمان‌و پیداویستی تەندروستی گیان دەدەن. کارەساتەکانی ئەم شەرە بو خەلکی بیگوناەو مەدەنی عیراق ناکریت بو هەتاهەتایە لەلایەن میدیاکانی روژئاواوە پەردەپوش بکریت. کاتیک



راستی‌یەکان بکەونە روو، کە وردەوردە خەریکە دەکەونە روو، مروفایەتی شەرمەزار دەبیت .

ئەم شەرە دەبی رابووەستی، لەبەر ئەو پاشەوپاش گەرانەوە سیاسی‌و کەلتوری‌و ئەخلاقیەی کە بەسەر هەموو جیهانی دەسەپینی. نیشانەکان هەرئیستا لەبەردەستدان. دەخالەتگەریی عەسکەریی زلهیزەکان، شوفینیزمی میللی، نەژادپەرستی، وەتەنپەرستی، دەمارگیری دینی، تیروریزم‌و ژورنالیزمی نوکەر، ئەمانە بەشیکن لەو هیزە رەشانەی کە بەم شەرە هەوساریان پچراندووە. ئەمانە تایبەتمەندی‌یە واقعی‌یەکانی ئەو بەناو "نەزمی نوی‌ی جیهان"ن کە خەریکە چەکەرە دەکات

وەرگیرانی: سەعید ئەحمەد وەرگیراو لە بلاوکراوەی کریکاری ئەمرو (کارگر امروز) ژمارە ١٠ کانونی دووەمی ١٩٩١



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# لەکوتایی دەورەیەکدا

**دەقیوتەی منصور حکمت لە کوبوونەوەی ئیفتتاحیەی کونگرەی یەکەمی حزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا (سالی ١٩٩٤ (**

باسەکەیمن لەسەر جیگاوشوینیتایبەتیيبرگەیەکە کە ئەم کونگرەیەیتیادا بەرپا دەکریت. پیم وایە چ لەرووی‌رەوتی‌هەلومەرجی‌بابەتی‌لەئاستی‌جیهاني‌داو چ لەرووی‌ئالوگوری‌دەرووني‌ی‌چەپەوە، وە تەنانەت لەرووی‌رەوتی‌حەرەکەتی‌حزبی‌خوشمانەوە، ئیمە کوتایی‌قوناغیک‌و کوتایی‌دەورەیەکی‌لیل تيدەپەرینین. گەیشتنی‌هەموو ئەم پروسە جیاوازانە بە خالی‌وەرچەرخانی‌چارەنووس ساز لەم برگە تایبەتەدا، لەبنەرەتدا بەریکەوت ني‌یە، هەرچەندە لە هەندی‌جوزئیياتدا دەتوانی‌وابي. ئەو قوناغەی‌کە خەریکە تەواو دەبي، لایەن‌و ئەبعادی‌جیاجیای‌هەیەو من دەمەوی‌سەرنجی‌کونگرە بو ئەم تایبەتمەندي‌یەی‌ئەم دەورەیەی‌ئیستاو لایەنە گرنگەکانی‌رابکیشم‌و تەئکید لەسەر ئەو ئەنجامانە بکەم کە بەبروای‌من دەبی‌لەم جیگاو شوینەوە وەربگیریت .

لەماوەی‌ئەم چەند سالەی‌رابردوودا ئیمە شاهیدی‌زنجیرەیەک ئالوگور بووین کە گرنگترین ئالوگورەکانی‌سەرتاپای‌سەدەی‌بیستەمیان پیک دەهینا. ئەم دەورەیە، کە بە زاراوەی‌وەک دەورانی‌پاش جەنگی‌سارد، دەروانی‌داروخانی‌بلوکی‌روژهەلات، مەرگی‌کومونیزم، دەست پي‌کردنی‌نەزمی‌نوي‌ی‌جیهاني‌و...تاد قسەی‌لی‌ئەکریت، لەرووی‌گرنگي‌و چارەنووس سازي‌یەکەیەوە لە میژووی‌کومەلگای‌هاوچەرخدا، هاوتای‌دوو جەنگی‌جیهانی‌وەیان شورشی‌ئوکتوبەرە. لەرووی‌سیاسي‌یەوە،



لەرووی‌ئابووري‌یەوە، لەرووی‌ئەو ئالوگورە ئایدولوژي‌یەوە کە بەسەر کومەلگایدا هیناوە، لەرووی‌کاریگەري‌یەکەوە کە لەسەر جیهانبینی‌ئینسانەکان‌و تیروانینی‌ئەوان بو فەلسەفەی‌ژیان دایناوە، وەسەرئەنجام لەرووی‌تیکوشان‌و کاریگەري‌یەک کەلەسەر کومونیستەکان‌و چەپی‌دانا، ئەم دەورەیە لەرادەبەردەر میژوویي‌و چارەنووس ساز بووە .

هەلبەتە ئەوەی‌کە ئیمە بووینە شاهیدی‌دەورەیەکی‌وا چارەنووس ساز هونەری‌خومان نەبوو. بەلام شتیک هونەری‌ئیمە بووەو من دەمەوی‌بەرلە هەرشتیک سەرنجی‌کونگرەی‌بو رابکیشم .

ئەم دەورەی ئالوگورە گەلیک قورباني‌ی‌هەبوو. لەشیوەی‌بزووتنەوە جیاجیاکان، ئامانجە جیاجیاکان‌و ئەو ئاسویانەی‌کە لەدەست دران، بەلام ئیمە لەنیو ئەم قورباني‌یانەدا نەبووین. ئەمە دەورەیەک بوو کە تیایدا کوتایی‌هاتنی‌کومونیزمیان راگەیاند. ئەگەر ٨٠ لەسەدی‌ئەم ئیدعایەش درو بووبیت، بەهەرحال ٢٠ لەسەدی‌نیشاندەری‌واقعییەتیکی‌بابەتي‌یە، ئەویش تەریک کەوتنەوەی‌چەپ، وە چەپی‌مارکسیست بوو لە کومەلگادا. ئەمە واقعییەتیک بوو. خودی‌ئیمە لە چەندین سال بەرلەئیستاوە، لە کونگرەی‌سي‌یەمی‌حزبی‌کومونیستی‌ئیرانەوە، وە تەنانەت بەمانایەکی‌گشتي‌تر لەکونگرەی‌دووەمي‌یەوە، چووین بە پیشوازی‌ئەم واقعییەتەوە. ئەم پاشەروژەمان بینی‌بوو، پووکانەوەی‌ئەم چەپەمان پیشبینی‌کردبوو و لەبەرامبەریدا کومونیزمی‌کریکاریمان وەکو ئەلتەرنەتیڤ خستبووە روو. لەم دەورەیەدا نەتەنها بزووتنەوە چەپ‌و کومونیستەکان کەوتنە ژیر مەنگەنەوە، بەلکو بەگشتی‌ئامانجە یەکسانیخوازەکان، ئازادیخوازەکان، خودی‌خوشبینی‌بە زاتی‌ئینساني‌ي، ئومیدی‌ئەوەی‌کە کومەلگا دەتوانی‌بەئاراستەی‌باشتر بووندا بروات، وە تەنانەت هەر جیهانبیني‌و تیروانینیکی‌فەلسەفی‌کە بە هەر شیوەیەک ئینسان بە عونسریکی‌کاریگەر لە ژیانی‌خویدا پیناسە بکات، هەموو ئەمانە پاشەکشەیان پي‌کرا. لەبەرامبەردا،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەورەیەک لە نائومیدي، سەرلیشیواوي، وە بەدبینيیسەبارەت بە ئایندەیئینسانو ریرەویکومەلگایئینسانیدەستیپیکرد. لەم دەورەیەدا شاهیدیپەرتاب بوونیژمارەیەکیزور، ژمارەیەکیبیشومار، لەو ئینسانانە بووین کە لە دەورەیپیشوودا خویان بە پیشکەوتنخواز، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، ئیجابيو سودمەند پیناسە دەکرد. ئیمە شاهیدیقوربانیبوونیئەمانە بووین. شاهیدیئەوە بووین کە ژمارەیەکیزور بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ شتیک سودينيیە، تەنانەت بوونە کورسیخەلکانیترو لەدوایئەوانەوە وتیان ئەمە "کوتاییمیژوو"ە، دنیا هەر ئەمەیەو ئیتر هەروا دەمینیتەوە. فورمولبەندییجوراوجور سەبارەت بەوەیکە دنیا هەر ئەمەیەو دەبیلەگەلیبسازیین، لە هەموو دەلاقەکانیکومەلگاوە، لەجیهانیهونەرەوە تا سیاسەتو تیوريو ئایدولوژیسەریان دەرهینا. ئەنجامیکیبەروالەت حاشاهەلنەگر کە بەدەستەوە دراو حوکمیک کە وەکو بیروکەیەکیسەرکەوتوو راگەیەنرا ئەمە بوو کە ئەوە کومەلگایسەرمایەداريیە کە سەرکەوتووە، ئیتر ئەمە بەشیئینسانە، ئەمە دیموکراسيیە (هەر ئەمەیکە دەیبینن نەک بیروکەکانیسەدەینوزدەهەم)، ئەمە هەلومەرجیکارو گوزەرانە، زاهیرو باتنیجیهان هەر ئەمەیەو ئینسانەکان دەبیخویانیلەگەل بسازینن. ئەم خوسازانەش هەرکەسە دەبیلەخەلوەتگەو تەنهاییخویدا ئەنجامیبدات چونکە ئەتومیزە بوونیتەواویئینسانەکانیش تایبەتمەنديیەکیتریئەم دەورەیە بوو: دەستوپیبەستراويو تەسلیم بوونیتەواویفەرد لەبەرامبەر ئەو رووداوانەیکە بەسەریدەهات، لە سەیرکردنیهەموو روژەیکوشتاریخەلک لەئاستیدەیان هەزار کەسي لە روژیکدا وە ئەوەیکە کاریکت لەدەست نایەت، تا ئەوەیکە معلوم نيیە هەر سبەینیچیبەسەر کارو سەعاتیکارو کريکەیخوتدا دیت وەیان چارەنووسیمافیزیندوو مانەوەت یان مافیچوونە مەدرەسە چیبەسەر دیت. ئەم تەمومژە ئاسمانیجیهانیداگرت .



بەبروایمن ئیمە قوناغیيەکەمیئەم دەورەیەمان تيپەراندووە، دواتر روونیدەکەمەوە چونو بوچي. بەلام ئەوەیکە ئیمە سەرەرایهەموو شتیک دەبیلەم دەورەیەدا شانازيپیوە بکەین، ئەوەیە کە ئیمە نەتەنها لەریزیقوربانیانیئەم دەورەیەدا نەبووین، بەلکو لەو چەند دانە رووداوە ئیجابيیانە بووین کە لەم دەورەیەدا لەجیهاندا روویان دەدا. لەبەرامبەر ئایندەیەکیتاریکدا کە بورژوازیبەکردەوە سەرباریهەمو وەعدەو بەلینەکانیدەیخستە بەردەم ملیونەها ئینسان، ئیمە یەکیک بووین لەو چەند رایەلانەیکە کومەلگایان بە رابردوویەکیئومیدبەخش، بەخەباتیحەقخوازانەیرابردوو و ئەو ئاسو ئینسانيیە فراوانانەیکە لە دەیان سال پیشترەوە ئینسان چاویتیبریبوو پەیوەست دەهیشتەوە. ئەگەر ئیمەومانان لەم تەسویرە بکەنە دەرەوە، ئیمەو ئەو ئینسانو رەوتانەیچەشنیئیمە کە وەک هەمیشە پيیان داگرتو وتیان نەخیر، ئازادیمانایهەیە، یەکسانیئینسانەکان مانایهەیە، بزووتنەوەیچینیکریکار مانایهەیە، ئەوکاتە ئەم دەورەیە دەبووە دابرانیکیبنەرەتيیلەمیژوویجیهاندا. وەکو شەریکیئەتومیکە شارستانیتیدوایئەو دەبیلەسەرەتاوە دەست پیبکاتەوە. بەلام کەسانیکو ئینسان گەلیک هەبوون کە مقاوەمەتیان کردو هەولیان دا ئاراستەیجیهان لەم وەزعە چەپەلو ئایندە چەپەلترەیکە بەلینیان دەدا بەلایرابردوویدا وەرچەرخینو وەبیریبهیننەوە کە پیشتر هیواو ئامانجیک هەبووە، مەبادئیک هەبووە، کومەلیک پیشرەویهەبووە، مارکسیک هەبووە، ئامانجیکیسوسیالیستیهەبووە، بیمەیەکیبیکاریهەبووە، حقوقیکیمەدەنيو کومەلایەتیهەبووە. ئیمە لەریزیئەم مقاوەمەتەدا بووین، لەو رایەلانە بووین کە نەیاندەهیشت دنیا لە چاوگە ئینسانيو مەدەنيیەکەیرابردوویداببریتو بە پەیوەستيیدەیان هیشتەوەو بەم جورە ریگەیان خوش دەکرد بو پەلاماریدووبارە لە ئایندەدا. ئیمە لەو دەروازانە بووین کە دیمەنە کونترو ئینسانيترو گەروەترەکانیان لەبەرچاویئەم دنیایە دەهیشتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاتیک دەلیم "ئیمە"، رەنگە کەسیک لیرە لەبەر خویەوە بیر بکاتەوەو بلی"بەلام من خوم لەم دەورەیەدا کاریکیئەوتوم نەکردووە". ئەمە گرنگ نيیە. گرنگ ئەوەیە کە ئیمە هەموومان خشتەکانیبزووتنەوەیەکمان پیک دەهینا کە بەسەریەکەوە ئەم روخسارەیلەخوینیشان داو ئەم رولەیگیرا . وە بەبروایمن ئەم رولە لەچوارچیوەیهەلسوورانیراستەوخویئەم بزووتنەوەیەدا، ئیرانو ناوچەکە، چارەنووس ساز بووو لەدەرەوەیئەویش بيبایەخ نەبوو. لە ئایندەدا زور کەس دەگەرینەوەو چاو بەم دەورەیەدا دەگیرنەوەو ناچارن لەریگەیئیمەوە، وە لەکەنالیئەم دەریچەو ئەم پەیوەندانەیکە ئیمەو کەسانیوەک ئیمە لەگەل ئینسانیەتیبەر لەم تاریکيیەیدواییوە لەگەل ئامانجە ئینسانيو سوسیالیستيو یەکسانیخوازانەکاندا پاراستمانو هیشتمانەوە، سەیریمیژوویخویان بکەن. بو نموونە ئیمە هەولماندا مارکس زیندوو رابگرین. بو یەک سات بیهیننە بەرچاوتان کە ئەگەر مارکس لەجیهان بسەننەوە چ شتیکیليئەمینیتەوە. ئیمە لەریزیکەسانیکدا بووین کە هەولیان دا ریگە نەدەن دنیا لە مارکس، لە لینین، لە بیروکەییەکسانيو ئازادی بەشیوەیەکیگشتیمەحروم بکەن. وە ئەم دەریچەیە هەرچەندیک بچووک بووبیت، هەرچەندیک ئیمە ناچالاک بووبیتین، هەرچەندیک حزبو بزووتنەوەیەکیبەرتەسک بە ولاتیکو ناوچەیەکیکەم بایەخو لاوەکیبووبیتین لە ئاستینیونەتەوەییدا، بەهەرحال دەریچەیەک بووینو لە دەریچە بچووکەکانەوە دەکریسەیریدیمەنیگەورە بکریت. کەسیک کە دواتر سەیریئەم دیمەنە دەکات، کاریکیبە رادەیهەولەکەیئیمەوە نيیە، کاریبە ناوەروکیهەولەکەیئیمەوە هەیە. ئەمە ئەو شتەیە کە بەبروایمن ئیمە دەتوانین سەربەخو لە ئەندازەیهەولیتاکە کەسيیان دەستە جەمعيیخومان، پيیسەبەرز بین. دەتوانین بگەرییەنەوەو بلیین کە لەم سالانەدا، لەم دەورەیەدا کە تووپیک دایبە ناوەراستیجیهانیبورژوازيداو بوگەناو بە هەمووولایەکدا پەري، وە ژمارەیەک ئینسانیزوریش لەگەلیدا پەرین، بەجوریک کە ئیتر جیاکردنەوەیبوگەناو لەو ئینسانانە ئیمکانینەبوو، ئیمە ئاشکرا بوو کە چ



دەلیین، ئیمە راوەستاینو ئەو ئاسویانەمان لەبەرچاویخەلکدا هیشتەوە . وە بەبروایمن ئەمە ئەمرو خەریکە وەلام دەداتەوە .دەورانیلیلیخەریکە بەحوکمیهەلومەرجیبابەتيو هەروەها بە هەولو تەقەلایەکیلەم جورە، کوتاییپيدیتو ئیمە دەگەینە خالیک کە بوجاریکیتر دەکریقسە لە پیشرەویبکریتو بو پیشرەویهەول بدریت .

ئەم کونگرەیە دەبیکونگرەیبەرەسمییەت ناسینیئەم حەقیقەتە بیت لەبارەیخومانەوە. ئەو شتەیکە ئەمرو بو ئیمە مایەیشوروشەوقو شانازیبیت ئەوە نيیە کە گوایا زور باش کارمان کردووە، بووینەتە حزبیکیزور مەزن، سەدان ئەندامان گرتووەو...تاد. حەقیقەتیئەمرویئیمە ئەمە نيیە .بەلکو ئەوەیە کە ئیمە سەربە یەکیک لە باشترین ریچکە فکري-سیاسيیەکانیدەیەیئەخیر بووینو بزووتنەوەکەیئیمە لەم دەورەیەدا یەکیک بوو لە باشترین، شیرین ترین، ئیجابیترینو روشنبین ترین ریچکە فکريو سیاسيیەکان لە کومەلگادا... بەبروایمن کەسیک کە لەم سالە خەتەرانەدا، سەربەم بزووتەوەیە بووە دەتوانیئەمرو بەراستیسەربەرز بیت. ئەم سەرفرازيیە حەقیئەم کونگرەیەیە. ئەم کونگرەیە بەریکەوت نيیە. ئیمەش دەکرا پەرتاب بووینایە، ئەتومیزە بووینایە، دەمانتوانیدەرگیریخانەگيترینو گەوجانەترین مشتومر بووینایە لەگەل خانەگيترینو گەوجانەترین رەوتەکاندا. بەلام نەبووین. چووینە پیشەوە، وە بەبروایمن تەنانەت روونتر لە هەر کاتیکیتر بیرمان کردەوەو ریرەویخومان دیاریکرد. ئایا وەکو حزبیک لەخومان رازین؟ بەبروایمن وەکو حزبیک یان هەلسووراوانیبزووتنەوەیەک جیگایرەزامەنديیەکیزور بو ئیمە لەئارادا نيیە. بەلام جیگاو شوینیئیمە لە کومەلگادا لەم ٨-١٠ سالەدا، جیگاوشوینیکیموعتەبەرەو ئیمە دەبیوەکو خالیکیبەهیزیزور گرنگ چاویليبکەینو حزبەکەمان لیرەوە دروست بکەین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ریگام بدەن بچمە سەر تایبەتمەنديیەکانیئەو دەورەیەیکە بەرەو تەواو بوون دەچي. ئەم دەورانە لە هەندیرووەوە لەباریئوبجەکتیڤەوە گەیشتووەتە کوتاییخويو لەهەندیرووی‌ترەوە ئیستا دەکريو دەبیبەهیزیعونسریچالاک، بەهیزیبزووتنەوە کومەلایەتيیەکان، بە هیزیخودیخومان، کوتاییپیبهینریت .

ئەگەر لەبیرتان بیت شیعارە خەسلەتنماکانیئەم دەورانە، "هەرەسهینانیکومونیزم"، کوتاییهاتنیجەنگیساردو دەستپیکردنیسیستمیکینويیجیهانيیوەیان لەواقعدا پیویستيیجیهانیبورژوایی بەسەرلەنویئارایشدانەوەیەکیجیهانيیبوو. بەلام بەبروایمن لەژیر ئالایئەم شیعارانەدا دەورانیکیلیل دەستيپيکرد کە تیایدا هیچ کەسیک نەیدەزانیچ روودەدات. ئاوا نەبوو کە بە هەرەسهینانیبلوکیروژهەلات بورژوازیچارەنووسیخویلە دەورەیداهاتوودا بزاني. ئیمە هەر ئەوکاتە تەئکیدمان لەسەر ئەو خالە کرد کە بەپیچەوانەوە ئەم دەورەیە، دەورەیبەرچاو روشنیينيیە بو بورژوازي، دەورەی"ئاشتي"و "دیموکراسي "نيیە، بەلکو لە بنەرەتدا دەورەیناروشنيیە. ووتمان خودیروژئاوا مەلبەندیئەم ناروشنيیە دەبیت کە جیهەتگیریئایدولوژیکيو سیاسیخویلەدەست دەداتو تەنانەت باوەرە بناغەیيیە ئابووريیەکانیشیدەچیتە ژیر پرسیارەوە. ریک ئەمە روويدا. راستو چەپیئەم کومەلگایە درا بەسەر یەکدا . مەحفەلەکانی"راستیتازە"یدەورانیپیشوو، کە نوکەرایەتیبانکیجیهانيو سندوقی نیونەتەوەییدراویان دەکرد، لەم دەورەیەدا لەترسیتیکەولیکەیکومەلایەتیلە ولاتە جیاجیاکانداو پەرەسەندنیناسیونالیزمیقەومي، وایان ليهات کە ئاهیان بو نەبوونیبالیکیچەپیبورژواییکاریگەر هەلدەکیشا. لەبەرامبەریشدا بەشیکیزور لە چەپەکانیدویني، لەسەر گرتنەبەریسیاسەتیراسترەوانە پیشبرکيییەکتریان دەکرد. پیشتر وا بریار بوو ئەوروپا بەرەو



یەکیتیبروات، بەلام پاش ئەم ئالوگورانە، ئاشکرا بوو کە نەتەنها خەبەریک لە یەکبوونیزیاتر نيیە، بەلکو کەلینیقوول دەکەویتە نیوانیانەوە. ئەمرو تەنانەت لەسەر دیاریکردنیسەروکیک بو کومیسیونیئەوروپا کیشمەکیشیکیتوند لەئارادایە. دراویهاوبەش ئەوە هیچ، تەنانەت ئەو میکانیزمە دراويیە هاوبەشەش کە هەبوو دەشیویت. هەر ئەم تەرحییەکیتیئەوروپایە بو نموونە، هیوەختیک بوو کە قوتب بەندییروژهەلاتو روژئاوا بەسەر جیهاندا حاکم بوو .ئەمرو روویمەسەلەکە لەبنەرەتەوە گوراوەو تیکرایئەم تەرحە خەریکە دەستخوشیقەیران دەبیت. تەنانەت یەک ئایدولوگیکیموعتەبەرو مەحفەلیکیفکرییبەنفوزیان نيیە کە نیشانیکەسیکیبدەن. قەرار بوو بازار ببیتە دەرمانیهەموو مەسەلەو گرفتەکان، بەلام ئەمرو سەروگویلاک کوتانیبازار سەرلەنویخەریکە لە ولاتە جیاجیاکان دەبیتە مودیروژ. ئەمرو لە زوربەیولاتاندا ئەو بالانە خەریکن دەنگ دەهینن کە بەلینیتەعدیل کردنیمیکانیزمە بيحەدومەرزەکانیبازار دەدەن. خودیروژئاواییيەکان لە رووسیادا پشتیبالیلایەنگریبازاریئازادیان بەرداو بەئاسودەیيیەوە خویان لەگەل سیاسەتەکانیبالە معتدل‌ترەکاندا ریک خست. لەیەک قسەدا بوچونو پیشبینيیەکانیبورژوازیبەدرو دەرچوو. ئەوەیبەواقعیهاتە دي، وە ئیمە لەروژیخویدا پەنجەمان خستبووە سەر، پەراکەندەیي، بوشاییئایدولوژیکي، بوشاییمەعنەويو سەرلیشیواوییبزووتنەوەو حەرەکەتە حزبيیە سەرەکيیەکانیخودیبورژوازیبوو. ئیتالیا تەنها نموونەیەکیئەمەیە. جەنگ لەیوگسلافیایجەرگەیئەورپا نموونەیەکیترە. دنیاکەیئەوانو سیمایواقعيیدنیایپاش جەنگیسارد ئەمەیە کە ئەیبینین . تایبەتمەندییسەرەکیئەم دەورەیە هەرجومەرج بوو. ئەم دەورەیە، دەورەیسەرکەوتنیئەم یان ئەو ریبازیبورژواییەبوو. دەورەیلیليو لاموبالاتيو ناروشنیبوو. چوارچیوە کونەکان شکان، مەبدەئیپیشوو ترو بوو، کەشوهەوا ئاوەلا بوو، لەم کەشوهەوایەدا هیزە کومەلایەتيیەکان دەستیان دایە خەبات لەدژییەکتر. لەم کەشو هەوایەدا هەرکەسەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئالای‌خۆی‌بەرز دەکاتەوەو سازی‌خۆی‌ئەژەنێ‌و بۆ سەرکەوتن‌و پێشرەوی‌خۆی‌هەوڵ دەدات .

لیرەدا بواری‌قسەکردن لەسەر ئاکامە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و فکرییەکانی‌ئەم دەورەی‌لیلی‌یە نی‌یە. ئەوەی‌دەمەوی‌لیرەدا تەئکیدی‌لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئیستا ئیتر قوناغی‌یەکەمی‌ئەم دەورەیە تەواو بووە. ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو ئاسویەی‌کە بورژوازی‌لە تەبلیغاتەکانی‌خۆی‌لەسەرەتای‌ئەم دەروەیەدا دەیخستە بەردەم دنیا پووچ بوو. مەفاهیم‌و فورمولە سەرەکی‌یەکانی‌وەک "کوتایی‌کومونیزم"، "بازاری‌ئازاد"، سەرکەوتنی"دیموکراسی"، "کوتایی‌هاتنی‌دیکتاتوری‌یەکان"، "ئاشتی‌جیهانی"، "دنیای‌تاکە زلهیزی"، "سەرکەوتنی‌شارستانیتی‌روژئاوا"و ...تاد، کە لەزمانی‌میدیاو سیاسەتمەدارو قسەکەرانی‌بورژوازی‌یەوە وەکو ناوەروکی‌دەورەی‌تازە نیشان دەدران‌و لەسەرتاپای‌ئەم ماوەیەدا بەسەر سەری‌کومەلگاوە دەسورانەوە، بی‌ئەوەی‌سەرەنجام بنیشنەوە، یەک لەدوای‌یەک خرانە لاوە. ئیستاکە نەتەنها قسەیان لەسەر کوتایی‌هاتنی‌کومونیزم نی‌یە، بەلکو قسەیان لەسەر ئەوەیە کە چی‌بکەن لەو "کومونیستە پیشووانە"ی‌کە ناوی‌خویان گوریووەو ئیستاکە یەک لەدوای‌یەک خەریکن دینەوە سەرکار. لەبارەی‌مودیلی‌ئابووری‌بازاری‌ئازادیشەوە هەر وایە. ئەوە راستە کە مودیلی‌ئابووری‌دەولەتیی‌شکستی‌خوارد، بەلام هیرشی‌بالی‌راست بوسەر کونترول‌و دەخالەتی‌دەولەتیی‌ئەوەندە فراوان بوو کە ئەمرو ئیتر رووبەرووی‌شەپولیک لەگەرانەوە بووەتەوەو لەهەندیک شوین لەژیر گوشاری‌خەلکداو لەهەندی‌شوینی‌تریش بەهوی‌ئەوەوە کە ئەو مەترسی‌یە لەئارادایە کە بەتەواوی‌شیرازەی‌کاروباری‌ئابووری‌لەزوربەی‌ولاتەکان تیک بچیت‌و ئاکامیکی‌سیاسی‌ئالوز پەیدا بکات، هەندی‌بالی‌جیاجیا لەخودی‌بورژوازی‌ی"سەرکەوتوو" بوونەتە لایەنگری‌پیادەکردنی‌کونترولی‌دەولەتیی. سوسیال دیموکراسی‌سەری‌لە



قاوغەکەی‌خوی‌دەرهیناوە. ئەویش تەنهاو ریک بەو بەلینەی‌کە وەکو بالی‌راست توندرەوی‌ناکات. ئەم بەلینی‌میانەرەوی‌یە، تیکرای‌ناوەروکی‌سیاسی‌و بەرنامەی‌سوسیال دیموکراسی‌ئەمرو پیک دەهینی. نە مودیلیکی‌لە حکومەت بەدەستەوە داوەو نە لە ئابووری. لەگەل هەموو ئەمانەشدا هەر ئەم بەلینی‌میانەرەوی‌یە، بەلینی‌ئەوەی‌کە لەپیناوی‌خزمەتکردنی‌بازاردا شمشیری‌لەخوی‌نەبەستووە، ئایندەی‌سیاسی‌ئەم رەوتەی‌لەزوریک لە ولاتەکاندا روشنتر کردوووەتەوە .

ئەم دەورەی‌لیلی‌یە بەبروای‌من بەپلەی‌یەکەم لەو رووەوە کوتایی‌پی‌هاتووە کە تەپ‌وتوزە ئەوەلی‌یەکە نیشتووەتەوەو هەندیک هیزی‌کلاسیک تر هاتوونەتە مەیدان. هەر ئەو حەقیقەتەی‌کە لەزوریک لە ولاتانی‌بلوکی‌روژهەلاتی‌پیشوو سەرلەنوی‌ریفورمیستەکان دەنگ دیننەوە، وە لە روژئاواشدا خەلکی‌زیاتر بەرەو ئەوە ئەرون کە دەنگ بە سەنتەر بدەن‌و زیاتر دەور بە سوسیال دیموکراسی‌بدەن، ئەو واقعییەتەی‌کە بالی‌راستی‌نوی، کە نووکی‌تیژی‌هیرشی‌روژئاوای‌پیک دەهینا لە قوناغەکانی‌کوتایی‌جەنگی‌سارددا، ئیستا بەکردەوە لە مەیدان کراوەتە دەرەوەو بەرەو پووکانەوە ئەروات، نیشاندەری‌نیشتنەوەی‌گەردو خولو دەرکەوتنی‌مودیلە کونترەکانە لە گورەپانی‌سیاسی‌کومەلگادا. خواست‌و دەرکو رەفتاری‌سیاسی‌خەلکی‌خەریکە بەمانایەک "ئەقلانی"ترو لەرابردوو نزیکتر دەبیتەوە. ئەو هیزانەش کە پی‌یان ناوەتە مەیدان هیز گەلیکی‌کلاسیکترن. چەپەکان، کومونیستەکان، لیبرالەکان، سوسیال دیموکراتەکان، فاشیستەکان‌و ...تاد سەرلەنوی‌دینە ریزی‌پیشەوە. ئەو هەرج‌و مەرج‌و بی‌شکلی‌یە خەریکە تەواو دەبیت .

لەئاستی‌جیهانیشدا ئاشکرا بووە کە بریار نی‌یە هەموو ولاتەکان پەرلەمانیان هەبیت. ئەمە رەنگە ببیتە مایەی‌سەرئیشە. ژەنەرالە سەرکوتگەرو مەلا کونەپەرستەکانیش دەکری‌ببن‌و هەروا لەسەرکار بمیننەوە .ئەمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قسەیئەمرویبورژوازيیە. لە موحاسەباتەکانیئەمرویاندا وادیارە سەقامگیريو خولادان لەو کیشمەکیشانەیکە کونترول ناکرینو خولادان لە شیواندنیبيبەرنامەیئەم هەلومەرجەیکەهەیە لە هەر فاکتەریکیتر گرنگترە. لە ئەنجامدا نەتەنها خەبەریک لە شکوفاییجیهانییدیموکراسیپەرلەمانینەبوو، بەلکو رژیمە کونەکان لەسەر کارنو تەنانەت لەجاران زیاتر هەست بە ئاسوودەییدەکەن. خەلکیلە ولاتانیدواکەوتوودا لەوە گەیشتن کە خەبەریک لەم شتانە نيیەو بریار نيیە رووداویکیتایبەتیبەلوتفی"سیستمینوي" بقەومي. ئەگەر کەسیک ئازادیدەویت، ئەوا دەبیت هەروەکو رابردوو خویخەمیخویبخوات. وە ئەمە پیچەوانەیئەو کەشو هەوایەیە کە لەسەرەتایئەم دەورەیەدا هەبوو . بیرتانە کە چون روشنبیرانیئەم ولاتانە کاسە بەدەست ریزیان گرتبوو تا بەشە دیموکراسیخویان لە ئەمریکاو دەسەلاتە غەربيیەکان وەربگرن. بەلام ئیستا، جاریکیتر ئەوە دەرکەوتووە کە ئەوە هیزو بزووتنەوە کومەلایەتيیەکانن کە چارەنووسیکومەلگاکان دیاریدەکەن. هەلقون هەلقونو شیعارە سووکو بيناوەروکەکانیسەرەتایئەم دەورەیە ئیستا کەم رەنگتربوونەتەوەو لەبریئەمە تامەزروییبو بیستنیبەرنامەو سیاسەتەکانیهیزە کومەلایەتيیەکان زیاتر بووە. ئاوردانەوەیخەلکیلە سیاسەت زیاترو هوشیارانەتر بووە. میولە سیاسيیەکانو کیشمەکیشە سیاسيیەکان بەشیوەیەکیپوختەتر بەیان دەکرین .

هیرشیبالیراست لە سالانیهەشتاکاندا بهیننەوە یادتان، ئەو فەرد گەرايیيە فراوانە، ئەو کاریریزمە، ئەو بەسووک تەماشاکردنەیبەرژەوەندیگشتيو ئینساندوستيو دواتریش ئەو هەراوهوریاو جەژن گرتنە تەبلیغيو گالتەجاريیە عەقیدەتيیەیسەرەتایئەم دەورەیلیليیە بهیننەوە یادتانو لەگەل ئەمرودا بەراوردیبکەن، ئەبینن کە نەتەنها وەرچەرخانیگەورە لەچاو سەرەتایئەم دەورەیەیدوايیدا لەئارادایە، بەلکو خەلکیخەریکن



هەندیک جار تەنانەت وەلامیراستگەرايیبيئەندازەیسالانیهەشتاکان دەدەنەوە .

بەهەرحال ئەمە ئیستنتاجیمنەو ئیلزامەن نامەویحوکمیکیتیئوریکیقورسو خەست لەبارەیئەم قوناغ بەنديیەوە دەر بکەم. رەنگە بوچوونیهاوريیانیکیتر جیاوازیهەبیت. بەلام بەهەرحال هەلسەنگاندنیمن ئەوەیە کە ئیمە لە دەورەیلیلیپاش هەرەسهینانیبلوکیروژهەلات هاتووینەتە دەرو زەمینە بو کاریهیزە سیاسيیەکان روتینيتر بووەتەوە . بەتایبەتیدەکریئەوە بەروشنیببینریکە دیسانەوە لایەنگريکردن لە دیدیکیئینسانيو سکالاکردن لە کومەلگایئیستا لە دیدگایەکیئینساني، وە هەندیجار تەنانەت سوسیالیستيیەوە، خەریکە مەیدان پەیدا دەکاتو دەبیتە مایەیئیعتبار بو کەسەکان. ئەمە نەتەنها لەجیهانیسیاسەتدا بەلکو لە مەیدانیژیانیفەرهەنگيو هونەريیەک دووسالیدواییشدا دەکریبەدیبکریت. بەبروایمن کاتیهیرشیسەرلەنويیمارکسیستیهاتووەتەوەو کومونیستەکان دەتوانن بەقەوارەیواقعیخویانەوە بینە پیشەوە .دەورەیپاشەکشەیمارکسیزمو تەریک کەوتنەوەیمارکسیستەکان بەکوتاییهاتنیجەنگیسارد دەستيپينەکرد، بەلکو دەگەریتەوە بو چەندین سال بەرلە ئەو. لەم نیوەدا ئالوگورەکانیسوڤیت چارەنووس ساز بوو، نەک بەو مانایەیکە سوڤیت مەلبەندیمارکسیزمو کومونیزم بوو، بەلکو لەبەر ئەوەیکە وجودیقوتبیکیبەهیز لەئاستیجیهانیدا کە ئیدعایکومونیزمیدەکرد، هەرچەندە درويین، جیگاو شوینیکیگرنگیلە مەیدانیسیاسيو فکريدا دەبەخشيیە مارکسیستو رەخنەگرە مارکسیستيیەکانیسوڤیتیش، وە ئەمە سەرنجیهەموولایەکیلەسەر ئەوان متمرکز دەکرد. کەس نەیدەتوانیحاشا لە رکودیئابووريو جمودیکومەلایەتیکوتاییدەورانیبریجنیف تا هاتنەسەرکاریگورباتشوف، بکات. بە هاتنەسەرکاریگورباتشوفو باسیپروسترویکا دەورانیپووکانەوەیئەم قوتبە دەستيپيکرد. هەر لیرەدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیار بوو، وە ئیمەش لەروژیخویدا پیشبینيمان کرد، کە مارکسیزم بەرەو ئەوە دەروات کە بکەویتە ژیر مەنگەنەوەو تەریک بکەویتەوە. بە پووکانەوەیسوڤیت، مارکسیزمیواقعيو رەخنەگریسوڤیتیش بەهەرحال بو ماوەیەک لە مەرکەزیگورەپانیخەباتیفکريو سیاسیدەکەویتە لاوەو ئەمە ئەو رووداوە بوو کە لەدەورانیلیلیپاش کوتاييهاتنیجەنگیسارددا بەکردەوە قەوما. ئەو شتەیکە من ئەمرو خەریکم دەیلیم ئەوەیە کە کەشوهەوا بو هەلسوورانیکومونیستەکان سەرلەنویلەبار ئەبیتەوە. گومان لەوەدا نيیە کە خوهەلنانە دژیکومونیستيیەکانیقسە وەشینەکانیبورژوازيو هەراوهوریایکوتاییکومونیزم تەنانەت ئەگەر نیشتبیتیشەوە، بەهەرحال هەرگیز تەواو نەبووەو هیچ کاتیکیش تەواو نابي. بەلام واقعییەتیکیزور بەرچاو ئەوەیە کە ئەمرو هەلومەرج بوئەوەیکە کومونیستەکان پيبنینە مەیدان، قسەیخویان بکەنو هیز کوبکەنەوە بەتەواویلە ٨-١٠ سالیرابردوو لەبارترە. ئەو دەورەیە، دەورەیپاشەکشەو ئاوابوونیچەپگەراییبوو و ئەمرو دەورەیسەرهەلدانو پیشرەویسەرلەنویيیئەوە .

ریگەم بدەن بەکورتیبچمە سەر کاریگەريیەکانیئەم دەورەیە لەسەر چەپو بەتایبەتیرەوتیخومانو قسەکانم بەم باسە کوتاییپيبهینم . دەورەیلیليو سەرگەرداني، مەرج نيیە هەمیشە دەروەیتەسلیم بوونو رکود بیت. لەواقعدا لەزوربەیکاتەکاندا بەپیچەوانەوەیە. ئەم دەورانانە، دەورەیسست بوونەوەیکوتەکان، باوەرەکان، تەقلیدەکان، وە ئەو کونترولە تەقلیديیانەیە کە ژیانو پراتیکیئینسانەکان لەقالب دەدەن . دەورەکانیلیليو قەیران لە کومەلگادا بەگشتیئەو دەورانەن کە کەسەکان تیایاندا هەست بە دەست ئاوەلاییيەکیزیاتر دەکەن، تەقلیدو دەزگاو حزبو بزووتنەوە جيکەوتووەکان کەمتر قورساییدەکەنە سەر زەینیئینسانەکانو هەربویە ئینسان هەست بە دەست ئاوەلاییو سەربەخوییيەکیمەعنەويو عەمەلیزیاتر دەکات. بەشیک لە بەرچاوترین داهینانەکان لە مەیدانە جیا



جیاکاندا لە دەورەیلەم چەشنەدا سەریان هەلداوە. کاتیک تەقلیدیرەسميي، جا لەهەر قەلەمرەویکدا بیت، بيئیعتبار دەبیتو دەچیتە ژیر پرسیارەوەو وەلامە رەسمييەکانو حەقیقەتە بەلگەنەویستەکان دەچنە ژیر پرسیارەوە، کاتیک ئەوە دەسەلمیت کە نورمەکانیپیشوو کاراییو خاسییەتو هەربەم پيیە ئیعتباریخویان لەدەست داوە، بواریداهینانو تویژینەوەو رەخنە فەراهەم دەبیت .

هەلبەتە ئاکامیئەم کوششانە مەرج نيیە هەمیشە رەسەنو پیشکەوتنخوازانە بیت. لەم دەورەیەدا ئەم پروسەیە لەنیو چەپدا لەئاستیملیونيدا روویدا. گەلیکیان رویشتن نەک تەنها دوگمەکان بەلکو ئامانجەکانیپیشوویخوشیان بدەنە بەر رەخنە، نەتەها بەکلیشەکان بەلکو بە ئامانجیشورشگیرانەیخوشیان پيبکەننو نەتەنها لە بیروباوەر، بەلکو لە دلپاکيیتائیستایخویان بکەونە گومانەوە. لەنیو چەپیئیرانو لەنیو خودیئیمەشدا زوریک وایان کرد. زوریک، زوربەیئەوان، لەدریژەیبیرکردنەوەو گومانەکانیخویاندا نەگەرانەوە بو هیچ جورە چەپ گەراييیەکو بوون بە کەشف کەرانیتازە بەدەوان گەیشتوویمەزایاکانیکومەلگایسەرمایەداري .مایکروفونیان دەخستە بەردەمیهەرکەسیک، لەوانە کەسانیک کە تەنانەت خودیخومان بەزەحمەت لە سوسیالیزمیدیهاتيو جیهان سيیەمیهەلیانمان کەندبوو، یەکسەر بەدوورودریژیدەکەوتە پیپیا هەلدانیدیموکراسي. چاو لە بلاوکراوە چەپەکانیجیهان بکەن لەم دەورەیەدا، بزانن چون بەخیراییئەم باسە لەنیویاندا بووە باو کە پیویستە جیگایدیموکراسیلەنیو سوسیالیزمدا بکەینەوە. بەشیهەرە زوریان لەگەل ئەم شەپولەدا رویشتن. بەبروایمن بویە رویشتن چونکە پیشتر لەژیر گوشارداو بەهویمەترەح بوونو موعتەبەر بوونیکومونیزمو مارکسیزم لە ناوەندیسیاسيو زانکوییدا پیوەیپەیوەست ببوون .ئیستا، کە کومونیزمو مارکسیزم بەرەسميو بەئاشکرا کەوتبووە بە پەلامارو خرابووە ژیر مەنگەنەوە ئەوانیش لەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گوشارە رزگار بوون‌و دەستیان کرد بەوەی‌کە قسەی‌خویان بلین‌و سازی‌خویان بژەنن. بەشیکی‌زوریان بەلای‌ئەو ریبازە فکري‌و سیاسي‌یانەدا رویشتن کە لەئیستادا بازریان گەرم بوو .

هەمووومان شاهیدی‌ئەم دەورەی‌پەرتەوازەیي‌یە بووین‌و هەین‌و لەنیو خوشماندا دەوری‌بووە. ئەم کاریگەري‌یانە هەم ئەبعادی‌ئیجابي‌یان بووە هەم سلبي. سەربەخویی‌لە بیرکردنەوەو بریاردان‌و دوور کەوتنەوە لە قبوول کردنی‌ساف‌و سادەی‌بوچوونە رەسمي‌و ئەحکامە بەلگەنەویستەکان پەرەی‌سەند، لە هەمان کاتدا گەلیک حەقیقەتی‌سوسیالیستي‌و شورشگیرانەی‌گرنگ پشت گوی‌خرا. دانانی‌ئەرکی‌سیاسی‌بو خوت وەکو تاکە کەس‌و بوون بە هەلسووراوی‌پشت بەخو بەستووی‌ئەم یان ئەو بزووتنەوەو دانانی‌پروژەی‌شەخسی‌بو خوت، رەواجی‌پەیدا کرد، لە هەمان کاتدا فەزای‌کاری‌هاوبەش لەژیر چەتری‌نەخشەو تەرحە هاوبەشە حزبي‌یەکان‌دا، هەلسووران وەکو ئەندامی‌ریکخراویک‌و گوشەیەک لە نەخشەیەکی‌فراوانتر، لاواز بوو. لە ئاستیکی‌فراوانتردا ، بەتایبەت بو بەشیکی‌فراوان لە چەپی‌ئیران کە پەروەردەی‌تەقلیدی‌تەقدیس کردنی‌دواکەوتوویی‌میللي‌خو بوو، ئەم دەورەیە، دەورەی‌قوولبوونەوە لە تیروانین بو ژیان، بو کومەلگاو بو فەرهەنگ بوو .هەندی کەس بەوە گەیشتن کە لەدەرەوەی‌دنیای‌میللي‌و ولاتي‌و بزوتنەوەیی‌خویاندا، دنیایەکی‌فراوانتر بە هەمەچەشني‌و ئالوزي‌و دەسکەوتی‌مەزنەوە وجودی‌هەیە. ئەم روچوونە فکري‌یە دەرفەتی‌بو رەخسا، چونکە لەم دەورەیەدا کونترول‌و نفوزی‌بزووتنەوەو تەقلیدە دواکەوتووانەکان لەسەر هەندیک کەس لاچوون .

ئەم دەورەیە لەزور رووەوە بو زور کەس دەورەی‌بەخودا چوونەوە بوو . نەک "ئیعادە نەزەر خوازيي‌و ریڤیژینزم"، نەک دوزینەوەی‌هەندیک مەکتەب بو تەفسیر کردنی‌بیرو بوچوونەکانی‌پیشوو لەخزمەتی‌بەرژەوەندي‌یە



کومەلایەتي‌یە تایبەتەکاندا، بەلکو دەورەیەکی‌ئیعادە نەزەری‌فەردي، لە ئەفکارو ئومیدو ئاسوکانی‌خو، لە میژووی‌ژیانی‌خو، لە سیستمی‌بەهاو بیروباروەرەکانی‌خو. زور کەس لە روانگەی‌خویانەوە بە ئەنجامی‌گرنگ گەیشتن. منیش پیم وایە هەندی‌کەس بەراستی‌بەئاکامی‌گرنگ گەیشتن . توانای‌ئینسانەکان ئالوگوری‌بەسەردا هات. زوریک تواني‌یان لایەنی‌ئینساني‌ی‌سوسیالیزم‌و ئینساندوستي‌ی‌قوولی‌ئەو تي‌بگەن. زور کەس قوولتر لەپەیوەندی‌نیوان سوسیالیزم‌و ئازادي‌و خوشگوزەرانی‌ئینسانی‌تي‌گەیشتن. زور کەس توانا واقعي‌یەکانی‌خویان باشتر ناسي‌و متمانەیان بەخویان پەیدا کرد .هەندیک لەو ئەحکامە مارکسیستي‌یانەی‌کە لە دەورانی‌جەنگی‌ساردو لەژیر دەسەلاتی‌تەعلیماتەکانی"کومونیزمي" ئوردوگايي‌دا، نە بەدروستي‌و بەروشنی‌بەیان دەکران، وە نە بەئاسودەیي‌و زەین کراوەیي‌یەوە گوي‌ی‌بو شل دەکراو نە بەقوولی‌دەرک دەکرا، لەوانە باسەکانی‌خودی‌ئیمە لەمەر کومونیزمی‌کریکاري‌یەوە، لەم دەورەیەدا بە روونيیەکی‌زیاترەوە خرانە رووو وەرگیران .

بەم پي‌یە تا ئەو جیگایەی‌بو چەپ‌و بەدیاري‌کراوتر بو رەوتی‌خوشمان دەگەریتەوە بەبروای‌من ئەم دەورانی‌لیلي‌یە، ئەم دەورانی‌ناروشني‌و تەم‌ومژو دلەراوکي‌و بەخودا چوونەوەیە، گوزەراوە. هەلبەتە بەپیچەوانەی‌رەوتە ماددي‌یەکانی‌دەرەوەی‌خومانەوە، پیم وایە کوتایی‌هینان بەم دەورەیەو هەنگاونان بو دەرەوەی‌فەزایەک کە ئیتر بەحوکمی‌هەلومەرجی‌بابەتی‌دەورەی‌بەسەرچووە، هیشتا مەسەلەیەکی‌پراتیکي‌یە. ئەم دەورەیە بو کومونیستەکان خوبەخو تەواو نابیت، دەبی‌هوشیارانە کوتایی‌پي‌بهینریت. هەلومەرجی‌بابەتي‌ی‌ئیستا ئیتر ریگەمان پی‌ئەدات کە بگەرییینەوەو نەتەنها کوتایی‌بەم دەورەی‌سەرلي‌شیواوي‌یە بهینین، بەلکو ئەو قوولي‌و هەمەجوري‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامادەیییە پەرەسەندووانەیکە بەدەستمان هیناوە بخەینە خزمەتیخەباتیکیهەدەفمەندانەو ریکخراوەوە .

یەکیک لە ئاکامەکانیرەوندەکانیچەند سالیئەخیر کە لەریزەکانیئیمەدا بەرچاو بووە ئەوەیە کە "کاریراستەوخویکومونیستي "خرابووە لاوە. ریگەم بدەن مەبەستم لە کاریراستەوخویکومونیستیلەچەند رستەیەکدا دەرببرمو تەسویریکیلەسەر بدەم .کاریراستەوخویکومونیستیواتە بکەویتە ریو بەو ئینسانانەیکە دەردیکیان هەیە، وە لەسەرروویانەوە بەچینیکریکار بلییت کە دەبیکومونیست بن .لەنیوان خوتو باقیکومنیستەکاندا پەیوەنديو رابیتە بەرقەرار بکەیت، لە مەیدانیسیاسەتدا دیفاع لە کومونیزم بکەیتو دەنگ بە کومونیستەکان بدەیت . کتیبەکانیمارکس بخوینیتەوە. لەبەرامبەر سەرکوتکردنیکومونیزمو سوسیالیزمدا مقاوەمەت بکەیت. رەخنە لە مەیلەکانیترینیو کومەلگاو دەروونیچینیکریکار بگریتو لاوازيیەکانیان نیشان بدەیت. ئەوە بلییت کە بەلینو ریگاچارە غەیرە کومونیستيیەکان لە میژوویکومەلگاو میژوویکریکاراندا زورن بەلام هیچ یەکیکیان وەلامیکیبنەرەتيیبە پیویستيی چینیکریکارو کومەلگا بە ئازادینەداوەتەوە. واتە ئەو کارەیکە کومونیستەکان زیاد دەکاتو توانایسیاسيو کومەلایەتیکومونیزم دەباتە سەر .

ئەم جورە هەلسوورانانە لەم سالانە نەبوونەتە جيسەرنجیسەرەکیحزبیئیمە. هەلبەتە هەمووان زور هەلسووراو بوون . هەمووان هەولیان داوە لەریگایجیاجیاوە چاکەیخویان بگەیەنن بە کومەلگاو بەشە ژیر دەستو ستەم ليچوو و ستەمدیدەکان. بەلام ئیوە کلاویخوتان بکەن بە قازي، چەندە کاریراستەوخویکومونیستي، کار وەکو مارکسیستیک لە بزووتنەوە فکريیەکاندا، وەکو سوسیالیستیک لە بزووتنەوە کریکاريیەکاندا، کار وەکو فراکسیونە کومونیستيیەکان لە



یەکیتيیە کریکاريیەکاندا، کار وەکو هەرا سازکەرە کومونیستەکان لە شەقامەکانداو ئینسانە کومونیستەکان لە شوینیژیانو کاردا، ئەمانە چەندە بوونەتە خەسلەتیتایبەتمەندیئەم هەلسوورانانە. کاریئیمە زیاتر ئەوە بووە کە "خزمەتي "سیاسي-خەباتکارانە پیشکەش بە تەیفیک لە بزووتنەوەکان بکەین لەبەرامبەر تەیفیک مەسەلەدا، کە هەموویان بەتیکرایي، بەو کارەشەوە کە من باسم کرد، ناکاتە کاریراستەوخویکومونیستي .

ئەمە بە لەبەرچاوگرتنیفەزایزال بەسەر کومەلگاداو بەسەر هەموو بزووتنەوەیسوسیالیستيدا، لەروویەکەوە ئەوەندە نەئەکرا خوتیلیلابدەیت. بەبروایمن ئەو هیرشە فراوانەیکە بو سەر کومونیزمو ئەندیشەیمارکسیستیلە ئارادا بوو وەها روویمەسەلەکەیگوريبوو کە ئەو رەوتەیبیویستایە بيلەبەرچاو گرتنیهیزهاوسەنگيو کیشمەکیشیتیوریيدەرەکي، بیروباوەرە دەروونيیەکانیخویتەنها بو خویدوو پات بکاتەوەو هەر بەهەمان شیوە کاریرابردوویخویدریژە پيبدات، زورتر لە فیرقەیەکیدینیدەچوو. بەبروایمن ئەوەیکە زور کەس لە وەها هەلومەرجیکدا لەروویفکريو رەخنەیيیەوە خاموشتر ببنەوەو خویان لەرووی"پراتیکي"یەوە لەژیر مەنگەنە دەرببینو خویان سەرقالیخزمەتگوزاریلە بزووتنەوە هەنوکەیيو جوراوجورەکاندا بکەن، کاردانەوەیەکیزور سروشتيو قابیلیدەرک بوو. قابیلیدەرک، بەلام جیگایپشتیوانینەبوو. بەهەرحال قسەیئەمرویمن ئەوەیە کە ئەو دەورەیە ئیتر تەواو بووە .

بەهەرحال مەبەستیمن لەم باسە راکیشانیسەرنجیکونگرەیە بو ئەم پرسیارە کە ئایا حزبیئیمە دەتوانیئالابەدەستیکوتاییپيهینانیئەم دەورەیلیليیە بیت بو چەپ، لانیکەم ئەو بەشەیکە ئیمە دەتوانین کاریگەریلەسەر دابنیین؟ ئەمە پرسیاریکیئاوەلایە. بەبروایمن دەتوانین . جيوشوینیسیاسیئایدولوژیکيیئوبژەکتیڤیئیمە لە چەپیئیراندا، وە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەپی‌باقی‌ولاتەکان‌دا، تا ئەو رادەیەی‌کە بەئیمە ئاشنایە، جي‌وشوینیکی‌لەبارو سەرفرازانە بووە. جي‌وشوینیکی‌ئیجابی‌بووە. من خوم بەلەبەرچاوگرتنی‌ئەمە ئەوەندە نیگەرانی‌ئەو کاریگەري‌یە سلبي‌و پەرتەوازەکەرە نەبووم کە ئەم دەورەی‌لیلي‌یە لەسەر وەزعییەتی‌حزبي‌و پراتیکی‌حزبي‌ی‌ئیمە دای‌دەنا. بەبروای‌من نەدەکرا لەودەورەیەدا بەتەواوي‌و بەشیوەیەکی‌موتلەق بەپیچەوانەی‌ئاراستەی‌واقعییەتیکی‌مەزنی‌میژوويي‌یەوە حەرەکەت بکریت .گەلیک لەو کاریگەري‌یانە نەدەکرا خوتی‌لي‌لابدەیت. ئەوە دەکرا کە سەنگەرە سەرەکي‌یەکان پاریزگاري‌یان لي‌بکریت‌و خوت بو شەپولی‌گەرانەوە ئامادە بکەیت-هەر ئەو کارەی‌کە ئیمە کردمان. بەلام نەدەکرا هەندی‌شیوەی‌تایبەتی‌لە خەباتی‌فکري‌و عەمەلی‌بەسەر ئەو هەمووە کەسانەدا بسەپینی‌کە ریک بەهوی‌ئەوزاعی‌جیهانەوە گومانیان لەوە هەبوو کە سودیکی‌هەبیت. کاری‌راستەوخوی‌کومونیستي، تەنانەت بو ئەوکەسانەش کە زەرورەتەکەیان دەرک دەکرد، لەجەرگەی‌ئەم دەورە تایبەتەدا رەنگە" فیرقەيي‌و بي‌سەمەر" خوی‌بنوانایە. حوکمی‌ئیمە لەبارەی‌دەبوواو نەدەبوواکانی‌دەروەی‌پیشووەوە هەرچي‌یەک بیت، قسەی‌من ئەوەیە کە ئیتر ئەو دەورەیە تەواو بووە. ئەم کارانە ئیتر فیرقەيي‌و بي‌سەمەر ني‌یە .

ئەمە بزووتەوەیەکەو ئینسانە جیاجیاکان بەتواناو پیشینەو قەلەمرەوە تخصصي‌یە تایبەتەکانەوە تیایدا بەشدارن. بەبروای‌من هەموو ئەو کەسانەی‌کە دەتوانن، بەبی‌سەرف کردنی‌ئینیرژی‌هەرقلي، لە سازماندانی‌ناوکوکەی‌سەرەکی‌هەلسوورانی‌راستەوخوی‌کومونیستی‌لە مەیدانە جیاجیاکاندا دەور بگیرن، دەبی‌حەتمەن وا بکەن. باسەکەی‌من ئەوە ني‌یە کە دەبی‌هەمووان مولزەم بکرین کە لەمە بەدوا کاریکی‌تایبەتی‌ئەنجام بدەن، یان لە واقعدا وەکو نویژ "ئادای‌بکەن". ئەوە ئەرکی‌حزبە کە سەرنجی‌پیویست بداتە ئەمە بوئەوەی‌هیزی‌هەلسوورانیکی‌بەم جورە کوبیتەوەو ئامادە بیت .من خوم پیم وایە مارکسیزم ئیتر ئەو دەورە



دژوارەی‌تیپەراندووە. وەختیک سەیر ئەکەین، ئایدولوژي‌یە بورژوايي‌یەکان لەحالەتی‌هیرشبەرانەدا نابینین .نەتەنها ئەمە بەلکو خودی‌ئەوان لە ئەزمەدا پەلوپو دەکوتن. ریبازە ئایدولوژیکي‌یە سەرەکي‌یە بورژوايي‌یەکان تەنانەت توانای‌ئەوەیان ني‌یە کە لەبەردەم گەشەی‌فاشیزمدا ریزبەندي‌یەکی‌سادە پیکبهینن. تەنانەت ناتوانن لە سکولاریزم دیفاع بکەن، کە بو ماوەی‌چەندین دەیەو لەهەندی‌حالەتدا چەندین سەدە سیستمی‌دەسەلاتداری‌گەلیک لە کومەلگا غەربي‌یەکان بووە. ناتوانن بەر بە چوونی‌تەعالیمی‌دینی‌بو ناو قوتابخانەکان بگرن. ناتوانن وەلامی‌قەوم چیتی‌بدەنەوە کە ئیتر بووەتە مایەی‌بشیوی‌خودی‌سەرمایە. وە تازە تەنانەت فاشیزم‌و ناسیونالیزمی‌قەومی‌کە ئەمانە رەوتە ئایدولوژیکە هەوسار پچریوو و لە قەفەس دەرباز بووەکانی‌ئەم دەورەیەی‌جیهانی‌سەرمایەداری‌بوون، لەچلەپوپەی‌گەشەی‌خویان هاتوونەتە خوارەوەو ئیتر خەریکن لەپی‌ئەکەون . من، ئەوە کە هیچ ریبازیک لە ئایدولوژی‌بورژوازی‌لەحالەتی‌هیرشبەرانەدا نابینم، بەلکو لە جي‌وشوینیکی‌راوەستاو کە ئیمکانی‌رووبەروو بوونەوەی‌لەگەل مارکسیزم‌و کومونیزم پي‌بدات نابینم .کومونیزمی‌کریکاری‌دەتوانی‌بگەریتەوە بو قالبە واقعي‌یەکەی‌خوي، واتە رەوتیک بیت کە رەخنە دەگریت، هیرش دەبات، وە لەکومەلگا هیز وەردەگریت .رەوتیک کە ئەرکی‌گورینی‌جیهانە، نەک وەکو سالانی‌ئەخیر کاری‌تەنها پووچەل کردنەوەی‌پەلاماری‌بورژوازی‌بیت. ئیمە لەم شەش حەوت سالەی‌رابردوودا توانیمان هەندیک سەنگەر راگرین. ئیستا کاتی‌ئەوە هاتووە کە هەستین‌و پیشرەوی‌بکەین. جا رەنگە چەند هەنگاو لەولاتریش دیسانەوە ناچاربین راوەستین‌و ئەو جي‌وشوینە بپاریزین کە بەدەستمان هیناوە. بەلام ئەوەی‌گومان هەلنەگرە ئەوەیە کە کاتی‌پیشرەوی‌هاتووە .

کاری‌کومونیستي، کاری‌راستەوخوی‌کومونیستي، ئەمە عیبارەتی‌سەرەکی‌ئەم دەورەیەیە. بەلام، پاش ئەمە رەنگە پیویست بیت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تیبینيیەکیشیبخەمە سەر، کە خوديپیویست بوونەکەیزور دەردناکە. راستيیەکەیلەوە ئەترسم کە کاتیک من باسیگرنگیحەیاتيیکاریکومونیستیراستەوخو دەکەم، دیسانەوە کەسیک هەستیتە سەرپيو ئەم لیکدانەوەیە لە قسەکەیمن بەدەستەوە بدات کە گوایا ئیتر ئەولەویەت بوکارەکانیتر، کار لە فیدراسیونیشوراکانیپەنابەران، کار لەگەل کومیتەکانیهاوپشتیکریکاري، کار لەگەل کریکاریئەمرو و ...تاد دانانیم. دەبیهەر لەپیشدا بلیم نەخیر، مانایئەم قسەیە ئەمە نيیە. چەندین جار دووپاتمان کردووەتەوە کە توانایکومونیستەکان لە ریکخستنو رینوینیکردنو کاریگەریدانان لەسەر تەیفیکیزور لە خەباتو کەمپینەکانیلەم بابەتە، ریک لە کومونیست بوونو کاریکومونیستیکردنیانەوە سەرچاوە دەگري. کومونیست ریک لەبەر ئەوەیکومونیستەو لەنیو کریکاراندا قسەیکومونیستیدەکاتو کاریکومونیستیدەکات، لەبەر ئەوەیهەموو توانایفکريو عەمەليو ریکخراوەییبزووتنەوەیکومونیستیکریکاریلەپشتە، لە بزووتنەوەکانیترو ئەبعادەکانیتریخەباتیکومەلایەتيدا نفوز پەیدا دەکات. کومونیستەکان تەنها وەکو رابەرانیک کە بە رادیکالیزمو سوسیالیزمو رەخنەیرادیکال لە کومەلگاو بزووتنەوە روژانەکان ناسراون، لە یەکیتیوەیان کەمپینەکانو جەبهەکانیخەباتیئازادیخوازانەدا ئیعتبارو نفوز پەیدا دەکەنو کاریگەریدادەنین. کاریکومونیستيو ناسنامەیکومونیستینەتەنها ئەلتەرنەتیڤیخونواندن لە قەلەمرەوەکانیتریخەباتیکومەلایەتيدا نيیە، بەلکو بو کومونیستیک مەرجیپیویستیسەرکەوتنە لەم مەیدانانەدا .ئەگەر کومونیستیک بیەویت لە یەکیتيدا دەور بگیریدەبیوەکو کومونیست دەور بگیري، ئەگەرنا ئەوا یونیونیستیلە ئیمە باشتر زورە. کریکاران ریک لەبەرئەوەیپییان وایە کومونیستەکان کومونیستنو ولامیان پيیە دەچن بەلایاندا. بەپیچەوانەوە بەبروایمن پیویستە هەلسوورانیئیمە لە مەیدانەکانیتردا چەند قات زیاد بکات چونکە بریارە وەکو کومونیست، نەک هەلسووراویسادەیهەمان مەیدان، تیایاندا بەشداریبکەین. خەبات کردن



بەشیوەیجیاجیاو لە مەیدانیجیاجیادا هیچ کاتیک ناکوکینەبووەو نيیە لەگەل ئەوەدا کە ئایدولوژيو ئامانجیکیسەرەکیت هەبیت، دەرکیکیروشنت لە خەباتیچینایەتيو پابەنديیەکیقوولت بە بزووتنەوەو حزبیکومونیستیکریکاريیەوە هەبیت. بەم پيیە ئەو دەرکەیکە پيداگرتن لەسەر کاریکومونیستیبە بانگەوازیکەم کردنەوەیچالاکيیە جوراوجورە جانبيیەکانیحزب دادەني، لەرادەبەدەر میکانیکيو بيجيیە. ئینسان دەبیبتوانیهەم پاسکیل ليبخوريو هەم فیکە ليبدات! پیویست ناکات کەسیک بو فیکە ليدان لەپاسکیلەکەیدابەزي! بزووتنەوەیئیمەش ریک تەنها بەهیمەتیئەو ئینسانانە دەتوانیبەرەو پیشەوە بروات کە بتوانن بەشیوەیەکیزیندووو جوراوجور کار بکەن، کەسانیک کە بتوانن بە سواریپاسکیلەوە فیکە ليبدەن! کومونیست بنو لە یەکیتيیەکاندا هەلسوورین، کومونیست بنو بکەونە ریزیپیشەوەیهەر خەباتیکیروژانەوە لەدژیهەلاواردنو مەحرومیەت ...

بەهەرحال هەروەکو باسم کرد، کەم رەنگ بوونەوەیکاریکومونیستیبەمانایتایبەتیووشەکە، وە رازیبوونو جیگاخوش کردنیهەلسووراویکومونیست لە مەوقعیەتیهەلسووراویبزووتنەوەو کەمپینە جوراوجورەکاندا، بەریکەوت نەبوو، ئاکامیدەورەیەکیتایبەت بوو کە ئیستا خەریکە تەواو دەبي. بەلام دریژەدان بەو شتەیکە لەجەرگەیدەورەیپیشوودا بە قابیلیروونکردنەوەو قابیلیدەرک دەژمیردرا لە دەورەیداهاتوودا، لە دەورەیەکدا کە پيئەنیینە ناویەوە، ئیتر بيپاساوەو نابیليیخوش ببین .

تا ئەوجیگایەیکە دەگەریتەوە بو تاکەکانو تيفکرینو ئیعادەنەزەرەکانیان لە دەورەیپیشوودا، دەبیبلیین کە فرسەتیکیزورمان هەبووە بو تیروانینیسەرلەنویبو خوو بو سیاسەتو بو دەوریخومان لە خەباتیکومەلایەتيدا. ئیيتر کاتیئەوە هاتووە کە بەروبومیئەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قوولبوونەوەو خویەکلاکردنەوەیە ببینین. بو ئەو کەسانەیکە لەم مەیدانەدان، ئاراستەیحەرەکەتەکە روشنە. ریگا بو هەلسوورانیچروپریکومونیستي، بيئەم کەنارو ئەو کەنار کردن، بيکەموکاست، ئاوەلایە. ریگريیەکانیدويني، هەلومەرجیدويني‌و گوشارەکانیدويني، ئیتر خەریکن لەسەر ریگایئیمە لائەچن. ئەگەر تادوینیکاریک هەبوو کە بە حوکمیهەلومەرجەکە نەدەکرا ئەنجام بدریت، ئەمرو ئیتر دەکری ئەنجام بدریت .ئەگەر لە جەرگەیئەو هیرشە فراوانە سیاسي‌و تەبلیغاتيیەیدەورەیپیشوودا ئەو چاوەروانيیەیکە هەلسووراوانیحزب کوریخویندنەوەیمانیفیستیکومونیست‌و سەرمایە پیک بهینن‌و پەرەیپيبدەن چاوەروان نەکراو بوو، ئەمرو ئیتر وا نيیە .

ئەو شتەیکە من وەکو یەکیک لە بەشدار بووان پیم خوشە ئەم کونگرەیەیپیبناسریتەوەو پيیپیناسە بکریت بەرجەستە بوونەوەیکاراکتەریکومونیستيیحزبە. دەمەویدواتر ئاوا باس بکریت کە لەم کونگرەیەدا، کاریکومونیستي، نەخشەو پروژە کومونیستيیەکان‌و هاویشتنیتیشکیکومونیستیبوسەر تەیفیفراوانیهەلسوورانەکانیئیمە جیگایخویدوزيیەوە. ئومیدەوارم کونگرە بەم ئاراستەیەدا بروات‌و ئەم ئاواتەیمن ئاواتیزوربەیهاوريیانیتریش بیت. باسەکەیمن لەسەر دەرکردنیرینوینيو راگەیاندن‌و بریاریکیتایبەتینيیە. بەلکو سەرنجدانیئیسپاتيیخودیکادرەکانیئەم حزبەم دەوي ....

ئیمە حزبیکین کە هەموو شتیکمان ، بیروباوەرمان، پیشینەمان‌و سیاسەتەکانمان، بە ئیمە دەلین کە دەبیلە هەلویستیکیپەلاماردەرانەدا بین. ئەو حزبەیکە نوینەرانیلەم کونگرەیەدا ئامادەن، چ لەروویسیاسيو چ لەروویعەقیدەيیەوە هیچ قەرزارباریهیچ کەسیک نيیە لە هیچ شوینیکیدنیادا. ئەمە رەوتیکیسەرفرازە کە ئەمرو بە شاهیديیئەم کونگرەیە، لە کوتاییدەورەیەکدا کە ناویان نابوو دەورەی"مەرگیکومونیزم"،



زیندو بوونیکومونیزمیکریکاریجار دەدات‌و بانگەوازیدەستپیکیدەورەیەکیهیرشبەرانەیکومونیستیکریکاريیبو سەر نیزامیکونەو ئابرو تکاویسەرمایەداریدەکات. ئەم کونگرەیە دەبیکونگرەیئەم بانگەوازە بیت.

ئەم ووتارە یەکەم جار لە انترناسیونال (بلاوکراوەی حزبی کومونیستی کریکاریی ئیران)ی ژمارە ١٥-ی سپتەمبەری ١٩٩٤دا بلاو بووەتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# میللەتو ناسیونالیزمو
# بەرنامەی کومونیزمی کریکاری

## بەشی یەکەم:
## چاوخشاندنەوەیەک بە مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خویاندا

چوارده سال بەرلەئیستا، کاتیک دەستبەکاری ئامادەکردنی پروژەی بەرنامەی یەکیتی تیکوشەرانی کومونیست و دواتر بەرنامەی حزبی کومونیستی ئیران بووین، بەندی تایبەت بەمافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا بەیەکیک لە روشنترینو بیپیچوپەناترین بەشەکانی بەرنامە دادەنرا. ئەگەر بەهەلەدا نەچووبم تەنانەت بینەوبردەیەکی جدلیی کەمیش لەسەر ئەم بەندە دروست نەبوو. یەکیتی تیکوشەرانی کومونیستو لەقوناغی دواتریشدا حزبی کومونیستی ئیران، مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندایان بەوینەی فورمولیکی بەلگەنەویستو بیقەیدوشەرتو تەفسیرهەلنەگر لەبەرنامەکانی خویاندا جیکردبووە. پاش چەندین سال، ئەمرو دووبارە لەسەرووبەندی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی حزبیدا لەگەل ئەم فورمولە رووبەروو بووینەتەوە. بەلام ئەم جارەیان، بەپیچەوانەی پیشترەوە، هیچ شتیکی ئەم فورمولە بیپیچو پەناو بیتەمومژ نایاتە بەرچاو. لەراستیدا هەردانە ووشەیەکی ئەم عیبارەیە ئالـوز، نادیاریکراوو مایەیناروشنییە. ئەم فورمولە بەبروای من بەم شیوەیەی ئیستایەوە ناتوانیت لەبەرنامەی حزبی کومونیستی کریکاریدا جیگای ببیتەوە. مەبەستی ئەم نووسینە کە لەچەند ژمارەیەکی ئەنتەرناسیونالدا



بلاودەبیتەوە، پیداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەیە بە میللەتو میللەت چیتیو چەمکە گشتیترەکانو ئەو واقعیەتە سیاسییانەی کە ژیربینای ئەم فومولبەندییە پیکدەهینن. دواتریش لەسەر پایەی ئەم باسە گشتییانە فورمولیکی دیاریکراو کە بو بەرنامەی حزب بەدروستی دەزانم دەخەمە روو.

**چ شتیک گورانی بەسەردا هاتووە؟**

هەم ئیمەو هەم دنیای دەرەوەی ئیمە هەردوولامان ئالـوگورمان بەسەردا هاتووە. بیگومان ئەمروش ئەو حەقیقەتە سوسیالیستییە بەروشنی دەرک دەکریت کە چوارده سال بەرلەئیستا "مافی میللەتان لەدیاری کردنی چارەنووسی خویاندا"ی وەک مەبدەئیکی بەلـگە نەویست خستبووە بەرنامەی ئیمەوە. لەو سەردەمەدا مصداقییەتی پراتیکیی بەندی مافی دیاریکردنی چارەنووس بو ئیمە مەسەلەی کوردو کوردستان بوو. فورمولی گشتیی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان لەراستیدا زەمینەسازییەکی مەبدەئی بوو بو دەرکردنی ئەم حوکمە واقعیو دروستو پراوپر کومونیستانەیە، کە خەلـکی کوردستان لەروانگەی کومونیستەکانەوە لەئیراندا مافی ئەوەیان هەیە بو لابردنی ستەمی میللی لەسەر خویان تەنانەت جیاش ببنەوەو دەولـەتیکی سەربەخو دروست بکەن، کە بریاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە کاری خودی خەلـکی کوردستانە نەک تەواوی خەلـکی ئیران یان دەولـەتو دەزگا تەشریعییە مەرکەزییەکان، وە سەرەنجام ئەوەی کە کومونیستەکان هەرچەشنە دەستبردنیک بوکاری توندوتیژی لەدژی مومارەسە کردنی ئەم مافە لەلایەن خەلـکی کوردستانەوە مەحکوم دەکەنو لەبەرامبەریدا رادەوەستن .لەجەرگەی شورشی ٥٧ دا ئەمە مانای واقعیو عملیی بەندی مافی میللەتان بوو بو رەوتی ئیمەو بەدیاریکراوییش ئامانجی ئەم بەندە کوتانی ناسیونالیزمی ئیرانیو رسواکردنی موبەللیغە رەنگاورەنگەکانی لەشکرکیشی بو "پاراستنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکپارچەیی خاکی وولات" بوو لەنیو هەردوو بالی راستو چەپی بورژوازی ئیراندا .

تائەو جیگایەی کە بەکوردستان دەگەریتەوە هیچ شتیک لە بنەمای هەلـویستگیری ئیمە نەگوراوەو نابی بگوری (لە بەشی کوتایی ئەم نووسینەدا دەچمە سەر چەند خالـیک سەبارەت بە رەخنە لە مەقولەی خودموختاریو هەروەها تەرحی پلاتفورمی دیاریکراوی حزب بو چارەسەری مەسەلەی کورد). بەلام گریی فورمولـە گشتییەکان، وە لەراستیدا هونەریان، لەوەدایە کە سەراپاگیرنو ماناو بەکارهینانی عملیی جوراوجور پەیدا دەکەن. بەدلنیاییەوە هەر لەم ١٤ سالەی رابردووشدا ئەو فورمولـە گشتییەی ئیمە، لەروانگەی خومانەوە بەمانای دیفاع کردن لەفیدرالیزمو پارچەپارچەکردنی ولاتە گەورەکان بو بەش بەشی بەناو قەومیو رەگەزیی نەبووە. تەنانەت هەر ئەو کاتەش ئەگەر کەسیک گووتبای کە ئەم فورمولە گشتییە تەنها بە مەسەلەی کودو فەلەستینەوە ناوەستیو بمانەویو نەمانەوی مافی پیکهینانی دەولـەت بو فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا لە کیوبک، بو باسکەکانو بو کاتالونییەکان، بو صربەکانو کرواتەکانو چیکەکانو سلوفاکییەکانو مەکدونییەکانو جورجییەکانو ئەفغازییەکانو سکوتلەندییەکانو ویلـزییەکانو ئەفریکانەکانو زولوکانو، بەهەندیک دەستکارییەوە بو سیکەکانو شیعەکانو مسیحییەکانو یان تەنانەت بو "میللەتی رەش" لە واشنتونو بەکورتی ئەم مافە بو هەر دەستەیەک کە لە سجلی جیگایەکو لەمیشکی کەسانیکدا بەمیللەت حیساب کرابن تعمیم دەبیت، بیگومان بینەو بردەیەک کەلەسەر ئەو بەندە نەمان کرد دەسبەجی دەستی پیئەکرد. بەلام لەو روژگارەدا هیچ کەس شتیکی وای نەگووتو ئەو بینەوبردەیەش نەکرا. ئەمەش ئەو ریگایەیە کە ئیمە تائیرەمان هیناوەو ئەو ئالـوگورەیە کەبەسەرماندا هاتووە. بەهاتنە گوری باسەکانی کومونیزمی کریکاری رەوتی ئیمە سەبارەت بەماهییەتی کومەلایەتیو میژوویی بزووتنەوەکانو مەیلە سیاسییە جوراوجورەکان، وەلەناویاندا بەتایبەتی



ناسیونالیزم، وە رووبەرووبوونەوەی میژوویی- جیهانی ئەوان لەگەل سوسیالیزمی کریکاریدا، ئامادەییەکی زەینیی زور زیاتری پەیدا کرد. میللەتو میللەت چیتی تەنانەت لەپەیوەند بە "میللەتە کەمینە"و ستەم لیکراوەکانیشەوە، ئیستاکە لەچوارچیوەیەکی میژووییو تەحلیلی فراوانتردا هەلـدەسەنگیندرینو داوەرییان لەسەر دەکریو هەربویە بەحەساسیەتو ووردبینییەکی زیاترەوە مانا فراوانترەکانی فورمولی گشتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس تاقیب دەکەین .سەرەرای ئەمەش، چ بەهوی دامرکانەوەی جوشو خروشو حەماسەتی دەورانی شورشی ٥٧و چ بەهوی پیگەیشتنی تیوریو سیاسی بزووتنەوەکەمانەوە، ئەمرو ئەحکامە بەرنامەییەکان هەرچی زیاتر لەچوارچیوەیەکی جیهانیدا هەلدەسەنگیندرین . فومولی گشتیی مافی میللەتان، لەژیر سیبەری مەسەلەی کوردو کوردستانو روخاندنی جمهوری ئیسلامی دیتەدەرو قورساییە گشتیو جیهانییەکەی خوی پەیدا دەکات. لەپیوانەیەکی جیهانیدا فورمولی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا بەهیچ جوریک قیبلەنومایەکی سوسیالیستییانە نییە بو تیپەرین بەناو جەنگەلـی بەرژەوەندیو ناکوکییە قەومییە بیشومارەکاندا .

بەلام زورتر لەئیمە، خودی جیهانی ماددیو واقعییەتی میژوویی گورانی بەسەردا هاتووە. مەبەستم رووداوەکانی دەورانی ئەزمەو دواتریش لەبەریەک هەلـوەشانەوەی بلوکی روژهەلاتو دنیای دوای جەنگی ساردە. ئەگەر روو وەرچەرخاندنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی پیشوو بەلای غەربو مودیلی بازار لە سالانی یەکەمی دەستپیکردنی ئەزمەی روژهەلاتیشدا فەراموش بکەین (چونکە هەرچیچونیک بیت رەوتی ئیمە لە خوشباوەرییەکانی چەپی تقلیدیی سەبارەت بە پیشکەوتنخوازی ناسیونالیزمی جیهان سییەمیو ناسونالیزمی کەمینە میللییەکاندا شەریک نەبووە)، بزووتنەوە جوداییخوازەکانو دواتریش جەنگو کومەلکوژییەکانی "میللەت"ە هەوسار پچریوەکان لە ئەورووپای روژهەلاتو مەرکەزیدا،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەراستی خواستی میللیو جیاخوازیی تەنانەت لەبەرچاوی کەسانیک کە لە لەلانی کەمی ئینسان دوستی بەهرەمەندن، بینرخو زورجاریش بیزراو کردووە .هەمووان دەتوانن ببینن کە چون ناسیونالیزم تەرجومەی ماددی خوی لە گورە بەکومەلەکانو "پاکسازییە قەومییەکان"و کوورەکانی ئینسان سووتاندندا پەیدا دەکاتو، چون نەتەنها خواستی میللی بەلکو تەنانەت خودی مەقولەی میللەتو ناسنامەی میللیش لەزور حالەتدا نارەسەنو دەسکردی ئەوساتیکی سیاسی دیاریکراوە .

رووداوە میللییەکانی جیهانی پاش جەنگی سارد بەناچاری فورمولی بەروالەت خیرخوازانەو عادیلانەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا "دەخاتە بەردەم چاوخشاندنەوەیەکی رەخنەگرانەوە. بەبروای من، بو کومونیزمی کریکاری بەرئەنجامی ئەم چاوخشاندنەوەیە جگە لەرەتکردنەوەی ئەم فورمولە لەشکلو شیوەی ئیستایدا ناکری شتیکی تر بیت .

**مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا :لەغزیک لە پینج ووشەدا**

باسی ئەسلیی من سەبارەت بەمەسەلەی میللیو "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا" لەژمارەی داهاتووەوەو لە رەخنە لەخودی ناسنامەی میللییەوە دەستپیدەکات. ریگا بدەن لەم بەشەدا کەمیک سەبارەت بەم فورمولە بەدەنگیکی بەرز بیربکەینەوە. وەرن با بەشەکانی ئەم فورمولە هەر لەم روالەتەی ئیستایدا یەک بەیەک تاوتوی بکەین. ئەمە کومەکمان پیدەکات تا لانی کەم زنجیرەیەک لەپرسیارو ناکوکی پەیدا بکەین کەدەتوانی خالی دەستپیکردنی باسەکەمان بیت .

١ -لەئاسانترینو کەم ناکوکیترین بەشەوە دەستپیبکەین" :دیاریکردنی چارەنووسی خو". مەبەست لەم عیبارەتە چییە؟ میللەتیک کە مافی چارەنووسی خوی بەدەست دەهینی (ئەگەر لە ئیستادا وای دابنیین کە



مانای" ماف"و "میللەت"مان بو معلومە) مافی چ کاریکی بەدەست هیناوە؟ لەروانگەی میژووییو هەروەها لەتەقلیدی کومونیستیدا ئەم عیبارەتە بەمانای مافی جیابوونەوەو پیکهینانی ولاتیکی سەربەخویە کە "میللەت"ی جیمەبەست تیایدا بە "میللەتی سەرەکی" یان "زورینە" بژمیردری .

بەگشتی، دوو جور بەدحالی بوون یان تیگەیشتنی نادروست تیکەلاً بەم باسە بووە. عەیبی یەکەم، تیگەیششتنیکی بەناو دیموکراتیکو ئازادیخوازانەی دروینەیە کە ئاخینراوەتە ناو خودی ئەم عیبارەتەوە، کەبەتایبەتی لە دارشتنە فارسییەکەیدا "تعیین سرنوشت خویش" توختریشە [کە بو کوردییەکەشی" دیاریکردنی چارەنووسی خو"هەروایە - وەرگیر]. خودی عیبارەتەکە، بەتایبەت لە دەربرینە فارسییەکەیدا [هەروەها کوردییەکەشي-و]و بەبەکارهینانی ووشەی رومانسیو حەماسیی "سرنوشت" [چارەنووس-و] مەشروعیەتیکی بەلگەنەویستو لەوەوپیشی لەگەلاً خویدا هەلگرتووە. کام ئینسانی شەریفو ئازادیخواز هەیە کەبەراستي لەوەی کە کەسیک، هەرکەسیک، خوی "چارەنووسی خوی" دیاری بکات زور خوشحالاً نەبیتو ئەم کارە بەپیروزو بە هەنگاویک لە بەرەوپیش چوونی بەشەر نەزانی. بونموونە، عیبارەتی self determination لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم جورە تیگەیشتنە حەماسییەی لی بەدی ناکری. بەلام بەهەرحالاً تارادەیەک ئەو مەشروعیەتە لەوەوپیشە لەگەلاً خویدا هەلدەگری. بەلام پیکهینانی ولاتیکی نوی بونموونە بو خەلکی باکوری ئیتالیا، کە ئیستا کومەلیک خەریکی ئامادەکردنی بەلگەنامەکانی ناسنامەیەکی میللی سەربەخون بویان، یان بو ئەو خەلکەی بەتامیل یان بەباسک ناویان دەبەن، هیشتا هیچ شتیک سەبارەت بەوە روشن ناکاتەوە کە ئاخو ئەم خەلکە بەتاک یان بەکومەل بەم ئالوگورە بەقەد سەرە دەرزییەک زیاتر لەجاران "چارەنووسی خویان" بەدەستەوە دەگرن یان نا .سیستمی ناوخوی ولاتی تازە پیکهاتوو، چ لەرووی سیاسییەوەو چ لەرووی ئابوورییەوە، بەندە بە کومەلە کیشمەکیشو ئالوگوریکی ترەوە کە کاریگەرییەکانی خودی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەربەخوبوون لەسەری ناکری لەسەرەتاوە پیشبینی بکری .ولاتی تازە ئەشی کونەپەرستتر، نایەکسانتر، سەرکوتگەرترو خەلکەکەی لەجاران بیمافترو داماوتر دەربچیت. چاوگیرانیکی سەرپییی بەدنیای دوای جەنگی ساردردا کە تابلویەکی گەورە لە "میللەت"ە سەربەخو بووەکانو "چارەنووسی خو بەدەست گرتووان" دەنوینی، بەسە بو حالی بوون لەو مەسەلەیە. دواتر لە تاوتوی کردنی مەقولەی "میللەت"دا دەچینە سەرئەوەی کە چون لە تەبلیغاتی ناسیونالیستیدا زور بە ئاسانی حاکمییەتی میللي بە حاکمییەتی تاک تاکی ئینسانەکانی ئەو "میللەت"ە دادەنري. وە ئەو حەقیقەتە پەردەپوش دەکری کەلەراستیدا خودی حاکمییەت بەناوی "میللەت"یکەوەو دانانی ناسنامەی میللی بە بنەمای حقوقیو مەعنەوی وجودی ولاتیک، خوی پیشیلکردنی مافی حاکمییەتی دانیشتووانو بەرتەسک کردنەوەی مافی خەلکە واقعییەکەیە لە "دیاریکردنی چارەنووسی خوی"دا .

بەکورتی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای مافی جیابوونەوەو پیکهینانی ولاتیکە بەناوی میللەتیکی دیاریکراوەوە. باس لەسەر بەدیهینانی مافە مەدەنیو فەردییەکانو فراوانبوونەوەی مەودای دەسەلاتی خەلک وەیان دیموکراسی بەمانا باوەکەی ئەم ووشەیە نییە. مشروعییەتیکی لەوەوپیش کەلەناو ئەم عیبارەتەدا حەشار دراوە، زیادەو ناواقعییە .

دووەم تیگەیشتنی نادروست بەگشتی پەیوەندی بەمەقولاتی خودموختاری ئیداریو فەرهەنگیو خوبەریوەبردنو شتی لەم بابەتەوە هەیە. بەرەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەروانگەی حقوقیو سیاسیو هەروەها لەمیژووی بزووتنەوەی کومونیستیدا، بو نموونە لە تیروانینی لینینو بەرنامەی سوسیال-دیموکراسی رووسیو دواتریش بەلشەفییەکاندا، بەمانای مافی جیابوونەوەیە نەک هەر سیناریویەکی بەیناوبەینی کە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی تر لەنیوان میللەتی جیمەبەستو دەسەلاتو دەولەتی مەرکەزیدا پیشنیار دەکات. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای



تایبەتیی ووشەکە، پەیوەندي بەم مقولاتانەوە نییە. بەرەسمییەت ناسینی ئەم مافە بەمانای قبولأ کردنی مافی پیکهینانی پەیوەندییەکی حقوقیو ئیداری تایبەت نییە لەنیوان یەکیک لە "میللەت"ە نیشتەجیکانی ولات لەگەل دەولـەتو باقی هاوولاتیاندا. دواتر لەبەشی کوتایی ئەم وتارەدا کاتیک دەگەینە سەر رەخنە لە خودموختاری ئەم خالە زیاتر روشن دەکەمەوە. لیرەدا بەم تەئکیدە ئیکتفا دەکەم کە بەپیچەوانەی مافی جیابوونەوەوە کە لانی کەم بەروالەتیش بیت رووی لەپەرەپیدانی جیگاوشوینی "میللەت"یکە لەپەیوەندییە نیودەولەتییەکانو لابردنی هەلاواردنی میللی لەپەیوەندی نیوان هاوولاتیانو دەولەت دا، بەدەستهینانی خودموختاریو ئوتونومی، بەپیچەوانەوە، بەمانای بەدیهاتنی جوریک لە نایەکسانی تازەیە لەنیوان هاوولاتیانی یەک ولاتدا لەسەر بناغەی ئینتمای میللي. ئەم ئیدعایە یان ئەم ئومیدە کە مەبەست لە خودموختاری قەرەبوو کردنەوەی ستەمەکانی رابردووە، وە دەبیتە زەمانەتیک لەبەردەم گەرانەوەی هەلاواردنەکان لە داهاتوودا، هیچ لەو حەقیقەتە ناگوریت کە بناغەی خودموختاری دانانی پەیوەندییەکی نایەکسانی نویو زیندوو هیشتنەوەی کیشمەکیشو جیاوازیی میللییە لەچوارچیوەی ولاتیکدا. بەم پییە دیفاعی کومونیستەکان لەمافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا، بەهەر تیگەیشتنیکەوە کەلەم شیعارە هەبوویت، شتیک دەربارەی مەسەلەی خودموختاریو خوبەریوەبردنو...تاد روشن ناکاتەوە. مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا فورمولیک نییە بو بەرەوا زانینی دەستوور ە "پەلکەزیرینەیی"یەکانو پلەبەپلە کردنی هاوولاتیان بەپیی ئینتما میللیو قەومییەکانیان لەولاتە "فرە میللییەکان"دا. لانیکەم لەو تەقلیدە کومونیستییەدا کە ئەم فورمولەی بو بەرنامەکانی ئیمە بەمیرات هیشتوتەوە لیکدانەوەیەکی لەم چەشنە لەم مافە نەکراوە .

بەهەرحال ئەم تیگەیشتنانە ئەمرو بوونەتە پاشکوی ئەم فورمولە .عیبارەتی "دیاریکردنی چارەنووسی خو" سەردیریکی چاکە بو مشتومر لەسەر ئەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تیگەیشتنانە. بەلام هەرگیز مەقولەیەکی کارساز نییە بو دارشتنی فورمولیکی روشنو ئازادیخوازانەی کومونیستی لەبەرامبەر میللەتانو مەسەلەی میللیدا .

هەرچونیک بیت ئیمە لەم باسەدا، مافی "دیاریکردنی چارەنووسی خو" تەنها بەمانای مافی جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی میللی سەربەخو بەکار دەبەین .

٢ -ووشەیەکی تری کلیلی کە دەبی لیی وورد بینەوە، ووشەی "ماف" یان عیبارەی "بەرەسمییەت ناسینی ماف"ە لەسەرەتای فورمولەکەدا. کاتیک کەسیک" ماف"ی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویان بەرەسمی دەناسی، ئەو مافە بەچ جورە مافیک دادەنیو خوی بە پابەندی چ کاریک یان فکریک دەزانی؟ بەرەسمییەت ناسینی مافیک یانی چی؟

لە یەکەم سەرنجدا دەکری ئەم پرسیارە زیادەو بیانووگیرانە بیتە بەرچاو. بەلام لەراستیدا مشتومر لەسەر ئەم پرسیارە، ئەویش تەنها لە یەکیک لە گوشەکانییەوە، بەدریژایی میژوو مەیدانیکی گرنگی باسو لیکدانەوەی کومونیستی بووە لەسەر مەسەلەی میللی. مەبەستی من بەدیاریکراوی باسو لیکولینەوەیە دەربارەی ئەو تیبینییە ئەنتەرناسیونالیستیو پرولیتارییەی کە ریک بەهوی ئەوەی ئەو عیبارەیەی سەرەوە تەفسیری جیاجیا هەلئەگری، دەکریتە پاشکوی: "بەرەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، (مافی جیابوونەوە) خوی لەخویداو بەزەروورەت بەمانای پیشنیازکردنی جیابوونەوە نییە." ئەم تیبینییە بەمانای قایل بوونە بەجوریک لە پلەپلەکردنی" مافەکان" لەکومەلگادا. یەکسەر ئەوە معلوم دەبی کە خودی ووشەی "ماف" خوی لەخویدا هیچ شتیکمان سەبارەت بە بایەخو گرنگیو هەندی جار تەنانەت ممکن بوونی ماددییانەی بەدیهاتنی پینالیت وە دیارە بو ئیمەیەک کەمافیک بەرەسمیەت دەناسین، بەستە بەوەی کە ئەم مافە لەچ جورە مافیک بیت چاوەروانیی جیاوازمان لیدەکریت. مافی ژیان،



مافی بەریوەبردنی گوزەران، مافی ریکخراوبوون، مافی تەلاق، مافی جگەرە کیشان، مافی سەفەر کردن بو ئاسمان، هەموو ئەمانە بەشیکن لەمافەکانی خەلک. دەبی هەر هەموویان بەرەسمی بناسرین، بەلام لەفەلسەفەی سیاسیو جیهانبینیو ئامانجەکانی ئیمەدا هەر هەموویان لە یەک چاوگەوە سەرچاوە ناگرنو جیگاوشوینی چون یەک لەسیستمی فکریو ئەولەویەتە کومەلایەتییەکانی ئیمەدا داگیر ناکەن .

مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا چ جورە مافیکە؟ بەراوردکردنی باو، بەراوردکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بەمافی تەلاق .مافی تەلاق دەبی دەستەبەر بکریت، بەلام ئەمە بەزەرورەت بەمانای پیشنیازکردنو هاندان بو خودی جیابوونەوە نییە. بەرگری کردن لە مافی تەلاق هاوتای پیشنیازکردنی تەلاق نییە. بەلام ئەم قەلەمرەوە بەبروای من زور ناروشنو لیلـە. بەراورد کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی تەلاق، بەبروای من لەلایەنیکی زور گرنگەوە بەراوردکردنیکی ریليونکەرە، دواتر ئەمە لە تاوتویکردنی مەقولەی میللەتدا روشن دەکەمەوە، بەلام لیرەدا لانی کەم ئەوە روشنە کەمافی دیاریکردنی چارەنووس لەروانگەی کومونیستەکانەوە لەریزی "ئەو مافانە" نییە کە دەبی وەکو مافی دەنگدان، مافی سەلامەتی یان مافی خویندن، هەرچی زیاتر بەشیوەیەکی ماددی وەدي بینو پیادە بکرین. بەلکو مافیکە کە دەبی بەرەسمی بناسریت، بەلام دواتر، بەلەبەرچاوگرتنی ناوەروکی بەشی هەرە زوری ئەو کیشمەکیشە میللیانەی کە تائیستا بینیومانن، دەبی ئارەزوو بکەین یان تەنانەت هەولـیش بدەین کە تادەکری بەکار نەهینری. کاتیک دەلیین کەسیک مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا بەرەسمی دەناسیت، بیگومان ئەمە هیشتا خوی لەخویدا ئەوە روون ناکاتەوە کە ئەو کەسە چ جیگاو شوینیک بو ئەو مافە دادەنیتو ئەو مافە بە چ جورە مافیک دەزانیت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلام گریو گولو تەفسیر هەلگرتنی مەقولەی ماف هەر بەمە کوتایی نایەت . بەرەسمیەت ناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووس‌دا بەمانای بەلین‌دان بەئەنجامدانی چ کاریکی سیاسیي‌یە؟ پەسەند کردنی سیستمیکی فیدرالی لەحالەتی گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی، یان بەخشینی مافی جیابوونەوە بە" میللەت"انی نیشتەجیی ولات؟ هاوپشتیو هاریکاری کردنی بزووتنەوە جودایی خوازەکان؟ ئایا بەرەسمی ناسینی ئەم مافە بەمانای دانانی ئوتوماتیکییانەی بزووتنەوە جوداییخوازەکانە لەریزی بزووتنەوە ئازادیخوازو پیشکەوتنخوازەکان‌دا؟ بیگومان ئەمە دەروازەیەکی ترە بو هاتنە ناوەوەی تەفسیری جوراوجوری تر. بو نموونە، تیروانینی لینین بو مەسەلەکە بەدروستی لەسەر مەبدەئی خولادان لەجیابوونەوە بنیات نراوەو مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکو مافیکی "سلبی" سەیر دەکات. بە بوچوونی لینین بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای ئەوەیە کە: یەکەم، کومونیستەکان دژی لکاندنی ئیجباریو "بەکارهینانی زەبروزەنگ وەیان شیوازی ناعدیلانە"ن بو وابەستە هیشتنەوەی میللەتانو، دووەم، لەو بروایەدان کە ئەوە تەنها مافی خودی ئەو میللەتەیە کە سەبارەت بەجیابوونەوە یان جیانەبوونەوە بریار بدات. ئەم تیروانینە نیشاندەری ئەو ئامانجو دیدە کومونیستیو ئەنتەرناسیونالیستییەیە کەئیمەش ریک بەم جورە بو دارشتنی بەرنامە حزبییەکانی پیشوو لەبەرچاومان گرتووە. بەلام لەرووی حقوقییەوە ناروشنییەکان بەتەوای لەبەین نابات. دەکری بونموونە ئەوە بووتری کە کومونیستەکان لەحالەتی بەرەسمی نەناسینی مافی جیابوونەوە بو میللەتیکیشدا، دیسانەوە دژی بەکارهینانی توندو تیژیو شیوازی ناعادیلانەن لەبەرامبەر خواستو بزووتنەوە سەربەخویی خوازەکانی جەماوەری خەلکداو مەحکومی دەکەن. بەلام لایەنی دووەمی ئەم تیگەیشتنە، پرسیاریکی گەورەتر دینیتە پیشەوەو تارادەیەک دووبارە بەشی یەکەم ناروشن دەکاتەوە. دەلي" خودی میللەتی جي مەبەست دەبی بریار بدات". زور چاکە. گریمان ناسنامەی میللی ئەو میللەتە دەکری دەستنیشان بکریو ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو خەلکو



لایەنانەی کە نابیت لەم بریاردانەدا دەخالەت بکەن دیاری بکرین. بەلام چون دەکری ئەوە دەستنیشان بکریت، چجای ئەوەی تەزمین بکریت، کە ئەو بریاری جیابوونەوەیە بریاری خودی ئەو میللەتە بووە. گرفتی ئەم فورمولە لەوەدایە کە لەلایەک مەفهومیکی لە"ئیرادەی میللی" لەخویدا حەشار داوەو وەکو بەلگە نەویست وەریگرتووە. کە بەمەش ئەم خوشباوەرییە دیتە ئاراوە کە گوایە لەنیو هەموو مەسەلەکانی کومەلگای بورژواییدا کە تیایدا ئیرادەو بەرژەوەندییەکان چینایەتین، مەسەلەیەک هەیە بەناوی جیابوونەوەی میللەتانەوە کەدەکری لەودا ئیرادەیەکی گشتیو سەرووچینایەتی، کەئیتر نەک ئیرادەی چینی دەسەلاتدار، بەلکو ئیرادەی هەموو "میللەت"ە، پەیدا بکریو پیادە بکریت. ئەمە لەرووی تیورییەوە پاداشت کردنیکی ژیراوژیری ناسیونالیزمو بزووتنەوەی ناسیونالیستي‌یە. بەلام لەلایەکی ترەوە ئەم تیروانینە دەرگای باس لەهەردوو لاوە لەسەر ئەوە بەکراوەیی ئەهیلیتەوە کە ئایا ئەم بریارەی کە دراوە (بەقازانج یان لەدژی جیابوونەوە) بریاری خودی ئەو میللەتە بووە یان نا. ئەو پروسەیەی کە تیایدا بریاری "خودی میللەت"ەکە معلوم ئەبیتو جیئەکەویت چییە؟ بو نموونە چون دەکری لەوە بکولینەوەو بیسەلمینین کە جیابوونەوەکانی ئەم دواییە لە ولاتانی بالتیک یان چیکوسلوفاکیا رەنگدانەوەی ئیرادەی خودی میللەتە جیابووەوەکانو بریاریکی مەشروعو رەسەنی ئەوان بووە یان نا؟

ئەو پرسیارەی کە چ کەسیک بریار لەسەر رەسەنایەتیو راستو دروستی پروسەی رەئي‌دانی میللەتیک لەسەر جیابوونەوەو جیانەبوونەوە دەدات، دووبارە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەگیریتەوە بو خالی سەرەتا. ئایا دەخالەتی دەولەتی مەرکەزی یان کومونیستەکان وەیان تەنانەت جەماوەری خەلکی "میللەتی سەردەست" لەداوەری کردن لەسەر رەسەنایەتی حقوقیی بریاری "میللەتی ژیردەست" لەگەلأ بەرەسمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا ناکوک نییە؟ وە لەبەرامبەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمەشدا، ئایا چاوپوشی کردن لەم پروسەیەو دەخالەت نەکردن تیایدا لەواقعدا بەمانای پاشگەز بوونەوە لە "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویان"و جیگرتنەوەی بە" مافی ناسونالیزم لەدیاریکردنی چارەنووسی میللەتان"دا نابیت؟ هەر لەم پرسیارەدا بەئەندازەی پیویست کەرەسە بو جەنگیکی تری میللی وجودی هەیە .

سەرەنجام دەبی ئەوە وەبیر بهینینەوە کە پروسەی نیشاندانی ئیرادەی میللەتیک، کە ریفراندومو گەرانەوە بو رای گشتی تەنها یەکیک لە شیوازەکانیتی، بەهەرحال پروسەیەکی فورمالـیو حقوقییە. چ بەو جورە بیت کە لە ولاتانی بالتیکدا روویداوەو حزبە راستە توندرەوەکان بە پشتیوانی شەپولی تەبلیغاتیی خەفەکەری غەربو بە زەوتکردنی مافی دەنگدان لەنزیکەی نیوەی دانیشتووان سەربەخوییان عەمەلی کردەوە یاخود ریفراندومیکی ئازادانەو بەدوور لە فشارو توقاندنی چاوەروان نەکراو ببیتە مایەی بریاریکی وا، بەهەرحالأ هیچ کام لەم دوو حالەتە بو کومونیستەکان نابنە نموونەیەکی ماددی لەوەگەرخستنی ئیرادەی واقعیی جەماوەری خەلکی زەحمەتکیش لەچارەنووسی خویاندا. ووشەو عیباراتی وەک "ماف"، "بریاری ئازادانەی خودی میللەت"و شتی لەم بابەتە ئەم راستییە پەردە پوش دەکەن کە ئەوەی بەعەمەلی خەریکە روو دەدات، تەنانەت لە دیموکراتیک ترین پروسەکانیشدا، نەک بەدیهاتنی یەکیک لەمافە رەهاو هەمیشە موعتەبەرەکانی ئینسانەکان، وەکو ئازادی رادەربرین یان مافی تەلاق، بەلـکو هەلـبژاردنیکە لەنیوان سیناریو جوراوجورە بورژواییەکان بو ریکخستنی ئیداریو ئارایشتی ئایدولوژیکی کومەلگاو، ئینسانەکان لەم پروسەیەدا وەکو تاکەکانی یەک "میللەت"و لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی دروینەو هوشیارییەکی ئاوەژوو بەشداری دەکەن. رەنگە لەم یان لەو حالەتی دیاریکراودا پیادەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس ژیانی ماددی زوریک لەئینسانەکان بو دەورانیک کەم دەردەسەریتر بکات. بەلام ناوبردنی ئەم ئالـوگورانەو باسکردنیان لەقالبی مەقولاتیکی وەک مافو ئازادیو



وەگەرخستنی ئیرادە، ماهییەتی مەرجدارو چینایەتی پروسەکە پەردەپوش دەکات. بیگومان بو کومونیستیک بەرەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان بەپیی مەنتق بەمانای هەمان ئەو ئەرکو بەلـینانە نابیت کە بەدوای بەرەسمیەت ناسینی ئەو مافانەی کە راستەوخو لەئامانجە ئینسانیو یەکسانیخوازییەکانی کومونیزمەوە سەرچاوە دەگرن. بەبروای من روونکردنەوەی شیوازی مامەلەی کومونیستەکان لەگەلأ سەربەخوییخوازیی میللیدا لەژیر ناوی "بەرەسمیەت ناسین"ی جوریک لە "ماف"و هەربەم پییەش دانانی ئەم مەسەلەیە لەریزی ئەو مافانەی کەبو بەدیهینانیان لەکومەلگادا خەبات دەکەین، زورتر لەوەی روشنگەرییەک بەدیبینی دەبیتە مایەی ناروشنیو بەدحالی بوون .

٣ -وە سەرەنجام دەگەینە مەقولەی میللەت. میللەت چییە؟ ئەمە لەو پرسیارانەیە کە لەبەرئەوەی لییان نەپرسیوین پیمان وایە وەلامەکانیان ئەزانین. راستییەکەی ئەوەیە کە میللەتان، یان میللەت، ناروشنترینو پرگریوگولترین بەشی ئەم فورمولەیەیە. رەخنە لە مەقولەی میللەت، تەوەرەیەکی ئەسلیی باسەکەی منە لەم نووسراوەیەداو بەشیوەیەکی سەرەکی لەبەشی داهاتوودا دەچمە سەری. بەلام لیرەدا بو تەواو کردنی ئەو چاوخشاندنەوەیە گشتییەمان بە بەشەکانی فورمولەی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، بەبی تەفسیلاتو بەلگە هینانەوە ئاماژەیەکی کورت بە ناکوکی میحوەریی ئەم مەقولەیە دەکەم .

بگەرییینەوە سەر نموونەی مافی تەلاق. نموونەیەکی روشنە. جیاوازی مافی جیابوونەوەی میللەتان لەگەل مافی تەلاقدا ئەوەیە کەبەپیچەوانەی تەلاقەوە کەتیایدا هەردوولا بوونەوەری حەقیقیو لەرووی ناسنامەییەوە دیاریکراوو مەلموسن، ناسنامەیان لەکاتو شویندا بەردەوامیی هەیە، لەبارەی مافی میللەتانەوە ناکری لیکدانەوەیەکی لەم چەشنە لە دیاریکراوبوونو بابەتی بوونو بەردەوامیی ناسنامەی دوو تەرەف



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدەستەوە بدری. مەعلوم نییە کە مافی جیابوونەوە خەریکە دەدریتە چبوونەوەریک. زور هەولی بیهودە دراوە بو دارشتنی پیناسەیەک بو میللەت. لیکدانەوە ئەبجەکتیفەکان، کە ئاماژە بو هەندی فاکتەری وەک بوونی زمان، کات، میژوو، عورفو عادەتو نەریتو شتی تری لەم بابەتەی هاوبەش دەکەن، وە لیکدانەوە سەبجەکتیفەکان کە بەشیوەیەک لەشیوەکان ئینتمای میللی بەبەرهەمی هەلبژاردنو بریاردانی خودی جەماوەری خەلک دادەنین. هەموو ئەم پیناسانە کاتیک لەگەل دەستەبندییە میللییە واقعییەکانی دنیادا بەراورد دەکەین نادروستیو نەهاتنەوەیان لەگەلاً ئەوەی کە لەواقعدا هەیە ئاشکرا دەبیت .

میللەت مەقولەیەکی دیاریکراونییە کە بەسادەیی بکری پیناسە بکریتو بناسریتەوە. ئەم نادیاریکراوییە دەکری لەئاستی جیاجیادا شیبکریتەوە . ئینتمای میللی، ناکری بو نەژادو تەنانەت بو رەگەزیش بگیردریتەوە. ناکری بگیردریتەوە بو تایبەتمەندییە بایولوژییەکانی بەشەر، بەبوونو ژیان لەسەر یەک نیشتمان دیاری ناکریت. میللەتو ئینتمای میللی، زمانی هاوبەش نییە، عورفو عادەتی هاوبەش نییە، ئەزەلی نییە، ئەبەدی نییە، بەرهەمی میژووە، بەوجود دیتو لەناو دەچیت، دەگوریتو سەرلەنوی پیناسە دەکریتەوە. لەرووی فیزیکییەوە، میللەت بوونەوەریکی تاقانەی خاوەن یەک جەستەو یەک هوش نییە، بوونەریکی ئاویتەیە لە تاک تاکیکی جیاجیاو نەوەی جوراوجورو هەمیشە لەحالی ئالوگوری ئینسانەکان. تائەم ساتە پیناسەیەک لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە کە بتوانی ناسنامەی هاوبەشی میللی بەشیوەیەکی ئەبجەکتیف، لەسەر بنەمای کومەلیک تایبەتمەندی مەلموسو تەفسیر هەلنەگر بەیان بکات. هەرکام لەو فاکتەرانەی سەرەوە یاخود هەرکومەلیکلەوانە وەکو زمانی هاوبەش، میژووو فەرهەنگی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەشو...تاد بکەینە پیوەرو بناغە، ئەگەر هەندیک لیی قوول ببینەوە، ئەبینین کە ئیستسناکان لە قاعیدە گشتییەکان زورترنو پەی بە زهنی بوونو هەرەمەکی بوونی هەموو دەستەبەندییە میللییەکانو



تەنانەت خودی فاکتەرەکانیش دەبەین. لەنیو هەموو ئەم ناسنامانەی کەبەدریژایی میژوو بو دەستەبەندیکردنی ئینسانەکان داتاشراون، لە ئینتمای خوینی، قەبیلەیی، قەومی، جنسیو نەژادیو ...تاد، میللەت لە هەمووان شلوکتر، نادیاریکراوتر، بیپاساوترو زهنیترو لەرووی میژوویییەوە مەرجدارترە .

ئینتمای میللی بەپیچەوانەی جنسی ئینسانەکانەوە خولقاوی سروشت نییە، خولقاوی کومەلگاو میژووی ئینسانە. ئینتمای میللی لەم روانگەیەوە لە ئایین دەچیت. بەلام بەپیچەوانەی ئینتمای دینییەوە، ئینتمای میللی تەنانەت لەئاستیکی فورمالییشدا شتیک نییە کە خوت هەلیبژیریو دیاری بکەیت. وەک تاکیک ناتوانیت بە میللەتیکی تایبەتەوە پەیوەست بیت، یاخود لیی دابببریت) .هەرچەندە بەشیک لەتویژەوەرەکانی میللەتو میللەت چیتی تیروانینیکی سەبجەکتیفی لەم چەشنەیان لەم مەقولەیە بەدەستەوە داوە). ئەم تایبەتمەندییە، کارابیو تونایەکی سیاسی سەرسورهینەر بە میللەتو ئینتمای میللی دەبەخشی. کوتیکە لەگەردنی جەماوەری فراوانی خەلک کە هیچ کەسیک نازانی لەکویوە هاتووەو ناتوانی بەشوین سەرچاوەکەیدا بگەریو بەم حالەشەوە بوونی ئەوەندە شتیکی سروشتیو بەلگەنەویستە کە هەمووان بەبەشیک لە پەیکەرو بوونی خویانی دەزانن. بەلام نەوەی ئیمە شانسیئەوەی پی براوە کە لەماوەی ژیانی خویدا بەشیوەیەکی روژانە دروست بوونی میللەتی تازەو بیئیعتباریی مەقولاتە میللییەکانی پیشوو بەچاوی خوی ببینیو هەربەم بونەیەوە دەتوانی ناسنامەی میللی وەک بەرهەمیکی ئابووری سیاسی ببینیتو، تەنانەت رەخنەشی لیبگریت. ئینتمای میللی قالبیکە بو دەستەبەندیکردنو ئارایشتدان بە ئینسانەکان لەپەیوەند بەبەرهەمهینانو ریکخستنی سیاسی کومەلگاوە. میللەت بەمانای کوی ئەو ئەفرادانە نییە کە یەک ئینتمای میللییان هەیە، بەپیچەوانەوە، ئینتمای میللی فەرد بەرئەنجامی سەپاندنی ناسنامەی میللی کویە بەسەر ئەودا. ئەوە میللەتەکان نین کە جودا دەبنەوە یان پیکەوە دەلکین، بەلکو ئەوە پیکەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لکان‌و جیابوونه‌وه داسه‌پاوه‌کانه به‌سه‌ر جه‌ماوه‌ری ئینسانه‌کاندا که میلله‌ته‌کان پیکده‌هینی .ناسیونالیزم به‌رهه‌می سیاسیو ئایدولوژیکیی میلله‌تان نییه، به‌پیچه‌وانه‌وه، ئه‌وه میلله‌تانن که به‌رهه‌می ناسیونالیزمن .

هه‌روه‌ک وتم ده‌بی باسی دوورو دریژتر له‌سه‌ر ره‌خنه‌گرتن له ناسنامه‌ی میللی هه‌لـگرم بو به‌شی دواتر. لیره‌دا هه‌رئه‌وه‌نده پیویست بوو ئاماژه بو ئه‌وه بکری که مه‌قوله‌ی میلله‌ت که ته‌وه‌ره‌ی فورموله‌ی "مافی میلله‌تان له‌دیاریکردنی چاره‌نووسی خویاندا" پیکده‌هینی، مه‌قوله‌یه‌کی نادیاریکراوو نائوبجه‌کتیفه. ئه‌مه‌ش به‌و مانایه نییه که ئینتمای میللیو ناسنامه‌ی میللی نامادديو خه‌یالییه. به‌لکو به‌و مانایه‌یه که له‌هه‌ر برگه‌یه‌کدا، به‌جیاوازو دابراو له ده‌وره‌ی میژوویيو ره‌وه‌نده سیاسییه‌کان‌و هاوسه‌نگییه ئایدولوژییه‌کان له‌کومه‌لگادا قابیلی پیناسه‌کردن نییه. میلله‌ت مه‌قوله‌یه‌کی ره‌هاو سه‌ربه‌خو نییه. به‌رهه‌میکی ناجیگیرو هه‌میشه له‌حالی ئالوگوری قه‌له‌مره‌وی سیاسه‌ته. له‌به‌رئه‌مه، مافی میلله‌تان له‌دیاریکردنی چاره‌نووسی خویاندا له‌وه ناروشنترو نادیاریکراوتره که وه‌ک مه‌بده‌ئیکی جیگیری سیاسیو به‌رنامه‌یی ته‌ماشا بکریت .

به‌له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌وه‌ی که پیشتر باسکرا، ئه‌گه‌ر مانای ژیره‌وه‌ی ئه‌م فورموله به بنه‌ما وه‌ربگرین، به‌ره‌سمییه‌ت ناسینی مافی میلله‌تان له‌دیاریکردنی چاره‌نووس‌دا ده‌کاته ئه‌وه‌ی که مافی بریاردانی یه‌کلایه‌نه بو پیکهینانی ده‌ولـه‌تی سه‌ربه‌خو بدری به‌هه‌ر کومه‌لـه خه‌لـکیک که‌خویان، یان لایه‌نیک له‌جیاتی ئه‌وان، ئیدعای ناسنامه‌یه‌کی میللی سه‌ربه‌خو بکات . به‌زه‌حمه‌ت ده‌کریت ئه‌مه به مه‌بده‌ئیکی ئازادیخوازانه‌ی کومونیستی دابنریت .

راستییه‌که‌ی ئه‌وه‌یه که بو کومونیسته‌کان "مافی میلله‌تان له‌دیاریکردنی چاره‌نووسی خویاندا" ئاماژه به شتیک ده‌کات که جیاوازه له‌وه‌ی ووشه‌کان به‌یانی ده‌که‌ن، وه ئیمه وه‌کو کومونیست ریک ته‌نها له‌و مانا نادیاره‌ی ئه‌م



فورموله‌دایه که به‌راستی سوودمه‌ندین. به‌ره‌سمییه‌ت ناسینی مافی ده‌سته‌به‌ندییه میللیو قه‌ومییه‌کان له‌وه‌ی هه‌ریه‌که ولاتی خوی دروست بکات، له‌روانگه‌ی منه‌وه مه‌بده‌ئیکی پره‌نسیپیی کومونیسته‌کان نییه، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر لیکدانه‌وه مینیمالیستیو به‌بروای من دروسته‌که‌ی لینین‌یش له‌مه‌ر ئه‌و ئه‌رکانه‌ی له ئه‌نجامی ئه‌م به‌ره‌سمییه‌ت ناسینه‌دا ئه‌که‌ویته سه‌رشانمان قبوول بکه‌ین. به‌لام نه بو لینین‌و نه‌بو ئیمه‌ش رووی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌م فورمولبه‌ندییه‌و ئه‌و ئه‌رکه حقوقییانه‌ی لیی ده‌که‌ویته‌وه ئه‌سلی مه‌سه‌له‌که نییه. شیعاری مافی دیاریکردنی چاره‌نووس فورمولیکه بو وه‌ستانه‌وه‌ی کومونیسته‌کان له‌به‌رامبه‌ر راستییه‌کی تالـی میژوویيو زه‌مانه‌ت کردنی که‌م ده‌ردیسه‌ریترین ریگا بو وه‌لاتانی له‌ریره‌وی خه‌بات له‌پیناو رزگاريو ئازادی ئینسانه‌کاندا. ئه‌م راستییه تاله، سته‌می میللییه که فورمولی مافی دیاریکردنی چاره‌نووس ته‌نانه‌ت ئاماژه‌یه‌کیشی پیناکات. ده‌وری ئه‌م فورموله بو لینین‌و به‌لشه‌فیزم‌و بو ئیمه بریتییه له ریخوشکردن بو خه‌بات له‌پیناوی یه‌کیتی چینایه‌تی له‌به‌رامبه‌ر ته‌فره‌قه‌ی میللی، خه‌بات له‌دژی سته‌م‌و هه‌لاواردنی میللی، وه ریگرتن له بلاوبوونه‌وه‌ی ژه‌هراوی نه‌ته‌وه‌په‌رستی له‌نیو ریزه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی چینی کریکاردا. ئه‌مرو، له‌روژگاریکدا که ئه‌م ته‌فره‌قه‌یه حوکم ده‌کات‌و هه‌ولی ئیمه له‌پیناوی یه‌کیتی کریکاراندا هه‌ولیکی دژه ره‌وه‌نده، له‌روژگاریکدا که میلله‌ت په‌رستیو میلله‌ت داتاشین له‌وپه‌ری دنیاو له‌پیش هه‌مووشیانه‌وه له‌ناوجه‌رگه‌ی ئه‌وروپادا ملیونه‌ها ئینسان خه‌لتانی خوین‌و بیخانه‌و لانه ده‌کات، له‌روژگاریکدا که جیهانی بوونی به‌رهه‌مهینان، ناوه‌روک پووچیی ئینتمای میللیو په‌یوه‌ندی لیک دانه‌براوی "چاره‌نووس"ی خه‌لکی هه‌موو دنیای هیناوه‌ته به‌رچاوی ئه‌وان، مه‌رجی خه‌باتی راسته‌قینه له‌دژی سته‌می میللیو ته‌فره‌قه‌ی میللی، گرتنه‌ده‌ستی شیعاریکه که‌خودی میتودولوجیای میلله‌ت‌و "چاره‌نووس"ه میللییه جیاوازه‌کان به‌هیز نه‌کات. ئه‌گه‌ر فورمولی مافی میلله‌تان له‌دیاریکردنی چاره‌نووس خویاندا روژگاریک به‌کاربردنیکی ئاوا کارسازی بو بزووتنه‌وه‌ی کومونیستی هه‌بووه، ئه‌وا ئه‌مرو، له‌ده‌وره‌یه‌کی تری ژیانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەقولەی میللەتدا، ئەم فورمولە جگەلە هەگبەیەک لەناکوکیو ناروشنیو تەخشانو پەخشان کردنی خوشباروەری شتیکی تر نییە .

# میللەتو ناسیونالیزمو
# بەرنامەی کومونیزمی کریکاری

## بەشی دووەم: "لیستەی ستالین"

بەشی یەکەمی ئەم نووسینەمان بە چاوخشاندنەوەیەکی خیرا بەسەر فورمولەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا" دەست پیکرد. دیارە مەبەستمان هەللاجیکردنی ئەم فورمولەیە نەبوو، بەلکو مەبەستمان ئەوە بوو کە گوشەیەک لەو ناکوکیو ناروشنییانە بخەینە روو کە سەرتاپای باسی میللەتو میللەتگەرایی داگرتووە. لەکوتایی بەشی پیشوودا گەیشتینە سەر مەقولەی "میللەت". بەرای من گری سەرەکییەکە لەم مەقولەیەدایە .مەقولەی میللەت، نەک تەنها لەبیرکردنەوەی چەپ وەیان لەپیوانە بەرنامەییە کومونیستییەکانی تائیستای سەبارەت بەمەسەلەی میللیدا، بەلکو لەبەشی هەرەزوری ئەو شتەی کە کومەلگای ئەمرو وەکو میژووی خوی وەیان وەکو ناسنامەو وجودی کومەلایەتی خوی سەیری دەکات، بووەتە سەرچاوەی سەرلیشیواوییەکی قوولو لنگەوقوچییەکی بنەرەتیی لە تویژینەوەو بیرکردنەوەدا .

نیشاندانی ئەوەی کە ریبازە بالادەستەکانی زانستە کومەلایەتییەکانو تیوري سیاسیو، هەندی جار تەنانەت زانستە ماتماتیکو سروشتییەکانیش لەکوتایی سەدەی بیستەمدا تا چ رادەیەک تیکەلأ بە خورافەو ئەفسانەن،



کاریکی زور دژوار نییە. ئەوەی کە مروفی کوتایی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لەزمانی ئەندیشمەندە رەسمییەکانییەوە، سەرهەلدانی خوی، فەلسەفەی ژیانی خوی، هوی کردە فەردیو جمعییەکانی خوی، سەرچاوەی بەختەوەریو بەدبەختی، یاخود خوشگوزەرانیو بیبەشییەکانی خویو ...تاد، چونو بە چ مەقولاتیک لیک دەداتەوە، بیگومان دەبیتە مایەی گالتەجاریی نەوەکانی داهاتوو. هەلبەتە هەندیک لەم خورافاتانە تەمەنیان بەسەر چووە. ئەمرو، بونموونە، سەرەرای شەپولی پاشەوپاش گەرانەوەی دژایەتی کردنی عیلمانیەتو رەونەق پەیداکردنەوەی سەرلەنویی بنەو بارگەی دین، هیشتا گیرانەوەی "خوا"، لانی کەم خوای دینیی، بو زانکوکانو تویژینەوە زانستییەکان، عەمەلی نییە. بەلام ریچکەی رەسمیی لیکدانەوە زانستییەکانی دنیای هاوچەرخ، بەتایبەتی لەهەندی رشتەی وەک تیوری سیاسی، ئابووری، کومەلناسیو دەروونناسیدا پشتی بەکومەلیک مەقولەو بدیهییات بەستووە کە بەهەمان رادە خورافیو ناحەقیقین. مەقولەی میللەت یەکیکە لە گرنگترینیان .

### میللەت چییە؟

ئەمە خالی دەستپیکردنی گەلیک لەتویژینەوەکانە لەسەر میللەتو میللەتگەرایی. لەسەرەتاوە وا دیتە بەرچاو کە گرفتی سەرەکی، دژواریی بەدەستەوەدانی پیناسەیەکی زانستییە، وەیان پیناسەیەک کە هەموو لایەک لەسەری کوک بن. ئەوە راستە کە بەدەستەوەدانی پیناسەیەکی پوختەو پاراو لە مەقولەی میللەت، لەسەر بناغەی کومەلیک تایبەتمەندی مادديو مەلموس ( وەک زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، خوو نەریتی هاوبەشو ...تاد) کە بەپشت بەستن پیی میللەتە رەسەنەکانی جیهان لە میللەتە ساختەکان جیا بکرینەوە، کامەی میللەت بیت تیایدا بگونجیتو ئەوەی میللەت نەبیت نەگونجیت، تا ئەمرو لەتوانای زاناو سیاسەتمەدارەکاندا نەبووە. ستالین، تەنانەت بە دان پییانانی نەیارە سیاسیو مەکتەبییەکانیشی، لەریزی ئەو کەسانەیە کە لیستیکی تارادەیەک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەمەگیریان لەو تایبەتمەندییانە کوکردوتەوە کە میللەتان لیک جیا دەکاتەوە. بەلام، هەروەک دواتر ئەیبینین، ئەو لیستانەی کە تایبەتمەندییەکانی میللەتانیان دەستنیشان کردووە، تەنانەت لە لیستە هەمەگیرو ستالینیو میکانیکییەکەشیدا، نەیانتوانیوە هەر ئەم میللەتانەی کە بەواقعی لەجیهاندا هەن بەدروستی دەستەبەندی بکەنو لە زوربەی ئەم لیستانەدا ئیستسناکان زورترن لەوانەی کە قاعیدەکە دەیانگریتەوە .

بەلام بەبروای من گرفتەکە لە دژواریی پیناسەکردنی میللەتدا نییە . لەبارەی دوو بەشەکەی تری فورمولەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا" رەنگە بکری بە پیناسەیەکی دروست یان بەهەرحال بەریککەوتن لەسەر پیناسەیەکی دیاریکراو، گرییەک لەمەسەلەکە بکریتەوە. بو نموونە دەکری لەسەر ئەوە ریک بکەوین کە دیاریکردنی چارەنووس لەفورمولبەندییەکەی ئیمەدا بەمانای پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخویەو "بەرەسمی ناسینی" ئەم مافە هەر ئەو مانا سلبیو لانی کەمەی هەیە کە لینین مەبەستی بوو. بەلام لەبارەی مەقولەی میللەتەوە بەبروای من ئەسلی مەسەلەکە هەرگیز لیرەدا نییە، بەلکو هەنگاویک لەپیشترە. گرفتەکە لیرەدایە کە ناکری پیناسەو لیستیک لە تایبەتمەندییەکانی "میللەت "بەدەستەوە بدریت (هەروەک ناتوانری لەبارەی "خوا" یان "سیمرغ" ەوە ئەمە بکریت) بەبی ئەوەی کە لەپیشدا خودی بوونی ئەو سەلمینرابیت یان وەکو بەلگەنەویستیک سەیر کرابیت. شتیک دەتوانریت بەپیی تایبەتمەندییەکانی پیناسە بکریت، کەخوی بەرلە پیناسەکەی ئیمەو سەربەخو لەپیناسەکەی ئیمە وجودی هەبیت. ئەگەر ئەو دیاردەیە یان ئەو شتە، سەربەخو لەپیناسەکەی ئیمە وجودی نەبیت، ئەوکاتە هەولی ئیمە بو پیناسەکردنی خەسلەتو تایبەتمەندییەکانی، لەراستیدا هەولیکە بو خولقاندنی. پیناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی خوا، هەولیکی زانستی نییە، بەلکو کاریکی دینییە، وە بەم پییە سیاسییە، بو خولقاندنی خولقینەریکی بالادەستو بەتوانا لە زەینو ژیانی خەلکیدا. ژماردنی خەسلەتەکانی دیوو درنجو



بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، هەولیکە بو دروستکردنی وینەی ئەمانە لە میشکی گویگرداو لەم ریگایەوە کاریگەری دانان لەسەر ژیانو کردەوەی ئەوان. پیناسەکردنی میللەتو تایبەتمەندییەکانی میللەتیش، هەولیکی زانستی نییە بو ناسینو وەسفکردنی بابەتییانەی بوونەوەریکی خارجیو مەلموس، بەلکو دەخالەتیکی چالاکو زاتییە لەپروسەی دروستبوونی میللەتو میللەتاندا. ئەمە کاریکی سیاسییە. هەولە زانستیو ئەکادیمییەکان بو دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی میللەت، بەشیکو ساتیکە لە بزووتنەوەیەکی فراوانتری سیاسی بو خولقاندن وەیان هیشتنەوەو دەمەزەردکردنەوەی میللەتان. جیاوازی ئەم دووانە لەوەدایە کە ئەگەر دین سەرەنجام ناتوانی خودایەک لەدەرەوەی میشکو بیروباوەری خەلکیدا بخولقینی، ئەوا میللەتسازیی، واتە "پیناسە"کردنی "میللەت" بەمانا سیاسیو پراکتیکییەکەی ئەم ووشەیە، لەزور حالەتدا بەواقعی دەبیتە هوی پیکهینانی دەستەبەندییە ماددییە میللییەکان لەنیوان خەلکیدا .

تیگەیشتنی زال بەسەر زەینی گشتیی، بەسەر بیرکردنەوەی ئەکادیمی، بەسەر چەپی ناسراو بەکومونیستو تەنانەت بەسەر بەشی هەرە زوری بزووتنەوەی کومونیستی کریکاریی تائیستادا، ئەم لنگەوقوچییەی لەخویدا حەشارداوە .تەنانەت لەدەروونی چەپو بزووتنەوەی کومونیستی تائیستادا، ئینتماو ناسنامەی میللی کەسەکان، هەروەکو جنسی ئەوان، بە تایبەتمەندییەکی بابەتیو دراوو گومان هەلنەگر دەژمیردریت (ئەوەی کە جنسو جیاوازی جنسیی بووەتە کولەکەیەکی ناسنامەو خوناسیی کومەلایەتی کەسەکان، ئەمەش خوی بەرهەرمیکی میژوویی کومەلگا چینایەتییەکانی تائیستایەو جیگای رەخنەیەو لیرەدا ناچمە سەری .(

لیرەدا من تەنانەت مەبەستم لەو مەیلە جوراوجورانە نییە لە میژووی کومونیزمدا کە چەند جوریکی تایبەتیان لە ناسیونالیزمو نەژادی قەومیو نیشتمانپەروەری تەقدیس کردووەو لە کومونیزمەکەی خویان بارکردووە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومونیزمی روسیو چینیو جیهان سییەمی، کومونیزمی دژی مونوپولیو دژی ئەمپریالیستیو دژی یانکیو کومونیزمی سوسیال دیموکراتیک-سەندیکاییو چەپی نویی غەربیی کەلەسەر ویرانەی شورشی ئوکتوبەر سەوز بوون، هەموویان زیاتر لەوەی کە رەنگوبوی ئەنتەرناسیونالیزمیان پیوە بیت، داتاشراوی ناسیونالیزمو ناسیونال ریفورمیزم بوون .

لە ئیراندا، گشت چەپی تەقلیدی، لە حزبی تودەی پیریوە، تا فیداییو راەکاگرو هیلی سیی دوینیو چەپە تازە دیموکراتە "پاش- جەنگی ساردی"یەکان، هەموویان لەسەر زەمینەیەکی بەهیزی ناسیونالیستیو نیشتمان پەروەرانە سەوز بوون. کە نەتەنها قبوول کردنی مەقولەی میللەت وەکو واقعیەتیکی بابەتیی دەرەکی بەلکو تقدیس کردنیو بیناکردنی هەموو وجودی سیاسی خوی لەسەری، لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیتی. میللەت، بو ئەم رەوتانە، چوارچیوەیەکی گشتییە کە خەلکی ولاتیک پیش هەر دابەشبوونیکی تر، بەوینەی چینەکانو...تاد، تیایدا کودەبنەوە. کریکارو بورژواو ژنو پیاوو رەشو سپی، هەژارو دەولەمەندو پیرو لاو، بەقسەی ئەوان تەقسیماتی ناوخویی یەک میللەتیکنو بەشە جیاجیاکانی ئەو پیک دەهینن. عیبارەتی قیزەونی "کریکارانی ولاتەکەمان "کە رازینەرەوەی تەقریبەن هەموو وتارە "کریکاری"یەکانی گروپەکانی سەربەم تەقلیدە سیاسییەیە، یان پیداگرتنی ناسیونالیستییانە بو ناوبردنی ئەو کریکارەی کە لە تاران لەدایک بووەو هەشت سال پیشینەی کاری لە کومپانیای مارسیدس بینز هەیە لە خودی ئەلمانیا، بە "کریکاری دوور خراوەی ئیرانی"، هەموویان نیشانەی لەپیشتر بوونی تحلیلیو عاتیفي مەقولەی میللەتن لەباقی دابەشبوونە واقعیو دراوەکانی جەماوەری خەلک .

سەیر لەوەدایە کە بو زوربەیان ئاستی دووەمی لیکدانەوە، لەدوای میللەت، هیشتا چینەکان نییە. بەلکو "گەلان"ە. گەل لەم تیروانینەدا میللەتیکە بیدەولەت، بیهیزو زورجار ستەم لیکراو، لەناو میللەتیکی تردا. بو چەپی



ئیران مەقولەی "گەلان" سەرەنجام هاوتایە لەگەل هەست کردن بەبەزەییو میهرەبانیو چاوپوشی لیکردنیکی تایبەتیش. فەرهەنگو نەریتی گەلان، ئەو نەریتانەی کە ژمارەیەکی زور لە خەلکی خودی ئەو گەلانە دەیانەوی هەرچونیک بیت لەدەستی هەلبین، دەبیتە بەشیک لە فەرهەنگی شورشگیرانەی چەپی سەرتاسەری. ئەگەر ولاتیک بەحوکمی پروسەی میژوویی "فرە میللەت"و چەند گەلیی رەخسا بیت، ئەو کاتە کریکارانی دانیشتووی ئەو ولاتە بو بەدەستهینانی لانی کەمی هوشیاری چینایەتی دەبی بەسەر دوو ناسنامەی میللیدا باز بدەن. مەقولاتی وەک "کریکارانی کورد"، "کریکارانی بلوج"، "کریکارانی ئازەری" چەند نموونەیەکی ترن لە مەقولاتی ناسونالیستی باو لە ئەدەبیاتی چەپی تەقلیدیی ئیراندا .

بەهەرحال هەروەک ئاماژەم بو کرد ئەمانە جیگای چەق بەستنی سەرنجی ئیمە نین لەم باسەدا. گرفتی ئەم رەوتانە تەحلیلي- تیوریک نییە. مەعریفی یان تیوری نییە. بەلکو ناسونالیزمو میللەت پەرستیی ئاگایانەی ئەوانە .

کیشەکە ئەوەیە کە لە تەقلیدی کومونیزمی ئەنتەرناسیونالیستیشدا تیگەیشتنی باو لە مەقولەی میللەتو ناسیونالیزم بەئەندازەی پیویست رەخنەگرانە نییەو بەتایبەتی پەیوەندی نیوان میللەتو ناسیونالیزم لنگەوقوچ نیشان دەدریت. لەم تیروانینەدا میللەت دیاردەیەکی دراو، بەلگەنەویستو مەلموسە، وە ناسیونالیزم بەرهەمی فکریو سیاسی چەوتو بوگەنی میللەتیکە. ناسیونالیزم خووشیارییەکی چەوتە، کە چینە بالادەستەکان تیدەکوشن بەسەر ئەفرادەکانی میللەتیکدا زالـی بکەن. روالەتی مەسەلەکە بو بەشی هەرەزوری کومونیزمی ئەنتەرناسیونالیستی، خەبات بووە لەدژی ناسیونالیزمو پیشگرتن بە پەرەسەندنی نفوزی لەنیو میللەتیکدا. خودی میللەت، وەکو مەقولەیەک، وەکو دیاردەیەک، لەشوینی خویدا ماوەتەوەو نە جیگای پرسیارەو نە رەخنە. میللەت وەکو بوونەوەریک چاوی لیدەکریت کە باریکی سیاسیو چینایەتی تایبەتی نییە. کومەلیک لە ئینسانەکانن کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوبەشییان لە کومەلیک تایبەتمەندی دیاریکراودا دەیانکاتە میللەتیک. کومەلیک لە ئینسانەکان کە هەر بەم ئیعتبارە، وەکو میللەتیک، دەتوانن دەوریکی سەربەخوو تایبەت بەخویان بگیرن لەمیژووی کومەلگای مروفایەتیدا. دەتوانن خاوەنی ماف، خاوەنی دەولەت، خاوەنی سەربەخوییو خاوەنی چارەنووسی تایبەتی خویان بن .

لە واقعدا پەیوەندییەکە بەپیچەوانەوەیە. ئەوە میللەتە کە بەرهەمو دەستکردی میژوویی ناسیونالیزمە. ناسیونالیزم بەرلە میللەت وجودی هەیە. ئەگەر ئەم لیکدانەوەیە قبوول بکەین، ئەوکاتە یەکسەر ئەوە روشن دەبیتەوە کە خەباتی کومونیزم لەدژی ناسیونالیزم، سەرەنجام خەباتیک نییە لەسەر پالأ پیوەنانی میللەتان بو ئەم یان ئەو خووشیاریو کاری سیاسیو کومەلایەتی، بەلکو خەباتە لەسەر خودی ئینتما یان عدم ئینتمای میللی ئینسانەکان. لەسەر رەتکردنەوەو قبوول نەکردنی ناسنامەی میللي. سەرکەوتن بەسەر ناسیونالیزمدا، بەبی تەحقیق کردنی گوزاریک لە مەقولەی میللەتو ناسنامەی میللی، ئیمکانی نییە. هەروەها ئەوە روشن دەبیتەوە کەچون فورمولی بەرنامەیی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا" بە شەخسیەت پیدانو ماددیەت پیدان بە مەقولەی میللەت، وەکو بوونەوەریک کە پیشوەخت کومەلیک مافی تایبەتی خوی هەیە، بەکردەوە لەجیاتی ئەوەی هەلویستیکی تاکتیکی بیت بو پاشەکشەپي کردنو پووچەل کردنەوەی ناسیونالیزم، دەبیتە بەرەسمییەت ناسینیکی ستراتیجییانەی ناسنامەی میللیو بەمجورە زەربە دەدات لە مەسەلە واقعییەکەی خوی .

ئەمانە ئەو بابەتانەیە کەدەبی زیاتر لییان وورد ببینەوە. بو ئەم مەبەستە دەبی چەند هەنگاویک بگەرییینە دواوەو لە چاوگیرانیک بەسەر ئەو تایبەتمەندیو پیکنەرانەوە دەستپیبکەین کە پیناسەی میللەت پیک دەهینن .



**"لیستەی ستالین":**

ستالین تاقە کەسیک نییە کە پیناسەیەکی لە میللەتو لیستەیەکی لە تایبەتمەندییەکانی میللەت بەدەستەوە دابیت .بەلام دەستپیکردن لە ستالینەوە لەو رووەوە بەکەلکە کە یەکەم، بناغەی فورمولبەندییەکەی ئەو لیکدانەوەیەکە کەچەپ لەگەلیدا ئاشنایەو بمانەویو نەمانەوی کاریگەری لەسەری هەیە، دووەم، لیستەی ستالین لیستەیەکی تیکەلەی کەم تازور هەمەگیرە کە سەرەکیترین ئەو تایبەتمەندییانەی لەخویدا کوکردوتەوە کە پیشینانی ئەو بو میللەتیان ژماردووە. ستالین تا ئەو پلەیە لە تیکەلیی بەرهرەمەند بووە کەبتوانی کومەلیک فاکتەر لەژیر چەتری یەک فورمولأو یەک تیئوری سەبارەت بەمیللەت کوبکاتەوە کە هەندیکیان تەنانەت لەگەل یەکتر ناکوکن .

میللەت چییە؟ بە بوچوونی ستالین بە خەلکیک دەوتریت میللەت کە "لە رەوتیکی گەشەی میژوویداو بەشیوەیەکی پایەدار، زمانیکی هاوبەش، نیشتمانیکی هاوبەش، ژیانیکی ئابووری هاوبەش، وە سیماو قالبیکی دەروونیی هاوبەشیان گرتوتە خو کە لە فەرهەنگیکی هاوبەشدا رەنگ دەداتەوە". هەلبەتە ستالین ئەوەش وەبیردینیتەوە کە میللەت وەکو بەرهەمیکی میژوو، ئەبەدیو ئەزەلی نییە، ئالوگوری بەسەردا دیو سەرەتاو کوتاییەکی هەیە. لە روانگەی ستالینەوە، هیچ یەکیک لەم تایبەتمەندییانە بەتەنهایی کافی نییە بو ناودیر کردنی ئەم یان ئەو کومەل لە خەلکی بە میللەت. بەلام نەبوونی تەنها یەکیکیان کافییە بوئەوەی ناوی میللەتیان لیوەربگیریتەوە. بەم مانورە تحلیلییە، ستالین، بەشیوەیەکی ناسەرکەوتووانە، هەولأ ئەدات یەخەی خوی لەم گرفتە دەرباز بکات کە بەپیی هەر تەنها دانەیەک لەو تایبەتمەندییانە، پیکهاتەی میللی جیهانو لیستی میللەتانی واقعی، چ ئەو کاتەو چ ئەمرو، شتیکی تری غەیری ئەو پیکهاتە کونکریتو ئەمپریکییە دەرئەچوو کە بەعەمەلی هەیە. ستالین خوی ئەو نموونانە دەزانی کە بەتەنها وەرگرتنی هەریەکیک لە تایبەتمەندییەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رەت دەکەنەوەو جاروبار ناویشیان دەبات. بەلام بەستنەوەی شایستەیی میللی بە بەهرەمەند بوون لە تیکرای ئەم تایبەتمەندییانە، نەتەنها کەموکوری هەرتاکە پیکنەریک پرناکاتەوە، بەلکو نەهاتنەوەی پیناسەی میللەت لەگەلأ واقعییەتی کونکریتدا هەرچی زەقتر دەکاتەوە .

فاکتەری زمان، میللەت بوونی خەلکی ولاتە "پایەدارو لەمیژووودا شکلأ گرتوو"ە چەند زمانییەکانی وەک سویسرا، بەلجیکا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەمرو، کەنەدا، فەرەنسا، ئسپانیا، بریتانیاو، بەشی زوری ولاتانی قارەی ئەفریقیاو ئاسیا دەباتە ژیر پرسیارەوە. جیگای سەرنجە کە بو نموونە لەسەردەمی یەکیتیی ئیتالیاو دروست بوونی میللەتی یەکپارچەی ئیتالیادا، تەنها دوو و نیو لەسەدی خەلکیی بەم زمانە قسەیان دەکرد کە ئەمرو پیی دەلین ئیتالی. لەلایەکی ترەوە نەتەنها میللەتی چەند زمانیی، بەلکو زمانی چەند میللەتییش لەدنیادا زورە. چاوگیرانیکی خیرا بەسەر نەخشەی جیهاندا نیشانی دەدات کە مەودای بەکارهینانی زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئسپانی وەکو زمانی یەکەمو "زمانی مالەوە"ی خەلکی، چەندە فراوانو جیهانییە .

ئەم تیبینییانە تازە دوای ئەو گریمانەیە کە خودی مەقولەی زمان بکری بەدیقەتیکی زورەوە پیناسە بکریت، کە لەئەمری واقدا وانییە. بو نموونە دەکری بپرسین ئایا صربەکانو کرواتەکان بەدوو زمانی جیا قسە دەکەن؟ هەروەها، یەکیک لەو شتانەی کە لایەنگرانی پیکهینانی کوردستانی یەکپارچە بو سەلماندنی میللەت بوونی کوردەکان پشتی پی دەبەستن بوونی زمانی هاوبەشە، لەکاتیکدا هەندیک لە تویژەرەوە روژئاواییەکان بەپیچەوانەوە، پیکنەهاتنی تائیستای دەولەتی کوردستان دەگەریننەوە بو نەبوونی زمانیکی کوردیی هاوبەش. ناسیونالیستیکی ئەلمانیی توندرەو کە ئینتمای قەومیو هاوبەشیی لەزماندا دەکاتە معیاری ناسنامەی میللی خوی، دەبی حەوسەلەی ئەوەی هەبیت کە یەهودییە ئەشکەنازییەکان کە بەزمانی



یەدیش قسەدەکەن (کە لقیکە لە ئەلمانیی کون) وەکو ئەلمانیی رەسەن بەرەسمی بناسیت .

فاکتەری زمان نە کومەکیکی ئەوتو بە لیکدانەوەکەی ستالین دەکاتو نە بەدەرک کردنی مەسەلەی میللەت .

مەقولەی نیشتمانیش، بەهەمان رادە ئالوزە. نەتەنها قەومو میللەتە جیاجیاکان لەسەر نیشتمانی هاوبەش ژیاونو بەنورە فەرمانرەواییان کردووەو یەکترییان بەملاو بەولادا کوچ پیکردووە، بەلکو بەزیاد بوونی ژمارەی دانیشتووانی دنیاو پەرەسەندنی جموجولأو هاتوچوو کوچی ئینسانەکان لە پانتایی جیهاندا، هەر پیناسەیەکی میللی کەلەسەر بناغەی هاوبەشیی لەنیشتماندا بنیات نرابی دەبی هەموو سالیک ئیعادە نەزەری تیا بکریتەوە. دریژیو پانیی گوی زەوی نەگورە. بەلام ئینسانەکان، ئەویش بە خیرایی جیاجیا لەنیو قەومو دینە جیاجیاکاندا، هەمیشە ژمارەیان زیادی کردووەو زیاد دەکات. لە زوربەی کیشمەکیشە میللییەکانی ئەمرودا، مشتومر لەسەر نیشتمانو دەعوای ئەرزی، مەوزوعیکی سەرەکییە کە بینەوبردەی لەسەرە. فەلەستین نموونەیەکی بەرجەستەیە، بەلام هەرگیز تەنها نموونە نییە. ئەو نیشتمانەی کە ناسیونالیزمی کورد چاوی لییەتی، هەندیکی هەمان پلانی جیمەبەستی ناسیونالیزمی ئەرمەنییە. لەبەریەک هەلوەشانەوەی یوگوسلافیاو ئەو کیشمەکیشەی کەلەسەر میللی کردنی هەر مەتریکی چوارگوشە لە بوسنی هیزەگوفین لەئارادایە، چەند نموونەیەکی زیندوو و حەیوحازری تری بەدەستەوە داوە .معیاری نیشتمان بەتایبەت لەپەیوەست بە نموونەی یەهودییەکانەوە لەسەردەمی ستالیندا، کە نیشتمانیکی هاوبەشیان بەناوی خویانەوە نەبوو، ناکوک دیتەوە. بە معیاری ستالین یەهودییەکان لەبەرئەوەی نیشتمانیکی هاوبەشیان نییە، میللەت نەبوون. بو هەندیکی تر لە تیئوریسیونەکان نموونەی" میللەتی یەهود"



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلگەیەکە بو رەتکردنەوەی معیاری نیشتمان (وە هەلبەتە زمانیش) لە پیناسەکردنی میللەتدا .

لیکدانەوەی ستالین بو پیودانگی ژیانی ئابووری هاوبەش‌و پەیوەندیی ئابووریی نیوخویی، زور ناروشن‌و بەتایبەت زور نامارکسیستییە. لەلایەکەوە لە باسی بزووتنەوە میللییەکاندا، سەرهەلدانی میللەت بە بەرئەنجامیکی سەردەمی سەرمایەداری ناودەباتو لەلایەکی ترەوە پیودانگی پەیوەندیی ئابووری دەگیریتەوە بو دەورانی پیش سەرهەلدانی سەرمایەداریو بەم پیودانگانانەوە لەدنیای پیش سەرمایەداریشدا دەکەویتە رەتکردنەوەو قبوولأ کردنی بروانامەی میللی گەلە جیاجیاکان. بو نموونە بو رەتکردنەوەی میللەت بوونی گورجییەکان) سەرباری ئەوەی کەزمان‌و نیشتمانی هاوبەشیان هەیە) بەلگەی ئەوە دینیتەوە کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا هاوپشتیو پەیوەندییەکی ئابووری لەنیو خەلکی گورجستاندا نەبووە. ئەگەر بکریت مەقولەی بازاری ناوخو لەسەردەمی سەرمایەداریدا وەکو بنچینەیەک بو ژیانی ئابووری هاوبەش‌و دابراو لە میللەتانی تر پیناسە بکریت (کەخوی جیگای باسە) "ژیانی ئابووری هاوبەش"و "پەیوەندیی ئابووری ناوخویی" لە سەردەمی دەرەبەگایەتی یان لەنیزامیکدا کە بازنەیەکی ئالوگوری کالایی پەرەسەندوی تیدا نەبی، ئیتر هەرگیز قابیلی دەرک کردن نییە .

تا ئەو جیگایەی کە بو سەرمایەداری دەگەریتەوە، ئابووری هاوبەش‌و، بازاری ناوخو، بەدابراوی لە مەقولەی دەولەتیکی یەکپارچە ناکری باسیان لی بکریت. ئەگەر دەولەتیکی بەم جورە وجودی هەبیت، ئەگەر خەلکانیک بەواقعی پیکهینانی دەولەتی "خویان" لە پەیوەندییەکی ئابووری کاپیتالیستیدا بەدەست هینابی، ئەوکاتەو هەر بەم ئیعتبارە، میللەت بوونی خویان یەکسەر سەلماندووەو ئیتر گەرانەوە بو هەر پیودانگیکی تر لەرووی مەبدەئییەوە زەرورەتیکی نامینی. بەم جورە پیودانگی ئابووری هاوبەش پیودانگیکی



زیادەو لەرووی تیورییەوە ریلیونکەرە کە بەکردەوە سەرتاپای مەسەلەی پیناسەکردنی میللەت تور هەلئەدات .

وەسەرەنجام دوا فاکتەری ستالین، مەقولەی کاراکتەرو تایبەتمەندیی دەروونیی هاوبەش (فەرهەنگی هاوبەش)ە. رەنگە ئەمە ئارەزوومەندانەترین‌و نازانستیترین بەشی پیناسەکە بیت کە هەرلە بنەرەتەوە تیکرای مەسەلەی پیناسەکردنی بابەتییانەی میللەت لەکەدار دەکات. ستالین دەلي :

"هەلبەتە تایبەتمەندی دەروونی یان بە دەربرینیکی تر "کاراکتەری میللی "بو چاودیری خارجیی ناکری پیناسە بکریت. بەلام تائەو جیگایەی کە خوی لە فەرهەنگیکی هاوبەش‌و تایبەتی ئەو میللەتەدا دەنوینی، مەقولەیەکە کە دەکری پیناسە بکریتو حاشاهەلنەگرە ."

ئەم مەقولەیە دەروازەیەکە بو هاتنە ناوەوەی هەرەمەکی ترین دەستەبەندییەکان. نەژاد، قەوم، دین، سەرلەنوی لەم دەروازەیەوە دینە ناو باسەکەوە، چونکە هەریەکەیان بەئاشکرا فاکتەریکی لەقالبدانی زەین‌و دەروونناسیی ئەفرادەکانە. رازی بوون بە وجودی "فەرهەنگیکی میللی" سەروو چینایەتی کە زەین‌و مەوقعییەتی دەروونیی ئینسانەکانی سەربە میللەتیک بەتەواوی لەوانی تر جیا دەکاتەوە، زور نا مارکسیستیو، ناواقعیو خەیالییە .ستالین بەدیاریکراوی باس لە جیاوازیی کاراکتەری میللی ئەمرکاییەکان لەگەلأ ئینگلیزەکان دەکات، سەرباری زمانی هاوبەشیان. بەقسەی ستالین، دنیای زەینیی کریکاری ئەمریکی لە دنیای زەینیی خاوەن کارەکانی ئەم ولاتەوە نزیکترە وەک لە کریکارانی ئیرلەندیو ئینگلیزی .

دان نان بەجوریک لە معنویاتی هاوبەش لەنیو تاکەکانی یەک میللەتدا، هەندی فورمولەی تریشی هەبووە. "میژووی هاوبەش"، "هوشیاریی میللی"، "ناسنامەی میللی"، کومەلە مەقولاتیکن کە کەم تازور ئاماژە بو هەمان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەروونناسی هاوبەشی ستالین دەکەن. ئەوەی لە هەموو ئەم فورمولانەدا روونو ئاشکرایە، خەسلەتی لەرادەبەدەر پروبلماتیکیی خودی ئەم مەقولانەو پیکنەرەکانیانە. هەروەک ئەرنست رەنان دەلی شیواندنی میژووی خو (وەیان دەبی بووتری میژوو دروستکردن بو خو) خوی بەشیکە لە تایبەتمەندییەکانی میللەت بوون. روونکردنەوەی میللەت لەسەر بناغەی معنویاتی هاوبەش، میژووی هاوبەش، یادەوەری میژووییو کاراکتەری میللی هاوبەش، لیکدانەوەی ئەفسانەیە بە ئەفسانە. مەفاهیمی وەک میژوو، فەرهەنگ، دەرونناسیو شتی لەم بابەتە خویان پیویستیان بەوەیە کە لەپیشدا ماددیەتو راستو دروستییان بسەلمینری .

**میللەتو میژوو**

گرفتی سەرەکیتری لیکدانەوەکەی ستالینو لیکدانەوەکانی تری لەبابەتی ئەوەی ستالین بو مەقولەی میللەت، خەسلەتە غەیرە میژووییو جامدەکەیانە. هەلبەتە ستالین میللەت بە مەقولەیەک دادەنی کە "لەمیژوودا پیکهاتووە". جامدیی ئەم فورمولە، سەرباری ئاماژەکردن بو رولی میژوو لە بنیاتنانی مەقولەی میللەتدا، لەو لیکدانەوە "تەکامولی"و نیمچە بایولوژیکییەدایە کە لە میللەتو شیوەی سەرهەلدانی میژوویی ئەو بەدەستەوە دەدری. میللەت وەکو بوونەوەریکی ئاویتە سەیر دەکریت (کە خاوەنی زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەشو ...) کە میژوو هەنگاو بەهەنگاو بەشەکانی بەدەستەوە دەداتو کەرەستەکانی دروستکردنی فەراهەم دەکات .کاتیک ئەم خولقاندنە روو دەدات، کاتیک میژوو بەرهەمی نیهائی خوی لەشیوەی میللەتیک حازرو ئامادە دەکات، ئیتر میللەت لەدەرەوەی میژوو، وەکو ئاپارتمانیک، یان جانەوەریک کە لەمیژوودا پیک هاتووە، ژیانو بوونی سەربەخوو تایبەت بەخوی پەیدا دەکات. میللەتەکان لەمیژوودا دەخولقینو هەروا بە "خولقاوی" دەمیننەوە. بەجوریک کە چاودیری خارجیی دەتوانی هەلیان



سەنگینیو تایبەتمەندییەکانیان بژمیری. هەروەک چون دەکری مراوییەک، وەکو بەرهەمیکی میژووی سروشتی، بەپیی تایبەتمەندییەکانی وەسف بکریت .

میللەتیک کە بەم شیوەیە دەخولقیو تایبەتمەندییەکانی لەمیژووەوە وەردەگری، ئیتر وەک بلیی پیویستیبە پروسەی میژوویی نامینیو دەکەویتە دەرەوەی سووری "گەشەسەندن". دەرکیکی لەم چەشنە بەتەواوی میکانیکیو بەتایبەت لەریشەوە نامارکسیستییە. میللەت بەهەر شیوەیەک لەمیژوودا پیکهاتبیت، دەبی لەژیانی هاوچەرخی کومەلگاکاندا بەبەردەوامی سەرلەنوی بەرهەم بیتەوە. دەبی بمینیتەوەو لەنیو نەچیت. ئەوە چ میکانیزمیکە کە هەستی میلليو تیگەیشتنی هاوبەش لەمیژووی خو، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، ئابووری هاوبەشو معیارەکانی تری میللەت بوون دەپاریزیو دەمەزەردیان دەکاتەوە؟ لە لیکدانەوەی میکانیکییانەی میللەتدا ئاماژە بوئەم پروسەیە ناکریت، بو مارکسیزم، بو نموونە، چین مەقولەیەکی بنەرەتییە لە لیکدانەوەی کومەلگادا. هەردوو چینی کریکارو بورژواش بەرهەمی میژوون. بەلام لە هیچ سەردەمیکدا کاری میژوو لەگەلأ ئەوان کوتایی پی نایات. هەموو داستانی کومەلگای سەرمایەداری داستانی بەهەرم هینانەوەو خولقاندنەوەی کریکارو سەرمایەدارە وەکو کریکارو سەرمایەدار لەجەرگەی پەیوەندییە کومەلایەتییەکانو رەوتی روژانەی میژوودا. میللەتیش هەر وایە. هەلومەرجی میللەت بوونو بەمیللەت ناوبردنی جەماوەری جیاجیای خەلکیی هەموو روژیک لەجەرگەی میژووی هاوچەرخ، نەک رابردوودا، بەرهەم دیتەوە. پروسەی "پیناسە کردنی میللەتیک" پروسەیەکی زانستیی نییە، رووداویکی ماددییە کە لە قەلەمرەوی ئابووریو سیاسەتو ئایدولوژیدا هەموو روژیک سەرلەنوی روودەداتەوە. ریک هەرلەبەر ئەمەشە کە میللەت سەرەتاو کوتاییەکی هەیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەهیچ شوینیکی ئەم باسەدا ئیمە حاشامان لەم واقعییەتە نەکردووە کە خەلکیی کومەلە تایبەتمەندییەکی نەژادیو زمانەوانیو قەومییان هەیە کەدەکری پیناسە بکرین، لەنیشتمانی جیاجیادا دەژین، جموجولی ئابووریو کومەلایەتیو معنوی نیوان ئینسانەکان لەجیهاندا ئەوانی لەشیوەی ئەو کومەلو چەق بەستنە محلیو ناوچەییانەدا لەدەوری یەکتر کوکردوتەوە، کە لەهەریەکەیاندا زمانو دابو نەریتیکی تایبەت رەواجی زیاتری هەیە. ئەوەی جیگای رەخنەیە مەقولەی میللەتە. ئەگەر لە ئیمە بپرسن ئایا هەر نەژادیک، یان هەر قەومیک یان قسەکەرانی زمانیکی تایبەت، یان دانیشتووانی هەر نیشتمانیکی دیاریکراو "ماف"یان هەیە دەولەتی خویان پیک بهینن، بیشک وەلامی ئیمە سلبییە. ئەم مەقولانە نابیتە بناغەو بیانوویەک بو پیناسەکردنی کومەلو مەوجودییەتیکی جیاوازی ئینسانیی کە لە خەلکانی تری جیا بکاتەوە .گرنگیی مەقولەی میللەت لەوەدایە کە ئەم دابرانە دروست دەکات، بەرەوای لەقەلەم ئەداتو شرعییەتی پیئەدات. بەم پییە ئینتمای میللی ناویکی تری قەومو نەژادو زمانی هاوبەش نییە. ناونیشانیکی تر نییە بو لیک هەلپیکانی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە کومەلیکی دیاریکراوی ئینسانیدا. بەلکو چەمکیکی ناواقعیو ئیختیارییە، ئالایەکی سیاسییە بو بەکارهینانی ئەم تایبەتمەندییانە، وە لە زوربەی حالەتەکاندا تەنها یەکیکیان، بو دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسیی جیاوازو بەدەستهینانی مافی سیاسیو ولاتیتی جیاواز لەوانی تر .

نەتەنها میللەت، بەلکو خشتە بەندییەکانی لەچەشنی پیناسەکانی ستالینیش بەهەرمی میژوون. لە نووسینەکەی ستالیندا ئەو واقعییەتە بەتەوای فەراموش دەکریت کە لیستەکەی ئەو لەواقدا کوگایەکە لەو پیکنەرو تایبەتمەندییە میللییانەی کە لەبرگە جیاجیاکانی میژوودا، لەلایەن رەوتە کومەلایەتییە جیاجیاکانو لەزوربەی حالەتەکاندا دژ بەیەکتریو لەبەرامبەرکی لەگەلأ یەکتردا هینراوەنەتە گور. ئەو رەوتە کومەلایەتییانەی کە لەمیژوودا میللەتیان بە زمانی هاوبەش پیناسەکردووەو خوازیاری ئەوە



بوون کە میللەتەکان لە خەلکی هاوزمان پیک بین، خویان لەبەرامبەر لایەنگرانی تیوری میللەت لەسەربناغەی نیشتمان وەیان بەتایبەت میللەت وەکو پیکهاتەیەکی ئابووری، بینیووەتەوە. ئەمانە ئالای ناسیونالیزمە جیاجیاکانو بەشە جیاجیاکانی کومەلگا جوراوجورەکانن کە لەپروسەی میژوویی واقعیدا بەپراتیکی خویان ئەو میللەتانە دروست دەکەن کەهەن وە پاسەوانییان لیئەکەن. ئەم پروسەیەو ئەم پراتیکە لە هیچ شوینیک تەواو نەبووەو نابیت. ئەم پراتیکە هەمیشە دریژەی هەیە، میللەتە کونەکان سەرلەنوی بەرهەم دینیتەوە، بو سەرهەلدانی میللەتە تازەکان تیدەکوشی، لیکدانەوە جیاوازەکان بو پیودانگەکانی رەسەنایەتیو بەرتریو حقوقی میللی لەبەرامبەر یەکتر دادەنیو لەزەینی جەماوەردا دەیچینی .

معیارەکانی ستالین ئالای ناسیونالیزمە جیاجیاکانو کیشمەکیشە کومەلایەتیو سیاسییە جوراوجورەکان بووەو هەیە. بو نموونە شورشی فەرەنسا، لە پیناسەکردنی ئینسانی فەرەنسیدا، "ئەندامی میللەتی فەرەنسا"، هەرگیز معیاری قەومییەتو کاراکتەری میللیو تەنانەت فەرەنسی بوونی زمانی نەکردە بناغە .قبوولأ کردنی ئەرکو مافەکانی هاولاتیی فەرەنسا، تەنها معیار بوو. قسەکردن بەزمانی فەرەنسی، واتە زمانی رەسمیی ولات، یاسایەک بوو کە هەر فەرەنسییەکو هەر ئەندامیکی میللەتی فەرەنسا سەربەخو لەوەی کەزمانی دایکی چییە، دەبووایە دواتر رەچاوی بکردایە. بەستنەوەی ئینتمای میللی بە زمانو قەومییەتو دواتریش بنو بنەچەوە، دەکەویتە ناکوکییەوە لەگەلأ ئەو جورە میللەت سازییەی شورشی فەرەنسادا. پیناسەکردنی میللەتی ئەلمان لەسەر بناغەی نیشتمان، وەیان زمان، کومەلیک لقی جیاجیا لە ناسیونالیزمی ئەلمانیی پیناسە دەکاتو کومەلی جیاجیا وەکو میللەتی ئەلمان بەرەسمی دەناسی. هەروەها پیداگرتن لەسەر فاکتەری ئابووری لە پیناسەکردنی میللەتیکدا، لەبنەرەتدا ئالای بزووتنەوەیەکی ناسیونال-لیبرالی بووە کە بەکەمترین سەنجدان لە ئینتمای قەومیو زمانییو نەژادی، ئەو میللەتانەی بەرەسمی ناسیووە کە توانای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەیان هەبیت ببنە بنەمایەک بو ئابووریيەکی میللی بورژواییو ئامرازیک بو سەقامگیرکردنی دەولەتیکی تاقانەو گەشەی سەرمایەداری. لەم ریبازەدا کە لەنیوەی سەدەی ١٩ەوە تا نیوەی سەدەی بیستەم بەکردەوە بەنفوزترین رەوتی ناسیونالیستی بوو، هاوزمانیی، هاوبەشیی لە قەومییەتو میژووو ناسنامەی میللیدا، رولیکی ئەوتو ناگیری. بەلکو بەپیچەوانەوە، زور جار مەبەست ئەوە بووە کە خەلکی قەومو نەژادو زمانە جیاجیاکان لە کومەلی میللیو دەولەتیی بەئەندازەی کافی گەورەدا یەکبخەن کە بتوانی ببیتە چوارچیوەیەکی سیاسیو ئیداری بو گەشەی سەرمایەداریو کەلەکەی سەرمایە. بەپیچەوانەی ناسیونالیزمی قەومییەوە، واتە ناسیونالیزمیک کە یەکیک لەوشتانەی پیی لەسەر دائەگری هاوبەشییە لەزماندا، ناسیونالیزمی لیبرالی یەکخەرو ئاویتەکەری قەومە جیاجیاکان بووە .

بەهەمان شیوە دەکریت لە شیعارو کارکردەکانی لقەکانی تری ناسیونالیزم وورد ببینەوە. ناسیونالیزم لە ئەوروپای روژئاوا لەگەلأ ناسیونالیزم لە ئەوروپای جنوبیو روژهەلاتدا گریو گولأو کارکردو ریچکەیەکی یەکسانیان نەبووە .ناسیونالیزمی دژی ئیستعماریی ولاتانی دواکەتووو موستەعمەرەکانی پیشوو کە لەنیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا بەمەبەستی ئاوەدان کردنەوەو مودیرنیزەکردنی ولاتی خوی هاتە مەیدان، وە ناسیونالیزمیکی ووردە بورژواییو دژی ئیمپریالیستیی کونەپەرستو تەقلیدیی کە بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا لە هەندیک لەولاتانی گیرودە بەئیسلامدا سەری هەلدا، هەریەکەیان بەشوین ئامانجیکی تایبەتەوەن وە معیاریکی تایبەتیان هەیە بو پیناسەکردنی ناسنامەی" میللەتی خویان". هەلکەندنی ئەم معیارانە لە دلی بزووتنەوەو جولانەوە میژوویيیەکانی لایەنگریانو لیست کردنو لەوەش خراپتر کوکردنەوەو لیکدانیان وەکو کومەلیک تایبەتمەندیی میللەتان کەلەمیژوودا گەشەیان سەندووەو جیگیر بوون، پشت کردنە لە هەموو مفهومیکی جدی لە میژووو شیکردنەوەی میژوویی کومەلگا .



**میللەتو پراتیکی کومونیستی**

ئەگەر ئەوەمان قبوولأ بیت کە میللەت بەرهەمی پروسەی میژوویی "میللەت سازی"یە، کە ئەم پروسە میژوویيیە رەوتیکی پراتیکییە کە تیایدا چینەکانو هیزە سیاسییەکانی چینەکان بەپیی ئاواتو سیاسەتو ئامانجە کومەلایەتییەکانیان بەشداری دەکەن، کە میللەتو تایبەتمەندییە بەروالەت ئەبجەکتیفەکانی لەواقعدا ماددیەت بوونەوەی شیعارو شەکاندنەوەی ئالای بزووتنەوە میللییە جوراوجورەکانە لە میژووی دوو سەد سالی ئەخیردا، ئەوکاتە دەرک کردنی ئەم مەسەلەیە دژوار نابیت کە لەمیژووی سەرهەلدانو رەوتی پیکهاتنی میللەتاندا، کریکارو کومونیزم چاودیریکی خارجیی نین. داوەرانیک نین کە ئەرکی گیرانەوەی مافی میللەتان لەئەستوی خویان ببینن. میللەتو میللەتسازییو پاراستنو هیشتنەوەی ناسنامە میللییەکان لە جیهاندا، پروسەیەکە کە ئیمەش دەگریتەوەو لەپراتیکی ئیمەش کاریگەری وەردەگری. میژووی سەرهەلدانی میللەتان تەنها میژووی ناسیونالیزمو ناسیونالیستەکان نییە، میژووی ئەنتەرناسیونالیزمیشە. میژووی خەباتی چینایەتییە لە لایەنە جیاجیاکانیدا .

قبوولأ کردنی ئەم حوکمە، باسی هەلویستی کومونیستی لەبەرامبەر میللەتانو خەباتی میللیدا لەبناغەوە دەگویزیتەوە بو لاپەرەیەکی جیاواز. ئەگەر پراتیکی کومونیستیو کریکاریی ئیمە لەپروسەی پیکهاتنی میللەتاندا کاریگەریی خوی هەیە، ئەوکاتە بەرامبەرکیی کومونیزمو ناسیونالیزم دەتوانی شیوەی بەرامبەرکیی کومونیزم لەگەلأ خودی پیکهاتن وەیان بەهیزکردنی ناسنامەیەکی میللی تایبەت بگریتە خوی. کومونیستەکان حەقیانەو بگرە لەسەریانە کە ئیدعای میللەت کردنەکانو حەق داواکردنە میللییەکان یەکسەر بخەنە ژیر ووردبینەوەو بیدەنە بەر رەخنە. مەبدەئی پووچەلأ کردنەوەی نفوزی ناسیونالیزم بەسەر میللەتاندا، دەگوری بو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەبدەئیکی ئەنتەرناسیونالیستیی فراوانتر کە لەسەر بناغەی هەولدان بو لەنیو بردنی سنوورە میللییەکان لەنیوان خەلکی، سست کردنی ناسنامە میللییەکان، وە پیش گرتن بە دروست بوونی سنوورو جیاوازییە میللییە تازەکان بنیات نراوە. خەباتی دیفاعیی لەدژی ناسیونالیزم جیگای خوی دەدات بە بزووتەوەیەکی هیرش بەرانەو رەخنەگرانە لەپیناوی ئەنتەرناسیونالیزمدا. کومونیستەکان دەبی ئەوە روشن بکەنەوە کە لەکویو لە کام چوارچیوەی میژوویو لەسایەی چ هەلومەرجیکی دیاریکراودا مەشروعییەتی ناسنامەیەکی میللیو مەبدەئی مافی دیاری کردنی چارەنووس بو میللەتان بەرەسمی دەناسن. فورمولیکی گشتیی وجودی نابیت کە هەمووی داواکەرانی حقوقی میللی دەکاتە مووەکیلی ئوتوماتیکی کومونیستەکان .

کلیلیکی سەرەکیی لەباسی کومونیستیی لەبارەی مەسەلەی میللییەوە، ستەمی میللییە. وەستانەوە بەرووی ناسیونالیزمی میللەتی ستەمگەر، وەیان ستەمیکی چینایەتی کە بەناوی میللەتو میللەت چیتییەوە مەشروعییەت دەداتە خوی، شتیکی بەلگەنەویستی هەمیشەیی بزووتنەوەی ناوبراو بە کومونیزم بووە. بەلام دەرکی رەخنەگرانەو میژوویی لە مەقولەی میللەت، دەرکی ئەرکە پراتیکییەکانی کومونیزمی کریکاری نەتەنها لەبەرامبەر ناسیونالیزمدا، بەلکو لەبەرامبەر ناسنامەو خوناسینی میللی بەشیوەیەکی گشتی، دەروازەی تازە بەرووی کومونیزمی کریکاری دەکاتەوە لە خەبات لەدژی نفوزی ناسیونالیزم لەنیو هەردوو خەلکی میللەتانی بالادەستو ژیر دەستدا. مادام ناسنامەی میللی وەکو خەسلەتیکی ئوبجەکتیفی گروپەکانی خەلکی چاو لی بکری، مادام کریکارانو کومونیستەکان رەخنەی خویان لە ناسیونالیزم تینەپەراندبی بو رەخنە لە ناسنامەی میللی بەشیوەیەکی گشتیی، پراتیکی روژانەی ناسیونالیزمی باو بو سەرلەنوی بەرهەم هینانەوەو خولقاندنەوەی خەسلەتە میللییەکانو هەربەم پییەش دەمارگیریو رایەلی میللی خەلک ناکەویتە بەر تیغی رەخنەی تیوریو پراتیکیی



کومونیزمی کریکاری. ناسیونالیزم تەنها لە سیما سیاسیو حزبییەکەی دەبینری. لەکاتیکدا ئەم رووە تەنها گوشەیەکی بچووکە لە وجودو کاری سیاسی ئەم رەوتە کومەلایەتییە. ئەبعادی فەلسەفی، فەرهەنگی، هونەری، فیرکاری، ئیداری، وە تەنانەت "زانستی"ی بەهیزکردنو سەرلەنوی بەرهەم هینانەوەی میللەتانو ناسنامەی میللی لەلایەن ناسیونالیزم، وە هەروەها ئەو دامودەزگا جوراوجورو ئالوزانەی کە کاری ناسیونالیزم لە هەموو کومەلگاکاندا رائەپەرینن، نابینریو ناکەویتە بەر پەلامار. ستەمی میللی دریژکراوەی چارەهەلنەگری ناسنامەی میللییە، نەک تەنها شیوەیەکی تایبەتو موبالەغاوی لە ناسیونالیزمو شوفینزم. وەستانەوە بەرووی ستەمی میللی، بەناچاری، جیاواز نییە لە وەستانەوە بەرووی ناسنامەی میللی لەهەردوو سەری ئەم پەیوەندییەدا .

لەبەشی داهاتوودا بەشیوەیەکی موشەخەس‌تر دەچمە سەر ئەو ئەنجامگیرییە سیاسییانەی لەم باسەوە سەرچاوە دەگرن. تا ئەو جیگایەی کە پەیوەندی بە تیروانینی بەرنامەیی حزبەوە هەیە بو مەسەلەی میللی، بەبروای من ئیمە پیویستمان بە تیروانینیک هەیە کە مەسەلەی "میللەتانو مافەکانیان" دەنیتە لاوەو لابردنی ستەمی میللیو پەلاماری ئەنتەرناسیونالیستیی بو سەر ناسیونالیزم، دەکاتە بناغە. تیروانینیک کە هەرئەو لایەنە تاکتیکیو مەرجدارە دەبەخشیتە پشتیوانیی کومونیستەکان لە "میللەتان"ی ژیردەستە کە خەسلەتی ئەنتەرناسیونالیستیی بزووتنەوەکەی ئیمە دەیخوازیو لەجیگایدا دژایەتیی بنەرەتیی کومونیزم لەگەلاً ناسیونالیزمو نەژادو ناسنامەی میللی دەباتەسەر بو ئاستی مەبدەئیک کە ناکری لیی لابدریت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# میللەتو ناسیونالیزمو
# بەرنامەی کومونیزمی کریکاری

## بەشی سییەم :
## ئەنتەرناسیونالیزمو مەسەلەی میللي

لەبەشەکانی پیشوودا تەئکیدمان لەسەر ئەو خالە کردەوە کە ئەو مەقولاتو فورمولبەندییانەی کە بەشیوەیەکی باو لە بەرنامە کومونیستییەکاندا لەبەرامبەر میللەتو مەسەلەی میلیدا بەکارهینراون، نەتەنها وەلامدەرەوەی مەسەلەکە نین بەلکو بەشیوەیەکی جدی ری لیونکەرو مایەی خوشباوەرین. "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا "نەتەنها مەبدەئیکی قابیلی تەعمیمی کومونیستی نییە، نەتەنها مەرج نییە ئازادیخوازانە بیت، بەلکو بەمانای پراوپری ووشەکە خورافیو نامەفهومە .مەقولەی تەوەرەیی لەم فورمولەیەدا، واتە مەقولەی میللەت، لەبنەرەتەوە دلخوازانەیە، ئایدولوژییانەو ئەفسانەییە. مەرجی روشن بوونەوەی هەلویستی کومونیستی لەبەرامبەر میللەتانو مەسەلەی میلیدا، لەپلەی یەکەمدا ئەوەیە کە خومان لەم فورمولەیە رزگار بکەین .

لەئاستی تیوریدا گرفتی سەرەکی ئەم فورمولە ئەمەیە کە یەکەم، میللەت وەکو مەقولەیەکی موعتەبەرو بابەتیو دراو وەردەگری، ناسنامەی میللی وەکو تایبەتمەندییەکی ئوبجەکتیفی خەلک بەفەرز وەردەگری. دووەم، مەسەلەکە وەکو زەرورەتی بەرەسمییەت ناسین یان گیرانەوەی مافە بەروالەت سروشتیو زاتییەکانی ئەم بوونەوەرە (میللەت) نیشان دەدات. "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووس‌دا" بەم جورە بەهەلە بەرز ئەبیتەوە



بو ئاستی پرەنسیپیکی ئینسانیو ئازادیخوازانەی حاشا هەلنەگرو جیهانگیر. تیگەیشتنی سەرەتایی هەر کومونیستیک کە بەم فورمولەیە بارهاتبی ئەوەیە کە مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسدا، واتە پیکهینانی دەولەتی سەربەخو لەلایەن "میللەتان"ی جیاجیاوە، مەبدەئیکی موعتەبەرە هەروەکو یەکسانی ژنو پیاو، ئازادی بەیانو ریکخراوبوونو مانگرتن یان مافی تەلاق. ئەمە بەدحالیبوونیکی بنەرەتییە کە بەلگەی پیشرەوییەکی عەقیدەیی گرنگە بو ناسیونالیزم. لەئاستی عملیدا، عەیبی ئەم فورمولە لەوەدایە کە یەکەم، سەرەرای هەموو هەولأو تەقەلاکانی تائیستا پیناسەیەکی کارساز لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە تا بکری بەپشت بەستن پیی خاوەنانی ئەم "مافە" لە دەورانە جیاجیاکانی کومەلگای هاوچەرخدا بناسریت، وە دووەم، هیچ یەکیک لە رەوتو مەکتەبەکانی لایەنگری ئەم فورمولەیە، چی سوسیالیستو چی ناسیونالیست، تاکو ئیستا ئامادە نەبووە ئەم باسە تا ئەنجامە عملییە مەنتقییەکەی دریژ بکاتەوەو بەرگری لە دەولەتدار بوونی هەموو میللەتان بکات، بەپیی هەر ئەو پیناسەیەی کە خوی بو میللەتی بەدەستەوە دەدات .ئەدەبیاتی لایەنگرانی فورمولەی مافی میللەتان لەدیاری کردنی چارەنووسدا پرە لەوتەبسەرەو تیبینییانەی کە بە بەهانەی جوراوجور "میللەتان"ی جیاجیا دەکەنە دەرەوەی بازنەی شمولی ئەم "ماف"ەوە .

بەرنامەی کومونیستی لەبەرامبەر مەسەلەی میلیدا دەبی لەئەسارەتی ئەم تیروانینە ناسیونالیستییە رزگار ببیتو راستەوخوو بیپیچوپەناو تەمومژ بچی بەشوین گرفتەکەدا، بەو شیوەیەی کە لەواقعدا هەیە. بەرنامەی کومونیستی بەرلە هەرشتیک دەبی رووی مەسەلەکە بەدروستی تەرح بکات. دەبی ئەوە روشن بیت کە بوچی دەچیتە سەر مەقولەی میللەتو میللەت گەراییو مەسەلەی میلیو دەیەوی وەلامی چ شتیک بداتەوە. بەرنامە دەبی لە لیکدانەوەی خویدا پشت بە مەقولاتو مەفاهیمیک ببەستی کە واقعیو قابیلی پیناسەکردن بن، هاوتایەکی قابیلی تەشخیصیان لەجیهانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مادديدا هەبيت. بەرنامە دەبى ئەوە روشن بكاتەوە كە ئيستنتاجەكانى لەبارەى مەسەلەيەكەوە كە باسى لەسەرە، تا چ رادەيەك مەبدەئيو جيهانگيرەو تا چ رادەيەك سياسيو پەيوەستە بەو كاتو شوينو هەلومەرجە دياريكراوەوە .

**سەرەتاكان و ستراتيج**

بەشى هەرەزورى باسى ميللەتو مەسەلەى ميللى لە ئەدەبياتى كومونيستيدا تيكەلەيەكى جوش خواردووە لە مەبادئە عەقيدەتييەكان لەلايەكو تيبينييە تاكتيكيو ستراتيجييەكان لەلايەكى ترەوە. ئەمانە لە نووسراوە جياجياكاندا هەميشە بەووردى ليكتر جيانەكراونەتەوە. بەلام ئەم جياكردنەوەيە مەسەلەيەكى زور گرنگە .دەبى ئەوە روشن بكريتەوە كە لەنيو حوكمە ماركسيستييەكانى پەيوەست بە ميللەتو ناسيوناليزمو مەسەلەى ميلليو مافى جيابوونەوەو...تاد، ئەحكاميك كە جاروبار بەروشنى دەكەونە ناكوكييەكى شكلييەوە لەگەلأ يەكتريدا، كامەيان نيشاندەرى مەبادئە لەشكان نەهاتووە كومونيستيو پروليتيرييەكانەو كامەيان رەنگدانەوەى بەرژەوەندييە تاكتيكييەكانو بەرژەوەندييە مەرحەلييەكانى خەباتى بزووتنەوەكەيە؟

بو ماركسيزمو كومونيزمى كريكارى لە مامەلەكردن لەگەلأ تيكراى پروبليماتيكى ميللەتو مەسەلەى ميلليدا، چەند مەبدەئيكى عەقيدەيى بنەرەتى هەيە كە جيهانگيرنو ناكرى ليى لابدريتو هيچ پەيوەندييان بە كاتو شوينو سەردەمى ميژووييو قوناغى گەشەى كومەلگاو بزووتنەوەى چينايەتييەوە نييە. كە بريتين لەمانە :

١ -كريكاران نيشتمانيان نييە. ناسيوناليزمو ئەنتەرناسيوناليزمى كريكارى ناكوكييەكى ئاشكراو موتلەقيان لەگەلأ يەكتريدا هەيە، ناكرى تيهەلكيش بكرين يان پيكەوە سازش بكەن. ناسيوناليزم



ئايدولوژييەكى بورژواييية كە ريگرە لەبەردەم خووشيارى چينايەتيو ئەنتەرناسيوناليستى چينى كريكاردا .

٢ -كومونيزم بو لەناوبردنو سرينەوەى سنوورە ميللييەكانو هەلوەشاندنەوەى ناسنامە ميللييەكان تيدەكوشى. كومەلگاى كومونيستى كومەلگايەكە كە تيايدا دابەش كردنى ئينسانەكان بەسەر ميللەتو ولاتاندا وجودى نييە .

٣ -ستەمى ميللى، واتە هەلاواردن لەسەر بناغەى ئينتماى ئينسانەكان بو ميللەتە جياجياكان، يەكيكە لە سيماو شيوە گرنگەكانى نايەكسانيى ئينسانەكان لەكومەلگاى چينايەتيداو دەبى رابمالريت. لەنيوبردنى ستەمى ميلليو زەمانەت كردنى يەكسانيى هەموو ئينسانەكان سەربەخو لە ئينتماى ميللييان ئامانجيكى راستەوخوى بزووتنەوەى كومونيستيى چينى كريكارە .

ئەوە بەلگە نەويستە كە دەبى بەتەئكيديى هەموو ئەم مەبادئانە لەبەرنامەى كومونيستيدا بنووسرين. ئەمانە بنچينەى هەلويستى كومونيزم لەبەرامبەر ميللەتو ميللەت چيتيو ستەمى ميللى پيكدەهينن .

هەر لەسەرنجدانى يەكەمەوە ئەوە روشن دەبيتەوە كە حوكمى مافى جيابوونەوە، يان وەك پيى دەلين مافى ميللەتان لەدياريكردنى چارەنووسدا، بو كومونيزم لەريزى ئەم ئەحكامە بنچينەييانەدا نييە. نەتەنها ئەمە، بەلكو لەگەلأ ئەم مەبادئانەدا ناكوكيشە. ليرەدا قسە لەسەر پيكهينانى سنووربەندييەكى ميلليو جيابوونەوەو پيكهينانى ولاتيكى تازەيە، سنووربەنديو جياكردنەوەيەك كە كومونيزمو ئەنتەرناسيوناليزمى كريكارى وەكو مەبدەئيكى بنەرەتى خوازيارى هەلوەشاندنەوەى هەمەلايەنەيەتى. گەر وايە ئيتر بوچى كومونيستەكان قسە لە بەرەسمييەت ناسينى مافى



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیابوونەوەو جاروبار تەنانەت زەرورەتە سیاسییەکەشی دەکەن لەم یان لەو هەلومەرجی دیاریکراودا؟ ئەم هەلویستە چون ئەگونجینری لەگەلأ ئەو مەبادئانەدا؟

وەلام ئەوەیە کە مافی جیابوونەوە بو کومونیستەکان نەک مەبدەئیکی تیوری بەلکو وەسیلەیەکە لە قەلەمرەوی سیاسەتدا. بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتان، کە هەلومەرجو محدودیەتەکانی لەدیدگای مارکسیستییەوە دواتر باس ئەکەم، لە مەبادئەکانەوە سەرچاوە ناگری، بەلکو بەرەنجامی ناچارییەکانی قەلەمرەوی سیاسەتە، ئەمە یەکیکە لە ئامرازە عملییەکان بو بردنە پیشەوەی ستراتیجی شورشی کریکاری لە بارودوخو هەلومەرجی تایبەتیی سەرمایەداریی هاوچەرخدا .

تەنانەت لە قەلەمرەوی کارو خەباتی سیاسیشدا هیشتا یەکسەرو بی پیشەکی ناگەینە مەقولەی مافی دیاریکردنی چارەنووس. مەبدەئیکی عملیو تاکتیکیی مارکسیزم لەجیهانیکدا کە لەئیستادا دابەش بووە بو ولاتانو میللەتان، بەباشتر دانانی چوارچیوە ولاتییە گەورەترەکانە لە بچووکترەکانو دژایەتیکردنی وورد کردنو دابەش کردنی چوارچیوە ولاتییە گەورەترەکانە بو بەش بەشی بچووکتر، چ قەومی بیت یان غەیرە قەومی. بەواتایەکی تر ((مافی جیابوونەوە)) لەخودی قەلەمرەوی تاکتیکیشدا دەکەویتە ناکوکییەوە لەگەلأ مەبادئیکی گشتیترو بنەرەتیتردا. هەموو ئەمانە بەو مانایەیە کە مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا، یان بەمانایەکی دەقیقتر مافی جیابوونەوەی میللەتانو پیکهینانی دەولەتی سەربەخو، نەک هەلینجاوی مەبادئە مارکسیستییەکانو هەلبەتە نەک بەشیک لەم مەبادئانە، بەلکو لە ناوەروکدا ئیستسنایەکە لەم مەبادئانە، بەرەنجامی ئەو هەلومەرجە تایبەتە سیاسیو کومەلایەتییەیە کە کومونیستەکان ناچار بە پاشەکشی دەکات لە مەبادئە تیوریو پیوانە سیاسییە گشتییەکانی خویان. رەتکردنەوەی مەسەلەی مافی دیاریکردنی



چارەنووس وەکو مەبدەئیکی کومونیستی لەلایەکو قبوولأ کردنی مەرجداری وەکو ناچارییەکی تاکتیکی لە هەلومەرجی دیاریکراودا، ئەمە بەبروای من خالی دەست پیکردنی هەلویستیکی مەبدەئیی کومونیستییە. باسی جیگاو شوینی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە تیروانینو بەرنامەی مارکسیستیدا بەم پییە، بەپیچەوانەی تیروانینی باوەوە کە ئەمە بە مەبدەئیکی ئیجابیی مارکسیزم لەقەلەم دەدات، دەبی ریک لەسەر ئەم خالە چەق ببەستی کە ئەو هەلومەرجو محدودیەتو مەوقعییەتە استپنائییانە کامانەن کە دیفاع کردن لەم مافەو جاروبار تەنانەت پیشنیازکرنیشی دەخوازن .

جگە لەو ریبازانەی کە دواتر لە ئەنتەرناسیونالیزمی دووەمو بەتایبەتی لەبەرامبەر جەنگی یەکەمدا، ناسیونالیزمیان کردە ناو بنەماکانی سوسیالیزمی خویانەوە، وە یان کومونیزمی رووسیی پاش ستالین کە میللەتانو گەلانی لەپالأ چینەکاندا بەرز کردەوە بو ئاستی شەخسییەتیکی موعتەبەرو رەهای رەوتی میژوو، سەرتاپای تەقلیدی مارکسیستیی لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا مەسەلەی بەرەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکو شیوازیکی سیاسی لە ستراتیجی عملیی بزووتنەوەی سوسیالیستی سەیر دەکات، نەک وەکو مەبدەئیکی تیوری . سەرباری هەموو ئەو روشنیو تەنانەت ناروشنیو لیلییانەی کە دەکری لەشیوە هەلویستی خودی مارکس یان لینین بەدی بکریت، ئەم مەسەلەیە لە مامەلەی هیچ کامیاندا جیگای گومان نییە کە دژایەتی لەئاشتی نەهاتووی ناسیونالیزمو ئەنتەرناسیونالیزم مەبدەئیکی عەقیدەییە، لەکاتیکدا کە بەرەسمییەت ناسینی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خویاندا خشتیکە لە ستراتیجی عملیی بزووتنەوەکە .

فورمولەکەی ئیمە لەرووی میتودەوە بەتەواوی دەکەویتە چوارچیوەی ئەم تەقلیدەوە، بەلام بەکاربردنیکی عملیو مەودایەکی شمولیی لەوە بەرتەسک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تری هەیە کە چ مارکس‌و چ لینین لەسەردەمی خویاندا مەبەستیان بووە . لەبەرئەوەی کە یەکەم، روخساری میللیی جیهان‌و جیگاو شوینی میللەت‌و میللەت سازیی لە سەردەمی مارکسدا لەگەلأ سەردەمی لینین‌و هەردووکیشیان لەگەلأ سەردەمی ئیمەدا زور جیاوازن. دووەم، مەوقعیەتی ناسیونالیزم‌و جیگاو شوینی لە پروسەی میژووییدا لەهەریەکیک لەم سەردەمانەدا زور جیاوزە، سییەم، پەیوەندی هەریەک لە سوسیالیزم‌و ناسیونالیزم لەگەلأ یەکتردا، هیز هاوسەنگی نیوانیان‌و شیوەی بەیەکدادانیان لە مەیدانی کومەلایەتی ئەمرودا زور جیاوازەو ئیلتزاماتی تاکتیکیی ئەمروی ئیمە جیاوازییەکی زوری لەگەلأ هەردوو سەردەمی پیشوودا هەیەو سەرەنجام چوارەم، بەبروای من بەلوتفی ئەوەی کە ئیمە لەدوای ئەوان هاتووین، ئیمە ئەو ئیمکانەمان هەیە کە هەندی مەقولات‌و لیکدانەوە بخەینە سەر باسەکە کە دیقەت‌و زەرافەتیکی زیاتر دەبەخشیتە هەلویستی کومونیستیو رەنگە هەندیک لە ناروشنییەکان برەوینیتەوە. بەشیوەیەکی دیاریکراو شیوازیک کە ئیمە مەودای شمولی ئەم فورمولەیەی پی پیناسە ئەکەین جیاوازیی هەیە لەگەلأ هەردوو شیوازی مارکس‌و لینین .

**گوشەنیگای میژوویی**

مارکس لەسەرەتای سەردەمی ناسیونالیزمدا دەژیا .بەلام ئەم ناسیونالیزمە، ناسیونالیزمی ئەمرو وەیان ناسیونالیزمی سەردەمی لینین نەبوو. شاریی سەرەکی ناسیونالیزم لەو سەردەمەدا نەتەنها قەومی نەبوو، بەلکو ناوەروکەکەی بریتی بوو لە ئاویتەکردنی قەومە جیاجیاکان لە یەک چوارچیوەی میللی هاوبەشدا. رەوتی میللەت سازییو ولات سازیی سەردەمی مارکس رەوتیک نەبوو بوئەوەی هەموو قەومەکان ببنە خاوەنی ولاتی خویان، بەلکو پیکهاتنی ئابوورییە میللییە کاپیتالیستییە تەمەن دریژەکان بوو لە ئەوروپاو تیکو پیک دانی سیستمی کون بوو. لیرەو



لەوی هەندی بەلگە نامە هەیە کە تیایاندا مارکس‌و ئەنگلس "مەبدەئی ئینتمای میللی" وەیان بەو عیبارەتەی کە دواتر رەواجی پەیدا کرد، "مافی دیاریکردنی چارەنووس"یان، بە مافی "هەموو میللەتان" زانیوە. بەلام هەلویستی لەمە بەرجەستەترو مەلموستری مارکس‌و ئەنگلس جیاکردنەوەی "میللەت"ە لە "ئینتمای میللی"و میللەتانی ((میژوویی))ە لە میللەتانی ((نامیژوویی))، واتە ئەو میللەتانەی کە بەحوکمی هەلومەرجی بابەتیی لە پروسەی سەرهەلدانی پەیتاپەیتای کومەلگا پیشەسازییەکانی سەرمایەداریدا بەواقعی شانسی پیکهینانی ولاتی خویان هەیە. مەودای شمولیی هەلویستی مارکس‌و ئەنگلس لە واقعدا مەسەلەیەکی زور بەرتەسکترە لە "هەموو میللەتان". قسە لەسەر رەوتی بابەتیی پیکهاتن‌و خوگرتنی تەرکیبەی میللي-ولاتیی دەوام داری کاپیتالیستییە لە ئەوروپادا نەک مافی هەموو پیکهاتە میللیو قەومییەکانی جیهان بو پیکهینانی ولاتی خویان .مارکس‌و ئەنگلس پیکهینانی دەولەتی سەربەخو لەسەر بناغەی ئینتمای میللي -قەومی بەراشکاوی رەت دەکەنەوە. لەچەند حالەتیکی کەمدا کە مارکس بەدیاریکراوی هەستاوە بە بەرگری کردن لە سەبەرخویی میللەتانی بچووکترو لاوەکیترو ((غەیرە میژوویی)) وەک ئیرلەنداو پولەندا، خاسییەتی سیاسی ئەم هەلویستگیرییانە بو بەرەوپیشەوە چوونی بزووتنەوەی سوسیالیستیی چینی کریکار زور روشن بووە. سەربەخویی پولەندا گورز لە کونەپەرستیی تزاری دەوەشینیو سەربەخویی ئیرلەنداش زەمینداریتی گەورەی بریتانیا لە ئەلقە زەعیفەکەیدا دەکوتیو هەروەها عاملیکی میژوویی نیفاق لەنیوان چینی کریکار لە ئینگلستان‌و ئەمریکا لەنیو دەبات .

سەردەمی لینین سەردەمیکی ترە. کاتیک لینین قسە لە مافی جیابوونەوەی میللەتان دەکات، لەبنەرەتدا میللەتانی ستەملیچوو لە ئیمپراتوریەتی تزاریو موستەعمەرەکان‌و ولاتانی ژیر دەسەلاتی ئیمپریالیزم دینە بەرچاوی. لینین رولی پوزەتیفی خەباتە دژی ئیستعمارییەکانی میللەتانی بچووکی لەبەرچاوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له گورز وەشاندن له دەسەلاتی بورژوازی جیهانی. لیرەشدا بەمانایەکی تر لەگەلأ رەوتیکی ئوبژەکتیفی میللەت سازیی لەجەرگەی نیزامیکی کونەو کونەپەرستانه بەرەو رووین، لەپیناوی گورینی پەیوەندییه ئابوورییەکان‌و گەشەی سەرمایەداری لەئاستی جیهانیدا. لەگەلأ جوریک لەناسیونالیزم بەرەورووین که نەک تەنها لەبەرامبەر پرولیتاریاو بزووتنەوەی کریکاری، بەلکو لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر ئیستعمار، کونەپەرستیی سیاسیو فیودالیزمدا مانا پەیدا دەکات. لینین سەیری توانای سیاسی ئەم رەوتەو جورو شیوەی بەیەکدادان‌و بەرامبەرکیکەی دەکات لەگەلأ بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کریکاردا .مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بو لینین لەم چوارچیوه سیاسییەدا مانا پەیدا دەکات. لینینیش مەودای شمولی ئەم مافه بەرتەسک دەکاتەوە. فورمولەی مافی دیاریکردنی چارەنووس له لیکدانەوەی لینیندا له فورمولی مارکس‌و ئەنگلس عام ترە، بەلام لەرووی عملییەوە جیاوازییەک که لەنیوان ((مافی جیابوونەوە))و ((ئیجابی بوونی جیابوونەوە))دا دای دەنیت، بەکردەوە پشتیوانی بزووتنەوەی کومونیستی له جیابوونەوەی میللەتان بەرتەسک دەکاتەوە بو چەند حالەتیکی دیاریکراو. دەستنیشان کردنی زەرورەتی جیابوونەوە وەیان پیشنیازکردن یان نەکردنی جیابوونەوە له فورمولبەندییەکەی لینین‌دا بەتەواوی سپیردراوە به شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجه دیاریکراوە .

سەردەمی ئیمه سەردەمیکی تەواو جیاوازە. تا بەرله داروخانی بلوکی روژهەلات هیچ رەوتیکی گشتگیر وەیان بەرچاوی میللەت سازیی لەئاستی جیهانی وەیان لەئاستی ناوچەییدا لەئارادا نەبوو. ئەو چەند حالەتە پەراکەندەیەی که هەبوو، ئەوپەرەکەی ئەیتوانی ئارایشتی میلليی جیهانی هاوچەرخ له جزئییاتیکی کەم بایەخدا بگوریت. لەمه گرنگتر، بزووتنەوە میللییەکان ناوەروکیکی ئابووری تایبەتیان نەبوو. ئەو ئالوگورانەی جیمەبەستی بزووتنەوە میللییەکان بوو لەبنەرەتدا سیاسیو فەرهەنگی بوو. سەرچاوەی ئەم بزووتنەوانه بەپیچەوانەی سەردەمی مارکس‌و لینینەوە



نەئەگەرایەوە بو ئالوگورەکانی ئابووری سیاسی جیهانی، بەلکو لەبنەرەتدا سەرچاوەکەیان ستەمی میلليو فەرهەنگی وەیان دوژمنایەتی ناسیونالیستی بووە لەسەر دەسەلات .ئابووری سیاسی جیهان‌و جەمسەربەندییه ئابووریو سیاسییەکانی بچووکترین کاریگەری لەم کیشمەکیشانەوە وەرناگریت. ئەوەی لەبنەرەتدا لەم سەردەمەدا له قەلەمرەوی باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەئارادایە، چەند مەسەلەیەکی میللی چارەسەر نەکراوە، وەکو مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی کورد، مەسەلەی ئیرلەنداو ...تاد که بەپلەی جیاجیا ریگرن لەبەردەم رەوتی روتینیی ئابووری کاپیتالیستی لەناوچەکەی خویاندا وەیان بوونەتە عاملی نائیستقراریو ئالوزیی سیاسی لەئاستی ناوچەییو جیهانیدا. ئەم مەسەلانه هەندی جار ببوونه مەیدانی کیشمەکیشیکی فراوانتر لەنیوان روژئاواو روژهەلاتداو بەم پییه ناوەروکیکی لیلتریان له حالته روتینییەکانی کیشمەکیشی میللی پەیدا کردووە .

هەرەس هینانی بلوکی روژهەلات بەمانەیەکی تازە بووە مایەی دەست پیکردنی رەوتیکی میللەت سازیی، که تەنانەت لەرووی ئابووریشەوە ناوەروکیکی چارەنووس سازی هەیە. سەرمایەداری بازار لەبەشیکی گەورە لەجیهانی پیشەسازیو نیوە پیشەسازیدا، لەجەرگەی لەبەریەک هەلوەشانەوەی هەموو پیکهاتە سیاسییەکانی نیزامی پیشووو نەبوونی قالبیکی پەسەند بو فەرمانرەوایی، بەرەو ئەوە ئەروات که جیگای مودیلی به بن‌بەست گەیشتووی سەرمایەداری دەولەتیی بگریتەوە. جوریک له ناسیونالیزم، بەشیوەیەکی سەرەکی ناسیونالیزمی قەومی، وەکو ماتریالیک بو بیناکردنی شادەماری ئایدولوژیکیی حکومەت‌و بەدەستهینانی مەشروعییەتی سیاسی بو دەولەته بورژوایییه تازەکان له پارچەو پریشکی ئیمپراتورییه پووکاوەکه خوی ئەنوینی. هەموو روژیک مەسەلەیەکی میللی تازە دروست ئەکریت. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەفراوانی دەچیته دەستوورەوە. سەیر لەوەدایه هەر ئەو رەوتەی که مەسەلەی میللی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تازە دینیتە نیوانەوە، ئەگەری چارەسەرکردنی مەسەلە میللییە کونەکان زیاتر دەکات .

ئەم هەلومەرجە زەوی تا ئاسمان جیاوازی هەیە لەگەلأ سەردەمەکانی تردا. مەسەلەکە بەتەواوی لەجەرگەی پاشەوپاش گەرانەوەیەکی گەورەی کومەلایەتی سیاسیو فەرهەنگیدا لەئارادایە. ناسسیونالیزمی قەومی لەسووکترینو بوگەنترین شیوەکانیدا ئالا هەلگری مەسەلەی میللییە . بەپیچەوانەی سەردەمی مارکسو لینینەوە، میللەت سازیی ئەمروو ئەو ناسنامە میللییانەی لە دەمەزەردکردندان، هیچ پەیوەندییەکیان بە چوونە پیشەوەی ماددییانەی میژوو بەهیچ ئاراستەیەکی ئیجابیدا نییە. نووکی تیژی ئەم ناسیونالیزمە راستەوخو رووی لەکریکارو کومونیزمو تەنانەت ریفورمو لیبرالیزمیشە. دووبارەکردنەوەی سووکو سادەی فورمولەکەی لینین لەبەرامبەر سەربەخویی موستەعمەراتو فورمولەکەی مارکس لەبەرامبەر میللەت سازیی بورژوایی سەدەی نوزدەهەمدا وەلامی مەسەلەکانی ئەمرو نییە. کومونیستو کریکاری ئەمرو دەبی وەلامی مەسەلەی میللی ئەمرو، بەو شیوەیەی کە هەیە، بداتەوە. لەم کوششەدا بەبروای من دەکری بگەیت بە لیکدانەوەیەک کە بشی بەسەر سەردەمەکانی رابردووشدا تەعمیم بکریتو ناوەروکی شورشگیرانەو مونسەجیمی هەلویستی مارکسو لینینیش بە روونییەکی زیاترەوە نیشان بدات .

**لە میللەتەوە تا "مەسەلەی میللی "**

خودی بوونی میللەت، یان بەفەرز وەرگرتنی بوونی میللەتیک، نابیتە بنەمایەک بو هیچ حەقی حاکمییەتیک. ئەوەی کە هەر میللەتیک، بەهەر پیناسەیەکەوە، مافی هەیە ولاتی "خوی" پیک بهینی، نەبنچینەیەکی زانستیی هەیە، نە حقوقیو نە میژوویی. مارکسو لینین نەتەنها لەرووی عەمەلییەوە



تیروانیکی لەم چەشنەیان بو مەسەلەکە نەبوو، بەلکو ئەوەیان لا بەلگەنەویست بوو کە لەجیهانی واقیداو لەجەرگەی پەیوەندییە ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەکانی نیوان قەومو میللەتە جیاجیاکاندا، "هەموو میللەتان"، بەشوین پیکهینانی ولاتی خویانەوە نابنو جیهان هیچ کاتیک نابیتە سەبەتەیەکی پر لە ولاتانی ووردو درشتی بەقەد ژمارەی میللەتان، چ واقعییەکانو چ ساختەکان. وە هەر ئەم دلنیا بوونە عەمەلییە، هەندی جار دەوری هەبووە لە جدی نەگرتنی زانستییانەی ئەوان بو دیاری کردنی ووردتری معیارەکانو مەودای شمولی "مافی میللەتان"، یان لە هەنگاو نەهاویشتنی ئەوان بو ناو رەخنەی حقوقیی لە مەقولەی میللەت .

بوونی ستەمی میللیش خوی لەخویدا بنچینەیەک نییە بو بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەو پیکهینانی ولاتی سەربەخو. وەلامی کومونیستیی بە بوونی ستەمی میللی، خەباتە بو لابردنی ستەمی میللی. ئەمە شیوازیکە کە بزووتنەوەی چینی کریکارو گشت بزووتنەوەی یەکسانیخوازانە لە ٩٩%ی کومەلگا مەوجودەکاندا لەبەرامبەر ستەمیک کە لە میللەتە کەمینەکان دەکریت گرتوویانەتە بەر. وەلامی یەکجارەکی کومونیزمیش کوتایی هینانی یەکجارییە بە ستەمی میللی لەریگەی لەنیوبردنی سەرمایەداریو چەوسانەوەو دابەشبوونی چینایەتییەوە بەشیوەیەکی گشتی .

بەرەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، یان مافی جیابوونەوە، وەسیلەیەکی سیاسیو شیعاریکی تاکتیکیی نییە لەبەرامبەر بوونی میللەتانو ئینتماو خوشباوەریی میللیدا وەیان تەنانەت بوونی ستەمی میللیشدا. ئامرازیکە بو وەلامدانەوە بە ((مەسەلەی میللي)). بوونی میللەتو ستەمی میللی، خوبەخو بەمانای بوونی ((مەسەلەیەکی میللي)) نییە. ئەمە مەقولەیەکی بنەرەتییە لەباسەکەی ئیمەدا. هەلبەتە بەبی ناسنامەی میللی مەسەلەی میللی ناتوانی بوونی هەبیت. هەروەک چون بەبی ستەمی میللیش، یان تەسەوری بوونی ستەمی میللی، وەیان لانی کەم کیبەرکیی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میللی، مەسەلەی میللی وجودی ماددي نابێت. ئەمانە مەرجی پێویستی سەرهەلدانی مەسەلەی میللین لە کومەلگادا، بەلام مەرجی کافیی نین. کاتێک ئەتوانین باس لە بوونی مەسەلەی میللی بکەین کە ئەم ناسنامە میللییە ناکوکانەو کیشمەکیشو کیبەرکیو دوژمنایەتییان گەیشتبیتە ئاستیک لە خەست بوونەوەو توند بوونەوە، وە پیشینەو میژوویەکیان هەبیتو حەساسییەتیکیان لەگشت کومەلگادا دروست کردبی کە ئەوی خستبیتە ریزی مەسەلە میحوەرییەکانی کومەلگاوە. مەسەلەیەک کە لەروانگەی جەماوەری فراوانی خەلکو لەرووی ژیانی ئابووریو سیاسی کومەلگاوە وەلام ئەخوازی. بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە یەکیکە لە شیوازەکانی تیمارکردن، نەشتەرگەرییەکی کومەلایەتییە، کە لە هەلومەرجیکی وادا بەدەست چینی کریکارەوەیە. بەلام لەپیشدا دەبی مەسەلەیەک هاتبیتە ئاراوە تا وەها ریگاچارەیەک لەبنەرەتەوە مەوزوعییەتی پەیدا کردبی .دەبی دەردیک وجودی هەبیت تا دەرمانیکی لەم چەشنە، کە بەشایەتیی میژووی سەدو پەنجا سالی رابردوو لەزوربەی کاتەکاندا بو کومونیستەکان "قابیلی پیشنیاز کردن" نییە، بخریتە دەستووری چارەسەرکردنەوە .

کاتیک وورد تر سەرنج ئەدەین ئەبینین مارکسو لینینیش تائەو جیگایەی کە پەیوەستە بەمافی جیابوونەوەوە لەواقعدا نەک هەموو چەشنەکانی میللەت یان حالەتە بیشومارەکانی ستەمی میللی، بەلکو ((مەسەلە میللییە (( ئاوەلاکانی جیهانی هاوچەرخی خویان مەبەست بووە. فورمولبەندییەکانی ئەوانیش دەبی هەر لەم چوارچیوەیەدا دەرک بکریتو قەزاوەتی لەسەر بکریت .

بەرنامەی کومونیستیی سەنەدی دلأراگرتنی میللەتان نییە. بریار نییە چینی کریکار بو دابەش کردنی هەر ولاتیک بو کومارە سەربەخوکانی دانە دانەی میللەتان بخروشی. لەروانگەی چینی کریکارەوە هەر سکالاو نارەزایەتییەک لە ستەمی میللی یەکسەر بە ریفراندوم بو جیابوونەوە وەلام وەرناگریتەوە،



سەرکەوتنی کریکاریی، جەژنی ناسیونالیزم نییە. چینی کریکارو بەرنامەی کومونیستی لەسەریتی کوتایی بەستەمی میللی بهینیتو بو ئەو مەسەلە میللییانەی کە بوونەتە مەسائیلیکی واقعی لەژیانی جەماوەری خەلکدا ریگاچارە دابنی. ئەم ریگاچارەیە دەتوانی بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتی ستەم لیچووو ژیر دەستە بیت .

لەبارەی ئیرانەوە بەدیاریکراوی، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی میللی کراوەو مەترەحە. مەسەلەی لور یان مەسەلەی ئازەری یان هەر ناسنامەیەکی میللی تر کەدەتوانی لەم یان لەو برگەدا خوی قووت بکاتەوە، ئەمرو بەئەندازەی مەسەلەی کورد لە ئیران یان لەناوچەکەدا مەترەح نییە. ئیمە فورمولیکمان نییە بەناوی مافی "میللەتان" لە ولاتی "فرە میللی"ی ئیراندا بو" دیاریکردنی چارەنووسی خویان". شیعاریکی روشنمان لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا هەیە: بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی خەلکی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخو .

کاتیک بوونی مەسەلەی میللی دەکەینە معیار بو مەوزوعییەت پەیداکردنی مافی جیابوونەوە، کومەلیک دژواریو تیکەولیکەی تیوریی گرنگ وەلائەنیین . یەکەم، لەجیاتی قەلەمرەوی سەبجەکتیفو دلخوازانەی پیناسەکردنی میللەتو دواتریش دابەش کردنیان بو میللەتانی گەورەو بچووک، موعتەبەرو ناموعتەبەر، میژوویيو نامیژوویی، شایستەو ناشایستە، مەسەلەی ئوبجەکتیفو مەلموسی بوونو نەبوونی ((مەسەلەی میللي)) دەبیتە بناغەی تویژینەوەمان. ئیمە ئیتر ناچار نابین پیناسە رەنگاورەنگەکانی ناسیونالیستەکان بو میللەت قبوولأ بکەین، ناچار نین بەقبوولأ کردنی ناسنامە میللییەکان لە خولقاندنو مانەوەیاندا بەشداری بکەین، ناچار نین بچینە ناو باسی رەتکردنەوە یان قبوولأ کردنی بروانامە میللییەکانەوە وەیان تەنانەت بچین بەشوین دوزینەوەی خەتاباری میژوویی بو پیکدادانو کیشمەکیشە میللییەکان، ناچار نین ناسیونالیزمو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناسیونالیستەکان بو باشو خراپ، پیشکەوتنخوازو کونەپەرستو...تاد دابەش بکەین .ئیمە لەسەرمانە بوونی ئوبجەکتیفی مەسەلەیەکی میللی لە کومەلدا کە خەلکی بەشیوەیەکی جدی بەدەوریا قوتبی بوونەتەوەو داوای وەلامی ئەکەن بەرەسمی بناسین. ئەمە خوی مەودای شمولی مافی جیابوونەوەو ئەو میللەتانەی کەتوانن کاندید بن بوی دیاری دەکاتو سنوورداری دەکاتەوە وەئیتر پیویستمان بەوە نابی کە معیارە سەبجەکتیفەکان، کە هەرچونیک بیت لەسەر پیناسەو مەقولاتە ناسیونالیستییەکان بینا دەکرین، بینینو بیاندەین بەسەریەکدا .مەودای شمولی مافی جیابوونەوە لانی زور بەئەندازەی ژمارەی مەسەلە میللییە واقعییەکانە لەکومەلگا لەهەر برگەیەکی دیاریکراودا، وەنەک بەئەندازەی ژمارەی میللەتانی ئیستا یان داهاتوو وەیان بەئەندازەی ستەمگەرییە میللییەکان لەدژی میللەتانی کەمینە. دووەم، ئەم تیروانینە ریک ئەو بارە سلبییە دەبەخشیتە مەسەلەی بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە کە ئەم جیابوونەوانە لەواقعدا بو چینی کریکاری ئەنتەرناسیونالیست هەیانە. دانی مافی جیابوونەوە، گیرانەوەی مافە زەوت کراوەکانی میللەتان نییە، قبوولاً کردنی لیک ترازانیکی تازەیە لە ناو کومەلگای ئینسانیداو تەسلیم بوونە بەو واقعییەتە دەردناکە کە ژیانیکی هاوبەش بەبیلەبەرچاوگرتنی ئینتمای میللیو قەومی لەنیوان زوریک لەئینسانەکاندا مەیسەر نەبووە. بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە لەروانگەی کومونیستیکەوە وەدیهاتنی بنەمایەکی "موقەددەس"و "رزگاری بەخش "نییە، کە "بە ریکەوت" "کەمیک" ناکوکی هەیە لەگەلاً ئەنتەرناسیونالیزمی کریکاریدا، بەلکو تەسلیم بوونە بە واقعییاتیکی تالاً کە لەجیهانی واقعیداو بەپیچەوانەی ئامانجەکانی ئەنتەرناسیونالیزمی کریکارییەوە هاتوتە ئاراوە .ئیستا دەکریت بەروشنیو بەبی هیچ سەرزمان گرتنیک وەلامی میللەتانو ئەدیبانو شاعیرانیان بدەینەوە، ئەوە روون بکەینەوە کە بوچی ئیمە وەکو کریکارو کومونیست مافی جیابوونەوە بەمافیک دەزانین کە بەکارهینانی سنووردارەو تەنانەت لەوجیگایەشدا کە ئەم مافە بەرەسمی دەناسین بەشیوەیەکی گشتی ریگای جیابوونەوە بو ئەو



میللەتە پیشنیاز ناکەین. سییەم، ئەم لیکدانەوەیە دەستی ئیمە ئاوەلا ئەکات بو وەلامدانەوە بەو مەسەلە میللییانەی کە ناوەروکی ئابووریو سیاسی جوراوجورو تایبەتمەندیی میژوویی جیاجیایان هەیە. ئیمە ئیتر لە هەلویست گرتن لەبەرامبەر مەسەلە میللییەکانی مەترەح لەکومەلگادا ناچار بە داوەری کردنی ئەخلاقی وەیان ناوبژیوانییەکی میژوویی تایبەت نابین لەبارەی "رەسەنیو شایستەیی" میللەتانی جیگای باس، یان بوونو نەبوونی ستەمی میللیو ئەبعادەکانی وەیان دەوری چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە رەوتی گەشەی میژووی بەشەردا. ئیمە تەنانەت ناخواستە ناکەوینە پالاً ناسیونالیزمیک لەبەرامبەر یەکیکی تردا. مەبەستی ئیمە چارەسەر کردنی مەسەلەی میللیو رزگارکردنی کومەلگاو چینی کریکارە لە هەردوو دیوی قلشتە میللییەکەدا لە ئاکامە زیانبارەکانی، نەک دانەوەی مافە میللییەکانی ئەم یان ئەو میللەت. پووچترین، بیناوەروکترینو ساختەترین کیشمەکیشو ناکوکییە میللییەکانیش، ئەگەر بەراستی کومەلگایان بەرەو قوتب بەندیی بردبیت، دەتوانن وەلامیکی روشن لەکومونیستەکانەوە وەربگرنەوە. ئەم لایەنەی باسەکە بەتایبەت لەسەردەمی ئیمەدا بە رەوتیکی کونەپەرستانەو پووچیی میللەتسازییەوە کە لەئاراداییەو ئەو دەردەسەرییانەی کە بەسەر خەلکیدا دەسەپینی، زور گرنگە .

بەلام گرنگترین لایەنی ئەم شیوە لیکدانەوەیەی مەسەلەکە ئەمەیە کە کیشمەکیشی کومونیزمو ناسیونالیزم لەسەر مەسەلەی میللیو جیابوونەوەی میللەتان دەخاتە سەر ریچکە واقعییەکەی خوی. قەلەمرەوی هەلسوورانی دژی ناسیونالیستیی کومونیزمی کریکاری بەتاو پەرە پیدەداتو دەیگوری. دەبی ئەمە زیاتر شیبکەینەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناسیونالیزمو مەسەلەی میللی

مەسەلەی میللی، وەکو بەرامبەرکییەکی کومەلایەتی لەسەر بناغەی ناسنامە میللییەکان کە ئەوەندە پەرەئەگری کە جیابوونەوەی سیاسی وەکو ریگاچارەیەک دینیتە گور، چون سەرهەلأئەدات؟ خودی بوونی ناسنامە میللییە جیاجیاکان نابیتە مایەی سەرهەلدانی حەتمیی مەسەلەیەکی میللی لەکومەلگادا. نموونەکانی پیکەوە ژیانی بیگیروگرفتو بیپیکدادانی میللەتە جیاجیاکان لەیەک چوارچیوەیەکی ولاتیدا زورن. بوونی ستەمو هەلاواردنی میللیش هیشتا بەمانای سەرهەلدانی مەسەلەی میللی نییە لەئاستیکی کومەلایەتیدا. لەزوریک لە ولاتاندا هەلاوادنە میللییەکان لەهەمان کاتدا کە واقعییەتیکی هەست پیکراوو مەینەتباری ژیانی میللەتە ژیردەستەکانن، لەگەل ئەمەشدا لەجەرگەی ئەو پەیوەندییە جیکەوتووە ئابووریو سیاسییانەی کە لەکومەلگادا هەن، بو خودی تاکەکانی میللەتی ژیردەست لەوە لاوەکیتر دەرئەکەون کە کیشمەکیشیکی سیاسی توندوتیژ بخوازن. خەبات بو لابردنی ئەم هەلاواردنانە لەزوربەی زوری حالەتەکاندا نابیتە مایەی سەرهەلدانی مەسەلەیەکی میللی بو ئەو کومەلگایە .

راستییەکەی ئەوەیە کە بو سەرهەلدانی مەسەلەی میللی دەبی ناسیونالیزم وەکو ئایدولوژیو بزووتنەوەیەکی کومەلایەتی بەتەواوی هاتبیتە مەیدان . جیاوازییە میللیو قەومییەکانو نایەکسانییە ئابووریو کومەلایەتیو فەرهەنگییەکان لەسەر بناغەی ئینتمای میللی، ئەو واقعییەتانەن کە بە دەستی بزووتنەوە کومەلایەتییە جیاجیاکانەوە بەسەرەنجامی جیاجیا دەگەن .لیبرالیزمو کومونیزمو سوسیال دیموکراسیو ناسیونالیزم لەگەلأ ئەم واقعییاتو پوتانسیلانەدا وەکو یەک رەفتار ناکەن. ناسیونالیزم ئەو رەوتەیە کە دەیەوی تەبەلوری سیاسی ببەخشیتە ئەم قلشتو جیاوازییانە. ناسیونالیزم ئەو رەوتەیە کەئەم جیاوازییانەی ئیستاو داهاتوو راستەوخو بە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسیو ئایدولوژیی حوکمرانییەوە گریدەدات .



پیشتر وتم کەناسیونالیزم بەرهەمی خوپەرستانەی میللەتان نییە . بەپیچەوانەوە، میللەتانو خوپەرستیو دەمارگیریی میللییان بەرهەمی ناسیونالیزمە. ناسیونالیزم، سەربەخو لەوەی کە لە چ سەردەمیکداو لەجەرگەی کام رەوتی پایەیی لەقەلەمرەوی ئابووری سیاسیدا پیئەنیتە مەیدان، ئایدولوژییەکی بورژواییيە بو بەرپاکردنی دەسەلاتی چینایەتی . ئایدولوژییەکە کە هەولأ دەدات حکومەتی چینایەتی بورژوا بەجوریک بەرپا بکات کە وەکو بەرهەمو تەجەسومی سیاسی خاسییەتو تایبەتمەندییە زاتییە هاوبەشەکانی نیوان ئەتباعەکەی نیشان بدریت. ناسنامەی میللی بەردی بناغەی ستراتیجیی ناسیونالیزمە لەبەرپاکردنی دەولەتی چینایەتی بورژوازیدا. دەولەتی چینی دەسەلاتدار، بە تەجەسومی خارجیی زاتو ناسنامەی میللی هاوبەشو سەرووچینایەتی ئەتباعەکەی لەقەلەم ئەدریت، لەکاتیکدا لەواقعدا ئەوە ناسنامەی میللی ئەتباعی کومەلگایە کە تەجەسومی دەروونیو رەنگدانەوەی ئایدولوژی ناسیونالیستیی دەسەلاتە لەزەینی ئەواندا. ئەوە پیداویستییەکانی بەرپاکردنی دەسەلاتی بورژوازییە کە بو ناسیونالیزم داهینانی مەقولەی میللەتو ناسنامەی میللی دەکاتە شتیکی پیویست .

مەسەلەی دەولەتو دەسەلاتی سیاسیو پەیوەندییان بە میللەتو ناسنامەی میللییەوە، مەسەلەی بنەرەتیی ناسیونالیزمە. رولی ناسیونالیزم لە خولقاندنی مەسەلەی میللیدا، گواستنەوەی مشتومرو جیاوازییە میللییەکانە لە قەلەمرەوی ئابووری یان فەرهەنگیوە بو قەلەمرەوی سیاسەتو مەسەلەی دەسەلات. تائەوکاتەی کە جیاوازیو نایەکسانیو کیشمەکیشو مشتومرە میللیو قەومییەکان راشکاوانە نەبەسترابیتنەوە بە مەسەلەی دەولەتو حاکمییەتەوە، هیشتا مەسەلەی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە سەری هەلنەداوە. کاری ناسیونالیزم ئەوەیە کە ئەم گوزارە بوناو قەلەمرەوی سیاسەتو دەسەلاتی دەولەتیی زامن بکات .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەسەلەی میللی زیاتر لە هەر شتیک ئاکامی میللی بوونی فەلسەفەی دەسەلاتی دەولەتییە لە کومەلگادا. ناسیونالیزمی میللەتی بالادەستو هینانە مەیدانی دەولەت وەکو ئامرازیک بو زامن کردنی بەرتریی میللیو قانوونیەت دان بە هەلاواردنە میللییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی سەرهەلدانی مەسەلەی میللییە لەچوارگوشەی جیهاندا. ستەمی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە مەقولەیەکی سیاسییە. لەنیزامیک کەتیایدا ئایدولوژی حاکمییەت لەسەر ئینتمای میللی دانەمەزرابی، ئەو نایەکسانییانەی کە لەئیمکاناتە ئابووریو فەرهەنگییەکانی نیوان میللەتە جیاجیاکان‌دا هەیە، شانسیکی کەمتری هەیە بوئەوەی ببیتە مایەی کیشمەکیشیکی سیاسیو شکلأدان بە مەسەلەیەکی میللی لەکومەلگادا .

بەلام سەرکوتگەریی ناسیونالیزمی بالادەست تەنها سەرچاوەو زەمینەی سەرهەلدانی مەسەلەی میللی نییە. واقعییەتەکانی هەرئەم چەند سالەی یەکەمی دەیەی نەوەد ئەوە بەروشنی نیشان دەدات کە جموجولە ناسیونالیستییەکان دەتوانن لەسایەی هەلومەرجی تایبەتیدا لەسەر بچووکترین‌و لاوەکیترین قلشتی میللیو قەومی گەورەترین کیشمەکیشی میللی بنیات بنین. ئەگەر بکریت فورمولەیەکی گشتی لەبارەی سەرهەلدانی مەسەلەی میللییەوە بەدەستەوە بدریت ئەوەیە کە بوونی مەسەلەی میللی بەمانای تایبەتی ووشەکە بەرهەمی کارکردی ناسیونالیزمەو رووبەروو بوونەوەو بەرامبەرکیی توندوتیژی ناسیونالیزمە جیاجیاکان تایبەتمەندیی هەموو حالەتەکانی مەسەلەی میللییە. کاتیک ئەم رووبەرووبوونەوەیە بەکردەوە رووئەداتو مشتومر لەسەر دەسەلات لەژیر ئالای ناسنامە میللییە جیاجیاکان لەنیوان بەشە جیاجیاکانی بورژوازیدا هەلئەگیرسی، ئیتر سەرچاوەی کومەلایەتیو فەرهەنگیی پیکهەلپژانەکانی یەکەم شتیک لەبارەی ناوەروکو بناغەی ئەمروی مەسەلەکەوە روون ناکاتەوە .



مەسەلەی میللی بەرهەمی ناسیونالیزمە. بەلام چارەسەرکردنەکەی زورجار ئەکەویتە ئەستوی سوسیالیزمی کریکاری. باسی بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە ئامرازیکی گرنگی کومونیزم‌و چینی کریکارە لەبەرامبەر بن‌بەستو قەیرانیک کە ناسیونالیزم‌و بورژوازی خولقاندوویانە. بەم پییە هاتنە ناوەوەی باسی مافی جیابوونەوە بوناو بەرنامەی کومونیستی بەمانای بەرەسمییەت ناسینی توانای تیکدەرانەی ناسیونالیزمە لەدنیای بورژوازیدا. بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە چەکیکە بوخەبات لەدژی ناسیونالیزم. وە ئەمەش ئەو لایەنەی دەرکی مارکسیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا کە بەشیوەیەکی تایبەتی قەرزارباری لینینە. ((کومونیزمیکی پراتیک))ی کە سرینەوەی هەلاواردن‌و ناسنامە درووینە میللییەکان تەنها شیعاریکی سەرئالاکەیو ئارەزوویەک نییە لەدلیدا، بەلکو ئەرکیکە کە بەکردەوە خستوویەتییە ئەستوی خوی .کومونیزمیکی پراتیکی کە دەیەوی مەبادئەکانی لەجیهانی واقعیو لەبەرامبەر هیزی مەزنی رەوتە بورژواییەکاندا پیادە بکات. بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەم لیچوو وەکو ریگاچارەی مەسەلەی میللی، شیوازیکە بو چەک کردنی ناسیونالیزم‌و بورژوازیو ریگاخوش کردن بو رزگاربوونی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش لە کارکردە زیانبارەکانی ناسیونالیزم لەسەر زەین‌و ژیانیان .

ئەم باسە لەهەمان کاتدا بەو مانایەیە کە بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە وەختیک مەوزوعییەت پەیدا دەکات کە رەوتە ناسیونالیستییەکان پیشرەوییەکی بەرچاویان کردبیتو خورافاتەکانی خویان کردبیتە هیزیکی ماددی لەکومەلگادا. بەتایبەت ئەوەی کە کارەکەیان کیشابیتە قەلەمرەوی کیشمەکیشی چالاک لەمەیدانی سیاسیدا. بوونی ناسیونالیزمیک کە هیشتا لە قەلەمرەوی فەرهەنگو خونواندنی فەرهەنگیدا ماوەتەوە، ناسیونالیزمیک کە هیشتا لەنیو ئەومیللەتەدا، چ بالادەستو چ ژیردەست، رەوتیکی لاوەکیو وەرەقەیەکی زەختی بچووکە، نابیتە پاساویک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بو بازدان بو باسی مافی جیابوونەوە. بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە دەرمانی دەردیکە کەبەکردەوە نیشانەکانی دەرکەوتبیت، فاکسن [کوتان]یک نییە بو بەرگرتن بە سەرهەلدانی مەسەلەی میللی. روویەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە ئەو مەسەلە میللییانەی کە هەن مومکنە لەرەوتی میژوودا لەمەیدان بچنە دەرو مەسائیلیکی تازە بینە مەیدان. قلشتیکی میللی کە ئەمرو نەبووەتە گرییەکی سیاسیو کومەلایەتیی بنەرەتی دەتوانی لەماوەی چەند سالیکدا بەهیممەتی ناسیونالیزم وای لیبیت. دەستنیشان کردنی کونکریتی مەسەلەکە لەهەر حالەتیکدا مەرجی مەبدەئییەتی کومونیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا .

فورمولبەندییەکەی ئیمە کەلەسەر بناغەی گریدانی باسی مافی جیابوونەوە بە بوونی مەسەلەی میللییەوە، بەمانای سیاسی ووشەکە، بنیات نراوە، کومەکمان پیدەکات کەبتوانین تەئکیدیکی زیاتر لەسەر ئەرکە دژی ناسیونالیستییەکانی کومونیزم بکەین بەرلە سەرهەلدانی مەسەلەی میللی . خەباتی چالاکانە لەدژی ستەمو هەلاواردنی میللی، بانگەواز بو خەباتیکی سەراسەری لەپیناو کومەلگایەکی یەکسانو دوور لەهەلاواردن، پەردە هەلمالین لەرووی ناسیونالیزمو بەرژەوەندیو ناوەروکە بورژواییەکەی لەهەردوو بەری کیشمەکیشە میللییەکاندا، تەبلیغ کردنی ناسنامەی چینایەتی هاوبەشی کریکارانو ناسنامەی ئینسانیی هاوبەشی هەموو خەلکو رەخنەگرتن لە تیروانینی دەمارگیرانەی ناسیونالیستی، ئەمانە ئەرکە سەرەکیو حەیاتییەکانی کومونیزمە لەدژی جموجولی ناسیونالیستیو ئاسوی میللی. فورمولبەندییە بەرنامەیییەکەی ئیمە بە دانانی باسی "مافی میللەتان" لەچوارچیوەیەکی دیاریکراوو مەودا شمولییە سنووردارو واقعییەکەی خویدا، بزووتنەوەی کومونیستی بەوجورەی کە پیویستە لەدژایەتییەکی لەئاشتی نەهاتوو لەگەلأ ناسیونالیزمدا پیناسە دەکاتو لەزوربەی حالەتەکاندا بو هیرش کردنە سەری بانگەوازی دەکات، بیئەوەی کەئیمە لە



ئامرازە سیاسییە واقعییەکان بو دەخالەتی واقعی لە قەیرانە میللییەکانی کومەلگادا مەحروم بکات .

**بەکورتي:**

١ -بناغەی بەرنامەی کومونیزمی کریکاری لەبەرامبەر میللەتو میللەت چیتیدا، مەبدەئە ئەنتەرناسیونالیستییەکانی مارکسیزمە کە کومونیزمی کریکاری لەدژی ناسیونالیزمو ستەمگەریی میللی پیناسە دەکاتو سرینەوەی سنوورەکانو ناسنامە درووینە میللییەکان دەخاتە دەستوری بزووتنەوەی نیونەتەوەیی چینی کریکارەوە .

٢ -هەروەها بەرنامە دەبی حیساب بو هیزی ماددیو تیکدەرانەی ناسیونالیزم بکات لەدنیای هاوچەرخداو ریگاچارەی چینی کریکار بو قەیرانو مەسەلە میللییەکانی دنیای هاوچەرخ بخاتە روو. بەرنامە دەبی مافی جیابوونەوەی میللەتانی ژیردەست وەکو ریگاچارەیەکی رەوای مەسەلەی میللی بەرەسمی بناسی .

٣ -بەرنامە دەبی لەچوارچیوەی ئەو ولاتەدا کە قەلەمرەوی سەرەکیی هەلسوورانی حزبە، واتە ئیران، پەنجە بخاتە سەر ئەو مەسەلە میللییانەی کە لەم برگە دیاریکراوەدا چارەسەرکردنیان بەدیاریکراوی پیادەکردنی مەبدەئی مافی جیابوونەوە دەخوازی. بەبروای من لەچوارچیوەی ئەوزاعی سیاسی ئیرانی ئەمرودا، تەنها حالەتی کوردستان ئەم حوکمە ئەیگریتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

* * *

بەرلە کوتایی هاتنی ئەم زنجیرە ووتارە دەبی هیشتا دوو خالی تر تاوتوی بکری. یەکەم، ئایا مەقولاتی خودموختاریو ئوتونومیو... تاد لەوەلامدانەوەی کومونیستی بەمەسەلەی میللیدا چەندە ئیعتبار یان هەیە یان نییە. بەبروای من ئیدەی خودموختاری، واتە پاراستنی چوارچیوەی ولاتیکو پیادەکردنی دەسەلاتە میللیو قەومییە خودموختارەکان تیایدا، نەخشەیەکە بو هەتاتایی کردنی ناسیونالیزمو ناسنامەی میللیو چاندنی تووی قلشتو کیشمەکیشە میللییەکان لەکروکی ئیسکی کومەلگادا. ئەمە دەبی رەت بکریتەوە. خالی دووەم لیکولینەوەیەکی موشەخەس‌تری مەسەلەی کوردو ریگاچارەی پیشنیاری حزبی کومونیستی کریکارییە لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا. دەبی لەبەشی داهاتوودا بچینە سەر ئەم خالانە.

*روونکردنەوە: ئەم ووتارە لیرەدا بەعەمەلی کوتایی پیهات .هیچ بەشیکی تر لەدریژەی ئەم زنجیرە وتارەدا بلاو نەبووەوە .

ئەم وتارە یەکەم جار لە مانگی فیبرەوەری تا نوفەمبەری ١٩٩٤، لە ژمارەکانی ١١ تا ١٦ی ئەنتەرناسیونالدا بلاو بووەتەوە .

وەرگێرانی: سەعید ئەحمەد



# بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

## پەسەندکراوی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتە مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**پێشەکی** :بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ئەو بنەما گشتییانەیە، کە بڕیارەکانی پەیوەست بە پەیڕەوی ناوخۆ و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزب پشتی پێ دەبەستێت. پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەهەر قۆناخێکدا، ئاوێتەیەکە لەم سەنەدە و لە ئاییننامە ئیجراییەکان و بڕیار و مەوازینێک کە کۆنگرە، وەیان کۆمیتە مەرکەزی حیزب لەسەر بنچینەی ئەم بنەما ڕێکخراوەییە، لە مەیدانە موشەخەسترەکانی هەڵسوڕانی حیزبیی، پەسەندی ئەکات. ئەم بڕیار و ئاییننامانە ناتوانن و نابێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەی لەم سەنەدەدا هاتووە، دژبەیەک و ناکۆک بن .

* * *

### بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

١ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسییە، بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی چینی کرێکار، بۆ بەدیهێنانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شۆڕشی کۆمۆنیستی پێکهاتووه. ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا خراوەتە ڕوو .

٢ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، شوێنی یەکگرتن و هەڵسوڕانی کرێکارانی کۆمۆنیست و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە. ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا ئارەزوومەندانەیە. هەرکەسێک کە خۆی بە کۆمۆنیست و بە شەریکی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی حیزب بزانێت، وە ئامادەبێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، هەڵسوڕانی ڕێکخراو ئەنجام بدات، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزب .دوورکەوتنەوە و وازهێنان لە حیزبیش کارێکی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە .

٣ -ئەندامەتی لە حیزب، سنور و مەرج بۆ هیچ یەکێک لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی ئەندام دانانێت . بەهەمان شێوە، ئەندامەتی لە حیزب، لە هیچ هەلومەرجێکدا، نابێتە مایەی هیچ جۆرە ئیمتیاز وەیان باڵاتربوونی ئەو، لەچاو باقی خەڵکدا .

٤ .کادر، بە ئەندامێکی حیزب دەگوترێت، کە لە ڕێگای هەڵبژاردن، وەیان دانان، لێپرسراوێتی ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی هەڵسوڕانی حیزب، لە مەیدانێکی دیاریکراودا، لە ئەستۆ ئەگرێت. هەڵسوران بە عینوانی کادر، پێویستی بەوەیە، کە ئەو مەوازین و دیسپلینانەی کە هاوشانی ئەو لێپرسراوێتییە حیزبییەیە کە ئەو کەسە لە ئەستۆی ئەگرێت، قبوڵ بکات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە، ڕەنگە لێپرسراوێتی زیاتر و وابەستەبوون بە زەبتورەبتی توندتر، بە بەراورد لەگەڵ مەوازینی گشتی چاودێر بەسەر ماف و ئەرکی ئەندامان بە شێوەیەکی گشتی، لە ئەستۆی ئەفراد دابنێت. مەوازینی چاودێر بەسەر هەڵسورانی کادری حیزب، لە بڕیارە تایبەتییەکانی هەڵسوڕانی هەر ئۆرگانێک و لە ئەسنادێکیش کە چاوەڕوانییە گشتییەکانی حیزب لە کادرەکان خستویە ڕوو، دائەنرێت .



٥ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕێکخراوێکە، بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی، کە لەلایەن خودی چینی کرێکارەوەیە، وە تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزب، تابیعی ئەم ئامانجە بنەڕەتییەیە. پێکهاتە و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەجۆرێکە، کە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتری پێشڕەوانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار و هەڵسوڕانی بەردەوامی ئەوان لە حیزبدا، ئاسان و مسۆگەر ئەکات .

٦ -سێلولی پایەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، شانەی ئەندامانە، کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران پێک ئەهێنرێت. ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی حیزب، ڕێکخراوێکی قوچەکی(هەرەمی)، پێکهاتوو لە کۆمیتە محەلییەکانی حیزب ساز ئەکات، کە هەریەکەیان بردنەپێشەوە و ڕێنوێنی هەڵسوڕانی حیزبیان لە سنوورێکی زیندەگی_ جوگرافی دیاریکراودا، لە ئەستۆدایە. گرنگترینی ئەو کۆمیتانە بریتین لە کۆمیتەی محەل (کۆمیتەی شوێن: شوێنی کار وەیان ژیان _وەرگێڕ)، کۆمیتەی شار و ناوچە. کۆمیتەی مەرکەزی لە نوکی قوچەکی ڕێکخستنەکەدایە و تەواوی ەهڵسوڕانی حیزب، لە ئاستی سەراسەریدا، ڕێک دەخات و ڕێنوێنی دەکات .

٧ -سەربارى ڕێکخستنی قوچەکی و ستوونی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەگوێرەی پێویست، کۆمەڵێک ئۆرگان و ەەیئەتی پسپۆر و دەزگای ستادی لە چەشنی چاپەمەنی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فێرکردن، یەکە و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و شتی لەم جۆرە، پێکئەهێنێت، کە لەژێر چاودێری کۆمیتە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخستنەوە هەڵئەسورێن .

٨ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، بۆ بەرفراوانکردنەوەی نفوزی خۆی لە نێو ڕێکخراوە غەیرە حیزبییەکاندا، چ ڕێکخراوەی کرێکاریی وەیان غەیرە کرێکاریی، وە بۆ زاڵکردنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر جموجۆڵی ئەم ڕێکخراوانە، وەیان بۆ بەدەستهێنانی ڕابەرییەکەی هەوڵ و تەقەلا ئەدات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانێت، بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێکەێنانی ڕێکخراوگەلێکی لەو چەشنە، خۆی دەستپێشکەری ئەکات. حیزب لە هەر ڕێکخراوەیەکی غەیرە حیزبیدا، بە شێوەی یەک جەناح و فراکسیۆنی ڕێکخراو، کار دەکات .

٩ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئەرکێتی کە دەخالەت لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی چینایەتیدا بکات و ڕۆڵی پێشڕەویان تێدا بگێڕێ، هەروها ئەرکێتی کە ڕەوتی کۆمۆنیستی نێو دەروونی چینی کرێکار لە ژێر هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕێکبخات. لەم ڕووەوە حیزب، لەسەر بنچینەی ئەمە، ئێسکبەندیی بنەڕەتی، لەهەر قۆناخێک و لەهەر هەلومەرجێکدا، شێوە ئاراییشێکی ڕێکخراوەیی وها بەخۆ دەگرێت، کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییە دیاریکراوەکانی تێکۆشانی چینایەتی لەهەر دەورەیەکدا بێت .پێویستییەکانی هەڵسوڕانی ئاشکرا و قانونی و هەڵسوڕانی نهێنی و ژێرزەمینی، هەڵسوڕانی سیاسی وەیان عەسکەری، هەڵسوڕان لە دەورەی ئارام وەیان جموجۆڵی سیاسی، هەڵسوڕان لە هەلومەرجی لە ئارادابوون وەیان نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی تر، هەریەکە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و جۆری ئۆرگانەکانی و دەزگا تەشکیلاتییەکانی کە لەلایەن حیزبەوە پێکئەهێنرێت دائەنێت .

١٠ -کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزبە، کە لانی کەم هەر دوو ساڵ جارێک ئەبەسترێت. کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حیزبییەکان پێکدێت، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژێردراوون. بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، کۆمیتەی مەرکەزییە، کە لە هەر کۆنگرەیەکدا، ئەندامەکانی هەڵئەبژێردرێن .

١١ -تێکڕای کۆمیتە حیزبییەکان، لە ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی ڕێکخستن، بە هەڵبژاردنە .



١٢ -لە ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێکخستندا، ئەوەی کە ئەسڵە، پەیڕەویکردنی هەر کۆمیتەیەکە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی باڵاتر و پەیڕەویکردنی هەموو کۆمیتەکانە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتە مەرکەزی .

١٣ -هاوفکریی لە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تێکۆشانی عەمەلی بۆ گەییشتن پێی، پرانسیپی بناغەیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. فراوانترین ئاڵوگۆڕی نەزەر و هاوفکری و زۆرترین کەشی کراوە بۆ دەربڕینی بۆچونەکان و تێڕوانینە جیاوازەکانی کەسەکان، لە پرۆسەی بڕیاردان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێک، لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا، هاوشانی توندوتۆڵترین زەبتوڕەبت و هاوهەنگاوی و یەکپارچەیی عەمەلی لە بەرەوپێشەوەبردنی سیاسەت و هەنگاوە پەسەندکراوەکان، کۆڵەکەی لەجیاوەبوونەهاتووی پەیوەندییە دەروونییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکئەهێنێ .

١٤ -زەبتوڕەبتی توندوتۆڵی تەشکیلاتی، مەرجی پێویستی ئیدامەکاری و پێشڕەوی حیزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکارییە، لە هەلومەرجی نالەبار و سنوردارکراوی مەوجود، تەنانەت لە وڵاتە زۆر لیبراڵەکانیشدا. زەبتوڕەبتی زاڵ بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، زەبتوڕەبتێکی پشتبەستوو بە هوشیاری ئەندامان لەسەر پێویستییە عەمەلییەکانی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و هەلومەرجەکانی هەڵسوڕانی حیزبە. دیسپلینی حیزبی بە پلەی یەکەم، پەیوەستە بە هاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حیزب و پوختەیی و هوشیاری ئەندامان و هەڵسوڕاوان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە میانەی هەوڵ و کۆششی هەمیشەیی، بۆ فێرکردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزکردنی ئەم ئاگایی و هوشیارییە لە نێو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی خۆیدا، لەبەرامبەر لادان لە پرانسیپی حیزبیدا، هەنگاوی ئینزیباتی دیاریکراو ئەگرێتەبەر. ئاگادارکردنەوەی ڕەسمی، سوکترین و دەرکردن (لێسەندنەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەندامەتی)، توندترین هەنگاوی ئینزیباتییە، لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا .

١٥ -بناغەی دیاریکردنی ئەرک و لێپرسراوێتی حیزبیی هەر کەسێک، ئامادەیی و پەسەندکردنی ئاگایانەی خودی ئەو کەسەیە. هیچ کەسێک لە ئەندامانی حیزب، بە زۆر و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەر ئیشوکارێک، وەیان قبوڵکردنی هەر مەئموریەت و لێپرسراوێتییەک، ڕاناسپێردرێت .لەهەمانکاتدا، قبوڵکردنی هەر لێپرسراوێتییەکی تەشکیلاتی و ئامادەبوون لە هەر ئۆرگانێکی حیزبیی ، بە مانای، ڕاگەیاندنی ئامادەیی ئاگاهانەی ئەو کەسە، بۆ قبوڵکردنی ئیشوکار، نۆرم و دیسپلین و مەوازینی تەشکیلاتی تایبەت بەو پۆستە وەیا ئەو ئۆرگانەیە .

١٦ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لە ژیانی خسوسی ئەندامەکانیدا دەخاڵەت ناکات. ئەم مافە، هەمیشە بۆ حیزب پارێزراوە کە هەرکاتێک ڕەفتار و کردەوەی ئەندامانی حیزب لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێچەوانەی پرانسیپەکانی حیزب بێت، هەنگاوی ئینزیباتی پێویست، تا ڕادەی لێسەندنەوەی ئەندامەتی ئەو کەسە، بەکار ئەهێنێت .

* * *

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

٢٠٠٤/٩/١٧



# دنیایەکی باشتر

## بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

خوێنەری بەڕێز، ئەم بەرنامەیە لەسەر بناغەی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری " دنیایەکی باشتر" داڕێژراوە، کە مەنسوری حکمەت نووسیویەتی و کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە تەمموزی ١٩٩٤دا پەسەندی کردووە. بەشی یەکەمی بەرنامە، کە بنەما فیکرییەکانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەخاتە ڕوو، بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک لێرەشدا هاتووە، بەڵام بەشی دووەم بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی عێراقدا ئاڵوگۆڕی پێویستی تێدا کراوە .

کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە لە شوباتی ١٩٩٨دا بەسترا ئەم بەرنامەیەو گۆڕانکاریەکانی لیژنەی ئامادەکردنی بەرنامەی حیزبی پەسەند کردو داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کرد کە دوا گەڵاڵەی بەرنامە ئامادە بکات. ئەم دەقەی بەردەستتان گەڵاڵەی دوایین و ڕەسمی پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دنیایەکی باشتر

### بەشی یەکەم

- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری
  - دنیایەکی باشتر
  - ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی
  - خەباتی چینایەتی: پرۆلیتاریاو بۆرژوازی
  - کۆمۆنیزمی کرێکاری
- سەرمایەداری
  - کارنامە
  - کۆڵەکەکانی سەرمایەداری
  - دەوڵەت و رووبینای سیاسی
  - کەلتوورو ئایدۆلۆژی و ئەخلاق
- شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیزم
  - کۆمەڵگای ئازادی کۆمۆنیستی
  - شۆڕشی پرۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری
  - حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار
- کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی
- شۆڕش و ریفۆرم

### بەشی دوهم



- بنەماو چوارچێوە گشتییەکان
- بونیادو ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی
  - حکومەتی شورایی
  - هەڵوەشاندنەوەی سوپا
  - هەڵوەشاندنەوەی بۆرۆکراسی سەروو خەڵکیی
  - بەرقەرارکردنی دادگای سەربەخۆو دابینکردنی عەدالەتی قەزایی بۆ هەمووان
- ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان
- یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازی
  - یەکسانیی ژن و پیاو - قەدەغەکردنی جوداسازیی لەسەر بناغەی جنسی
  - یەکسانیی هەموو دانیشتووانی وڵات لە رووی حقوقییەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزنامەیان
  - قەدەغەکردنی جوداسازیی نەژادی
  - سڕینەوەی ستەمی میللی
  - مەسەلەی کورد
- یاساوڕێسا کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە مۆدێرن و پێشرەوەکان
  - دین و میللەت و رەگەز
  - ژیانی هاوبەش، خێزان، زەواج و تەڵاق
  - مافەکانی مناڵان
  - پەیوەندی جنسیی
  - لەباربردن
  - خەبات لە دژی ئالودەبوون و تەهریبی ماددە بێهۆشکەرەکان
  - خەبات لەدژی لەشفرۆشی
  - رێوشوێنی دادگایی کردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- مافەکانی تاوانبارو تاوانبارکراوان
- هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام
- پاراستنی حورمەت و شەخسییەتی خەڵک
- هۆیەکانی ڕاگەیاندن
- دان نان بەو زمانانەی کە لە وڵاتدا بەکاردێن
- گۆڕینی ئەلف و بێی عەرەبی

* یاساکانی کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی
  - یاسای کار
  - خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان
* پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

دنیـــایەکی باشــــتر

بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

١

4

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

5

## دنیایەکی باشتر

6

گۆڕینی جیهان و بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر، بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای بەشەریی، ئاوات و ئامانجێکی هەمیشەیی ئینسانەکان بووە. سەرباری



برەوی بیروباوەڕە قەدەری و خورافییەکان، بەدینی و غەیرە دینییەوە، تەنانەت لە دنیای بەناو مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، کە هەریەکەیان بە جۆرێک جارِ بۆ بێ مەرهەمیی و موقەدەربوونی هەلومەرجی زاڵ ئەدەن، ژیانی واقعی و کردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵک هەمیشە بەڵگەی ئومێدو باوەڕێکی قووڵە بەوەی کە دنیای سبەینێ دەتوانێ لە بێبەشی و کوێرەوەری و کەموکوڕی و دزێوییەکانی دنیای ئەمڕۆ بێبەری بێت، باوەڕ بەوەی کە کردەوەی دەستەجەمعی و فەردیی ئەمڕۆی ئینسانەکان، دەور دەگێڕێ لە کۆمەڵگادا کە ژیان و هەڵسووکەوتی جەماوەی فراوانی خەڵک ئاراستە دەکات .

7

کۆمۆنیزمی کرێکاری بەر لە هەرشتێک سەرچاوەکەی بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە، بۆ ئومێدو باوەڕی ئینسانە بێ شوومارەکان و وەچە یەک لەدوای یەکەکان بەوەی کە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەرووری و مەیسەرە .

8

## ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی

9

بێگومان دیدی هەمووان بۆ ژیانێک کە پێویستەو بۆ دنیای ئارەزوو وەک یەک نییە.بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەدرێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵەی کۆمەڵگای بەشەری هەندێ چەمک و مەقولە هەمیشە بە وێنەی مەحەکی بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە شێوەی جۆراو جۆر بەرجەستە و دووبارە کراونەتەوە، تا ئەو ڕادەی کە ئیتر بەوێنەی کۆمەڵێک چەمکی موقەددەس لە کەلتووری سیاسی جەماوەری خەڵک لەسەرانسەری جیهاندا جێگای خۆیان کردۆتەوە،ئازادی،یەکسانی،دادوەری و خۆشگوزەرانی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم مەحەکانەدان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

10

ڕێک هەر ئەم ئاوات و ئارەزووانە بنچینە مەعنەوییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێکدەهێنن. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکە بۆ گۆڕینی جیهان و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان و ئینسانی و خۆشگوزەران .

11

## خەباتی چینایەتی : پرۆلیتاریا و بۆرژوازی

13

بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری فیرقەی خێرخوازانی خەیاڵپەردازو قارەمانانی تاسەی رزگاریی بەشەرییەت نییە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ئەلگۆو گەلاڵەیەکی دەرهاویشتەی مێشکی حەکیمانێکی خێرئەندێش نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخەوە سەردەردێنێ و ڕەنگدانەوەی ئاسۆوئامانج و نارەزایەتی بەشێکی گەورەی هەر ئەم کۆمەڵگایەیە .

14

مێژووی تێکڕای کۆمەڵگاکانی تائێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتی یە. مشت و مڕێکی بێوچان، تاوێک ئاشکراو تاوێک پەنهان، لەنێوان چینە چەوسینەرو چەوساوەکان، ستەمگەرو ستەمدیدەکان لە سەردەم و کۆمەڵگا جیاجیاکاندا هەمیشە لەئارادا بووە. ئەم مشتومڕە چینایەتییەیە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاڵوگۆڕو گۆرانکارییە لە کۆمەڵگادا .

15

بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی پێشووەوە کە بە گشتی لەسەر بناغەی چینبەندی و توێژبەندییەکی ئاڵوز دامەزرابوون، کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەداری دابەشبوونی چینایەتی زۆر سادە کردۆتەوە. کۆمەڵگای هاوچەرخ، سەرباری هەمەچەشنیی بەربڵاوی پیشەکان و کاردابەشکردنێکی



بەرین، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری دوو ئۆردوگای چینایەتی سەرەکی بیناکراوە کە ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاون: کرێکاران و سەرمایەداران، پرۆلیتاریاو بۆرژوازی .

16

بەرامبەرکێی ئەم دوو ئۆردوگایە لە بنەڕەتدا چاوگ و بنچینەی هەموو کێشمەکێشە ئابووری و سیاسی و حقوقی و فیکری و کەلتووری یە جۆراوجۆرەکانە کە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا لەئارادایە. نە تەنها ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا، بەڵکو تەنانەت ژیانی کەلتووریی و فیکریی و زانستیی ئینسانی ئەمرۆش کە بەڕواڵەت وەکو قەڵەمڕەوی سەربەخۆو سەروچینایەتی دێنە بەرچاو، مۆری ئەم ڕیزبەندی یە سەرەکییەی کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەدارییان پێوەیە. ئۆردوی پرۆلیتاریا، ئۆردوی کرێکاران، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕو ئامانج و مەیل و حیزبە جۆراوجۆرانەی کە تیایدایە، نوێنەری گۆڕین یان باشکردنی ئەم نیزامەی ئێستایە بە قازانجی جەماوەری بێبەش و ستەمدیدەی کۆمەڵگا. ئۆردوی بۆرژوازیش، دیسانەوە بەهەموو ڕیبازو حیزبە سیاسی و بیرمەندو شەخسییەتە جۆراوجۆرەکانیەوە، خوازیاری پاراستنی کۆڵەکەکانی ئەم وەزعەی ئێستایەو لە بەرامبەر گوشاری ئازادیحوازی و یەکسانیخوازیی کرێکاریدا بەرگری لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵات و ئیمتیازاتە ئابووری و سیاسییەکانی بۆرژوازی دەکات .

17

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتە چینایەتییەوە سەردەردێنێ. ڕیزێکە لە ئۆردوگای پرۆلیتاریا .کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە بۆ ژێرەوژوورکردنی نیزامی سارمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوە .

18

## کۆمۆنیزمی کرێکاری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

19

بەڵام، نەتها ئازادی و یەکسانی، بەڵکو تەنانەت سڕینەوەی چەوسانەوەو چینەکانیش، ئامانجێکی تایبەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نییە. لەکۆمەڵگاکانی پێشووشدا ئەم ئامانجانە ئاڵای بزووتنەوە جیاجیاکانی چین و توێژە بێبەشەکان بوون. ئەو شتەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزوتنەوەو ئامانجێکی کۆمەڵایەتی لە هەوڵ و کۆششە ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەکانی پێشوو جیادەکاتەوە، ئەوەیەکە کۆمۆنیزمی کرێکاری چ لە ڕووی عەمەلی و کۆمەڵایەتییەوە و چ لە ڕووی ئامانج و فیکرەوە،لە بەرامبەر سەرمایەداری، واتە پێشکەوتووترین و مۆدێرنترین نیزامی چینایەتیدا ڕادەوەستێ .

20

کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەی پرۆلیتاریایە، ئەو چینەی کە خۆی بەرهەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانی مۆدێرنی پیشەسازییە. ئەو چینەی کە لەسەر فرۆشتنی هێزی کاری خۆی دەژی و جگە لە هێزی کاری خۆی ئامرازێکی تر بۆ بەرێوەچوونی گوزەرانی شک نابات. پرۆلیتاریا کۆیلە نییە ،رەعییەت نییە، وەستاکارو پیشەوەر نییە، نەموڵکی کەسێکەو نە کۆیلەی کەس، نە خۆیشی خاوەنی ئامڕازی کاری خۆیەتی.هەم ئازادە و هەم ناچارە کە هێزی کاری خۆی لە بازاڕدا بە سەرمایە بفرۆشێت .پرۆلیتاریا،بەرهەمی سەرمایاداری و پیشەسازی مۆدێرنەو چینی چەوساوەی سەرەکییە لەم نیزامەدا .

21

بنەما فیکری یەکان و ئامانجی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەر بەناغەی ڕەخنە لە پایە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی نیزامی سەرمایەداری دامەزراوە. ڕەخنەیەکی حەقیقی و شۆڕشگێڕە. دیدی زەحمەتکێشان و بەرهەمهێنەرانی غەیرە پرۆلیتەری بۆ ئازادی و یەکسانی و بەختەوەریی بەشەر، چ ئەمڕۆو چ لە کۆمەڵگاکانی پێشوودا، بە ناچاری ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە،



هەروەها ڕەنگدانەوەی جێوشوێنی خودی ئەوانە لەپەیوەند بە بەرهەمهێنان و خاوەندارێتییەوە. دیدی کۆیلە بۆ ئازادی بە ناچاری زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری تێ ناپەڕێ و دەرکی ڕەعییەت یان پیشەوەری بچووکی شار لە یەکسانی ناتوانێ شتێکی زیاتر لە یەکسانیی لە مافی خاوەندارێتی بێت. بەڵام بە سەرهەڵدانی پرۆلیتاریا وەکو جەماوەری فراوانی بەرهەمهێنەرانی داماڵراو لە هەر جۆرەخاوەندارێتییەکی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، چینێک کە ئەسارەت و چەوسانەوە ئابووری یەکەی، ڕێک لەسەر بناغەی ئازادییە حقوقییەکەی بنیات نراوە، ئاسۆی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە بنەڕەتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پرۆلیتاریا ناتوانێ ئازاد بێت بێ ئەوەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشبوونی چینایەتی ڕزگاری ببێ. یەکسانی مەسەلەیەکی حقوقیی ڕووت نییە، بەڵکو لە هەمان کاتداو لەبنەڕەتدا ئابووری کۆمەڵایەتییە .

22

ڕەخنەی پرۆلیتاری لەسەرمایەداری، هەروەها جیهانبینی و خەباتی سیاسی ئازادیخوازانەو ڕزگاریخوازنەی کرێکاریی کە نزیکی دوو سەدە بەر لە ئێستا لە شێوەی دیاریکراوی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا سەری هەڵدا، بەهۆی مارکسیزمەوە ئینسجام و بەرچاوڕۆشنی و توانایەکی تیۆری مەزنی بەدەست هێنا. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەدرێژایی مێژووی خۆی پەیوەندییەکی قووڵ و نەپساوی لەگەڵ مارکسیزم و ڕەخنەی مارکسیستی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەبووە .

23

کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەسەرهەڵدانی سەرمایەداری و چینی کرێکاری کرێگرتە قەوارەی گرت و گشتی ترین و قووڵترین شێوەی ڕەخنەو نارەزایەتی چینی کرێکار بە نیزامی سەرمایەداری و مەینەتییەکانی نوێنەرایەتی دەکات. ئامانج و بەرنامە عەمەلییەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەسەر بناغەی ڕەخنەی مارکسیستی لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بنچینەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخ، وەکو ئاخرین و مۆدێرنترین و پێشکەوتووترین شێوەی کۆمەڵگای چینایەتی، دامەزراوە .

24

کۆمۆنیزمی کرێکاری بزوتنەوەیەکی دابڕاو لە گشت چینی کرێکار پێکناهێنێ و بەرژەوەندییەکی جیا لە بەرژەوەندی هەموو چینی کرێکاری نییە. جیاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ باقی بزووتنەوەو حیزبە کرێکارییەکان لەوەدایە کە یەکەم، لە خەباتی چینایەتی هەر وڵاتێکدا، ئاڵای یەکێتی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کرێکارانی سەراسەری جیهان بەرز دەکاتەوە، دووەمیش، لە قۆناغ و سەنگەرە جیاجیاکانی خەباتی چینی کرێکاردا، بەرژەوەندی تێکڕای بزووتنەوەی پێشڕەوترین بەشی چینی کرێکارە کە هەلومەرج و پێداویستییەکانی سەرکەوتن و دوائامانجی خەباتی چینایەتی بە باشی دەناسێ و لە پێناو هێنانە مەیدانی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردا تێدەکۆشێ.

دنیایەکی باشتر - بەشی یەکەم - بابی دوهەم

26

## سەرمایەداری

### کارنامە

27

نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەو هۆی مانەوەی هەموو ئەو کوێرەوەریانەیە کە بەرۆکی ئینسانی ئەمڕۆی گرتووە. هەژاری و بێبەشی، جوداسازی و نایەکسانی، ئیستیبدادو سەرکوتی سیاسی، نەزانی و خۆرافەو دواکەوتوویی کەلتووری، بێکاری، بێ خانەولانەیی، نائەمنیی ئابووری و



سیاسی، فەسادو تاوان هەرهەموویان ئاکامی حەتمیی ئەم نیزامەن. قسەکەرانی بۆرژوازی بۆ نکوڵی کردن لەم حەقیقەتە، پێمان دەڵێن کە ئەم مەینەتانە سەرمایەداری دای نەهێناون، هەموویان بەر لە سەرمایەداریش هەر هەبوون، پێمان دەڵێن کە چەوسانەوەو دەستبەسەراگرتنی دەسترەنجی بەرهەمهێنەران، ئیستبدات، جوداسازی، ستەمکێشی ژن، نەزانی و خورافەو دین و لەشفرۆشی کەموزۆر هاوتەمەنی کۆمەڵگای بەشەریین .

28

ئەوەی لەم نێوەدا پەردەپۆش دەکرێ ئەم ڕاستییەیە کە یەکەم، هەموو ئەم کوێرەوەری و بێبەشی یانە لەم کۆمەڵگایەدا ناوەرۆک و مانایەکی تازەیان پەیدا کردووە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی دنیای سەرمایەداریدا دێنەوەو هەموو ڕۆژێک سەر لەنوێ لە هەناوی سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆوەو وەکو بەشێکی جیانەکراوەی ئەم نیزامە، سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە. سەرچاوەی هەژاری و برسێتی، بێکاری و بێ خانەولانەیی و نا ئەمنیی ئابووری لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، نیزامی ئابووری کۆتایی سەدەی بیستەمە. ئیستبدادو دیکتاتۆرییە خوێناوییەکان، جەنگەکان، کوشتارە بەکۆمەڵەکان و سەرکوت و داپڵۆسینێک کە لە ژیانی ئەمڕۆدا بووەتە نسیبی سەدان ملیۆن ئینسان، حیکمەتی خۆیان لە پێداویستی و پێشمەرجەکانی نیزامی زاڵ بەسەر دنیای ئەمڕۆدا وەردەگرن و خزمەت بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی هەر ئەم دنیایە دەکەن. ژێردەستەیی ژن ئەمڕۆ لە پانایی جیهاندا، بەرهەمی ئابووری و ئەخلاقییاتی سەدەکانی ناوەڕاست نییە، بەرهەمی نیزامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەها ئەخلاقی یەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆیە .

29

دووەم، ئەوە بۆرژوازی و نیزامی سەرمایەدارییە کە هەمیشەو بە سەرسەختانەترین شێوە بەرامبەر بە تەقەلای هەموو ڕۆژەی جەماوەری فراوانی خەڵک لە چوارگۆشەی جیهان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کوێرەوەری و بێ بەشیی و دوواکەوتوویی یانەدا ڕادەوەستێ. هەوڵی هەموو ڕۆژەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کرێکار بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ئابووری و گوزەران و مافە مەدەنییەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک جگە لە بۆرژوازی و حیزب و دەوڵەت و زورناژەنەکانی لەگەڵ کۆسپێکی تر بەرەوڕوو نییە. یەکەمین کۆسپ کە دێتە ڕێگای خرۆشانەکانی جەماوەری فراوانی خەڵک لەناوچە دواکەوتوو و بێ بەشەکان بۆ دەخاڵەت کردن لە چارەنووسی خۆیاندا، هێزی سەرکوتی بۆرژوا خۆجیی و نێونەتەوەییەکانە. دەوڵەت، دین وەکو دامەزراوێک، میدیاکان و دەزگا ئیعلامییە مەزنەکانی بۆرژوازی، داب و نەریت و ئەخلاقییات و سیستمی پەروەردەو فێرکردنی چینی دەسەڵاتدار هەموویان دەبنە مایەی قەوارەپێدانی بیروباوەڕە دواکەوتوو و دەمارگیرو تەفرەقەئامێزەکان لە نێو جەماوەری خەڵک و نەوە یەک لە دوای یەکەکاندا. گومانی تێدا نییە کە ئەوە سەرمایەداری و بۆرژوازییە کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم ڕەخنەگرتن و گۆڕینی جیهانی ئەمڕۆ لەلایەن ئەو ملیۆنەها ئینسانانەوە کە نە تەنها لەم نیزامەی ئێستا دەنگیان دەرهاتووە بەڵکو کەم وزۆر بەو هێڵە گشتییانەش گەیشتوون کە دەبێ لەسەر بنچینەیان کۆمەڵگایەکی شایستەی ئینسانی بنیات بنرێ .
30

ئەمڕۆ، لە کۆتایی سەدەی بیستەمداو لەوپەڕی جیهانی بوونەوەی سەرمایەو سەرمایەداریدا، لەجەرگەی مەزنترین شۆڕشە تەکنەلۆژی یەکاندا، بەشەرییەت یەکێک لە ترسناکترین قۆناغەکانی مێژووی خۆی بەسەرئەبات. مەسەلەی مانەوەی فیزیکی بووەتە گرفتی ملیۆنەها ئینسان لە وولاتانی فەقرزەدەی ئەفریقیاو ئاسیاوو تا ناوجەرگەی پایتەختەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکا. بێ ئومێدی بەتەواوی جێگای ئومێدی گەشەی ئابووریی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی گرتۆتەوە. کابووسی هەمیشەیی قاتوقڕی و بێ خۆراکی و نەخۆشی جێگای خەونی گەشەی گرتۆتەوە. لە ئەورووپاو ئەمریکای پێشکەوتوودا بە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە متبوونێکی قووڵی ئابووری، مژدەی نیوەناچڵی "ڕەونەق بەبێ دەرفەتی کارکردن "ڕێک هەمان کابووسی ناوەتە بەردەم ملیۆنەها خێزانی کرێکاری.



جەنگ و کۆمەڵ کوژی لە هەر پێنج قارەکەدا بێداد دەکات. مەزنترین پاشەوپاش گەڕانەوەی فیکریی و کەلتووریی لە ئارادایە، هەرلە پەرەسەندنەوەی سەرلەنوێی دواکەوتوویی دینی، پیاوسالاری، نەژادپەرستی، ڕەگەزپەرستی و فاشیزمەوە تا داتەپینی ماف و پلەوپایەی تاکەکان لە کۆمەڵگاداو سپاردنی هەموو وجودو ژیانی ملیۆنەها خەڵک لە منداڵ و پیرو لاو بەدەستی بێ ڕەحمی بازاڕی ئازاد. تاوانی نەخشەمەندانە لەزۆربەی وولاتەکاندا بووەتە واقعییەتێکی چەسپاو بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ژیانی ئابووری و سیاسی هەموو کۆمەڵگادا. ئالوودە بوون بەمەوادی بێ هۆشکەرو توانای ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری تۆڕە تاوانکارەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم مەوادانە بووەتە گرفتێکی هەرە گەورەو لەچارەنەهاتووی نێونەتەوەیی .نیزامی سەرمایەداری و مەبدەئی هەموو شتێک لە پێناوی قازانجدا، هەموو ژینگەی لەگەڵ مەترسی گەورەو زیانی لە قەرەبوونەهاتوو ڕووبەڕوو کردۆتەوە. لەم نێوەدا بیرمەندان و قسەکەرانی بۆرژوازی تەنانەت هیچ جۆرە وەڵامێکیشیان پێ نییە لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا. ئەمە واقعییەتی عەمەلیی سەرمایەداری ئومرۆیە کە ئایندەیەکی یەکجار پڕمەترسی دەنێتە بەردەم هەموو خەڵکی جیهان .
31

## کۆڵەکەکانی سەرمایەداری

32

کۆمەڵگای هاوچەرخ بێگومان کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزو ئاوێتەیە. بە میلیارد ئینسان لە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە فراوان و هەمەچەشنەکاندا لەگەڵ یەکتریدا هەڵسوکەوتی هەمیشەیی دەکەن. تەکنەلۆجیاو بەرهەمهێنان مەودایەکی سەرسوڕهێنەریان پەیدا کردووە، ژیانی فیکریی و کەلتوریی بەشەری ئەمڕۆ، هەروەک گرفت و مەینەتییەکانی، فراوان و هەمەجۆرە. بەڵام ئەم هەموو ئاڵۆزییە تەنها



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵێک حەقیقەتی سادەو ئاسان لەبەرچاو ون دەکەن کە بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهانی سەرمایەداری پێک دەهێنن .
33

بنچینەی نیزامی سەرمایەداری وەکو هەر نیزامێکی چینایەتی تر، چەوساندنەوەی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆیە، واتە دەست بەسەراگرتن و موڵکایەتی کردنی بەشێک لە بەرهەمی کاری ئەوان لەلایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە. تایبەتمەندی هەر نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەسەردەمە جیاجیاکاندا، بەدرێژایی مێژوو، لەو شێوازە تایبەتەدایە کەلە هەریەکێکیاندا ئەم چەوسانەوەیە ئەنجام دەدرێ. لەسیستمی کۆیلەداریدا نەتەنها بەرهەمی کاری کۆیلە، بەڵکو هەموو وجودی ئەو موڵکی خاوەنەکەیەتی. کۆیلە بۆ خاوەنەکەی کار دەکات و لە بەرامبەردا لەلایەن ئەوەوە ژیانی دابین دەکرێ. لەنیزامی فیۆدالیدا ڕەعییەت بەشێک لە بەرهەمەکەی دەداتە خاوەن موڵک و ئاغا، وەیان چەند کات و ڕۆژێک بێگاری بۆ دەکات. چەوسانەوە لە نیزامی سەرمایەداریدا لەسەر بنچینەیەکی تەواو جیاواز ڕاوەستاوە .
34

لێرەدا بەرهەمهێنەرانی سەرەکی ، واتە کرێکاران، ئازادن، موڵکی هیچ کەسێک نین، بەموڵک و زەوی یەوە نەبەستراونەتەوەو ژێردەستەی هیچ ئاغایەک نین. خۆیان خاوەنی لەش و هێزی کاری خۆیانن و هەرخۆیان خاوەن بڕیارن تیایدا. بەڵام کرێکاران لەم نیزامەدا لە ڕوویەکی تریشەوە "ئازاد"ن ئەوان خاوەنی هیچ جۆرە ئامرازێکی کارو بەرهەمهێنان نین. هەر بۆیە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان ناچارن لەبەرامبەر کرێدا هێزی کاری خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە چینی سەرمایەدار، واتە ئەو کەمینە بچووکەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لەدەستدایەو پاوانیان کردووە، بفرۆشن و دواتر پێداویستی یەکانی گوزەران و ژیانی خۆیان بەرهەمیان هێناوە. لەبازاڕدا لەسەرمایەدار بکڕنەوە. کاڵابوونی هێزی کار لەلایەک و لەلایەکی ترەوە خاوەندارێتی تایبەتیی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئەمانە کرۆکی سەرمایەداری و بنچینەی چەوسانەوە لەم



نیزامەدا پێکدەهێنن. ناکرێ بیر لە بوونی کۆمەڵگای بەشەری و خودی مانەوەی ئینسان و دابینکردنی پێداویستی یەکانی، لەسایەی هەر نیزامێکدا، بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی کە هێزی کاری زیندووی ئینسانەکان ئامرازو هۆیەکانی کار بخاتە گەڕو بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ. بەڵام هێزی کارو هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە نیزامی سەرمایەداریدا بەدیواری خاوەندارێتی تایبەتی لێک جیاکراونەتەوە .بوونەتە هەندێک کاڵا کە خاوەنەکانیان دەبێ لەبازاڕدا لەگەڵ یەکتری ڕووبەڕوو ببنەوە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم کاڵایانە لە بازاڕدا دەکەونە سەودایەکی هاوسەنگ و ئازادەوە. کرێکار هیزی کارەکەی بۆ چەند سەعاتێکی دیاریکراو بە سەرمایەدار، واتە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دەفرۆشێ و لەبەرامبەر ئەمەدا کرێ وەردەگرێ. سەرمایەدار، هێزی کار ئەخاتە گەڕ، بەکاری ئەهێنێ، وەسەرئەنجام بەرهەمی نوێ بەرهەم دێنێ. ئەم کاڵایانە لەبازاڕدا دەفرۆشرێت و ئەو پارەیەی کە وەدەست دێت وەکو سەرمایە سەرلەنوێ سووڕی بەرهەمهێنان دەست پێ ئەکاتەوە .
35

بەڵام، لەودیوی سەودای بەڕواڵەت هاوسەنگی کارو سەرمایەوە، نایەکسانییەکی بنەڕەتیی خۆی حەشارداوە کە چارەنووسی هەموو بەشەرییەتی ئەمڕۆ دیاری دەکات و ڕزگاری و ئازادی کۆمەڵگا بەبێ ڕزگاربوون لەمە مەیسەر نابێ. کرێکار بەکرێیەک کە وەری دەگرێ تەنها ئەو شتە بەدەست دێنێتەوە کە فرۆشتوویەتی، واتە توانای کارکردن و سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ بازاڕی کار. چینی کرێکار بەکاری هەرڕۆژەی هێزی کار زامن دەکات .بەڵام سەرمایە لەم نێوەدا کەڵەکە دەکات و پەرەئەسێنێ. هێزی کار هێزێکی خوڵقێنەرە. بایی تازە بۆ کڕیارەکەی بەرهەم دێنێ، بایی ئەو بەرهەم و شمەکانەی کە هەرجارێک لەلایەن چینی کریکارەوە بەرهەم دێت زیاترە لەکۆی ئەوبەشەی بەو ئەبڕێ و ئەو بەشە لە بەرهەمهێنان کە بۆ دەست پیاهێنانەوەی ئەو هۆیانەی بەرهەمهێنان خەرج دەکرێت کە بەکار براون یان سەرف کراون. ئەم زێدەباییە، کەخۆی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەشێوەی خەروارێک لە کاڵاکان نیشان دەدات، بەهۆی خاوەندارێتی چینی سەرمایەدار بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەچێتە کیسەی ئەوەوەو سەرمایەکەی هەرچی قەبەتر دەکات. هێزی کار لە میانەی ئاڵوویێری لەگەڵ سەرمایەدا تەنها خۆی سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە. لەکاتێکدا کە سەرمایە لە ئاڵوویێری لەگەڵ هێزی کاردا گەشە دەکات. توانای داهێنەرانەی هێزی کارو چالاکیی خوڵقێنەرانەی چینی کرێکار، خۆی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەی تازە بۆ چینی سەرمایەدار دەردەخات. هەرچی چینی کرێکار زۆرترو باشتر کار بکات، توانای سەرمایە زیاد دەکات. توانای سەرسوڕهێنەری سەرمایە لە جیهانی ئەمڕۆداو دەسەڵاتی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری بەسەر ژیانی ئابووری و سیاسی و فیکریی میلیاردەها دانیشتووانی سەرگۆی زەویدا، شتێکی تر نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئاوەژووی توانای خوڵقێنەرانەی کارو بەشەرییەتی کرێکار .
36

بەم جۆرە چەوسانەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەبێ هیچ کۆت و زنجیرێکی ئاسنین لەگەردن و دەست و پێی بەرهەمهێنەران، لەڕێگەی بازاڕو سەودای ئازاد و هاوسەنگی کاڵاکانەوە مەیسەر دەبێت. ئەمە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سەرمایەدارییەو لەڕووی جەوهەرییەوە لە هەموو نیزامەکانی پێشووی جیا دەکاتەوە .
37

تێکرای زێدەبایی بەدەستهاتوو لە چەوسانەوەی چینی کرێکار بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بازاڕ وە هەروەها لە کەناڵی سیاسەتە دارایی و دراوییەکانی دەوڵەتانەوە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی چینی سەرمایەداردا بەش دەکرێت. قازانج و سوودو موڵکانە شێوە سەرەکییەکانی بەش پێ برانی سەرمایە جیاجیاکانە لەبەروبومی ئەم چەوسانەوە چینایەتییە. کێبەرکێی سەرمایەکان لە بازاڕدا بڕی هەر بەش و یەکەو دامەزراوێکی سەرمایەداری دیاری دەکات .
38



بەڵام کار بەمە کۆتایی نایەت. سەرجەم خەرجی دام و دەزگای دەوڵەت و سوپاو سیستمی بەڕێوەبردنی بۆرژوازی، سەرجەم خەرجی دام و دەزگا ئایدۆلۆژی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی و خەرجی ئەو ژمارە زۆرە لەئینسانەکان کە لە ڕێگەی ئەم دامودەزگایانەوە پارێزگاری و پاسەوانیی لە دەسەڵاتی بۆرژازی ئەکەن، هەر لەم سەرچاوەیەوە دابین دەکرێت. چینی کرێکار بەکاری خۆی خەرجی چینی دەسەڵاتدار، خەرجی کەڵەکە بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی سەرمایەو خەرجی باڵادەستیی سیاسی و کەلتووریی و فیکریی بۆرژوازی بەسەر خۆی و هەموو کۆمەڵگادا دابین دەکات .
39

بەکەڵەکەبوونی سەرمایە هەمیشە قەوارەی خەرواری ئەو کاڵایانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگای بۆرژوایی پێکدەهێنن زیاد دەکات. گەشەی هەمیشەیی و خێرای تەکنیک و چوونەسەری قەوارەو توانای ئامرازو هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە چینی کرێکار لە هەر سووڕێکی تازەی بەرهەمهێناندا دەیانچەرخێنێ، ئاکامی بێ ئەملاو ئەولای پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. بەڵام بەبەراورد لەگەڵ مەودای پەرەسەندنی سەروەت و سامان و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگادا، چینی کرێکار هەمیشە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بێ بەشتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کەئەگەر بە شێوەیەکی ڕەهاو یەکلایەنە سەیری بکەین، دەبینین کەپلە بەپلەو بەشێوەیەکی سنووردار ژیانی کرێکاران لانی کەم لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا دەچێتە سەرەوە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کەلە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا ڕێژەی بەشی چینی کرێکار لە تێکرای سەروەتی کۆمەڵگا، بەخێرایی دێتە خوارەوەو مەودای نێوان ئاستی ژیانی چینی کرێکارو ستانداردە مومکینیەکانی ئاسایش و خۆشگوزەرانی، کەبە هەوڵ و تەقەلای خودی ئەو وەدی هاتووە، قووڵتر دەبێتەوە. هەرچی کۆمەڵگا سەروەتمەندتر دەبێت، ئەوەندەی تر کرێکار تیایدا بەشێکی مەحروم تر پێک دەهێنێ .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

40

باش بوونی تەکنیک و چوونەسەری ئاستی بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنانی کار، بەمانای ئەوە دێت کە هەرچی زیاتر دەزگاو ئامێرو سیستمە ئۆتۆماتیکەکان جێگای هێزی کاری زیندوو بگرنەوە. لەکۆمەڵگایەکی ئینسانی و ئازاددا ئەمە دەبێ بە مانای فەراهەم بوونی دەرفەتی زیاتر بێت بۆ هەمووان بۆ دەست ئاوەڵابوون و چێژوەرگرتن لە ژیان. بەڵام لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کە هێزی کارو هۆیەکانی کار تەنها کۆمەڵە کاڵایەکن کە سەرمایە بەمەبەستی وەدەستهێنانی قازانج بە دەستییەوە گرتووە، جێگرتنەوەی ئینسان بە ئامێر دەبێتە مایەی بێکاری و بێکارسازیی هەمیشەیی بەشێک لە چینی کرێکارو بێ بەش بوونیان لە دەرفەتی دابینکردنی گوزەران. پەیدابوونی لەشکرێکی زەخیرە لە کرێکارانی بێکار، کە تەنانەت دەرفەتی فرۆشتنی هێزی کاری خۆشیان نییە، ئاکامێکی حەتمیی ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە کەلەهەمان کاتدا خۆی یەکێک لە مەرجەکانی بوون و مانەوەی نیزامی سەرمایەداریش دابین دەکات. بوونی سوپایەکی زەخیرەیی لە بێکاران. کەلەبنەڕەتدا ئەرکی بەڕیوەچوونی ژیانیان دەکەوێتە ئەستۆی بەشی لەسەرکاری خودی ئەم چینە، کێبەرکێ لەنێو چینی کرێکاردا پەرە پێ دەدات و کرێ لە ئاستێکی هەرچی کەمتردا ڕادەگرێ. ئەم سوپای زەخیرەیە ئەو دەرفەتەش بە سەرمایە دەدات کە بڕی ئەو هێزی کارەی کە دەیخاتە گەڕ بەپێی پێویستییەکانی بازاڕ کەم و زۆر بکات. بێکاری، دەرهاویشتەیەکی لاوەکیی بازاڕ، یان ئاکامیکی سیاسەتی هەڵەی ئەم یان ئەو دەوڵەت نییە، بەڵکو بەشێکی زاتیی کارکردی سەرمایەداری و ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەیە .

41

قەیرانە ئابوورییە ناوبەناوەکان بە ئاکامە ترسناک و ماڵوێرانکەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، بەشێکی جیانەکراوەی نیزامی سەرمایەدارین. ئەم قەیرانانە لە بنەڕەتدا لە ناکۆکییەکی بنچینەیی نێوجەرگەی خودی پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە سەرچاوە دەگرن .لەکاتێکدا کە کار سەرچاوەی



قازانج و زێدەباییە، ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایەو گەشەی حەتمیی تەکنیک، بەبەردەوامی ڕێژەی هێزی کار بەبەراورد لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنان دێنێتە خوارەوە. زێدەبایی بەرهەمهاتوو، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەهاو یەکلایەنەش ڕوولە زیاد بوون بێت، بەشێوەی ئاسایی ناتوانێ هاوشان لەگەڵ چوونەسەری هەمیشەیی ئەو سەرمایەی کە دەخرێتە کارەوە زیاد بکات. تێکڕای قازانجی سەرمایە، بەپێی یاسا مادییەکانی خودی ڕەوتی کەڵەکەبوونی سەرمایە، بەناچاری ڕوو لە دابەزینە .هەوڵ و تەقەلای هەمیشەیی بۆ پووچەڵ کردنەووەی ئەم دابەزینەو ڕاگرتنی تێکڕای قازانج، بەتایبەت لە ڕێگەی توندکردنەوەی چەوسانەوە کەمکردنەوەی بەشی چینی کرێکار لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگا، کەلەشێوەی کرێ و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و...تاد دا پێ ی دەدرێت، مەشغەڵەی هەموو ڕۆژەی چینی سەرمایەدارو دەوڵەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی و هەروەها توێژاڵێکی فراوان لە بیرمەندانی ئابووری و بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی بۆرژوازیە لەسەرتاسەری جیهاندا .

42

سەرباری هەموو ئەم هەوڵانە، ناکۆکییە دەروونییەکانی سەرمایەو ڕەوتی ڕوولەدابەزینی تیکڕای قازانج، هەموو جارێک سەرەنجام خۆی ئەسەپێنێت و هەموو نیزامی ئابووری دەکێشێتە قەیرانێکی قووڵەوە. سەردەمی متبوون و قەیران نەتەنها نیشانەو بەڵگەی توندبوونەوەی ناکۆکییە دەروونییەکانی سەرمایەیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا میکانیزمی عەمەلیی خامۆش کردنەوەی قەیران و دەست بەخۆدا هێنانەوەی سەرمایەشە. کێبەرکێ لە نێوان توێژە جیاجیاکانی سەرمایەدا توند دەبێتەوەو گەلێکیان دەکەونە داوی ئیفلاس بوونەوە. ئەمە لە هەمان کاتدا سەرمایە لاوازەکان لە مەیدان دەکاتە دەرو هەلومەرجی قازانج هێنان بۆ ئەوانەی کەدەمێننەوە لەبارتر دەکات. لەلایەکی تریشەوە چینی سەرمایەدارو دەوڵەتەکانی لە وڵاتە جیاجیاکاندا هێرشێکی بەربڵاو لەشێوەی جۆراوجۆردا بۆ سەر ئاستی ژیانی چینی کرێکار دەست پێ دەکەن. ژمارەی بێکاران بەخێرایی دەچێتە سەرەوەو چەوسانەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تێکرای چینی کرێکار توندتر دەبێتەوە .
[43]

سەرمایە لە دڵی قەیرانێکدا چەقبەستووتر دێتە دەرەوەو بەم پێ یەش قەیرانی دواتر بەمەودایەکی فراوانترو قووڵترەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە مایەی کێبەرکێ و کێشمەکێشێکی توندوتیژتر لەناو خودی چینی سەرمایەداردا. سووک کردنی هەر قەیرانێکی تازە خۆسازدانەوەیەکی هەمەلایەنەتری سەرمایە دەخوازێ. پێبەپێی ئەمەش ئاسۆیەک کە بۆرژوازی دەینێتە بەردەم کۆمەڵگا، جار لەدوای جار تاریکترو خەتەرناکتر دەبێت .
[44]

ئاکام و دەرهاویشتەکانی ناکۆکی و قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری تەنها لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئابووریدا نومێنێتەوە. جەنگە ماڵوێرانکەرەکان لەئاستی جیهانی و ناوچەییدا، میلیتاریزم و دەستدرێژیی سەربازی، داسەپاندنی حکومەتە پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان، سەندنەوەی مافە مەدەنی و سیاسی یەکانی جەماوەرو بەتایبەت چینی کرێکار، پەرەسەندنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی و رێکخراوە ڕاستە توندڕەوەکان، توندبوونەوەی ڕاگەیاندن و گوشارە دواکەوتووە دینی و ناسیۆنالیستی و نەژاد پەرستانەو دژی ژنەکان، ئەمانە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سەرمایەداری هاوچەرخن بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانەکاندا .
[45]

## دەوڵەت و ڕووبینای سیاسی

[46]

قسەکەرانی کۆمەڵگای بۆرژوازی وای نیشان دەدەن دەوڵەت دەزگایەکی پێویستە، کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەپێی بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا پێک هاتووە .دەزگایەک کە گوایە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتیی جەماوەرەو دەسەڵاتی هاوبەشی ئەندامانی



کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. دەڵێن یاسا زاڵەکان، کۆمەڵە پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست و سروشتی و جێی ڕەزامەندیی تاکەکانی کۆمەڵگان و دەوڵەت زامن و جێبەجێکەری ئەم یاسایانەیە. نیشاندانی دەوڵەت وەکو دەزگایەکی سەربەخۆو بێلایەنی بەرژەوەندییە چینایەتی ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگا، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئایدۆلۆژی بۆرژواییە. ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەت بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەتووی ڕۆژئاوادا کە نیزامێکی پەرلەمانیی سەقامگیرتریان هەیە ریشەیەکی بەهێزتری لە نێو جەماوەردا دەکاتەوە .بەڵام لە وولاتانی دوواکەوتووتریشدا، سەرباری فەرمانڕەوایی دەوڵەتە سەرکوتگەرو پۆلیسییەکان، هەروەها سەرباری ئەوەی کە خەڵک بە گشتی بەچاوێکی خراپ سەیری ئەو دەوڵەتانە ئەکەن کەلەسەر کارن، خودی پێویست بوونی دەوڵەت جێگای پرسیار نییە، وەدەرکی جەماوەر لە دەوڵەت وەکو دەزگایەک کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای لە ئەستۆیە بەهەمان ڕادە بەهێزو ڕیشەدارە. پەرەسەندنی ڕۆڵی ئابووری دەوڵەتەکان و بەتایبەت دەخاڵەتی ئەوان لە قەڵەمڕەوی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕیوەبردن و کۆنترۆڵی ئابووری لەم چەند دەساڵەی دواییدا گەلێک پەرەی بەم خۆشباوەڕییانە داوە .
[47]

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت گرنگترین ئامرازی چینی دەسەڵاتدارە بۆ یەخسیر هێشتنەوەی جەماوەری چەوساوە. لەڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدانی دەوڵەت ئاکامی پەیدابوونی چەوسانەوەو چینەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگا بووە بۆ چینی چەوسێنەرو چەوساوە. سەرباری هەموو ئالۆزییەکانی بونیادی دەوڵەتانی ئەمرۆ، دەوڵەت هەر دەزگایەکە بۆ توندوتیژی نواندن و، سوپاو دادگاو زیندانەکان کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی پێکدەهێنن. دەوڵەت هێزی سەرکوتگەری سازماندراوی چینی چەوسێنەرە. دەوڵەت ئامرازی پیادەکردنی دەسەڵاتداریێتی چینایەتییە. هەر دەوڵەتێک، جا لەهەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت، چ پاشایەتی و چ کۆماری، چ پەرلەمانی و چ ئیستبدادی، ئامرازی پیادەکردنی دیکتاتۆری چین یان چینە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتدارەكانە .

48

لەهەر نیزامیكدا، تەنانەت لە توندوتیژترین كۆیلەدارییەكانی سەردەمەكانی ڕابردووشدا كە تیایاندا ئینتمای چینایەتی دەوڵەت شتێكی شاراوە نەبوو، چینی دەسەڵاتدار پێویستی بەوە بووە كە بناغەیەك بۆ مەشروعییەتدان بە دەوڵەتەكەی بەدەستەوە بدات .پاشایەتی و دەسەڵاتدارێتی میراتیی، دەسەڵاتدارێتی ئەریستۆكراتی، دەسەڵاتدارێتی دینی و ئیلاهی، قاڵبە جیاجیاكانی ئەم مەشروعییەت پێدانە بوون .لە كۆمەڵگای سەرمایەداریدا، كۆمەڵگایەك كە بناغەكەی لەسەر بازاڕ دانراوەو تیایدا كرێكارو سەرمایەدار وەكو عەناسرێكی "ئازاد" پێناسە ئەكرێن كە بەڕواڵەت دەچنە ناو سەودایەكی ئارەزوومەندانەو هاوسەنگەوە، مافی دەنگدان و پەرلەمان و نیزامی هەڵبژاردن، قاڵبی سەرەكی مەشروعییەت پێدانی حوكمڕانیی چینایەتی بۆرژوازییە. ڕواڵەتی مەسەلەكە ئەوەیە كە دەوڵەت ئامڕازی حوكمڕانیی هەموو خەڵكەو بەدەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵك پێكدێت. بێگومان لە ڕووی مێژووییەوە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پەرلەمان بە كۆمەڵە دەسكەوتێكی گرنگی هەوڵ و كۆششی جەماوەری كرێكار دەژمێردرێن لە پێناو پەرەپێدانی مافە مەدەنییەكانی خۆیاندا. ئەوە بەڵگەنەویستە كە ژیان لە سایەی نیزامێكی لیبراڵیی بۆرژواییدا ئاسانترە وەک لە ژیان لەسایەی نیزامێكی پۆلیسی و ئیستبدادیدا. بەڵام ئەم قاڵبانە ناتوانن ماهییەتی چینایەتی دەوڵەتی هاوچەرخ بشارنەوە. جەماوەری بەرینی خەڵكی كرێكار تەنانەت لە پێشكەوتووترین و سەقامگرتووترین و ئازادترین نیزامە پەرلەمانی یەكانیشدا، كەمترین ڕێگادەستیان هەیە بۆ كاریگەری دانان لەسەر سیاسەت و هەنگاوەكانی دەوڵەت. نیزامی پەرلەمانی توانیویەتی بە بەكارهێنانی توندوتیژییەكی كەمترو بەدەستبەدەست پێ كردنی پلەوپایە دەوڵەتییەكان لە نێوان بەشە جیاجیاكانی چینی دەسەڵاتداردا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی دەورەییەوە، دەسەڵاتدارێتی بێ ئەملاوئەولای تێكڕای بۆرژوازی بەسەر ژیانی سیاسی و



ئابووری كۆمەڵگادا زامن بكات. دیموكراسی پەرلەمانیی میكانیزمێک نییە بۆ دەخاڵەتی جەماوەر لەكاروباری حوكمڕانیدا، بەڵكو ئامرازێكە بۆ مەشروعییەت پێدانی حوكمڕانی و دیكتاتۆری چینی بۆرژوا .

49

## كەلتوورو ئایدۆلۆژی و ئەخلاق

50

چەوسانەوەو جوداسازی و بێمافییەكی ئاوا لەڕادەبەدەرو، لەشێوەیەكی ئاوا ئاشكرادا، بەبێ مل كەچ كردن و ڕەزامەندیی خودی كۆمەڵانی بەرینی چەوساوەو بەرەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندییانە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بەپێوە ڕابگرێ .پاساو كردنی ئەم هەلومەرجەو، بەئەزەلی و ئەبەدی لەقەڵەمدانی و ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی كۆمەڵگا لە یاخی بوون لە دژی ئەم پەیوەندی یانە، ئەركی ڕووبینای فیكریی و كەلتوریی و ئەخلاقییە لەم كۆمەڵگایەدا .جبەخانەی كەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لەدژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەكجار گەورەو سەرسوڕهێنەرە. بەشێك لەم ئامرازانە لە چاخە كۆنەكانەوە بەمیرات ماونەتەوە، بەڵام بەپێی پێداوەستییەكانی كۆمەڵگای بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد كراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەكان، سۆزو دەمارگیرییە ئەخلاقییە ساویلكانەكان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەكە فیكری و كەلتورییەكانی چینە دەساڵاتدارەكانی كۆمەڵگا بوون بۆ كپ كردنەوەو بەملكەچی هێشتنەوەی جەماوەری زەحمەتكێشی كۆمەڵگا. هەموو ئەمانە بەبەرگی تازەو توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری كردن لە خاوەندارێتی و داسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەكەن لە هەرەشەی هۆشیاری و وریا بوونەوە و ڕەخنەی چینی كرێكارو كۆمەڵانی چەوساوە .

51



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگای بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامڕازە فیکری و کەلتوورییەکانی یەخسیر کردنەوە دای هێناوە زۆر لەمانە مەزنترو کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لەقەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی دەژمێردرێن و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێن. لەم کۆمەڵگایەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوەو پاشکۆی پەیوەندی نێوان کاڵاکانە. ئەوە جێگەو شوێنی ئینسانەکانە لە پەیوەند بە خاوەندارێتییەوە کە پلەوپایەو بەهایان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگای کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا .ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لەتێکڕای مێژوو، لەگەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵاوەو جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتۆتەوە . [52]

بیروباوەڕی زاڵ لەهەر کۆمەڵگایەکدا بیروباوەری چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام حوکمڕانی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا لەڕووی مەوداو قووڵییەوە بێ وێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازییە ، مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردوو و میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری دەبەزێنێ، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە دەستی بۆرژوازییەوە بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافییەکانی خۆی لەئاستیکی جیهانیدا. لەقەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خۆڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لەدژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێ شومارانەی کە لەسەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لەقاڵبە ئەدەبی و هونەرییەکان، گۆرانکاری میدیا بیستراوو بینراوو کۆمپیوتەری یەکان و پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی



کەلتووری دا، ڕووی داوە، لەپلەی یەکەمدا، مەیدانی داوە بە بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خوڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لەشکڵ و شێوەی کاریگەرترو ئاڵۆزترو هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی فەزائی لەدوو دەیەی دواییدا، کەکۆکردنەوەو گواستنەوەی خێرای زانیارییان لەسەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازییەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراوو داسەپاندنی بیروباوەڕو هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستێکی سەدان ملیۆنیدا. میدیاو پیشەسازیی نمایش، کەخۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدییەکانی دامەزراوی خێزان و دەزگا دینییەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لەکۆمەڵگادا گرتۆتە ئەستۆو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەورێکی زیاتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگییە ئایدۆلۆژییەی لە کۆمەڵگادا هەیە، لەگواستنەوەی بیروباوەڕو مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لەپاوانکردنی فیکریی و لەقاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاک خستنەوەو تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕو بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم دامەزراوانەو ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگا، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگای بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێ ئاسۆیی و بەرزبوونەوەی نارەزایەتی گشتی دا . [53]

خەبات لە دژی بیروباوەڕو دیدو بۆچوون و ئەخلاقییاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری بووە.



[54]



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیزم

### کۆمەڵگای ئازادی کۆمۆنیستی

56

بەسەرەنجدانێکی کورت ئەوە دەرئەکەوێت کەچۆن جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی لنگەوقوچە. پەیوەندی نێوان کاڵاکان دەبێتە بناغەی پەیوەندی نێوان ئینسانەکان. هەوڵ و کۆششی گەورەو گران و هەر ڕۆژەی بەشەرییەتێک کە کار دەکات و جیهان دەخولڵقینێ، خۆی لەدەسەڵاتی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری سەرمایە بەسەر وجودی ئەودا دەبینێتەوە .مەبەست لە چالاکی ئابووری، بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ئینسانەکان نییە، بەڵکو قازانج هێنانە بۆ سەرمایە. گەشەی هەموورۆژەی تەکنەلۆژی و مەعریفەی زانستی و هونەریی کەکلیلی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ئینسانە، لەم نیزامەدا دەبێتە مایەی بێکاری و بێ بەشیی هەرچی زیاتری سەدان ملیۆن کرێکار .لە جیهانێکدا کە سەرەنجام لەسەر شانی هاوکاری و هەوڵی بەکۆمەڵ بیناکراوە، ڕکەبەرایەتی حوکمڕانی دەکات. ئازادی ئابووری فەرد پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ناچاریی هەموو ڕۆژەی بۆ ئامادەبوون لەبازاڕی کاردا، ئازادی سیاسی فەرد، بێ مافی و بێ دەورییە سیاسییە واقعییەکەی دەشارێتەوەو مەشروعییەت بە دەوڵەت و حوکمڕانیی سیاسی چینی سەرمایەدار دەدات. یاسا، ئیرادەو بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدارە کە بەشێوەی ڕێوشوێنێک بۆ هەمووان داڕێژراوە. لە عەشق و ئینسانییەتەوە تا ماف و دادوەری، لەهونەرو ئەفراندنەوە تا زانست و حەقیقەت، مەقولەیەک لەجیهانی سەرمایەداریدا پەیدا نابێت کە مۆری ئەم لنگەوقوچییەی پێوە نەبێت .

57

ئەم دنیا لنگەوقوچە دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە. ئەمە ئەرکی



کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە .

58

تەوەرەی سەرەکی شۆڕشی کۆمۆنیستی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتییە بەسەر هۆیەکانی کارو بەرهەمهێنانداو کردنێتی بە موڵکی گشتیی هەموو کۆمەڵگا. شۆڕشی کۆمۆنیستی کۆتایی بەدابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا دەهێنێ و نیزامی کرێ گرتەیی لەنێو دەبات. بازاڕو ئاڵوێری کاڵایی و پارە لەنێو دەچن. بەرهەمهێنان لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەموو جەماوەر بۆ خۆشگوزەرانیی هەرچی زیاتری هەموو ئینسانەکان، جێگای بەرهەمهێنان لەپێناو قازانج دەگرێتەوە. کار، کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بۆ زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر تەقەلایەکی ناچاریی و کوێرانەو تاقەت پڕوکێنە لەپێناوی بەرێوەچوونی گوزەراندا، جێگای خۆی دەدات بە هەڵسووڕانی خوڵقێنەرانەو ئارەزوومەندانەو ئاگاهانەی جەماوەر بۆ هەرچی دەوڵەمەندتر کردنی ژیانی ئینسانی. هەرکەسێک، بەوپێیەی کە ئینسانەو چاوی بە کۆمەڵگای ئینسانی هەڵهێناوە، بەیەکسان لەهەموو نیعمەتەکانی ژیان و بەروبومی کۆششی هاوبەش بەهرەمەند دەبێت. هەر کەسێک بەپێی توانای و بۆ هەرکەسێک بەپێی پێویستییەکانی، ئەمە بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە .

59

نەتەنها دابەشبوونی چینایەتی، بەڵکو دابەشبوونی پیشەیی ئینسانەکانیش لەنێودەچێت. هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی خوڵقێنەرانە بەڕووی هەمووواندا دەکرێتەوە. شکۆفایی هەر تاکێک دەبێتە مەرجی شکۆفایی کۆمەڵگا. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کۆمەڵگایەکی جیهانییە. سنوورە میللی و نیشتمانی یەکان دەسڕێنەوەو ناسنامەی جیهانداگری ئینسانی جێگای دەگرێتەوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کۆمەڵگایەکە بێ دین، بێ خورافە، بێ ئایدۆلۆژی و بێ کۆت و زنجیری نەرێت و ئەخلاقییاتە کۆنەکان بەسەر ئەندێشەی ئازادی ئینسانەکانەوە .

60



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەنێوچوونی چینەکان و ململانێی چینایەتی، دەوڵەت دەکاتە دیاردەیەکی زیادە. لەکۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا دەوڵەت دەپوکێتەوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کۆمەڵگایەکە بێ دەوڵەت. کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەکەناڵی هەرەوەزو هاوبیری و پەیوەندی گرتن و بڕیاردانی هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە یەکلایی دەکرێتەوە .

61

بەم جۆرە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بۆ یەکەمین جار ئامانجی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بەمانای واقعی ووشەکە وەدی دێنێ. ئازادی، نەتەنها لەستەم و سەرکوتی سیاسی، بەڵکو لە ناچاریی و یەخسیربوونی ئابووری و ئەسارەتی فیکریی. ئازادی لە مومارەسەکردنی لایەنە جیاجیاکانی ژیانداو لە شکۆفایی توانای خوڵقێنەرانەو سۆزە پیرۆزە ئینسانی یەکاندا. یەکسانی، نەتەنها لەبەرامبەر یاسادا، بەڵکو لە بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتە ماددی و مەعنەوی یەکانی کۆمەڵگادا. یەکسانیی پلەو بەهای هەمووان لەبەرامبەر کۆمەڵگادا .

62

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی شاری خۆشبەختیی و ئاواتێکی خەیاڵیی نییە. هەموو مەرجەکانی پێکهاتنی نیزامێکی بەم جۆرە، لەهەناوی هەرئەم جیهانە حازروبزرەی سەرمایەداریدا هەر ئێستا فەراهەم کراون. توانای زانستیی، تەکنەلۆژی و بەرهەمهێنانی ئینسانی ئەمڕۆ هێندە ئەبعادێکی مەزنی پەیداکردووە کە دارشتنی کۆمەڵگایەک لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دابینکردنی ئاسایشی هەمووواندا بەتەواوی لەتواناداِیە. شۆڕشە ئەلکترۆنیک و ئەنفۆرماتیکەکانی دەیەکانی ئەم دواییەو گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەر لە هۆیەکان و شێوازەکانی پەیوەندی گرتن و گەیاندنی بیستراوو بینراوی زانیاریدا، بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی جیهانی و بەشداریی هەمووان لەدارشتن و بەرنامەڕێژی و ڕاپەڕاندنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای زیاتر لە هەمیشە مەیسەر کردووە. بەشێکی زەبەلاح لەم توانای بەرهەمهێنانە هەر ئێستاکە، یان بەشێوەی جۆراوجۆر



بەفیڕۆ دەدرێت وەیان بەئەنقەست دەکرێتە سەروکاری بەرگرتن بە خستنەگەڕی ئەم ئیمکاناتە لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی یەکانی بەشەردا. بەڵام سەرباری هەموو زەبەلاحییەکی ئیمکاناتی ماددی کۆمەڵگا، کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هێزی خۆلقێنەرو زیندووی ئەو میلیاردەها ئینسانەیە کەلە ئەسارەتی چینایەتی، لە کۆیلایەتی بەکرێ، لەئەسارەتی مەعنەوی و لە خۆبێگانەبوون ولەسووکاییەتییەک کە ئەم نیزامەی ئێستا بەسەریانیدا دەسەپێنێ ڕزگار دەبن. ئینسانی ئازاد، زامنی وەدیهاتنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە .

63

سەرمایەداری خۆی ئەو هێزە مەزنە کۆمەڵایەتییەی داوەتەدەر کە دەتوانێ ئەم ئاسۆ ڕزگاریبەخشە بەکردەوە وەدی بێنێ. توانای سەرسوڕهینەرانەی سەرمایە کە بەپانایی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ڕەنگدانەوەی توانای چینێکی کریکاری جیهانییە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بەرەنجامی شۆڕشی کرێکارییە بۆ کۆتایی هێنان بەنیزامی کۆیلایەتی بەکرێ بەم پێیە شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە بەناچاری هەموو بنجو بنەوانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەتەکێنێ. چینی کرێکار، بەپێچەوانەی هەموو چینە ژێردەستەکانی مێژووی ڕابردووی کۆمەڵگای بەشەری، ناتوانێ ئازاد ببێت بێ ئەوەی کە هەموو بەشەرییەت ئازاد بکات. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی یۆتۆپیا نییە، بەڵکو بەرەنجام و ئامانجی خەباتی چینێکی مەزنی کۆمەڵایەتییە لەدژی سەرمایەداری. خەباتێکی زیندوو و واقعی و ڕۆژانە، کەتەمەنی بەئەندازەی تەمەنی خودی کۆمەڵگای بۆرژواییە .

64

## شۆڕشی پرۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری

65

قسەکەران و بیرمەندانی بۆرژوا، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاوانبار دەکەن کەجارٍ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و زەبروزەنگ دەدات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە خودی نیزامی بۆرژواییە کەلە بنەڕەتەوە لەسەر زەبروزەنگی سازماندراو دامەزراوە .زەبروزەنگ لەدژی گیان و لەشی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لەدژی سۆزو بیرو زەینیان، زەبروزەنگ لەدژی ئومێدو هەوڵی ئەوان لەپێناو باشکردنی ژیان و دنیای خۆیاندا. نیزامی کاری کرێگرتە، واتە ناچار کردنی هەموو ڕۆژەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا بە فرۆشتنی توانای جسمیی خۆیان بەکەسانی دیکە لەپێناو بەڕێوەچوونی ژیانیاندا، خۆی سەرچاوەو جەوهەری هەموو زەبروزەنگە زاتییەکانی ئەم نیزامەیە. ژنان، کرێکاران، منالان، بەسالاچووان، خەڵکی ناوچە بێ بەش و دواکەتووەکانی جیهان، هەر کەسێک کە داوای مافێک دەکات و لەدژی ستەمێک ڕاست دەبێتەوە، وەهەرکەس و هەموو کەسێک کە لەم کۆمۆڵگایەدا مۆری ئەم یان ئەو "کەمینە"نراوە بەنێوچاوانییەوە، قوربانیی ڕاستەوخۆو هەموو ڕۆژەی زەبروزەنگی بێ پەردەی ئەم نیزامەن. شەڕو کۆمەڵ کوژی، لەبنەڕەتدا بەهۆی کێبەرکێی سەرمایەکان و جەمسەرە ئابوورییەکانەوە، لەم نیزامەدا مەودایەکی سەرسوڕهێنەری پەیدا کردووە. تەکنەلۆژیای چەکە نابودکەرو کۆمەڵ کوژەکان چەند ئەوەندە لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان پێشکەوتووترە .جبەخانەی بۆرژوازی لەئاستی نێونەتەوەییدا ئەوەندە زۆرە کەبەشی نابودکردنی چەندین و چەند جارەی هەموو گۆی زەوی دەکات. ئەمە نیزامێکە کە چەکە ترسناکە ئەتۆمی و کیمیاییەکانی بەکردەوە لەدژی کۆمەڵانی خەلک بەکارهێناوە. سەرەنجامیش سەرباری هەموو ئەمانە، کۆمەڵگای بۆرژوایی دەتوانێ شانازی بەپێشڕەوییە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە بکات لەبواری کردنی تاوان و کوشتن و دەستدرێژی و پەلاماردان بە مەسەلەیەکی ئاسایی و هەموو ڕۆژە لە ژیانی تێکڕای خەڵکی دا .

66

ئایا دەکرێ نیزامێکی بەم چەشنە بەبێ پەنابردنی خەڵکی کرێکارو



زەحمەتکێش بۆ زەبروزەنگ، لەسەر ڕێگای ڕزگاریی ئینسان و بنەبڕکردنی هەتاهەتایی توندوتیژی وەلابنرێت؟ لەهیچ گۆشەیەکی تیۆری کۆمۆنیزمدا، بەکاربردنی زەبروزەنگ بەبەشێکی جیانەکراوەو زاتیی شۆرشی کرێکاری دانەنراوە. بەڵام هەرکەسێک کە بڕێک ئەم کۆمەڵگایە بناسێ دان بەوەدا دەنێ کە چینی دەسەڵاتدار بەخۆشی خۆی لەبەرانبەر ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە ناکشێتەوە. ئەگەر بەرگری کردن لەقازانج و بەرژەوەندی ڕۆژانەی بۆرژوازی ئەرکی دەوڵەت و دەزگاکانی سەرکوتە. ئەوە هیچ قسەی تیا نییە کە بەرگری کردن لەخودی مانەوەی سەرمایەداری و خاوەندارێتی بۆرژوایی فەلسەفەی وجودی ئەوان پێکدەهێنێ. ئەگەر خواستی زیادکردنی کرێ یان ئازادی بەیان لەم کۆمەڵگایەدا پێی دەوڵەت و پۆلیس و سوپا دێنێتە ناوەوە، دەکرێ ئەوە پێشبینی بکرێت کە کۆشش بۆ دەستکۆتاکردنی ئابووری و سیاسی بۆرژوازی دەبێ لەگەڵ چ کاردانەوەو بەرگرییەکی زەبروزەنگاویدا بەرەوڕوو بێتەوە. زەبروزەنگی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی لەدژی شۆڕشی کرێکاری، لەدژی ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کە لەژێر ئالای چینی کرێکاردا لەپێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی نوێدا دەخرۆشێن، مەسەلەیەکە کە لەڕووی عەمەلییەوە حەتمییە .

67

شۆڕشی کرێکاری دەبێ دەوڵەتی بۆرژوایی بڕوخێنێ. مقاوەمەتی بۆرژوازی لەبەرامبەر شۆڕش و بەتایبەت لەبەرامبەر ئیشتراکی بوونەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، تەنانەت پاش تێکشکاندنی دەسەڵاتە دەوڵەتی یەکەشی هەر درێژەی دەبێت. لەم ڕووەوە پێکهێنانی حکومەتێکی کرێکاری کەئەم مقاوەمەتە پووچەڵ بکاتەوەو فەرمانی شۆرش بەجێ بێنێ، مەسەلەیەکی چارەنووس سازە .حکومەتی کرێکارییش، وەکو هەر حکومەتێکی دیکە، حکومەتێک نییە لەسەرووی کۆمەڵگاو چینەکانەوە. بەڵکو حکومەتێکی چینایەتییە. بەڵام ئەم حکومەتە، کە هەر لەبەرئەمە لە تیۆری مارکسیزمدا بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ناوزەد کراوە، دەوڵەتی زۆرینەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەوساوەی کۆمەڵگایە بۆ داسەپاندنی حوکمی ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان بەسەر چینە چەوسێنەرەکانداو بۆ زاڵ بوون بەسەر هەوڵ و تەقەلاو پیلانەکانیاندا. لەڕووی شکڵ و شێوەوە، حکومەتی کرێکاری دەوڵەتێکی ئازادە کە بڕیاردان و پیادەکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرینی کرێکارو زەحمەتکێش لە کۆمەڵگادا سازمان دەدات. حکومەتی کرێکاری بەپێی ماهییەتەکەی خۆی حکومەتێکی ڕاگوزارە کە بەوەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش زەرورەتی بوونی خۆی لەدەست دەدات و دەپووکێتەوە .

68

## حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار

69

مەرجێکی هەرەگرنگی قەوارەگرتن و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار، پێکهاتنی حیزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییەکانە کە ئاسۆیەکی لەم چەشنە بخەنە بەردەم چینی کرێکارو هێزی ئەم چینە لەم خەباتەدا ئامادەو ڕابەری بکەن. ئەم حیزبانە کە بەر لە هەرشتیک دەبێ ڕێکخراوی یەکگرتووکردنی هۆشیارترین و هەڵسوڕاوترین ڕابەرانی خەباتە کرێکارییەکان بن، دەبێ لە وولاتە جیاجیاکاندا پێک بێن. سەرمایەداری نیزامێکی جیهانییە، چینی کریکار چینێکی جیهانییە کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا کێشمەکێشێکی هەمەڕۆژەیە لە ئاستێکی جیهانیدا، هەروەها سۆسیالیزم ئەلتەرناتیڤێکە کەچینی کرێکار دەینێتە بەردەم هەموو بەشەرییەت. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییش دەبێ لەئاستێکی جیهانیدا ڕێکخراوبێت. پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆنالێکی کۆمۆنیستیی کریکاری، وەکو ناوەندی یەکخەرو ڕابەریکەری خەباتی جیهانیی چینی کرێکار لەپێناو سۆسیالیزمدا، ئەرکی دەمودەستی بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی چینی کرێکارو هەموو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانە لە وولاتە جیاجیاکاندا.





70

## کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی

71

مارکسیزم و کۆمۆنیزم لەبەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا قورساییەکی مەزنیان هەبوو لەناو بزووتنەوە جۆراوجۆرە نارەزایەتی و ڕیفۆرمیستییەکانی جیهانی سەرمایەداریدا. هەمەگیریی و قووڵیی ئەندێشەی ڕەخنەگرانەی مارکس و ئینسانییەت و یەکسانیخوازیی قووڵی مارکسیزم لەلایەک، وەلەلایەکی تر برەوی عەمەلیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری، بەتایبەت بە بەرپابوونی شۆڕشی کرێکاری ١٩١٧ لەڕوسیا کە کۆمۆنیزمی کردە چرای ئومێدی سەدان ملیۆن کرێکارو زەحمەتکێش لەسەرانسەری جیهاندا، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە بزووتنەوە غەیرە کرێکارییەکان و تەنانەت غەیرە سۆسیالیستییەکانیش بەدرێژایی سەدەی بیستەم ناوی کۆمۆنیست و مارکسیست بەخۆیانەوە بلکێنن . زۆربەی ئەم بزوتنەوانە خزمایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا نەبوو و ئەوپەڕەکەی خوازیاری کۆمەڵێک ڕیفۆرم و ووردە ئاڵوگۆڕ بوون لەچوارچێوەی خودی نیزامی سەرمایەداریدا .

72

کۆمۆنیزم ئەو ناونیشانە بوو کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لەسەدەی نۆزدەهەمدا بۆ خۆجیاکردنەوە لە سۆسیالیزمی غەیرە شۆڕشگێڕو هەندێ جار تەنانەت کۆنەپەرستانەی چینەکانی تر، خۆی پێ ناوزەد کردبوو. بەڵام لەسەدەی بیستەمدا ئەوە خودی ناونیشانی کۆمۆنیزم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بووو کە کەوتبووە بەر دەستدریژی چینەکانی دیکەو بە کردەوە مانا جیاکەرەوەکەی خۆی لەدەست دا. لەژێر ناونیشانی گشتیی کۆمۆنیزمدا، کۆمەڵێک ڕەوت و مەیلی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر سەریان هەڵدا کەنە لە تێڕوانین و بەرنامەداو نە لەپێگە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانیاندا، هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسزمدا نەبوو. چەند لقێکی ئەم کۆمۆنیزمە غەیرە کرێکارییە، وە لەپێشەوەی هەموویاندا کۆمۆنیزمی بۆرژوایی جەمسەری سۆڤێت، لەبەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا بەکردەوە بوون بە لانکەی سەرەکی و ڕەسمیی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کریکارییان بەرەو کەنارو تەریک کەوتنەوە پاڵ پێوەنا .

73

گرنگترین ڕەوتی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لەسەدەی بیستەمدا بە بەلاڕێدا بردن و دواتر شکست پێ هێنانی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا قەوارەی گرت. بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بەڕابەرایەتی حیزبی بەلشەفیک توانی لەشۆڕشی ئوکتۆبەردا دەسالاتی دەوڵەتیی چینە دەسالاتدارەکان تێک بشکێنێ، حکومەتێکی کرێکاری بەرپا بکات و تەنانەت هەوڵ و تەقەلا سەربازییە ڕاستەوخۆکانی کۆنەپەرستیی شکست خواردوو بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتی خۆی پووچەڵ بکاتەوە. بەڵام سەرباری ئەم سەرکەوتنە سیاسییە، چینی کرێکاری ڕوسیا سەرەنجام نەیتوانی گۆڕانکاری لە بنەمای پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیادا پێکبهێنێ، واتە هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کرێگرتەیی و ئیشتراکی کردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان. لەنیوەی دووەمی دەیەی بیستدا لەجەرگەی گوشاری توندی ئابووریی پاش جەنگ و شۆڕش، وە لە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی سۆسیالیستییانەی پەیوەندییە ئابووریەکاندا، دیدی ناسیۆنالیستی بەسەر سیاسەت و ڕێبازی ئابووری حیزب و بزووتنەوەی چینی کرێکاری ڕوسیادا زاڵ بوو. ئەوەی لەسەردەمی ستالیندا ڕوویدا نەک بنیاتنانی سۆسیالیزم، بەڵکو سازدانەوەی ئابووری میللی سەرمایەداری بوو لە ڕوسیادا لەسەر بنچینەی مۆدێلێکی دەوڵەتی و چاودێری کراو. لەجیاتی ئامانجی خاوەندارێتی هاوبەش و



ئیشتراکی، خاوەندارێتی دەوڵەتیی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا بەرقەرار بوو. کرێ و پارەو نیزامی کاری بەکرێ هەروا مانەوە. ناکامیی چینی کرێکاری ڕوسیا لەوەدیهێنانی شۆڕشێک بەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکاندا ، بووە مایەی شکستی سەرتاپای شۆڕشی کرێکاری. چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی لەدەست دا. لەجیاتی حکومەتی کرێکاری، دەوڵەتێکی تازە بابەتی بۆرژوایی، بەبۆرۆکراسی و دامودەزگایەکی سەربازیی زەبەلاحەوە کەلەسەر ئابوورییەکی سەرمایەداری دەوڵەتی دامەزرابوو، لە ڕوسیا سەری هەڵدا .

74

ئەم مۆدێلە دەوڵەتییە بووە ئەلگۆی ئابووری ئەو جەمسەرە بەناو کۆمۆنیستییەی کە بە لەباربردنی شۆڕشی کرێکاری ئۆکتۆبەر لە ئاستی جیهانیدا خۆی نواند. دەوڵەتگەرایی ئابووری و دەستبردن بۆ جێگرتنەوەی میکانیزمی بازاڕ بە بەرنامەو بڕیارە ئیدارییەکان، ڕادەیەک لەهاوسەنگ کردنەوەی سامان و دابینکردنی لانی کەمێک لەخزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و بیمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەمووان، ئەمە هەموو ناوەڕۆکە بەناو سۆسیالیستییەکەی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو .

75

بەڵام سۆڤێت تەنها چاوگی قەوارەگرتنی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی نەبوو لەم سەدەیەدا لەئەوروپای ڕۆژئاوادا چەند لقێک لە کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری سەریان هەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەندێ شتی بنەڕەتیدا لەگەڵ تێڕوانینی ئابووریی کۆمۆنیزمی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا یەکیان دەگرتەوە، واتە لە لەقەڵەمدانی دەوڵەتگەرایی ئابووری بە سۆسیالیزم و هێشتنەوەی نیزامی کرێگرتەیی، بەڵام لە دیدگای جۆراوجۆری وەک دیموکراسی، ناسیۆنالیستی، ئومانیستی و مۆدێرنیستییەوە دەستیان دایە ڕەخنەگرتن لە ئەزموونی سۆڤێت و لەم بلۆکە دوورکەوتنەوە. مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، ئۆرۆکۆنیزم، چەپی نوێ و لقە جیاجیاکانی تروتیسکیزم لەڕەوتە بەرجەستەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری بوون لەئەوروپای ڕۆژئاوادا. لە وولاتانی دواکەوتوو و ژێردەستە کۆنەکاندا ناسیۆنالیزم و بۆچوونە دژی ئیستعمارییەکانی بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازی و جاروبار بزوتنەوە ئەرزی و جوتیارییەکان بوونە بنەمای جۆرێکی تازە لە کۆمۆنیزمی "جیهان سێیەمی". سەربەخۆیی ئابووری، سەنعەتی کردن و پێشخستنی خێرای ئابووری میللی بەپێی مۆدێلێکی دەوڵەتیی و بەرنامەڕێژی کراو، دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی سیاسی ئاشکرای هێزە ئەمپریالستییەکان و جاروبار تەنانەت زیندووکردنەوەی نەرێت و میراتی کەلتووریی کۆنی خۆجێیی لەبەرامبەر مۆدێرنیزم و کەلتووری ڕۆژئاواییدا، ناوەرۆکی ئەم جۆرە کۆمۆنیزمەی پێکدەهێنا .نموونەی بەرجەستەی کۆمۆنیزمی جیهان سێیەمیی، ماویزم و کۆمۆنیزمی چینی بوو، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تێڕوانین و سیاسی ڕەوتە بەناو کۆمۆنیستییەکانی وولاتانی دواکەوتوو دانابوو .
76

بەرەنجامی سەرهەڵدانی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری لەسەدەی بیستەمدا، تەریک کەوتنەوەو پاشەکشەی بەرچاوی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مارکسیزم بوو. یەکەم، ئامانجە بنەڕەتییەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری و لایەنە جیاجیاکانی تیۆری مارکسیزم پێ بەپێی ناوەرۆکە غەیرە سۆسیالیستی و غەیرە کرێکارییەکانی ئەم بزووتنەوانە کەوتنە بەر پێداچوونەوەو بەلێکدانەوەی بنەڕەتی و ئەم لادانانە بە فراوانی جیهاندا وەکو مارکسیزم و کۆمۆنیزم ناسێنران. دووەم، چەقی قورسایی کۆمەڵایەتی چینایەتی کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم لەناو چینی کرێکارەوە گوێزرایەوە بۆ ناو ڕشتەیەکی فراوان لە توێژە غەیرە کرێکارییەکان. لە ئەورووپای ڕۆژئاواو وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا ڕووناکبیران و خوێنکاران و قوتابیانی زانکۆو بەشە ڕیفۆرمیستەکانی خودی چینی بۆرژوا بوونە لانکەی سەرەکی قەوارەگرتن و خۆنواندنی ڕەوتە کۆمۆنیستییەکان. لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشدا، سەرەڕای ئەمانە، جوتیارانی نەدار، ووردە بۆرژوازی ناڕازی و لەهەمووانیش زیاتر بۆرژوازی ناسیونالیست و



سەنعەتگەراو تامەزرۆی گەشەسەندنی ئابووری میللی، پێگەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکارییان پێکهێنا .
77

لەئەنجامی نەبوونی تەقلیدێکی ڕیشەداری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، چینی کرێکار بەکردەوە بۆ دەیان ساڵ توانای خۆنواندنی سیاسی سەربەخۆو بەهێزی لە چوار گۆشەی جیهاندا لەدەستدا. لە ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکاو تاڕادەیەک لە بەشێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا کرێکاران بۆماوەی دەورەیەکی دوور و درێژ بەجارێک کەوتنە دەستی بزووتنەوەی سەندیکایی و حیزبەکانی باڵی چەپی خودی چینی دەسەڵاتدار، بەتایبەت سۆسیال دیموکراسی، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم ڕەوتانە لەبەرچاوی گشتی و تەنانەت لەدیدی بەشێکی فراوان لەخودی کرێکارانیشەوە وەکو چوارچێوە و لانکی سروشتی و بەڵگەنەویستی بزووتنەوەی کرێکاری سەیر دەکران. لە سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لەبەرامبەر هەندێ ئیمتیازی لاوەکی بە کرێکاران لە ناوەندی کاردا، بێ مافییەکی سیاسی و بەتاکخستنەوەیەکی بەرین لەئاستی کۆمەڵگادا بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا .لەبەشی هەرەزۆری وڵاتانی دواکەوتووتردا، تەنانەت خودی پێکهێنانی حیزب و دامەزراوە کرێکارییەکانیش تەنها وەکو خەونێکی سەرکوتکراو مانەوە .
78

لقە سەرەکییەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوایی لە چەند دەیەی ڕابردوودا یەک لە دوای یەک بەبنبەست گەیشتن. دوا قۆناغ، هەرەسهێنانی سەرسوڕهێنەرانەی سۆڤێت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا کە قسەکەرانی بۆرژوازی بە هەست بەسەرکەوتنەوە بە"کۆتایی کۆمۆنیزم" ناوزەدیان کرد .
79

سەرەڕای کەش و هەوای دژی کۆمۆنیستیی سەرەتای نەوەدەکان و هاتوهاواری وڕوکاسکەری بۆرژوازی لەمەڕ سەردەمی "هەرسهێنانی کۆمۆنیزم"و سەرباری ئەو هەموو کوێرەوەرییەی کە دوابەدوای داڕوخانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بلۆکی ڕۆژهەڵات بەسەر سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی سەراسەری جیهان داباری، ڕەوتی ئێستای بارودۆخەکە نیشانەی کرانەوەی کەش و هەوایە بۆ سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەنێوجەرگەی گۆڕەپانی سیاسیدا، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا. مەرجێکی سەرەکی ئەم کارە، بەستراوەتەوە بە بەرامبەرکێی فیکری و سیاسی توندوتۆڵ لەگەڵ لقە جیاجیاکانی کۆمۆنیزمی بۆرژواییدا کە بەپێشڕەویی بزووتنەوەی چینی کرێکارو پەرەسەندنی برەوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، دیسانەوە لەبەرگی جۆراوجۆردا سەربەرزدەکەنەوە.

دنیایەکی باشتر - بەشی یەکەم - بابی پینجەم

80

## شۆڕش و ڕیفۆرم

81

بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار ئەرکی دەستبەجێی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییە، شۆڕشێک کە سەرتاپای پەیوەندییە چەوسێنەرانەکانی سەرمایەداری ژێرەوژوور دەکات و کۆتایی بەو کوێرەوەری و مەینەتییانە دێنێ کەلەم نیزامەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەرنامەی ئێمە، دامەزراندنی دەستبەجێی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستییە . کۆمەڵگایەکی بێ بەری لەدابەشبوونی چینایەتی، بێ بەری لە خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، بێ بەری لە کرێگرتەیی و بێبەری لە دەوڵەت. کۆمەڵگایەکی ئازادی ئینسانی کەلەسەر بناغەی هاوبەشیی هەمووان لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگاو لە دیاریکردنی ڕێبازو چارەنووسی کۆمەڵگا دامەزراوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، هەرئەمرۆ دەکرێ پیادە بکرێت. بەڵام ئەو شۆڕشە مەزنە کرێکارییەی کە دەبێ ئەم کۆمەڵگایە



وەدیبێنێ تەنها بەویستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕوونادات. ئەمە جووڵانەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە کە دەبێ لە ئەبعاد و شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا سازمانبدرێت. کۆسپی جۆراوجۆر دەبێ لەسەر ڕێگای لابدرێت. ئەم هەوڵو کۆششە فەلسەفەی وجودی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ناوکۆکەی هەڵسوڕانی هەموو ڕۆژەی پێکدەهێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کە ئەم خەباتە لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاریدا لە ئارادایە، ملیاردەها ئینسان لە جەرگەی جیهانێکی سەرمایەداریدا بەردەوام لە هەوڵی هەموو ڕۆژەدان بۆ دابین کردنی گوزەران و ئاسایشی خۆیان. خەباتی شۆڕشگێڕانە لە پێناو بەرپاکردنی دنیایەکی نوێدا، جیاناکرێتەوە لە هەوڵی هەموو ڕۆژە بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵانی کرێکار هەر لەم دنیایەی ئێستادا .

82

لە ڕووی سیاسییەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری نە تەنها ناکۆکییەک نابینێ لە نێوان بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی ئەم نیزامەو هەوڵ و کۆشش بۆ سەپاندنی ڕیفۆرمێکی هەرچی بەرینتر بەسەریدا، بەڵکو حزور لە هەردوو سەنگەری خەباتەکەدا بە مەرجێکی بنەڕەتیی سەرکەوتنی یەکجاری چینی کرێکار دادەنێ، شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێک نییە لە هەژاری و داماوی و ناچاریی هەلومەرجی کرێکارانەوە سەرچاوە بگرێت، شۆڕشێکە کە پشت بە هۆشیاری و ئامادەیی ماددی و مەعنەوی چینی کرێکار دەبەستێ، چەندە کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار لە ئازادییەکی سیاسی بەرفراوانتر بەهرەمەندبن، چەندە شەخسییەت و حورمەتی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی و چینی کرێکار بەشێوەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگادا جێکەوتە تر بێت، چەندە چینی کرێکار لە خۆشگوزەرانی و ئاسودەییەکی ئابووری زیاتر بەهرەمەند بێت و بەشێوەیەکی گشتی چەندە خەباتە کرێکاری و ئازادیخوازانەکان یاساو ڕێسایەکی سیاسی و خۆشگوزەران و مەدەنی پێشڕەوتریان بەسەر کۆمەڵگای بۆرژواییدا سەپاندبێ، بەهەمان ڕادە هەلومەرج بۆ شۆڕشی کرێکاری لە دژی سەرتاپای سرمایەداری ئامادەترە دەبێ و سەرکەوتنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم شۆڕشە لیبراوانەتر وھەمەلایەنەتر دەبێت، بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی ھەر خەباتێک ڕادەوەستێ کە لە پێناو ڕیفۆرمی یاساو ڕێساکانی ئەم نیزامەی ئێستا بە قازانجی خەڵک بەڕێ دەخرێت
.

83

ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە خەباتیدا بۆ ڕیفۆرم لە ڕەوت و بزووتنەوە ڕیفۆرمیستەکان جیادەکاتەوە، چ کرێکاری و چ غەیرە کرێکاری، بەر لە ھەرشتێک ئەوەیە کە: یەکەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری ھەمیشە پێ لەسەر ئەم ڕاستییە دادەگرێ کە وەدیھاتنی ئازادی و یەکسانی تەواو لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە مەیسەر نابێت. تەنانەت قووڵترین و ڕیشەیی ترین ڕیفۆرمە ئابووری و سیاسییەکانیش بەپێی پێناسەکەی دەست بۆ بنەما قێزەونەکانی ئەم نیزامە، واتە خاوەندارێتی تایبەتی، دابەشبوونی چینایەتی و نیزامی کاری بەکرێ، جگە لەمەش ڕاستییەکەی ئەوەیە کە، بە گەواھی سەرتاپای مێژووی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئەزموونی ھەرئێستای وولاتە جیاجیاکان، بۆرژوازی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەتوندوتیژترین شێوە لەبەرامبەر وەدیھاتنی سەرەتایی ترین داخوازییەکاندا مقاوەمەت دەکات. ھەروەھا ئەو پێشڕەوییانەش کەبەدەست ھاتوون ھەمیشە کاتین و لەسەردەم ئەگەری گورز خواردن و سەندنەوەدان. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەھەناوی خەبات لەپێناو ڕیفۆرمیشدا بەردەوام پێ لەسەر زوروورەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەگرێ، وەکو تەنھا ئەڵتەرناتیڤی بەڕاستی کاراو ڕزگاری بەخشی کرێکاری. دووەم، کۆمۆنیزمی کرێکاری لەھەمان کاتدا کە داکۆکی تەنانەت لە بچووکترین باشبوونێکیش دەکات لەژیانی ئابووری و سیاسی و کەلتووری کۆمەڵانی کرێکار لە کۆمەڵگادا، ھاوکات خستنەڕوو و داواکردنی مافی سیاسی و مەدەنی خۆشگوزەرانی ھەرچی بەرینترو پێشڕەوتر بەئەرکی خۆی دەزانێ. بزووتنەوەی ئێمە بۆ دیاریکردنی دروشم و خواستەکانی لەخەباتیدا بۆ ڕیفۆرم خۆی بەدەستڕۆیشتوویی و ئیمکانات و توانای چینی سەرمایەدار، بە لێکدانەوەی قازانج و زیانی سەرمایە و



بەرژەوەندیی"ئابووری وولات"و...تاد نابەستێتەوە. خاڵی دەستپێکردنی ئێمە مافە حاشا ھەڵنەگرەکانی ئینسانی سەردەمی ئێمەیە. ئەگەر وەدیھاتنی ئەم مافانەی وەک مافی سەلامەتیی، مافی فێربوون، ئاسوودەیی ئابووری، یەکسانیی ژن و پیاو، ئازادی مانگرتن، مافی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆو ھەمیشەیی کۆمەڵانی خەڵک لەژیانی سیاسی کۆمەڵگادا، دەستکۆتا کردنی دین و...تاد، لەگەڵ قازانجی سەرمایەو بەرژەوەندییەکانی نیزامی سەرمایەدایدا نایەنەوە، ئەمە تەنھا دەتوانێ بەڵگەیەک بێت بۆ پێویستیی ژێرەژوورکردنی ئەم نیزامە. بزووتنەوەی ئێمە لە خەباتیدا بۆ ڕیفۆرم ھەمیشە ئەم ڕاستییە دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگاو چینی کرێکار. ئامانجی ئێمە لەم خەباتەدا پێکھێنانی سەرمایەدارییەکی دەست پیاھێنراو،سەرمایەدارییەکی خاوەن"ڕوخساری ئینسانی"یان سەرمایەداری یەکی"دڵسۆز" نییە. ئامانجی ئێمە سەپاندنی بەشێکی ھەرچی زیاترە لەمافە ڕەواکانی خەڵکی کرێکار بەسەر نیزامی دەسەڵاتداردا. کۆمەڵە ماف و داخوازییەک کە بۆرژوازی بەناتەبایان دەزانێ لەگەڵ مانەوەی خۆیداو سەرکوتیان دەکات، چینی کرێکار ھەر ئەمڕۆ ئامادەیە بە ھەمەلایەنەترین شێوە بەدییان بێنێ.

دنیــایەکی باشـــتر

بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

٢

85

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی تەواو و ھەمەلایەنەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداری و پیادەکردنی تێکرای بەرنامەی کۆمۆنیستی و ئازادیبەخشی چینی کریکار خەبات دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێی وایە کە پێشکەوتنە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زانستی، تەکنەلۆژی و مەدەنییەکانی تا ئێستای کۆمەڵگای بەشەری هەلومەرج و پێداویستییە مادییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادی بێ چین و چەوسانەوەو ستەم، کۆمەڵگایەکی جیهانیی سۆسیالستی، هەرئێستا فەراهەم کردووەو چینی کرێکار لەسەرێتی هەر لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیدا، جێبەجێ کردنی بەرنامەی کۆمۆنیستیی خۆی دەست پێ بکات .

86

لەهەمان کاتدا، مادام وە لە هەر شوێنێک کە نیزامی سەرمایەداری بەرقەرارە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپێناو بەرینترین و قووڵترین ریفۆرمە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیشدا خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئاستی ژیان و ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک تا بەرزترین ئاستی مومکین باش بکات. ئەم ریفۆرمانەو، هێنانە مەیدانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ وەدیهێنانیان، رێگا بۆ تێسرەواندنی دوا گورز لە پەیکەری نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارێتی چینی سەرمایەدار بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا خۆش دەکات .

87

ئەم بەشەی بەرنامە سەردێڕی ئەو هەنگاوو داخوازییە ریفۆرمیستییانەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەگرێتەوە کە ئاڵای دەستی حیزبە لە بزووتنەوە موتاڵەباتییەکانی کرێکاراندا و لە خەبات بۆ سەپاندنی ریفۆرم بەسەر ئەم نیزامەی ئێستادا. ئەو خواست و یاسا و رێسایانەی لەخوارەوە هاتوون ئەگەرچی تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتووترین کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی جیهانی ئەمڕۆشدا وەکو یاسا و رێسایەکی رادیکاڵ و نموونەیی دێنە بەرچاو، لەراستیدا تەنها بەشێکی بچووک لەو ماف و ئازادییانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا بەکاملترین شێوە وەدی دێن .

88



گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ تەنانەت بچووکترین باشبوون لە ژیانی ماددی و مەعنەوی خەڵکی عێراقدا و بەدەستهێنانی سەرەتایی ترین ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان لە گرەوی رووخاندنی رژێمی کۆنەپەرست و دژی بەشەریی بەعسی ناسیۆنالیستیی عەرەبی دایە. رووخاندنی رژێمی بەعس ئەرکێکی دەستبەجێی شۆرشی کرێکارییە لەعێراقدا .حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس و دامەزراندنی دەستبەجێی حکومەتێکی کرێکاری تێدەکۆشێت. حکومەتی کرێکاری نەتەنها بەدیهێنانی دەستبەجێی ئەم یاساورێسایانەی کە لەم بەشەی بەرنامەدا هاتوون، وەکو سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵکی عێراق، زامن دەکات، بەڵکو بە جێبەجێ کردنی تێکڕای بەرنامەی کۆمۆنیستیی خۆی، هەلومەرجی ئازادی و رزگاری و یەکسانیی راستەقینە و کامڵی هەموو خەڵک دەستەبەر دەکات .

دنیایەکی باشتر - بەشی دووهەم - بابی یەکەم

89

## بنەماو چوارچێوە گشتییەکان

90

١ -دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر دەخاڵەتی راستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لە کاروباری حکمرانیدا .

91

٢ -دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان، بەشێوەیەکی بەرین و بێ قەیدوشەرت و زامنکراو و یەکسان بۆ هەمووان. سرینەوەی هەرجۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی جنسی، رەگەزنامە، ئینتمای رەگەزی و میللی و نەژادی و دینی، تەمەن....تاد .

92



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣ -پیادەکردنی یاساوڕێسا ئابووری و خۆشگوزەرانییە گشتییەکان، وەهەروەها قانوون کارێکی پێشڕەو، کەبەرزترین ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ئابووری خەڵک بەسەر نیزامی سەرمایەداری حوکمڕاندا بسەپێنێ .

93

٤ -پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسا و هەنگاوێک کە بەخێراترین و ڕیشەیی ترین شێوە بیروباوەڕ و داب و نەریت و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانە و تەفرەقەئامێز و سووکایەتی ئامێز هەڵپێچێ و ڕێگە بۆ بەرقەرارکردنی کەلتوور و کۆمەڵە بەهاو پەیوەندییەکی ئینسانی هەرچی ئازادتر و ئازادیخوازانەتر خۆش بکات .

94

٥ -بەرقەرارکردنی کۆمەڵە یاساوڕێسایەک کە عێراق بکاتە ناوەندێک بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی خەباتە ئازادیخوازانەکان و پێوانە و بەها ئینسانییە پێشڕەوەکان و خەباتە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا .

95

ئەم بنەما گشتییانەی سەرەوە دەبێ دەستبەجێ لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەدی بهێنرێن:

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی دوهەم

96

## بونیادو ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی

97

### حکومەتی شورایی



98

سەردەمی هەوچەرخ زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە بێ مافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕووکەش بوونی دەخاڵەتی ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لەنیزامە دیموکراسییە لیبراڵی و پەرلەمانییەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەک کە بیەوێت دەخاڵەتی کۆمەلانی بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتیی دابمەزرێ .دەبێ حوکمڕانی کردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لەلایەن شوراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەمووان هەم وەکو یاسادانەرو هەم پیادەکەری یاسا کاردەکەن. بەرزترین ئۆرگانی حکومەتیی لە وولاتدا کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شوراکانی خەڵک دەبێت. هەرکەسێکی سەرووی ١٦ ساڵ بە ئەندامێکی خاوەن دەنگی شورا محەللییەکەی خۆی دەژمێردرێت و مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ هەموو پلەوپایە و پۆستەکانی شورای ناوەندەکەی یان نوێنەرایەتی کردن لە شوراکانی سەرەوەتردا کاندید بکات .

99

### هەڵوەشاندنەوەی سوپا

100

سوپاو هێزە چەکدارە پیشەییەکان لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا شتێکی تر نین جگە لە کۆمەڵێک داروودەستەی چەکدار و بەکرێگیراوی چینی دەسەڵاتدار کە بەخەرجی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێش بۆ پەخسیر هێشتنەوەی خودی ئەوان و هەروەها پاسەوانی کردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بازاڕی ناوخۆی بۆرژوازی هەر وولاتێک لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا سازدراوە. سەرباری ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات لەژێر ناوی جۆراوجۆردا ماهییەتی چینایەتی و سوودی حەقیقیی سوپاکەی بشارێتەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و به ئۆرگانێکی گشتیی و پارێزەری بەرژەوەندی هەمووانی لەقەڵەم بدات، بەڵام پەیوەندی توندوتۆڵی سوپاکان بەچینە دەسەڵاتدارەکانەوە رۆڵی ئەوان لە پاسەوانی کردنی بەرژەوەندییەکانی ساحێبانی کۆمەڵگا، نەتەنها لە وولاتانی ئاسیایی و ئەفریقیایی و ئەمریکای لاتین کە رۆڵی سەرکوتگەرانەی سوپاو پۆلیس تیایاندا بەرجەستەتر بووە بەڵکو لە ئەورووپاو ئەمریکای باکوریشدا کە ئەفسانەی سوپای غەیرە سیاسی رەواجێکی زیاتری هەیە، بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵک زۆر بەرچاوە .

101

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری هەڵپێچانی سوپاو هێزە چەکدارە پیشەییەکانە .

102

سوپاو جەیشی شەعبی و باقی هێزە چەکدارە پیشەییەکان و هەروەها هەموو رێکخراوە سەربازی و دیسپلینی و جاسوسی و موخابەراتییە نهێنییەکان دەبێ هەڵوەشێنەوە .

103

هێزی میلیشیای شوراکانی خەڵک، دامەزراو لەسەر مەشقی سەربازیی گشتیی و بەشداری گشتیی لە ئەرکە دیسپلینی و دیفاعییەکاندا، جێگای سوپای پیشەیی و سەروو خەڵکی دەگرێتەوە .

104

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەروەها پێی وایە تا وەختێک کە هێزە چەکدارەکان هەن دەبێ ئەم بنەمایانەی خوارەوە لەهەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو هەلومەرجێکدا پیادە بکرێن :

105

هەڵوەشاندنەوەی گوێڕایەڵی کردنی بێ ئەملاوئەولای خوارەوە لە سەرەوە لەناو هێزە چەکدارەکاندا. هەرکەسێکی سەربازیی مافی هەیە کە سەرپێچی لە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانەدا بکات کە بەبڕوای ئەو لەگەڵ یاساکانی وڵاتدا ناکۆکن وەیان لەگەڵ بنەما ئینسانی و ویژدانییەکانی ئەودا نایەنەوە .



106

هەرکەسێک مافی هەیە کە سەرپێچی بکات لە بەشداری کردن لە شەڕ یان هەر چالاکییەکی سەربازیدا کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەودا ناکۆک بێت .

107

هێزە دیسپلینییەکان دەبێ لە کاتی ئیشوکارەکانیان و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا جلوبەرگی سەربازیی رەسمیی خۆیان لەبەر بێت و چەکەکانی خۆیان بەجۆرێک هەڵگرن کە لەبەرچاو بێت. پێکهێنانی هێزی چەکداری بێ جلوبەرگی رەسمی، وەیان ئەنجامدانی ئیشوکار وەکو پۆلیسی چەکدار بەجلوبەرگی مەدەنییەوە قەدەغەیە. ئەوە مافی هەر هاووڵاتییەکە کە بتوانێ لە بوونی هێزە ئەمنییە چەکدارەکان لە ناوەندەکەیدا(شوێنی کار،ژیان،هاتووچۆو...تاد) ئاگاداربێت .

108

کەسانی ئەندام لە هێزە سەربازییەکاندا مافی ئەوەیان هەیە کە لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن و ببنە ئەندامی حیزبە سیاسییەکان . هەڵسوورانی حیزبە سیاسییەکان و سەندیکاو باقی رێکخراوەکان لەنێو هێزە سەربازییەکاندا ئازادە .

109

## هەڵوەشاندنەوەی بۆرۆکراسی سەروو خەڵکیی و بەشداری راستەوخۆی خەڵک لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا

111

هەموو پلەوپایە و پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانی وڵات بە هەڵبژاردن دەبێ و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، هەر کاتێکیش ویستیان دەتوانن لەسەرکاریان لابەرن. مووچەی کەسانێک کە بۆ کاروباری سیاسی و ئیداری وڵات هەڵدەبژێردرێن نابێ لە کرێی ناوەنجیی کرێکار تێپەڕێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەنجامدانی چاودێریی ڕاستەوخۆی خەڵک لەڕێگەی دامەزراوە شوراییەکانەوە بەسەر هەموو دامەزراوە شوراییەکانەوە بەسەر هەموو دامەزراو و پلەوپایە ئیدارییەکاندا سادەکردنەوەی سلسلە مەراتب و زمان و ڕێوشوێنی کاری فەرمانگە دەوڵەتییەکان بە جۆرێک کە دەخاڵەت کردن و کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتییان بەسادەیی ئەنجام بدرێت .

112

بردنەسەری ستانداردەکانی ئەخلاقی ئیداری و ویژدانی کار و ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان و ئەوانەی کاریان ئەکەوێتە لایان. بەد کەڵک وەرگرتنی کاربەدەستانی ئیداری لە پلەوپایەی ئیشکردنیان، دەم چەورکردن، واستەکردن، جیاوازی کردن و سەرپێچی کردن لەیاساورێسا و دەقە قانوونییەکان یان کەمتەرخەمی کردن لەجێبەجێ کردنیاندا، ئەمانە دەبێ بە وێنەی تاوانی گەورە لە دادگا ئاساییەکاندا لێیان بکۆڵرێتەوە. قەدەغەکردنی بێ ئەملاوئەولای بەکارهێنانی ئەو ئیمکانات و تەسهیلاتانەی پەیوەستن بە پلەوپایەی ئیدارییەوە بۆ کاروباری شەخسیی .

113

مافی بێ قەیدوشەرتی هەر کەسێک بۆ تۆمارکردنی دەعوانامە لەدژی هەر پۆستێکی دەوڵەتیی لە دادگا ئاساییەکاندا .

114

**بەرقەرارکردنی دادگای سەربەخۆو دابینکردنی عەدالەتی قەزایی بۆ هەمووان**

116

سیستمی قەزایی و چەمکی عەدالەتی قەزایی لە هەر نیزامێکدا ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بنچینە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو نیزامەیە. قەڵەمڕەوی قەزا، هەر لە پێکهاتەی یاساکان و دیدی زاڵ لەبارەی حەق و ئینساف و عەدالەتەوە تادەگات بە دامەزراوەکان و سیستمی ئیداری



و شێوازی دەسەڵاتی قەزایی بەشێکن لەڕووبینای سیاسی کۆمەڵگا کە پارێزگاری لەو بنەما ئابووری و چینایەتییانە دەکەن کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەم پێیە عەدالەتی قەزایی ڕاستەقینەو بەهرەمەندبوونی یەکسانی هەمووان لێی، هەروەها قەزاوەت و داوەری سەربەخۆ و ئینسافانەی ڕاستەقینە، بەستراوەتەوە بە گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵگای چینایەتی ئێستاوە .

117

لەم پێناوەدا، هەروەها بەمەبەستی زامنکردنی عادلانەترین ڕێوشوێنی قەزایی شیاو لە کۆمەڵگای ئێستادا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری وەدیهاتنی دەستبەجێی ئەم بنەما بنەڕەتییانەی خوارەوەیە .

118

سەربەخۆیی کاملی قازییەکان، دادگاکان و سیستمی قەزایی لەڕووی حقوقییەوە لە دەسەڵاتی تەنفیزی .

119

قازییەکان و کاربەدەستانی دیکەی قەزایی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر کاتێکیش زۆربەی دەنگدەران ویستیان دەتوانن لایان بەرن .

120

هەڵوەشاندنەوەی دادگا تایبەتییەکان و لێپێچینەوە لە هەموو تاوانەکان لە دادگای ئاساییدا .

121

ئاشکرابوونی هەموو دادگاییەکان. بەرپاکردنی دادگا بەحزوری دەستەی دادوەریی لە هەموو تاوانە جینایییە گشتییەکاندا. مافی تاوانبارکراو و پارێزەرەکانی لەڕەتکردنەوە یان قبووڵکردنی قازی و ئەندامانی دەستەی دادوەریدا

122

لەهەموو دادگاییەکاندا ئەسڵ لەسەر بێ تاوانیی تاوانبارکراوە و ئەرکی سەلماندنی تاوان لە ئەستۆی داواکاری گشتی وەیان لایەنی داواکارە .

123



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یاساوڕێسا قەزاییەکانی وڵات و مافی تاکەکان لە بەرامبەر دەزگای قەزاییدا لە شوێنێکی تری ئەم بەرنامەیەدا بەوردی باس کراوە.

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی سێهەم

124

## ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان

125

قسەکەرانی سەرمایەداری ڕێزدانان بۆ مافە فەردی و مەدەنییەکان بە خەسڵەتی جیاکەرەوە و بەیەکێک لەکۆڵەکەکانی نیزامەکەی خۆیان لەقەڵەم دەدەن .ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو ئەو پێنج میلیارد ئینسانەی کە ئەمڕۆ لەژێر سایەی حوکمڕانیی سەرمایەدا دەژین، تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم، ئەویش لەچەند وڵاتێکی دیاریکراودا، دەکرێ پەیدا بکرێت کە لە جۆرێک مافی فەردی و مەدەنی پێناسەکراو و تا ڕادەیەک جێکەوتوو بەهرەمەندن. نسیبی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری جیهانی سەرمایەداری، بێ مافیی سیاسی کەم تازۆر ڕەها، دەوڵەتانێکی ملهوڕو سەرکوتگەرو، تیرۆریزم و زەبروزەنگی سازماندراوی دەوڵەتییە. جگە لەمەش، لە خودی وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکاشدا مافە فەردی و مەدەنییەکانی جەماوەر نەک هەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازادییانەدا کە ئینسانی ئەمڕۆ خوازیارێتی بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێ و زۆر کەمە، بەڵکو لە جەرگەی یەخسیریی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار بەدەست سەرمایەوەو گرێخواردنی توندوتۆڵی ماف و ئازادی بە خاوەندارێتییەوە، ئەم مافانە لە هەر جۆرە مانایەکی ماددی و جیدیی خاڵییە. سەرەنجامیش، ئەزموونی ژیانی خەڵک لەم وڵاتانە لە سەردەمەکانی قەیران و تەنگانە ئابوورییەکاندا بە ڕۆشنی نیشانی داوە کە مانەوەو تەمەنی هەر ئەم مافە



کەموکورت و فۆرماڵییانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جێوشوێنی ئابووریی چینی سەرمایەدارەوە هەیەو هەرکاتێک ئەم مافانە بووبێتنە کۆسپ لەبەردەم قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا، بەسادەیی کەوتوونەتە بەر پەلاماری دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار .

126

ئازادیی فەردی و مەدەنی ڕاستەقینە تەنها لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانێ بەدیبێت کەخۆی ئازاد بێت. شۆڕشی کۆمۆنیستیی کرێکاری، بە لە نێوبردنی کۆیلایەتی چینایەتی و ئابووریی ئینسانەکان، مژدەدەری فراوانترین ئازادییەکان و دەرفەتی خۆنواندنی تاکەکانە لەمەیدانە جیاجیاکانی ژیاندا .

127

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەهەمان کاتدا بۆ بەدیهێنان و دابینکردنی بەرینترین مافە فەردی و مەدەنییەکان هەر لەم کۆمەڵگایەدا خەبات دەکات. گرنگترینی ئەم ماف و ئازادییە حاشاهەڵنەگرانە کە بەهیچ جۆرێک نابێت پێشێل بکرێن بریتییە لەمانە :

128

-مافی ژیان و پارێزراوبوونی جەستەیی و دەروونیی تاکەکان لە هەر جۆرە پێشێلکارییەک .

129

-مافی گوزەران. مافی بەهرەمەندبوون لە پێداویستییەکانی ژیانێکی نۆرماڵ لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا .

130

-مافی دەست ئاوەڵابوون و ڕابواردن و ئاسوودەبوون .

131

-مافی فێربوون. مافی بەهرەمەند بوون لە هەموو ئەو ئیمکاناتی فێربوونەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە .

132

-مافی لەش ساغیی مافی بەهرەمەند بوون لە هەموو ئیمکاناتەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵگای هاوچەرخ بۆ پاراستنی تاکەکان لە مەترسی و نەخۆشییەکان، مافی بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتە تەندروستی و پزیشکییەکانی کۆمەڵگا .
133

-مافی سەربەخۆیی فەردیی. قەدەغەکردنی هەرجۆرە یەخسیریی و کۆیلایەتی و بێگارییەک لە هەر بەرگێکدا و بە هەر بیانوویەکەوە بێت .
134

-مافی تێکەڵبوون و ژیانی کۆمەڵایەتی. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جوداسازیی و بێبەشکردنێکی تاکەکان لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا .
135

-مافی عەوداڵ بوون بەشوێن حەقیقەت و ئاگاداربوون لە حەقیقەتی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی .قەدەغەکردنی سانسۆر، قەدەغەکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەت یان خاوەن و بەڕێوەبەری میدیاکان بەسەر ئەو زانیارییانەی کە دەگاتە دەستی هاووڵاتیان .
136

-مافی بەهرەمەند بوون لە ژینگەیەکی پاک و ئاسوودە. ئازادیی دانیشتووانی وڵات و نوێنەرانی ئەوان لە چاودێری کردن و لیکۆڵینەوە لە کاریگەری چالاکییەکانی دەوڵەت و دامەزراوە جیاجیاکان لەسەر ژینگە .
137

-ئازادی بێ قەیدوشەرتی بیروباوەڕ، بەیان، کۆبوونەوە، چاپەمەنی، خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهینانی حیزب و ڕێکخراوەکان .
138

-ئازادی کامڵ و بێ قەیدو شەرتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی، کەلتووری و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا .
هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە ئاماژەیەک بۆ بەناو موقەددەساتی میللی و نیشتمانی و دینی و...تاد لە یاساکاندا وەکو فاکتەرێک بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕەخنەو ڕادەربڕینی جەماوەر. قەدەغەکردنی



هەرجۆرە ورووژاندن و چاوسوورکردنەوەیەکی دینی و میللی و...تاد لە دژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی تاکەکان .
139

-ئازادی دینداری و بێ دینی .
140

-مافی دەنگدانی گشتی و یەکسانی سەرووی شانزە ساڵ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جنس، ئینتمای دینی، ڕەگەزی، میللی، کاروکەسابەت، ڕەگەزنامە، مەرام و بیروباوەری سیاسی، هەروەها ئازادیی هەر کەسێکی سەروو شانزەساڵ بۆ خۆکاندیدکردن لە هەر دامەزراو و ئورگانێکی نوێنەرایەتیدا وەیان بەدەستهێنانی هەر پۆست و پلەوپایەیەکی ئینتخاباتیدا .
141

-قەدەغەکردنی پشکنینی بیروباوەڕ. مافی هەر کەسێک لە سەرپێچی کردن لە شایەتی دان لەدژی خۆی، بەجۆرێک کە ببێتە بەڵگەی تاوانبارکردنی ئەوکەسە .ئازادی بێدەنگی کردن لەبارەی دیدو بیروباوەڕی شەخسییەوە .
142

-ئازادی بێ قەیدوشەرتی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، ئازادی سەفەرو جێگۆڕکێ بۆ هەموو کەسانی سەرووی شانزەساڵ بەژن و پیاوەوە. قەدەغەکردنی هەر جۆرە کۆنترۆڵکردنێکی هەمیشەیی هاتوچۆ لەناوخۆی وڵاتدا لەلایەن دەوڵەت و کاربەدەستانی دیسپلینییەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوشەرت دانانێک بۆ چوونە دەرەوە لە وڵات. بەخشینی بێ قەیدو شەرت و دەستبەجێی گوزەرنامەو پاسپۆرتی هاتوچۆ .
143

-قەدەغەکردنی دانانی هەرجۆرە کۆسپ و تەگەرەیەک لەبەردەم دەرچوون و هاتنە ژوورەوەی خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ وڵات. بەخشینی ڕەگەزنامەی وڵات بە هەر کەسێک کە خوازیاری بێت و ئەرکە حقوقییەکانی هاووڵاتێتی قبووڵ بکات. بەخشینی بێ قەیدوشەرتی مۆڵەتی مانەوەو کارکردن بۆ کەسانێک کە خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

144

-پارێزراو بوونی ژیانی تایبەتی کەسەکان. پارێزراوبوونی شوێنی ژیان، نامەو نووسراو گۆڕینەوەو قسەکردنیان لە هەرجۆرە دەخاڵەتێک لەلایەن هەر دەسەلاتێکەوە. قەدەغەکردنی گوێ هەڵخستن بۆ قسە، شوێنکەوتن و چاودێری کردن. قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیانی تاکەکانەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمیی لەخۆیان. مافی هەر کەسێکی دانیشتووی وڵات ئاگاداربوون و بینینی هەموو ئەو زانیارییانەی کە دەزگا دەوڵەتییەکان لەسەر ئەو هەیانە .

145

-ئازادی هەڵبژاردنی پیشە .

146

-ئازادی بێ قەیدوشەرتی جلوبەرگ پۆشین .هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوبەند دانانێکی ڕەسمیی و ناڕەسمیی لەسەر چەندوچوونی جلوبەرگی خەڵکی، چ ژن چ پیاو، لە شوێنە گشتییەکاندا .قەدەغەکردنی هەر جۆرە جوداسازیی وە یان سنووردانانێک بۆ تاکەکان لەسەر بناغەی شێوەی جلوبەرگ و پۆششیان .

147

-ئازادی لێپرسینەوە و چاودێری نوێنەرانی خەڵک بەسەر هەڵسووڕان و بەڵگەنامەو نوسینگەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا. قەدەغەکردنی دبلۆماسیی نهێنی.

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی چوارەم

148

## یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازی



149

یەکسانیی ئینسانەکان چەمکێکی سەرەکی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بنەمایەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگای ئازادی سۆسیالیستییە، کۆمەڵگایەک کە دەبێ بە هەڵپێچانی نیزامی چینایەتی و چەوسێنەرانەو پڕ لە جوداسازیی سەرمایەداری دابمەزرێت .یەکسانیی کۆمۆنیستی چەمکێکی زۆر فراوانترو جیهانگیرترە لە یەکسانیی حقوقی و رووکەشیی ئەفرادەکان و پیادەکردنی یەکسانی قانوون و یاساوڕێسا دەوڵەتییەکان بەسەریاندا. یەکسانیی کۆمۆنیستی یەکسانییەکی ڕاستەقینە و ماددی نێوان ئینسانەکانە لە مەیدانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. یەکسانی نە تەنها لە مافە سیاسییەکاندا، بەڵکو لە بەهرەمەند بوون لە ئیمکانات و نیعمەتە ماددییەکان و بەروبومی کۆششی هاوبەشی ئینسانەکان، یەکسانی تاکەکان لە جێوشوێنی کۆمەڵایەتییاندا و لە ئاست پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، یەکسانی نە تەنها لە بەرامبەر یاسادا بەڵکو لە پەیوەندییە ماددییەکانی نێوان ئینسانەکان لەگەڵ یەکتریشدا. یەکسانیی کۆمۆنیستی، کە لە هەمان کاتدا مەرجی پێویستی شکۆفایی توانا و بەهرە جیاجیا و جۆراوجۆرەکانی هەموو تاکەکان و گوڕوتینی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگایە، تەنها بە لە نێوچوونی دابەشبوونی ئینسانەکان بەسەر چینەکاندا مەیسەر دەبێت. کۆمەڵگای چینایەتی بەپێی پێناسەکەی ناتوانێ کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد بێت .

150

خەباتی ئێمە لەپێناو یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازیی لە نێو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئێستادا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی بەرینتر و بنچینەیی ئێمەیە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و ئازادی کۆمۆنیستی. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی لە دژی جوداسازیی و نایەکسانییەکانی جیهانی ئەمڕۆ ڕادەوستێ و پێی وایە کە یەکسانیی حقوقیی هەمووان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووواندا، بەبێ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەرچاوگرتنی جنسی، میللەت، دین، نەژاد، بیروباوەڕ، مەرام، کاروپیشە، پلەپایە و ڕەگەزنامەو...تاد ئینسانەکان، دەبێ وەکو مەبدەئێکی لەبەزاندن نەهاتوو و بنەڕەتی لە ڕیزی سەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگادا ڕابگەیەنرێت. هەموو ئەو قانوون و یاساوڕێسایانەی کە لەگەڵ مەبدەئی یەکسانیی تەواوی مافە فەردی و مەدەنییەکانی تاکەکاندا ناتەبان دەبێ دەسبەجێ هەڵوەشێنەوە، هەر حاڵەتێکی جوداسازیی کردن، جا لەلایەن هەر کەس و دەزگاو کاربەردەست و دامەزراوێکەوە ئەنجام درابێت، دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، بەجدی پەیگیری بکرێت و ئەنجامدەرانی بەپێی یاسا دادگایی بکرێن.

151

## یەکسانیی ژن و پیاو
## قەدەغەکردنی جوداسازیی لەسەر بناغەی جنسی

153

جوداسازیی لە دژی ژنان تایبەتمەندییەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە قانوونی هەر لەو ماف و ئازادییە بەرتەسک و بێ نرخانەش بێ بەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لە نێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا هەیە، ستەمکێشی ژن و بێ مافی و ژێردەستەیی ئەو بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و مۆدێرندا، وە تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەدا کە بە لوتفی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و پەلامارە سۆسیالیستییە کرێکارییەکان جوداسازیی جنسیی بە ڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالارییەکانی نێو کۆماڵگادا، ژنان بە



کردەوە لە زۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جوداسازیی و ستەم.

154

خودی ستەمکێشیی و ژێردەستەیی ژنان زادەی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە چەپەڵەی مێژووی لەوەو پێشی خەملاندووە و کردوویەتییە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نا یەکسانی و بێ مافییەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکریی و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا دێرین و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهلییەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری سەنعەتیی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەڕوانێتە دابەشبوونی جنسیی ئینسانەکان لە مەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامن کردنی قازانجی سەرمایە، مرونەت بەخشین بەهێزی کار لەخستنە سەرکارو دەرکردندا، پێکهێنانی دووبەرەکی و کێبەرکێ و کێشمەکێشی دەروونیی لەنێو سوپای کۆمەڵانی کرێکاردا، زامنکردنی بوونی بەشە مەحرومترەکان لە نێو خودی چینی کرێکاردا کە لە خوارەوە ڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە مەیسەر دەکات و سەرئەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانی و چینایەتی کۆمەڵانی کرێکارو زیندوو هێشتنەوەی بیروبۆچوون و ئەفکارو دەمارگیریە کۆن و سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە خێر و بەرەکەتەکانی ستەمکێشی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆ و لە هەمان کاتدا بەشێکن لە کۆڵەکەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆدا. بەدەرلەوەی کە سەرمایەداری لە زاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانی ژناندا دێتەوە یان نا، سەرمایەداری کۆتایی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر ئەم نایەکسانییە بیناکردووە و بەسووک و ئاسانی و بەبێ مقاوەمەتی سەرسەختانەو قەهراوی دەستبەرداری نابێت.

155

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە پێناو یەکسانی تەواو بێقەیدوشەرتی ژنان و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، خەبات دەکات. سەردێڕی ئەو یاساو هەنگاوانەی کە دەبێ هەر ئێستاو دەستبەجێ بۆ دەستکردن بە سڕینەوەی جوداسازیی لە دژی ژنان پیادە بکرێن بریتین لەمانە :
156

١ -ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێ قەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردییەکانداو هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاساوڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم مەبدەئەدا ناکۆکن .
157

٢ -دابینکردنی دەسبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لە ئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێقەیدوشەرتی ژنان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکانداو بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلەوپایەیەک، سیاسی بێت یان ئیداری، قەزایی...تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر قانوون و یاساوڕێسایەک کە مافی ژنان لە بەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسک دەکاتەوە .
158

٣ -یەکسانیی تەواوی ماف و جێوشوێنی قانوونیی ژن و پیاو لە خێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو بەوێنەی" سەرپەرشتیاری خێزان" و بەرقەرارکردنی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە پەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕیوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوون، کاری ناوماڵ و چوونەسەرکاری پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتی کردنی منداڵانی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەداو بەشکردن و خاوەندارێتی کردنی ماڵ و موڵکی خێزان .قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی کە لە شەرع و دابونەرێتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوەو دەبنە مایەی یەخسیربوونی ئەو، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا



بەبێ مەیلی ئەو، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. ئەم حاڵەتانە ئەگەر ژنەکە شکاتی لەسەر بکات دەبێ وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری و دادگایی لەسەر بکرێت. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ وەیان ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژنان لەخێزاندا .دانانی سزای قورس بۆ هەر جۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژییەک لە دژی ژنان و کچان لە خێزاندا .
159

٤ -یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی قانوونەکانی کارو بیمە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جوداسازی یەک. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە بەرامبەر کاری یەکساندا .هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە تەنگەبەرییەک بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کارو پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، مەرەخەسییەکان، سەعات و شیفتی کار، کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلە پێدان لەکاردا، نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێن و یاساوڕێسای تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کاروپیشەکانیان، وەکو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی ژنان لە شوێنی کاردا. ١٦ هەفتە مەرەخەسی بۆ کاتی دووگیانیی و منداڵبوون و یەک ساڵ مەرەخەسی بۆ چاودێری کردنی کۆرپە، کەدەبێ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێ وەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوەو کۆنترۆلکردن، کە ئەرکیان چاودێریکردنی بەرێوەبردنی ئەم ئەرکانەیان لەلایەن دامەزراوەکانەوە .
160

پێکهێنانی دامەزراوی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێبەجێکردنی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو لەکارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا، چ دەوڵەتی یان غەیرە دەوڵەتی، خزمەتگوزاری بێت یان قازاج هێنەر. تاقیبکردنی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراوو بەرێوەبەرانەی کە مەبدەئی یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا ڕەچاو ناکەن .
161

پێکهێنانی دامەزراوو دامودەزگاو فەراهەمکردنی خۆڕایی تەسهیلاتی وەک دایەنگەو باخچەی ساوایان و مەڵبەندەکانی یاری و پەروەردەکردنی ساوایان لە گەڕەکەکاندا کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێری کردنی مناڵان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاونانی ژنان بۆ ناو چالاکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن .
162

٥ -هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاساڕێسا دەستوپێ گیرو دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسییانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسییەتی ئەوان وەکو هاووڵاتییەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە کۆسپ دانانێک لە ڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێت یان نەکردبێ، لەناوخۆ یان دەرەوەی وڵات، بەحەزو ئارەزووی خۆی .هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاساوڕێسایانەی کە ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کارو هاوەڵانیاندا، بەرتەسک دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراوو کۆڕو کۆبوونەوەو گوزارو هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی دا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناوی وەک(السیدە)،(الانسە)و خوشکەو هەر نازناوێک کە ژن بەپێی جێوشوێنی لە ئاست پیاودا پێناسە دەکات، لە نامەو نووسراو و قسەوباسە ڕەسمییەکاندا لەلایەن کاربەدەستان و دامودەزگاو دامەزراوە



دەوڵەتی و تایبەتییەکانەوە .قەدەغەکردنی هەر جۆرە دەخاڵەتێک لەلایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت یان دامودەزگاو ناوەندە ڕەسمییەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە شەخسی و عاتفی و جنسییەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەر جۆرە مامەڵەیەکی سوکایەتی ئامێز، پیاوسالارانەو نایەکسان لەگەڵ ژناندا لە دامودەزگاو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا. قەدەغەکردنی ناوبردنی جنسی ئینسانەکان لە ئاگادارییەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جوداسازیی ئامێزەکان و سوکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندناو لە بری ئەمە دانانی مەوادی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی دامودەزگای پشکنین و دەستخستنە سەر تاوان و یەکە دیسپلینییەکانی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی ئازاردان و جوداسازیی بەرامبەر بە ژنان .
163

٦ -هەوڵی چڕوپڕو ڕاستەوخۆی دامودەزگا پەیوەندیدارە دەوڵەتییەکان بۆ خەبات لە دژی کەلتووری پیاوسالارانەو دژی ژن لە کۆمەڵگادا. هاندان و بەهێزکردنی ئەو دامودەزگا غەیرە دەوڵەتییانەی کە بۆ بەدیهێنان و سەقامگیرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن .
164

## یەکسانیی هەموو دانیشتووانی وڵات لە ڕووی حقوقییەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان

165

یەکسانیی تەواو و بێ قەیدوشەرتی هەموو دانیشتووانی عێراق، سەربەخۆ لە ڕەگەزنامەیان، لە هەموو ماف و ئەرکە یاساییەکاندا، بەفەردی و مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییەکانەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

166

باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کارو خۆشگوزەرانی بەسەر هەموو کرێکاراندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان .

167

بەخشینی مۆڵەتنامەی هاتنەژوورەوە، مانەوە، کارکردن و کارتەکانی بیمەو...تاد بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا .

168

## قەدەغەکردنی جوداسازیی نەژادی

169

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لێبڕاوانە لە دژی هەر جوداسازییەکی نەژادی و نەژادپەرستانە خەبات دەکات، نەتەنها هەر جۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی نەژاد دەبێ ڕاشکاوانە لە یاساکانی وڵاتدا قەدەغە بکرێت، بەڵکو دژایەتی کردنی لێبڕاوانەی جوداسازیی نەژادیی لە ئاستی جیهاندا دەبێ بەشێکی هەمیشەیی سیاسەتی دەرەوەی وڵات پێکبهێنێت .

170

## سڕینەوەی ستەمی میللی

171

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشێ لە پێناو سڕینەوەی تەواوی هەر جۆرە ستەمێکی میللی و هەر جۆرە جوداسازییەک لەسەر بناغەی ئینتمای میللی لە یاساکانی وڵات و کارکردەکانی دەوڵەتدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناسنامەی میللی، دەمارگیری میللی و ناسیۆنالیزم بە بیروباوەڕو میولێکی زۆر دواکەوتوو، تێکدەرو، ناکۆک لەگەڵ پیرۆزیی ئینسان و ئازادی و یەکسانیی ئینسانەکان دەزانێ و لیبڕاوانە لەدژی هەرجۆرە دابەشکردنێکی میللی دانیشتووانی وڵات و هەرجۆرە پێناسەکردنیکی ناسنامەی میللی بۆ



خەڵکی دەوەستێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری بەرقەرارکردنی نیزامێکە کە تیایدا دانیشتووانی وڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی میللەت یان هەستی ئینتمای میللی خۆیانەوە، ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن و هیچ جۆرە جوداسازییەک چ بە پۆزەتیڤ و چ نەگەتیڤ لەبەرامبەر خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکاندا پیادە نەکرێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێکۆشان لە پێناو سڕینەوەی ناسنامەی میللی و دانانی ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی گشتیی و جیهانیی کرێکاران لە جێگاکەی بەئەرکێکی بنەڕەتیی خۆی دەزانێ .

172

وەکو مەبدەئێکی گشتی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پێکەوە ژیانی خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکاندا کە سازدانی ڕیزی بەهێزی کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی میللی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکان پێکەوە ژیانی ئەوانی لە چوارچێوە وڵاتییەکانی ئێستادا دژوار و پڕ لە دەردەسەری کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەملێکراو و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ .

173

## مەسەلەی کورد

174

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بە وێنەی دەوڵەتێکی ناسیونالیستی عەرەبیی و دانی مۆری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەوانی دانیشتووانی عەرەبزمانی عێراق، بووەتە هۆی دابەشکردنی باقی دانیشتووان لەسەر بناغەی ئینتمای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میللی و کردنی جیاوازی و جوداسازیی میللی به یەکێک له کۆڵەکه بنەڕەتییەکانی قەوارەی ئەم وڵاته. حکومەته یەک له دوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی له عێراقدا به خۆشکردنی ئاگری هەستی میللی و پاکتاوکردنی میللی و سەرکوتی خوێناوی خواسته ڕەواو بزووتنەوه نارەزایەتییەکان و خوازیارانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، کینه و قڵشتی میللییان کردووەته یەکێک له سیما گرنگەکانی کۆمەڵگای عێراق و، مەسەلەی کوردیان کردووەته گرێیەکی گەورەو گرنگ. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەکو مەبدەئێک، مافی جیابوونەوه له عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ له ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازادو گشتییەوه بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ و هەرجۆره هەنگاوێکی قەهراوی و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەلبژاردنه ئازادانەیه به توندی مەحکوم دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری چارەسەرکردنی دەستبەجێی مەسەلەی کورده له عێراقدا له ڕێگەی بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادەوه لەناوچه کوردنشینەکانی باکوری عێراقدا، له ژێر چاودێری دامودەزگا ڕەسمییه نێونەتەوەییەکاندا. ئەم ریفراندۆمه دەبێ به چوونه دەرەوەی هێزه سەربازییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و زامنکردنی دەورەیەک له هەڵسوورانی ئازادانەی هەموو حیزبه سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئاشناکردنی جەماوەری خەڵک به بەرنامەو سیاسەت و بۆچوونی خۆیان له ڕیفراندۆمەکەدا، ئەنجام بدرێت .

175

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری له هەر برگەیەکدا تەنها کاتێک دەنگ بەجیابوونەوەی کوردستان دەدات که ئەگەری ئەوه بەهێز بێت که گرتنەبەری ئەم ڕێگەیه کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان له مافی مەدەنی پێشڕەوترو جێوشوێنیکی ئابووری و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یەکسانترو ئاسوودەتر بەهرەمەند بکات. هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری له هەر برگەیەکدا لەسەر بناغەی لێکدانەوەی دیاریکراو لەو هەلومەرجەی که لەئارادایەو لەسەر بناغەی قازانج و



بەرژەوەندییەکانی تێکرای چینی کریکارو بەتایبەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش له کوردستان دیاری دەکات .

176

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەلاڵه جۆراوجۆرەکانی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزمی میللی بۆ کوردستان که لەلایەن هێزەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوه دەخرێته ڕوو نه تەنها به هەنگاوێکی ڕوو لەپێش نازانێت به ئاقاری چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی کورد، بەڵکو ئەمانه به گەلاڵەیەک دادەنێ بۆ هەمیشەیی کردنەوەی ناسنامەی میللی کورد و غەیره کورد له چوارچێوەی یەک وڵاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدی کردن و شەرعییەتدان به جیابوونەوه میللییەکان و زەمینەسازیی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشه میللییەکان له ئایندەدا .

177

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەر جۆره چارەسەرێک له بارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوه که بەبێ گەڕانەوه بۆ ڕای گشتی خودی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی وه یان ڕێککەوتنی سەرو خەڵکیی نێوان دەوڵەت و حیزبه محەللییەکان پیاده بکرێت، به نا مەشروع و نا قانوونی دادەنێت.

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی پینجەم

178

## یاساورێسا کۆمەڵایەتی و کەلتوورییه مۆدێرن و پێشڕەوەکان

179

یاساورێسا سیاسی و ئیدارییەکانی کۆمەڵگا دەبێ کۆمەڵه یاساورێسایەکی مۆدێرن و سکولار و پێشڕەو بێت. بنچینەی ئەم یاساورێسا پێشڕەوانه دابڕانی تەواوی حوکمڕانی و دەسەڵاتی دەوڵەتیی و سیستمی ئیداری وڵاته



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له دین و موقەددەساتی ڕەگەزی و میللی و نەژادی و هەر ئایدۆلۆژی و دامەزراوێک کە لەگەڵ یەکسانیی تەواو و ڕەهای مافە مەدەنییەکانی هەموو هاووڵاتیان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووواندا ناکۆک بێت وە یان ئازادی ئەندێشەو ڕەخنەو ژیانی زانستیی کۆمەڵگا تەنگەبەر بکاتەوە. دین و ناسیۆنالیزم دوو ڕەوتی فیکری و کۆمەڵایەتین کە لەزاتی خۆیاندا، جودایی ساز، خورافی و ناکۆک لەگەڵ ئازادی و شکۆفایی ئینسانن . بەشێوەیەکی دیاریکراو دین، تەنانەت وەکو کاری تایبەتی تاکەکانیش، کۆسپە لەبەردەم ڕزگاری و شکۆفایی و باڵاکردنی ئینساندا .
180

بۆیە بەرپاکردنی دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی مۆدێرن و سکۆلار تەنها هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگای ڕزگاریی هەمەلایەنەی ئینسانەکان لە چنگی خورافات و دەمارگیریی ساویلکانەی دینی، میللی، ڕەگەزی و نەژادی و جنسی .
181

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پیادەکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوەیە :
182

## دین و میللەت و ڕەگەز

183

ئازادی دین و بێ دینی و جیایی تەواوی دین لە دەوڵەت. داتەکاندنی یاساکانی وڵات لە هەموو ناوەرۆک و پشتبەستن و کاریگارییەکی دین. کردنی دین بەکاری تایبەتی تاکەکان .هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی دینی ڕەسمی. سڕینەوەی هەر جۆرە ئاماژەکردنێک بەدینی کەسەکان لە یاساکان و ئەوراقە ناسنامەیی و ئیدارییەکانی پەیوەست بە خۆیان. قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان، بەتاک یان بە کۆ، بە هەر جۆرە ئینتمایەکی ڕەگەزی و



دینییەوە لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکان و میدیاکان و...تاد .
184

-جیاکردنەوەی تەواوی دین لە خوێندن و پەروەردە. قەدەغەکردنی خوێندنی وانە دینی یەکان، ئەحکامە دینییەکان وە یان ڕاڤەکردنی دینیی بابەتەکان لە خوێندنگە و دامەزراوەکانی فێرکردندا. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو ئەو قانوون و یاساوڕێسایانەی کە لەگەڵ مەبدەئی فێرکردن و بارهێنانی غەیرە دینیدا ناکۆکن .
185

-قەدەغەکردنی هەر جۆرە پشتیوانییەکی دارایی و ماددی و مەعنەوی لە دین و چالاکی و دامەزراو و دەستە دینییەکان لەلایەن دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە. ئەرکی دەوڵەتە کە لە ڕێگەی کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەو بردنەسەری ئاستی خوێندەواری و زانیاری زانستیی گشتییەوە دین لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بسڕێتەوە. سڕینەوەی هەر جۆرە ئاماژە کردنێک بۆ بۆنەو ساڵڕۆژە دینییەکان لە ڕۆژمێری ڕەسمیدا .
186

-قەدەغەکردنی مەراسیمی دینیی زەبروزەنگ ئامێز و غەیرە ئینسانی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە چالاکی و مەراسیم و خۆنواندنێکی دینیی کە لەگەڵ ئازادی و مافە مەدەنییەکانی خەڵک و مەبدەئی یەکسانیی هەمووواندا ناکۆک بێت. قەدەغە کردنی هەر جۆرە خۆنواندنێکی دینیی کە ببێتە مایەی شێواندنی ئاسودەیی و هەست بە ئاسایش کردنی خەڵک. قەدەغەکردنی هەر جۆرە مەراسیم و ڕەفتارێکی دینیی کە لەگەڵ قانوون و یاساوڕێساکانی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتیی تاکەکان و ژینگەو قانوونەکانی پەیوەست بەپاراستنی ئاژەڵ ناکۆک بێت .
187

-پارێزراو بوونی منداڵان و کەسانی ژێر شانزە ساڵ لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی ماددی و مەعنەوی دینەکان و دامەزراوە دینییەکان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قەدەغەکردنی ڕاکێشانی کەسانی ژێر شانزە ساڵ بۆ ناو فیرقە دینییەکان و مەراسیم و شوێنە دینییەکان .

188

-پێویستیی ناونوس کردنی ڕەسمیی دین و فرقە دینییەکان وەکو دامودەزگا و دامەزراوە تایبەتییەکان و پەیڕەوی کردنی دامەزراوە دینییەکان لە هەموو قانوون و یاساوڕێساکانی پەیوەست بە هەڵسووڕانی دامەزراوەکان. کۆنترۆڵی دامەزراوە قانوونییەکان بەسەر حەق و حیساب و دەفتەر و دەخل و خەرجی فیرقە و دامەزراوە دینییەکاندا. پەیڕەوی کردنی ئەم دامەزراوانە لە قانوونەکانی باجگیریی پەیوەست بەم جۆرە دامەزراوانە .

189

-قەدەغەکردنی هەر جۆرە گوشارێکی جەستەیی و نەفسیی بۆ قبووڵکردنی دین .

190

-قەدەغەکردنی ئەو ڕێوڕەسمە دینی و ڕەگەزی و تەقلیدی و ناوچەییانەی کە لەگەڵ ماف و یەکسانیی و ئازادیی خەڵکدا، چ تاک و چ کۆ، یان لەگەڵ بەهرەمەند بوونی ئەوان لە هەموو ئەو مافە مەدەنی و کەلتووری و سیاسی و ئابووریانەی کە قانوون دانی پێداناوە، وە یان لەگەڵ خۆنواندنی ئازادانەی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکن .

191

-دەستبەسەراگرتن و گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامان و دارایی و شوێنانەی کە دامەزراوە دینی و حیزبییەکان بە زۆر وەیان لە ڕێگەی دەوڵەت و دامودەزگاو دامەزراوە جۆراو جۆرەکانەوە بەدەستیان هێناوە. ئەم موڵک و شوێنانە دەخرێتە بەردەست دامەزراوەکانی هەڵبژێردراوی دەستی خەڵک بۆ بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی گشتیدا .

192

-قەدەغەکردنی لکاندنی ئەفراد و کۆڕوکۆمەڵەکان بە میللەتێکی



دیاریکراوەوە لە ئاستی گشتیدا، لە میدیاکان، فەرمانگەکان و...تاد بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمیی لە خۆیان .

193

-سڕینەوەی هەر جۆرە ئاماژە کردنیک بۆ ئینتمای میللی تاکەکان لە ئەوراقە ناسنامەییەکان، بەڵگەنامە دەوڵەتیەکان و کاروبارە ئیدارییەکاندا .

194

-قەدەغەکردنی هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەکی نەفرەتکردنی دینیی، میللی و ڕەگەزی، نەژادی و جنسی، قەدەغەکردنی پێکهێنانی حیزب و گروپی سیاسی کە خۆ بەبانتر زانینی میللی، ڕەگەزی، نەژادی، دینی و جنسیی بەشێک لە خەڵکی بەسەر ئەوانی تردا، بەشێک بێت لە مەبادئە بەڕەسمیی ڕاگەیاندراوەکانیان .

195

## ژیانی هاوبەش، خێزان، زەواج و تەڵاق

196

هەر جووتێکی بانتر لە ١٦ ساڵ مافیان هەیە کە بە مەیل و ئارەزووی خۆیان پێکەوە بژین .قەدەغەکردنی هەر جۆرە ناچارکردن و گوشار دانانێک لەلایەن هەر کەس و دەزگایەکەوە لەسەر تاکەکان لە مەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەر و ژیانی هاوبەش(زەواج)و جیابوونەوە (تەلاق)دا .

197

بۆ بەڕەسمی ناسینی ژیانی هاوبەش لەلایەن دەوڵەتەوەو بۆ ئەوەی ئەگەر هەردوولا بیانەوێت یاساکانی پەیوەست بە خێزان بیانگرێتەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە لە سجلی دەوڵەتیدا تۆمار بکرێت. سڕینەوەی هەر جۆرە مۆرکێکی دینی پەیوەست بە زەواج لە بەڵگەنامەو دامەزراوە ڕەسمییە دەوڵەتییەکاندا. قەدەغە کردنی هەر جۆرە وتنەوەیەکی خوتبەی دینیی لە مەراسیمە دەوڵەتییەکانی تۆمارکردنی زەواجدا. بەڕیوەبردن یان نەبردنی مەراسیمی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تایبەتی، چ شەرعی و چ تەقلیدی، لە زەواجدا هیچ ڕۆڵێک لە ڕەسمییەت پێدان و پلەوپایەی لە بەرامبەر یاسادا ناگێڕێت .

198

قەدەغەکردنی هەر جۆرە سەوداو مامەڵە کردنێک لە زەواجدا، وەکو دیاریکردنی شیربایی، جیهازیی، مارەیی و...تاد وەکو مەرجێکی زەواج .

199

قەدەغەکردنی فرەژنی و سیغە

200

یەکسانیی تێکڕای مافەکانی ژن و پیاو لە خێزاندا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتی و فێرکردن و پەروەردەکردنی مناڵ، بڕیاردان لەبارەی دارایی و ئابووری خێزانەوە و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوبەش. هەڵوەشاندنەوەی جێوشوێنی تایبەتی پیاو وەکو سەرپەرشتیاری خێزان لە هەموو قانوون و یاساورێساکانداو دانانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە سەرپەرشتی کردنی کاروباری خێزاندا .

201

مافی بێ قەیدوشەرتی جیابوونەوە(تەڵاق) بۆ ژن و پیاو .یەکسانیی تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لە کاروباری پەیوەست بە بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی مناڵان لە دوای جیابوونەوەدا .

202

یەکسانیی مافی هەردوولا لە کاتی جیابوونەوەدا لەو دارایی و ئیمکاناتەی کە لە ماوەی ژیانی هاوبەشدا خێزان بەدەستی هێناوە، وەیان لە ماوەی ژیانی هاوبەشدا بەدەستی تێکڕای خێزانەوە بووە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە .

203

هەڵوەشاندنەوەی گواستنەوەی ئۆتۆماتیکییانەی نازناوی خێزانیی باوک بۆ مناڵ و سپاردنی دیاریکردنی نازناوی کۆرپە بەڕێککەوتن و بڕیاری



هاوبەشی باوک و دایک ئەگەر بە ڕێککەوتن نەگەیشتن، ئەوا مناڵەکە نازناوی خێزانیی دایک هەڵدەگرێ. لابردنی خانەی ناوی باوک و دایک لە ناسنامەو بەڵگە ناسنامەییە ڕەسمییەکاندا وەک(پاسپۆرت، مۆڵەتنامەی شۆفێریی و...تاد .(هەڵوەشاندنەوەی دانانی ناوی باوک وەکو ناوی خێزانیی، وە دانانی ناوی خێزانیی بەپێی خواستی کەسەکە .

204

پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی دەوڵەت لە خێزانە بێ دایک یان بێ باوکەکان و بەتایبەت پشتیوانیی چالاکانە لەو دایکانەی کە جیابوونەتەوە، یان هەر لە بنەڕەتەوە بەبێ زەواج مناڵیان بووە، لە بەرامبەر گوشارە ماددی و ئەخلاقییاتە کۆنەپەرستانەکاندا .

205

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و یاساورێسا دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی کە وەکو تاوان مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی جنسیی ژن و مێرد دەکەن لەگەڵ کەسانی دیکەی جگە لە هاوسەری خۆیان .

206

## مافەکانی مناڵان

207

مافی هەر مناڵێک لە بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە و داهێنەرانە .

208

کۆمەڵگا لەسەریێتی کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی بۆ هەموو مناڵێک، بەبێ لە بەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەریێتی ستانداردێکی چونیەک لە خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی مناڵان و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات .

209



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و ئامۆزشی و کەلتووری خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منداڵان و تازەلاوان بێ گوێدانە وەزعی خێزانییان .

210

سەرپەرشتی کردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە، لەلایەن دەوڵەتەوە بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پیشکەوتوو و پۆشتەکاندا .

211

دەستەبەرکردنی دایەنگە پۆشتەو مۆدێرنەکان بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی .

212

یەکسانیی تەواوی منداڵان لەڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی زەواج یان دەرەوەیدا لەدایک بووبن .

213

قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی .

214

قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندن و لە ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێ ئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منداڵان .

215

ڕووبەڕووبوونەوەی توندی قانوونیی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت .

216

لێپرسینەوەو سزادانی قانوونیی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەر



بیانوویەک ببنە ڕێگر لە بەردەم بەهرەمەندبوونی منداڵان، چ کوڕ چ کچ، لەمافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، ڕابواردن و بەشداری کردن لەچالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە منداڵان .

217

## پەیوەندی جنسیی

218

بەرقەرارکردنی پەیوەندی ئازادانەو ئارەزوومەندانەی جنسیی مافی حاشاهەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی کامڵ بوونی جنسی .

219

تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسیی بۆ ژن و پیاو ١٥ ساڵە. پەیوەندی گرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ(سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون) لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەڕەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیەو بە تاوان دەژمێردرێت .

220

هەموو کەسانی گەورەساڵ چ ژن چ پیاو، بۆ بڕیاردان لەسەر پەیوەندی گرتنی جنسیی خۆیان لەگەڵ کەسانی گەورەساڵی دیکەدا بەتەواوی ئازادن، پەیوەندی جنسیی ئارەزوومەندانەی کەسانی گەورەساڵ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتی خۆیانە و هیچ کەس و هیچ دەزگایەک مافی تاقیبکردن و دەخاڵەتکردنی تێدا نییە، وەبۆی نییە کە لە ئاستی گشتیدا ڕاییبگەیەنێ .

221

هەموو خەڵکی و بە تایبەت لاوان و تازەلاوان دەبێ بخرێنە بەر ئامۆزشی جنسی و فێرکردنی شیوازە بێ مەترسییەکانی بەرگرتن بە سکپڕی، هەروەها فێرکردنی ئەو شیوازانەی کە سەلامەتیی پەیوەندی جنسیی زامن دەکەن. ئامۆزشی جنسیی دەبێ یەکێک بێت لە دەرسە ئیجبارییەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی. دەوڵەت لەسەریێتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، پێکهێنانی کلینیک و دەستە ئامۆژشییە گەڕۆکەکان، هەڵمەت و بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییە تایبەتەکان و هەرشێوازێکی کاریگەری دیکەوە، ڕۆشنبیری زانستیی خەڵک لەسەر لایەنە جیاجیاکانی پەیوەندی جنسیی و مافە یاساییەکانی تاکەکان لە پەیوەندی جنسی دا بەخێرایی و بەفراوانترین شێوە پەرەپێبدات .

222

هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و ئەو نەخۆشییانەی کە لە پەیوەندی جنسییەوە سەرچاوە دەگرن، دەبێ بەخۆڕایی و بەئاسانی بخرێتە بەردەستی هەموو کەسانی گەورەساڵ .

223

## لەباربردن

224

کەم دیاردە بە ئەندازەی لەباربردن، واتە لەناوبردنی بەئەنقەستی کۆرپەلەی ئینسانی بەهۆی گوشارە کەلتووریی و ئابوورییەکانەوە، بێبایەخیی وجودی ئینسانیی و ناتەبایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرو چینایەتییە زاڵەکان لەگەڵ وجودو بەختەوەریی بەشەردا نمایش دەکات. لەباربردن، بەڵگەی لە خۆنامۆبوون و داماویی ئینسانە لەبەرامبەر ئەو کوێرەوەری و بێ بەشییانەی کە کۆمەڵگای چینایەتی بەسەریدا دەسەپێنێ .

225

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دژ بە کرداری لەباربردنەوە لەپێناو کۆمەڵگایەکدا خەبات دەکات کە هیچ تەنگەبەری و هۆکارێک پاڵ بە ئینسانەکانەوە نەنێ بۆ ئەنجامدان وەیان ڕازی بوون بەم کارە .

226

لەهەمان کاتدا مادام کە هەلومەرجی ناشیاوی کۆمەڵایەتی بەهەر حاڵ



ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆ ئەنجامدانی لەباربردن پاڵ پێوە دەنێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی نهێنیش بووبێت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەمەبەستی ڕێنەدان بە بەدکەڵک لێ وەرگرتنی قازانج پەرستان و بەمەبەستی زامنکردنی سەلامەتیی ژنان خوازیاری بەدیهاتنی ئەم خاڵانەی خوارەوەیە :

227

یاسایی بوونەوەی لەباربردنی کۆرپەڵە تا تەمەنی ١٢ هەفتەیی .

228

لەدوای تەمەنی ١٢ هەفتەییەوە تەنها لە حاڵەتێکدا لەباربردن یاسایی دەبێت کە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانی دایکەکە) تا ئەو کاتەی کە نەشتەرگەریی قەیسەری و پاراستنی کۆرپە بە پشتبەستن بە دوا دەسکەوتە پزیشکییەکان مەیسەر دەبێت). دیاریکردنی ئەم حاڵەتانە لە دەسەڵاتی ناوەندی پزیشکیی خاوەن سەلاحییەتدایە .

230

دابینکردنی فراوان و خۆڕایی هۆو پێداویستییەکانی تێستی سکپڕی، وە فێرکردنی خەڵک لە چونێتی بەکارهێنانیاندا، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی خێرای سکپڕییە نەخوازراوەکان .

231

ئەنجامدانی لەباربردن و چاودێری کردنی پزیشکیی دوای ئەو بەخۆڕایی و لەکلینیکە مۆڵەت پێدراوەکان و لەلایەن پزیشکانی پسپۆڕەوە .

232

مافی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدان یان نەدانی لەباربردن لەدەستی ژن خۆیدایە. دەوڵەت لەسەریێتی بەر لەوەی ژنەکە بەدوابڕیاری خۆی بگات، وە بەمەبەستی ئەوەی کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێگای لەباربردن نەگرێتەبەر، لەڕێنمایی و پێشنیاری پسپۆڕانی زانستی و لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ئەرکە ماددی و مەعنەوییەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر خۆی و کۆرپەکەی ئاگاداری بکاتەوە .

233

هەروەها بەمەبەستی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی لەباربردن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە دەستبەجێیانەی خوارەوەیە بۆ بەرگرتن بە سکپڕییە نەخوازراوەکان و لەناوبردنی گوشارە ئابووری و کەلتوورییەکان لەسەر ژنان :

234

ئامۆزشی فراوانی جنسیی خەڵک لەبارەی شێوازەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و گرنگی ئەم مەسەلەیەو دابینکردنی ڕاوێژکاران و لیکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک .

235

فەراهەم کردنی فراوان و خۆڕایی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی .

236

تەرخانکردنی بودجەو ئیمکاناتی پێویست بۆ کۆمەک بەو ژنانەی کە لەڕووی گوشاری ئابوورییەوە بە ناچاری پەنا بۆ لەباربردن ئەبەن. ڕاگەیاندنی ئامادەیی دەوڵەت بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆرپە لە حاڵەتی وازهێنانی دایک لە لەباربردن .

237

وەستانەوەی کەلتووریی لێبڕاوانە بەڕووی ئەو دەمارگیری و گوشارە ئەخلاقییانەی کە ژنان ناچار بە لەباربردن ئەکەن. پشتیوانیی چالاکانەی دەوڵەت لە ژنان



لەبەرامبەر ئەم جۆرە گوشارو دەمارگیری و هەڕەشانەدا .

238

خەبات لە دژی تێگەیشتنە خورافی و دینی و پیاوسالارانەو دواکەوتووانەکان لە کۆمەڵگادا کە ڕێگرن لە بەردەم گەشەسەندنی هەستی جنسیی ئینسانەکان و بەدیاریکراوییش کۆسپن لەبەردەم بەکارهێنانی فراوانی هۆیەکانی بەرگرتن بە سکپڕی و پاراستنی سەلامەتیی پەیوەندی جنسیی لەلایەن ژنان و لاوانەوە .

239

## خەبات لە دژی ئالودەبوون و تەهریبی ماددە بێهۆشکەرەکان

240

قەدەغەکردنی بێ ئەملاوئەولای کڕین و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکان و تاقیبکردن و سزادانی توندو لێبڕاوانەی ئەوانەی دەبنە هۆی بەرهەمهێنان و تەهریب و فرۆشتنی غەیرە یاسایی ماددە بێهۆشکەرەکان .

241

کۆمەک بە مەسەلەی خەبات لە دژی ئالودەبوون لە ڕێگای لە ناوبردنی زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ڕووهێنانی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان و پشتیوانیی لە ئالودەبووان لەبەرامبەر دەڵاڵ و تۆڕەکانی تەهریب و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکاندا .

242

غەیرە جینایی کردنی ژیانی ئالودەبووان و یارمەتی دانیان بۆ وازهێنان لە ئالودەبوون لەرێگەی :

243

پێکهێنانی کلینیکی دەوڵەتیی تایبەت کە لە حاڵەتی ئامادەیی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نیشاندانی ئالودەبووان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی وازهێنان لە ئالودەبووندا، پێویستییەکانیان لە ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ دابین دەکەن .

244

ڕێگەدان بە هەڵگرتنی بڕێک مادەی بێهۆشکەری دیاریکراو بەئەندازەی پێویستیی شەخسیی. فەراهەمکردنی بەخۆڕایی سرنج و ئەمپول بۆ هەموو ئەوانەی کە خوازیارن لە ڕێگەی دەرمانگەکانەوە بەمەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشییەکانی وەک ئایدز،هیپاتایت و...تاد و کۆمەک کردن بە کۆنترۆڵکردنی مەودای بڵاووبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە .

245

قەدەغەکردنی هەر جۆرە دوورخستنەوە، زیندانی کردن و دابڕینێکی ئالودەبووان لە کۆمەڵگا تەنها لەبەر ئالودەبوونیان. ئالودەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان خۆی لەخۆیدا تاوان نییە .

246

## خەبات لەدژی لەشفرۆشی

247

خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانییەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی و دەڵاڵ و میانجیگەرو باجخۆرەکان .

248

قەدەغەکردنی بێ ئەملاوئەولای هەر جۆرە سازدانێکی لەشفرۆشی و دەڵاڵی و میانجیگەری و بەهرەکێشیی لەو کەسانەی کەدەست دەدەنە لەشفرۆشی .



249

غەیرە جینایی کردنی ژیان و کاری ئەو کەسانەی کەدەست دەدەنە لەشفرۆشی. کۆمەک بەگێڕانەوەی حورمەتی کۆمەڵایەتی و ڕێز لەخۆگرتنیان و کۆتا کردنی دەستی تۆڕە و باندە تاوانکارەکان لەسەر ژیانی ئەوان لە ڕێگەی :

250

هەڵگرتنی یاساغیی لەسەر فرۆشتنی سێکس وەکو پیشەیەکی فەردی و پشتیوانیی یاساو دامودەزگاکانی ئاسایش لەم کەسانە لەبەرامبەر تۆڕو باندە چەتەو باجخۆر و گیرفانبڕەکان .

251

بەخشینی مۆڵەتی پیشە بۆ ئەو کەسانەی کە وەکو پیشەیەکی فەردی دەست دەدەنە لەشفرۆشی، پارێزراو بوونی شەخسییەت و حورمەتیان وەکو هاووڵاتی بەڕێزی کۆمەڵگاو کۆمەک کردن بە ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوی پیشەیی خۆیاندا .

252

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکیی تایبەت، بەخۆپارێزی و دەرمانییەوە، بۆ پاراستنی ئەم نەخۆشی و زیانانەی کە بەهۆی ئەم پیشەیەوە توشیان دەبێت .

253

هەوڵدانی دامودەزگا بەرپرسە دەوڵەتییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەو هاندان و یارمەتیدانی عەمەلیی کەسانی لەشفرۆش بۆ دەستهەڵگرتن لەم پیشەیە و بەدەستهێنانی شارەزایی و ئاموزشی پێویست بۆ کارکردن لە مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا .

254



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ڕێوشوێنی دادگایی کردن

255

لە هەموو دادگایی کردنێکدا ئەسڵ لەسەر بێ تاوان بوونی تاوانبارکراوە .

256

دادگایی کردنەکان دەبێ دووربن لە وروژاندن و پێشداوەری و لە هەلومەرجێکی مونسیفانەدا بەرپابکرێن. شوێنی دادگایی کردنەکەو قازی و دەستەی دادوەری دەبێ بە جۆرێک دیاری بکرێن کە ئەم هەلومەرجە زامن بکەن .

257

تاوانبارکراوو پارێزەرەکەی مافی ئەوەیان هەیە کە بەر لە دادگایی کردنەکە لە هەموو بەڵگەو بەڵگەنامەو شایەتییەکی داواکاری گشتی، وەیان لایەنی داواکار، ئاگادار ببنەوەو لێی وردببنەوە .

258

بڕیاری هەر دادگایەک لانی کەم دەکرێ بۆ یەک جار داوای ئیستئنافی بکرێتەوە، چ لەلایەن تاوانبارکراوەوە بێت یان داواکاری گشتییەوە، وەیان هەردوولای دەعوانامە حقوقییەکەوە .

259

قەدەغەکردنی وروژاندنی پێشداوەریی گشتیی لەبارەی دادگایی کردنەکان و یەکسانی پەیوەندیدار پێیانەوە، تاکاتێک کە دادگایی کردنەکە تەواو نەبووبێت .

260

قەدەغەی دادگایی کردنی کەسەکان لە هەلومەرج و کەش و هەوایەکدا کە گوشاری ڕای گشتیی بوار بە دادگایی کردنێکی بێلایەنانە نەدات وەیان لەکەداری بکات .

261

شایەتی دانی پۆلیس لە دادگایی کردنەکاندا بەئەندازەی شایەتی دانی باقی



شایەتەکان بایەخی هەیە .

262

قازی و دادگا دەبێ بەتەواوی جیابن لە پرۆسەی لیکۆڵینەوەو لێپرسینەوە. ڕاست و ڕەوابوونی یاسایی پرۆسەی لیکۆڵینەوە دەبێ لەلایەن کۆمەڵە قازییەکی تایبەتەوە چاودێری و تەئیید بکرێ .

263

لە یاساکانی سزاداندا دەستدرێژی کردنە سەر لەش و ئاسایشی دەروونیی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی منالان، زەبروزەنگ لە دژی ژنان، تاوانە "ناموسپەرستانەکان" لە دژی ژنان، ئەو تاوانانەی کە لە دەمارگیری و نەفرەتکردن بەرامبەر بە دەستەیەک لە خەڵک سەرچاوە دەگرن و ئەو تاوانانەی کە تۆقاندن و زەبروزەنگیان تیادا بەکاردێت، دەبێ بە تاوانی زۆر قورستر بژمێردرێن لەچاو تاوانی دەستدرێژی کردنە سەر مافی خاوەندارێتی و دارایی، چ تایبەتی بێت چ دەوڵەتی. ئەو سزایانەی کە وەکو تۆڵە یان وەک پێی دەڵێن بۆ عیبرەت لێ وەرگرتن دانراون دەبێ بگۆڕدرێن بەو سزایانەی کە بە ئاراستەی ڕاستکردنەوەی تاوانبار و پاراستنی کۆمەڵگا لە دووبارەبوونەوەی تاوان دادەنرێن .

264

## مافەکانی تاوانبارو تاوانبارکراوان

265

هیچ کەسێک بەبێ ڕاگەیاندنی تاوانەکەی ناکرێ زیاتر لە ٢٤ سەعات تەوقیف بکرێت. ئەم تەوقیفگا کاتییە نابێ زیندان بێت، بەڵکو دەبێ بەشێک بێت لە بارەگای هێزی دیسپلینیی کە پێداویستییە نۆرماڵەکانی تێدابێت .

266

بەر لە دەستگیر کردن دەبێ مافەکانی کەسی تەوقیفکراو بەو ڕابگەیەنرێت .

267



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو كەسێک مافی ئەوەی هەیە كە پارێزەر یان شایەت بۆ دەستگیركردن و لێپرسینەوەكەی خۆی بانگ بكات. هەركەسێک مافی هەیە ئەوپەڕەكەی تا یەک سەعات دوای تەوقیفكردنەكەی دووجار لە رێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ پارێزەر یان كەسوكاری خۆی وەیان هەركەسێک كە خۆی پێی باش بێت قسە بكات .

268

مەئمورانی دیسپلینیی بەر لە راگەیاندنی تاوانەكە و بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە كەسەكە مافیان نییە پەنجەمۆری لێ وەربگرن یان وێنەی بگرن وەیان تاقیكردنەوەی پزیشكی و تێستی كرۆمۆسۆمیی بۆ بكەن .

269

لەگەڵ دەستگیر كردنەكەدا یەكسەر دەبێ كەس و كاری پلە یەكی كەسی تەوقیفكراو وەیان هەركەسێک كە خودی ئەو دیاری دەكات لە تەوقیفكردنی ئەو ئاگادار بكرێنەوە .

270

هەرجۆرە شكەنجەو تۆقاندن وسوكایەتی و گوشار دانانێكی فیكریی و دەروونی لەسەر كەسانی تەوقیفكراو و تاوانباركراو و حوكمدراو بەهەموو جۆرێک قەدەغەیە و گرتنەبەری ئەم شێوازانە بەتاوانی جینایی دەژمێردرێت .

271

ئیعتراف وەرگرتن لە رێگەی هەرەشە و تەماع پێدانەوە قەدەغەیە .

272

مقاوەمەتی بێ توندوتیژی لە بەرامبەر دەستگیر كردن، هەوڵدانی بێ توندونێژی بۆ هەڵاتن لە زیندان وە یان خۆبواردن لە دەستگیر كردن خۆی لە خۆیدا تاوان نییە .

273

هێزە دیسپلینییەكان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە كەسەكە خۆی وە یان دەسەڵاتی قەزایی خاوەن سەلاحییەت، مافی لێپرسینەوە و پشكنینی



هاووڵاتیان وە یان چوونەژوورەوە بۆ ناو شوێنە تایبەتییەكانی ئەوانیان نییە .

274

سەربەخۆیی دادپزیشكی و ئەو دامودەزگا پسپۆڕ و تاقیگە هونەری و زانستی و پزیشكییانەی كە توێژینەوەی بەڵگەنامە بابەتییەكانی تاوانیان لە ئەستۆیە، لە پۆلیس و دامودەزگا ئەمنییەكان. ئەم دامەزراوانە دەبێ سەربە دادگاكان بن .

275

شوێنی وەرگرتن و لیكۆڵینەوە لەو سكالایانەی كە لە دژی پۆلیس دەكرێ دەبێ دەزگایەكی جیا بێت لە پۆلیس و هێزە ئەمنییەكان. ئەنجامی لیكۆڵینەوەكانی ئەم دەزگایە دەبێ بە ئاشكرا بە هەمووان رابگەیەنرێت .

276

هەموو كەسێک دەبێ بە ئاسانی بتوانێ دەستی بەو دۆسێ و زانیارییانە رابگات و بیانخوێنێتەوە كە هێزە ئەمنییەكان لەسەری كۆیان كردۆتەوە .

277

باڵكێشانی یاساكانی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و تەندروستی گشتیی بەسەر هەلومەرجی ژیان و چالاكی ئابووریی زیندانیاندا .

278

بەرێوەبردنی زیندانەكان دەبێ لە ئەستۆی كۆمەڵە دامەزراوێكی جیا لە پۆلیس و هێزە ئەمنییەكان و لەژێر چاودێریی راستەوخۆی دادگاكاندا بێت .

279

لیژنەكانی لیكۆڵینەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک مافی ئەوەیان هەیە كە بەپێی لێكدانەوەی خۆیان لەسەر بڕیاری خۆیان، تەنانەت بەبێ ئاگاداركردنەوەی پێشتریش سەردانی زیندانەكان بكەن و بیانپشكنن .

280



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام

281

سزای ئیعدام دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێتەوە. ئیعدام یان هەر سزایەکی دیکە کە دەستدرێژی بێت بۆ سەر لەشی ئینسانەکان (بڕینی ئەندامەکانی لەش، سزادانی جەستەیی و...تاد) لە هەموو حاڵەتێکدا قەدەغەیە. هەروەها سزای زیندانی کردنی ئەبەدییش دەبێ هەڵوەشێتەوە .

282

## پاراستنی حورمەت و شەخسییەتی خەڵک

283

قەدەغەکردنی هەرجۆرە پلەبەندی کردنێکی ڕەسمیی یان نارەسمیی جێوشوێن و شەخسییەتی ئینسانەکان لەسەر بناغەی پلەوپایە، پۆست، ئینتمای دینی، میللەت، ڕەگەزنامە، جنس، ئاستی داهات، سەرو ڕوخسار، تایبەتمەندییە جسمییەکان، پلەی خوێندن و...تاد .

284

قەدەغەکردنی بوختان و لەکەدارکردنی حورمەتی کەسەکان

285

قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئازمایشێکی پزیشکیی و دەرمانیی و ژینگەیی لەسەر ئینسانەکان بەبێ ئاگادارکردنەوەو وەرگرتنی ڕەزامەندیی ڕەسمیی خۆیان، قەدەغە کردنی هەر جۆرە دەخاڵەت و دەستێوەردانێک لە یەکپارچەیی جەستەیی کەسەکان (وەکو نەزۆک کردن، لابردن یان دانانی ئەندام، دەستکارییە ژینەتیکییەکان، لەباربردن، خەتەنەو..تاد (بەبێ ئاگادارکردنەوەو ڕەزامەندیی کەسەکە .

286

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو و پلەوپایەی زانستی و دینی و نیشتیمانیی و سەربازیی(وەکو فەریق، ئایەتوڵڵا، دکتۆر، ئەندازیارو...تاد) لە



دەرەوەی ناوەندی پیشەکەیان. لە کاروباری ڕەسمیی و دەوڵەتیدا دەبێ تەنها بە ناو و ناوی خیزانییەوە ئاماژە بۆ کەسەکان بکرێت. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو و سیفاتی سووکایەتی ئامێز لە وەسفکردنی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا لەلایەن هەر دامودەزگا و پۆستێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە .

287

قەدەغەکردنی دروستکرنی بەشی لۆکس و بەشی عادیی، دەرەجە یەک و دەرەجە دوو و..تاد لە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتی، شەمەنەفەرەکان، فڕۆکەو میوانخانە دەوڵەتییەکان و مەڵبەندەکانی ڕابواردن و بەسەربردنی ڕۆژانی پشوو. ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە دەبێ بەگونجاوترین شێوەو بەستانداردێکی یەکسان هەمووان لێی بەهرەمەند بن .

288

## هۆیەکانی ڕاگەیاندن

289

دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە بڵاوکراوە پڕتیراژەکان و تۆڕە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان. پێکهێنانی تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەلایەن دەوڵەتەوەو دابەشکردنی سەعاتەکانی پەخش بەسەر شوراکان، دامەزراوەکان، مەڵبەندەکان و ئەنجومەنی حیزبە جیاجیاکاندا کە لە دانیشتووانی وڵات پێکهاتوون. لابردنی هەر جۆرە سانسۆرێک، بە سیاسی و غەیرە سیاسییەوە لەسەر میدیاکان .

290

## دان نان بەو زمانانەی کە لە وڵاتدا بەکاردێن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

291

قەدەغە کردنی زمانی ڕەسمیی ئیجباری. دەوڵەت دەتوانێ یەکێک لە زمانە باوەکانی وڵات وەکو زمانی ئیداری و ئاموزشیی سەرەکی دیاری بکات، بەو مەرجەی کە ئیمکانات و تەسهیلاتی پێویست لە زەمینەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاموزشیی بۆ ئەو کەسانە فەراهەم کرابێت کە بە زمانەکانی دیکە دەدوێن، وە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت کە بتوانێ بە زمانی دایکی خۆی لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات و لە هەموو ئیمکاناتە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان بەهرەمەند بێت .

292

### گۆڕینی ئەلف و بێی عەرەبی

293

بەمەبەستی کۆمەک کردن بە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی چی دی لە ڕیزی پێشەوەی پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازیی و کەلتووریی جیهانی ئەمڕۆ دوا نەکەوێت و بەمەبەستی کۆمەک کردن بە بەهرەمەند بوونی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لە نازونیعمەتی ئەم پێشکەوتنانەو دەرفەتی بەشداری کردنی ڕاستەوخۆتر و چالاکانەتری ئەوان لە ژیانی زانستیی و کەلتووریی جیهانی هاوچەرخدا، دەبێ ئەلف و بێی عەرەبی لە پڕۆسەی بەرنامەیەکی زانستیدا بگۆڕدرێت بە ئەلف و بێی لاتینی .

294

جگەلەمەو هەرلەم پێناوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری ئەوەشە کە :

295

بەمەبەستی گۆڕینی هەنگاو بە هەنگاوی زمانی ئینگلیزی بە زمانێکی ئامۆزشی و ئیداری باو لە وڵاتدا، هەر لەساڵەکانی یەکەمەوە ئەم زمانە لە خوێندنگاکاندا دەخوێندرێت .



296

دانانی ڕۆژمێری زایینی، کە ئەمڕۆ ڕۆژمێری ڕەسمییە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە ڕۆژمێری ڕەسمیی وڵات و هەڵوەشاندنەوەی بەکارهێنانی ڕۆژمێری کۆچی.

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی شەشەم

297

## یاساکانی کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی

298

تا ئەو کاتەی کە سەرمایەداری بەسەر ژیانی ئینسانەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکات، تا ئەو کاتەی کە تاکەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان ناچار بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان و ئەنجامدانی کار بن بۆ سەرمایەو ئەوانەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیان لە دەستدایە، تا ئەو کاتەی کە نیزامی کرێگرتەیی و کڕین و فرۆشتنی هێزی کاری ئینسانەکان لەئارادایە، هیچ قانون کارێک، هەرچەندە کۆمەڵێک ماددەو پەراوێزی بەقازانجی کرێکاران تێدا گونجێنرا بێت، هێشتا قانون کارێکی بەڕاستی ئازادو کرێکاری نییە. قانون کاری ڕاستەقینەی کرێکاران، ڕەتکردنەوەی نیزامی کرێگرتەیی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکە کە تیایدا هەر کەسێک ئارەزوومەندانەو بەپێی تواناو داهێنانی خۆی لە بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیان و خۆشگوزەرانیی گشتییدا بەشداری دەکات و بەپێی پێویستییەکانیشی کەڵک لە بەروبومی ئەم کۆششە دەستەجەمعییە وەردەگرێت .

299

بەڵام لە هەمان کاتدا، لە هەر شوێنێک و تائەو کاتەی کە نیزامی کاری بەکرێ لە ئارادایە، بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆ سەپاندنی وەها



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەلومەرجێک بەسەر قانون و پەیوەندییەکانی کار لەم نیزامەدا تێدەکۆشێت کە لانی زۆری ئاسایش و خۆشگوزەرانیی شیاو و گونجاوترین هەلومەرجی کار بۆ کرێکاران دابین بکات و هەرچی زیاتر چینی کرێکارو هەموو هاووڵاتیان لە دەرهاویشتە زیانبارەکانی نیزامی کاری بەکرێ بپارێزێ. هەروەها کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتەدا بۆ هێنانە کایەی وەها هەلومەرج و ڕێوشوێنێکی کار تیدەکۆشێت کە چوونەسەری هۆشیاری چینایەتی و توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار بە باشترین شێوەی مومکین مەیسەرو ئاسان بکات .

300

یاساکانی کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیش وەک هەموو ماف و ئەرکەکانی دیکەی هاووڵاتیان دەبێ بەبێ هیچ جوداسازییەک کرێکارانی خارجیی و ئەو خارجییانە بگرێتەوە کە موقیمی وڵاتن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری یەکسانیی تەواوی هەموو کرێکارانە لە وڵاتدا لەڕووی مافەکانیانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامە، ئینتمای میللی، دین، جنس و...تاد. سەرخەتی خواستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بواری یاساکانی کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیدا بریتین لە :

301

## یاسای کار

302

١ -ئازادیی تەواو و بێ قەیدوشەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران .

303

٢ -ئازادیی تەواو و بێ قەیدوشەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکاریی پێویستیی بە هیچ مۆڵەت وەرگرتنێک نییە لە دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتییەکان. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. مافی یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی دەستبردنیان بۆ مانگرتن و



وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە میدیاکانەوە. قەدەغە کردنی نایاسایی کردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بە بیانووی وەک "بەرژەوەندی میللی و نیشتمانییەکان"، "هەلومەرجی نا ئاسایی"، "هەلومەرجی شەڕ" و...تاد .

304

٣ -قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مانگرتن شکێنەکان وە یان بەکارهێنانی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە جێگەی مانگرتووان لە هەموو دامەزراوەکاندا، چ تایبەتی و چ دەوڵەتی .

305

٤ -مافی دەست لەکارکێشانەوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە هەڵسووکەوت و کارکردی خاوەنکارو دەستوپێوەندەکانی، یان مەسەلەی سەلامەتیی شوێنی کار وە یان سەرهەڵدانی کێشەی پێشبینی نەکراو لە شوێنی کاردا، بەشێوەیەکی کاتیی کار ڕادەگرن بۆ ئەوەی وەڵام بە نارەزایەتییەکەیان بدرێتەوە .

306

٥ -ئازادیی پیکێت لەبەردەم دامەزراوەکاندا. ئازادیی هەمووان لە پەیوەست بوون بە پیکێتە کرێکارییەکانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو دامەزراوەدا کار دەکەن یان نا .

307

٦ -بەرقەرارکردنی دەستبەجێی لانی زۆر ٣٠ سەعات کار لە هەفتەدا (پێنج ڕۆژی شەش سەعاتیی) ٢٥ سەعات لە هەفتەدا بۆ کارە سەختەکان، وە دەبێ بە بەردەوامیی هەموو پێنج ساڵ جارێک کەم بکرێتەوە. کاتەکانی نان خواردن، ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هاتوچۆ، کاتی خۆشتنی دوای کار، کاتی دەرس خوێندن بۆ فێربوونی خوێندەواری و ئاموزشی تەکنیکی و کاتی کۆبوونەوە گشتییەکان دەبێ بە بەشێک لە سەعات کار بژمێردرێن .

308

٧ -دوو ڕۆژ پشوو لەسەریەک لە هەفتەدا. گۆڕینی ڕۆژانی پشووی هەفتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ شەممەو یەکشەممە بەمەبەستی هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و بە تایبەتی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا. لانی کەم ٣٠ ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە. مۆڵەتی کورت خایەنی کوتوپڕ بەبێ داشکاندن لە کرێ، سەرباری مۆڵەتی ساڵانە، بۆ بەدواداچوونی گیروگرفتە پێشبینی نەکراوە شەخسی و خێزانییەکان. کرێکارانی ژن بۆیان هەیە لە مانگێکدا بەو جۆرەی کە خۆیان دیاری دەکەن دوو ڕۆژ مۆڵەت وەربگرن بۆ سووڕی عادەی مانگانەیان .

309

٨ -قەدەغەکردنی زێدەکاری. حەقدەستی ئاسایی کرێکاران دەبێ لە ئاستێکدا بێت کە هیچ کرێکارێک لەبەر پێداویستیی ئابووری، خۆی ناچار نەبینێ کە مل بە زێدەکاری بدات .

310

٩ -دانانی ڕۆژی یەکی ئایار بە پشووی ڕەسمیی وەکو ڕۆژی جیهانیی کرێکاران .

311

١٠ -دانانی ڕۆژی ٨ ی مارس بە پشووی ڕەسمیی وەکو ڕۆژی جیهانیی ژنان .

312

١١ -قەدەغەکردنی هەرجۆرێک لە کار= کرێ ، وەکو پارچەکاری و کۆنتەراتی .

313

١٢ -دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لەلایەن نوێنەرانی کرێکارانەوە .

314

١٣ -چوونەسەری ئۆتۆماتیکیی لانی کەمی کرێ پێ بە پێی هەڵاوسان .

315

١٤ -دیاریکردنی لانی کەمی تێکرای چوونەسەری ساڵانەی حەقدەستەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی هاوبەشی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە



ئاستی سەرتاسەریدا لەگەڵ نوێنەرانی سەراسەریی خاوەن کارەکان و دەوڵەت .

316

١٥ -کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری چونیەکدا .

317

١٦ -قەدەغەکردنی دانی حەقدەست بە شێوەی شمەک و غەیرە نەقدی. قەدەغەکردنی هەر جۆرە دواخستنێکی حەقدەست. قەدەغەکردنی هەر جۆرە داشکاندنێک لە کرێ و غەرامە کردنێک بە بیانووی جۆراوجۆرەوە. دانی کرێی ڕۆژانی غیابی پاساودار، دەورانی نەخۆشی و لە جێکەوتن، ڕۆژانی مانگرتن وەیان هەر جۆرێک لە ڕاگرتنی بەرهەم لەبەر هەرهۆیەک بێت وەیان بەهەر بیانوویەکی خاوەنکارەوە بێت .

318

١٧ -حەقدەستی کرێکاران، جگە لە ئەنجامدانی خودی کارەکە نابێ بە هیچ مەرج و فاکتەرێکی دیکەوە ببەسترێتەوە(وەکو زیادکردنی بەرهەم، بەرهەمهێنەریی، دیسپلین، ڕادەی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و...تاد (هەموو حەقدەستی کرێکاران دەبێ بە یەکپارچەیی بەشێوەی کرێ بدرێت .

319

١٨ -قەدەغە کردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی خوار ١٦ ساڵ .

320

١٩ -قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە کرێکارانی دووگیان وە یان ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی تایبەتمەندیی فیزیکیی تایبەتی خۆیانەوە سەلامەتییان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەموو کرێکارێک مافی ئەوەی هەیە کە هەر کارێک کە بەپێی لێکدانەوەی خۆی لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە بە زیانباری بزانێت بۆ خۆی، ئەنجامی نەدات .

321

٢٠ -قەدەغە کردنی دەرکردنی کرێکاران. دانی بێ کەموکاستی دوا مووچەی وەرگیراو بەو کرێکارانەی کە دامەزراوەکەیان ڕائەوەستێ، تائەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاتەی کە ئەچنە سەر کارێکی دیکە. بەرپرس بوونی دەوڵەت لە پەیداکردنی کاری هاوشێوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی ڕاوەستانی دامەزراوەکانیانەوە بێکار دەبن. فێرکردنی پیشەیی تازە بەخەرجی دەوڵەت بۆ ئەو کرێکارانەی کە پیشە وەیان ڕشتەکەیان بەهۆی ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژییەوە لەدەست دەدەن .
322

٢١ -بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانی ئامادە بەکاری سەرووی ١٦ ساڵ لەسەر بناغەی دوا کرێی وەرگیراو. دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی دەرماڵە پێویستەکان بە هەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر هۆی جسمی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە .
323

٢٢ -دیاریکردنی تەمەنی خانە نشینی بۆ ژنان و پیاوان بە ٥٥ ساڵ یان دوای ٢٥ ساڵ پێشینەی کار (١٨ ساڵ بۆ کارە سەختەکان). دانی مووچەی خانەنشینی بەرامبەر بە بەرزترین کرێی وەرگیراو لە دەورەی کارکردندا. بردنەسەری بیمەی خانەنشینی شانبەشانی چوونەسەری ئاستی کرێ .
324

٢٣ -دابین کردنی سەلامەتیی و هەلومەرجی تەندروستی شوێنی کارو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کار تا نزمترین ئاستی مومکین، بەبێ هیچ سک هەڵگوشینێک، بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتووترین تەسهیلات و ئیمکاناتێک کە لە ئاستی جیهانیدا بەکار دەهێنرێ. چاودێری و فەحسی پزیشکیی ڕێکوپێک لە بەرامبەر ئەو مەترسی و نەخۆشییانەی کە لە پیشەو کارەوە سەرچاوە دەگرن، لەلایەن دامودەزگای پزیشکیی سەربەخۆ لە خاوەنکارەوە، لەسەر خەرجی خاوەنکارەکان و دەوڵەت .
325

٢٤ -بیمەکردنی بێ کەموکاستی کرێکاران لە بەرامبەر ئەو کارەسات و زیانانەی کە لە ئەنجامی کارەوە توشیان دەبێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە شوێنی کار وەیان دەرەوەی شوێنی کار ڕوویداوە، وە بەبێ ئەوەی



کە کرێکار پێویستیی بە سەلماندنی کەمتەرخەمیی خاوەنکار یان بەرپۆەبەریەتی هەبێت. دانی کرێی تەواوی خانەنشینی بەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کارەساتی کارەوە توانای کاکردن لەدەست دەدەن .
326

٢٥ -پێکهێنانی دەستەی ناوبژیوانی و چارەسەر کردنی کێشە، کە لە کەسانێکی هەڵبژێردراوی کرێکاران پێک دێت .
327

٢٦ -دارشتن و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا ناوخۆییەکانی کارگەو یەکە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانەوە .
328

٢٧ -پێکهێنانی دەستە پشکنینە کرێکارییەکان بۆ چاودێری بەسەر پیادەکردنی ڕاست و دروستی یاسای کار لە سەرتاسەری وڵات و هەموو یەکەو دامەزراوەکاندا، بە خزمەتگوزارییەکانی نێوماڵیشەوە .
329

٢٨ -پابەندکردنی خاوەنکار بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران لەبارەی هەر بڕیارێکەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری بەسەر شێوەی کار ، سەعاتی کار ، شوێنی کارو ژمارەی کرێکارانی لەسەرکار، بهێنێت .
330

٢٩ -مافی نوێنەرانی کرێکاران لە پشکنینی نوسینگەکانی ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکەن. خاوەنکار لەسەرێتی هەموو ئەو زانیارانەی کە کرێکاران لەم پشکنینەدا مەبەستیانە بخاتە بەردەستیان .
331

## خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

332

١ -دانی بیمەی بێکاری هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمیی بە هەموو کەسانی بێکاری سەرووی ١٦ ساڵ .

333

٢ -دانی بیمەی خانەنشینیی دەوڵەتیی، هاوتای لانی کەمی کرێی ڕەسمیی، بە هەموو کەسانی سەرووی تەمەنی ٥٥ ساڵی مووچەی خانەنشینییان نییە .

334

٣ -هەموو مناڵ و نەوجەوانێکی خوار تەمەنی ١٦ ساڵی ، کە لەڕێگەی خێزانەوە گوزەران و خۆشگوزەرانیی دابین نابێت، بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت .

335

٤ -چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکیی خۆڕایی و شیاو و نزیکە دەست بۆ هەمووان. چاودێریی تەندروستی ڕێکوپێک و کوتانی هەمەلایەنەی مناڵان. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو مناڵان لە نیزامێکی خواردنی تێروتەسەل و شیاو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی داهاتی خێزان و ناوچەو شوێنی نیشتەجێبوونو...تاد .ڕیشەکێشکردنی ئەو نەخۆشییە پەتایی و تەشەنەکەرانەی کە لە پاکژنەبوونی ژینگەوە سەرچاوە دەگرن، چاودێری کردنی تەندروستی هەموو هاووڵاتیان لە بەرامبەر نەخوشییەکانی دڵ، شێرپەنجە باوەکان و ئەو نەخۆشییانەی کە زوو تەشخیس کردنیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئاکامەکانی. پەرەپێدان و باشکردنی جددی ئاستی تەندروستی گشتی، زانیاری پزیشکی و تەندروستیی جەماوەر، پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئیمکاناتە پزیشکی و دەرمانییەکان بەشێوەیەک کە دەستڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە پزیشک و داوودەرمان بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات ئاسان بێت .

336



٥ -خوێندنی گشتیی و ئیجباری و خۆڕایی تا تەمەنی ١٦ ساڵیی. خوێندنی باڵا( زانکۆیی، پسپۆڕی)ی خۆڕایی و نزیکەدەست بۆ هەموو خوازیاران. دانی دەرماڵەی تێروتەسەل بە خوێندکاران .ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری و بردنەسەری هەمەشەیی پلەی خوێندەواری و زانیاری زانستی و تەکنیکی دانیشتووانی وڵات. فێربوون مافی هەمووانەو دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە فێربوون و دەورە ئاموزشییەکان نابێ بە هیچ جۆرێک ببەسترێتەوە بە ئاستی داهاتی خێزانەوە .

337

٦ -دابین کردن و زامن کردنی خانوبەرەی گونجاو، لە ڕووی فراوانی و تەندروستی و سەلامەتیی و خزمەتگوزاریی شارییەوە (کارەبا، ئاوی ساردوگەرم. چێشتخانە، گەرماو و دەستشۆری ناو خانووەکە، دەزگای فێنک کردنەوەو گەرمکردنەوە، هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی تەلەفۆنی وتەلەفزیۆنی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییە محەللییەکان) بۆ هەمووان. کرێی خانوو نابێ لە ١٠%ی داهاتی تاک یان خێزان زیاتر بێت. ئەگەر کرێکە لەمە زیاتر بوو ئەوا دەبێ زیادەکەی لە ڕێگەی کۆمەکی دەوڵەتەوە دابین بکرێت. بێ خانەو لانەیی وەیان ناچارکردنی ئینسانەکان بە ژیان لە سەرپەنای خوارتر لە ستانداردە پەسەندکراوەکان، کارێکی نایاساییەو دەزگا دەوڵەتییەکان لەسەریانە دەستبەجێ سەرپەنای گونجاو بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین بکەن .

338

٧ -پێکهێنانی دامەزراوە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان لە گەرەک و موجەممەعە سەکانییەکاندا، وەکو دایەنگە، باخچەی ساوایان، چێشتخانەو مەڵبەندە گشتییەکانی خۆخزمەتکردن، جلشۆرگەی مۆدێرن و...تاد، بەمەبەستی سووککردنی باری کاری ناوماڵ و ئاسانکردنی بەشداریکردنی هەموو خەڵک لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا .

339

٨ -فەراهەم کردنی تەسهیلاتی وەرزشی و هونەری و کەلتووریی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆرایی(یاریگا، هۆڵ و ستۆدیۆی نمایش و نواندن، کتێبخانەو...تاد)و تەرخانکردنی راهێنەرو فێرکارانی پێویست لە ئاستی محەللیدا .

340

٩ -دابینکردنی تەسهیلاتی پێویست بۆ بەشداری کردنی چالاکانەی ئینسانە نوقسانەکان و کەمئەندامان لە هەموو بوارەکانی ژیان کۆمەڵایتیدا، دەستەبەرکردنی تەسهیلات و تەجهیزاتە تایبەتەکانی نوقسانەکان لە شوێنە گشتییەکان، گوزەرگاکان، موجەمەعە سەکەنییەکان و...تاد .دابینکردن و لەئەستۆگرتنی خەرجی هۆو ئامرازە تەکنیکی و یارمەتیدەرە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی ژیانی رۆژانەی کەسانی کەمئەندام .

341

١٠ -دابینکردنی تەسهیلات و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی بەساڵاچووان و باشکردنی شێوەی ژیانیان. دابینکردنی ئیمکانات و تەسهیلاتی پێویست بۆ بەردەوامی بەخشین بە بەشداری چالاکانەو داهێنەرانەی بەساڵاچووان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا .

342

١١ -دابینکردنی تۆڕی پاس و میترۆی خۆرایی بۆ هاتوچۆی ناو شارەکان .

343

١٢ -دابینکردنی هەموو پێداویستییە شارییەکان) کارەبا، ئاو، تەلەفۆن، مەڵبەندی فێرکردن و پزیشکی وکەلتووری و...تاد) لە هەموو ناوچە دێنشینەکاندا و نەهێشتنی جیاوازی خۆشگوزەرانی لە نێوان شارو دێدا.

دنیایەکی باشتر - بەشی دوهەم - بابی هەفتەم

344

## پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



345

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق جەخت لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەکات وەکو بنەمای هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە مەیدانی نێونەتەوەییدا :

346

-هەڵوەشاندنەوەی دیبلۆماسیی نهێنی، سیاسەتی دەرەوەو هەڵسوکەوتە دبلۆماسییەکان دەبێ پەیرەوی لە یاساو بریارە پەسەندکراوەکانی ئۆرگانە یاسا دانەرەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک بکەن .

347

-هاوپشتی کردنی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان و هەموو ئەو رژێمانەی کە مافە فەردی و مەدەنییە سەرەتاییەکان لە هاوولاتیانی خۆیان زەوت دەکەن .

348

-خەبات بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی ئەو دەزگاو ناوەندە نێونەتەوەییانەی کە ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکان نوێنەرایەتی دەکەن و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی ئازادییە مەدەنییەکان و دابین کردنی یەکسانیی خەڵکی جیهان لە کاروبارە جیاجیاکاندا دەکەنە ئامانجی خۆیان. خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا و پەیمان و ناوەندە نێونەتەوەییە ئەمپریالیستی ومیلیتاریستی وناکۆکەکان لەگەڵ یەکسانی و پیادەکردنی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان لە مەیدانی نێونەتەوەییدا .

349

-تەرخان کردنی هەمیشەیی بەشێک لە داهات و سامانە ئینسانی و تەکنیکی وپسپۆرییەکانی وڵات بۆ کۆمەک کردن بە باشکردنی ژیانی ئابووری و کەلتووری خەڵک لە وڵات و ناوچە بێ بەشترەکانی جیهاندا .

350



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

-قەدەغە کردنی بەشداری کردنی وڵات لە پەیمانە دژی خەڵکی و پاوانخوازی و سەر کوتگەرانەکاندا .

* * *

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، چینی کرێکار و هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە ئاوات و ئامانجەکانیاندا خۆیان بە شەریکی ئەم حیزبە دەزانن، بانگەواز دەکات کە بە ریزەکانیەوە پەیوەست بن.



# لەپیناوی داکوکیکردن لە خواستی سەربەخویی کوردستانی عیراقدا

## خستنەرووی بەرایی باسەکە

### هیزی سییەم، هیزی یەکەم

ئەمرو لە کوردستانی عیراقدا قسە لە زەروورەتی سەرهەلدانی هیزیکی سییەم ئەکریت. ئیفلاسی سیاسیو بیئاسویی دوو رەوتە سەرەکییەکەی ناسیونالیزمی کورد لەعیراقدا، یەکیتی نیشتمانیو پارتی دیموکرات، بو جەماوەری فراوانی خەلک ئاشکرا بووەو نسیبی ئەوان چ لە" دەولەت"و چ دواتر لەشەری دەسەلاتی ئەم حیزبانەدا جگە لەهەژاریو بیبەشیو نائاسودەییو بیمافی شتیکی تر نەبووە. لەروانگەی زوریک لە خەلکەوە، وە تەنانەت لە روانگەی خودی دوو حزبە ناسیونالیستییە سەرەکییەکەوە، هەرئیستا هیزیکی سییەم لەمەیداندایە، ئەویش حزبی کومونیستی کریکاریی عیراقە .

بەلام عیبارەتی هیزي سییەم دەتوانی ریلیونکەر بیت. ئەم وەسفە بو حزبی لیبرال- دیموکراتی بریتانیا یان رەوتی راس پرو لە ئەمریکا گونجاوە. بەلام لەکوردستانی عیراقدا هەلومەرجیکی پەرلەمانیی وەیان کومەلگایەکی سەقامگیرو نورمالی پلورالیستی بەرقەرار نییە. هیزی سییەم قەرار نییە بەشیک لە کورسییەکانی ئەم یان ئەو پەرلەمان لە دەستی دووانەکەی تر دەربینی .مەسەلەکە لەسەر گورینی نیزامیکی دوو حزبیی نییە بو نیزامیکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فره حزبيى .كوردستانى عيراق كومەلگايەكە كە مەوقعييەتيكى ناجيگيرو گوزارى هەيە .كومەليك رووداوى گرنگ چاوەريى ئەم كومەلگايەو ئەم خەلكە دەكات كە سەرتاپاى ئەم ديمەنە بەخيرايى تيكوپيك دەدات. خەباتيك كە لەنيوان هيزە سياسييەكان لەئارادايە خەباتيكە لەسەر ئەم داهاتووە. لەسەر وەلاميكە كە بە هەلومەرجى ناديارى ئەمرو دەدريتەوەو ريگايەك كە دەخريتە بەردەم خەلكى. لەگەل هەر ئايندەيەكدا، لەبنەرەتدا تەنها يەك هيز سەرئەكەويو لەگەل سەركەوتنى هەر هيزيكيشدا تەنها يەك ئايندە ديتە ئاراوە. هيزى سييەم يان دەبى ببيتە هيزى يەكەم، يان ببيتە تەماشاكەرى ئەوەى كە چارەنووسى كوردستانى عيراق، لانى كەم لەم دەورەيەدا، بورژواكان ديارى بكەن .رووى مەسەلەكە بو حزبى كومونيستى كريكاريى عيراق ئەمەيە. حزبى كومونيستى كريكاريى عيراق دەبى ريگاى دەرباز بوون لە بارودوخى ئەمرو نيشان بداتو هيزى خەلكيو لەسەرروويانەوە چينى كريكار بو وەديهينانى جوش بدات .

### دوو گريى سەرەكي

هەلومەرجى ناسكو ترسناكى ئەمروى كوردستانى عيراق لە بناغەوە دەرەنجامى دوو واقعييەتى سەرەكييە. يەكەم، مەسەلەى كورد، وەكو مەسەلەيەكى ميللى چارەسەر نەكراو نەتەنها لە عيراقدا بەلكو لە تيكراى ناوچەكەدا، وە دووەميش، شەرى عيراقو ئەمريكاو بەدواى ئەويشدا ناديار بوونى جيوشوينى حقوقي- سياسيو ناسنامەى ولاتيى كوردستانى عيراق. ئەم دوو گرفتە لەكوردستانى ئەمرودا بەجوريك پيكەوە گرييان خواردووە كە ليك جياناكرينەوە. هەربويە وەلاميك دەتوانى كارسازو واقعى بيت كە لە هەمان كاتدا وەلامى هەردوو گرفتەكە بداتەوە. بەبرواى من، لە هەلومەرجى ئەمرودا، خواستى كردنى كوردستانى عيراق بە ولاتيكى سەربەخو دەبى يەكيك بيت لە خالە ميحوەرييەكانى پلاتفورمى سياسى



كومونيزمى كريكارى. تەنها ئەم خواستە وەلامى مەسەلەى ميلليو ناديارى سياسيو ئيداريى ئەمروى كوردستانى پيية .تەنها ئەم خواستە دەتوانى لە جەرگەى ئەم بيسەروسامانيو داروخانە ئابووريو كومەلايەتييەدا، ئاسويەكى ئەقلانيى بو دەرباز بوون لەم هەلومەرجە بخاتە بەردەم خەلكى كوردستان. وە تەنها ئەم شيعارە ئيمكانى ئەوە ئەبەخشى كە كومونيزمى كريكارى رەوتە ناسيوناليستييەكان لەنيو خەلكيدا تەريك بكاتەوەو، وەكو هيزى يەكەم دەربكەويو بەرنامەى كريكاريو سوسياليستيى خوى بكاتە بەهيزترين ئەلتەرنەتيف لەگشت كومەلگادا. مەبەستى من لەم نووسينە كورتەدا خستنەرووى ئەم باسەو چوونەسەر هەندى لە لايەنە گرنگەكانيتى .

### مەسەلەى كورد

مەسەلەى كورد يەكيكە لە گرنگترين مەسەلە ميلليية چارەسەر نەكراوەكان لە جيهانى ئەمرودا. خەسلەتى ناوچەيى ئەم مەسەلەيەو لەنيودا بوونى پيى سى دەولەتى ئيرانو عيراقو توركيا، يەكەم، بەرجەستەييو گيان سەختييەكى تايبەتيى بەخشيوەتە مەسەلەى كورد، وە دووەم چارەسەر كردنى ئەم مەسەلەيەى تەنانەت لەچوارچيوەى هەريەكيك لەو ولاتانەشدا زور دژوارو ئالوز كردووە. ناوەروكى عمليى مەسەلەى كورد لە هەرسى ولاتەكەدا ريك وەكو يەك نييە. مەوداو ئەبعادى ستەمى ميللى، جيوشوينى حقوقيى خەلكى كوردستان لەچوارچيوەى هەر ولاتەو پەيوەندى ئەوان لەگەل باقى خەلكى ولاتداو لەگەل دەولەتى مەركەزيدا، هەلومەرجى سياسيو ئابوورى كوردستان، جورى رژيمە سياسييەكانو تاد لە هەريەكيك لەم سى ولاتەدا تايبەتمەندى خوى هەيە. لەم نووسينە كورتەدا دەرفەتى ئەوەمان نييە بچينە سەر باسى جياوازييە گرنگەكانى نيوان لايەنە جياجياكانى مەسەلەى كورد لەم سى ولاتەدا. لەبارەى عيراقەوە دەبى ئاماژە بو چەند خالّيك بكريت. لە عيراقدا ستەمى ميلليو جيوشوينى



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژێردەستەی خەلکی کوردستان مەسەلەیەکی سروشتیو رەسمییە. ناسنامەی قەومیی کورد لە یاساکانی عیراقدا نەک تەنها حاشای لیناکری، بەلکو وەکو یەکیک لە پایەکانی کومەلگای عیراق بەرەسمی دەناسری .بەلام ئەم بەرەسمی ناسینە لە ولاتیکدا کە بەرەسمیو ئاشکرا وەکو ولاتیکی عەرەبیو بە بەشیک لە جیهانی فراوانتری "عەرەب" پیناسە دەکریت، هاوتایە لەگەل پیناسەکردنی کورد وەکو ئینتمایەکی میللی پلە دووەمو هەمیشەیی کردن‌و ئیجباری کردنی ئەم جیوشوینە پلە دووە بو کەسانیک کە وەکو "کورد "لەدایک دەبن. کورد بەپیی پیناسە لەعیراقدا هاوولاتی پلە دووە. تەنانەت بەپیچەوانەی تورکیاوە، کە تیایدا ناسنامەی قەومیی کورد لەبنەرەتەوە حاشای لیدەکریو ئەتباعی ولات بەپیی پیناسە بەتورک دەژمیردرین، لەعیراقدا، بو کەسیک کە موری "کورد" لەنیوچەوانی دراوە، تەنانەت ریگاچارەیەکی فەردیش لەدەست ئەم ژیردەستەییە قەومییە لەئارادا نییە. "کورد"یک لە تورکیادا ناچارە ببیتە "تورک"، بەلام لە عیراقدا، تەنانەت ئەگەر بشیەوی ناتوانی ببیتە "عەرەب". سنوورەکانی ناسنامەی قەومیی لەعیراقدا سرینەوەی ئیمکانی نییە، ئیمکانی پشت گویخستن یان فەراموش کردنی نییە. مەسەلەی کورد بەحوکمی عەرەبی بوونی عیراق‌و قەومی بوونی پیناسەی "عەرەب"، لەچوارچیوەی عیراقدا چارەسەری مەحالە .

رژیمی عیراق رژیمیکی ناسیونالیستی عەرەبەو لەگەل هەموو دانیشتووانی ئەم ولاتەدا بەکوردو عەرەبەوە بیئەندازە سەرکوتگەرو هارە. خەلکی کوردستان بەشیوەیەکی تایبەتی چەندین جارو بەتراژیدیترین شیوە ئەم سەرکوت‌و درندەیییەیان تەجروبە کردووە. سەرەرای هەموو کویرەوەریو گرفتەکانی ئەمرو، یەکیک لەکابووسەکانی خەلکی کوردستانی عیراق گەرانەوەی دەسەلاتی رژیمی بەعسە. بەلام تەنانەت گورانکارییش لە رەفتاری سیاسی رژیمی عیراقدا رووی مەسەلەکە ئەوەندە بو خەلکی کوردستان ناگوری. تا ئەوکاتەی کە ناونیشانی "کورد" بەمانای ئینتسابی



فەرد بیت بو تویژیکی "کەمینە"و "پلە دوو "لە کومەلگادا، مەسەلەی کورد لەجیی خوی دەمینیتەوە. ئەمە ئاکامی حەتمیی بەعەرەبی پیناسەکردنی عیراقە. لە نیزامیکی وادا، بەدەر لە خەلق‌و خوی دەولەتی مەرکەزی لە بەغداد، بەشیکی گەورە لە کومەلگای عیراق هەمیشە لەژیر سووکایەتی، بیمافی، نائەمنیو هەرەشەی زەربەخواردندا دەمیننەوە .

**وەلامی گشتی، وەلامی دیاریکراو**

مەسەلەی کورد لە عیراقدا دەبی وەلامی پی بدریتەوە. سەربەخویی کوردستانی عیراق لە روانگەی کومونیزمی کریکارییەوە بیگومان یەکەمین هەلبژاردن نییە. وەلامی یەکەمی ئیمە بە مەسەلەی میللی لە گشت ناوچەکەدا شورشی کریکارییە. شورشیکی کومونیستی کە ئەو سنوورانەی ئینسانەکان لیک جیا ئەکاتەوەو بەسەر ولات‌و قەوم‌و میللەت‌و دینی جیاجیا دابەشیان دەکات‌و لەبەرامبەر یەکتردا رایان دەگری، لەنیو دەبات. شورشیک کە ئینسانەکان لە خورافەی میللیو لە کوتی ناسنامەی میللی ئازاد دەکات‌و بەمانای واقعی دەیانکاتە ئینسان. سەربەخویی کوردستانی عیراق تەنانەت دووەم هەلبژادنیشمان نییە. عیراقیکی غەیرە قەومی، عیراقیکی ئازاد کە تیایدا هاوولاتیان بەبی لەبەرچاوگرتنی قەومییەت‌و ئینتمای میللییان لە مافە مەدەنییە یەکسانەکان بەهرەمەند بن، عیراقیک کە تیایدا نە پرسیار لە قەومییەتی هاوولاتیان بکریو نە لەهیچ شوینیکدا تومار بکریو نە لە هیچ یاساو دانراویکدا ناوی بیت، بیگومان لە جیایی کوردستان باشترە. ئەم دوو ئامانجە هەردووکیان، چی ریکخستن‌و وەدیهینانی شورشیکی کریکاری لە عیراق‌و لەگشت ناوچەکەداو چی پیکهینانی رژیمیکی سیاسی ئازادو عەلمانیو غەیرە قەومی لە عیراق کە تیایدا "کورد"و "عەرەب"و هەموو ئەو کەسانەی کە ئیتر ئامادە نین بەم ئەلقابە قەومییانە دەستەبەندی بکرین، وەکو هاوولاتییانی خاوەن مافی یەکسان بەرەسمی بناسرین، ئامانجی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

راگەیاندراوی حزبی کومونیستی کریکاریی عیراقە. هەلویستی حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق وەکو حزبیکی سەراسەری لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا بەدروستی لەسەر دوو کولەکەی بنچینەیی وەستاوە. یەکەم، شورش لە سەرتاپای عیراقداو، وەدیهینانی کومەلگایەکی غەیرە قەومیو لابردنی ستەمی میللی، وە دووەم، بەرسمییەت ناسینی مافی خەلکی کوردستانی عیراق بو جیابوونەوەو پیداگرتن لەسەر مەبدەئی ریفراندوم. بەلام ئەم هەلویستە گشتییە ئەگەرچی لە گوشە نیگای حزبیکی سەرتاسەرییەوە کافیو مەبدەئییە، لە گوشە نیگای کومونیزمی کریکارییەوە لەخودی کوردستانی عیراقدا هیشتا دەبی موشەخەس‌تر بکریتەوە. پرسیار ئەوەیە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە خەلکی کوردستانی عیراق رای خویان، لە ریفراندومیکدا، لەبارەی جیا بوونەوە یان مانەوە لەچوارچیوەی عیراقدا دەرببرن؟ وە ئەگەر وەلامەکەی ئیجابییە، حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق چ وەکو بەشیک لەم خەلکەو چ وەکو نوینەری بەرژەوەندییەکانی چینی کریکار لەم کومەلگایەدا کام هەلبژادن پیشنیاز دەکات؟ بەبروای من وەلامی پرسیاری یەکەم بیهیچ گومانیک ئیجابییە، بەبی یەکلاکردنەوەی دەسبەجیی کوردستان لەرووی حقوقییەوە دەرباز بوون لە موسیبەت‌و کویرەوەرییەکانی ئەمروو دەرباز بوون لەم تەنگژەیەی ئەمرو ئیمکانی نییە. ئەم یەکلاکردنەوەیە دەبی لەسەر راو هەلبژاردنی خودی خەلکی کوردستانی عیراق ئەنجام بدریت. دووەم، هەلویستی حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق دەبی جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخو بیت لەکوردستانی عیراقدا. بەبروای من، تەنها ئەم هەلویستە لەگەل هەلومەرجی موشەخەسی ئەمرو، چ لە ناوچەکەو چ لەئاستی نیو نەتەوەییدا، دیتەوە. وە ئەمە ئیمە دەگەیەنیتە گریی دووەم لەم باسەدا: بی ناسنامەیی ولاتییو سەرگەردانیی سیاسي-ئیداری کوردستانی عیراق .



**"کوردی عیراقی" هاوولاتیی کوییە؟**

کاتیک دوابەدوای جەنگی کەنداو باسی پیکهینانی ناوچەیەکی ئەمنیی لەباکوری عیراق‌دا هینرایە ئاراوەو لەگەل پیشوازی رەوتە ناسیونالیستەکانی کورد بەرەورووو بووەوە، هەرئەوکاتە ئیمە لە بریارنامەی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی حزبی کومونیستی ئیراندا زەنگی بیداریمان لە ئاکامە کومەلایەتیو حقوقییەکانی ئەم هەنگاوە لیدا. ووتمان بەپیچەوانەی تەبلیغاتی میللیگەرایانی کوردەوە، پیکهینانی ناوچەی ئەمنیی لە کوردستانی عیراق نەتەنها مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی خەلکی کوردستان ئاسان ناکاتەوە، بەلکو کوردستانی عیراق لە قەوارەی کومەلگایەک دەردینیو دەیکاتە ئوردوگایەکی فراوانی پەنابەریتی. ئوردوگایەک کە جموجولو ژیانی کومەلایەتیو ئابووریو فەرهەنگیی تیدا نییەو، ئوردوگایەک کە بو مانەوەی خوی موحتاجی کومەکی ماددیو شمەکیی خارجە. ئەم رووداوە رووی داو ریک هەر ئەم هەلومەرجە هاتە پیشەوە. خەلکی کوردستانی عیراق باجیکی گەورەیان دا لەبەرامبەر "ئەمنییەت"ی خویاندا. خەلکی کوردستانی عیراق لەم برگەیەدا لەکردەوەدا هیچ تەبەعییەتیکی ولاتییان نییە. کوردستانی عیراق بی قانوون) هەر قانوونیک)و بیدەولەتە (هەردەولەتیک). بیناوەروکیی شانوگەریی پیکهینانی پەرلەمان لەلایەن ئەحزابیکەوە کە لەلایەن غەربەوە بو پاریزگاری کردن لەم ئوردوگایە دانرابوون زور زوو ئاشکرا بوو. پەرلەمان، بەبی حەقی حوکمرانیی مانایەکی نییە. هەروەک چون کە بەرنامەریژیی ئابووری، بەرهەمهینان، ریکخستنی خزمەتگوزارییە کومەلایەتییەکان، صحە، فیرکردن‌و بارهینان، نەزم‌و ئاسایش‌و بەرقەرارکردنی قانوون بەبی یەکلاکردنەوەی مەسەلەی دەولەت‌و حوکمرانی مانایەکی نییە. تائەوکاتەی کە چارەنووسی کوردستان لەرووی ناسنامەی ولاتییو مەسەلەی حوکمرانییەوە موشەخەس نەبووەتەوە، تائەوکاتەی کە کوردستان نەک کومەلگایەکی مەدەنی، بەلکو هولیکی چاوەروانیی چەند ملیونیی بیت، نەتەنها ناکری قسەیەک لە باشبوونی ژیانی خەلکی، بەلکو ناکری تەنانەت قسە لە گیرانەوەی لانی کەمی ستانداردە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نورماڵە کومەلایەتییەکانیش بکریت. لەم نیوەدا رەوتی پاشەوپاش گەرانەوەی فەرهەنگیی شتیکی حەتمییە. خەلکی کوردستان نەتەنها مافیکیان بو دیاریکردنی چارەنووسی خویان بەدەست نەهیناوە، بەلکو تەنانەت ئیمکانی ماددی کاریگەری دانان لەسەر هەلومەرجی دابینکردنی گوزەرانی خوشیان لەدەست داوە. ئاکامی حەتمیی دریژەکیشانی ئەم وەزعە مەینەتبارە داروخانی لەجاران زیاتری کومەلگایە لە هەموو بوارەکانی ئابووریو ریفاهیو فەرهەنگیدا. چارەنووسی حقوقیی کوردستانی عیراق دەبی روشن بکریتەوە .

ئەوە کاریکی سادەیە کە ئوبالی ئەم دژوارییانە بخەیتە ئەستوی هەردوو حزبە ناسیونالیستە کوردەکە. هەلبەتە ئەمانە راستەوخو باعیسو مایەی گەلیک لە دەردەسەرییەکانی خەلکن. بەلام ئەگەر تەنانەت نوینەرانی راستەقینەو راستەوخوی خەلکیش لەسەر کاربووایەن، بەبی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی مەسەلەی جیوشوینی حقوقیو ولاتیی کوردستانی عیراق ئیمکانی مانوریکی زوریان لە قەلەمرەوەکانی ئابووری، بەرهەم هینان، ریفاهی کومەلایەتی، بەرقەرار کردنی قانوون، دابین کردنی ئەمنییەتی هاوولاتیانوتاد نەدەبوو .

**ئەم هەلومەرجە هەر وا نامینیتەوە**

ئەم هەلومەرجە هەروا نامینیتەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. کوردستانی عیراق دەبی بگەریتەوە بو قەوارەی کومەلگایەکی مەدەنیی خاوەن هەلسووکەوتی ئابووریو سیاسیو رووبینایەکی حقوقیی پیناسەکراو: یان وەکو بەشیک لە ولاتی عیراق، یان وەکو ولاتیکی سەربەخو. ئەمە دووربینیکی واقعییەو وەلامیکی دەستبەجیو واقعی لە حزبی کومونیستی کریکاریی عیراقو هەموو خەلکی دەخوازیت. هەردوو حزبی میللی -



عەشیرەتیی کورد خەریکن خەلکی بەچاوی بەستراوو دەستی بەستراوەوە بەرەو" ریگا چارە"ی یەکەم لیئەخورن. ئەوە لای هەمووان بەلگەنەویستە کە درەنگ یان زوو بەچارەسەر بوونی مەسەلەی ئابلوقەی عیراق، رژیمی بەعس سەرلەنوی هیرش دەکاتەوە سەر کوردستان. هیچ کەسیک حاشا لەوە ناکات کە حزبە میللییەکان توانا وەیان تەنانەت مەیلی بەرگرتن بەم ئاسویەیان نییە .نەخشەی ئەوان بو خەلکی کوردستان ئەمەیە: دریژەپیدانی دەورەی ئینتقالیی هەتا ئیمکانی هەبیت، پاشانیش، هەرکاتیک کە خویان پییان باش بیت، ریگەدان بە گەرانەوەی حوکمرانیی رژیمی عیراق بو سەر کوردستان. بەلام بەلەبەرچاوگرتنی تیکرای هەلومەرجەکە، ریگاچارەی مەبدەئیی هەولدانە بو وەدیهینانی حالەتی دووەم، واتە جیابوونەوە لە عیراقو پیکهینانی ولاتیکی سەربەخو لە کوردستاندا .

هیچ یەکیک لەم دوو حالەتە بیدەردی سەریو بیچەرمەسەری نین. لەبارەی ئاکامەکانی حالەتی یەکەمەوە هیچ کەسیک لە کوردستانی عیراقدا ناروشنییەکی نییە. بەراستی جیگای سەرسورمانە کە خەلکی کوردستان، لەحالەتیکدا کە بەواقعی سەرپشک بکرین، گەرانەوە بو ژیر سایەی حکومەتی بەعسی عیراقیان پی باشتر بیت لە پیکهینانی ولاتیکی سەبەرخو. ئەگەر خەلکی چالاکانەو وەکو ئەلتەرنەتیفیک بیر لە جیابوونەوەو سەربەخویی ناکەنەوە، لەبەرئەوەیە کە بە نامومکین یان بەمایەی گیروگرفتی دادەنین. بو ژمارەیەک لەخودی کومونیستەکانیش هەندی ناروشنیی تیوریی دیایکراو لەمەر مەسەلەی جیابوونەوە لەئارادایە. دەبی بەکورتی ئاماژە بو هەندیک لەم بوچوونانە بکەین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## "ئەمریکاو غەرب نایانەوی، تورکیاو ئیرانو عیراق نایەلن"

ئەمانە پاساوە کلاسیکییەکانی "رابەرانی میللی" کوردستانی عیراق بووە بو خولادان لە شیعاری سەربەخویی. ئەگەر رابەرانی میللی ناچار بن لەپیناوی قازانجو بەرژەوەندییەکانیاندا خویان لەچوارچیوەی ئەو سیناریویانەدا قەتیس بکەن کە دلخوازی دەولەتو هیزەکانە، ئەوا خەلکی کوردستان هیچ مەجبوری ئەم کارە نییە. نموونە میژووییەکانی ئەو خەلکانەی کە توانیویانە ئیرادەی خویان بەسەر دەسەلاتە سەرکوتگەرەکاندا بسەپینن کەم نین. بەبروای من لەبارەی توانای واقعیی دەخالەتی ئیرانو تورکیا، بەتایبەت لە هەلومەرجی نیونەتەوەیی ئەمرودا، موبالەغە ئەکریت. حەتمەن هەولو تەقەلای سیاسیو سەربازیی جوراوجور لەلایەن ئەم دەولەتانەوە ئەدریت، کە هەر ئیستاش هەیە، بەلام هەر لەسەرەتاوە ئەوە ئاشکرا نییە کە خەلکی کوردستان لەژیر سایەی رابەرایەتییەکی مەبدەئیدا توانای جلەوکردن یان پووچەلکردنەوەی ئەم جموجولانەی نەبیت. لەئاستیکی موشەخەستردا، هیچ کاتیک وەکو ئەمرو هاوکیشە نیونەتەوەیییەکانو تەقسیماتە جیهانییەکان بەم فراوانییە نەچوونەتە ژیر پرسیارەوەو ئیعادە نەزەریان تیا نەکراوە .ئەگەر لەبنەرەتەوە بشی برگەیەک هەبیت کە تیایدا دەرفەتیک برەخسیت بو داسەپاندنی ئیرادەی خەلکی کوردستان بەسەر روژئاواو دەولەتانی ناوچەکەدا، ئەوا ئەو برگەیە ئەمرویە. ئەمرو لە هەموو کاتیک زیاتر دەرفەتی بەرەسمی ناسینی کوردستان لەلایەن دەولەتانی جیاجیاوە، بەرقەرار کردنی پەیوەندی بازرگانیو ئابووریو دبلوماسی لەگەل بەشیک لە جیهاندا، تەنانەت بەپیچەوانەی مەیلی روژئاواشەوە، هەیە. ئیرانیش لەسەروبەندی ئالوگوریکی گەورەدایە کە جمهوری ئیسلامی لەپی ئەخاتو بیتوانای ئەکات. دەستی تورکیا بو کاری سەربازیی زور ئاوەلا نییەو دەولەتی عیراقیش لەئاستی نیونەتەوەییدا هەروا تەریک ماوەتەوە. دریژەکیشانی ئەم وەزعەی ئیستاو پاشانیش ویلکردنی خەلکی ناریکخراوو هەژارو جەنگ زەدەی کوردستان لەبەردەم سوپای عیراقدا، واتە ئەم سیناریویەی ئیستا، ئاسویەکی زور تراژیدییانەتر نیشان دەدات وەک لە



دەولەتیک کە لە کوردستانی عیراقدا سەربەخویی راگەیاندووەو بە دەنگی خەلک پشت ئەستوورەو دەستبەکاری بنیاتنانەوەی ئابووریو کومەلگایەو لە ئاستی نیونەتەوەییشدا بەشوین بەدەستهینانی ئیعترافو راکیشانی ئیعتباراتی ئابووریو ئالوگوری بازرگانیو بەدەستهینانی زەمانەتی نیونەتەیییەوەیە لەدژی هیرشی ولاتە دراوسیکان .

## "ئایا کوردستانی سەربەخو ناکەویتە دەستی حزبە ناسیونالیستەکان؟"

ئەمە نیگەرانییەکی واقعیی چەپە. ئایا سەبەخویی کوردستان لە هەلومەرجی ئیستادا بەمانای قبوول کردنی حوکمرانیی تالەبانییەکانو بارزانییەکان نییە؟ بەبروای من بەپیچەوانەوەیە. کەشو هەوای ئەمرو، کەشو هەوای ژیانو نەشونمای ئەوانە. رەوتە میللي -عەشیرەتییەکانی کوردو سەرکوتی رژیمی بەعس دوو دیوی یەک پارەن. مادام کە مەسەلەی میللی وجودی هەیەو مادام رژیمیکی سەرکوتگەر خەلکی کوردستان بەهوی ئینتمای میللییانەوە دەکوتیتەوە، ئەم رەوتانە هەروا بەپالەوانی سەر ساحەی کوردستان دەمیننەوە. ئەمانە زور لە کومەلگای کوردستانو، ترکیبی چینایەتیو، پەیوەندی ئابووریو ئاستی فەرهەنگییەکەی لەدواترن. کوردستانی عیراق کومەلگایەکی لەوە شاریتر، سەنعەتیتر، وە لەرووی فەرهەنگییەوە لەوە پیشکەتووترە کە ئەم هیزانە لە هەلومەرجیکی نورمالدا جیگاو شوینیکیان هەبیت لە ساحەی سیاسی ئەودا. تەنها وجودی کونەپەرستییەکی هارو "بیگانە "خەلکی ناچار کردووە مەیدانداریی ئەمانە قبوول بکات. ئەمانە ئاکامی زال بوونی خەباتی پیشمەرگانەن بەسەر ژیانو میتابولیزمی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا .بەهەر رادەیەک کە ئەم شیوەیە مەوزوعییەتی خوی لەدەست بداتو شارەکان ببنە مەلبەندی سیاسی ئەسلیی، ئەمانە تەریک دەکەونەوەو نامو ئەبن .هیزهاوسەنگی چینایەتی لەخودی کومەلگای کوردستانی عیراقدا زور لەدژی ئەوانە .نەتەنها چینی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کریکارو کومونیزمی کریکاری ئەلتەرنەتیفیکی واقعیو بەهیزە لە کومەلگادا، بەلکو تەنانەت بەشیکی فراوان لە خودی چینی ناوەنجیی کوردستانو روشنبیرانو تویژە خویندەوارو خاوەن بروانامەکانیش سەرەنجام خوازیاری چوارچیوەیەکی سیاسی مودیرنترو شاریترن بو بەیان کردنی ئارەزووەکانیان. ئەم حزبە کونانە لە کوردستانیکی سەربەخودا بەخیرایی دەکەونە پەراویزەوە .بەپیچەوانەی ئەم بوچوونەوە، زیانیکی گەورەی دریژەکیشانی هەلومەرجی ئیستا وەیان گەرانەوە بو چوارچیوەی عیراق ئەوەیە کە دەسەلاتی ئەم حزبە میللي- عەشیرەتییانە بەسەر ژیانی سیاسی خەلکی کوردستانی عیراقەوە بەردەوامو سەقامگیر ئەکات .

**ئایا خواستی سەربەخویی، خواستیکی ناسیونالیستی نییە؟**

لەم حالەتە دیاری کراوەداو لەزمانی چینی کریکارو کومونیزمەوە، وەلام نەخیرە. ئیمە لەبەرخاتری سەبەخویی خوازیاری سەربەخویی نین. ئیمە یەکلاکردنەوەی دەستبەجیی چارەنووسی حقوقیی کوردستانی عیراقمان دەویتو لەنیوان دوو ئەلتەرنەتیفی مانەوە لەگەل عیراقو جیابوونەوە لەعیراق پیمان وایە ئەمەی دووەم لەبەرژەوەندیی خەبات بو بەختەوەریو خوشگوزەرانیی خەلکو ئازادیو سوسیالیزمدایە. شیعاری ئیمە پیکهینانی "دەولەتیکی کوردی" نییە .شیعاری ئیمە ئەوە نییە کە "کوردەکان" دەبی دەولەتی "خویان" هەبیت. ئیمە خوازیاری پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخوین لە کوردستانی عیراقدا. دەولەتیکی غەیرە قەومیی کە خەلکی کوردستان بتوانن تیایدا دوور لە هەر ستەمیکی میللی بژین. ئیمە پیمان وایە لەبارەی چارەنووسی کوردستانەوە دەبی دەنگی هەموو دانیشتووانەکەی سەربەخو لە ئینتمای قەومییان وەربگیریت. ئیمە لە هەولدانماندا بو راکیشانی خەلکی بەلای ئەم شیعارەدا پەنا بو ناسنامەو خوشباوەریو دەرمارگیریی قەومیو میللییان نابەین. ئیمە لای خەلکی قسە لە ئازادی، یەکسانی، خوشگوزەرانیو



ئینسانیەت دەکەینو لەدەوری ئەم ئالایە کویان دەکەینەوە. بەلام هەموو ئەم باسانە بەمانای ئەوەیە کە ئیمە بەهینانە گوری ئەم شیعارە ئەچینە ناو قەلەمرەویکی حەساسەوەو دەبی بەووردی ئاگاداری سنووربەندیی خومان بین لەگەل ناسیونالیزمی کورددا. بەهەرحال شیوازی دروست ئەوەیە کە پی بنیینە ئەم مەیدانەوە، مەیدانی رینیشاندانی واقعی بو دەرباز بوون لە گرفتەکانی کومەلگا، وە بەهوشیارییەوە لەگەل مەترسییەکانیدا بەرەورووو بینەوە، نەک ئەوەی کە لەترسی تووش بوون، لیگەریین کومەلگاو چارەنووسەکەی هەروا بە دەست هیزە دواکەوتووو بیروباوەرە کونەپەرستەکانەوە بیت .

**"یەکیتیی چینی کریکاری عیراق چی بەسەردی؟"**

بەدەستەوە گرتنی ئەم سیاسەتە نابیتە مایەی هیچ جیابوونەوەو ئینشقاقیک لەهیچ ریکخراوو کەمپینیکی کریکاریدا کە بەکردەوە لەسەرتاسەری عیراقدا هەیە. چونکە ئەمرو ئەم یەکیتییە زیاتر لەوەی کە واقعییەتیکی هەنووکەیی بیت، ئامانجیکی سیاسی حزبی خومانە. بەبروای من سیاسەتیک کە مەوقعییەتی گشتیی بزووتنەوەی کریکاری بەکردەوە باش بکات، خزمەتیکی زیاتریش بەم ئامانجە دەکات. بەبروای من ئەم سیاسەتە بەتەواوی ئیمە بەهیزتر دەکات وە بیگومان توانای ئیمە بو یەکگرتوو کردنی هەردوو بەشی کوردیو عەرەبیی عیراقیش زیاتر دەکات .

**چوارچیوەی عەمەلي**

لەرووی عملییەوە بەدەستەوە گرتنی ئەم سیاسەتە بەمانای وەریخستنی بزووتنەوەیەکی سەربەخوییخوازانە نییە. ئەم شیعارە دەبی گوشەیەک بیت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە ئەلتەرنەتیفی عملیی حزبی کومونیستی کریکاریو بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراقدا کە لەوەلام بە هەلومەرجی سەرگەردانو نابەسامانی ئەمرو ئەخریتە روو. چوارچیوەی عملیی تەرح کردنی ئەم شیعارە لەروانگەی ئیمەوە ئەوەیە، یەکەم، ریفراندومو گەرانەوە بو رای خودی خەلکی. ئەم ریفراندومە دەبیو واباشترە کە بەرەزامەندیی "دەزگا رەسمییە نیونەتەوەییەکان" ئەنجام بدریت بوئەوەی تەنفیزکردنی ئەنجامەکەی زەمانەتیکی زورتری هەبیت. بەلام تەنانەت ئەگەر ئەمەش عملی نەبیتەوە، ئیمە دەبی هەر خوازیاری بەرپاکردنی ریفراندومیکی ئازاد بین لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان. لەروانگەی ئیمەوە رای خەلکی هەرچییەک بیت ئەوە لەبەرچاو ئەگیری. لە وەها ریفراندومیکدا ئیمە دەبی پیکهینانی ولاتیکی سەربەخو پیشنیاز بکەین. دەبی لیرەدا تەئکید لەسەر ئەوەش بکەین کە هەر بەندو بەستو پەیماننامەو ریککەوتننامەیەک لەلایەن هەر هیزیکەوە کە موری رای ئازادو راستەوخوی خەلکی پیوە نەبیت لە روانگەی ئیمەوە شەرعییەتی نییە. دووەم، ئەم خواستە دەبی وەکو ریگاچارەیەکی عملیو ئەلتەرنەتیفیکی قابیلی تحملتر بو خەلکی روون بکریتەوە .پرسیار ئەوەیە کە کوردستان بەرەوکوی ئەروات. بەدریژەکیشانی ئەم وەزعەی ئیستاو سیاسەتیک کە حزبە میللي-عەشیرەتییەکانی کورد گرتوویانەتە بەر، تراژیدیایەکی تری ئینسانی چاوەروانی خەلک دەکات. ئیمە دەبی مەشخەل بەدەستی دوورخستنەوەی خەلکی بین لەم چارەنووسە. ئەم شیعارە بو گیرانی ئەم رولە کومەکمان پیدەکات. سییەم، خواستی سەربەخویی مەسەلەیەکی تەمومژاویی لە زەینی زوریک لە خەلکیدا روشن دەکاتەوە. هەر بویە بەدەرلەوەی کە عملیئەبیتەوە یان نا، خەلکی کریکارو زەحمەتکیش بە ئیمکانی دەخالەت لە چارەنووسی خویان گەشبین دەکاتو دەیانهینیتە مەیدان .ئەم شیعارە بیئاسویی رەوتە ناسیونالیستییەکانو ناشایستەییان لە رابەرایەتی کردنی کومەلگای کوردستانو نوینەرایەتی کردنی خەلکی کوردستان لەئاستی نیونەتەوەییدا دەخاتە روو. لە یەک قسەدا خواستی سەربەخویی چەقی قورساییو



قیبلەنومای هەلسوورانی ئیمە نییە لە کوردستان، بەلکو بەشیکی گرنگو زەروریی ریبازی تاکتیکیی ئیمەیە لە کوردستانی ئەمروداو دەبی هەر بەم جورەو لەم چوارچیوەیەشدا تەبلیغی بو بکری .

* * * *

هەروەکو باسم کرد ئامانجی ئەم نووسینە خستنەرووی علنی باسەکە بوو. هیشتا دەکری لایەنی جیاجیای ئەم باسە تەرح بکریت، کە من بو چەق بەستن لەسەر باسە سەرەکییەکەی لیرەدا نایانهینمەوەو چاوپوشییان لیئەکەم. شایانی باسە کە ناوەروکی ئەم نووسینەو هەندی مەوزوعی تری لەم بارەیەوە، لە پلنیومی سییەمی کومیتەی ناوەندی حزبی کومونیستی کریکاریی ئیران، بەئامادەبوونی چەند کەسیک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق هینرایە گورو دواتریش پوختەی ئەم باسانە خرایە بەردەستی ناوەندیو کادرەکانی حزبی عیراق. بەبروای من جیگای خویەتی کە هەموو خالەکانی پەیوەست بەم باسە بەووردیو بەدوورو دریژی لە بزووتنەوەی ئیمەدا لە عیراق بخریتە بەرباس. دەرفەتیکی زورمان بو یەکلاکردنەوەی باسەکە بەدەستەوە نییە، بەلام لەبەر گرنگیو تازەیی مەوزوعەکە دەبی دەرگا بەرووی ووردکرنەوەی مەسەلەکانو بیستنی بوچوونە جیاجیاکاندا کراوە بیت. من خوم نەک وەکو ئەحکامیکی دوگمو بیمرونەت بەلکو وەکو خستنەرووەیکی سەرەتایی ریبازیکی تاکتیکیی گرنگ لە عیراقدا دەروانمە ئەم تیزانە کە دەبی لەدریژەی قسەوباسەکاندا ووردو قوول بکریتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

## پەسەندکراوی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتە مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**پێشەکی** :بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ئەو بنەما گشتییانەیە، کە بڕیارەکانی پەیوەست بە پەیڕەوی ناوخۆ و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزب پشتی پێ دەبەستێت. پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەهەر قۆناخێکدا، ئاوێتەیەکە لەم سەنەدە و لە ئاییننامە ئیجراییەکان و بڕیار و مەوازینێک کە کۆنگرە، وەیان کۆمیتە مەرکەزی حیزب لەسەر بنچینەی ئەم بنەما ڕێکخراوەییە، لە مەیدانە موشەخەسترەکانی هەڵسوڕانی حیزبیی، پەسەندی ئەکات. ئەم بڕیار و ئاییننامانە ناتوانن و نابێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەی لەم سەنەدەدا هاتووە، دژبەیەک و ناکۆک بن .

* * *

### بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

١ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسییە، بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی چینی کرێکار، بۆ بەدیهێنانی



شۆڕشی کۆمۆنیستی پێکهاتووە. ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا خراوەتە ڕوو .

٢ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، شوێنی یەکگرتن و هەڵسوڕانی کرێکارانی کۆمۆنیست و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە. ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا ئارەزوومەندانەیە. هەرکەسێک کە خۆی بە کۆمۆنیست و بە شەریکی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی حیزب بزانێت، وە ئامادەبێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، هەڵسوڕانی ڕێکخراو ئەنجام بدات، دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزب .دوورکەوتنەوە و وازهێنان لە حیزبیش کارێکی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە .

٣ -ئەندامەتی لە حیزب، سنور و مەرج بۆ هیچ یەکێک لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی ئەندام دانانێت . بەهەمان شێوە، ئەندامەتی لە حیزب، لە هیچ هەلومەرجێکدا، نابێتە مایەی هیچ جۆرە ئیمتیاز وەیان باڵاتربوونی ئەو، لەچاو باقی خەڵکدا .

٤ .کادر، بە ئەندامێکی حیزب دەگوترێت، کە لە ڕێگای هەڵبژاردن، وەیان دانان، لێپرسراوێتی ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی هەڵسوڕانی حیزب، لە مەیدانێکی دیاریکراودا، لە ئەستۆ ئەگرێت. هەڵسوران بە عینوانی کادر، پێویستی بەوەیە، کە ئەو مەوازین و دیسپلینانەی کە هاوشانی ئەو لێپرساوێتییە حیزبییەیە کە ئەو کەسە لە ئەستۆی ئەگرێت، قبوڵ بکات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە، ڕەنگە لێپرسراوێتی زیاتر و وابەستەبوون بە زەبتوڕەبتی توندتر، بە بەراورد لەگەڵ مەوازینی گشتی چاودێر بەسەر ماف و ئەرکی ئەندامان بە شێوەیەکی گشتی، لە ئەستۆی ئەفراد دابنێت. مەوازینی چاودێر بەسەر هەڵسوڕانی کادری حیزب، لە بڕیارە تایبەتییەکانی هەڵسوڕانی هەر ئۆرگانێک و لە ئەسنادێکیش کە چاوەڕوانییە گشتییەکانی حیزب لە کادرەکان خستویە ڕوو، دائەنرێت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕێکخراوێکە، بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی، کە لەلایەن خودی چینی کرێکارەوەیە، وە تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزب، تابیعی ئەم ئامانجە بنەڕەتییەیە. پێکهاتە و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەجۆرێکە، کە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتری پێشڕەوانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار و هەڵسوڕانی بەردەوامی ئەوان لە حیزبدا، ئاسان و مسۆگەر ئەکات .

٦ -سێلولی پایەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، شانەی ئەندامانە، کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران پێک ئەهێنرێت. ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی حیزب، ڕێکخراوێکی قوچەکی(هەرەمی)، پێکهاتوو لە کۆمیتە محەلییەکانی حیزب ساز ئەکات، کە هەریەکەیان بردنەپێشەوە و ڕێنوێنی هەڵسوڕانی حیزبیان لە سنوورێکی زیندەگی_ جوگرافی دیاریکراودا، لە ئەستۆدایە. گرنگترینی ئەو کۆمیتانە بریتین لە کۆمیتەی محەل (کۆمیتەی شوێن: شوێنی کار وەیان ژیان _وەرگێڕ)، کۆمیتەی شار و ناوچە. کۆمیتەی مەرکەزی لە نوکی قوچەکی ڕێکخستنەکەدایە و تەواوی هەڵسوڕانی حیزب، لە ئاستی سەراسەریدا، ڕێک دەخات و ڕێنوێنی دەکات .

٧ -سەرباری ڕێکخستنی قوچەکی و ستوونی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەگوێرەی پێویست، کۆمەڵێک ئۆرگان و هەیئەتی پسپۆڕ و دەزگای ستادی لە چەشنی چاپەمەنی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فێرکردن، یەکە و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و شتی لەم جۆرە، پێکئەهێنێت، کە لەژێر چاودێری کۆمیتە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخستنەوە هەڵئەسوڕێن .

٨ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، بۆ بەرفراوانکردنەوەی نفوزی خۆی لە نێو ڕێکخراوە غەیرە حیزبییەکاندا، چ ڕێکخراوەی کرێکاریی وەیان غەیرە کرێکاریی، وە بۆ زاڵکردنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر جموجۆڵی ئەم ڕێکخراوانە، وەیان بۆ بەدەستهێنانی ڕابەرییەکەی هەوڵ و تەقەلا ئەدات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانێت، بۆ



پێکهێنانی ڕێکخراوگەلێکی لەو چەشنە، خۆی دەستپێشکەری ئەکات. حیزب لە هەر ڕێکخراوەیەکی غەیرە حیزبیدا، بە شێوەی یەک جەناح و فراکسیۆنی ڕێکخراو، کار دەکات .

٩ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئەرکێتی کە دەخاڵەت لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی چینایەتیدا بکات و ڕۆڵی پێشڕەویان تێدا بگێڕێ، هەروها ئەرکێتی کە ڕەوتی کۆمۆنیستی نێو دەروونی چینی کرێکار لە ژێر هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕێکبخات. لەم ڕووەوە حیزب، لەسەر بنچینەی ئەمە، ئێسکبەندیی بنەڕەتی، لەهەر قۆناخێک و لەهەر هەلومەرجێکدا، شێوە ئاراییشێکی ڕێکخراوەیی وها بەخۆ دەگرێت، کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییە دیاریکراوەکانی تێکۆشانی چینایەتی لەهەر دەورەیەکدا بێت .پێویستییەکانی هەڵسوڕانی ئاشکرا و قانونی و هەڵسوڕانی نهێنی و ژێرزەمینی، هەڵسوڕانی سیاسی وەیان عەسکەری، هەڵسوڕان لە دەورەی ئارام وەیان جموجۆڵی سیاسی، هەڵسوڕان لە هەلومەرجی لە ئارادابوون وەیان نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی تر، هەریەکە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و جۆری ئۆرگانەکانی و دەزگا تەشکیلاتییەکانی کە لەلایەن حیزبەوە پێکئەهێنرێت دائەنێت .

١٠ -کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزبە، کە لانی کەم هەر دوو ساڵ جارێک ئەبەسترێت. کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حیزبییەکان پێکدێت، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژێردراوون. بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، کۆمیتەی مەرکەزییە، کە لە هەر کۆنگرەیەکدا، ئەندامەکانی هەڵئەبژێردرێن .

١١ -تێکرای کۆمیتە حیزبییەکان، لە ئاستە یەک لەدوای یەکەکانی ستوونی ڕێکخستن، بە هەڵبژاردنە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٢ -له ئاسته یەک لەدوای یەکەکانی ڕێکخستندا، ئەوەی کە ئەسڵە، پەیڕەویکردنی هەر کۆمیتەیەکە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی باڵاتر و پەیڕەویکردنی هەموو کۆمیتەکانە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتە مەرکەزی .

١٣ -هاوفکریی لە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تێکۆشانی عەمەلی بۆ گەیشتن پێی، پرانسیپی بناغەیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. فراوانترین ئاڵوگۆڕی نەزەر و هاوفکری و زۆرترین کەشی کراوە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان و تێڕوانینە جیاوازەکانی کەسەکان، لە پرۆسەی بڕیاردان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێک، لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا، هاوشانی توندوتۆڵترین زەبتورەبت و هاوهەنگاوی و یەکپارچەیی عەمەلی لە بەرەوپێشەوەبردنی سیاسەت و هەنگاوە پەسەندکراوەکان، کۆڵەکەی لەجیاوەبوونەهاتووی پەیوەندییە دەروونییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکئەهێنێ .

١٤ -زەبتورەبتی توندوتۆڵی تەشکیلاتی، مەرجی پێویستی ئیدامەکاری و پێشرەوی حیزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکارییە، لە هەلومەرجی نالەبار و سنوردارکراوی مەوجود، تەنانەت لە وڵاتە زۆر لیبراڵەکانیشدا. زەبتورەبتی زاڵ بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، زەبتورەبتێکی پشتبەستوو بە هوشیاری ئەندامان لەسەر پێویستییە عەمەلییەکانی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و هەلومەرجەکانی هەڵسوڕانی حیزبە. دیسپلینی حیزبی بە پلەی یەکەم، پەیوەستە بە هاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حیزب و پوختەیی و هوشیاری ئەندامان و هەڵسوڕاوان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە میانەی هەوڵ و کۆششی هەمیشەیی، بۆ فێرکردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزکردنی ئەم ئاگایی و هوشیارییە لە نێو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی خۆیدا، لەبەرامبەر لادان لە پرانسیپی حیزبیدا، هەنگاوی ئینزیباتی دیاریکراو ئەگرێتەبەر. ئاگادارکردنەوەی ڕەسمی، سوکترین و دەرکردن (لێسەندنەوەی



ئەندامەتی)، توندترین هەنگاوی ئینزیباتییە، لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا .

١٥ -بناغەی دیاریکردنی ئەرک و لێپرسراوێتی حیزبیی هەر کەسێک، ئامادەیی و پەسەندکردنی ئاگایانەی خودی ئەو کەسەیە. هیچ کەسێک لە ئەندامانی حیزب، بە زۆر و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەر ئیشوکارێک، وەیان قبوڵکردنی هەر مەئموریەت و لێپرسراوێتییەک، ڕاناسپێردرێت .لەهەمانکاتدا، قبوڵکردنی هەر لێپرسراوێتییەکی تەشکیلاتی و ئامادەبوون لە هەر ئۆرگانێکی حیزبیی ، بە مانای، ڕاگەیاندنی ئامادەیی ئاگاهانەی ئەو کەسە، بۆ قبوڵکردنی ئیشوکار، نۆرم و دیسپلین و مەوازینی تەشکیلاتی تایبەت بەو پۆستە وەیا ئەو ئۆرگانەیە .

١٦ -حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لە ژیانی خسوسی ئەندامەکانیدا دەخاڵەت ناکات. ئەم مافە، هەمیشە بۆ حیزب پارێزراوە کە هەرکاتێک ڕەفتار و کردەوەی ئەندامانی حیزب لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێچەوانەی پرانسیپەکانی حیزب بێت، هەنگاوی ئینزیباتی پێویست، تا ڕادەی لێسەندنەوەی ئەندامەتی ئەو کەسە، بەکار ئەهێنێت .

* * *

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

٢٠٠٤/٩/١٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دبلوماسی" یان هەلبژاردنی سیاسی؟

### کومەلەی تازە لە "کیشمەکیشەکانی ناوچەکە"دا

لە ژمارەی مانگی دی (کانوونی چوارەمی ١٩٩٦) بلاوکراوەی "جهان امروز" ("جیهانی ئەمرو" بلاوکراوەی حیزبی کومونیستی ئیرانەو لە ئەروپا دەردەچیت-وەرگیر (ووتاریکی کورتی جەنابی عومەری ئیلخانیزادە بلاوکراوەتەوە کە گەلیک خالی گرنگی تیدایە. ئەم ووتارەی ئەو بەروالەت لەوەلام بە ووتارەکەی من لە ئەنتەرناسیونالی ژمارە ١٩ (مەبەست ووتاری "سیناریوی رەش، سیناریوی سپی "یە-و) نووسراوە. من لەو ووتارەدا ئاماژەم بو چەند نموونەیەک لە هەلویستی سەرپییی‌و ناکاملی ریکخراوە بە ناو چەپەکان کردبوو بەرامبەر بە باسی ئەگەری لوبنانیزەبوونی هەل‌ومەرج لە ئیراندا. بە رای من نە تەنها کەسانیک کە خویان بەچەپ و سوسیالیست و هەلسووراوی سیاسی دەزانن، بەلکو هەر ئادەمیزادیک لە دنیای ئەمرودا کە توزقالیک عەقلی هەبیت‌و بە هولی خوی‌و هاورەگەزەکانی‌یەوە بیت بەپی‌ی مەنتق دەبی سەبارەت بە ئەگەری ئەم ئاسو تاریکە بیربکاتەوەو هەلویستی هەبیت. بەلام هەروەکو لەویشدا نووسیم، وا دیارە ئەمە چاوەروانی‌یەکی بی‌جی‌یە لە «چەپ .«

بەهەرحال جەنابی ئیلخانی‌زادە لەم نووسراوەیەی ئەخیریدا نەچووەتە ناو ئەم باسەوەو ئەو چەند پەرەگرافەش کە لە سەرەتاوە بو پەردە هەلمالین لە رووی" مەبەستەکانی" ئیمە لە هینانە گوری ئەم باسە نووسیویتی، واباشترە هەر لەبەرچاوی نەگرین. بایەخی نووسینەکەی ئەو لەوەدایە کە ئەو پرسیارە گرنگەی کە ماوەیەکی زورە بە سەر سەری ریکخراوەکەیانەوە دەسووریتەوە، بە ئاشکراو بە راشکاوی دەخاتە بەردەم خوی‌و هەول



ئەدات وەلامی پی بداتەوە .شیوەی پرسیارەکە بەم جورەیە: ئەم لنگەوقوچی و ئەم جی‌وشوینە غەیرە قابیلی هضمەی پەیوەندی‌یە سیاسی‌و عەمەلی‌یەکانی کومەلەی ئەمرو لەگەل دەولەت‌و هیزە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەدا چون تەفسیر ئەکریت، لەلایەکەوە دوستایەتی‌و سازش‌و بی‌دەنگی لە بەرامبەر دەولەت‌و هیزە کونەپەرستەکانی ناوچەکەدا، وە لەپەیوەند بە حیزبە قومی‌و عەشیرەتی‌یەکانی کوردەوە تەنانەت پشتیوانی‌ی سیاسی ئاشکرا لییان، وە لەلایەکی تریشەوە، هەلویستی سلبی‌و رەت‌کردنەوەو لە زور حالەتدا تەنانەت دوژمنایەتی کردن لەبەرامبەر حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقدا .

عومەری ئیلخانی‌زادەش لە هەولی ئەوەدا نی‌یە کە ئەم تەسویرە لە سەر پەیوەندی‌یەکانی کومەلەی ئەمرو لە ناوچەکەدا لە رووی بابەتی‌یەوە رەت بکاتەوە. بە پیچەوانەوە، پاساوی ئەکات، نەک هەر ئەمە، بەلکو ئەم جیگاو شوینە وەکو خالی بە هیزی ریکخراوەکەی خوی نیشان دەدات‌و بەشانازی‌یەوە باسی ئەکات .

بەرای من باسەکەی جەنابی ئیلخانی‌زادە بو پاساوکردنی ئەم جیی‌و شوینە، لاوازو خوفریودەرانەیە. لەم وەلامەی جەنابی ئیلخانی زادەدا بە روشنی دەکری ئەو ببینی کە ئەم دوست و دوژمن "لی تیکچوونە" ، بە ریکەوت نی‌یە، لەبی دیقەتی نی‌یە، بەلکو هەلویستیکی هوشیارانەی کومەلەی ئەمرویە، هیچ زور (اجبار)یک یان هەلەیەک لە ئارادا نی‌یە .

ئەو دەنووسی :

"لە کەس شاراوە نی‌یە کە کومەلە هەم لەگەل حیزبە سیاسی‌یەکان لە کوردستانی ئیران‌و عیراق‌و هەم لەگەل دەولەتی عیراقدا پەیوەندی‌یەکی سیاسی‌و دبلوماسی دیاریکراوی هەیەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم مەسەلەیە بە هیچ جوریک تازەنییەو تەنانەت پیش پیکهاتنی حیزبی کومونیست (ی ئیران-و)و پیش پیکهینانی پەیوەندییەکی دبلوماسی لەگەل دەولەتی عیراقدا ئیوەو ریکخراوەکەتان) اتحاد مبارزان کمونیست) لەم پەیوەندییە ئاگاداربوونو موافقی بوون. دواتریش لە حیزبی کومونیستدا ئیوە دیفاعتان لەم پەیوەندییە دەکرد. ئەم پەیوەندییە لە سەر بناغەی پاراستنی مبادئو پرەنسیپە شورشگیرانەکانو لە سەر بناغەی هیزهاوسەنگی ناوچەیی دامەزراوە. کومەلە وەکو هیزیکی کومەلایەتیو دەخالەتگەر لە ئالوگورەکانی ناوچەکەدا تاکو ئیستا توانیویتی بە شیوەیەکی مەبدەئیو قابیلی دیفاع ئەم پەیوەندییانە بپاریزیو لە هەمان کاتدا لە ئیمکاناتی دوو رادیوی کومونیستی...و حزوری تەشکیلاتی عەلەنیو عەسکەری بەهرەمەند بیت. تەنها مەحدودییەتیک کە ئیمە لە بەرامبەر )بەهرەمەندبوون-و) لەم ئیمکاناتانە قبوولمان کردووە مەحدودییەت بووە لە تەبلیغاتماندا وە ئەمە مەسەلەیەکە کە سالەهایە... بە ئاشکرا رامان گەیاندووە بو ئەوەی هیچ ناروشنییەک لە بارەی سنووری ئەم پەیوەندییانەوە نەمینیتەوە. تا ئەو کاتەی کە کومەلە بتوانیت، هاوکات لەگەل پاراستنی پرەنسیپە کومونیستییەکان، بە قازانجی بزوتنەوەی شورشگیرانە کەلک لەم ناکوکیو کیشمەکیشە ناوچەییانە وەردەگریت وە هەروەکو تاکو ئیستا بەکردەوە نیشانیداوە بەئاشکراو سەربەرزانە وە بیگومان بە پاراستنی پرەنسیپە شورشگیرانەکانەوە ئامادەی دریژەدان بەم پەیوەندییانە دەبیو هیچی تر ".

ئەم وەلامە دوو عەیبی بنەرەتی هەیە :



١ -ئەو هەول ئەدات کە مەسەلەکە وانیشان بدات کە تەنها لە چوارچیوەی پەیوەندییەکی فەننی- تەداروکاتی (دبلوماسییانە!)یە لەگەل رژیمی عیراقو تەنها عیراقدا، وە هەول ئەدات پشتیوانیی سیاسی ریکخراوەکەی لە حیزبە کونەپەرستەکانی کورد لە کوردستانی عیراق، کە لە تەبلیغاتی ئەواندا ناونراون "دەولەتی" کورد، لەبیر بەریتەوە- بەو ئومیدەی کە بەم شیوەیە خلیسکانی ریکخراوەکەی بو ناو سیاسەتیکی راسترەوو ئاشکرا ناسیونالیستی لە ٥سالی ئەخیردا (دەورەی پاش جەنگی کە نداو و پیکهاتنی " دەولەتی کورد") پەردە پوش بکات. لەکاتیکدا کە بە توند بوونەوەی ئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستانو بەرجەستە بوونەوەی ریزبەستنە سیاسیو چینایەتی یەکان لەم وولاتەدا، دزیوی هەلویستی سیاسی ئەم ریکخراوەیە لە گورەپانی سیاسی عیراقو ناوچەکەدا بە ناشرینترین شیوە دەرکەوتووە. ئەوەی بە بەرچاومانەوە روو دەدات راست رەوییەکی ئاشکرای سیاسییە کە پەیوەندییەکی تایبەتیی بە مەقولەی "دبلوماسی"یەوە نییە .

٢ -گرفتەکە لەوەدایە کە خودی «دبلوماسی»پەیوەندی لەگەل عیراقیشدا بەتەواوی باری لیژەو بەم جورە فورمولانە ناکری دیفاعی لی بکریت. دیفاع کردنەکەی جەنابی ئیلخانیزادە لە پەیوەندی لەگەل عیراقدا تەنانەت هەر لەو چوارچیوە ساویلکانەیەدا کە ئەو دەیدات بە مەسەلەکە، هیچ پەیوەندییەکی بە حەقیقەتو واقیعییەتی عەمەلی ناوچەکەوە نییە .روونکردنەوەکانی ئەو نەتەنها گرفتە واقعییەکانی ئەمروی ئەوان پەردەپوش دەکات، بەلکو میژووی واقعیی حیزبی کومونیستی ئیران و ئەو پرەنسیپو مەبدەئە کومونیستییانە دەشیوینی کە بو ماوەی چەندین سال بنچینەی ئەو حیزبەی پیک دەهینا .

لەم نووسینەدا دەمەوی ناکوکییەکانو لاوزایی دیفاع کردنەکەی جەنابی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیلخانیزادە دەست نیشان بکەمو بو جاریکی تر ئەوەیان وەبیر بهینمەوە کە ئەو جیو شوینەی کە ئەم دوستانە خویان تیایدا گرفتار کردووە، وە بەپیی تەفسیرەکانی جەنابی ئیلخانی؛زادە وا دیارە بە داخەوە دەستیان کردووەتە ئەوەیکە چیژیشی لی وەربگرن، قابیلی ئەوە نیە دیفاعی لی بکەن. لە کوتایشدا، وەلام بە پرسیاریکی دیاریکراوی جەنابی ئیلخانی زادە ئەدەمەوە سەبارەت بەوەی کە بوچی ریکخراوەکەیان بە"کومەلەی تازە" ناو ئەبەم .

ئاشکرایە کە لیکدانەوەکەی جەنابی ئیلخانیزادە لە سەر پەیوەندی کومەلە لەگەل دەولەتی عیراقو حیزبە قەومیە کوردییەکاندا دیفاع کردنیکی عامو شاملو جیهان داگرەو خوی بە هەلومەرجیکی دیاریکراوە وە نابەستیتەوە. فورمولەکەی ئەو نە تەنها ئەو ئالوگورە بنەرەتیانە بە هیچ جوریک لەبەرچاو ناگری کە لە ماوەی ئەم دەورانەدا بە سەر هەموو ئەو فاکتەرو هەلومەرجانەدا هاتووە کە دەوریان لەم مەسەلەیەدا هەیەو بیگومان دەتوانری بو پاساودانی هەر جورە پەیوەندییەک لە داهاتووشدا بەکار بهینریت، بەلکو خوبەخو بەسەر هیچ یەکیک لە دەورانەکانی ئەو دەیەو قسورەش تطبیق نابیت. ئەو ئەوە درک ناکات (یان دەبی بلیم وای پی باشە درکی نەکات) کە لە ماوەی ئەم ١٣سالەدا گەلیک فاکتەر ئالوگوریان بە سەردا هاتووەو گەلیک قوناغ بەسەر چووە. جیوشوینی (موقعییەتی) ماددی کومەلە، شیوەی جیگیربوونی لە ناوچەکەدا، جوری پەیوەندییەکەی لەگەل ئەم دەولەتو حیزبانەدا، مەودای ئەو مەحدودییەتانەی بەسەریدا سەپینراوەو ابعادی وابەستەییەکەی، پەیوەندی ئەم دەولەتو حیزبانە لەگەل خەلکی عیراقدا، وەزعییەتی خودی کومەلگای عیراق، پەیوەندیو مەودای هەلسوکەوتی کومەلە لەگەل خەلکی عیراقدا، جیو شوینی عیراق لە زەینو بیری سیاسی خەلکی چ لەناوچەکەو چ لە ئاستی نیونەتەوەییدا، پەیوەندی ئەم دەولەت و حیزب و هیزانە لەگەل یەکتریداو، چیو چی تر ئەمانە هەموویان لە چاو ١٣سال بەر لە ئیستا بەتەواوی ئالوگوریان بە سەردا



هاتووە. وا نزیکەی دەیەو نیویک بەسەر واردبوونی کومەلە بو ناو قەلەمرەوی «دبلوماسی» تیپەر دەبیتو چاو بەستن لە ئاستی ئالوگورەکانی هەلومەرجی بابەتیو ماهییەتو ناوەروکی پەیوەندی هیزەکانی ناوچەکە لەگەل یەکتردا لە ماوەی ئەم سالانەدا، نیشانەی سادەئەندیشییە .

**پەیوەندی لەگەل عیراقدا:**

یەکەمین چاوپیکەوتنی کومەلە لەگەل دەولەتی عیراقدا نە پەیوەندییەکی بە دامەزراندنی رادیووە هەبووو نەپەیوەندی بە بەدەستهینانی ئیمکانات هەبوو بو دروست کردنی تەشکیلاتی عەلەنی و ئوردوگای عەسکەری. دیفاع کردنەکەی جەنابی ئیلخانی زادە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە دەورەی یەکەمی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەل عیراقدا، کە ئەم دەورەیە تا ئەوکاتە ئەگریتەوە کە هیزەکانی جمهوری ئیسلامی لە سالی ٦٢(١٩٨٣ز-و)دا دەگەنە سەر سنوورەکان. یەکەمین دانیشتنی نیوان کومەلە و عیراق کاتیک بەریوە چوو کە مەقەری ناوەندیی کومەلە نەک لە دەوروبەری سلیمانی بەلکو لە دەوروبەری بوکان بوو. شاری بوکانو بەشی هەرە زوری ریگاکانو ناوچە دیهاتییەکانو ژمارەیەکی زور لە شاروچکەکانی کوردستان بە دەست پیشمەرگەوە بوو. ناوەندیو هەموو ئوردوگاکانی کومەلە لە ناو خاکی ئیراندا بووو تەنانەت بە پیچەوانەی حیزبی دیموکراتەوە، لە نزیکی سنوورەکانی عیراقیش نەبوو. هیشتا رادیویەک لە ئارادا نەبووو دامەزراندنی رادیوو استقراری کومەلە هیچ پیویستییەکی بە پەیوەندی گرتن لەگەل عیراقدا نەبوو. رادیوی کومەلە، چەند مانگ دواتر بە ئیمکاناتی خودی ریکخراوو لە خاکی ئیراندا کاری خوی دەست پی کردو تا چەندین مانگی تریش هەر بەم شیوەیە دریژەی پیدا. مانەوەی رادیو لەم دەورەیەدا نە بەسترابووەوە بە هیچ جورە پەیوەندییەک لەگەل عیراقدا .

مەبەست لە پەیوەندی گرتنی یەکەم لەگەل عیراقدا لە بنەرەتدا بەدەستهینانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەکوچول بوو بو پیکهینانی هاوسەنگیی تسلیحاتی زیاتر لە شەر لەگەل رژیمی ئیسلامیو لە پلەی دووهەمدا بو بەهرە مەندبوون لە ئیمکاناتی پیشکەوتووی پزشکی بوو. دواتر ئیمکاناتی پەیوەندی گرتن، وەکو ئیمکانی پەیوەندی گرتنو هاتوچوی ئەوروپاو شتی تر هاتە سەر ئەم پیویستییانە . "هیزهاوسەنگیی ناوچەیی" (کە ماناکەی بو من نەزانراوە)،" بەهرەمەند بوون لە رادیوو دانانی تەشکیلاتی عەلەنی و عەسکەری" بە هیچ شیوەیەک جیگایەکیان لە پیکهینانی ئەم پەیوەندییەدا نەبوو. لە لایەکی ترەوە، کومەلە بو بەدەستهینانی ئەم کومەکانە پیویستی بە هیچ سازشیک نەبوو. تەبلیغات لە دژی عیراق، لەو قوناغەدا هەرچی چونیک بیت جیگایەکی تایبەتی لە تەبلیغاتی کومەلەدا نەبوو و هەر لە بەر ئەمەش کەم کردنەوەی مەوداکەی بە مەحدودییەتو سازشیکی بەرچاو نەدەژمیردرا. رژیمی عیراق نەیدەتوانی هەرەشەیەکی عەسکەری و ئەمنیی تایبەت بو کومەلە پیک بهینی. ناوەروکی پەیوەندی لەگەل عیراق لەم دەورەیەدا وەرگرتنی بی قەیدو شەرتی چەک و چول و تەقەمەنی و ئیمکاناتی مادی بوو. هەلبەتە هەرلیرەدا دەبی بووتری ئەو چەک و چول و ئیمکاناتەی کە لە عیراقەوە وەردەگیرا تەنها بەشیکی ناچیزی لە پیویستییەکانی کومەلە دابین ئەکرد و کومەلە لە ئەساسدا پشتی بە کومەکە مادییەکانی خودی خەلکی بەستبوو. بەهەرحال لەم دەورەیەدا "دبلوماسی" بو کومەلە بەمانای سازش و بی دەنگی و باجدان بە هیچ هیزیک نە بوو .

لە ئەوزاعی ئەو روژەوە، تا هەلومەرجی ئیستا و ئەو ئەوزاعەی کە جەنابی ئیلخانی زادە شانازی پیوە ئەکات، تیکرای ئەم فاکتەرانە هەنگاو بە هەنگاو و چەندین جار ئالوگوریان بە سەردا هاتووە. بو کەسیک کە مەبەستی خوفریودان نەبی، یەک ساتیک سەرنجدان و ووردبوونەوە بو دەرک کردنی ئەم مەسەلەیە کافییە. ریگەم بدەن بە شیوەی فەهرەستیی تەنها باسی خالی وە رچەرخانە گرنگەکان بکەم .



**جمهوری ئیسلامی دەگاتە سەر سنوورەکان:**

ئەم گورانکارییە بووە هوی ئەوەی کە مەقەرە مەرکەزییەکانی ئیمە بگویزریتەوە بو ناو خاکی عیراق .ئەمە هەلومەرجیکی بەتەواوی تازەی پیکهینا. لەلایەکەوە موجودییەتی تەشکیلات لەرووی ئوردوگاییەوە گریی خوارد بە رەزامەندی عیراقەوە، لەلایەکی ترەوە کومەلە بو یەکەمین جار کەوتە ناو پەیوەندییەکی راستەوخوو روژانەوە لەگەل خەلکی عیراق و کوردستاندا. بەم جورە هەنگاو بە هەنگاو سنووربەندی لەگەل سیاسەتەکانی دەولەتی عیراق و حیزبە کوردییەکاندا، زەروری تر بووەوەو بیدەنگییش زیانبارترو غەیرە ئصولی (مبدئی) تر دەبووەوە . گوشاری عەمەلی دەولەتی عیراق و حیزبە کوردی یەکان و توانای ئەوان بو تەنگەبەری دروست کردن پەرەی سەند. بواری کومەلە بو راگەیاندنی بیلایەنیی و هەلویست نەکرتن و پاراستنی هاوسەنگی دبلوماسی هەمیشە کەمتر و کە متر دەبووە وە. هەنگاو بە هەنگاو هەبوونی ئوردوگا لە خاکی عیراق و "بە هرەمەند بوون لە ئیمکانات" بە قیمەتیکی سیاسی گرانتر لە سەری تەواو دەبوو .

**کوتایی هاتنی جەنگی ئیران و عیراق:**

هیواش هیواش ئوردوگاکان بو ناو قولایی کوردستانی عیراق گویزرانەوەو کەوتنە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی عەسکەری عیراقەوە. هاتوچوو هینان و بردنی عەسکەری بەعەمەلی گریی خوارد بە مولەتی عیراقەوە و ئازادی ئیرادەی تەشکیلات بو ناردنی هیز بو ناو ئیران بەرتەسک تر بووە وە. باری ئوردوگاگان قورس بووەوە و خەرجیان زور زیادی کرد و هەندیکیان بوون بە شاورچکەی گەورەی پەنابەرەکان کە کومەلە باری قورسی دابین کردنی گوزەران و ژیانیانی لە ئەستو بوو. چالاکی عەسکەری کەم بووەوە. وابەستەیی مالیی تەشکیلات پەرەی سەند. مولەتی جیگیربوونی ئوردوگایی و ئیمکاناتی مالی و وەسائیلی مەعیشەت، لە ناو لیستو خواستەکانی کومەلەدا کەوتنە سەرووی چەک و تەقەمەنییەوە. دەستی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رژێمو سوپای عیراق بو تەنگەبەرکردنەوەی چالاکی تەشکیلاتو گوشاردانان لە سەری چەند بەرابەر ئاوەلە تر بوو .

### پەرەسەندنی شەری دەولەتی عیراق لە دژی حیزبە قومیەکانی کورد لە دوای شکستی گفتوگو:

هەلومەرج لە رووی ئەمنی‌یەوە لەوەش دژوارتر بووەوە .هاتوچوی سوپای عیراق و ریکخراوە کوردی‌یەکانو، تەنانەت سوپای پاسداران لەو ناوچانەی کە ئوردوگاکانی ئیمەی لی‌بوو پەرەی سەند. پاراستنی هاوسەنگی و سیاسەتی دەخالەت نەکردن لە "کارو باری ناوخوی عیراق" چەند بە رابەر دژواتر بووەوە. بو نموونە تەنیا بو چاوترسین کردنی کومەلەو دوورخستنەوەی لە ئوپوزسیونی کوردی عیراقی، رژیمی عیراق ئوردوگاکانی ئیمەی چەندین جار بومباران کرد. تەنها لە یەک بومبارانیکی کیمیایی ئوردوگای مەرکەزی کومەلەدا، بیست و سی کەس لە بەرجەستە ترینو کونترین هەلسووراوانی ئیمە گیانی خویان لە دەستدا .بومبارانی کیمیایی خەلکی هەلەبجە بەلگەیەکی گرنگی دیکەی ئەو حەقیقەتە بوو کە پەیوەندی لەگەل عیراقدا بووەتە کوتیکی گەورە بە پیی تەشکیلاتەوەو دەبی هەرچی زورترە خومانی لی رزگار بکەین .

ئەمانە هیشتا سەرەتای ئالوگوریکی بنەرەتی ئەوزاعەکە بوون. کومەلیک فاکتەری تازە بە خیرایی سەرتاپای تەسویرەکەی ژیرەوژوور کرد :

### پەرەسەندنی بزووتنەوەی کومونیستی لە عیراقدا:

برەو (نفوذ)ی سیاسی کومونیزمی کریکاریو حیزبی کومونیستی ئیران لە عیراق و بە تایبەتی لە کوردستاندا فاکتەریکی تازەو لەرادەبەدەر گرنگ بوو کە هاتە گوریو دەبووایە لە دیاری کردنی هەلویست لە بەرامبەر رژیمی عیراقو حیزبە کوردی‌یەکاندا لەبەرچاو بگیری. پەیوەندی ئیمە لەگەل ئەم کومونیزمە تازە هەلچووەی عیراق، وە لەگەل دوژمنە سیاسی‌و



چینایەتی‌یەکانیدا، چ دەولەتی عیراقو چ حیزبە کوردی‌یەکان کە قولیان بو کپ کردنەوەی هەلمالیبوو، بعدیکی بەتەواوی تازەی بە گرفتی" دبلوماسی" بەخشی. مەحافلە کومونیستی‌یەکانی نزیک بە حیزب دروست دەبوون، پەیوەندی‌یان لەگەل حیزبدا دەگرتو جاروبار دەکەوتنە بەر شالاوی دەستگیریو سەرکوتی رژیمی عیراق. خونوواندن وەک بی‌لایەنیکو بەرقەرارکردنی پەیوەنی‌یەکی صرفاً نهینی لەگەل ئەم رەوتانەداو بی‌دەنگی لە بەرامبەر کردەوە کونەپەرستانەکانی رژیمی عیراق لە دژی ئەوان ئیتر نامکن بوو .

### شەری کەنداو:

جەنگی کەنداو سەرنجی رای گشتی بولای رژیمی عیراقو ئەوزاعی کومەلگای عیراق راکیشا. جی‌وشوینی رژیمی عیراق لە تەبلیغاتو ئەدەبیاتی سیاسی رەوتیکدا کە خوی لە ناوچەکە حزوری هەیە، ئیتر نەیدەتوانی وەکو پیشوو بمینیتەوە. بو ریکخراوە غەیرە عیراقی‌یە کان، تا بەر لە جەنگی کەنداو قسەکردن لەسەر ماهییەتی رژیمی عیراقی وەک شتیکی پیویست لە دەستووریاندا نەبوو. بەلام پاش ئەو، مەسەلەی عیراق و رژیمی صدام حسین، ریک وەکو ئەوزاعی فەلەستینو ئیسرائیلو سومالو یوگوسلافیاو ئەوانی تر بووە مەسەلەیەکی جیهانی کە هەر ریکخراوەیەکی جدی سیاسی دەبووایە لە بەرامبەریدا هەلویست بگری. پەیوەندی لەگەل عیراقدا (وەلە راستیدا قابیلی زەربە خواردن لە بەرامبەر ئیجرائاتە تولەسین «انتقامی»یەکانی عیراقدا (بی‌دەنگی‌یەکی بەسەر کومەلەو حیزبی کومونیستی ئیراندا دەسەپاند کە لە رووی سیاسی‌یەوە ئیتر نەئەکرا دریژەی پی بدری .

هیرشی رژیمی عیراق بو سەر کوردستان لە دوای شەری کەنداوو ئاوارەبوونی ملیونی‌ی خەلکی کوردستان :ئەمە بەبروای من دوا بزمار بوو کە لە تابووتی "پەیوەندی لەگەل عیراق"درا. بو ریکخراویک کە ئیدعای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پشتیوانی لە حەقخوازیی خەلکی کوردستان دەکرد، بو ریکخراویک کە لە گوشەیەکی تری ناوچەکەدا ئالای لابردنی ستەمی میللی بەرزکردبووەوە، مانەوە وەکو چاودیریکی بیقەوجقەی تاوانیکی بەم جورە نەدەکرا لەمە زیاتر پاساو بکری .

بە فورمولە ساویلکانەکەی جەنابی ئیلخانی زادە ("رادیو و ئوردوگا لە بەرامبەر تەبلیغاتی کەمتردا") ناکری تەنانەت ٥ دەقیقەی لەم میژووە لیک بدریتەوەو هیچ کەسیکیش لە رابەرایەتی ئەو حیزبەدا هەرگیز لیکدانەوەیەکی بیناوەروکی بەم جورەی لە مەسەلەکە بە دەستەوە نەدا. واقیعیەت ئەوەیە کە "دبلوماسی" ناوچەیی کومەلە بە دریژایی ماوەی یەک دەیە تا سەردەمی جیابوونەوەی ئیمە لەگەل ناکوکییەک بەرەو روو بوو کە تا ددەهات قولتر دەبووەوە. لە حالیکدا کە دەخالەتی راستەوخوو هاوپشتی ئاشکرا لەگەل چینی کریکارو کومونیزم لە عیراقو کوردستاندا روژ بە روژ دەبووە ئەرکیکی دەمودەست تر، بارودوخی مادی و استقراری تەشکیلاتیش، بە پیچەوانەوە هەرچی زیاتر تەشکیلاتی دەخستە ژیر مەنگەنەی دەولەتی عیراقو رەوتە کونەپەرستانەکانەوەو هەرچی زیاتر ئازادی عەمەلی ئەوی کەمتر دەکردەوە. ناکوکی نیوان "پەیوەندی دبلوماسی" کە هەموو روژیک دەستوپیی تەشکیلاتی زیاتر دەبەستەوە، لەلایەک، وە ئەرکە سیاسییە روو لەسەرەکانیو زەرورەتی روژ لەروژ زیاتری تەشکیلات بە دەخالەتگەری لە لایەیەکی ترەوە، هەردەم بەرجەستە تر دەبووە وە. ئەو رەوتەی کە بەسیاسەتی وەرگرتنی بیقەیدوشەرتی کومەکی چەکوچول بو شەر لەگەل رژیمی ئیسلامی دەستی پی کردبوو، قوناغ بە قوناغ، گەیشتبوو بە قبول کردنی قەیدو شەرتیکی هەرچی زیاتر بو پاراستنی ئەمنیەتی خوت. ئەم وەزعیەتە نەدەکرا دریژەی پی بدریو دریژەشی نەکیشا. جیابوونەوەی چەپ و راست ئەم بن بەستەی شکاند .

فورمولەکەی جەنابی ئیلخانی زادە لیکدانەوەی ئیمە نەبوو لە رابەرایەتی ئەو



حیزبەدا. هیچ کەسیک لەو رابەرایەتییەدا ئەوەندە ساویلکە یان خوفریودەر نەبوو. فاکتەری ئەسلی لە موحاسەباتی ئیمەدا لە ماوەیەکی زور پیشترەوە، لەو کاتەوە کە ئوردوگاکانی ئیمە ئیتر گویزرایەوە بو پشتی خەتی جەبهەی عیراق لە جەنگ لەگەل ئیراندا، لە پلەی یەکەمدا پووچەل کردنەوەی پیلانەکانی رژیمی عیراقو هەموو رەوتو هیزە کونەپەرستەکانو، خولادان بوو لە پیکدادان لەگەلیاندا، تا ئەو کاتەی کە هەولی کومونیستەکانی کومەلە بو خوریکخستنیکی تازە لە سەر بناغەیەکی سیاسی جیاواز لە دەوری ریکخراوە حیزبیو کریکارییەکان لە شارەکان، بە ئەنجام بگاتو مەترسی زەربە خواردنی ئەفرادو ئیمکاناتە تەشکیلاتییەکان لە خاکی عیراقدا نەمینی. ئیمە هەرگیز لەو حیزبەدا ئەم دانیشتنو پەیوەندیو مانورو باج دانانەمان بە نیشانەی هیزو نیشانەی "وەزنەی سیاسی" خومان و بە مایەی شانازی نەدەزانی. بەلکو بە نیشانەی لاوازیو مەحدودییەتی خومان، بە بەلگەی پشت نەبەستی کافیمان بە هیزی مادیو واقعی حیزب لە شارەکانی کوردستانو بارقورسیی پشتی جەبهەی ئوردوگایی خومان دەزانی. بە پیچەوانەی لیکدانەوەکەی جەنابی ئیلخانی زادەوە، ئەو حیزبە لەنیو ئەم پەیوەندییەدا جیگای خوی خوش نەکردبوو، بەلکو لە هەولیکی هەمیشەییدا بوو بوخو دەربازکردن لیی. دیارە من قسەم لەسەر رابەرایەتیو ریبازی بالادەستی حیزبە لەو دەورەیەدا، نەک بالی راست کە هەرگیز تا سەردەمی جیابوونەوە نفوزیکی بەرچاوی لە سەرەوەی ئەو حیزبەدا نەبوو. ئالوزیو ناکوکی (تناقض) ەکانی پەیوەندی لەگەل عیراقدا مەشغەلەیەکی گرنگ و هەمیشەیی رابەرایەتی ئەو تەشکیلاتەو مەوزوعیکی زیندوو بوو کە هەمیشە باسی لە سەر بوو. فورمولەی بالی راستو دیدی ئەو بو ماهییەتی کومەلەو بنەمای پەیوەندییەکانی ریک هەر ئەمە بوو کە جەنابی ئیلخانیزادە ئەمرو بەیانی دەکات. ئەم فورمولەیە ئەو میژووەو ئەو ئصولە نوینەرایەتی ناکات .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ناكوكی چەپ و راست**

جەنابی ئیلخانی زادە هەول ئەدات موری تأییدی منیش بنی بە فورمولەکەی خویەوە. بەلام قسە هینانەوە لابەلا (تلمیحی) کەی ئەو لە مکالمەیەکی نیوان منو هاوری ابراهیمی علی زادە لە یەکەمین دیدارمان لە سالی ٦٠)١٩٨١-١٩٨٢ز) بەر لە پیکهینانی حیزب، وە راگەیاندنی ئەوەی کە من لە حیزبی کومونیستدا لە "ئەم" پەیوەندی‌یە دیفاعم ئەکرد، هیچ کومەکیک بە ئەو ناکات، وە تەنانەت زیان بە باسەکەی ئەو ئەگەیەنی، چونکە دەرگا بە رووی گیرانەوەی هەموو حەقیقەتەکانو گەرانەوە بو گشت ئەو کیشمەکیشە سیاسیو فکری‌یانە دەخاتە سەر پشت کە بەدریژایی ئەو دەورانە لەسەر جیوشوینی کومەلە لە ناوچەکەو شیوەی پەیوەندی لەگەل هیزە سیاسیو کومەلایەتی‌یەکانی ئیرانو عیراق لەناو حیزبی کومونیستی ئیراندا لە ئارادا بووە. جەنابی ئیلخانی‌زادە ئەوە فەراموش دەکات (یان پی‌ی خوشە فەراموش بکریت) کە تیروانینی ئەو بو ماهییەتی کومەلە و پەیوەندی‌یەکانی لە ناوچەکەداو پەیوەندی‌یە بە اصطلاح دبلوماسی‌یانەکەی لەگەل دەولەتی عیراقو هیزە کونەپەرستە کوردی‌یەکاندا، تیروانینی بالی راستو ناسیونالیستی ئەو حیزبە بوو کە لە یەک بەیەکی خالی وەرچەرخانەکانی ئەو سالانەدا لەبەرامبەر ریبازی کومونیستی رابەرایەتی حیزبدا قەراری ئەگرتو لە یەک بەیەکی ئەم بەرامبەرکی‌یانەدا شکستی خوارد .

جیاوازی بوچوونی چەپو راست لە سەر پەیوەندی کومەلە لەگەل عیراقدا، رەنگدانەوەیەکی جیاوازی دیدی هەریەکەیان بوو بو ماهییەتی سیاسیو کومەلایەتی کومەلەو ستراتیژی ئەو لە کوردستاندا. بالی راست، لە سیمای کومەلەدا وینەیەکی چەپگەرای حیزبی دیموکراتی بەدی ئەکرد. ریکخراویک کە لە بنەرەتدا پشتی بە خەباتی پیشمەرگانە، حزوری عەسکەری وەیان پاراستنی روخساری عەسکەری خوی، کە چاوەری‌ی ئەوەیە لەئاکامی قەیرانو پووکانەوەی جمهوری ئیسلامی‌دا بچیتە ناو شارەکانەوەو مەقەرو



کومیتەکانی خوی دامەزرینیو کاروبارەکان بەدەستەوە بگری. ئەو کارەی کە جەنابی تالەبانی کردی .ئوردوگای عەسکەری‌و رادیو (کە دەبی وجودو بەردەوامی تەشکیلات بدات بە گوی‌ی خەلکیداو ناوی بەسەر زاری خەلکی‌یەوە بهیلیتەوە) بنچینەی ئەم ستراتیژی‌یەیە. بو پاراستنی ئەم دوو کولەکەیەی موجودییەتی ریکخراو دەکری هەر باجیک بدریتو هەر قەیدو شەرتیک بخریتە سەرچاو. ئەم رەوتە نەیدەتوانی شیوەیەکی تر لەخەبات لەکوردستاندا تصور بکات. چەپ لە بەرامبەردا، کومەلەی بە ریکخراویکی کومونیستی، ریکخەرو پشت بەستوو بە هیزی لەبن نەهاتووی کریکاران لە شارەکانی کوردستان دادەنا. کومەلە بالی چەپی بزوتنەوەی قومی‌و نوسخەی تورە مەزاجی حیزبی دیموکرات نەبوو، ریکخراویکی کومونیستی بوو کە دەبووایە پایە (کولەکە)ی ئەسلی موجودییەتی خوی لە شارەکان و مەلبەندە کریکاری‌یەکانی کوردستان بچەقینی. چەکداربوونو خەباتی چەکدارانە، لایەن) بعد)یکی حەیاتی‌ی خەباتی کومەلە بوو، بەلام ناسنامەی کومەلە نەبووو شیوەی پیشمەرگانە، تەنها شیوەی بەردەوامی‌ی ئەم لایەن (بعد) ەی خەبات نەبوو .ئوردوگاکان بە تەنها شیوەی موجودییەتو مانەوەی ریکخراو نە ئەژمیردران .

قەلشتی نیوان چەپ و راست لەسەر مەسەلەی پەیوەندی لەگەل عیراقدا لە پلینومی دوانزەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیرانەوە دەستی پی‌کرد کە دەسبەجی دوای کوتایی هاتنی شەری ئیران و عیراق بەستراو تیایدا بریار نامەیەک لە سەر کەمکردنەوەی وابەستەیی بە عیراق و بەهیزکردنی سەربەخویی ئیرادەی تەشکیلات پەسەندکرا. کە ئەم بریارنامەیە گەیشتە ریکخراوی کوردستان، بالی راست ناسازگاری‌و جموجولی خوی لە دژی رابەرایەتی حیزب دەست پی کرد. ئەم جموجولانە کە لە دریژەیاندا وەکو نموونەیەک بە ئاشکرا لە دەوری شیعاری" دەیانەوی پەیوەندی لەگەل عیراقدا بشیوینن" ریکخرا، سەرەنجام تەنانەت) بە بەشداری چالاکانەی خودی جەنابی ئیلخانی‌زادە) شیوەی کودەتایەکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەشکیلاتی لە دژی ئیمە بە خووە گرت. ئەم جموجولە، هەروەک زور کەس ئاگادارن، لەلایەن بالی چەپی حیزبەوە پووچەل کرایەوەو لە پلینومی شازدەهەمدا بووە مایەی وەلانانی ئەوو چەند کەسیکی تر لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستو کومیتەی ناوەندی کومەلە. هەموو ئەم قسەوباسو کیشمەکیشانە، کە باسی جی‌وشوین‌و پەیوەندی‌یەکانی کومەلە لە ناوچەکەدا گوشەیەکی پیک دەهینا، بەفراوانی مستندەو نووسراوەتەوە. نەتەنها خودی جەنابی ئیلخانی‌زادە دەستی بەم ئەسنادانە دەگات، بەلکو چەند گوشەیەک لەم ئەسنادو قسەوباسەنە هەر لەو کاتەدا لەلایەن حیزبی کومونیست و دواتریش حیزبی کومونیستی کریکاری‌یەوە بلاوکراوەتەوە .

هەروەکو ووتم لە روانگەی رابەرایەتی حیزبو گشت مەیلی چەپەوە پەیوەندی لەگەل عیراقدا کەمتازور بەکوتایی خوی گەیشتبووو سەرباری پیلان‌و دلسارد کردنەوەکانی بالی راستی ناسیونالیست، کومەلیک هەنگاو (إجرائات)ی فراوان بو گورینی ریچکەی هەلسووڕانی کومەلە لە ئارادا بوو. بەلام بە جیابوونەوەی چەپو پیکهینانی حیزبی کومونیستی کریکاری مەسەلەکە بە شیوەیەکی ریشەیی تر چارەسەر کرا. زوربەی هەرەزوری رابەرانی حیزبی کومونیستی ئیران‌و کومەلە، وە زوربەی هەرەزوری کادرو ئەندامانی ئەو حیزبە، ئەم پەیوەندی‌یەیان بچراند. لە حیزبیکدا خویان ریکخست کە بچووکترین مەحدودییەتی بو بەیان کردنی راستی‌یەکان، بو دیفاع لە چینەکەی خوی لەعیراقو هاوپشتی لەگەل کومونیستەکانی ئەم وولاتەدا قبوول نەکردووە. ئەوان بە هەنگاویکی گەورە خویان لەو پەیوەندی‌یە رزگار کرد بوئەوەی بتوانن لە یەکیک لە ناسکترین دەورەکانی ناوچەکەدا قسەکەری کریکارو کومونیزمو موادفعی لە سازش نەهاتووی خەلکی شەریف‌و زەحمەتکیش بن لە بەرامبەر رژیمی کونەپەرستی عیراقو حیزبە کونەپەرستەکانی کورددا. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەم ریگایە بەرووی جەنابی ئیلخانی‌زادەو دوستەکانیشیدا ئاوەلا بوو، بەلام ئەوان خویان نەیانویست بیگرنەبەر. هەرکەسیک کە بچووکترین ئیحترام بو



راستی‌یەکانی میژووی حیزبی کومونیستو کومەلە دابنی تی‌دەگات کە جەنابی ئیلخانی‌زادەو ریکخراوەکەیان‌و" دبلوماسی" یەکەیان، تەواوکەری میژووی حیزبی کومونیستو پەیوەندی‌یەکانی ئەو نین لە ناوچەکەدا. ئەوەی دریژەی منطقی ئەو میژووەو ئەو پراتیکەو بەلگەی حەقانییەتو مبدئی بوونی ئەوە، هەنگاونانی پەیکەرەی ئەسلی ئەو حیزبەیە، لە سەرەوە تا خوارەوە، بو کوتایی هینان بەو پەیوەندی‌یە. ئەو بزوتنەوە حیزبی‌یە، ئەو ریبازە سیاسی‌یە، ئەو رابەرایەتی‌یە، ئەو کادر و هەلسوراوانەی کە حیزبی کومونیستو کومەلەی کونیان پیک دەهینا، بی هیچ دوو دلی‌یەک دەورانی "دبلوماسی ئەسارەت"یان کوتایی پی هینا. پەیوەندی ئەمروی جەنابی ئیلخانی‌زادەو ریکخراوەکەیان لەگەل دەولەتی عیراقدا نەک بە توصیە یان تأییدی ئیمە، بەلکو سەرباری نارەزایی ئیمە، سەرباری ئاگادار کردنەوەی ئیمەو بە پیچەوانەی ریگای پیشنیارکراوی ئیمەوە رووی داوە. ئەم وەزعیەتە نەک دریژکراوەی پەیوەندی‌یەکانی پیشووی کومەلەی کومونیست نی‌یە لە ناوچەکەدا، بەلکو هەلبژادنیکی سەرلەنوی‌و ئاگاهانەیە لەلایەن کومەلەی تازەوە، لە هەلومەرجیکی سیاسی‌و کومەلایەتی تەواو جیاوازداو دەبی هەر لەم چوارچیوەیەشدا داکوکی لی بکەن .

بەهەرحال رابردوو هەرچی‌یەک بووبی، ئەمرو، ئیتر پەیوەندی لەگەل عیراقدا وەکو بومبیکی توقیت کراو وایە بو کومەلەو عقلی سلیم حوکم دەکات کە بەخیرایی خویانی لی دەرباز بکەن .پەیوەندی کومەلەی ئەمرو لەگەل حیزبە قومی‌یەکانی کورد لە عیراقدا لە دوا لیکدانەوەدا لە سەر تأییدو نزیکایەتی‌یەکی سیاسی دامەزراوە. یەکیتی نیشتیمانی‌و «دەولەت»ی بی‌ئاکامی تالەبانی-بەرزانی بە شیوەیەکی موشەخەس لە روانگەی ئەوانەوە بە دیاردەگەلیکی ئیجابی و پیشرەو لەقەلەم ئەدرین. بەلام ئاشکرایە کە پەیوەندی لەگەل عیراقدا لە بابەتیکی ترەو تەواو جیاوازە. نزیکایەتی و لایەنگری‌یەکی سیاسی لە ئارادا نی‌یە. بو جەنابی ئیلخانی‌زادەو دوستەکانیان، هەروەکو ئەو پی‌ی لە سەر دائەگری، ئەمە تەنها مامەلە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(سەودا)یەکی ماددی‌یە. شتیک ئەدەن‌و لە بەرامبەردا شتیک وەرئەگرن. بەلام تەنانەت لە چوارچیوەیەکی سەودا گەرانەشدا دەبی ئاگایان لەوە بیت کە کاریگەری‌یەکانی ئەم پەیوەندی‌یە لە رووی سیاسی‌یەوە بو ریکخراوەکەیان، هەرچەندە ئامادەش بیت سەری شوربکات، ئیتر دەتوانی زور زیانبار بیت. کوردستانی عیراق لە سەروبەندی ئالوگوریگی سیاسی گرنگ‌دایە .کومەلەی تازە لە بەرامبەرکی‌ی داهاتووی نیوان رژیمی عیراق‌و خەلکی کوردستاندا لە کام لا رائەوەستی؟ ئەمە تەنها یەکیکە لە دەیان پرسیار .

**حیزبە قومی‌یەکان‌و "دەولەت"ی کورد**

هەوەکو ووتم، پەیوەندی کومەلە لەگەل دەولە تی عیراقدا سەرباری ئەو ماناو ئاکامە سیاسی‌یە تیکدەرانەیەی کە دەتوانی بو ئەم دوستانە هەیبی، لە ناوەروکدا پەیوەندی‌یەکی سیاسی نی‌یە، بەلکو تجاری‌یە. بەلام پەیوەندی لەگەل حیزبە قومی‌یە کوردی‌یەکاندا مەسەلەیەکی ترەو پشتیوانی‌ی سیاسی لەم حیزبانە ناکری لە پشتی فورمولە دبلوماسی‌یانەکانی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەل عیراقدا بشاردریتەوە. لیکدانەوەی دبلوماسی‌یانە لەسەر پەیوەندی لەگەل ئەحزابیکی وەک یەکیتی نشتیمانی‌و قیادە مؤقتە، داهینانیکی تازەی چەند سالی ئەخیری ئەم دوستانەیە. ئەمە رەنگدانەوەیەکی سیاسەتی راست رەوانەی کومەلەی تازەیە بو بە رەسمییەت ناسینی ئەم رەوتانە وەکو "دەولەت ".

پەیوەندی لەگەل حیزبە کوردی‌یەکانیش لە ماوەی ئەم دەیەو نیوەدا ئالوگوریکی گرنگی بە سەردا هاتووە. تا بەرلە گواستنەوەی ئوردوگاکان بو قوولایی کوردستانی عیراق پەیوەندی کومەلە لەگەل ریکخراوە قەومی‌یە کوردی‌یەکانیشدا پیویستی بە هیچ سازش‌و بی‌دەنگی‌و (تنازل)یک لە ئامانجەکان‌و تەبلیغاتی کومەلەدا نەئەکرد. قیادە مؤقتە لە پال رژیمی ئیراندا خەریکی شەر لەگەل کومەلەو حیزبی دیموکرات بووو لە تەبلیغاتی



تەشکیلاتدا لە هاوتای «جاش» ەکان دائەنرا .یەکیتی نشتیمانیش بە ریکخراویکی دوست دەژمیردرا کە ئەگەرچی تەشکیلاتی کومەلە بەتایبەت بەگرتنە بەری ریچکەی پیکهینانی حیزبی کومونیستی ئیران روژ بە روژ زیاتر هەستی بە جیاوازی‌یە سیاسی‌و بەرنامەیی‌یەکانی خوی لەگەل ئەودا دەکرد، لەو رووەوەکە لە چوارچیوەیەکی ولاتی‌و کومەلایەتی هاوبەش لەگەل کومەلەدا فعالییەتی نەدەکرد، هیشتا زەرورە تیک بو سنووربەندی ئاشکرا لەگەلیدا، لانی کەم لە ئاستی تەبلیغاتدا بەدی نەئەکرا. دواکەوتوویی سیاسی‌و فەرهەنگیی ئەم رەوتە، مامەلەی کونەپەرستانەی لەگەل خەلکی کوردستانی عیراقدا، وە دژایەتی کردنی لەگەل ئینتمای کومەلە بو حیزبی کومونیستی ئیران، ئەمانە کومەلە خالیک بوون کە تەشکیلاتی کومەلەی بو هەلویستیکی رەخنەگرانەی توند لەسەر یەکیتی نشتیمانی پال پیوە دەنا، بەلام لە رووی عەلەنی‌و تەبلیغاتی‌یەوە ئەمانە لە دژی یەکیتی نیشتمانی ئەنجام نەئەدرا .

جیگیر بوونی ئوردوگاکان لە کوردستانی عیراقدا، گرژی نیوان کومەلەو یەکیتی نشتیمانی زیاد کرد. پەیدابوونی ریکخراویکی مارکسیستی، بە هەلویستو فەرهەنگیکی سیاسی پشرەوەوە لە ناوچەی هەلسوورانی یەکیتی نشتیمانیدا فاکتەریکی نیگەران‌کەر بوو بو ئەم رەوتە. نەتەنها لە شارەکانی کوردستانی عیراقدا، بەلکو لەنیو خودی ریزەکانی یەکیتی نیشتمانیشدا هەندیک رەوت سەریان هەلدا کە کەوتبوونە ژیر کاریگەری کومەلەو حیزبی کومونیستی ئیرانەوە. بەلام ئەم واقعیەتە لەسەرەتاوە محافەزەکاری‌یەکی زیاترو خولادان لەگرژی دەخستە دەستوورمانەوە. لەبەشی هەرە زوری ئەم دەورەیەدا هیشتا قیادە مؤقتە ریکخراویک بوو کە کومەلە بەئاشکرا وەکو رەوتیکی کونەپەرست تەبلیغاتی لەدژی ئەکردو بابەتی هیچ پەیوەندی‌یەکی دبلوماسی‌یانە نەبوو. هیچ جورە پەیوەندی‌و رابیتەیەکی تایبەتی لەگەل دەستەو تاقمە کوردەکانی تری عیراق‌و تورکیادا وجودی نەبوو .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەلچوونی سیاسی پاش جەنگی کەنداو لە کوردستانی عیراقدا، هەلومەرجەکەی بەتەواوی گوری. بزووتنەوەی چەپو کریکاری کە بە ئاشکرا خوی بە ئیمە تەداعی ئەکرد بەشیوەیەکی سەرسورهینەر گەشەی کردو ریکخراوە کومونیستیی‌یەکان لەئاستیکی فراواندا هاتنە ریزی پیشەوەی مەیدانی خەباتی جەماوەری. ئەمە ئەو رەوتە بوو کەدەبووایە لە ساحەی سیاسی عیراقدا لەگەل پشتیوانی لیبراوانەو ئاشکرای ئیمەدا رووبەروو بیتەوە. لەو لاشەوە، لەژیر چەتری پشتیوانی ئەمریکادا، "دەولەتی " کارتونی‌ی یەکیتی نیشتمانی‌و قیادە مؤقتە پیک هات. روون‌و ئاشکرا بوو کە ساحەی سیاسی کوردستانی عیراق ئالوگوری بەسەردا هاتووەو ئیتر هاوکیشەو محاسەباتە تقلیدی‌یەکان ناتوانی ببیتە بناغەی دیاریکردنی پەیوەندی‌یەکانی ئیمە لە ناوچەکەدا. هەلبژاردنیکی سیاسی ئاشکرا کەوتە بەردەمی هەمووومان .

## "مەرحەبا أبو عمار"!

وەئەم هەلبژاردنە کرا. هاتنەسەرکاری" دەولەتی کورد" هاوکات بوو لەگەل جیابوونەوەی نیو حیزبی کومونیستی ئیران‌و پیکهاتنی حیزبی کومونیستی کریکاری. ناکوکی لەسەر شیوەی هەلویست وەرگرتن لە حیزبە قومی‌یەکان‌و حکومەتەکەیان، کە لەحالی پیکهاتن دابوو، یەکیک بوو لەو خالە سەرەکی‌یانەی کە چەپو راست لەو حیزبەدا مشت‌ومریان لەسەر ئەکردو یەکیک بوو لە فاکتەرە گرنگەکانی هینانە پیشەوەی جیابوونەوە. (بروانە کتیبی" بحران خلیجو رویدادهای کردستان عراق"). بالی چەپ، کە دواتر بەشیوەیەکی سەرەکی لە حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیراندا خوی ریکخست، خوازیاری دوور کەوتنەوە بوو لە حیزبە قومی‌یەکان‌و هیچ مشروعیەتیکی نەئەدا پییان .دەولەتی دواتری ئەم رەوتانە نەیدەتوانی ببیتە جیگای تأییدی ئیمە. حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیران لە ساحەی سیاسی کوردستانی عیراق‌دا چووە پشتی کومونیستەکان‌و لە پیکهینانی



حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراقدا رولیکی پربایەخی گیرا. لەو دەمەوە تاکو ئەمرو لە هەموو عیراقدا ئیمە تەنها لەپشت یەک حیزبیک راوەستاوین، ئەویش حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراقە .

سەرانی کومەلەی تازە، بەپیچەوانەوە، بەپەروشەوە پیشوازی‌یان لە حکومەتی تالەبانی‌و بارزانی کرد. ئەم حکومەتەیان وەکو "دەولەت"ی کوردستان‌و نوینەی خەلکی کوردستانی عیراق لەمەیدانی نیونەتەوەییدا بەرەسمی ناسی .بەندوبەستی هەردوو رەوتی تالەبانی‌و بارزانی‌یان لەگەل یەکترو لەگەل ئەمریکادا، کە لەسەرووی خەلکی‌و بەپیچەوانەی هەرجورە ئیرادەیەکی راستەوخوی خەلکی‌یەوە دەکرا، وادیاربوو تەنها لەبەر انتمای قومی ئەوان بەهەنگاویک بەرەوپیشەوە لەقەلەم دا. لەم نیوەدا وادیاربوو قیادە مؤقتەش بەئاوی پیشکەوتنخوازانە لەگوناه پاک کرایەوەو مشروعییەتی سیاسی پەیدا کرد. ئەم دوستانە نەتەنها لەئاست کارکردی دژی خەلکی‌و دواکەوتووانەی حیزبە قومی‌یە کوردی‌یەکاندا چاوی خویان بەست، نەتەنها لەبەرامبەر هەولی ئەم حیزبانە بو سەرکوتی کومونیستەکان بیدەنگ بوون، بەلکو لەزور حالەتدا دەنگیان تیکەل بە شەپولی تەبلیغاتی هەموو روژەی ئەم رەوتانەکرد لەدژی حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق‌و حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیران. کردەوەی ئەمانە وەبیرهینەرەوەی هاوپشتی دەبرینی کەسانی وەکو یاسر عرفاتە بو رژیمی خومەینی لەسالی ۱۹۷۹دا. ئەوان بەناوی خەلکی فەلەستینەوە، موری تأییدیان لە حکومەتیکی کونەپەرست دا کە بو خەفەکردنی شورشی خەلک هاتبووە سەرکار .

ئەمە ئەو وەزعییەتەیە کە سەرانی کومەلەی تازە دەبی بو خەلکی روون بکەنەوە. دوستانی ئازیز، تکایە روونی بکەنەوە کە بوچی لەبەرامبە تاوانکاری‌و ملهوری‌یەکانی ئەم حیزبانە لەدژی خەلکی بی‌دەنگن؟ بوچی لەبەرامبە شەپولی تیروری ژناندا بی‌دەنگن؟ بوچی دەستگیری‌و سەرکوت‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنانەت هەندی جار کوشتنی کریکارانی نارازیو کومونیستەکان (کام کومونیستانە؟!) لەلایەن ئەم تاقمانەوە مەحکوم ناکەن؟ بوچی راگرتنی روژنامەی کومونیستی بوپیشەوە مەحکوم ناکەن؟ بوچی لەبەرامبەر "فتوای " کوشتنی رابەرانی کومونیستو تأییدکردنی لەلایەن "دولەتی خویی"یەوە بیدەنگ دانیشتوون؟ لەقاموسی ئیوەدا سلمان رشدیو تەسلیمە نەسرین چ جیاوازییەکیان لەگەل ریبوار أحمددا هەیە کە زمانتان لەئاست کونەپەرستیی هاری ئیسلامیدا لالە؟ بوچی لەبەرامبەر نوکەرایەتی "دەولەتی" خویی بو رژیمی ئیران، کە دەستی ئینسانکوژو تیروریستەکانی رژیمی ئیسلامی بەئاشکرا راکیشاوە بو ناو جادەو شەقامەکانی سلیمانیو کولانی سەرووی مەقەرەکەی خوشتانەوە، بیدەنگن؟ بوچی لە هەلومەرجیکدا کە فروشیارە گەروکەکانی لادیکانی کوردستانیش ئەم حیزبانە بە "دەولەت" ناو نابەن، ئیوە بەردەوام لەم مینبەرو ئەو مینبەرەوە مشروعییەت دەدەن بە حکومەتەکەیان، ئەوان بە دەولەتو مسئولی کاروبار لەقەلەم ئەدەن، "پەرلەمان" ە هەرەسهیناوەکەیان ستایش ئەکەن، سەرانە وەرگرتنی قیادە مؤقتە لەسەر سنووری تورکیا بە" بەدەستەوەگرتنی کونترولی گومرکەکانی باکوور" ناودەبەنو بانگەوازیان دەکەن کە "ئاوریک لە وەزعی خەلکی بدەنەوە"؟ بوچی بریارتان داوە لەمسیاسییەی ناوچەکەو لەجەرگەی ئەم ئالوگورە چارەنووسسازانە لە میژووی کوردستانو عیراقدا، لەبەرگی ملکەچترین، رازیترین، مؤدەبترینو خوشباوەرترین هاوولاتی "دەولەت"ی پیلەهەواو ئیکسپایەری تالەبانی -بارزانی دەربکەون؟ بوچی ئیمزای خوتان ئەدەن لە وەرەقەی هەر رەوتو جەماعەتیک، چ لەعیراق بیت چ لە تورکیا تەنها لەبەر ئەوەی کوردن؟

"لەبەرامبەر ئەمانەدا رادیومان هەیە" تەنانەت بو منالانی باخچەی ساوایانیش وەلام نییە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەست بەکار بوونو دەستبەکار نەبوونانە سەرچاوەکەی دەگەریتەوە بو هاوریبازیی سیاسی ئیوە لەگەل کەسانیکدا کە بەخەیالی خویان حوکمی تیولداری کوردستانیان



لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان وەرگرتووە. ئەمە "دەولەت"ی ئیوە یان بەرهەحال" دەولەت"ی خوازراوی ئیوەیە کە لەوی لەسەرکارە. بەراستی مەرحەبا أبو عمار !

**"کام کومونیستانە"!**

وەختیک هاوکات لەگەل ئەمانەدا دژایەتی ئەم دوستانە لەگەل کومونیستەکانی عیراقدا دەبینین، دزیوی ئەم دوستایەتیو و" دبلوماسی" بازییە لەگەل کونەپەرستی لەکوردستانی عیراقدا سەد ئەوەندەی تر ئاشکرا ئەبیت. وەئەم دژایەتییە وادیارە ئەوەندە چارەهەلنەگرو زاتییە کە تەنانەت نامەی بەدروخستنەوەکەشیان بیئیختیار دەبیتە هیرشیکی علنی دیکە لەدژی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق. جەنابی ئیلخانیزادە دەنووسی :

> "مەبەستتان کام کومونیستانەیە؟(!!) بیگومان ئیوە مەبەستتان "حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق" ە.. .. بەداخەوە ئەم حیزبە بووەتە داردەستی ئیوە، جگە لەمەش ئەم حیزبە حزوریکی جدی لەناوچەکەدا نییە، وە لەبنەرەتەوە ناتوانی وجودیکی سەربەخوی جیا لەحیزبی ئیوەی هەبی، تا ئەو رادەیەی کە کومیتە ناوەندییەکەشیان لەلایەن کادرەکانی ئیوەوە بەریوە ئەبریت ".

دنیایەک انحطاط لەم چەند دیرەدا هەیە. باسی نەبوونی "حزوری جدی" حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق لەوە گەوجانە ترە کە ببیەوی دلی خودی جەنابی ئیلخانیزادەش بداتەوە. نەتەنها پاسەوانی مەقەری کومەلە کە لانی کەم لەسەربانەوە کومەلگای کوردستانی عیراق ئەبینی، بەلکو هەرکەسیک کە تەنها لەدوورەوە متابەعەی دەنگوباسی ناوچەکە بکات، بیز لەم خوفریودانو پیلانگیرییە ئەکاتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەلام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە خودی ئەم تەبلیغاتە لەرادەبەدەر قیزەونە. بوچی ریکخراویک کە بو رەخنە لە حیزبە قومیو عەشیرەتی‌یەکانی کورد نوتق ناکاتو ئەوە هیچ کە حەقیان بەسەر تولو عرزیانەوە نی‌یە، بەلکو حەقیان بەسەر دژایەتی کردنی خەلکیش نی‌یە لەلایەن ئەوانەوە، دەبی وەری بکەوی‌و لەرادیوو روژنامەیەکەوە کە بینیمان بەچ قیمەتیک کەوتوتە گەر تەبلیغات بکاتو بلیت حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق "هیز" نی‌یە؟ بوچی ناکری ئەم پەیامە شەریفەو ئەم کاری خیرە بەهەمان دەولەتی ناوبراوو تاقمە ئیسلامی‌یەکانو میدیا ووردو درشتە کونەپەرستو محلی‌و ناوچەیی‌یەکان بسپیردریت کە لەرووی تواجدی کیلوواتی‌و مەتری مربعی‌یەوە "حزور" یکی زور جدی‌تریان لەم دوستانە هەیە؟ بوچی دەکری لەپیناو پاراستنی مەقەرو رادیودا بیدەنگ دانیشی، بەلام لەپیناو احترام دانان بو کومونیزم لەعیراقدا ناکری؟ با وای دابنیین کە حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق هیز نی‌یەو دەولەتی عیراقو دەولەتی کوردو حیزب الله ی عیراق لەخورایی کردویانەتە هەراو دەیان هەزار کەس لە خەلکی کوردستانی عیراق بەهەلە دین بو میتینگەکانیان، با وای دابنیین ئاوایە، چ کەسیک وتوویەتی دەبی تەنها ریز بو ملهوران دابنریت؟ مەگەر ریکخراوە تاکشانەو کاغەزی‌یەکانی "اتحاد چپ کارگری"، لە بالی بنیاتنەری حیزبی رەنجبەرانەوە تا دوا پووشو پەلاشی بەجی‌ماو لە سوننەتی فیدایی‌و راه کارگر چەندە هیزن یان لەکوی "حزور"یان هەیە کە جەنابی ئیلخانی‌زادەو دوستەکانی بەبەشداری کردنی ئەمانە لە کورو کوبوونەوەکانیان شاگەشکە ئەبن؟ مەگەر انشقاق کردووەکانی "رابەایەتی شورشگیری حیزبی دیموکرات" چەندە هیز بوون یان سەرەنجام بوونە هیز کە سەرنجو ئینیرژی کومەلەی ئەوساو بەتایبەت خودی ئەم دوستانەیان بەلای خویاندا راکیشا؟



**"پاسپورتەکانتان، تکایە "!**

واقعییەت ئەوەیە کە حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراقو، رەوتی کومونیزمی کریکاری بە شیوەیەکی گشتی، هیزیکی سیاسی زور جدی‌یە لە ناوچەکەداو جەنابی ئیلخانی‌زادەو ریکخراوەکەیان لەبەرئەوەی مخالفی ئەون لەدژی تەبلیغو جموجول دەکەن. وە لەم تەبلیغاتەدا بەداخەوە دەست بو دواکەوتووانەترینو رەزیلانەترین عواطف ئەبەن لە کومەلگای کوردستانداو دەنگیان تیکەل بەدەگی کونەپەستترین هیزەکان دەکەن. سەیری ئەم چەند دیرە افتخار ئامیزەی ئەو بکەن .دەفەرمووی حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق داردەستی بیگانەکانە. لەنیو هەموو خەلکی دنیادا، جەنابی ئیلخانی‌زادەو شەریکەکانی ئەم ئەرکە پر لەشانازی‌یەیان گرتوتە ئەستو کە داوای پاسپورتو جنسیەی عیراقی لە کورشی مدرسی‌و رحمانی حسین‌زادە، ئەندامانی رابەرایەتی هەردوو حیزبی ئیرانو عیراق، بکەن. دەلی‌ی بریارە ئەم تەبلیغاتە خوینی قومی‌و نیشتمانی لە دەمارەکانی خەلکیدا بینیتە جوش‌و لە حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق بیزاریان بکات .بەراستی شەرمەزاری‌یە. بزانن لەماوەی ئەم ٤-٥ساڵەدا لەکوی‌وە سەریان دەرهینا. جیگای سەرسورمانە، نازانن کە خەریکن هیرش ئەکەنە سەر نوقتە قووەتی ئیمە» ٥.«سالی رەبەق ریک هەر ئەم خەلک تحریک کردنانە لەلایەن "دەولەتی کورد"و ئەوساطی کونەپەرستەوە، سەد ئەوەندە حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراقی خوشەویستتر کردووە. ئەمە بو ئیمە لەهەردوو حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیرانو عیراق مایەی شانازی‌یە کە کە ناسنامەی سیاسی‌و انتمای تەشکیلاتیمان هیچ معیاریکی میللی‌و قومی‌و کروموسومی‌ی ناناسی. ئەگەر جەنابی ئیلخانی‌زادەش بیی‌ەویت ببیتە ئەندامی هەریەکیک لەم دوو حیزبە نەخوینی فحص ئەکەن، نەلی‌ی ئەپرسن لەکوی لەدایک بووە، نە تاقیکردنەوەی زمانەوانی ئەکەن‌و نەسەیری پاسپورتەکەی ئەکەن. ئەمە رەوتیکی کومونیستی کریکاری‌یە لە تەواوی ناوچەکەدا کە سەنەدی ناسنامەکەی انتمای چینایەتی‌و ئامانجە کومەلایەتی‌یەکانیتی. هەرئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لەکوردستاندا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیشرەوترین بەشی کومەڵگا لەدەوری ئەم حیزبە کوببنەوەو چاوی ئومیدی تیببرن. هەڵبەتە دنیای قوم پەرستیو دواکەوتوویی قومی وجودی هەیە، بەڵام حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بەوپەری ئارەزووەوە "حزوری جدی" لەم دنیایەدا سپاردووە بە جەنابی ئیلخانیزادەو هاوبەشەکانی .

بەهەرحاڵ پەیوەندی کومەڵەی تازە لەگەڵ حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقدا پاساو نادری. توصیەی من بو مسئولینی ئەم ریکخراوە ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی کە "" بە ئیمە لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران، وەیان خوشیرین کردن لەبەرامبەر مام جلال بکەنە بنەمای دیاریکردنی سیاسەتیان لە ناوچەیەی سلیمانی، واقعییەتە ئوبژەکتی□ەکانی ناوچەکە بەرەسمی بناسن، دوستایەتی لەگەڵ حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقدا بکەنو ریزی بو دابنین. بو کەسانیک کە خویان بە چەپ دەزانن ئەم مامەڵەیە معقول ترە. کینالی سەرەنجام ئەوە حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بیت کە بتوانی روژیک کاریک بکات کە هەڵسوورانی ئەم دوستانە لەخاکی کوردستانی عیراقدا پیویستی بە سازشو باجدان بە هیچ کەسیک نەبیت .

بەکورتی، جیوشوینو پەیوەندییەکانی کومەڵەی تازە لەناوچەکەدا بەئاشکرا لەوە دەردناکترە کە بکری بەپاساوکردنی لەو چەشنەی وتارەکەی جەنابی ئیلخانیزادە پاوساو بدری. ئەمە پیویستی بە بیرکردنەوەیەکی بنەرەتی هەیە. ئیستا ئیتر درەنگیشە .

**بوچی "کومەڵە"، بو چی "تازە"؟**

جەنابی ئیلخانی زادە مەسەلەیەک دینیتە گور کە من خوم ماوەیەک بوو لە فرسەتیک ئەگەرام بو دەربرینی رای رەسمی خوم لە سەری، ئەمە فرسەتیکی لە بارە. مەسەلەکە ئەوەیە کە من بەکارهینانی ناونیشانی "حیزبی کومونستی ئیران" بو ناو بردنی ریکخراوەکەی جەنابی ئیلخانی



زادەو هاوەڵەکانی بە کاریکی دروست نازانم و خوم بەکاری ناهینم. بەکارهینانی ناونیشانی "کومەڵە"ش بەرای من پیویستی بە چەند ئاوەڵناو (صفە)یەک هەیە، وەک "تازە" ، "ئەمرو"، "ئیستا" وشتی لەم بابەتە، بوئەوەی جیاوازی ئەو لەگەڵ کومەڵەی سەردەمی پیش جیابوونەوە وەبیربینیتەوە. ئەمە بوچوونیکی شەخسییە، هەڵویستی رەسمی حیزبی ئیمە نییە، بەڵام ئەمە وەکو شیوازیکی دروست بە هەموو هاورییانی حیزبی توصیە ئەکەم .

جەنابی ئیلخانیزادە دەپرسی بوچی، ریگەم بدەن وەڵام بدەمەوە :

لە کاتی جیابوونەوە لە حیزبی کومونیستی ئیران من نە لە رووی حقوقیو نە لە رووی سیاسییەوە مشروعییەتی کەلک وەرگرتنی ئەو هاورییانەی کە مانەوەم لەم ناونیشانەم نەخستە ژیر پرسیارەوە. هەڵبەتە ژمارەیەکی زور لە هاورییان، بە تایبەتی لە ئاستی رابەرانو کادرانی سەرەوەی کومەڵەی ئەو روژگارە، پییان وابوو کاتیک زورینەی هەرەزوری رابەرایەتیو قسەکەرانی ئەسڵیو کادرو هەڵسووراوە سەرەکییەکانی حیزبو کومەڵە خەریکن جیا ئەبنەوە بو ئەوەی لە حیزبیکی تردا خویان ریک بخەن، هیشتنەوەی ناوو ئیمکاناتی حیزبی کومونیستو کومەڵە بو کەمایەتییەکی بچووک کە دەمیننەوە کاریکی ئصولیو منصفانە نییە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە هەڵویستی من نەبوو. لە روانگەی منەوە ئەوە ئیمە بووین کە جیا ئەبووینەوە وە لەبەرئەوە ئەوانەی کە دەمانەوە، گەرچی کەمایەتییەکیش بن، هیشتا لەو برگەیەدا لە رووی حقوقییەوە حیزبی کومونیستی ئیرانو کومەڵە بوون. لە رووی سیاسییەوە مەسەلەکە ناروشن تر بوو. ئاشکرا بوو کە بەچوونە دەرەوەی چەپ، هیزهاوسەنگیی سیاسیو عەمەلی لەو ریکخراوەدا کە مایەوە بەقازانجی باڵی راست ئاڵوگور دەکات. بەڵام وەرچەرخانی گەورە بەرەو راست، چ جای دابرانیکی سیاسیو بەرنامەیی ئاشکراو بنەرەتی لە سوننەتی چەپی حیزبو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومەلەی ئەوکاتە، مەسەلەیەکی حەتمی نەبوو. لەپەیوەند بە باسی مشروعییەتو نامشروعییەتی ئەو ریکخراوەی کەمایەوە لەبەکارهینانی ئەم ناونیشانانە، لە روانگەی منەوە بریارو هەلویستی دوو کەسی دیاریکراو، ئیراهیمی عەلیزادەو، عبدالله مهتدی، دەیتوانی مەسەلەکە یەکلا بکاتەوە. ئەم دوو هاوری‌یە لە شەخسییەتە سەرەکی‌یەکانی حیزبی کومونیستی ئیران بوونو چ لەسەرهەلدانو چ لە رەوتی پیشرەوی ئەودا دەوری بەرچاویان هەبوو .هەردووکیان، جگە لە دوا قوناغەکان، لە مدافعینی هیلی رەسمی‌و مارکسیستی حیزب بوون. جگە لەمە عبداللەی مهتدی هەستی بە نزیکایەتی‌یەکی زور ئەکرد لەگەل باسەکانی کومونیزمی کریکاریدا .

ئەم دووانە بریاریان دا لەگەل ئیمە نەیەنو لەو ریکخراوەدا بمیننەوە. لەمەش گرنگتر، هەردووکیان بە ئاشکرا چ لە پلنیومی بیستو یەکەمداو چ لە بەلگەنامە عەلەنی‌یەکانی سەردەمی جیابوونەوەدا رایان گەیاند کە هەدەفیان هیشتنەوەی حیزبی کومونیستو کومەلەیە لەسەر هەمان مبادئی نظری‌و عەمەلی کە تائەوکاتە بنچینەی پیک دەهینان. (تا ئەو رادەیەی کە هەولیان دا ئیمە بەکەسانیک نیشان بدەن کە ئەرکی دیفاع کردن لە بوچوونو "بیروباوەرە هاوبەشەکان"مان بەوان سپاردووەو مەیدانمان چول کردووە!). ئەگەر لەو سەردەمەدا ابراهیمی علیزادە و عبداللەی مهتدی‌ش بریاریان بدایە لەگەل ئیمە بین وەیان هەر ریگایەکی تری جگە لەم دووانەیان هەلبژاردایە، بیگومان نەمنو نەهیچ کەسیکی تر لەو رابەرایەتی‌یەدا، جەنابی ئیلخانی زادەو دوستەکانی لە بالی راستدا وەخەبەر نەئەهینا بوئەوەی مورو ناونیشانو ئیمکاناتی حیزبو کومەلەیان تەسلیم بکات. لە حالەتیکی وادا ئەوانەی کە دەمانەوە، ئەگەر بمانایەوە، ئیتر تەنانەت مشروعییەتی حقوقیشیان نەدەبوو. لەو حالەتەدا، حەتمەن ریگایەکی ترمان بو یەکلاکردنەوەی مەسەلەی جیابوونەوە دەدوزی‌یەوە. بەهەمان شیوە لەرووی سیاسی‌شەوە ئەگەر ئەم دوو هاوری‌یە هەر لەو کاتەدا رایان بگەیانایە کە حیزبی کومونیست دوای جیابوونەوەی ئیمە



دەست دەداتە وەرچەرخانو ئالوگوریکی بنەرەتی لە ریبازی سیاسی خویدا، دیسانەوە لە روانگەی منەوە مشروعییەتی هەلسوورانی دواتری ئەو ریکخراوە لەژیر ناوی حیزبی کومونیستی ئیرانو کومەلەدا دەچووە ژیر پرسیارەوە. بەلام واقعییەت ئەوەیە کە ئەوان رایان گەیاند دەمیننەوەو حیزبو کومەلە لە سەر هەمان هەلویستەکانی پشوو دەهیلنەوەو ریگایان لەسەر هەمان ریرەو دریژەی پی‌ئەدەن. لە روانگەی منەوە ئەمە کافی بوو. ئەم هاوری‌یانە هەقیان هەبوو هەول بدەنو هەقیان هەبوو سەرکەتووبن .

بە لام کاتیک ئاشکرابوو کە لە کردەوەدا ریچکەیەکی تریان گرتوەتە بەرو ئاسویەکی تریان ناوەتەپیش خویان، کاتیک ئاشکرابوو کە "بیروباوەرە هاوبەشەکانی" دوینی‌یان تور هەلداوە، ئەوکاتە ئیتر لەرووی سیاسی‌یەوە تەمەنی ئەم مشروعییەتەش بەسەر ئەچیت. ریکخراویک کە ئەمرو لەژیر ناوی کومەلە یان حیزبی کومونیستی ئیراندا هەلدەسووریت، ئیستا ئیتر تەنها ناوی ئەو رەوتەی کردووەتە دەسمایەو ئەمەش جگە لە تەمسیلی شتیکی تر نی‌یە .

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ریکخراوەکەی ئەم دوستانە چ لەرووی نظری‌و چ لەرووی سیاسی‌و تاکتیکی‌و چ لەرووی پراتیکی‌یەوە بەئاشکراو بەرەسمی پشتی لەو حیزبو میژووەو مبدەئەکانی کردووەو سووکایەتی بەو رابردووە دەکات. ئەمە تەنها ئیدعایەک نی‌یە. سەیرکەن ئەمرو چی ئەلینو چی ئەکەن. حیزبی کومونیستی ئیران وەکو حیزبیکی دژی ئوردوگا ري□ژنستی‌و لیکدانەوە بورژواییەکانی سوسیالیزم لەدایک بوو، ئەمرو ئەوان بەرەسمی‌و علنی رای‌ئەگەیەنن کە مەسەلەکە ئەوە نی‌یە کە "سوسیالیزمی چ کەسیک واقعی‌یە" بەلکو مەسەلە یەکگرتوو کردنی پایەی کومەلایەتی "چەپ" ە. فەرمویانە کە باسی ماهییەتی شورەوی باسیکی زیادەو روشنفکرانە بووە! حیزبی کومونیستی ئیران ئینتمای بنچینەیی‌و ستراتیجی‌یانەی خوی بو بزوتنەوەی شوورایی بە معیاریکی ناسنامەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسی خوی دەزانی، کەچی ئەم دوستانە بەوە گەیشتوون (اکتشافیان کردووە) کە باسی شووراو سەندیکا باسیکی بیھودەو ئینحرافی بووە کە ژمارەیەک روشنبیر بەسەر بزوتنەوەی کریکاریو سەدجار ھەلبەتە بەسەر خودی ئەوانیاندا سەپاندبوو .ئیستا بویان ئاشکرا بووە کە حیزبیکی کومونیستی ئەرکیکی تایبەتی لە رینوینیکردنو رینیشاندانی کریکاران نییەو دەبی بەشیوەی لادیییترین مەحفەلەکانی چەپی سەردەمی شورشی ٥٧ (١٩٧٩ی زاینی-و) لەوانەوە شت فیربیت. جاریکی تر، ھەروەکو دواکەوتووترین رەوتەکانی بەرلە ٥٧، خواستە کریکارییەکان گریئەدەن بەتوانای بورژوازیو "ئاستی گەشەی ھیزەکانی بەھەمھینان" ەوەو شیعاری سادەی ٣٥سەعات کاریان (چجای سیسەعات)، بیگومان بەتومەتی زھنیبوونو روشنفکری بوون، لەگەرووی تەشکیلاتەکەیاندا گیر کردووە. کارکردو جیوشوینی ئەوانمان لەعیراقو کوردستان بینی. لە چوارچیوەی ئوپوزسیونی ئیرانیشدا وەزعیان لەمە باشتر نییە. روشنکردنەوەو گوتنی راشکاوانەی جیاوازییەکان کە سوننەتی ئەوکاتە بوو، جیگای خوی داوە بە سەیروسەمەرەترینو بیاصولیترین ئیئتلاف-بازیو پیکھینانی ئەنواعو اشکال ئەنجوومەنی تملقکردن لەبەرامبەر ھەر رەوتو مەحفەلیکی ئوپوزسیونی" چەپ"و دیموکراتیک. لەم نیوەدا بو جاریکیتر ریورەسمی ھەمیشەیی چەپی قومی، بنیاتنراو لەسەر رابەر داتاشینو شخصیەت دروستکردن لە شاعیرانو نووسەرانی میانەحالو دەرویش مەسلەکو وەتەن پەرستی "داخل"یش بووەتە باو .

لایەنیکی بەرجەستەی وەرچەخانو شیواندنی ئەم رەوتە، نەفرەتکردنیتی لە میژووی رابردووی "خوی". ھەندیک کەس واخەیال ئەکەن کە پشتکردنی ئەم دوستانە لە میژووی حیزبی کومونیستو کومەلەی پیش جیابوونەوە، دەگەریتەوە بو دژایەتی ئەمرویان لەگەل ئیمەداو کاردانەوەیەکی غەیرە سیاسییە بە تالیو سویرییەکانی دەورانی جیابوونەوە. راستی پیچەوانەی ئەمەیە، دوژمنایەتییان لەگەل ئیمەدا



رەنگدانەوەی بیزارییانە لەو رابردووە. تەفسیری سەرانی ئەمروی کومەلە بو ئەو رابردووە تەمەنی بەقەد تەمەنی خودی حیزبی کومونیستە. تیگەیشتنی جەنابی ئیلخانیزادە بو خویو دوستانی وەکو مجموعەیەکی "فریوخواردوو پشتگوی خراو"، کە ئەمە بنچینەی ھوشدارییەکانی ئەوانە بو ھاوریyانی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقیش، لیکدانەوەیەکی کونە. ئەم قسەیە لەلایەن محقق (بازجو)و ریکخراوی" توبەکردوان"ی رژیمو لەسەرووییەوە معروف کیلانە لەسەردەمی بەرلە پیکھینانی حیزبدا جار ئەدرا. "مجموعەیەک روشنبیر کومەلەیان فریوداوە ."ئەم تیگەیشتنە ناوەروکی سەدان بەرنامەی رادیوییو وتاری بلاوکراوەکانی حیزبی دیموکرات بووە. ئەم لیکدانەوەیە ناوەروکی ھوشدارییو نەسیحەتە یەکلەدوای یەکەکانی یەکیتی نیشتمانییو عزالدینی حوسینیو باقی "دوستانی کومەلە" بووە لەنیو بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کوردستان. ئەم لیکدانەوەیە ناوەروکی تەبلیغاتو تحریکاتی ھەرروژەی "دەولەت"ی کورد بووە لەدژی ئیمەو حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق، ئەم لیکددانەوەیە ھەرلەسەرەتاوە فورمولەی ھەموو ریکخراوە چەپە ساختەو ئوردوگاھییەکانی ئیران بووە کە بەپیکھینانی حیزبی کومونیستی ئیران خەونیان بو گورینی "کومەلەی بیگوناە" بو ریکخراوی کوردەکان لە جبھەی "گەلانی نیشتمانەکەمان" بوو بە بلقی سەر ئاو. ئەم لیکدانەوەیە کە جەنابی ئیلخانیزادەو شەریکەبەشەکانی وادیارە ئەمرو پەیان بە حەقانییەتی بردووە، لیکدانەوەیەکی کونەپەرستانەو دژی کومونیستییە. ئەمە تەنھا لەدژی ئەو میژووەو ئیمە نییە، بەلکو لەدژی چەپگەراییشە لەکومەلەی ئەمرودا. ئەم لیکدانەوەیە بریارە مسبقاً ئەوە رابگەیەنی کە تیروانینو سیاسەتی چەپ لەم ریکخراوەدا ممنوعو مەحکومو مرفوضە .

بەداخەوە لەم چەند سالەدا ئەم لیکدانەوەیە لەمیژووی حیزبو کومەلە بووەتە خەتی رەسمی لەنیو ئەم رەوتەدا. سەرەنجام چالیکی دەسالیی لەمیژووی ئەم رەوتەدا ھاتووەتە کایەوە. دەورانی ممنوع. دەورانیک کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەلی‌ی تەشکیلات ئەسلەن وجودی نەبووە، بلاوکراوەی نەبووە، راوبوچوونی نەبووە، رابەری نەبووە، مەرکەزییەتیکی نەبووە، کونگرەو کونفرانس‌و پلنیومی نەبووە. عەزم‌و ئومیدو حەقانییەتی نەبووە. دەورانیک کە باسکردن‌لی‌ی‌و بیرکردنەوە لی‌ی ممنوعەو دەبی فەراموش بکریت. راستەکان) جماعەتی بالی راست-و) لیکدانەوەی خویان جی‌خستووە. بەلگەنامەکانی ئەو دەورانە دەبی بسوتینرین‌و، سوتینران. وینەکان دەبی رتووش بکرین‌و، کردیان .دەبی خانووەکان بگەرین‌و کتیبەکان بدوزنەوەو تووریان دەن‌و، تووریان دا .ئەمرو ئەوە تەها انترناسیونال نی‌یە کە بوون‌و خویندنەوەی لە مقری پیروزی دەوروبەری سلیمانی ممنوعە، بەلکو بسوی سوسیالیزم‌و کمونیست‌و بولتن‌شوروی‌و ئەفسانەی بورژوازی میللی‌و پیشکەوتنخوازو...تادش سانسوریان لەسەرە .عیباراتی وەکو کومونیزمی کریکاری ئیتر کفرن‌و زمانی ئەوکەسە دەسووتینی کە لەدەمی دەربچیت. ئەگەر ئەم جەماعەتە عەزمیان کردووە کە بیرەوەری ئەو حیزبی کومونیستی ئیران‌و ئەو کومەلەیە لە زەین بسرنەوە، ئەگەر بەسەردەمی بی‌خەبەری‌و فریوخواردنی خویانی دادەنین، ئەگەر خویان ئەو میژووە بە نەنگ ئەزانن‌و دەیانەوی بەخاکی بسپیرن، بوچی دەبی بەکارهینانی ناوی ئەم حیزبە لەلایەن ئەوانەوە بە کاریکی مشروع دابنریت؟

واقعییەت ئەوەیە کە ناونیشانی حیزبی کومونیست، ""کە کە خودی کوردە قومی‌یەکانی ناو ئەم ریکخراوە داویانەتە دەستی جەماعەتیک تا سەگەرم بن، نەک جاروبار کوسپ بخەنە بەردەم مەسەلەی خطیری "دبلوماسی مقرو رادیو" لە مرکزی عالەمدا. تەنها ئەمەو هیچی تر .

ئەی ناونیشانی کومەلە چی؟ کومەلەی ئەمرو، کومەلەی کومونیستی دەورانی حیزب نی‌یە. بەلام کومەلەی بەرلەحیزبیش نی‌یە. کومەلەی زەحمەتکیشانی کوردستان ریکخراویکی شورشگیری چەپ بوو کە بەروشنبینی‌و جەسارەتەوە بووە کولەکەیەکی بنەرەتی حیزبی کومونیستی



ئیران‌و کومەلەی کومونیستی جیالە کومەلەی ناسیونالیستەکان‌و گەل‌چیتی‌یەکانی پیکهینا. بەلام ئەوەی کە ئەمرو ئەیبینین، کومەلەیەکی تازەیە. کومەلەیەک کە رەنگە بالی‌راست‌و موخالفینی پیکهینانی حیزب ئەگەر ١٥سال بەرلەئیستا سەرکەوتنیان بەدەست بهینایە دروستیان ئەکرد. ریکخراویکی خودموختاریخواز لە کوردستانی ئیراندا، کە نموونەی هاوچەشنی ئەو لەهەموو بەشەکانی تری کوردستاندا زوروزەبەندە. ئەوان وەکو ریکخراویکی خودموختاریخواز دەبی بەجدی وەربگیرین. بەلام ئەم ریکخراوە، حیزبی کومونیست‌و کومەلەی کون نی‌یە. ئەمە تەنانەت (لەواقعدا بەتایبەت) نزیکترین هاوپەیمانان‌و دوستانی ئەمروشیان ئینکاری لی ناکەن. هیچ کەسیک ئەمانە بە دریژەپی‌دەری ئەو حیزبەو ئەو کومەلەیەو مەسئولی کاروبارو سیاسەتەکانی ئەو دەورەیە نازانی. هەمووان، بەبی اسثنا، دوستی‌و دوژمنایەتی‌یەکانیان لەگەل حیزبی کومونیست‌و کومەلەی کوندا گواستووەتەوە سەر حیزبی کومونیستی کریکاری نەک ئەم رەوتە .

باسەکەی من باسیکی حقوقی نی‌یە. باسیکی سیاسی‌یە. نابی لەم تەمسیلی‌یەدا بەشداری بکریت. ئەم دوستانە هەر ناویکیان پی‌خوشە لەخویانی بنین، بەلام ئیمە ئەرکمانە دەرگا بەرووی کەسانیکدا دانەخەین کە هوگری راستی‌یەکانی ئەو میژووەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گفتوگو لەگەل منصور حکمت سەبارەت بە شیعاری فیدرالیزم

## فیدرالیزم شیعاریکی کونەپەرستانەیە

**ئەنتەرناسیونال** :لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هینانە مەیدانی شیعاری فیدرالیزم لەلایەن هەندیک لە حزبەکانەوە هەرگیز رەنگدانەوەی بوونی وەها خواستیک نییە لەنیو خەلکدا. کەوایە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە چ زەرورەتیکی هەبوو؟

**منصور حکمت** :نەتەنها شیعاری فیدرالیزم جیگایەکی نییە لە زەین‌و ژیانی خەلکدا، بەلکو ناسنامەی قەومی و قەوم چیتیش بەشیوەیەکی گشتی، لەنیو ملیونەها خەلکی دانیشتووی ئیراندا هیچ جیگایەکی لە ئیعرابدا نییە. بەلام بەداخەوە ئەمە کافی نییە بو پاراستنی خەلکی لەو کارەسات‌و مەئساتانەی کە قەومپەرستی و قەوم پەرستان دەتوانن بیهیننە ئاراوە. سەیری دنیای دەوروبەری خوتان بکەن‌و چاویک بە رووداوەکانی ئەم دوو سی دەیەیەی دواییدا بگیرن. حکومەتی شەرع‌و دەولەتی ئاخوندیی چ زەمینەیەکی لە ئیرانی سەدەی بیستەمدا هەبوو؟ دیارە هیچ. ئەم خەلکە هەر ئەوانە بوون کە هەشتا سال بەرلەئیستا روژیکیان بەسەر مەشروعە چییەکاندا هینا کە دەیزانین. ئاخوند تویژیکی مشەخوری بیئابروو جیگای گالتەجاریی خەلک بوو لە شارو لە دیدا. کچانی دوو نەوە بەرلە ئیمە بی سەرپوش ئەچوونە قوتابخانە. موسیقاو سینەما بەشیکی جیانەکراوەی ژیانی خەلکی بوون.



لەگەل هەموو ئەمانەدا، ئەمرو لەم کومەلگایەدا جنونیئیلاهیو جەهالەتی دینییو جانەوەرانی ئیسلامیی حوکم دەکەن. یوگسلافیا، کومەلگایەکی مودیرنی سەنعەتیو بەهەموو ستانداردەکانی ئەمرو کومەلگایەکی شارستانی بوو. یوگسلافەکان باسی ئەوە ئەکەن کە چون بەر لەم رووداوانە ئینتمای قەومیو میللی خویان هەر لەبیر نەبوو. نەیان ئەتوانی تەسەوری ئەم وەزعە بکەن. هەتا ئیستاش باوەر ناکەن‌و نازانن بوچی ئەمە رووی دا .

ئەوەی کە قەومیەت‌و قەوم پەرستی لەکومەلگای ئیراندا ریشەو زەمینەیەکی بەهیزی نییەو ئەوەی کە خواستی فیدرالیزم جیگایەکی لەنیو خەلکیدا نییە، بەو مانایەیە کە رەوەندو رەوت‌و بزووتنەوە سەرەکییەکان لە کومەلگادا بەم ئاراستەیەدا نارون. بەلام پرسیار ئەوەیە کە کومەلگا چەندە لەبەرامبەر جموجولە قەوم پەرستانەکان‌دا پاریزراوەو لەپیشدا چەندە ئامادەیی بەرگری لەخوکردنی هەیە لەبەرامبەر هیرشی داهاتووی ئەم پاشەوپاشگەرانەوەیەو کونەپەرستییە قەومییەدا. هەروەک نادری بەکتاش دەلیت ناسیونالیزم‌و قەوم پەرستی وەکو ئەو فایروسانە وان کە لەحالەتی مت‌بووندا دریژە بەژیانی خویان دەدەن‌و لەهەلومەرجیکی تایبەتدا چالاک دەبنەوەو تەنانەت هەندی جار دەبنە مایەی پەتایەک. ناسیونالیزم‌و قەوم پەرستی لەکومەلگای ئەمروی ئیراندا نەخوشییەکی سیاسي- فەرهەنگیی باو نییە. بەلام نە ریشەکیش کراوەو نە کومەلگا لەدژی ئەمە تەلقیح کراوە . بوونی هەر ئەم فیدرالیست‌و دەستە دواکەوتووانەی کە هەر ئیستاو لەوپەری بیشەرمیو گەوجیتیدا دەستیان کردووە بە دەرکردنی ناسنامە قەومییەکان بو خەلکی ئیران، شایەتی ئەوەیە کە ئەم فایروسە ریشەکیش نەکراوە وە دەتوانی، بەتایبەت لە هەلومەرجیکی پر لەئالوگورو گورانکاریی سیاسیدا، ببیتە مایەی گەلیک موسیبەت. دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە بو دروستکردنی ئامادەییو بەرگرییە لەکومەلگادا. هەروەها دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە راگەیاندنی راست‌و رەوانی ئەو واقعییەتەیە بەناسیونالیست‌و قەوم پەرستان‌و میللەتگەراو روشنبیرە گەوجەکاني دەوروبەریان کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومونیزمی کریکاری لیبراوانە لەبەرامبەر ئەم پاشەوپاش گەرانەوەیەدا رادەوەستیو ئەم جەماعەتانەو ئەم ئارەزووە دژی ئینسانیو دژی کریکارییانە لەنیو خەلکیدا رسوا دەکات. ناکری بیست سال خەلک بە دین ئەسیر بکەن‌و بکوتن‌و دواتریش بیست سالی تر بە قەومیەت‌و میللەت. ئیمە ریگا نادەین .

**ئەنتەرناسیونال** :بەیاننامەکە سەهەلدانی شیعاری فیدرالیزم راستەوخو گری دەدات بە مەسەلەی کوردەوە .ئەمە پیویستە تیشکیکی زیاتری بخریتە سەر .

**منصور حکمت** :هەروەک باسم کرد ناونانی میللی و قەومی لە خەلک، چ جای بگات بە کیشمەکیشە میللیو قەومییەکان لەنیوان بەشە جیاجیاکانی کومەلگادا دیاردەیەکی لەمیژینەو باوو هەمەگیر نییە لە ولاتدا. ئاشکرایە کە لەفولکلوری دواکەوتووی قەومەکاندا (هەر قەومیک)، خوپەسەندیی قەومیو شوفینیزم‌و سل کردنەوە لە بیگانەو تاد هەیە .لە هەموو ولاتاندا، تەنانەت لەنیو یەکپارچەترین "میللەتان"یشدا ئەمە هەیە، وە ئاشکرایە کە تا وەختیک سەرمایەو سەرمایەداری هەبیت ئەم جورە تەفرەقە خستنە نیوان خەلکییەش هەر دەمینیتەوە. ئیرانیش لەمە بەدەر نییە. بەلام هەر چاودیریک کە مەبەستیکی ترو نەخشەکاریکی شاراوەی تری نەبیت، دان بەوەدا دەنیت کە کومەلگای ئیران کومەلگایەک نییە کە وەها لەنیو چنگالی کیشمەکیش‌و تەحەممول نەکردنی قەومیو میللیدا گیرودە بووبیت کە چاوەریی ئەوە بیت حەکیمیک بە نوشداوەریی فیدرالیزمەوە فریای بکەویت .

کاتیک وورد دەبیتەوە دەبینی کە پەیدا بوونی سەرو کەللەی ئەم مەقولەیە لەم دەورەیەی دواییدا پەیوەستە بە مەسەلەی کوردو سات‌و سەوداو گفتوگوکانی حزبی دیموکراتەوە لەگەل ئوپوزسیونی میللیدا کە بەقسەی دیموکراتەکان بریارە لە سبەینیدا دەولەتی مەرکەزی لە ئیران بەدەستەوە بگرن. هەموو مەسەلەی حزبی دیموکرات ئەوەیە کە ناوو ناتورەی



جیاخوازی نەخەنە پالی، بەتایبەت کە درندەیی ناسیونالیستە مەزنخوازە ئیرانییەکان‌و ئەو تاوانانە دەناسی کە ئامادەن لەژیر ئالای بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا وەریی بخەن. بیگومان خودی حزبی دیموکرات لە ریزی پیشەوەی" ئیرانچیتی"و بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا راوەستاوە. وەختیک عفت داداش‌پور لە بلاوکراوەی "نیمروز"دا رای سکرتیری گشتیی حزبی دیموکرات، مەلا عبدالله حسن‌زادە، ئەپرسیت لەسەر هەلویستی حزبی کومونیستی کریکاریی ئیران) بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابووونەوەی کوردستان، گەرانەوە بو رای خودی خەلکی لە ریفراندومیکدا لەسەر جیابوونەوە یان مانەوە وەکو هاوولاتیانی خاوەن مافی یەکسان لەچوارچیوەی ئیراندا)، جەنابی حەسەن‌زادە هەلئەچیو دەلی: "نەخیر ئیمە جودایی خواز نین" وە بو ئاسودەکردنی خەیالی دەولەتی مەرکەزی ئایندە سنووربەندییەکی ئاگردار لەگەل ئیمەدا دەکات. حزبی دیموکرات ئوتونومی دەویت‌و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە گشتگیرکردنی خواستەکەی خوی بەسەر هەموو ولاتدا، بە بەدەستەوە دانی فورمولیک کە تیایدا ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر دەولەتیکی ناسیونالیستی مەرکەزیدا بەتاک نەکەویتەوە، باشتر بەم ئامانجە دەگات. فورمولی فیدرالیزم ئەو کومەکە بەحزبی دیموکرات دەکات کە ئوتونومی بویت بیئەوەی کە کوردستان وەکو حالەتیکی استپنائی سەیر بکریت. فیدرالیزم واتە ئوتونومی بدەن "بە هەموو ئەو میللەتانەی کە ئیران پیکدەهینن"، لەوانەش میللەتی کورد بەرابەرایەتی حزبی دیموکرات. جا ئەگەر باقی خەلکی ئیران، وە لەناویاندا بەشیکی فراوان لە خودی کوردستان ئیلزامەن بە ناوو ناتورەی قەومیی وەک فارس‌و لورو گلیک‌و ئەفغانیو کوردو عەرەب‌و بلوچ‌و تورکمان خویان پیناسە ناکەن، ئەوا چاکتر. لەوبەری ئەم سات‌و سەودا کونەپەرستانەیەوە، رەوتە ناسیونالیستییە ئیرانییەکان راوەستاون کە خویان لەگەل مەسەلەی کوردا بەرەورووو دەبینن‌و ئەمە بە یەکیک لە گری سەرەکییەکانی مەحکەم کردنی حکومەتی داهاتووی خویان دەزانن. ئەمانە لە شیعاری فیدرالیزمدا دەروازەیەک دەبیننەوە بو شاردنەوەی مەسەلەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردو خولادان لە گەرانەوە بو رای خودی خەلکو سات‌وسەوداکردن لەگەل حزبی دیموکراتدا. سەرچاوەی باسی فیدرالیزم دەگەریتەوە بو لیکدانەوە هەلپەرستانەو پیلەهەواکانی چەند حزبیکیسیاسی دەربارەی مەسەلەی کورد، ئەمە خوی لەخویدا نە ئەوەندە جیگەی نیگەرانییەو نە وەلامدانەوەش پیی لە کەنالی تەبلیغاتی روژانەی کومونیستیو دژی ناسیونالیستییەوە کاریکی دژوارە. بەلام لە هاوشانی دوو لایەنە سەرەکییەکەی ئەم باسەدا، کە هەریەکەیان بەشوین بەرژەوەندییە مادییەکانی خویانەوەن، وەک هەمیشە ریزیکی تەواو لە کەسانیک پەیدا دەکەین کە پییان وایە بەپیی کاری شەریفی روشنبیریو روژنامەگەری، یان بەپیی پیداویستییەکانی گروپداری خویان، دەبی حەتمەن بیقوول بوونەوەو بەپیی مودی ئەو روژە شتیک بلینو خویان شیرین بکەن، وە ئەمانە بەشایەتی چارەنووسی تالی خەلکی یوگسلافیاو سوفیت، لە هەلومەرجیکی وادا ترسناکترین عونسرەکانن. بەراستی ناچیتە عەقلەوە کە کەسیک لە پەنجەرەی مالەکەیەوە تەماشای یاری منالەکەیو منالی دراوسیکانی بکات، دواتر ئاهیک هەلکیشیتو قەلەمەکەی بگریتە دەستو جاهیلانە خەلکی ولاتیکی ٦٠ ملیونی بەسەر ٩ میللەتو ١٣ قەومیەتو ٥ تاقمی زمانییو قسەی لەم بابەتەدا دابەش بکاتو نەخشەی ئەوە دابریژی کە ئەمانە دەبی شارو گەرەکەکان بەپیی خشتەکەی ئەو لەنیوان خویاندا دابەش بکەنو لەبەرامبەر یەکتردا بووەستنەوە. ئەگەر ئەم جورە ئەفکارە گەوجانە ئەنجامی ئاوا خویناوی لی نەکەوتایەتەوە، رەنگە تەنانەت ببووایەتە مایەی گالتەجاریی گویگرانیشی. بەلام مەبەستیان بیت یان نەبیت، ریگا خوشکەری پاکسازییە قەومیو ئیعدامە بەکومەلەکانی سبەینین. ئەمانە خەریکی پیلانگیرانن لەدژی ژیانو گیانی ئەو منالانەی دەرەوەی پەنجەرەکە، بویە حەساسیەتی مەسەلەکە لیرەدایە .

ئەمە دنیای ٣٠ سال بەر لەئیستا نییە. شورشی ئەلکترونیو ئینفورماتیکو سەرهەلدانی میدیا سمعیو بصرییە جیهانییەکان، ژورنالیزمی نوکەرو



موهەندیسیکردنی ئەفکاری کردووەتە فاکتەریکی چارەنووس ساز لە هاوکیشەکانی دەسەلاتو رەوتی ئەوزاعی سیاسی لە ولاتە جیاجیاکاندا. تەنانەت گەوجانەترینو بەعەقلانەهاتووترین ئامانجی سیاسیو نەخشەی کومەلایەتی، ئەگەر لەچوارچیوەیەکی فراوانتری چینایەتیو جیهانیدا بەکەلکی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەلاتدار بیت، یەکسەر پەرو بالی بو دروست ئەکریتو دەئاخینریتە میشکی خەلکەوە. مەسەلەکە لە ووردە لیکدانەوەکانی حزبی دیموکراتو پاشماوەی حزبە میللیو جمهوریخوازو ئاریامیهرییەکان گەورە ترە .ئەمانە خویان بازیچەن. ئیمە دەبی گشت یارییەکە بکەینە شتیکی نەکردە .

ئەوەش بلیم کە تا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە ئەوە خودی خەلکی کوردستانن کە دەبی لە ریفراندومیکی ئازاددا دەربارەی جیابوونەوە یان مانەوە لەچوارچیوەی ئیراندا وەکو هاوولاتیانی خاوەن مافی یەکسان بریار بدەن. ئەوە تەنها ئەم بریارەیە، جا هەرچییەک بیت، مەبدەئییەتو شەرعییەتی هەیە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەک نییە لەسەر شەریکە بەش بوونی حزبی دیموکراتو باقی حزبە خودموختاری خوازەکان لە بونیادی دەسەلاتو سپاردنی "حوکمرانیی کوردستان"، لەسەرووی خەلکەوە، بەوان .بەندوبەستو گفتوگوو سات‌وسەودای حزبەکان لەسەر کوردستان هیچ مەشروعییەتیکی نییە .

**ئەنتەرناسیونال** :هەندیک لە ریکخراوە چەپەکان وتوویانە کە حزبی ئیمە لەو مەترسییانەی کە لە وتاری" سیناریوی رەش‌و سپی"دا باس کراوە موبالەغەی کردووە. پیت وانییە هەلویستیکی هەرلەم جورە بەرامبەر بەم بەیاننامەیەش بنوینریت؟

**منصور حکمت** :بەینی خومان بیت، لەگەل ئەوپەری ریزمدا بو تاک تاکی ئەندامانو هەلسوراوانو رابەرانی خانەوادەی چەپی دژی سەلتەنەتیو تەقلیدیی ئیران وەکو ئینسان گەلیک کە سەرەنجام بە هەر زمانیک بیت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خیری خەلکی زەحمەتکیشیان دەویت، دەبی بلیم وەکو حزبو ریکخراوی سیاسی نە ئەوان بە سوسیالیست دەزانمو نە هیچ باوەریکم بە توانای تەشخیسی ئەوانو توانای ئەوان هەیە لە گیرانی دەوریکی کارساز لەجیهانی پاش جەنگی سارددا. ئەمانە تەیفیکی بەسەرچوو و بیئاسون. هەلویستی ئەم تەیفە لەبەرامبەر ئەم بەیاننامەیەدا فاکتەریکی گرنگ نییە. رەنگە لەمە گرنگتر، هەلویستی بەیاننامەکە بیت بەرامبەر بەوان .

بەلام بەیاننامەکە لەبنەرەتدا رووی دەمی لەوان نییە. رووی لە خەلکو بەتایبەت چینی کریکارە، کە بەمانای کومەلایەتیو سیاسیو میژوویی سەرنج بدەنە ئەم ووشەو شیعارانەو نەکەونە داوی میللی چیتیو قەوم پەرستییەوە، وە بو وەستانەوە بەروویدا ئامادەبن. بەپیچەوانەی باسی سیناریوی رەشو سپییەوە، ئیمە لیرەدا تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەگەری داسەپاندنی شیعاری فیدرالیزم بەسەر کومەلگای ئەمروی ئیراندا زور لاوازە. بەم پییە باسەکە لەسەر موبالەغە لەمەر رەوتی هەلومەرجی بابەتی نییە .باسەکە لەسەر ئەو بوگەنییەیە کە لەخودی شیعارو لیکدانەوە میللییەکانو لەوانە شیعاری فیدرالیزمدا خوی حەشار داوە. لەمەدا لەبنەرەتدا ناکری موبالەغە بکریتو هەرچییەک بووتریت هیشتا کەمە .

**ئەنتەرناسیونال** :ئایا دەکری بلیین ئەم شیعارە خەسلەت نمای ئەو حزبو رەوتانەیە کە تەرحیان کردووە، وەدەبی لەم چوارچیوەیەدا داوەرییان لەسەر بکری؟ ئایا بەم بەیاننامەیە شیوەی هەلویستو پەیوەندی حزب لەگەل ئەو رەوتانەی کە لایەنگری فیدرالیزمن گورانی بەسەردا دیت؟

**منصور حکمت** :بەبروای من لەئاستی تیوریدا دەکری لەسەربناغەی ئەم شیعارە داوەری لەسەر حزبەکان بکریت .هەروەکو چون دینی بوون، شوفینیستی میللی بوون، سەلتەنەت خواز بوون وەیان دژایەتی کردنی یەکسانی ژنو پیاو، لەجەرگەی میژووی سیاسی هاوچەرخی ئیراندا بو بە کونەپەرست ناوبردنی رەوتیک کافییە، بروابوونیش بە دەرکردنی ناسنامەی



قەومی بو خەلکو دروست کردنی دەولەت لەسەر بناغەی ئینتمای میللیو قەومیش بو بە کونەپەرست لە قەلەم دانی رەوتیک کافییە. ئەگەر پرسیاریک هەیە ئەوەیە کە ئایا بوگەنیی شیعاری فیدرالیزمو مانا دژی کومەلایەتیو دژی ئینسانیو دژی کریکارییەکانی بەقوولیو لەئاستیکی فراواندا ناسراوە یان نا .رەنگە هیشتا ناسراو نەبی. ئەمە ئەوە دەخوازی کە لەسەرەتاوە بو دەورەیەک هەول بدەین ئەم فورمولە لە بەرنامەو تەبلیغاتی ئەحزابی ئوپوزسیوندا نەمینی. هەلبەتە ئاشکرایە کە هەر لەئیستاوە هەر رەوتیک کە هوشیارانەو سەرسەختانە داکوکی لە فیدرالیزمو ریکخستنی قەومیی کومەلگا بکات دەبی بە رەوتیکی کونەپەرست بژمیردریت .

**ئەنتەرناسیونال** :ئەم بەیاننامەیە چ هەلسورانیک دەخاتە بەردەم هەلسوراوانی حزب؟ هەلسوراوانی حزب دەبی لەبەرامبەر ئەو رەوتانەی کە شیعاری فیدرالیزمیان تەرح کردووە چی بکەن؟

**منصور حکمت** :ئەوە روونە کە لیرەدا ناکریو پیویستیش نییە کە لیستیک هەنگاو هەلگرتن ریز بکەین. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئیمە ناوەروکی ئەم شیعارە، بە تەواوی وجودییەوە وە لیبراوانە بو خەلکی روشن بکەینەوە. ئەو حزبانەی کە ئەم شیعارە تەرح دەکەن لە هەرکوی بنو بوکوی بچن دەبی هەست بە فشاری رەخنەی ئیمە بکەن لەسەر خویان. دەبی بیرکردنەوەو سیاسەتی قەومیو میللی بیئابرو بکەین، هەروەک چون بیرکردنەوەو سیاسەتی دینیی ئەمرو بیئابروو قیزەونە . ئەگەر نەلیین هەموو خەلکی زەحمەتکیش، لانی کەم دەبی بەشە چوستو چالاکو هەلسووراوەکانی چینی کریکار لەئیراندا وەها هوشیارانە بیزار بن لە کونەپەرستیی میللیو قەوم پەرستیو نەفرەتی لیبکەن، کە شیعاری فیدرالیزمیش جگە لە یەکیک لە شتە رتوش کراوە لوکسەکانی شتیکی تر نییە، وە لەبەرامبەریدا حەساس بن کە هیچ هیزیک نەتوانی سبەینی بە دروست کردنی کیشمەکیشو کارەساتی قەومی بەر بە پیشرەویی کریکارو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومونیزمی کریکاری بگریتو روژگاریک بەسەر خەلکیدا بهینن کە لە یوگسلافیا بینیمان. تەبلیغاتو ئاکسیونەکانی ئیمە دەبی سەرهەلدانی توجمانەکانو ئیززەت بگوویچەکانو کارادیچەکانو ملادیچەکانو میلوسویچەکانو ژیرینفسکییە نیشتمان پەروەرەکان بکاتە شتیکی مەحال. لە یەک رستەدا، هەم دەبی ئامادەیی زەینیی خەلک بەرینە سەرەوەو هەم قەوم پەرستو هاوکارەکانی سبەینییان لەوە حالی بکەین کە لەگەل هیزیکی کومونیستی کریکاریی لەسازش نەهاتووو بەرچاو روشندا بەرەورووون .

یەکەمین جار لە مانگی جون-ی ١٩٩٦دا لە ئەنتەرناسیونالی ٢١ بلاو بووەتەوە .



# نامەیەک بۆ دوو هاوڕێ

**دەربارەی ئیختلافو پێکهێنانی فراکسیۆن**
**لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا**

**هاوری‌یان ئازیزم ئاسو غریب و بەمو علی**

بەسلاویکی گەرم و ئارەزووی لەش ساغی‌تان،

نامەی بەرواری ١٤-٦-١٩٩٦ی ئیوەم دەربارەی ئیختلافاتە دەروونی‌یەکانی حیزبی کومونیستی کریکاری‌ی عیراق بەدەست گەیشت. سوپاستان دەکەم بو ئەو لوتفەی دەرتان‌بریوە و بو ئەوەی رای منتان پرسیووە .

لەگەل ئەمەشدا هاوری‌یان، نامەکەی ئیوەلەزور رووەوەجیگای داخە .لە هەل و مەرجیکدا کە بو یەکەمین جار لەهەموو میژووی ناوچەکەدا حیزبیکی کومونیستی کریکاری بەم بیر وباوەرەرادیکالانەوە سەری هەلداوە و ئیحتیکاری حیزبە میللی وکونەپەرستەکانی لە سەرجەوی سیاسی لانی کەم کوردستان شکاندووە، لە هەلومەرجیکدا کە تیکرای کونەپەرستی لە ناوچەکەدا ئیمەیان بە دوژمنی هاوبەشی خویان داناوە، لە هەل‌ومەرجیکدا کە ئەوزاعی عیراق و ئەوزاعی جیهانی هەلیکی پر بایەخ و بی شک کەم ماوەی بو دەخالەتی چارەنووس‌سازانەی ئیمە هیناوەتەکایەوە، زور جیگای داخە کە ئیمە نەتوانین وەکو ریزیکی یەکگرتوو و بەگور و یەکپارچە دەرکەوین. زور جیگای داخە ئەگەر ناچاربین تەنانەت یەک روژ خەریکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناکوکی‌یە داخلی‌یەکانی خومان بین. زور جیگای داخەئەگەر جاریکی تر نیشان بدریت کە کومونیستەکان پسپوری خوخورین ئەویش لە ناسکترین ساتەکاندا. ئیمە دەبی لەم دەرفەتە بچووکە میژووییەدا کە بەریکەوت بو ئیمە لە عیراق و کوردستاندا رەخساوە کاریکی گرنگ بە سەرئەنجام بگەیە نین. ئەم هەلە بو ئیمە دووبارە نابیتەوە. ئەگەر ئەم دەرفەتە لە کیس خومان بدەین نابەخشریین .

هاوری‌یانی ئازیزم، بە دەرلەوەی کەریشەی ئەم ئیختیلافاتانە لە کوی‌یە، لەسەرچی‌یە، ئیوە لە سەرحەقن یان نا، ئایا کەمتەرخەمی یەک(تقصیریک ( هەیەوکەمتەرخەم(مقصر)کی‌یە و....هتد، بو ئیمەکە لیرە و دوورلە مەیدان وبەدەستی بە ستراوەوە، بە شوروشەوقەوە چاومان بریوەتە هەلسوورانی ئیوە، ئەم رووداوە لەقولایی دلەوە جیگای داخە .

من مەبەستم یەکگرتوویی ویەکیتی بە هەرقیمەتیک و پەردەپوش کردنی ئیختلافاتە جدی‌یە سیاسی‌یەکان نی‌یە. ئەگەر هەلویستی هەلەهەیەدەبی راست کرینەوە، شیوازەنا دروستەکان دەبی راست کرینەوە و ئەمەهەرگیز بەبی گفتوگو و مشتومر و خەبات لەدەرونی حیزبە کومونیستی‌یەکاندا ئیمکانی نی‌یە، بەلام کەسیک کە بە تایبەت قسە لە نەبوونی سوننەتی کومونیستی دەکات، دەبی بزانی کە یەکیک لە سوننەتە گرنگ و فەراموش کراوەکانی کومونیزمی مارکس ولینین، سوننەتی گفتوگوی ئازاد وسیاسی‌یە لە جەرگەی خەباتیکی هاوبەش و پراکتیکیکی یەکگرتووانەی کومونیستدا. بەداخەوە ئەو تەسویرەی کە نامەکەی ئیوە دەیدات بە دەستەوە ئەمە نی یە .

هاوری‌یان، لە چەند روژ بەر لە ئیستاوە کە نامەکەی ئیوەم بە دەست گەیشتووە هەموو فکرم مشغولی ئەوە بووە کە وەلامی اصولی (مبدئی) من بە ئیوە دەبی چی بی. من لەم نامەیەدا نامەوی دیفاع لەهیچ کەس و ئورگانیک بکەم .زانیاری‌یەکانی (معلوماتی) ئیستای من لە سەر ناوەروک و



پیشینەی ئیختلافاتەکان لەوە کەمترە کە ئیمکانی دەخالەتیکی بەو جورەم پی‌بدات. چەند فاکتەریک دەخالەت لە ناوەروکی قسەوباسەکان بو من دژواردەکات :

١ -ئیوە باس لە ئیختیلافیکی سیاسی لە گەل رابەرایەتی و ریبازی (خط مشی (حیزبی عیراق دەکەن کەوا دیارە ئەوەندەپەرەی سندووە کە بەقسەی ئیوە حیزبی قوتبی کردووەتەوە و یەکپارچەیی حیزبی خستووەتە ژیر پرسیارەوە. بەلام من تەنانەت یەک دیریکم لە بارەی ناوەروکی ئەم ئیختلافە سیاسی یە، ئەومەسەلانەی ئیختیلافیان لە سەرە، پیشنەیان، قوناغەکانی پیشتری ئەم ئیختیلافانە، بوچوونە اثباتی‌یەکانی ئیوە، پلاتفورمی سیاسی ئیوە و ئەلتەرنەتیفی ئیوە وە نەبینیووە. پیم وانی‌یە مەسەلەکە تەنها بی‌خەبە ری من بیت. ئەو هاوری‌یانەی مەکتەبی سیاسی عیراقیش کە من تەماسم هەبووەلەگەلیاندا هیچ اسنادیکیان نەبینیووە. هەموو مەسەلەکە زور کوتوپر و بی‌پیشینە دیتەبەرچاو. نامەکەی ئیوە لەگەل وەزعیکدا دەهاتەوە کە تیایدا خەتیکی سیاسی پیناسە کراو، بە پلاتفورم و ئەسنادی نووسراو، بریارنامە و قەراری سیاسی و عەمەلی، سیاسەتە بەدیلەکانی و...هتدەوە، پاش چەندین مانگ قسەوباس و مشتومر لەگەل رابەری و خەتی رەسمی لە کەنالە حیزبی یەکانەوە، ئیستا بریاری‌داوە فراکسیون پیک بهینی. ئەگەر ئەم مشتومر و قسەوباسانە رووی بدایە، ئەو کاتە هەر کەسیک کە داوای رادەبرین و قەزاوەتیان لی‌ی کردبایە، چ من و چ هەر هاوری‌یەکی ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق کە ئیوە بانگەوازتان دەکرد، دەبی بە پی‌ی منطق سەیری ئەم ئەسنادانە بکات و بریاری خوی بدات .ئەگەر ئەم ئەسنادانە هەن، زور خوشحال دەبم ئەگەر بو منیشی بنیرن بو ئەوەی پیشینەی باسەکە تی بکەم. ئەگەریش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ئەسنادانە و ئەم پیشینە نووسراوەی ئختلافاتەکان وجودی نىیە، ئەو کاتە پرسیاری من و هەر ئەندامیکی ئەم حیزبە ئەوە دەبوو کە بوچی بەر لە برینی ئەم قوناغانە، ئختیلافاتەکان بەم شیوە توندوتیژە و لەم ئاستە بەرزەدا تەرح دەکرین .

٢ -بە هەمان شیوە کومەلیک إتهامی تشکیلاتی قورستان داوەتە پال رابەرایەتی، وەک سەر کوتی مخالفین، بوروکراتیزم، تکریمی تەئییدکەرەکانی خوی، تەزویری واقعییەتی حیزبی، پیلانگیری و دیفاع کردن لە موقعیەتی خو بە هەر قیمەتیک بووە .لە بارەی ئەم ئیتهامانەوە دواتر چەند خالیکی تر باس دەکەم. بەلام هەر لیرەدا پرسیاری من و هەر چاودیریکی ئوبژەکتي□ی تر ئەوەیە کە کام بەلگە هەیە کە دەلالەت لە جوری بی ئصولىیە تەشکیلاتىیەکان دەکات؟ ئەم بەلگە و وثیقە و نموونانە پیشتر لە چ کەنالیکی تەشکیلاتىیەوە مەترەح کراون؟ ئیوە چ شکایەتیکتان کردووە و وەلامی رابەرایەتی بەم شکایەتانە چی بووە؟ ئەم إتهامانە لەکام مەرجەعی تەشکیلاتىدا مەترەح کراوە؟ ئەگەر ئەم بەلگە و شکایەتانە وجودیان هەیە، هەر چاودیریک کە بانگەواز دەکریت بو رادەربرین، دەبی لىی ئاگادار بیتەوە. وە ئەگەر وانىیە، ئەو کاتە پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە حیزبیکی واقعىدا، لە حیزبیکی جدىدا، نابی سەرەتا ئەم قوناغانە تی بپەرینری؟ ئایا بەرلەوەی تاوانیکی عەلەنی بدریتە پال کەسیک نابی سەرەتا هەول بدریت بو ئەوەی لە مەرجەعیکی مشروعی تەکشیلاتىدا ئیسپات بکریت؟ رابەرایەتی حیزب و کومیتەکانی رابەری حیزب لە ئاستە جیاجیاکاندا، کە خودی ئیوە هاورىیان ئەندامن تیایاندا، بە شکایەتە رەسمی و نوسراوەکانی ئیوە چ وەلامیکیان داوەتەوە کە لە روانگەی ئیوەوە وەلامدەرەوە نەبووە؟



٣ -ئیوە داواتان لەمن کردووە رای خوم بدەم. تەنانەت لەو پەری موحیببەتەوە ووتوتانە کە رەنگە رای من لای ئیوە سەنگی هەبیت. بەلام ئایا بە واقعی لە روانگەی ئیوەوە بو ئەم کارە درەنگ نیە؟ کەسیکتان بانگ کردووە بو داوەری، بەلام وەختیک ئاگادارتان کردووەتە وە کە محاکەمەکە کوتایی پی هاتووە، حوکمەکە دەرکراوە و تەنانەت جیبەجی کراوە و هەموو بریاری خویان داوە، تاوان باریان بردووە و، هەموو رویشتوون. من دەتوانم چ شتیک بخەمە سەر ئەم باسە لە کاتیکدا کە هەر ئیستا لە پیشگا(بارەگا)ی ئیوەدا تاوانی رابەرایە تی حیزب یەکلا کراوەتەوە و نەتەنها کارکردی رابردووی، بەلکو نییەت و هەلسوکەوتی داهاتوویشی (وەک رەفتاری لە کونگرەی داهاتوودا) محکوم کراوە. لەمەش واوەتر، تەنانەت چارەنووس (تکلیف)ی لایەنگرانی ئیستا و داهاتوی رابەرایەتیش دیاری کراوە: دەلین «جگە لە کەسانیکی کەم کە مەبەستی تایبەتىیان هەیە ئیتر هیچ کەسیک متمانەی بە رابەرایەتی نىیە»، «پشتیوانی ئیوە (واتە من) لەوان بەبی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونىیەکان پرسیار و بی برواییەکان زیاتر دەکات». ئەمە قالبیکی زور تەنگ و بەر تەسک بو رادەربرین پیک دەهینی. چون دەکری دەخالەت بکەی کاتی لە روانگەی لایەکەوە، موافق بوون لەگەل لایەکەی تر هەر لە پیشادا رەت کراوەتەوە و بە نیشانەی نییەت پیسی و بیخەبەری لە قەلەم دراوە؟

بەهەر حال هەر وەک ووتم من لیرەدا مەبەستم دیفاع کردن لە شەخص و ئورگان و بوچوون و سیاسەتیکی تایبەت نىیە، چونکە نە ئاگاداری ئەو باسانەم کە مشتومریان لەسەرە و نە بوچوونی هەردوولا دەربارەیان دەزانم. ئومیدەوارم هەرچی زوتر ئەسنادی ئەم قسەو باسانە بە من و هاورىیانی ئیرەش بگات تا بەلکو بتوانین دەخالەتیکی راستەوخوترمان لەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قسەوباسانەدا هەبیت. ریگام پیبدەن لیرەدا چەند خالیک سەبارەت بە چوارچیوەی گشتی مەسەلەکە و ئەو ئصولانە بلیم کە دەبی لەم نیوەدا تأکیدی لە سەر بکریت .

١ -ئیوە دەلین لە حیزبی ئیمەدا ناکوکی‌یەکە لە نیوان تیوری بەرنامە و تیوری تەشکیلاتە. دەلین مەسەلەکە لەسەر دووری نیوان تیوری کومونیستی حیزب و پراتیکی ووردە بورژوازیانەی ئەوە. خوینەر ئەو چاوەروانی‌یەی هەیە کە لەسەر ئەم بناغەیە شیکردنەوەیەک لە سەر هویە میژوویی، سیاسی، کومەلایەتی و مادی‌یەکانی ئەم دووری یەیی نیوان تیوری و پراتیک ببیستی. بەلام ئەنجامگیریەکەی ئیوە هەموو مەسەلەکە گری دەدات بە کومەلە کەسانیکەوە کە پی«لەسەر ئەم پراتیکە» دائەگرن. مەسەلەکە لەسەر رابەرایەتی‌یە. بە بروای من هەم لە نیوان تئوری و هەم پراتیکی ئیمەدا کەلینیکی واقعی هەیە، بەلام گومانم لەوەدا هەیە بکری تقصیری گرفتیکی میژوویی-کومەلایەتی بەم جورە، کە لە راستی‌دا نەبوونی لەم قوناغەی بزووتنەوەکەی ئیمەدا جیگای سەر سوورمان دەبوو، بکریتە ئەستوی چەند کەسیک لە هاوری‌یان. پاشان ئەم رابەرایەتی‌یەکی‌یە؟

ئایا مەبەست مەکتەبی سیاسی‌یە؟ کومیتەی مەرکەزی‌یە؟ کومیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانە؟ کومیتەی سلیمانی‌یە؟ خودی ئیوە هاوری‌یان وە بی‌گومان هاوری‌یانیکی زورتر لە نیو ئەوکەسانەی کە هاوبیری ئیوەن ئەندامی ئەم کومیتانەن. ئەو شیکردنەوەیەی کە گرفتەکە لە ئەشخاصەکان‌دا دەبینیتەوە، ئەرکیتی کە پەنجە بخاتە سەرهەوییەتی شەخصەکانیش. لە دریژەی کام رەوەندا معلوم بوو کە دەبی لەم هەموو دەیان کەسە بی ئومید بی. چون معلوم بوو کە تاک‌تاکی ئەمانە لە سوننەتە ووردە بورژوازی‌یەکان دیفاع دەکەن؟ بەشیک لەم هاوری‌یانەی رابەرایەتی تا ئەو جیگایەی کە من دەزانم تازە ئەمرو خەریکن بو یەکەمین جار لە بوچوون و إختلافاتەکانی ئیوە ئاگادار دەبنەوە. حیزب هیشتا لە سەرەتای کاری دایە.



کومیتەی مەرکەزی تەنها چەند دانیشتنیکی دیاریکراوی بەستووە و تازە خەریکە وەک یەکەیەکی(واحیدیکی) حیزبی شکل بە خوی دەدات، ئیستا چون پی داگرتنی یەک‌یەکی ئەندامانی لە سەر پراتیکی ووردە بورژوازی ئاشکرا بووە و ئیسپات بووە؟ دەرکردنی ئەم نتیجە گیری‌یە بەم مەودای شمولە هەمەگیرەوە، بو من دژوارە .

٢ -ئەو إتهامە تەشکیلاتی‌یانەی کە دەیدەنە پال «رابەرایەتی» ( سەرکوت گەری و شتی تر)، إتهاماتیکی قورسە، سەرکوتگەری و کەلک وەرگرتن لە ئامرازە تەشکیلاتی‌یەکان لە دژی مخالفینی سیاسی، لە سوننەتی ئیمەدا رەتکراوەتەوە و مەحکوم کراوە. کەسیک ئەمە أسلوبی بیت جیگای لە بزوتنەوەی ئیمەدا نابیتەوە .بەلام ریک لەبەر ئەم هویە هیچ کەسیک ناتوانی ئاوا بە ئاسانی و لامبالاتانە إتهاماتیکی بەم جورە بداتە پال هاوری‌یانی حیزبی، چ لە سەرەوە و چ لە خوارەوەی تەشکیلات. کەس ناتوانی هەلەی بەم جورە، بەبی ئەوەی پیش تر لە مرجعیکی رەسمی تەکشیلاتی‌دا ئیسپات کرابی بە ئاشکرا بداتە پال کەسیک. ئیمە لە بەرنامەمان‌دا، کە ئیوەش بە دروستی دەتانەوی پراتیکمان جووت بی لەگەلیدا، ئیفترا(تومەت)، وواتە هەلبەستنی ئیتهامیک کە بە رەسمی ئسپات نەکرابی، مان ممنوع کردوە. ئیمە دەمانەوی ئەم مافانە بو هەموو خەلکی زەمانەت بکەین .وەرن با لەپیش‌دا لە حیزبی خومان‌دا کاری پی بکەین. نامەکەی خوتان جاریکی تر بخویننەوە. رەنگە لە روانگەی ئیوەوە نسبەت دانی ئەم کارانە بە رابەرایەتی حیزب (کە هەویەتەکەی‌تان دیاری نەکردووە و بی شک هەمووان دەگریتەوە (ئینسافانە و واقعی بیت. بەلام هاوری‌یانی ئازیزم، معیاری ئیمە ئسپات کردنی تاوان‌نی‌یە لە پیشگای مدعی‌دا. ئیمە حیزبیکی سیاسی جدین، یان بریارە وابین. بەر لە خستنە سەرکاغەزی یەک لەسەدی ئەم إتهامانە بە هەر ئەندامیکی حیزب، چ جای ئەوەی بە رابەرایەتی‌یەکەی، دەبی راستی و دروستیان لە مەرجەعیکی رەسمی و خاوەن صلاحییەتی تەشکیلاتیدا ئیسپات کرابی. ئایا واکراوە؟بو من ئەمە قورسترین لایەنی مەسەلەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەخیر و نامەکەی ئیوەیە. ئیختلافاتی سیاسی نە تەنها شتیکی ترسناک نییە، بەلکو زور إیجابی و بنیاتنەرە. بەو مەرجەی سیاسی بیت و بە سیاسی بمینیتەوە و لە نیوان کومەلیک ئینسانی سیاسی‌دا لە ئارادابیت. ریگا بدەن سرنجتان بو لایەنیکی تری ئەم مەسەلەیە رابکیشم. ئەم إتهامانە نە تەنها قورسن، بەلکو بە شیوەیەکی سەرسورهینەر ئاشنان. هاوری‌یانی ئازیز، ئەوە صودفە نییە کە لە هەر بەرامبەرکی و کیشمەکیشیکی بالە کاندا لە حیزبە چەپەکاندا، بە دریژایی دەیان سال، ئیتهامی «سەرکوتی مخالفین و پیادەکردنی دیکتاتوری «دراوەتە پال رابەرایەتی ئەم ریکخراوانە. ئەم إتهامانەی بورژوازی و غەرب چ پیش جەنگی سارد و چ بەتایبەت لە ماوەی جەنگی سارددا بە تایبەتی بو حیزبە چەپ و کومونیستەکانیان هەلبەستبوو. لە هەندی حالەتدا رەنگە ئەم إتهامانە راست بووبی. بەلام ئەمە هوی رەواج پەیداکردنیان نی‌یە. ئەمە تسویریکە کە بورژوازی(راست) خەلکی پی لە چەپ دەترسینی. ئەمە یەکیکە لە چەکە گرنکەکان لە ئەمباری دژی کومونیستی بورژوازی‌دا. لیم ببورن ئەگەر موسبەقەن نسبەت بەو هاوری‌یانەی کە لەگەل دەربرینی إختلافی بوچوونی خویان لەگەل "رابەرایەتی "و "سەرەوە"دا دەستبەجی دەست بو ئەم ووشە ئاشنا و ئالودانە دەبەن و دەی‌هاویژنە هاوری‌کانیان هەست بە لایەنگری ناکەم. موتابەعەی ئەخبارەکان بکەن، بزانن سەروکی حیزبی محافظین و حیزبی کریکارانی ئەنگلترا چ لەگەل مخالفەکانیان‌دا دەکەن و چ صلاحییەتیکی فراوانیان بو داسەپاندنی بوچوون و سیاسەتەکانیان یان دەرکردنی ئەندام و کادر و ئەندامی ناوەندی حیزبەکەیان هەیە. بروانن تصفیە و سەرکوتی مخالفان لە حیزبە لیبرال و سوسیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا لە چ ئەبعادیک و بە چ ئاسانی‌یەک و مشروعییەتیک دەبریتە پیشەوە .سەیری صلاحییەتەکانی سەروکی ئەم حیزبانە بکەن لە سەندنەوەی ئازادی رادەربرینی معاونەکانی خویان، هەر لە هەمان ناوچەی دەورو بەری خوتان سەیرکەن جەنابی طالەبانی چ صلاحییەتیکی نووسراو (مدون) و نەنووسراوی هەیە و لە دەروونی یەکیتی نیشتیمانی‌دا چ دەکات. ئەگەر



بریار بی بە واقعی بە شوین سەرکوتگەر و دیکتاتور و سوننەتی سەرکوتی مخالفین‌دا بگەریین لە حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقەوە دەستی پی ناکەن. من لە زەبت‌ورەبت(ظوابط)ەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق ئاگادارنیم. بەلام ئەگەر لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا کەسیک بە تایبەتی ئەم إتهامە ناسراوانە بەر لە تەرح کردنی رەسمی و ئیسپات کردنی لە مرجعیکی خاوەن صلاحیەتی حیزبی‌دا، بداتە پال هاوری‌یان و کومیتە تەشکیلاتی‌یەکان، ئەوا بە توندی دەکەویتە بەر رەخنە و دەبی لی‌یان پاشگەز ببیتەوە و داوای لی‌بوردن بکات .

هاوری‌یان، ئەگەر ئختلافاتی ئیوە لەگەل «رابەرایەتی»دا، ئختلافیکی سیاسی‌یە، ئەوە بە سیاسی بیهیلنەوە. هینانی ئەم ئختلافانە بو ناو بعدی تشکیلاتی نە پیویستە و نە بە کەلک. گومانم لەوەدا نی‌یە کە لە کیشمەکیشیکی بەم جورەدا گەلیک هەلەی تەشکیلاتی، بی‌گومان لە هەر دوو لاوە روو دەدات و دەبی دواتر تحقیقی لی بکریت. بەلام کیش کردنی باسەکە بو ناو ئیتهاماتی لە چەشنی ئەوانەی سەرەوە و سیستم دروست کردن لی‌یان(بە سیستماتیک لە قەلەم دانیان) نەتەنها خوی لە خوی‌دا لاوازە و وەلامدەرەوە نی‌یە، بەلکو ئەو ئیختیلافە سیاسی‌یە گرنگ ترە و محتەوایی ترەی کە ئیوە دەلین هەتانە دەخاتە ژیر سیبەری خویەوە. بوچی حەتمەن دەبی‌لایەنی بەرامبەری باسەکەی ئیوە بی ئصول و دیکتاتور نیشان بدریت بو ئەوەی قسەی ئیوە لایەنگر بو خوی پەیدا بکات، بوچی پشت بە توانای باسی سیاسی‌تان نابەستن؟ ئەمە وەکو قانوونیکی خەباتی سیاسی لە من قبول بکەن: هیچ کەسیک لە مەوقعییەتی مظلومی‌یەوە نابیتە رابەری کەس. کەسیک ناتوانیت خوی لە رووی سیاسی‌یەوە بەهیز بکات کە لە هەمان کات‌دا خەریکە زەعیف بوون و ژیر چەپوکەیی و مظلوم بوون و لەشکان‌هاتنی خوی و مطلق بوونی دەسەلاتی لایەنی بەرامبەری تەبلغ دەکات. پیکهینانی رابەرایەتی‌یەکی بەدیل، کە وادیارە ئامانجی ئیوەیە، تەنها لە ریگای خستنەروو و داوەری کردن لەسەر بوچوونەکانتان ئیمکانی هەیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

من وەکو هەر ئەندامیکی جدی حیزبیکی کومونیستی کریکاری شەرافەت و ئصولیەتی هاوری‌یانی حیزبی و ئورگانەکانی رابەری حیزبەکەم بە ئەصل دەزانم. تەنها بە تەرح کردنی شکات وە یان ئیتهام دانە پال رابەرایەتی پشتی خالی ناکەم و متمانەم بەو لەدەست نادەم. تاوان دەبی ئیسپات بکریت. بە بروای من هەر ئەندامیکی حیزب و وەکو بەلگەنەویستیکیش هەر ئورگانیکی رابەری حیزبی تا پیچەوانەی ئەوە ئیسپات نەکرابی، موعتەبەر و محتەرەم و مشروعە. ئەمە ئیعتمادیکی کویرانە و شکلی نی‌یە. ئەمە بەمانای خوشباوەری بە ئەفراد وەیان بینینی حیزب و رابەری نی‌یە بە جوریک کە هەلە هەلناگرن. ئەمە پرەنسیپیکی گرنگی کومەلایەتی و سیاسی‌یە. یەکەم، ئەصل لەسەر بەرائەتە، وە ئەگەر من ئەمە بو متهم کراوەکان بە تاوانی جنائی بە معتبر دەزانم، بدیهی‌یەکە بو هاوری‌یانی کومونیستی خوشم، چ جای کەسانیک کە رابەرایەتی حیزبیان لە ئەستویە، بە معتبر دەزانم .دووەم، من وەکو ئەندامیکی حیزبی کومونیستی کریکاری، بزووتنەوە و حیزب و رابەرانی خوم بە خورایی بە دەست نەهیناوە تا بە خورایی لە دەستیان بدەم. من پیم ناوەتە ناو ئەم حیزبەوە تا بتوانم لە پال ئەوان بم و ئیحترام و ئیعتباریان بو دادەنیم و سروشتی‌یەکە تا پیچەوانەی ئەمە ئیسپات نەکرابی، لەپال ئەوان لا ناچم. بەهرەمەند بوون لە متمانەی ئەندامان(تاکاتیک کە کەسیک ناحەق بوونی ئەوی ئیسپات نەکردبی) حەقی رابەرایەتی حیزبیکی کومونیستە. رابەرایەتی ئیستای حیزبی عیراق ئەم مافەی هەیە، ئیوەش ئەگەر روژیک بو رابەرایەتی ئەم حیزبە هەلبژیردرین ئەم مافەتان هەیە. قسە لەسەر ئەشخاص و ئەفراد و تەنانەت سیاسەتەکان نی‌یە، بەلکو لەسەر ئیعتباری پوستی رابەرایەتی‌یە لە حیزبیکدا کە لە سەختترین هەلومەرجدا لە پیناو ئازادی و یەکسانی خەبات دەکات .

٣ -پیک هینانی فراکسیون لە سوننەتی ئیمەدا نەکفرە و نە تاپو(قەدەغە)یە. بەلام ئەگەر کەسیک ئەمرو لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا بیبەوی



فراکسیونیک رابگەیەنی وەکو سکرتیری کومیتەی ناوەندی ئەم حیزبە لانی کەم ئەم خالانەی خوارەوە بە ئەو دەلیم :

-پلاتفورمی سیاسی-بەرنامەیی بدیلتانم بدەنی .

-ناوی راگەیەنەران و قسەکەرانی ئەصلی فراکسیونم بدەنی .

-لەبەر ئەوەی کە لەبەرامبەر خەتی رەسمی‌دا فراکسیون پیک دەهینن، پیویستە بە رەسمی بەکتبی (تحریری) تأکید لە سەر دیفاع کردنتان لە إنظباط و موازینە تەشکیلاتی‌یەکانی حیزب، قبول کردنی قانوونی بوونی کەنالە رەسمی‌یەکانی حیزب بو تەرحی بوچوون و إختلافاتەکان، قبول کردنی مشروعییەتی پەسەند کراوەکانی کومیتە حیزبی‌یەکان، قبول کردنی مشروعییەتی رابەرایەتی و ئورگانە حزبی‌یەکان، بکەن. پیک هینانی فراکسیون نەتەنها بە مانای دەرچون لە إنظباط و موازینی حیزب نی‌یە بەلکو تەئکیدیکی زیاتر لەسەر وەفاداری پییان پیویست دەکات .

-زورینە ( أكثريت)یش لەبەرامبەردا مافی ئەوەی هەیە کە لە بەرامبەر ئیوەدا وەکو فراکسیونیکی ریکخراو دەربکەویت .

وە بە وینەی ئەندامیکی حیزب دەپرسم :

-بوچی فراکسیون؟ بوچی لەموازینە روتینی‌یەکان و قسە و باس و بریاردان لە حیزبدا بو خستنەرووی سیاسەت و بوچوونە پیشنیارەی‌یەکانتان کەلک وەرناگرن؟ بوچی بوچوونەکانی ئیوەش ناتوانی وەکو بوچوونی هەر کەسیکی تر لە خودی ئەو کومیتانەدا کە ئەندامن تیایدا تەرح بکریت و بدریتە بەر باس و بخریتە دەنگدانەوە؟

-پیکهینانی فراکسیونەکەتان چون حیزب بە هیزتر دەکات؟

-ئەو ئەسنادانەی کە تیایدا جیاوازی و سیاسەتەکان و تەرحە بدیلەکانی ئیوە بەیان کراوە کامانەن؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤ -هاوری یان، هە روەک پێشتر ووتم، رادەربرین لەسە ر ناوەروکی باسەکانی ئیوە پیویستی بەوە هەیە کە ئەسنادەکانتان بگاتە دەستمان. ئومیدەوارم ئەم ئەسنادانە هەر چی زووتر بە دەستم بگات. سەبارەت بە گەلیک لایەن، لەوانە سەبارەت بە بە شیک لە و خالانەی کە بیستوومەقسەتان هەیە لە سەری منیش قسەمهەیە. کومەلیک ئە رکی خەتەر کەوتووە تە ئەستومان و راستییەکەی ئەوەیە کە گەلیک خالی لاوازمان هەیە. هاوبیری لە سەریان، قسەوباس و مشتومر و هات وهاوار لە سەریان، مەرجی پیویستی چوونە پیشی ئیمەیە و لە سوننەتی ئیمە دا هیچ کاریک مشروع تر و پەسەند تر لەوە نییە کە بوچوونت هەبیت و بوچوون بدەیت و مشتومر بکەیت. بەلام بریا لە بیرمان نەچیت کە لە دلی هەموو ئەم بوچوونە جیاوازانەدا، هیشتا هەموومان ئەندامی حیزبیکین کە دەبی روژ بە روژ بەهیزتر بیت و بەهیزتر دەرکەویت .

بریا ئیمکانی دیدار و قسەوباسی راستەوخوی دوور و دریژمان هەبووایە. بە ئومیدی دیدار. ئەملاوئەولاتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم .

٩٦/٦/٢٧

وەرگیرانی: سەعید ئەحمەد



# رووداوە گەورەکان و ئینسانە بچووکەکان

**لەپەراویزی قسەکانی ئەم دواییەی عبداللەی مهتدیدا**

بەداخەوە وادەرئەکەویکە جەنابیعبداللەیمهتدیسەرەنجام لە رووداوەکانیشەش سالیپیشوویناو حزبیکومونیستیئیران کە بووە مایەیجیابوونەوەیئیمە بەسلامەتیدەرنەچووە. گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەو دەورانە، بو هەمووماندەورانیکیدژوار بوو. هەم بو ئیمە، هەم بو ئەو کەسانەیکە لەو ریکخراوەیەدا مانەوە، هەم بو ئەو کەسانەش کە هەر لەبنەرەتەوە ریگایەکیتریان گرتە بەر. بەلام زوربەیهەرە زوریئەو سەدان هەلسووراوە سیاسی‌یە لەماوەیچەند سالیرابردوودا سەرەنجام ریگایخویان دوزی‌یەوەو ئەو ئالوگورو جیابوونەوانەیان وەکو قوناغو دەورەیەک لەژیانیخویان سەیرکردو تی‌یان پەراند. بەلام بەداخەوە وادیارە جەنابیموهتەدیهەرلەویدا کەوتو مایەوە .

درونامەکەیئەخیریئەو لەدژیمنو حزبیکومونیستیکریکاری‌و درو هەلبەستنە سەرسام کەرەکانیلەبارەیمیژوویحزبیکومونیستیئیرانەوە، هەرچەند لەروویزمان پیسی‌یەوە هەنگاویکیگەورەیە کە ئەو لەماوەیئەم چەند سالەدا هەلیگرتووە، بەلام لەرووی‌ناوەروکەوە تازە نی‌یە. ئەمە تەنها هەنگاویکیترە بەو ئاقارەدا کە ئەو لە شەش سال بەرلەئیستاوە گرتی‌یە بەر. هەر ئەوکاتە هەندیقسەیلەم بابەتەیکردو هەرئەوکاتەش وەلامیوەرگرتەوە. وە هەرلەبەر هەست کردن بە مەیلیئەوو چەند کەسیکیتر بو ئەم جورە جموجولە غەیرە سیاسی‌و ئیفترا دروستکردنانە بوو کە منو هاوری‌یانیتریمەکتەبیسیاسی، سەرباریئەوەیکە رامان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەیاند دەمانەوی‌لە حزبی‌کومونیستی‌ئیران جیاببینەوە، بەلام تا کوتایی‌پلنیومی‌بیست‌و یەکەم لە رابەرایەتی‌ئەو حزبەدا ماینەوە بوئەوەی‌ئەم شیوازانە لەکاتی‌جیابوونەوەدا مەیدان پەیدا نەکەن. هەرکەسیک نووسراوەکەی‌ئەمروی‌جەنابی‌موهتەدی‌بخوینیتەوە دەتوانی‌ئەو بینیتە بەرچاوی‌خوی‌کە ئەم جورە قسانە لە کەش‌وهەوایەکی‌قوتبیی‌و لە ریکخراویکی‌گەورەو چەکداردا دەیتوانی‌چ ئاکامیکی‌ترسناکی‌لی‌بکەویتەوە . ئەوەی‌کە ئەو ریکخراوە بەو فەرهەنگە سیاسیيە بەرزەوە ئەو جیابوونەوەیەی‌عەمەلی‌کردەوە، گەواهي‌نامەی‌شانازيیە بو هەموو هەلسووراوانی‌ئەو حزبە. جەنابی‌موهتەدی‌هیچ کاتیک ئەو فەرهەنگەی‌دەرک نەکرد .

بوچی‌لایەنگری‌پیشووی‌ئیمە، هاوريی‌پیشووی‌ئیمە، کەسیک کە حەزی‌ئەکرد خوی‌بە داکوکي‌کەری‌خەت‌و باسی‌کومونیزمی‌کریکاری‌ناوبەریت، کەسیک کە تا دوا ساتی‌جیابوونەوەی‌ئیمە، نانووس کردنی‌خوی‌لە فراکسیونی‌کومونیزمی‌کریکاريی‌دا دەدا بەگويی‌ئەم‌وئەودا، کەسیک کە بەدریژایی‌هەشت سال لە هیچ کوبوونەوەیەکدا تەنانەت یەک کەلیمەشی‌لەدژی‌ئیمە نەوتووە، کەسیک کە لەو حزبەدا دەنگی‌لەدژی‌هیچ پیشنیارو تەرحیکي‌ئیمە نەداوە، کەسیک کە پلنیوم لەدوای‌پلنیوم، تەنانەت دوای‌راگەیاندنی‌نییەتی‌ئیمە بو جیابوونەوە، دەنگی‌بە "شەخسی‌منصور حکمت" داوە بو رابەرایەتی‌ئەو حزبە، ئەمرو ئاوا بەم شیوە هیستریک‌و ناشرینە قسە بەئیمەو ئەو دەورانە دەکات؟ بادانەوە بەلای‌راستدا، دلراگرتنی‌بالی‌راستی‌بەجي‌ماو لەکومەلەی‌پاش جیابوونەوە، تەمەلوق‌و ماستاوکردن بو مام جەلالەکان‌و هەولدان بو لي‌بووردن لە بارەگای‌ناسیونالیزمی‌کورددا، "خوئامادەکردن" بو هەلبژادنی‌کومیتەی‌ناوەندی‌لە کونگرەدا؟ زور باشە، هەموو ئەمانە بەجيی‌خویان. بەلام لەقسەکانی‌جەنابی‌موهتەديدا پەیامیک لەپشتی‌ئەمانەوەیە. ئەم مەفاهیمانە مانایەکی‌لەئەندازە بەدەر



سیاسی‌دەبەخشنە کردەوەکانی‌ئەمروی‌جەنابی‌موهتەدي، ئەویش ئەوەیە کە نووسراوەکەی‌جەنابی‌موهتەدی‌لەبنەرەتدا راگەیاندنیکە سەبارەت بە هەرەسهینانیکی‌شەخسيي. رەنگە عبداللەی‌موهتەدی‌تەنها کەسیک بیت کە توانی‌لەئالوگورو جیابوونەوەکانی‌ناو حزبی‌کومونیستی‌ئیران تراژیدیایەکی‌شەخسی‌بوخوی‌دابتاشي. بەداخەوە، وادەرئەکەویت کە پروسەی‌جیابوونەوە سەرباری‌ئەو هەموو هەولەی‌هەمووان، سەرەنجام بي‌قورباني‌دان نەبوو .

بادانەوەی‌سیاسی‌شتیکی‌سەمەرە نيیە. لەجیهانی‌سیاسەتدا زوریک بادەدەنەوە. هەندیکیان لەرووی‌بەرژەوەندی خوازيی‌و حیساب کردنی‌سوودو زیانەوە، هەندیکیان لەرووی‌دەرک کردنی‌حەقیقەتی‌تازەوە یان ئەوەی‌خویان پيیان وایە حەقیقەتی‌تازەیە. بەلام ئەم حالەتەی‌جەنابی‌موهتەدي، بادانەوەی‌سیاسی‌نيیە. ئەم ئیدعایەی‌کە گوایەی‌جەنابی‌موهتەدی‌ئەمرو بەوە گەیشتووە کە بو ماوەی‌هەشت سال فریوی‌منصور حکمتی‌خواردبوو و ببووە پەیژەی‌سەرکەوتنی‌ئەوو ئەمرو تور دراوە، نە لیکدانەوەیەکی‌سیاسيیەو نەجدیيە. خوشیان باوەریان پيی‌نيیە. چەندین جار هەر خودی‌ئەم جەنابانە وەلامی‌ئەم قسە پروپووچانەیان بە ئاخوندە خەلکيیەکان‌و پاسدارانی‌دژی‌خەلکی‌لەکوردستان داوەتەوە. وەتازە، لە هیچ شوینیک ئاماژە بو ئەوە ناکەن کە سەرەنجام کەی‌لە کەرویشکە خەویان راپەرین، چون لەخەو هەستان‌و سەرەنجام لە چ وەختیکەوە ئیتر مەسئولییەتی‌کارو کردەوەکانی‌خویان دەگرنە ئەستو. بوچی‌دەبی‌گویگری‌جەنابی‌موهتەدي، دوای‌ئەم ئیعترافەی‌ئەو بە گیلي‌و شوین کەوتنی‌سیاسی‌کویرانە، دەبی‌جوریک ئیحترام بو ئەوو بیروباوەرەکەی‌دابنیت‌و بییەویت "بلاوکراوە تیوري"یەکەی‌بخوینیتەوە؟ نەخیر، ئەمە بیروباوەری‌واقعيی‌خودی‌جەنابی‌موهتەدیش نيیە، بەلام هەرئەوەی‌کە ئەو ئامادەیە ئاوا خوی‌بە بەرچاوی‌هەمووانەوە سووک بکات، حەقیقەتیکی‌بنەرەتي‌تر لەبارەی‌کاری‌ئەمرویەوە بەیان دەکات .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیاوازيیەکیبنەرەتیلەنیوان بادانەوەیسیاسيو توبەکردندا هەیە . بادانەوەیسیاسیخالیدەستپیکردنیحەرەکەتیکە. ئامادەییینیشاندانە بو هەنگاو هەلگرتن بە ریرەویکیتردا. بەلام توبە، خالیکوتاییریچکەیەکە . راگەیاندنیشکستو تەسلیم بوونە. ئەوەیکەسیکیتوبە کردوو ئەیخاتە سەر زماني، نە بو خودیئەوو نە بو ئەو کەسەیداوایتوبەیلیکردووەو نە بو تەماشاکەران، حەقیقەتیکينيیە، دەزانن حەقیقەتينيیە، پیویست ناکات هەیبیت، قەرار نيیە هەیبیت. توبەکردن راگەیاندنیووردبوونیشەخسییەتو ئیرادەیئەو کەسەیە. وە دەبیهەر ئەمەش نیشانیهەموان بدات . سووکایەتیکردن بە موقەددەساتیپیشوویخوت، بەهاوريیانیپیشوویخوت، گالتەکردن بە ئیفتخاراتو دەسکەوتەکانیپیشوویخوت، ژیرپينانیپرەنسیپەکانیپیشوویخوتو ئینکاریکردنیبيشەرمانەیحەقیقەتە زیندووەکانیبەرچاویخوت، هەموو ئەمانە بریارە ئەم ووردبوونە نمایش بکەن . ناوەروکیباسەکەیجەنابیمەهتەدیپووچە، هەروەک خودیخویشیکاریکیبە ناکوکيیسەرسورهینەریقسەکانیئەمرویلەگەل میژوویەکینووسراودا نيیە .ئەوەیکە ئەم قسانەیسەدو هەشتا پلە بەپیچەوانەیقسە رەسميیەکانیپیشوویخویەوەیەتیئازارینادات. ئەو بەپیچەوانەوە خەریکە ئەمە رادەگەیەني: "هیچ شەرم ناکەم، من رویشتووم، ئیتر هەموو شتیک ئەشیبلیم، ئیتر هەموو کاریک ئەشیبکەم ".

چ کەسیک داوایئەم تەسلیم بوونو حەقارەتەیلەو کردووە؟ چ هیزیک، چ فاکتەریک، چ پیداویستيیەک، ئەویئاوا ناچار بە دەربرینیپەشیمانیکردووە؟ نە بزووتنەوەیناسیونالیستییکوردو نە چەپیخەلکيیئیران هیچ کامیان ئەم تاقیکردنەوە دەردناکەیان بو قبوولکردنیئەو لە مەحفەلەکەیاندا دانەنابوو. تەنانەت ئەگەر واش بووایە دەکرا بپرسین بوچیئەو ئامادە بووە ئەم بەهایە بدات. ئەو دەیتوانیچەپتر بووایە، بەئەدەبتر بووایە، بەئینسافتر بووایە، راستگوتر بووایە،



بەرەوشتتر بووایە، بەپرەنسیپتر بووایەو بەهویخەتیسیاسیخویەوە لایەنگرییینەتەوەچيیە کوردەکانیبولایخویرابکیشایە، لە یەکیتیچەپیکریکاريشدا خویناونوس بکاتو بو کومیتەیناوەندییریکخراوەکەیخوشیهەلبژیردرایە. بروا ناکەم هیچ بزووتنەوەیەک، هەرچەندیک بورژواييو عەشایەريو دواکەوتووش بیت، پيیخوش بیت کە شەخسییەتو رابەرانیخویان دوستو هاوپەیمانانیخویلەنیو شکست خواردووەکان، فریو خواردووەکانو توبە کردووەکاندا هەلبژیریت .لەروویسیاسيیەوە جەنابیموهتەدینە ناچار بووەو ناپیویستیبەوە بووە کە ئەم روژەیبەسەردا بیت. مەگەر چەند کەسیتر لەبەشداربووانیئەو میژووە دە سالەیەدا هەیە کە ئامادەبن بو دلخوش کردنیئەمو ئەو یان بەدەستهینانیئەم یان ئەو بەرژەوەندیسیاسيو ریکخراوەییئارەزومەندانە ئەو سالانەو ئەو پراتیکەو تەنانەت ناسنامەیسیاسیخویان لەماوەیدەیەیەکدا بخەنە ژیرپيوە؟ نەخیر، ئەمە ئیتر هەلبژاردنیکیشەخسيیە. لەناخەوە هەلدەقوولي. ناکریئەمە بخریتە ئەستویسیاسەت. ناکریئەمە بخریتە ئەستویجەلال تالەبانيو راە کارگەر و عومەریئیلخانيزادە .

لەوەلام بە دروکانیجەنابیموهتەدیسەبارەت بە میژوو و پەیوەنديیەکانو هەلسووراوانیحزبیکومونیستو کومەلەیئەو کاتە، هاوريیانیکیتر وەلامیشایستەیان داوەتەوە. ئەو "بیرەوەري"یە هەلبەستراوانەیکە لەوسەردەمەیدەگیریتەوە، تەنانەت شایستەیبەدروخستنەوەش نین. لەوەلامیش بە هەموو جنیوو ئیفترا شخسيیەکانیئەو بە من، تەنها لە یەک رستەدا رایخوم لەسەر ئەو دەلیم .تەنانەت ئەو روژەش کە جەنابیموهتەدیلەم بەریپەرژینەکەوە بوو و ئیدعایئەوەیدەکرد کە هاوبیریئیمەیە، نە ئەوم بە کەسیکیقوولو پرمایە زانیووەو نە زەررەیەکیش لەسەر ئەوو ئینتمایئەو بو ئەم ریزە حیسابم دەکرد. جموجولەکانی ئەو لەوبەریپەرژینەکەشەوە مایەیدلخوشيیەکیزیاتر نيیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەلەیەکیگەورە دەبیبو حزبیکومونیستیکریکاريیئیران ئەگەر لە ئیمکاناتەکانیباندە رەشو کوتەک بەدەستەکانینەتەنها راستیکونەپەرست بەلکو "چەپ"یناسیونالیستیش لەدژیکومونیزمیکریکاریغافل ببیت . جموجولەکانیئەخیریعبداللەیموهتەدیلەبنەرەتدا دەبیلەم چوارچیوەیەدا دەرک بکریت. ئەو دەیەویت لەدژیئیمە حزبینەفرەت دروست بکات. بيشک دەبیناویبخریتە نیو لیستیئەوانەیکە زووتر دەستیان پرکردووەو لەویش وەستا ترن .

**رسواییسیاسییان کوتوبەندیدبلوماسي، دیسانەوە دەربارەیناوەروکیباسەکە**

خاسییەتیهاتنە خوارەوەیئاستینووسراوەکانیجەنابیموهتەدیبو خویهەرشتیک بیت، بو ریکخراوەکەیئەو بریارە ئەوە بیت کە باسیراست رەوییسیاسيیان لەکوردستانیعیراقو دوستایەتيیان لەگەل هیزە کونەپەرستەکانیناوچەکەدا بشاریتەوە. ئەم رەخنەیە هیشتا لەجیگایخویەتيو ئەو پرسیارانەیخرابوونە گور هەروا بەبیوەلام ماونەتەوە .

بەرلە هەرشتیک دەبیبەروشنيو بەسادەییئەوە بلیم کە دوور کردنەوەیریکخراوە سیاسيیە ئوپوزسیونە ئیرانيیەکان لە کونەپەرستییناوچەکە، خواستیکیئاشکراو سیاسەتیکیراگەیەنراویهەردوو حزبیکومونیستیکریکاريیئیرانو عیراقە. ئەمە سیاسەتیکیرەواو شورشگیرانەو سروشتیئیمەیە. هەرچەندیک جەنابیموهتەديو کەسانیوەکو ئەو هاتوهاوار بکەن، خەلک هان بدەنو پیلانگیرییبکەن، ناتوانن بەقەد سەرە دەرزيیەک حەقانییەتیئەم خواستە لەکەدار بکەنو پيداگرتنیئیمە لەسەر ئەم سیاسەتە کەم بکەنەوە. ریگە بدەن دیمەنیکیهاوتایئەمە بیننە بەرچاویخومان، رەنگە نیشاندانیئەبعادە واقعيیەکانیئەم گريیە سادەتر بکاتەوە. بیهیننە بەرچاوتان، هەروەکو



چون بەکردەوە دەرهات، ریکخراویرزگاریبەخشیفەلەستین دوایهاتنەسەرکاریخومەینیلەگەل دەولەتو رەوتیئیسلامیلە ئیران نزیاکەیەتیبکات .بەرەسمیرژیمیئیسلامیوەکو بەرهەمیرەوایشورشیخەلک بەرەسمیبناسیت .لایەنگرییلە دەسەلاتداریتیرژیمیئیسلامیبکاتو لە تاران بنکە بکاتەوە .وا بیننە بەرچاوتان کە ئەم ریکخراوە سەرەرایبینینیسەرکوتو دەستگیريیەکانو دواتریش ئیعدامە بەکومەلەکانیخەلکیشورشگیریدوای ٣٠یخورداد ، نەتەنها نارەزایەتیدەرنەبريو پەیوەندیخوینەپچریني، بەلکو هەرچیزیاتر لایەنگرییلە رژیمیئیسلامیبکاتو دیسانەوە ئەو بە حکومەتیرەوایئیران ناوبەریت. هەرئەمەندە، نەتەنها حەق دەدات بە کومونیستیفەلەستینییان ئیرانیکە پەردە لەروویئەم پەیوەنديیە هەلمالیو داوا بکات کە حەقانییەتیخواستیرزگارییخەلکیفەلەستین نەکریتە بەلگەیپاساوکردنیرژیمیکیکونەپەرستو، داوا بکات کە ریکخراویرزگاری بەخش دەست لە هەلپەرستيیخویهەلگري، دەست لە پشتیوانییسیاسیخویلەم رژیمە هەلگريو بیتە پال شورشگیران لە ئیران، بەلکو ئەمە دەکاتە ئەرکیئەوان .ئیستا وایدابنیین کە ((پي. ئیل. ئو)) هەربەمە نەوەستيو دەست بکات بە راگەیاندن دەرکردن لەدژیپەیکارو فیدایی، ئەوان بە دارودەستەیئەمو ئەو ناوبەریت، رابگەیەنیکە ئەمانە "هیز نین"، "فریویان خواردووە"، نارەزایەتينامە بنوسيو بلیکە فلانە ووتاریپەیکارو رەزمەندگان سەربارەت بە پەردەهەلمالین لەروویحالەتیکیدیاریکراو لە پشتیوانییماددی((پي. ئیل. ئو)) لە رژیمیئیسلامیبەفەرمانیبیگانەو بەمەبەستیجاسووسيو هاندانیعەرەبستانیسعودیبووە، کە وایدابنیین ئیمکاناتیک دەدات بە ((پي. ئیل. ئو)). دەبیچیبە جەماعەتیکیبەمجورە بليي؟ گومانیتیدا نيیە کە بو ریکخراوە کومونیستەکانیئیرانو فەلەستین هیچ شتیک لە رەخنەو رسواکردنیجدییئەم شیوازە ئوپورتونیستيیە رەواتر نيیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم حالەتەی ریکخراوەکەی جەنابی موهتەدی لە مەیدانی کوردستانی عیراقدا تەنانەت لەم نموونە گریمانی یەش شورەیی ترو رسواترە. دەلیم نموونەی گریمانی، چونکە ((پی. ئیل. ئو)) لەدنیای واقعیدا هەرگیز تائەم ئاستە خوی سووک نەکرد. وە دەلیم رسواتر، لەو رووەوە کە ریکخراوەکەی جەنابی موهتەدی بەم ئەبعادە دیاریکراوو مەحدودەوە، بی ئەوەی سەد لە هەزاری ((پی. ئیل. ئو)) پیویستی ماددیی و دارایی و دبلوماسی هەبیت و بو دریژەپیدانی هەلسوورانی خوی پیویستی بەوە بیت کە خوی لەگەل "هیزە"کاندا بسازینی، بەسادەیی و ئارەزوومەندانە خوی خستوتە ئەم هەلدیرەوەو وادیارە نەتەنها دزیوی یەک لەم کارەدا نابینی، بەلکو ئەمە بە بەلگەی پایگای کومەلایەتی و بەهیزیی خوی دەزانی .

جەنابی موهتەدی لە هەر کوی یەک بەکەلکی بیت رادەگەیەنی کە لە سالی ۹۱دا لە کوردستان "شورشیک" بەرپا بووە (هەرچەندە سەبارەت بە چارەنووسی دواتری ئەم شورشە بو ماوەی ٥ سال بی دەنگی یەکی گەورە دەکات .(شورشی ۹۱ی کوردستان، زور باشە. بەلام جیگای سەرسورمانە کە ئەم جەنابانە لە شورشی کوردستاندا بریاریان داوە بچنە پال خومەینی یەکان و پەنجە لە پەیکارو فیدایی و رەزمەندگانی کوردستان رابووەشینن. ئیمە پرسیارمان کردووە کە ئەگەر لە کوردستان شورش کراوە (وە تەنانەت ئەگەر نەشکراوە) لەسەر چ ئەساسیک حزبە میللي- عەشیرەتی یەکانی کورد وەکو دەسەلاتدارانی مەشروعی کومەلگا قبوول دەکەن و جاریان بو دەدەن؟ بوچی لەبەرامبەر هیرش کردنیان بو سەر ماف و حورمەت و ژیانی خەلکیدا بی دەنگن و لای هەموو دنیا پوز بە دوستایەتی یەکەتانەوە لی ئەدەن؟ بوچی یەک کەلیمە، تەنانەت یەک کەلیمە، لەبەرامبەر تیروری ژنان لە رژیمەکەی ئەواندا، دەستگیری و شکەنجەدان و هەندی جار کوشتنی کریکارانی نارازی و کومونیستەکان لەلایەن ئەوانەوە، دەسبازیی ئاشکرای ئەوان لەگەل کونەپەرستیی ئیسلامی لەدژی خەلک و بەتایبەت کومونیستەکان، سانسور کردنی بلاوکراوە کومونیستی یەکان، باج خوری یەکانیان لە خەلک و شەری کونەپەرستانەیان لەگەل یەکتر داو سیاسەتی خەلکی بەبال بەستکراوی و بی ئومیدی تەسلیم بەعیراق کردنیان، قسە ناکەن و لەبەرامبەردا بە بچووکترین بەهانە لەدژی حزبی کومونیستی کریکاری ی عیراق پروپاگەندە دەکەن؟ چون لەبەردەم بارەگای یەکیتی تالەبانی و پارتی بارزانی "میوان"ن و بەئەدەب، وە لەبەردەم حزبی کومونیستی کریکاری ی عیراق خاوەن مال و جنیوفروش؟ رەخنەی ئیمە لەم کارکردە لەرادەبەدەر راستڕەوانەو ئەم جیگاوشوینە غەیرە قابیلی دیفاعە، رەخنەیەکی سیاسی جدی و بەتەواوی مەشروعە .وەلامی ئەم رەخنەیە، جنیودان بە حزبی کومونیستی کریکاری و منصور حکمت و سەدان هاوری ی دوینیتان نی یە. کوبوونەوە بگرن، هاوبیری بکەن و سیاسەتیکی دروستتر بگرنە بەر. هیچ عەیب نی یە؟

کاتیک ئیمە نارەزایەتی لەم ئوپورتونیزمە سیاسی یە ئاشکرایە لە ساحەی سیاسی کوردستانی عیراق و ئەم پشتیوانی یە لە حزبە کونەپەرستەکانی کورد دەرئەبرین، ئەم جەنابانە خویان گیل ئەکەن و لەجیاتی ئەمە بەتاسەوە دەکەونە قسەکردن لە سوودەکانی پەیوەندی یان لەگەل دەولەتی عیراقدا. زور جیگای سەرنجە کە نە جەنابی ئیلخانی زادەو نە جەنابی موهتەدی، کە بەپیویستی زانیووە دەستیک بەوتارەکەی جەنابی ئیلخانی زادەدا بهینیت و بیرازینیتەوە، بەهیچ جوریک خویان لەقەرەی شیوەی هەلویستی غەیرە قابیلی دیفاعیان لەبەرامبەر حزبە میللي- عەشیرەتی یەکانی کورد نادەن. بەتەواوی بی دەنگی لەم مەسەلەیە ئەکەن و وانیشان دەدەن کە گوایە رووی رەخنەکە تەنهاو تەنها لە پەیوەندی یان لەگەل عیرَاقدایە. ئەم مانورە دوو هوی سەرەکی هەیە . هوی یەکەم بەتەواوی سیاسی یەو بەلگەیەکی تری ناسنامەی راست و ناسیونالیستی ئەم رەوتەیە. ئەمانە دوستایەتی و هاوریبازی یان لەگەل حزبە کونەپەرستەکانی کورددا بە نەنگ نازانن، لەکاتیکدا ئەوەی کە بەرای خوشیان بە "خالی لاواز"یان دەژمیردریت و دەبی روونی بکەنەوە پەیوەندی یانە لەگەل




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەولەتیعیراقدا. حزبە کوردەکان هەرچییەک بن بە کومەلە رەوتیکینیو بزووتنەوەیمیللیو "خویی" لەقەلەم دەدرین، لەکاتیکدا کە عیراق دەولەتیکی"بیگانە"یە کە سەرباریهەموو شتیک دوژمنیکیراستەوخوو ستراتیجیی‌ئەم بزووتنەوە خوییەشە. بو رەوتیک کە خویبەبەشیک لە هەمان بزووتنەوە دادەنیبوونیپەیوەندیلەگەل حزبە میللییەکانیکورداو تەئییدکردنیئەم حزبانە، لەروانگەیئەوانەوە نە نەنگەو نە پیویستیبە روونکردنەوە هەیە. ئەم هاورییەتییە لایئەوان بە مەسەلەیەکیدراوو بەلگەنەویستو سروشتیدەژمیردریت. بەلام پەیوەندیلەگەل دەولەتیکیبیگانەو دوژمندا، ئەو شتەیە کە لەم بووتنەوەیەدا دەتوانیببیتە مایەیپرسیارو دەبیوەلامیپیبدریتەوە. ئەمە بناغەیبیرکردنەوەیئەوانە. دووەم، لەباسیپەیوەست بە پەیوەندیلەگەل عیراقدا هەست بە بروابەخوبوونیکیزیاتر دەکەن، چونکە بە قەولیخویان دەتوانن بەلگەیئەوە بهیننەوە کە رابەرایەتیئەو کاتەیحزبیکومونیستو "شەخسیمنصور حکمت"، پیشتر لەو حزبەدا تەئییدیبەرقەرارکردنیپەیوەندییان کردبوو لەگەل عیراقدا، لەکاتیکدا کە لەبەرامبەر حزبە کوردەکاندا بەهانەیەکیبەم جورەیان نییە. نەتەنها بەلگەنامەکانیدژایەتیکردنیجدییئیمە لەگەل تەئییدکردنیئەم حزبانەیناو ساحەیکوردستان هەر لەسەرەتایهاتنەسەرکاریانەوە بە ئاشکرا بلاوبووەتەوە، بەلکو دەورانیهاوپشتیئاشکرایریکخراوەکەیجەنابیموهتەدیلەگەل ئەم حزبانەدا لەبنەرەتدا لەدوایجیابوونەوەیئیمەوە دەست پیدەکاتو ئەم راسترەوییە ناکریبە "تەئیید کردنیمنصور حکمت" پاساو بکري. بویە لە ئەنجامدا مەسەلەکە دائەشکینن. خویان لەباس دەربارەیلایەنە سیاسیو میحوەرییەکە، واتە ناسیونالیزمو راسترەویلە ساحەیکوردستاندا، دەدزنەوە. وا نیشان دەدەن کە گوایا تاوانیپاشکویەتیبو عیراق دراوەتە پالیانو لەبەرامبەردا، فورمولە کلیشەییو ستوکو سواوەکانیبالیراستیدە سال پیش ئیستایئەو حزبە لەبارەیلایەنە ئیجابییەکانیپەیوەندیلەگەل عیراق بو "خەباتیچەکدارانە"و "هەبوونیرادیو" دووبارە دەکەنەوە .



ریگە بدەن بو بەرگرتن لە لیل بوونیباسەکە جاریکیتر لیرەدا چوارچیوەیباسەکە بە روشنيو بەکورتیباس بکەین. تا ئەو جیگایەیکە دەگەریتەوە بو پەیوەندیکومەلەیئەمرو لەگەل دەولەتیعیراقدا، ئیمە قسەیەکمان لە پاشکویەتیسیاسییئەوان نەکردووە. بەپیچەوانەوە، من لە نووسراوەکەیئەنتەرناسیونالدا ئەوەم راگەیاندووە کە ئەمە تەنها پەیوەندییەکیسەوداگەرانەو بازرگانییە. ئەم دوستانە خوشیان خەریکن ئەمە بەروشنیدەلین. لە عیراق ئیمکاناتیماددیو نیشتەجیبوون وەردەگرن، بو هەلسوورانیان پیویستییان بەم ئیمکاناتە هەیەو ئامادەشن بەها سیاسییەکەشیبدەن. ئەوەیکە من لەو نووسراوەیەدا ووتم، وە باسیکیتازەش نییە کە پیشتر لە ریزەکانیخودیحزبیکومونیستیئیراندا نەکرابیت، ئەوەیە کە ئەم بەها سیاسییە روژبەروژ گرانتر بووە. عەقلیسلیم، وە یەک زەررە دەرک کردنیراستییە سیاسییەکانیسالەکانیئەم دواییە لە عیراقو کوردستاندا، حوکم دەکات کە ئیتر ئەم معاملەیە هەلبووەشیتەوە .وەرگرتنیئیمکانات لەعیراق لەسەرەتایکارەوە لەگەل سەربەخوییئیرادەیکومەلەدا ناکوک نەبوو. بەلام هەنگاو بەهەنگاو، بەدریژاییچەند قوناغیکو دوابەدوایچەند وەرچەرخانیک، بەتەواویوایلیهات. وە ئەمە شتیکیتازە نییە. هەر لەکاتیئیمەدا وایلیهاتبوو. ئەو مەحدودییەتانەیکە لەم هەلومەرجەوە سەرچاوەیان گرتبوو بو هەمووماں لە ناوەندییئەو حزبەدا، چ ئەوانەیکە ئەلتەرنەتیڤیکیان بەدینەئەکردو چ ئەوانەیکەبەشوین ریگایەکەوە بوون بو دەرباز بوون لەم پەیوەندییە، زور تالو ئازار بەخش بوو. لەوە دلنیا نیم تەنانەت کەسانیکیوەکو جەنابیموهتەدیو ئیلخانیزادە کە بەبەرچاویخەلکییەوە شانازیش بەم پەیوەندییەوە ئەکەنو ئەمە بە بەلگەیپایگایخویان لەنیو "خەلک"دا دادەنین، ئەگەر ئەمرو بیانەویت لەسەرەتاوە دەست پیبکەنەوە ئاخو بەم سادەییە خویان ئەخەنە ناو پەیوەندییەکیبەمجورەو لەم ئاستەدا .

رەوتیلەدەستدانیسەربەخوییئیرادەیسیاسیرەوتیکیماددیو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حاشاهەلنەگر بوو. ئەم رەوتە بە پاشەکشێیناوەندیی‌ئیمە بو ناوخاکی‌عیراق دەستی‌پێکردو بە بومبارانی‌کیمایایی‌هەلەبجەو دواتر ئوردوگای‌خومان لەلایەن عیراقەوەو دواتر ئاوارەیی‌خەلکی‌کوردستانی‌عیراق لەدوای‌شەری‌خەلیج گەیشتە ئەوپەری‌خوي. لیرەدا ئیتر ئەوە روون بوو کە دەبی‌چاو بەپەیوەندی‌لەگەل عیراقدا بخشینریتەوە. ئەم پەیوەندێیە لە چەند خالیکی‌وەرچەرخانی‌چارەنووس ساز لەمیژووی‌خەلکی‌کوردستاندا بێدەنگ بوونیکی‌مەرگبارو زیانباری‌بەسەر ئیمەدا سەپاندبوو و لەرووی‌سیاسێیەوە ئیتر نەدەکرا دریژەی‌پێبدریت. کاتیک ئەم حەقیقەتانە بو ئەم جەنابانە دەلێي، لەپشتی‌ئەم رستەیەدا سەنگەر دەگرن کە "منصور حکمت‌یش ئەم پەیوەندێیەی‌تەئیید کردبوو". من لەسالی٦١ داو بەرلە پیکهینانی‌حزب نەک هەر چەک وەرگرتنی‌کومەلەم لەعیراق تەئیید کردبوو بەلکو هانیشم دابوو .

بەلام ناکوکی‌لەسەر مەسەلەی‌پەیوەندی‌لەگەل عیراقدا، لە برگەی‌ئاشتی‌ئیران‌و عیراق‌و ئاسوی‌پال پیوەنانمان بو ناو ناوچەکانی‌قولایی‌عیراق‌دا دەست پێدەکات. کەسیک کە وەکو جەنابی‌موهتەدی‌بییەویت ئەم قلشت‌و بینەوبەردە گەرمەی‌دواتر لەنیو حزب لەسەر ئەم مەسەلەیە حاشا بکات، تەنها خەریکە خوی‌دەکاتە گالتەجار .

بەلگەنامەکانی‌ئەم قسەوباس‌و بینەوبەردانە زورەو هەندیکیان هەر ئەو کاتە بە ئاشکرا بلاوبوونەوە. قسەکانی‌خودی‌جەنابی‌موهتەدی‌لە پلنیومی‌شانزەهەمدا کە بەدەستمانەوەیە بلاوێبکەینەوە، نموونەیەکی‌بچووکی‌ئەم بەلگەنامانەیە. پیشتریش ووتوومەو دیسانەوەش تەئکیدی‌لێئەکەمەوە، من مەسئولییەتی‌سیاسەتە رەسمێیەکانی‌حزب تا ئەوکاتەی‌کە لەرابەرایەتی‌ئەو ریکخراوەیەدا بووم، واتە لە کونگرەی‌دامەزرینەرەوە تا ساتەوەختی‌جیابوونەوە، لەئەستو دەگرم. ئیمە لە هیچ برگەیەکدا لەو حزبەدا پەیوەندی‌پچراندنمان لەگەل عیراقدا تەرح‌و پەسەند نەکرد. لەو هەلومەرجەداو بەو پیکهاتە تەشکیلاتێو شیوازی‌هەلسوورانەوە، جیبەجێکردنی‌کتوپری‌بریاریکی‌بەم جورە دەیتوانی‌ببیتە مایەی‌تراژیدیایەکی‌ئینسانی‌مەزن .



لەدەستدانی‌ئیمکاناتی‌جیگیربوون‌و ئیمکاناتی‌ماددی‌تەنها لایەنیکی‌مەسەلەکە بوو، فاکتەریکی‌گرنگتر ئەوە بوو کە پچرینی‌پەیوەندی‌لەگەل عیراقدا دەیتوانی‌ببیتە مایەی‌هەندی‌کردەوەی‌تولەسینانە کە ئیمە لەبەرامبەریدا ئەگەر بێدیفاع نەبووینایە، لانی‌کەم زور بەئاسانی‌موعەررەز بووین بو زەربە خواردن. لەبەرئەمە ئەم دەروازەیە یەکسەر بەرووماندا کراوە نەبوو. بەلام لەگەل ئەمەشدا میژووی‌ئەو دەورەیە شاهیدی‌بەرامبەرکێی‌توندی‌دوو رەوتە: لە لایەکەوە ئیمە کە دەمانەویست کادرو ئیمکاناتەکان هەرچی‌زووتر لەژیر کونترولی‌عیراق دەربکەین، موعەررەز بوونمان بو زەربە خواردن لەبەرامبەر عیراقدا کەم بکەینەوە، شیوازی‌کاری‌تەشکیلات بگورین‌و کوتایی‌بینین بەم دەست‌و پێبەستراوەیێیە عەمەلێیە نەخوازراوە، وە لەوبەرەوە ئەو کەسانەی‌کە ریک بە لیکدانەوەی‌ساختەی‌لەچەشنی‌قسەکانی‌ئەمروی‌موهتەدی‌دەربارەی"خەباتی‌چەکدارانە"و بواری‌کەلک وەرگرتن لە "کیشمەکیشی‌دەولەتانی‌ناوچەکە" بەریان بەم رەوتە دەگرت. سەیر لەوەدایە کە عبداللەی‌مهتدی‌لەو دەورەیەدا لە ریزی‌ئیمەدا بوو، نەک هەر ئەمە بەلکو بو دەورەیەک مەسئولی‌پروژەی‌ناردنەدەرەوەی‌هەلسووراوانی‌حزب بوو بو ئەوروپا (وازهینان لە "خەباتی‌چەکدارانە"؟). هەرچونیک بیت، ئیمە سەرکەوتین. تا رادەیەک هەرلەو حزبەداو دواتریش بەجیابوونەوە، بەشی‌هەرەزوری‌ئەو ئیمکانات‌و ئەو کادرانەمان لەژیر کونترولی‌عیراق هینایە دەرەوە. بیگومان هەندیک ئیمکاناتمان لەدەست‌دا کە بو وەدەستهینانەوەیان دەبی‌زور تێبکوشین. بەلام لەنیو خەلکی‌کوردستاندا وەکو حزبیک‌و بزووتنەوەیەک دەیان بەرامبەر بەهیزتر دەرکەوتین. بزووتنەوەیەک کە ئیتر ناچار نەبوو بێدەنگی‌بکات‌و توانی‌بەبەرچاوی‌هەموو کونەپەرستانەوە، لەدەولەتی‌عیراقەوە تا حزبە کونەپەرستەکانی‌کوردستان، وەکو قسەکەرو داکوکێکەری‌سەرسەختی‌کومونیزم‌و مافەکانی‌خەلکێکوردستان دەربکەویت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەم پێیە تا ئەو جیگایەی‌کە دەگەریتەوە بو عیراق مەسەلەکە روشنە .باس لەسەر لایەنگری‌کردن یان بەدروخستنەوەی‌وەرگرتنی‌ئیمکانات نیيە لەعیراق لەو دەورەیەدا. بەلکو لەسەر تەشخیص کردنی‌ئەوەیە کە بەهای‌سیاسی‌ئەم ئیمکانات وەرگرتنە لەماوەی‌چەند قوناغیکی‌دیاریکراودا کە لە ئەنتەرناسیونال-دا باسم کردوون تا هاتووە گرانتر لەسەرمان تەواو بووە .لەکاتی‌تەواو بوونی‌شەری‌ئیران‌و عیراقەوە تا کاتی‌جیابوونەوەی‌ئیمە، پەیوەندی‌لەگەل عیراقدا مەسەلەیەکی‌جیگای‌چاو پییاخشاندنەوەو مشت‌ومر بوو لەو حزبەدا. بەداخەوە تەنانەت دوای‌تاوانی‌عیراق لە هەلەبجەو دواتر کوشتاری‌دەیان هاوریی‌خومان لە بومبارانی‌کیمیایی‌ئوردوگای‌ناوەندیی‌کومەلە، نەماندەتوانی‌بە یەکجاری‌ئەلقەی‌ئەو پەیوەندیيەی‌کە هەنگاو بە هەنگاوو بەئالوگوری‌هاوکیشە سیاسيو عەسکەریيەکانی‌ناوچەکە تەنگتر ببووەوە بپسینین. بەلام ئەوە ئیمە بووین کە وەکو رابەرایەتی‌ئەو حزبە بو پچراندنی‌هەمیشەیی‌ئەم پەیوەندیيە،هەرلە بار سووک کردنی‌تەشکیلاتەوە لە خاکی‌عیراقدا، تا رەخنەگرتنی‌جدی‌لەو دیدگاو شیوەکارەی‌کە ئەم کوت‌وبەندەی‌پیویست‌و پاساو دەکرد، پەیگیرانە هەولمان دا (وە لە مەحافلە قەومیيەکانەوە هەر لەم بابەتە جنیوانەمان خوارد). وە سەرەنجام، لەسالی١٩٩١ەوە تا ئەمرو، بەشی‌هەرەزوری‌ئەوانەی‌کە حزبی‌کومونیستی‌ئیران‌و کومەلەیان پیکدەهینا، ئەم پەیوەندیيەیان بەتەوای‌پچراند. زیاتر لە پینج سالە کە بەشی‌هەرەزوری‌ئەو تەشکیلاتە پان‌و پورەی‌ئەو کاتە لەکوردستان، واتە دەیان نەفەریکی‌لیدەرچیت، لەژیر کونترولی‌عیراق دەرکیشرانە دەرەوە. لەنیو ئەمانەدا زوریکیان خویان لە حزبی‌کومونیستی‌کریکاریيدا خویان ریک خست کە نە لە عیراق هیچ ئیمکاناتیک وەردەگریت‌و نە هیچ سانسوریک لەسەر دەربرینی‌سەربەخوو ئازادانەی‌بوچوون‌و سیاسەتەکانی‌خوی‌لەبەرامبەر رژیمی‌عیراق‌و مەسەلەکانی‌کومەلگای‌عیراق‌دا قبوول دەکات. جەنابی‌موهتەدی‌هەر چەندیک درو هەلبەستيو هات‌و هاوار بکات ناتوانی‌هیچ ئالوگوریک لە



حەقیقەتیکی‌سادەدا بکات ئەویش ئەوەیە کە من ئەندامی‌حزبیکم کە هەرلەسەرەتای‌سەرهەلدانیەوە هیچ جورە پەیوەندیيەکی‌لەگەل دەولەتی‌عیراق‌و حزبە کونەپەرستەکانی‌ناوچەکەدا نەبووە، وە ئەو جەنابانەش سەرانی‌ریکخراویکن کە سەرباری‌هەموو ئەم رووداوە چارەنووس سازانەی‌ئەم پینج سالە لە ناوچەکەداو سەرباری‌هەموو ئەو ئەلتەرنەتیڤانەی‌کە لەبەردەمیاندا بوو ئەم دەست‌وپی‌بەستراوەیيەیان هەروا قبوول کردو خوبادان بە بەرەکاتە مادديیەکانی‌بەم‌و بەو دەفروشن. بەم تەفاسیلەوە نازانم تا کەی‌دەکریت لە پشت فورمولەی"منصور حکمت خوی‌تەئییدی‌کردبوو" خوت حەشار بدەیت‌و ئەندامانی‌گومان کردووی‌تەشکیلات خاو بکەیتەوە. جەنابانی‌ئازیز، بەرلە سالی٩١ هەرچيیەک بووبي، لانی‌کەم لەو میژووە بەدواوە ئیتر "منصور حکمت تەئییدی‌ناکات". هویەکانیشم بەهیمنيو مەتانەتەوە بوتان روون کردووەتەوە .ئیتر کاتی‌ئەوە هاتووە کە خوتان مەسئولییەتی‌سیاسەتەکانتان‌و وەزعییەتتان لەئەستو بگرن .

لەرووی‌سیاسيیەوە مەسەلەی‌سەرەکي، هەروەکو ووتم، نەک سات‌وسەودای‌ئەوان لەگەل رژیمی‌عیراق، بەلکو پەیوەندی‌نزیک‌و پشتیوانيکردنیانە لە حزبە کونەپەرست‌و میللی‌عەشیرەتيیەکانی‌کورد. ئەمە میحوەریکی‌سەرەکی‌رەخنەی‌ئیمەیە. جيی‌سەرسورمانە کە لە هەموو شیرو ریوی‌هینانەوەکانی‌ئەم جەنابانەدا تەنانەت یەک دیریش سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیدا ناکەي. لەبەرامبەردا، زور بە راشکاويو روشنيو لە تریبونە جیاجیاکانەوە ئەم حزبە دواکەوتووانە بە خاوەن صلاحییەتی‌چارەنووسی‌خەلکی‌کوردو خاوەنی‌شەرعيی‌دەسەلات لەکوردستان ناو دەبەن. کومەلە ئینسانیک کە ناوی‌خویان ناوە سوسیالیست، حزبی‌کومونیستی‌کریکاريی‌عیراق بەتاوانی‌ئەوەی‌کە گوایە "تەنها یەکیکە "لە ریکخراوە چەپەکانی‌کوردستانی‌عیراق حاشا لیدەکەن‌و لەبەرامبەردا بە هەر بەهانەیەک یەکیتيو پارتی‌بە "حزبە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرەكيیەكانیكوردستان) ناو دەبەن، وە لەمەش خراپتر، نەسیحەتیئەوەیان دەكەن كە بەهویئەم "هیز هاوسەنگيیە سیاسي"(!)یەیكە ئیستا لە كومەلگایكوردستاندا هەیە وا باشترە خودیئەمانەش لەپەیوەند بە رژیمیعیراقەوە "مەسەلەیخەلك چارەسەر بكەن". چەپیكوردستان بە رەسمیناناسن، لەبەرامبەردا دە حەقداریبورژوا بو خەلكیكوردستان دەناسینن. وە ئەم دوستایەتيیانە، بەپیچەوانەیپەیوەندیلەگەل عیراقەوە، نە بە پیداویستیماددیلیك دەدەنەوەو نە بە عەشقیان بو "خەباتیچەكدارانە"و، نە بە مەلزوماتیئوردوگاداريو رادیو داريو نە بەهیچ شتیكیتر. تەنها بەسەرساميیەوە دەروانن، بەجوریك كە دەليیهەر لەبنەرەتەوە لە پرسیارەكە حالینەبوون. واقعییەت ئەوەیە كە ئەوەندە ئەم پەیوەنديیەیان بەلاوە بەلگەنەویستو سروشتيیە كە هەست بەناكوكيیەك ناكەن. ئەمە ماهییەتیسیاسیخویانە. قسەیەكیان نيیە بیكەن .

رەخنەیئیمە لە كومەلەیئەمرو، گوشەیەكیبچووكە لە رەخنەیئیمە لە خودیچاوگیسەرەكيیئەم كونەپەرستيیە لە ناوچەكەدا. عیراقو هەموو كوردستان قەلەمرەویكاریبزووتنەوەیئیمەو هەردوو حزبیكومونیستیكریكاريیعیراقو ئیرانە. خەتایئیمە نيیە كە كومەلەیئەمرومان لە كەناریرەوتە میللي- عەشیرەتيیەكاندا پەیدا كردووە. خەتایئیمە نيیە كە ئەمانە بەرامبەر بە حزبیكومونیستیكریكاريیعیراق نەك لەپالیئەو سەریان دەرهیناوە. هیچ پیلانیكیعەجیبو غەریب بو تال كردنیژیان لە جەنابیموهتەدیلەئارادا نيیە. ئەمە حەرەكەتیمەشروعو سیاسيو پیشرەویرەوتیكە كە خەریكە لەگەل ئەم كونەپەرستيیەدا لە ناوچەكە بەرامبەركیدەكاتو لەكاتیكاردا بیگومان جاروبار یەخەیپاریزەرانیئەم كونەپەرستيیەش دەگري. ئەوەیكە كومەلەیئەمرو سیاسەتیپشتیوانيكردنیخویلەم حزبە دواكەوتووانە بە چ فورمولەیەك بوخویپاساو دەكاتو دەرخواردیئەندامانیدەدات بو ئیمە هیچ



گرنگيیەكینيیە. ئیمە گروپە سیاسيیەكان نەك لەسەر بناغەیبوونیرادیوو مەقەرو چا دەمكردنو پاسەوانيكردنیان، بەلكو لەسەر سیاسەتیان قەزاوەت دەكەین .

سیاسەتیكومەلەیئەمرو لە ناوچەكەدا، چ لە پەیوەند بە دەولەتیعیراقەوەو چ بەتایبەتیلەبەرامبەر حزبە میلليیەكانیكورددا، سیاسەتیكیئیفلاس كردوو و غەیرە قابیلیدیفاعە. ئەم پرسیارە بە سەر سەریرابەرانیئەمرویئەم ریكخراوەوە هەلواسراوە. بەداخەوە جنیودان بە منصور حكمتو درو هەلبەستن لەمەر میژوویەكیبەلگەدارو خەوش هەلنەگر وەلامیئەم پرسیارە سیاسيیە واقعيیە ناداتەوە. دواینیشتنەوەیهەموو گەردو خولەكانو كرانەوەیهەموو عوقدەكان، دیسانەوە ئەم پرسیارە باقيیە كە ئەمە چ سیاسەتیكە؟ ئەمە چ هەلبژاردنیكیسیاسیرسوایە؟ ئەمە بناغەیمەسەلەكەیە. هەلاتن لەدەستیئیمكانینيیە .

جەنابیئیلخانیزادە لەوەلامدا گوتبوویكە ئەمە بەهایەكە كە ریكخراوەیەكەیان بەوپەریمەیلیخویەوە لەپیناویبەهرەمەند بوون لە ئوردوگاو رادیو لەناو خاكیعیراقدا دەیدات. ئەم وەلامە بەرایجەنابیموهتەدیبەئەندازەیكافی"خەباتكارانە" نەهاتووەتە بەرچاوو ئەو وەكو راستكردنەوەیەك بو عومەریئیلخانيزادە رادەگەیەنیكە نەخیر باس لەسەر بەهرەمەند بوون لە رادیوو ئوردوگا نيیە، بەلكو ئەم سیاسەتە مەرجی"خەباتیچەكدارانە" كردنیریكخراوەكەیانە. خوشبەختانە نە ئەمروو نە لەوپەریزالبوونیقودسییەتیچەكی بەسەر بزووتنەوەیچەپدا، "خەباتیچەكدارانە" بەشیك نەبووە لە موقەددەساتە فكريیەكانیئیمەو نابیتە مایەیهیچ گەورەكردنەوەو پیروز راگرتنیكیئوتوماتیكيیانە لەلایەن ئیمەوە. موجاهیدینو تالیبانو حەماسیش "خەباتیچەكدارانە" دەكەن بيئەوەیهیچ ریزیكیان لایئیمە هەبیت. ئیمە وەكو كەسانیكومونیست بەرلەوەیسەرنجمان بچیتە سەر نیتاقو مەتارەیجەنابیموهتەدیدەچیتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەر سیاسەتو هەلویستەکانیئەوان کە بەداخەوە هیچ ناچیتە دلەوە . بوچوونیمن سەبارەت بە خەباتیچەکدارانەیلەچەشنیئەوەیئەوان، پیشتر وەلەناویاندا لە ئورگانیمرکزیخودیحزبیکومونیستیئیرانو لە بریارنامەکەم سەبارەت بە پرەنسیپەکانیهەلسوورانیعەسکەرییکومەلە )پەسەندکراویکونگرەیشەشەمیکومەلە)، کە جەنابیموهتەدیهیشتا دەبیبەپيیئەوە کار بکات، بە دوورودریژیبەیان کراوەو لەبەرئەمە تکا ئەکەم ئەم سفرە دواکەوتووەیقودسییەتیچەک لیرەدا رانەخات. جگە لەمەش، ئەوان دەبیلوتف بفەرموونو ئاماریکیش لە قەوارەیخەباتیچەکدارانەیپینج سالیرابردوویان کە وادیارە ئەم هەموو ئوپوتونیزمو راست رەويیە قەرەبوو دەکاتەوە، بخەنە بەردەم خوینەرانیخویان. واقعییەت ئەوەیە، وە هەموو چاودیرانیمەسەلەکانیکوردستان دەزانن، کە یەکەمین سیاسەتیمل کەچ بوون بو عیراقو دلراگرتنیحزبە میلليیەکانیکورد، رەتکردنەوەیهەرجورە ئیمکانیکیماددیریکخراوەکەیان بووە بو هینانو بردنیهیزیچەکدار، چ جایبگات بە خەباتیچەکدارانە. بەبروایمن جەنابیئیلخانيزادە فورمولبەنديیەکیسیاسيترو قابیلیدەرک ترو راستگویانەتریلەمەسەلەکە بەدەستەوە دابوو. دەربرینەکەیجەنابیموهتەدیخەباتکارانەتر نيیە، تەنها منالانەترە .

پەیوەندیئەمرویئەم ریکخراوە لەگەل رژیمیعیراقو یەکیتینیشتمانيو پارتیبارزانیبە هیچ جوریک قابیلیدیفاع نيیە. ئەگەر ئەم ریکخراوە سوسیالیست بووایە، ئەگەر رابەرانیتەنانەت بە یەک ماناىگشتيش چەپگەرا بووایەنو ئاسویەکیان هەبووایە، زور بەرلەئیستا دەبووایە خیرو بەرەکەتیئەم رەوتانایەن بدایەتەوە بەروویانداو، لە ساحەیسیاسیعیراقو کوردستاندا لە کەناریخەلکو کومونیستەکان رابووەستنایە. بەلام لە ریکخراویکیمیللیکورد لە یەکیک لە پارچەکانیکوردستان، ریکخراویک کە هەموو تیروانینیکیبو سەرکەوتن، بەتفەنگەوە گەرانەوە بوناوشارو چەند



روژیک شان بەشانیحزبیدیموکرات لاساییکردنەوەیتالەبانيو بارزانيیە، ئەمە چاوەروانيیەکیبيجيبە .مەسەلەکە لیرەدایە کە کەسانیک کە تەنانەت لە جەرگەیئالوگوریکیوا گەورەدا، شیوازو ئایندەیخویان لەسەر چەند تیبینيیەکیئاوا وورد بینا دەکەن، لە وەدیهینانیهەر ئەو خەونە هیچەیخوشیان بیتوانا دەمیننەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دەربارەی لەباربردنی منال

## گفتوگوی (همبستگی) لەگەل منصور حکمت

سورەیا شەهابی :بەرلەوەی بچینە سەر خالە سەرەکی‌یەکانی باسی لەباربردنی منال، وەکو بەرگری لە "مافی بریاردان"، " مافی ژن بەسەر لەشی خویدا"، "بەرگری لە مافی ژیان" و سەرەنجام ئەم خواستە لە کومەلگایەکی ئازادو ئینسانیدا، ئەمەوی سەرەتا رای تو دەربارەی خالیک بزانم، ئەویش ئەوەیە، مخالەفەتی بەرنامە لەگەل خودی ئەم کردارە لە لایەکەوە و داواکاری قانوونی بوونی لە لایەکی ترەوە، چون لیک دەدەیتەوە؟ ئەلین مادام بەرنامە لەباربردنی منال بە نیشانەی لەخوبیگانەیی ئینسان دائەنیت، کەوایە پیویستە سەرەنجام دژی قانوونی بوونی لەباربردنی منال بیت و گوایە موافەقەتی بەرنامە لەگەلیدا تاکتیکە. لەم بارەیەوە رات چی‌یە؟

منصور حکمت :لە بەرنامەی ئیمەدا ئەم شیوە مامەلەیە نەبەبەندی لەباربردنی منالەوە مەحدود دەبیتەوە و راستیەکەشی نە شیوازیکی مەحدود بە ئیمەیە. زوریک لە پەیوەندی و مەسائیلە کومەلایەتی‌یەکان هەن کە ئیمە لە کاتیک دا کە خوازیاری لە بەین چوونیانین لە هەمان کاتدا وەکو واقعیەتیکی ماددی و مەوجودی کومەلگای ئیستا بەرەسمی‌یان دەناسین و هەول ئەدەین کاریگەری خراپی ئەم پەیوەندی و مەسەلانە بەسەر ژیانی خومان و هەموو خەلکەوە کەم بکەینەوە. شیوازی مامەلەی بەرنامە لەگەل کاری کری گرتەدا ریک هەروایە. ئیمە خوازیاری لەبەین چوونی کاری بەکریین، دنیایەک کە تیایدا کەسیک لە پیناو ژیانی روژانەیدا ناچارە توانای



لەشی بە کەسیکی تر بەکری بدات، بە شەرمەزاری دەزانین بو بەشەرییەت. کاری بەکریش هەروەک لە باربردنی منال نیشانەی لەخو بیگانەیی ئینسانە. بەلاَم بەشیکی زوری بەرنامە پەیوەستە بەقانوون دانان بو هەل و مەرج و ریوشوینی کاری بە کری لەم کومەلگایەدا. مەقولەی دەولەت بە هەمان شیوە. مەقولەی دین بەهەمان شیوە. هەر لەم بەشی دووەمی بەرنامەیەدا ئیمە خوازیاری ئازادی بەکاربردنی هەندی موادی مخدر و تەنانەت دابین کردنیشین لەلایەن دەولەتەوە بو ئەوانەی بە مەوادی مخدر ئالوودە بوون. وە ئەمە بەشەرتی لەبەین بردنی ئالوودەبوون بە موادی مخدر ئەزانین. ئیمە داوای سرینەوەی یاساغ کردنی لەش فروشی و پشتیوانی‌ی یاسامان کردووە لە لەش فروشان، وە ئەمە بە شەرتیکی لەبەین بردنی لەش فروشی دەزانین .موسیبەتەکانی کومەلگای سەرمایەداری بە غەیرە قانوونی کردنی ئەو موسیبەتانەو تەمی کردنی قوربانیەکانی وەلام نادریتەوە. ئەمە بە تەنها قسەی ئیمە کومونیستەکان نیە، بەلکو قسەی هەر کەسیکە کە شان بەشانی هەر ئەم شارستانیە ئەوروپایی‌یە چووبیتە پیشەوە .

لە باربردنی منالیش ریک هەروایە. ئیمە لە باربردنی منال بە کاریکی راست نازانین. حەزمان دەکرد کومەلگایەک هەبووایە کە بە هیچ جوریک ئەم مەسەلەیەی تیادا نەهاتایەتە پیشەوە. هیچ کەس کاری بەمە نەگەیشتایە و هەلبژاردنیکی ئاوا هەرگیز نەهاتایەتە بەرەوە. ئایا ئەمە خواستیکی سەیرە؟ نەخیر. ئەمە خواستی زوربەی هەرەزوری خەلکەو لە پیش هەموشیانەوە خواستی هەر کەسیکە، چ ژن و چ پیاو، کە لە ژیانی خوی دا هەستی بە دەردی لە باربردنی منال کردبیت. من کەسیک یا بزووتنەوەیەک شک نابەم کە خودی کرداری لە باربردنی منال وەکو کرداریکی سەربەرزانەی ئینسانی تقدیس بکات. بی ئیحساسی و لامبالاتی عاتفی لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا لە کورو کومەلی ئوسولی‌یەکان لە بزووتنەوەی فیمینیستی دا دەبینری. بەلاَم ئەمە زیاتر بەرەنجامی پەروەردەی سیاسی سکتاریستی و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەمارگیری ئایدولوژی و فیرقەیی ئەوانە، تاوەکو ئەوەی گەرانەوە بیت بو ئیحساسی واقعی‌یان وەکو ئینسان .

بەلاَم هەر ئەوەندەی ئیمە بمانەوی و ئارەزووبکەین واقعیەتی دەرەوەی ئیمە لە ناو ناچیت. حاملەبوونی نەخوازراوو پەشیمانی لە حاملەبوونی خوازراو لە ئارادایە، محدودیاتی مالی‌ی و فەرهەنگی و سیاسی لە ئارادایە، زەخت و زور لەسەر ژنان بی ئەندازە زورە و بە ناچاری بو ژمارەیەکی زوریان لە باربردنی منال وەکو تەنها ریگای دەرچوون لە گیژاویک دیتە بەرچاو. لەباربردنی منال واقعیەتیکی دنیای ئەمرویە و کومەلگا ناتوانی گوی‌ی خوی لی کەر بکات، ناتوانی چاوپوشی لی بکات. دەبی ری‌وشوینی ئەم کردارە، کە سەربەخو لە ئیرادەی هەردەولەت و حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی، بەهەرحال مەوجودە ، دیاری بکریت. قەدەغەکردنی لەباربردنی منال تەمی کردنی قوربانیانی ئەم سیستمە کومەلاَیەتی‌یەیە کە مەوجودە. ئەمە ناتوانی هەلویستی ئیمە بیت .

بەرنامەی ئیمە رادەگەیەنی کە کرداری لە باربردنی منال بە نادروست و پیچەوانەی پرەنسیپە ئینسانیەکانی خوی دەزانی. بەلاَم بروای وایە کە چ لە پیناوی پاریزگاری لە قوربانیەکانی محدودیاتی ئابووری و دواکەوتوویی فەرهەنگی لەم کومەلگایەدا کە لە ئارادایە، وە چ بو خەبات لە بەرامبەر زەمینەکانی ئەم کردارەدا، پیویستە لە باربردنی منال قانوونی بیت . راستیەکەی زوربەی هەلسوراوانی بزووتنەوەی ( پروچویس) و کارگیرانی و پزیشکانی کلنیک (عیادە)کانی لە باربردنی منال و یاسادانەرانی پروچویسی هەیئەی دەسەلاَتداری ئەمریکاش هەر ئەم هەلویستەیان هەیە و لە وەلاَمی ئەم پرسیارەدا هەر ئەمە دەلین: لە باربردنی منال کاریکی راست نیە، بەلاَم دەبی قانوونی بیت. ئەگەر جیاوازیەک لە ئارادایە ئەوا راشکاوی‌ی ئیمەیە لە بەیانکردنی ئینسانی نەبوونی خودی کرداری لە باربردنی مندالدا. بەلای ئسولیەکانی بزووتنەوەی فیمینیستی‌یەوە وادیارە



ئەم رەخنەیە قورسە. لە روانگەی سیاسیەوە بەرنامەی حیزبی کومونیستی کریکاری خوازیاری قانوونی کردنی لە باربردنی منال تا دوازدە هەفتەیی، خورایی بوونی، مەرجدارکردنی ئەم کردارە تەنها بە بریاری ژنەوە و ئەنجامدانیەتی لە کلنیکی تایبەتی‌دا. بزووتنەوەی پروچویس لە ئەمریکادا ئەم خواستانە وەکو ئارەزووە بالاَکانی خوی سەیر دەکات و تەحقیق بوونیشیان لە ئەمریکادا بەم زووانە بە عەمەلی نازانی. ئەگەر چەپی پیشوی تازە فیمینیستی کوچکردووی ئیرانی لەگەل ئەم خواستە گرفتی هەیە، دلنیابن کە لە فیمینیست بوونیەوە نیە. ئەگەر کەسیک لە کوبوونەوەیەکی ئاشکرادا ئەم رەخنەیە ئاراستەی من بکات، من داوای لی دەکەم بە کورتی و بە صراحەت و بی پیچ و پەنا وەلاَمی دوو پرسیار بداتەوە: یەکەم، ئەمەی کە رای خوی دەربارەی خودی کرداری لە باربردنی منال چی‌یە وە ئایا ئەم کردارە لە رووی مەبدەئی‌یەوە بە کاریکی تالو ناشرین ئەزانیت، یاخود هیچ مشکلەیەکی مەعنەوی‌و مەبدەئی و ویژدانی‌ی لەگەل لەباربردنی منالدا نیە. بە بروای من کەسیک کە لە کوبونەوەیەکی ئاشکرادا هەلسی و کرداری لە باربردنی منال بە کاریکی سووکو بی‌بایەخ لەقەلەم بدات، کە خەلکی بی هودە لە بەرامبەریدا تووشی دلەراوکی و دوو دلی دەبن، چ جای ئەوەی کە ئەم کردارە بە نیشانەی سەربەرزی ژن لە کومەلگاو بەمایەی شانازی دابنی، جوابی خوی هەر لەو هولەدا وەردەگریتەوە. ئەم جورە بی‌دەربەستی و مامەلە ساویلکە و رووکەشانەیە لەگەل مەسەلەیەکی ئەخلاقی گەورەدا کە لە باربردنی منال لەبەردەم هەمووواندا، چ لایەنگرانی قانوونی بوون و چ مخالفانی، دای دەنی، خوی لە ناو هەرکوریکی دەرەوەی کوبوونەوەی فیرقەکەی خویدا بە سادەیی پەردە لەرووی خوی هەلئەمالی. دووەم، داوای لی دەکەم رەخنەی خوی لەو بەندەی بەرنامەی ئیمە بەراست و رەوان و بی‌هەراوهوریا بخاتە روو کە خوازیاری لە باربردنی قانوونی و خورایی منالە تا دوازدە هەفتەیی و لەسەر بریاری ژن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سورەیا شەهابی :لەبارەی ئایندەی مافی لە باربردنی منال لە سوشیالیزمو بەگشتی لە کومەلگایەکدا کە پیودانگە ئینسانیەکان پەیرەوبکات، ئەلین واهات و سەرەرای هەموو تەعلیم و کومەک و پشتیوانیی‌یەک، تین ایجری ١٢-١٣ سالە حاملە بوو، ئایا ئیوە ناچاری دەکەن منال بە خیو بکات، لە کاتیکدا کە خوی منداله؟

منصور حکمت :ئەم جورە پرسیارانە لە جوری پرسیارو فتوای بەهانەگیرانەی سوننەتی ئیسلامیە، (ئەگەر بوومەلەرزە بوو و ....). هینانەوەی نموونەی کچیکی ١٢ سالە بو پاساودانی لە باربردنی منال، هینانە مەیدانی بەلگەیەکی لاوازە، لە بەرئەوەی لە باربردنی منال دیاردەیەکی فراوانترە لە کیشەی حاملەبوونی کچانی دوازدە سالە و مەنتقی خویشی لیرەوە وەرنەگرتووە. لە بەریتانیای ئەمرودا سەرەرای ئەو هەموو موسیبەتە کومەلآیەتیانەو ئەو هەموو بی‌مافی و بی ئیمکاناتیەی منالآن، بە گویرەی ئاماری خودی کەمپینی سەراسەری لە باربردنی منال، کە ریگرتن لە کەمکردنەوەی موهلەی لە باربردنی منال لە ٢٤ هەفتەیی‌یەوە بو ١٨ هەفتەیی بە یەکیک لە شانازیەکانی خوی دائەنی، لە سەرجەمی ١٦٠ هەزار حالەتی لە باربردنی منال لە سالی ١٩٩٢ دا تەنها سی هەزار حالەتی لە ناو کچانی ژیر تەمەنی ١٦ سالی دا بووە. واتە کەمتر لە ٢%. بروا ناکەم لەم لیستەشدا ئاماری ١٢ سالەکان لە یەک لە سەد زیاتر بیت. ناکری ١٦٠ هەزار حالەتی لەباربردنی منال بە کیشەی حاملەبوونی نەخوازراوی کچانی ١٢ سالە پاساو بدریت. لە بەرامبەر هەر سیستم و هەر بەلگە هینانەوە یەکدا ئەکری بنبەستی ئەخلاقی وچەندین بروبیانووی مەنتقی و "توچیح المسائل" (توچیح المسائل)، ناوی کتیبیکی خومەینی‌یە کە پرە لەقسەی حەلەقو بەلەقی شەرعی‌و دینی-وەرگیر) ئاسا دابنریت و هەلومەرجیکی دەردناک و تراژیدی بهینریتە پیش چاو. منیش ئەتوانم لەبەرامبەر ئەمەدا بپرسم ئەگەر لەو کومەلگایەی کە ئاواتی "کەمپینی سەراسەری لە باربردنی منال "ە لە بەریتانیادا، لە باربردنی منال تا روژی پیش لە دایک بوون



ئازادبیت، وە ئەگەر ژنیکی ٢٨ سالە لە هەفتەی (٣١)ەمدا بریار بدات کە منالەکەی لە باربەریت بەلآم هیچ پزیشکیک ئامادە نەبیت ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەمان چی ئەکەن، پزیشکەکە " ناچار ئەکەن" سەرباری ئەوەی ئەم کارە بەکاریکی دژی ئینسانی و جینایەتکارانە دەزانی لە باربردنەکە ئەنجام بدات؟ مەسەلەی منال لە باربردن مەسەلەیەکی گرنگو گشتی و کومەلآیەتی‌یەو دەبیت وەلآمی گشتی پی بدریتەوە. ئەگەر وەلآمی گشتی و ریشەیی بزووتنەوەیەک راست و ئینسانی و ری‌نیشاندەر بیت، دەتوانری حالەتە تایبەتی‌یەکانیش لە چوارچیوەی ئەم وەلآمە ئینسانی‌یەدا وەلآم بدریتەوە. بەلآم وەلآمیکی غەیرە ئینسانی بەهیچ نموونە و شیرو ریوی هینایەوەیەک دەربارەی ئەم یان ئەو حالەتی تایبەتی مەشروعیەت بەدەست ناهینیت .

بەهەر حال وەلآمی من بە کیشەی تین ایجری سوسیالیستی حاملە ئەمەیە : یەکەم، ئیمە هیچ قسەیەکمان لە غەیرە قانوونی بوونی لە باربردنی منال لە سوشیالیزمدا نەکردووە. ئیمە قسەمان لەوە کردووە کە کومەلگا ئیتر پیویستی بەم کارە نامینی. سەرەنجام من بروا ناکەم لە سوشیالیزمدا ( بە تایبەت لە سوشیالیزمدا) کچیکی دوازدە سالە ناچار بە منالبوون یان هەر کاریکی تر بکریت. دووەم، دەبی بە باش کردن و پەرەپیدانی شیوازەکانی مەنعی حەمل، ئاموزش (تعلیم)ی جنسی، پەرەپیدانی مافەکانی منالآن و بردنەسەری حورمەتیان، خەبات لە دژی ئەخلاقیاتی دواکەوتووانە و دەمارگیری نەزانانەی ناکوک لەگەل روشنبیری جنسی‌ی گشتی و کونترولی ئازادانەی کەسەکان بەسەر پەیوەندیە جنسیەکانی خویاندا و، دەبی بەم جورە شتانە بەشوین وەلآمی واقعی‌یەوە بین. دەبی کاریک بکریت کەنەک تەنها تین ایجرەکان، بەلکو هەر کەسیک کە نایەویت حاملە بیت، بتوانیت حاملە نەبیت. ئایا ئەمە لە رووی عەمەلی و زانستی‌یەوە لە تواناداییە؟ بە رای من گومانی تیدا نیە. داهینان و باش کردنی شیوازەکانی (منع) لە کومەلگای دژە ژنی هاوچەرخدا وەکو پیویست بایەخی پی نادری. ئەگەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەک لە دەهەزار بەشی بودجەی ئەو تویژینەوانەی کە بو پەرەپیدانی تەکنەلوژیای جەنگی و جاسوسی تەرخان ئەکری، بو ئەم مەسەلەیە خەرج بکرایە تا ئیستا شیوازەکەیان دوزی بووە. دیسانەوە دەگەرییینەوە بو جیگای یەکەم: ئایا لە بەین بردنی کورپەلە لە سکی دایکیدا کاریکی ناخوش‌و تالە یان نا. ئایا دەنگیک لە دەروونی رەخنەگری ئیمەوە بە ئەو دەلیت" :بریا ناچار بە ئەنجامدانی ئەم کارە نەبووینایە"، یان نا؟ ئەگەر بەلی، ئەوا ئەو کاتە هەول و کوشش لە پیناو بنیاتنانی کومەلگایەکدا کە ئینسانەکان لەویدا ناچار بە منال لە باربردن نەبن، تەنها ریگای ئینسانیی و شەرافەتمەندانەی پیشکەوتنە. بەلاَم کەسیک کە لەباربردنی منال وەکو عملیاتی لەوزەتین سەیر دەکات و توانای درک کردنی قوولیی مەسەلەکەو تالی‌و گیژاوە ئەخلاقیەکەی نیە بو ئینسانە بی‌ئەژمارەکان و نەوە جیاجیاکان، بیگومان بەم خەباتە بیگانەیە .

سورەیا شەهابی :بەرنامەی حیزب لە رووبەروو بوونەوەی نیوان دوو قوتبی "پروچویس" و "پرولایف" دا لە کام لا قەرار ئەگری، وە بەگشتی ئەم قوتب بەندیە چون هەلئەسەنگینی؟

منصور حکمت :بوچوونیکی تا رادەیەک باو کە بەتایبەت لە ناو کورو کومەلە تازە فیمینیستە ئیرانیەکاندا لە دەرەوەی وولاَت هەیە، ئەمەیە کە گوایە پروچویسەکان لایەنگری لە باربردنی منالن‌و پرولایفەکان مخالفی ئەمەن. مەسەلەکە بەم شیوەیە نیە .باسەکە لەسەر قانوونی بوون یا نەبوونی لە باربردنی منالە، نەک لەسەر باش بوون و خراپ بوونی ئەم کارە. پروچویسەکان لە هەمان کاتدا کە زوریک لەوان مخالفی کرداری لە باربردنی منالن، دیفاع لە قانوونی بوونی لە باربردنی منال ئەکەن. هەلویستی حیزبی کومونیستی کریکاریش دیفاع کردنە لە قانوونی بوونی لە باربردنی منال. لەرووی حقوقی‌یەوە ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە، ئاوات‌و ئامانجی بالاَی بزووتنەوەی پروچویسە لە وولاَتیکی وەکو



ئەمریکادا کە تا بیست سالی تریش شانسی بەدەست هینانی ئەم خواستانەیان نیەو لە زوریک لە وولاَتە ئەوروپاییەکانیشدا هیشتا تحقیق نەبووە. لە بەرنامەی ئیمەدا لە باربردنی منال تا ١٢ هەفتەیی ئازادو قانوونیە. بربازدان بەتەواوی لە دەستی ژن خویدایە، نەک هیچ کەسیکی ترو ژن پیویستی بە تەبریرو بەلگە هینانەوە بو هیچ ناوەندیکی پزیشکی و ئیداری نیە. لە باربردنی منال بە خوراییی‌یەو پیویستە لە کلینیکی مجهزدا ئەنجام بدریت. وەدیهاتنی خواستیکی لەم چەشنە تەنانەت لە خەیالی بزووتنەوەی فیمینیستی ئەمریکاشدا جیگای نا بیتەوە. لە رووی حقوقیەوە چاودیری خارجی‌ی لە ئەوروپا و ئەمریکادا بەرنامەی حیزبی کومونیستی کریکاری وەکو دەقیکی پروچویس دەستەبەندی دەکات، چونکە خوازیاری ئازادی لە باربردنی منالە. بەلاَم خودی ئەم ناو لینانە پروچویس (لایەنگری هەلبژاردن) و پرولایف ) لایەنگری ژیان) ری‌لی ونکەر و دعائی‌یە. لە ئەمریکا کە لانکی سەرەکی ئەم قوتب‌بەندیەیە بەشی پرهات و هاوار و میلیتانتی بزووتنەوەی پرولایف لە گروپە راست‌و محافەزەکارو مەزهەبیەکان پیکهاتووە کە لە واقعدا بچوکترین ریزو احترام بو ژیان دانانین. ئەمانە لایەنگرانی سزای ئیعدام‌و بەرین کردنەوەی مەودای ئەم سزایەن بو تازەلاوان. لایەنگرانی هەمیشەیی سیاسەتە میلیتاریستی‌یەکانی ئەمریکان. لەبنەرەتەوە کونەپەرست، نەژادپەرست‌و دژی خارجی‌و دوژمنی هەژارانن. خەلکی ئەمریکا لە ژیر دەستی ئەمانەدا بەبەردەوامی لەژیر باری هەژاری‌و نەخوشی‌دا تواونەتەوەو دەتوینەوە. لەو لاشەوە رەمزو لانکی سەرەکی بزووتنەوەی پروچویس، لایەنگری هەلبژاردن، حیزبی دیموکراتی ئەمریکا و ئەمسالی وەک کلنتونە کە هەر ماوەیەک بەر لە ئیستا هیرشیکی بی‌شەرمانەی فراوانیان لە دژی دایکانی بی میرد وەری خست‌و چوار ملیون منالی ئەمریکایی یان مەحکوم بە مال بەکولی‌و بەدخوراکی‌و ژیانی ژیر خەتی هەژاری کرد. گالتە جاریە کە ئیجازەی لە باربردنی منال بە مافی هەلبژاردن ناو لی دەبەن. ئەمە دواپین هەلبژاردنی هەر ئینسانیکە. ئەمانە پیشتر هەلبژاردنی خوشگوزەرانی، هەلبژاردنی یەکسانی کومەلاَیەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و پیشەیی ژنان، هەلبژاردنی کارکردن و بەردەوام بوون لە خویندن، هەلبژاردنی ئاسایشی ئابووریو حورمەتی کومەلآیەتی، وە تەنانەت هەلبژاردنی پەیوەندی جنسی سالمو پاریزراویان لە ژنان زەوت کردووە، دواتر لەسەر لیواری کەوتنە خوارەوەدا ئەم هەلبژاردنە دەدەن بەو کە لە نیوان فریدانو خوفریدانەخوارەوەدا سەرپشکی دەکەن. بەراستی ژنیک کە لە باربردنی منالەکەی "هەلئەبژیری" دەبی چەندە لە بەرامبەر ئەم هەموو هەلبژاردنەدا کە کومەلگا خستویەتیە بەردەمی دلخوش و سوپاس گوزاربیت! لەبەر ئەمە ئەگەر لە من بپرسن خوم بە پروچویس پیناسە ناکەم. ئەمە ناو لینانیکی ریاکارانەو فریودەرانەیە. من خوم وەکو لایەنگری قانوونی بوونی لە باربردنی منال تا دوازدە هەفتەیی و مخالفی کرداری لە باربردن دەناسینم .

سورەیا شەهابی :بەرنامە داواکاری قانوونی کردنی لە باربردنی منالە هەتا ١٢ هەفتەیی. ئەم سنووری ١٢ هەفتەییە و چونیتی دیاریکردنیو فاکتەرەکانی دیاریکردنی باسیکی زوری بەدوای خویدا هیناوە. هەندی کەس وا تصور دەکەن کە رەنگە لە روانگەی بەرنامەوە تەنها لەم تەمەنەدا ئەتوانری کورپەلە بە ئینسان دابنریت، وە لەبەر ئەمەیە کە لە باربردنی کورپەلە لەم تەمەنە بە دواوە - جگە لە هەندی حالەتی استسنائی کە بەرنامە دەستنیشانی کردوون - بە غەیرە قانوونی دادەنیت. ئەمەوی بلیم کە سەبارەت بە تەمەنی کورپەلەیەک کە ئەتوانری لەباربری تیگەیشتنی جوراوجور هەیە. هەندیک واتی دەگەن کە لەبەرئەوەی پیش ئەم تەمەنە کورپەلە بە ئەندازەی پیویست کامل نەبووەو ناتوانیت سەربەخو لە لەشی دایک بژی، بە ئینسان ناژمیردریت .

منصور حکمت :باسی دوازدە هەفتەیی لە بەرنامەی ئیمەدا هیچ پەیوەندیەکی بەساتی دەستپیکردنی ژیان، یاخود توانای دریژەدان بەژیانی کورپەلەوە نیە لە دەرەوەی رەحمدا (کە بو بریک کەس بەساتی سەربەخو



بوونی هەویەی کورپەلە لە دایک دائەنری .(دواتر دیمەوە سەر ئەم خالآنە. ئاشکرایە کەسیک کە وەکو ئیمە کرداری لە باربردنی منال خوی لە خویدا بە غەیرە ئینسانی دەزانیو وەکو ناچارییەکی کومەلآیەتی و شەریکی ئەهوەن تر دیفاع لە قانوونی بوونی دەکات، مەیلی بەلای ئەوەدایە کە ماوەی لە باربردنی منال هەرچی کەمتر بکریتەوە .لە لایەکی تریشەوە پیویستە قانوون بە عەمەلی بو ژنان ریئنیشاندەر بیت و شتیکی فورمالی نەبیت. لە روانگەی پزیشکی و جسمییەوە پیویستە فرسەتی دەستنیشانکردنی حاملەبوون و بریاردان و بەرنامە دانان بو ئەم کارە هەبیت .واقعیەت ئەمەیە کە لە روانگەی پزیشکییەوە لەباربردنی منال بەر لە کاتیکی دیاریکراو ناعەمەلی و تەنانەت خەتەریشە. بەم جورە دەبی مولەتەکە هەم بە ئەندازەی پیویست کافی بیت وە لە هەمان کاتیشدا بە گویرەی ئیمکان محدود بیت. رووی مەسەلەکە بو ئیمە، کە مکردنەوەی مولەتی لە باربردنەکەیە تا ئەوپەری، بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرج و تواناییە پزیشکی و کومەلآیەتیەکان . ئیمە لەدیاریکردنی موهلەی ریگە پیدراو بو لەباربردنی منال تەشخیصی خومان نەکردووەتە معیار. بەلکو هەر لەم دنیا بورژواییەدا تەماشای نموونە ئینسانی ترو دلسوزترەکانمان کردووە و ئەم ژمارەیەی خومان لەویوە هیناوە. لە ئەسکەندنافیا مولەت ١٢ هەفتەیە) لە هەندی بەشی بلوکی روژهەلاتی پیشووشدا مولەت هەر تا دوازدە هەفتەیی بوو. لە ئەلمانیا، نەمسا، بەلجیک و یونان، ئیسلەندە و بریک وولآتی تریش هەروایە). ئیمەش هەر ئەمەمان بە معیار وەرگرتووە. وا دەرئەکەوی کە لە وولآتانی ئەوروپای باکووردا نارەزایەتیەکی بەرچاو لە دژی ئەم موهلەیەو بە قازانجی زیادکردنی لەئارادا نییە. وادیارە ئەشی ئەم مولەتە ١٢ هەفتە بیتو ئیتر هەلگرتنی قورساییو لە باربردنی نهینیی لە ئارادا نەمینیو بگەین بە هاوسەنگییەکی سیاسی لە نیوان خواستی ئازادی لە باربردنی منال و حمایەی هەرچی زیاتر لە کورپەلە. بوچی کەمتر نەبیت، لەبەرئەوەی ئیمە هیچ لیکولینەوەیەکی ئاماری و تەحلیلیمان نیە لەسەر ئاکامەکانی کەمکردنەوەی موهلە لە ١٢ هەفتەوە بو ١١ هەفتە، وە لە هیچ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قسەو باس و دیالوگیکی کومەلاَیەتیدا عملی بوون و کارسازبوونی ژمارەیەکی کەمترمان نەسەلماندووە. لەئیستادا وەسائلی ئەم کارەمان لەبەردەستدا نیە. بەم پیٌیە پەنادەبەین بو بچووکترین ژمارەیەک کە وولاَتیکی سەرمایەداری کە بەواقعی وجودی هەیە بە دەستیەوە دابیت . ئەگەر کەسیک بلیت بوچی ١٣ هەفتە وە یان زیاتر نەبیت، ئەو کاتە وەلاَمی من ئاوا دەبیت: ئەگەر دوازدە هەفتە بو کومەلگای سوید باش و عەمەلیە ئەوا بو بەرنامەی ئیمەش باشە. ریگا بدەن ئەوانەی کە ئەیانەوی موهلەکە زیاد بکەن بەلگە و رەخنەکانی خویان نەک لەبەرامبەر بەرنامەی ئیمەدا، بەلکو لەبەرامبەر سیستمی باو لە ئەسکەندنافیادا بەیان بکەن، ئیمەش گوی دەگرین و ئەگەر حەقانیەتیک لەم خواستەدا هەبیت حەتمەن درکی ئەکەین .

دەربارەی ساتی دەستپیکردنی ژیان و ساتی سەربەخویی ناسنامەی کورپەلە لە دایک، بیگومان من تەنها دەتوانم رای شەخسیی خوم بلیم . ئاشکرایە کە بەرنامەی حیزبیک شوینی ئەم رادەربرینانە نیە. لە روانگەی بیولوژیکەوە ساتی دەست پیکردنی ژیانی ئینسانیکی تازە بەبروای من لەحزەی دەستپیکردنی حاملە بوونە. وواتە کاتیک کە کلیلی رەوتیکی تازەی بیولوژیکی بادەدریت و دابەشبوونی خانەیی دەست پی دەکات. ئەمە خالی سەرەتای پەیدابوونی ئینسانیکی تازەو دیاریکراوە. خویندنی بالاَو دکتورای بیولوژی ناوی بو ئەوەی کەسیک لەوە تیٌبگات کە دوای حاملەبوون ئەگەر گیروگرفتیک روونەدات ئەم رەوتە بە ئینسانیکی دیاریکراو لە دەرەوەی رەحمدا کوتایی پی دیت. ئەمەی کە چەند روژیک لە تەمەنی ئەم ئینسانە لە ناولەشی دایکی گوزەراوە کە قەومەکان تەنها بەچاو (عین المجرد (ناتوانن ببینن شتیک لە پەیوەند بە خالی دەستپیکردنی ئەم ژیانەوە ناگوریت. ئەم تصورەی کە لە لەحڤەیەکی قوناغیکی تایبەتیٌدا رووحی ئینسانی لە ناو وجودی ئەم کومەلە خانەیەدا چینراوە، لەوە دلخوازانەترو مەزهەبی ترە کە بکری قبول بکریت. بەلاَم هەروەکو ووتم بەرای من باسی دوازدە هەفتەیی پەیوەندیٌیەکی بەم پرسیارەوە نیە. لە هەر شوینیکدا ئەم رەوتە بپچریت،



رەوتی گەشەی ئینسانیکی تازە پچراوە. راستە، ئەوەی کە ئەم کورپەلەیە لە چ قوناغیکدا دەست و قاچ و سەرو دلی بو پەیدا دەبیت) کە زور بەر لە ١٢ هەفتەییٌیە) بە شیوەیەکی تەبیعی قورسایی ئەخاتە سەر زەینی هەر ئینسانیک. بە بروای من هەر لەبەر ئەمە پەرەسەندنی شیوازەکانی وینەگرتن کومەک بە خەلک دەکات کە لیک دانەبراوی قوناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی ئینسان ببینن‌و زیاتر هەستی پیٌبکەن‌و روژ بە روژ لە باربردنی منال لەلایان ببیتە کرداریکی تالترو ناخوشتر. بەلاَم لە باسەکەی ئیمەدا سەبارەت بە موهلەی ١٢ هەفتەیی ئەم فاکتورانە دەوریان نیە. لە باربردنی منال لە ٦ هەفتەیی و ٩ هەفتەییشدا لە ناوەروکدا هەر هەمان واقعیەتە. پچرێنی رەوتی گەشەی ئینسانیکە کە عومری خوی دەست پیکردووە .

مەوزوعەکەی تر، واتە باسی سەربەخویی کورپەلە لە دایک، باسیکی بەتەواوی حقوقی یە کە موری سیستمی حقوقی سەردەمی مالکیەت و میحوەربوونی فەردی پیوە دیارە. لە روانگەی ماددیەوە، لە روانگەی توانای مانەوەوە، ئیمە تەنانەت لە دەرەوەی رەحمیشدا لە یەکتری سەربەخو نین. کاتیک کەسیک بە تەنهایی دەکەویتە کیو و بیابان یان جزیرەیەک، دەچن بە هانایەوەو "رزگاری" دەکەن‌و ئەیگیرنەوە بو ناو کومەلگای ئینسانی. باسی سەربەخویی لە دایک، لە واقع دا باسی سەربەخویی هەویەی حقوقی کورپەلەیە لە دایک نەک توانای مانەوەی بەبی دایک، کە ئەتوانیت بەپیٌی تەکنەلوژیایەک کە هەیە گورانی بەسەردا بیت. کومەلگای سەرمایەداری تاکە کەسی بە یەکەی پایەیی بو پیناسەکردنی ماف دیاریکردووە. فەرز ئەمەیە کە لەو ساتەوەی کە کورپەلە سەربەخو لەدایک تەعریف بکریت، ئیتر وەکو ئینسانیک دەبیتە خاوەنی مافە فەردییەکانی خوی. ئەو کاتە لەم سیستمە حقوقیٌیەدا، مافەکانی دایکو کورپەلە وەکو دوو فەردی جیا لەیەک لەنیو یەک قەلەمرەوی مکانیو جسمیٌی هاوبەشدا، لەگەل یەکتر ناکوکی پەیدا دەکەن. بو نموونە ئەگەر کورپەلە ئینسانیکی تر بیت ئەوکاتە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوبردنی لە دیدگای یاسای ئەو کومەلگایەوە بە قتل النفس دەژمیردریت. ئالیرە دایە کە ئەم زهنیەتە دەبی بگەریو لەحزەی سەربەخویی بدوزیتەوە. یەکیک کە خوی بە مودافعی مافەکانی ژنان دەزانیت دەبی ریک وەکو محامییە زور زانو فیلبازە ئەمرکاییەکان لە دەعوا مالییەکاندا، ساتی سەربەخویی کورپەلە دوابخاتو لەساتی لەدایک بوونی نزیک بکاتەوە: کورپەلە" بەشیکە لە لەشی دایک"، ژن ئازادە هەرچییەک لە "لەشی خوی" بکات. زەمانیک بوو کە کوشتنی منال بەرلە ناوک برین بە قەتل نەئەژمیردرا، چونکە هیشتا کورپەلە بە بوونەوەریکی " سەربەخو" حساب نەدەکرا . بەهەرحال ئەمانە فورمولبەندی بالیکە. بالی بەرامبەر کە خوی بە محامی کورپەی لەدایک نەبوو دادەنی بە پیچەوانەوە ئەوە بە ئەرکی خوی دەزانی کە ساتی سەربەخوبوونی منالەکە بباتە پیشترەوە و توانای کورپەلە بو هاتنە دەرەوە لە رەحم و راوەستان لەسەر پیی خوی بسەلمینی. بە بروای من کلی چوارچیوەی ئەم باسە نابی قبوول بکریت. بوچی بەشەریەت ناتوانی ئەم بروسە شکودارو سەرسورهینەرە و کلیەتی ئەم دیاردەی حاملەبوونو لە دایک بوونە وەکو شکلی کونکریتی پەیدا بوونی ئینسانیکی تازە سەیربکات و سەرتاپای واقعیاتی ئەم پروسەیە بە لیک هەلپیکراوی قبول بکات. بوچی دەبی فورمولی ناکوکی نیوان دایک و کورپەلە، مشت و مر سەبارەت بە سنوورەکانی خاوەنداریتی هەردوولا بەسەر خانەکانی رەحم و کورپەلەدا قبوول بکریت؟ بوچی دەبی درکی ئینسان دەربارەی دیاردەیەکی ئاوا بنەرەتیو ئەبەدی و ئەزەلی لەسەر بنەمای مەقولاتیکی ئاوا دەورەیی و گوزەرا (عابر)، لە چەشنی خاوەنداریتی و تیوری لیبرالی فەردیەت دابمەزریت؟

سورەیا شەهابی :هەندی کەسی تر- بەتایبەت بەشیک لە فیمینستەکان- حیزب بەوە تاوان بار دەکەن کە لەبەرئەوەی کە کورپەلە بە ئینسان دائەنیت، سەرەنجام دەبی وەکو مەزهەبیەکان سپیرم -وە نەک سپیرم و ئوڤول (هیلکە) هەردووکیان- هەم بە پیروز بزانیو هەم بە سەرچاوەی



ژیان! ئەمانە ئەو ئەنجامگیریە دەکەن کە کەواتە بەپیی تیروانینی بەرنامە، لە بنەرەتدا دەبی بەرنامە مخالفی هەر جورە پیش پیگرتنیک بیت لە حاملە بوون .

منصور حکمت :سپیرم وە هەروەها داوای لیبووردن ئەکەم ئوڤولیش، هیچ پیروزیەکی تایبەتیان نیە. باسەکە زور بە روشنی سەبارەت بە بوونەوەریکی تازەیە کە بە یەکگرتنی ئەم دووانە هاتوتە بوونو گەشەی خوی دەست پیکردووە. بەلام باسی ریزدانان بو ژیانی ئینسانی باسیکی بایولوژی نییە. باسیکی فەلسەفیە. یان باشتر بلیم ، ریز دانان بو ژیانی بایولوژی رەنگدانەوەی ریزدانانی فەلسەفیە بو ژیان .ریزدانانە بو پوتانسیل و محتوای ژیانی ئینسانی ئەم ریزدانانە نیشانەی ژیریی ئینسانە نەک پەنابردن (توکل)و خورافەی دینی. ئەگەر ژیانی ئینسانی بەهەر شیوەیەک بیحورمەت بکریت، ژیانی ئینسانە کونکریتەکانیش، ئەو ئینسانانەی کە بەواقعی مەوجودن، بینرخ دەکریت. ژیانی ئینسانی نەدابەشکرن هەلئەگری و نەپلە پەلەکردن. هیچ پەیوەندیەکی بە سەربەخویی و بزووتن و جموجول و تەمەن و شعورو رەنگ و رەگەز و میللەت و زەمان و مەکان و لەش ساغی یا نوقصانی ئینسانەکانەوە نیە. باسی ئیمە، لانیکەم باسی من وەکو نووسەری بەرنامەی حیزب، ئەمە نیە کە ئیمە دەبی هیلکەی پیتراوو خانەکانی سەروەختی دابەش بوون بە "پیروز" بزانین .باسەکەی من ئەمەیە کە کومەلگایەک کە دەرهینانی کورپەلە لەسکی دایکدا و پچرینی رەوتی ژیانیک کە دەستی پی کردووە تەحەمول دەکات و هیچ ریگریەکی بو دانانیت، چجای ئەوەی کە وەکو ریگای پیشگرتن لە زیادبوونی دانیشتوان، مەرجی دریژەدانی ژن بە خویندن، مەرجی خولادان لە هەژاری و شتی تریشی دابنیت، هیچ نرخیک بو ئەو ئینسانانەش دانانیت کە لە بارنەبراون . بەسووک سەیرکردنی کورپەلە رەنگدانەوەی بەسووک سەیرکردنی ئیمەیەو ئەم بەسووک تەماشاکردنەش ئەچەسپینی. روژیک لە روژان نەوەکانی دوای ئیمە شارستانیتی ئیمە دەخویننەوەو لەبەرامبەر نەریتی لە باربردنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منال دا سەرسام دەبن. هەر بەو جورەی کە ئیمە لەبەرامبەر قوربانی کردنی لاوان لەبەردەم بارەگای خواوەندکانداو سووتاندنی "ژنە ساحرەکان" کە لە روژی خویدا ئەم کارانە بە هەمان ئەندازە بەپیویست ئەزانران بو جوابدانەوە بە گرانیو نەهاتیو تەنگانە ئابووریو مەعنەویەکانی کومەلگا، سەرمان سور دەمینی. ئەوانیش ئەم نەریتە وەکو نیشانەی درندەیی ئیمە و بی نرخیی ئینسان لە سەردەمی ئیمەدا سەیر دەکەن. وە لە وەلاَمی دوا خالدا ریگا بدەن بپرسم چ کەسیک زیاتر بەخەمی پیشخستنو پەرەپیدانی شیوازەکانی پیش گرتن بە حملەوەیە، ئەو کەسەی کە دەیەوی لە باربردنی منال وەکو کاریکی تالو ناخوش خوی لی لابدریت، یان ئەو کەسەی کە لە باربردنی منال وەکو ریگا چارەیەکی بی عەیبو قابیلی قەبولی تر چاو لی دەکات بو مندال نەبوون و کونترول کردنی ژمارەی دانیشتوان؟

سورەیا شەهابی :لە سبەینیی ئالوگورە سیاسیەکانی ئیراندا، کاتیک داواکاریەکانی بەرنامەی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران وەکو قانوون پەسەند بکرینو لەباربردنی منال قانوونی ببیتەوە، ئیحتمالی ئەوە زورە کە دەمودەست ئاماری لەباربردنی منال بچیتە سەرەوە. پەسەند کردنی قانوونی ئازادی لەباربردنی منال هەنگاویکی فەورییەو دەولەت ئەرکیتی جیبەجیی بکاتو لەبەرچاوی بگریت، لەحالیکدا کە ئاموزشی بەرفراوانی ریگاکانی (منع)، ئاموزشی جنسی و رەخساندنی ئیمکاناتی پەیوەندی جنسیی سالمو پاریزراو پروسەیەکی دوورو دریژترەو پیویستی بەکات دەبی، ئایا ئەم زیاد بوونە فەوریەی ئاماری لە باربردنی منال ناکوک نیە لەگەل ئامانجی بەرنامەدا کە کەمکرنەوەی حالەتەکانی لە باربەردنی منالە، وە ئایا لەبەرامبە نەیارانی لە باربردنی منال لەسەر حەق نین کە رەخنە لە جیبەجیکردنی فەوری ئەم بەندەی بەرنامە بگرن؟

منصور حکمت :یەکەم، ئەمەی کە ئاماری منالاَنی لە باربراو تەنانەت لە کورت ماوەشدا ئەچیتە سەرەوە، حەتمی نییە. بە بروای من ناچیتە



سەرەوە، چونکە ئەو مەقاییسانەی کە دەبی لەگەل یەکتر بەراورد بکرین ئاماری کرداری لە باربردنی منال نییە لەماوەی پیش قانوونی بوونەوەو پاش قانوونی بوونەوەدا، بەلکو دەبی کوی منال لە باربردنەکان (بە رەسمی و نهینییەوە) و "منال فریدانەکان" لە لایەن خودی دایکەوە، لەو دوو دەورەیەدا لەگەل یەکتر بەراورد بکرین. لە ئیراندا حالەتەکانی منال فریدان لە لایەن خودی دایکەوە، لە ریگەی هەلگرتنی شتی قورس و خوبەردانەوە وشتی ترەوە، زور زورە تا ئەو رادەیەی کە ئەم کردارە بوتە بەشیک لە فولکلوری ئەم وولاَتە. ئەم حالەتانەی "لە باربردنی منال" لە هیچ جیگایەک تومار ناکرین. قانوونی کردنی لە باربردنی منال ئاماری چوونە لای پزیشک بو لە باربردنی منال بەرەو سەر دەبات، بەلاَم لەبەرامبەردا ئاماری ئەم جورە مندال فریدانانە کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە کەم بوونەوەی حالەتەکانی منال فریدان یان لە باربردنە نهینییەکانی منال بە قازانجی لە باربردنی یاسایی منال، کومەک بەوە دەکات کە ئەم ژنانە هەلسوکەوت لەگەل هەندی دەزگاو ئورگاندا بکەن، کە بە گویرەی بەرنامەی ئیمە کاریان کومەک کردن و حمایەی ماددی و مەعنەوییە لەوان، وە یەکیک لە کارەکانی ئەم ئورگانانە هەولدانە بو هاندانی دایکان تا منالەکانیان لەبار نەبەن و مافەکانی دایک و منال و ئەرکەکانی دەولەت و کومەلگایان بو روشن بکەنەوە بەرامبەر بەوان .ئەوە شتیکی چاوەروان کراوە کە ریژەیەک لەو ژنانەی کە دەچن بولایان ئامادەبن واز لە منال لە باربدرنەکەیان بهینن. من ئەو تخمینە ئاماریەی تو لە ئاکامەکانی یاسایی بوونەوەی منال لە باربردن بە موحتەمەل نازانم .

دووەم: هەروەکو ووتت بەرنامەی ئیمە بە تەنها باس لە قانوونی بوونەوەی لە باربردنی منال ناکات، بەلکو کومەلیک هەنگاوی دەمودەستوحەیاتی تیدایەبو سالمو پاریزراو کردنی پەیوەندی جنسیو بەرین کردنەوەی بە کاربردنی پیداویستیبەکانی (منع). ئەوەم قبولە کە گورینی پەیوەندی جنسی ئازادو سالمو پاریزراو بە بەشیکی جیگیرو سەلمینراوی فەرهەنگی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومەلگا حەتمەن کاتی دەوی. بەلاَم چەند بەرابەر کردنی بەکارهینانی وەسائیلی (منع)و کەلک وەرگرتنی زیاتر لە کاندوم و ئای.یو.دی ( I.U.D (، کاتیک کە دابین کردنی خورایی ئەمانە ببیتە سیاسەتی دەولەت، کاتیکی زوری ناوی. ئەکری ئاماری حاملەبوونی نەخوازراو بەخیرایی بهیتریتە خوارەوە. کاتیک قسە دیتە سەر بەرقەرار کردنی شیواز و معیارو نەریتە مودیرنەکان لە ئیراندا، زور کەس دەستبەجی تصویری گوندنشینە دوورەکان لە خەلکی ئیران بەدەستەوە دەدەنو نالەیان لی بەرزدەبیتەوە کە خەلکی "فەرهەنگی ئەمەیان نیە". بەلاَم ئیران بەگشتی کومەلگایەکی شارییە، زوربەی ئەم خەلکە لاوانیکن کە دەچنە قوتابخانەو تەنانەت ئەگەر دانیشتوانی دیهاتە دوورەکانیش بن، بیرو هوشیان بەلای شارو ئەلگو هاوچەرخەکانی ژیانەوەیە. خەلکی ئیران "میللەتی "روژنامەی "توفیق" و "ئوممەتی" جەماعەتی خومەینی نین. ئەندامی کومەلگایەکی سەرمایەدارین لە دوا دوایی سەدەی بیستەمداو لە کورەی گورانگاریە فەنی و اتصالاتیەکانی ئەم سەردەمەدان. کەمپینی ئاموزشی جنسی و پەرەپیدانی وەسائیلی منع لەئیراندا، بەرای من لە ئاستیکی زور بالاَدا دەچیتە پیشەوە. هەلبەتە دەبیت واقعیەتیک لە بەر چاو بگیریت .ئەم کارە بەبی خەباتیکی لیبراوانە لە دژی ئیسلامیەکان و کونەپەرستان عەمەلی نییە. رەوتیک دەتوانی ئەم بەرنامەیە بەدەستەوە بگریت کە لە رووی سیاسیەوە پابەندی خەباتیکی لیبراوانە بیت لە دژی دەمارگیری دینی و کونەپەرستان. وە ئەمە بەرلە هەر کەسیک کاری چینی کریکارو کومونیستەکانە .

بەهەرحال کەمکرنەوەی حالەتەکانی لە باربردنی منال لە گرەوی دوو فاکتەری سەرەکیدایە. یەکەم، بەرەگرتنی پەیوەندی جنسی سالمو پاریزراو و دەست راگەیشتنی هەمووان بە ئیمکاناتی خورایی و مناسبی منعو، دووەم، خەبات لە دژی پیاو سالاری و دژەژنی نەک تەنها لە ئەفکاردا بەلکو لە علاقات و پەیوەندییە ئابووری و کومەلاَیەتیەکاندا، بە جوریک کە حاملەبوون و منال بوون و دایکایەتی بچووکترین کاریگەری خراپ لەسەر



مەوقعیەتی ئابووری و کومەلاَیەتی و پیشەییو مەعنەوی ژنان لە کومەلگاو لەخیزاندا دانەنیتو منالداری ببیتە هەلبژاردنیکی ئازادو بەرنامەریژیکراوی خەلک و رووداویکی دلخوشکەر لە ژیانی ئەواندا. قانوونی بوونەوەی لە باربردنی منال کولەکەیەکی سیاسەتیکی هەمەلایەنەیە بو وەدیهینانی ئەم ئامانجە و پیویستە وەکو بەشیک لەناو ئەم کولیەتەدا سەیر بکری، نەک وەکو هەنگاویکی تاقانەو سەربەخو .

سورەیا شەهابی :بەرنامەی حیزب لە باربردنی منالی بە "لە ناو بردنی عەمدیی کورپەلەی ئینسانی" لەقەلەم داوە، وە خوشت لە قسەکانتدا ئاماژەت بو ئەوە کرد کە لە باربردنی منال لە هەر تەمەنیکدا بیت "بچرینی رەوتی گەشەی ئینسانیکە کە عومری خوی دەست پیکردووە". کەسانیک لەم پیناسەیە ئەم ئەنجامگیریە دەکەن کە ئەنجامدانی لە باربردنی منال لە دیدگای بەرنامەی حیزبەوە تاوانەو ئەو دایکەی کە بریار لەسەر ئەنجامدانی کاریکی وا دەدات دەکەویتە خانەی تاوانباریکەوە کە قەتلی عەمدی ئەنجام داوەو ئەمەش بی ئینسانییە !

منصور حکمت :ئەم قسەیە کە لە باربردنی منال بچراندنی رەوتی گەشەی ئینسانیکە کە ژیانی خوی دەست پیکردووە، لەگەل ئەم ئیدعایەی کە دایک قتلی عمدی کردووە یا تاوانیکی ئەنجام داوە، ئاسمانو ریسمان لیک دوورن. لکاندنی ئەم دووانە بە یەکەوە نەنیشانەی هەولی دلسوزانەیە بو تیگەیشتنی مەسەلەکەو نە تەبلیغیکی کاریگەرە لە دژی فورمولبەندییەکەی بەرنامەی ئیمە. ئەمە خودزینەوەیە لە ئەسلی باسەکە. بەرای من کەسیک کە لە باربردنی منال لە رووی مەبدەئییەوە بە کاریکی بی عەیب دادەنی پیویستە هەر ئەمە بلیو بەسەراحەتیش بەرگری لی بکات. بە خو اتهام کردن لەقسەی خەلکانی ترەوە و دواتر خو گیفکردنەوە جوابی مەسەلەکە نادریتەوە. سەرەنجام ئەم جورە نارەزایەتیە یەک شت دەگەیەنی: مانای ئەم نارەزایەتیە ئەمەیە کە ئەگەر روژیک بو ئەم رخنەگرە بسەلمینریت کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منال دریژکراوەی تەبیعیی کورپەلەیەو کورپەلەش سەرەتای ئیلزامیی ئینسانیکە، ئەو کاتە خودی ئەو لە باربردنی منال بە قتل و تاوان دادەنیت وە ئەمە بو لایەنگریکی لە باربدرنی منال ناتوانیت هەلویستیکی مەحکەم بیت .

هەر چونیک بیت، بە بروای من ناوبردنی منال لەباربردنَ بە تاوان یا قتل "لە چوارچیوەیەکی زەمەنیدا کە لە یاساکانی ئەمروی ئەوروپادا باوە "راست نیە چونکە تاوان و قتل مەقولەیەکی حقوقین و پیناسەیەکی کومەلآیەتیان هەیە نەک شەخصی. هەر کەسیک پیویستە لە چوارچیوەینەریتو سوننەتەکانی کومەلگای هاوچەرخی خوی دا داوەری لەسەر بکریت. کومەلگا هەموو شکلەکانی لەناوبردنی ئینسان لە سەردەمی ئیمەدا بە قتل ناونابات. واقعیەت ئەمەیە ئینسانەکان بەگەلیک شیوازی جوراوجور لەم دنیایەدا خەریکن یەکتری لە مافی ژیان مەحروم دەکەن .سەربازیک کە لە جەنگدا ئینسان دەکوژیت، ئەندامیکی دەستەیەکی دادوەری کە دەنگ بەحوکمی اعدامی کەسیک دەدات، پزیشکیک کە لەرووی سوزو بەرزەیی و میهرەبانییەوە مەرگی نەخوشیک پیش دەخات کە لەسەرەمەرگدایە . دەولەتیک کە ویرای ئاگادارییی دەقیقی لەوەی کە ئاماری مردن چەندە دەچیتە سەرەوە، بیمە (چمان)ی صحی کەم دەکاتەوە. کەسیک کە دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی محگەی ئەتومی کەم دەکاتەوە، لەگەل ئەوەشدا کە دەزانیت ئەمە ئاماری سرگانی خوین لە ناو منالأنی ئەو دەورو بەرەدا دەباتە سەرەوە. سەروک کوماریک کە حوکمی بومبارانی جیگایەک دەردەکات، پارتیزانیک یا تیرورستیک کە بومبیک ئەنیتەوە، ئەمانە هەر هەموویان ئاگاهانە لە کوشتنی ئینسانە واقعیەکاندا بەشداری دەکەن . بەلاَم کومەلگا مەرج نییە هەموو ئەم کارانە بە قەتلو ئەنجامدەرانیشیان بەقاتل بژمیری. تیروانینی شەخسیی ئیمە ئەکری لەگەل تیروانینی کومەلگادا جیاواز بیت. تیروانینی شەخسیی ئیمە ئەکری پشتی بە مەدەئیکی ئینسانیی موتلەقی ئەوتو بەستبی کە هیچ تەفسیرو



ئەملاوئەولایەک هەلنەگری. تیروانینی کومەلگا بو ئەوەی کە تاوان چییە، نیسبییە و لە رووی میژووییەوە مەرجدارەو لەگوراندایە. زەمانیک بوو کە کوشتنی منالو هاوسەر لەلایەن پیاوەوە بە تاوان نەئەژمیردرا. جەنابی ئیبراهیمی خلیل لە ئیسلام و یەهودیەت دا بریاربوو لە روژی رووناکدا کورەکەی خوی لە عملیاتیکی درندانەی خواناسیدا سەر ببریت کە خوشبەختانە وەکو سیاوش مدرسی دەلیت لە ئاخرین لەحزەدا ئاشکرادەبیت کە خواوەند گالتەی کردووەو مەبەستی تەنها تاقی کردنەوەی ئەو بووە. هەر لەم دنیایەداو نەلە رابردوویەکی زور دووریشدا کوشتنی دیلەکانی شەرو کویلەکان تاوان نەبوو، هەتا سالآنی حەفتاکانی هەر ئەم سەدەیەی ئیمە، هەلواسینو لەسیدارەدانی رەشەکان لەلایەن نەژادپەرستە سپییەکانەوە لە ئەمریکا بە قتل حیساب نەدەکرا. کەسیک بە هوی کوشتاری هیروشیماو ناکازکییەوە) ترومن) ی بە قاتل نەژماردووە. لە ئەمریکا کتیبخانە هەیە بەناوی ئەم بەشەرەوە. تیروانینی ئەخلاقی و حقوقی کومەلگا بو کردەوە یەک رەنگدانەوەی حەساسیەتی مەعنەوی و عاگفی کومەلگایە بەرامبەر بەو کردەوەیە لەو سەردەمە تایبەتەدا. ئەم حەساسیەتە تەنانەت لە یەک دەورەیەکیشدا لە قەلەمرەوە (ناوچە) فەرهەنگییە جوراوجورەکاندا جیاوازە. ئەم حەساسیەتەو ئەم کاردانەوە ئەخلاقی و عاگفییە، وە بیگومان ئاکامە حقوقیەکانیشی، ئەبەدی نیە و گورانکاری بەسەردا دیت. زوریک لە کردار و شیوازەکانی ئەمروی ئیمە نەوەکانی دوای ئیمە بیزیان لیدەکەنەوە. بەلاَم ئەم ئالوگورە لە مەعریفە و تیروانینی عاگفی کومەلگا بو مەسەلەکان پیویستە بە شیوەیەکی واقعی و لە ماوەی چەند نەوەیەک لە ئینسانە واقعییەکاندا روودات. من زور بەتوندی مخالفی سزای ئیعدامم، بە بروای من سزای ئیعدام لە ناوەروکدا ئینسان کوژییەکی عمدیو نەخشەمەندانەیە. بەلاَم ناتوانم بە ئارەزووی خوم دەستەیەکی دادوەری کە لە ئەمریکا دەنگ بە تاوانبارکردن یا ئیعدامی تاوانباریک دەدات، بە قاتل دابنیم. چونکە کومەلگا، وە بیگومان خودی ئەوان ، ئەم پیناسەیەیان بو کارەکەیان نیە. ژنیک کە دەست بو لە باربردنی منال دەبات



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیەقین لە روانگەی خویەوە کورپەلە بە ئینسانیک، یاخود بە ئینسانیکی تەواو دانانیت وە لە فەرهەنگ و یاسای کومەلگاوە تصویریکی خراپ لەسەر کرداری منال لە باربردن وەرناگری .

بەهەرحال هەروەک ووتم ئیمە منال لە باربردنمان بەقەتل و تاوان ناو نەبردووە، وە خوازیاری قانوونی کردنی لە باربردنی منالین تا رادەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە یاساکانی ئەمەریکا و ئەورووپای روژئاوادا هەیە . بەلاَم ئەمەی کە کورپەلە قوناغیکە لە ژیانیئینسانیکی دیاریکراو کە هەر ئیستا پیی ناوەتە ناو ژیانەوە حەقیقەتیکی حاشا هەلنەگرە. ئەگەر ئەم حەقیقەتە ئەبیتە مایەی ئازاردانی ویژدانی کەسیک لە منال لەباربردندا، خەتای ئیمە نییە .ئەو چاوەروانییەی کە ئیمە لە پیناوی مرتاح کردنی چمیری کەسانیک دا کە نیازی لە باربردنی منالیان هەیە ئەم راستیە لە فکرماندا بسرینەوەو بو نموونە وانیشان بدەین کە (حاجی لەقلەق) کورپەلەَ ئەهینیت، زیادە رەویيە .

سورەیا شەهابی :لە هەندی وولاَت، بو نموونە لە بەریتانیادا، بەخشینی ئیجازەی لە باربردنی منال سیردراوەتە دەستی پزیشک تا لەسەر بنچینەی تەشخیصدانی سەلامەتیی جسمیو نەفسی دایکەکە ئەم ئیجازەیەی پیبداتو ئەمەش بووەتە مایەی نارەزایەتی زوریک لە پزیشکان. لە بەرنامەی حیزبی کومونیستی کریکاریدا ئیجازەی لە باربردنی منال سپیردراوەتە دەستی دایک. "ئیجازەی پزیشک" یا"بریاری دایک"؟ ئایا ئەم بەرامبەرکییە هیچ جیگایەکی لەبەرنامەی حیزبدا هەیە .مەبەستم ئەوەیە کە ئایا سپاردنی ئیجازەی لە باربردنی منال بە ئیجازە پیدانی پزیشک، هیچ جیگایەکی هەبوو لەباسەکانی پەیوەست بە لەباربردنی منال لە بەرنامەی حیزب دا، وەئەگەر نەیبوو بوچی؟

منصور حکمت :مەقولەی ئیجازەی پزیشک، تەنها بو لە باربردنی منال لە دوای دوازدە هەفتەییەوە نەبی، سەرەتا لە نووسینی دەقی بەرنامەدا



مەترەح نەبوو، چونکە رووی مەسەلەکە بەو جورەی کە بە واقعی لە هەموو وولاَتەکاندا هەیە، هەلبژاردنو بریاردان لەدەستی ژندایە. بزووتنەوەی قانوونی کردنی لە باربردنی منال، بزووتنەوەیەکە بو دانی ئەم مافەو ئەم هەلبژاردنە بەژن. باسی تەشخیصدانی پزیشک دەربارەی مەترسی ئازاری جسمی و نەفسی حاملەبوون بو ژنان، ریگایەکە کە لە هەندی ولاَتدا هەولیان داوە لە باربردنی منال بەعەمەلی قانوونی بکەنەوە بەبیتەوەی کە بەرەسمی دان بە مجازبوونی ئەم کارەدا بنین. بە تایبەتی ووشەی "مەترسی ئازاری نەفسی "بەم مەبەستە دانراوە کە مجال بو تفسیر کردن بهیلیتەوەو بەعەمەلی پزیشک سەرپشک بکات کە موری تأیید بدات لە خواستی ژن بو لە باربردنی منال. ئەمە سیستمیکە کە هەر ئەمرو لە بەریتانیادا کاری پی دەکری. لە روی عەمەلیەوە لە باربردنی منال لە بەریتانیادا ممکنەو بە خواستی ژن ئەنجام دەدریت. بەلاَم لەرووی حقوقییەوە ئەوە پزیشکە کە بریاری لەسەر ئەدات. ئەگەر پزیشکیک داواکاری ژنەکە بو لە باربردنی منال تأیید نەکات، کە هەلبەتە هەندی جار روودەدات، ژنەکە دەچیتە لای پزیشکیکی ترو موری تأیید لەو وەردەگری. ئەم شیوازە ریاکارانەیە ئەمرو هەم دەنگی خەلک و هەم دەنگی پزیشکەکانیشی بەرز کردووەتەوە. ئەگەر بزیشکەکە کەسیکی مخالفی لە باربردنی منال بیت، لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا دژواری زور وە تەنانەت هەندی جار تأخیری جدی ئەخاتە ریی ژنەکە. بەووتەیەکی تر بەپیی معیارە ئەخلاقیەکانی پزیشکی ئەو شوینە هاو وولاَتیانی بەریتانیا لەمەسەلەی لە باربردنی منالدا لە حقوق و ئیمکاناتی جیاواز یەهرەمەندن . لەلایەکی ترەوە، پزیشکەکان بەحەق نارەزایەتی دەردەبرن کە کاری ئەوان نەک تەشخیصدانی پزیشکی، بەلکو بووەتە ری نماییەکی کومەلاَیەتی بو ژنان. کاریک کە دەبووایە ئەرکی یاسا بووایە. ئەمە مەوقعیەتیکی غەیرە ئەخلاقی و ریاکارانەی سەپاندووە بەسەر پزیشکەکاندا، بە مخالفانو لایەنگرانی لە باربردنی منالەوە. ئەلین ئەگەر لە باربردنی منال کاریکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یاسایی‌یە، ئەوا دەبیت بریار لەسەر دانیشی لەلایەن خودی ژنەوە بیت . هەلویستی ئیمەش هەر ئەمەیە .

سورەیا شەهابی :پیشتر ووتت ناوبردنی ئیجازەی لە باربردنی منال بە "مافی هەلبژاردن" شتیکە لە چەشنی ئازادی هەلبژاردن لە نیوان کەوتنە خوارەوە و خوخستنە خوارە لە بەرزاییەکەوە .هەندیک لە فیمینستەکان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەرەن کە مافی لە باربردنی منال یەکیکە لە گرنگترین ئەو مافانەی کە ئیمکانی هەلبژاردن دەداتە ژنان. هەلبژاردنی بوون‌و نەبوون بە دایک، وە هەلبژاردنی کاتی بوون بە دایک .

منصور حکمت :من لەگەل تیروانینی بەشی هەرە زوری بزووتنەوەی فیمینستی‌دا لەسەر هەویەتی کومەلاَیەتی ژن‌و خوهوشیاری ژن گرفتم هەیە. ئەمانە ژن بە تویژیک یان گروهیکی کەمایەتی تصویر دەکەن کەدەبی مافە صنفی‌یەکانی خوی وەربگری‌و بچیت بەلای کاریەوە و ئیتر هەقی بەسەر دنیاو مەسەلەی کونترولی چارەنووسی جیهان و کومەلگای ئینسانیەوە نەبیت. بە بروای من لە باسی لەباربردنی منالدا ژن کەمایەتیەکی خاوەن دەعواو مەحرووم نی‌یە کە قەرارە ئەجری خوی لەشیوەی ئیجازەی لە باربردنی منالدا وەربگریتەوەو بڕواو ئیتر کاری بەسەر مەسەلە کومەلاَیەتی، مەعنەوی، فەلسەفی‌و میژوویی‌یەکانی ئەم گرفتەوە نەبیت. لە تصویری ئەمانەدا ژن هەمیشە لە باسی لە باربردنی منالدا تەنها لەشکلی مشتەری‌یەکی حاملەی کلینیک دا خوی دەنوینی، نەک رابەری کومەلگا، نەک فەیلەسوف‌و ئایدیولوژیک کە دەبی سەرەنجام سەبارەت بە ژیان و هویەی ئینسانی کورپەلە و حورمەتی ئینسانی و شتی تر خاوەن را بیت، نەک ئینسانیک کە بەبی لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ژنە یان پیاو دەتوانی سەبارەت بەم مەسەلانە راو بوچوونی هەبی‌و بەمەسەلەی خوی بزانی‌و بیەوی دنیا بە ئاقاریکی نایبەتیدا بەریت. لە مەکتەبی ئەمانەدا ژن حاملەیەکە کەنایەوی حاملە بیت وە ئیتر کاریکی بەم مەسەلانەی ترەوە



نیە. بەبروای من ئەم فیمینیزمە رووی دووەمی پیاوسالارییە کە ئەویش بە هەمان شیوە ژن لە دەخالەت کردن لەم مەیدانەدا دوور دەخاتەوە، وە ئەم دووانە دوو دیوی یەک پارەن .

لە وەلاَمی پرسیارەکەی تودا، بو ژنیک کە تەنها بەشیک نی‌یە لە کەمایەتی‌یەکی دووگیانی کومەلگاو وەکو ئینسان مامەلە لەگەل مەسەلەی کومەلگاو ژیان و حورمەتی ئینسانی و یەکسانی کومەلاَیەتی‌دا دەکات، ئیجازەی لە باربردنی منال مافی بریاردانیکی ئەوتو نی‌یە. ئازادی لە باربردنی منال وەکو حەبیکی سیانور* وایە کە چریکەکان لە زەمانی شادا لەگەل خویان هەلیان دەگرت. ئیمکانیکە بو دەرچوونیکی دەردناک لە رووداویکی دەردناکتر. ئیجازەی لە باربردنی منال لە چەشنی ئیجازەی خوکوژی‌یە .ئازادی لە باربردنی منال ئیجازەی لە بەبن بردنی کورپەلەی خوتە بو خولادان لە ئاکامە خراپەکانی مندالداری لەم کومەلگایەی ئیستادا. ئازادی لە باربردنی منال بوتە زەرووەتیک لە بەرئەوەی زوریک لەئازادیە ئینسانیەکان لە ژنان زەوت کراوە. مافی بەهرەمەند بوون لە زانستی جنسی .ئازادی کەلک وەرگرتن لەوەسائیلی (منع)ی سەد لە سەد سالم‌و بی‌خەتەر .ئازادی رزگاربوون لە ئەخلاقی مەزهەبی‌و پیاوسالارانە لە پەیوەندی جنسی‌دا، ئازادی پەیوەندی جنسی ئاوەلاَو ئازاد کە ژن لەو پەیوەندی‌یەدا ئازادی تەواوی هەبیت لە رەفتاری جنسی خویدا، مافی ئەوەی ئازادبیت لەوەی کە منالت هەبیت‌و مەوقعیەتی ئابووری‌و شوغلیت پاریزراو بیت، ئازادی ئەوەی کە بەبی ئەوەی لە ژیر فشاری ئابوری و ئەخلاقی و فەرهەنگی‌دا ناچار بەزواج‌و ژیانی هاوبەش بیت لەگەل میرددا، منالت هەبیت. ئازادی کەلک وەرگرتن لە ئیمکاناتی خورایی و مناسب بو بە خیوکردنی منال. ئازادی لەوەی منالت هەبیت‌و ژیانی کومەلاَیەتیت هەبیت. مافی پاریزراو بوون لە تەعەدای جنسی چ لە خیزان‌و چ لە دەرەوەیدا. ئازادی هەلبژاردنی دایکایەتی بەبی ئەوەی کە ژیان‌و خوشگوزەرانی‌و بەختیاری خوت وەکو ژنیک‌و ئینسانیک فیدا بکەیت. ئازادی لەوەی ببیت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدایکو خوشگوزەرانیو تەندروستیو ئاموزشو رابواردنی منالەکەت زامن بیت .

لە نەبوونی ئەم مافانەدایە کە ژن لە مەوقعیەتی "هەلبژاردنی" لە باربردنی منالدا خوی دەبینیتەوە. لەم بارەیەوە پیویسستە خالیکمان لا روشن بیت. خودی حاملەبوونی ژن بەپیچەوانەی مەیلی خویەوە، بەم مانایەیە کە نەیتوانیوە ئیرادەی خوی بو دایکایەتی کردنو نەکردن وە هەلبژارنی کاتی دایکایەتییەکەی لە ناو هەمان پروسەدا کە مروڤ تیایدا حاملە دەبیت، واتە پەیوەندی جنسی، پیادە بکات. ئەگەر قەرارە ژن کونترولی هەبیت بەسەر هەلبژاردنی دایکایەتیو کاتی دایکایەتییەکەیدا، ئەوا پیویستە ئیرادەو کونترولی هەبیت لە قەلەمرەوی پەیوەندی جنسی دا. ئەمە بە مانای بەهرەمەند بوونە لە زانیاری جنسی، بەمانای دەست راگەیشتنە بە وەسائیلی (منع)ی سالمو بیخەتەرو بەشداری کردنیتی لە پەیوەندیەکی جنسی یەکسان و ئازادو ئارەزومەندانە و دوور لە هەرجورە زەختو زورو ئیجبارکردنیکی راستەوخوو ناراستەوخو. بیگومان کوشتنی کورپەلە ریگایەکە بو بەرگرتن لەبوون بەدایکی ژن، بەلاَم ژنیک بەم شیوازە دایکایەتی نەکردن" هەلدەبژیریت" کە پیشتر نەیتوانیبیت ئازادانە ممارەسەی ژن بوونی بکات .

سورەیا شەهابی :هەندیک لەو باوەرەدان کە هەر فورمولبەندیەک کە مافی لە باربردنی منال نەک بە "ایجابی" بەلکو بە "سلبی" لیک بداتەوە، ئەم مافە مەحدود دەکاتەوەو بە عەمەلی وا لەژنان دەکات کە لەهەموو هەلومەرجیکدا کورپەلەکەیان بهیلنەوە. ئەلین ئەم بەندە فەزایەکی ئەخلاقی لە بەرامبەر ئەم کارەدا پیک دینی کە لە بەرژەوەندی ژناندا نیەو دەستی کلیسا و دین ئاوەلاَ دەکات لە مەحدود کردنەوەی مافی بریاردانی ژناندا .

منصور حکمت :ئەم نموونەیە هەر هەمان تەبدیل کردنی ژنە بەکەمایەتییەکی صنفی تحت الحمایەو هەتیو کە پیشتریش باسم کرد.



ئەمانە ئەیانەوی ژن تەنانەت لە چوارچیوەی باسکردن لە ماهیەتی ئینسانی و فەلسەفی لە باربردنی منال بخەنە دەرەوەو حەقی بەسەریەوە نەبیتو هیچ نەلیو نەبیستی. ئەیانەوی "تویژی ژنان "تەنانەت لە حەقیقەت دوور رابگرن و ریگریان بو پیک بهینن. تازە هەر لەم دنیا جیاکراوەیەی تویژی ژنانیشدا هیشتا مەعلوم نیـیە بوچی لە پیناوی چمیر مرتاح کردنو ئاسوودەکردنی ویژدانی ئەو ژنانەدا کە منالەکانیان لەبار ئەبەن، دەبی ئەو ژنانەی کە پییان وایە لە باربردنی منال هەر چونیک بیت کاریکی تالە کە دەبی کومەلگا روژیک لیی رزگار ببیت ، بی دەنگ بن و لە بەرامبەر یەکیک لە گرنگترین گرفتە فکرییەکانی میژووی بەشەریەتدا بیدەنگو بی دەربەست بن. ئەگەر لە باربردنی منال مافیکە، لیکولینەوەو بەیان کردنی حەقیقەتیش مافیکی ترە. ئەمانە هەردووکیان بەقازانجی ژنانن. تەنانەت ئەگەر بەقازانجی بریک لە فیمینیستەکانیش نەبیت .

سەبارەت بە مەسەلەی کلیسا، ئەمەمان زور بەر گوی دەکەوی کە تیروانینی سلبی بەرنامە سەبارەت بەخودی کرداری لەباربردنی منال، سەرباری خواستی قانونی بوونی، ئاو بە ئاشی کلیسا و بالی راستی مەزهەبیدا دەکات. ئەمە تیگەیشتنیکی لەئەندازە بەدەر لاوازە. نموونەی پیچەوانەی ئەمە ئەکری لەباسی پورنوگرافی (فلیمی جنسی)دا ببینری . فیمینیزم و کلیسا لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دوو هەلویستی تەواو لیک نزیکیان هەیەو تەنانەت لە خوپیشاندانەکاندا لە تەنیشت یەکترەوە دەردەکەون .ئایا ئەکری بوتری نارەزایەتی فیمینستەکان لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دەستی کلیسا بو زیاد کردنی فشاری میژوویی لەسەر ژنان و بو بەرگرتن بە ئازادی و خو دەرخستنی جنسیی ژنان ئاوەلاَ دەکات؟ وە ئایا ئەم نزیکایەتییە بەلگەیەکی کافییە بو بیدەنگ بوونی فیمینیزم لە بەرامبەر مەسەلەی پورنوگرافیدا؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەلسەنگاندنی سلبی خودی عەمەلیەی لە باربردنی منال بەتەنها قسەی ئیمە نی‌یە. قسەی زوربەی هەرە زوری خەلکی‌یە. قسەی زوربەی هەرە زوری ئەو کەسانەیە کە لە باربردنی منال "هەلدەبژیرن" و ئەشیانەوی قانوونی بکریتەوە. بوچوونی موشەخەسی خەلک سەبارەت بە ناسنامەی ئینسانی کورپەلە هەر چیی‌یەک بیت، زوربەی هەرە زوری ئەوان هەست بەوە دەکەن کە ئەمە کاریکی دەردناکو نەخوازراوە و بەهەرحال پەیوەندی بە پچراندنی ژیانی ئینسانی‌یەوە هەیە. ئەوە کلیسایە کە خوی بەم عاگفە شەریفە ئینسانی‌یەوە هەلدەواسی و بەم ئیعتبارە ئەیەوی بازاری خوی گەرم رابگری. بگرە ئەوە ئەم بی‌عاگفهیی‌و بەکەم راگرتنە بیولوژیکی‌و صنف گرایی‌یە فیمینیستی‌یەیە کە ئیجازەی ئەم ریاکاری و بەرز کردنەوەی ئالاَی ریز و ئیحترام بو ژیانەی داوەتە دەستی دین، واتە یەکیک لە ترسناکترین‌و دژی ئینسانی‌ترین دامەزراوەکانی میژووی بەشەریەت.

وەرگیڕانی: بڕیار مەهدی

پیداچوونەوەی: سەعید ئەحمەد



# بۆ کۆنگرەی یەکەمی
# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

**هاورێیانی ئازیز** !

بەرپاکردنی یەکەمین کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بە رشداربووانی کۆنگرە و هەموو ئەندامان و هەڵسووراوانی حیزب پیرۆزبایی دەکەم. بە داخەوەم کە ئیفتخاری بەشداریکردنی کۆنگرەم پێنەبرا. هەر لێرە دا زۆر سوپاسی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەکەم کە منیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە بانگهێشت کرد .

هاورێیان، ئە وەی کە کۆنگرەی یەکەم بە کردەوە چ دەورێک لە ژیانی حزبدا دە گێرآ، ئەوە شتێکە کە ئێوە لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوودا دیاری دەکەن. بەڵآم من وەکو هەڵسووراوێکی ئەم بزووتنەوەیە، ئەندامێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆمەڵێک ئومێدو چاوەروانی جدیم لەم کۆنگرەیە هەیە .

ئێمە کە لە دەرەوەی کۆنگرە چاومان بریووەتە ئەم کۆبوونەوە مێژووییەی ئێوە، عەزمو ئیرادەیە کی یەکپارچە، راوە ستاومان لەم کۆنگرەیە دەوآ . ئاسۆیەکی رۆشن، رابەرییەکی مونسەجیم، ئیرادەیەکی یەکپارچە بۆ هێنانە گۆری حزبێکی توندوتۆڵأو بە دیسپلینو حەماسێکی بە تینو خێرا بۆ بە سەمەر گەیاندنی بەرنامە، ئامانجو ئاواتەکانی ئەم بزووتنەوە ئینسانی و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شۆرشگێڕەمان دەوآ. ئێمە ڕاگەیاندنی دووبارەی ڕێکخراوێکی پڕشۆری شۆرشگێڕمان دەوێت کە عەزمی کردووە بە یەکجاری‌و بۆ هەمیشە کۆتایی بە کابووسی خەڵکی عێراق بهێنآ .

کەم بزووتنەوە لە هەلومەجێکی سیاسی‌و کۆمەڵآیەتی ئاوا لە بار بۆ گەشە، هەڵدان بەهرەمەند بووە. شەش ساڵە دە ڵآی مێژووی عێراق لە لوتف بە ئێمە زەمەنی ڕاگرتووە تا پێیا بگەین. شەش ساڵە دەروازەی دەسەڵآتیان لە سەرتاسەری عێراقو بە تایبەتی لە کوردستاندا بە کراوەیی هێشتۆتەوە تا بەڵکو ئێمە بچینە ژوورەوە. خەڵکێکی تینوی ئاڵوگۆر، خەڵکێک کە بە شوێن هێزێکی چینایەتی ڕێکخراوو پێشرەوە وە یەکە ئیلهام لە داهاتوو وە ربگرآ، ئەمانە زەمینەی کاری ئێمەیە .

هاوڕێیان، سەیری ڕووداوەکانی ئێران بکەن، سەیری ئەوزاعی عێراق بکەن .پێکدادانو ئاڵوگۆری ئێجگار گرنگ بە ڕێوەیە. ئێمە دەبآ کارێک بکەین کە کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکاری مۆری خۆیان لەم ئاڵوگۆڕانە بدەن. ئەم دەورەیە دەبآ دەورەی ئێمە بێت. دەبآ ئەمە بانگەوازی کۆنگرە بێت . سەرکە وتووبن .

**بژی شۆرشی کرێکاری!**

**بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق !**

منصور حکمت

١٩٨٨/١/١٦

وەرگێرانی: سەعید ئەحمەد



# حیزب و دەسەڵاتی سیاسی

**وتارێک، لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**

**١٥ی نیسانی ١٩٩٨**

بێگومان هاوڕێیان، لە بارەی ئەم بابەتەوە چاوەڕوانی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام باسەکەی من دەربارەی هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکان، هەر لە هاویشتنی مەوادی خۆراکی بۆ کارمەندانی سەرکوتگەری ڕژێم، تا دەگات بە ڕاپەڕینی چەکدارانە نییە. من نامەوێ لێرەدا ئەم قۆناغانە شرۆڤە بکەم. بەڵکوو دەمەوێ تێبینییەکانی خۆم دەربارەی بابەتگەلێک بخەمە ڕوو، کە لە پرۆسەی هێزگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە خۆیان تەرح ئەکەن و ئەو فاکتۆرانە ڕۆشن بکەمەوە کە دەخاڵەتیان لەم مەسەلەیەدا هەیە .

ئەمەوێ بە چەند خاڵێک دەست پێ بکەم، کە زیاتر بە پرسیارگەلێک دەکەن کە، لە لای ئێمە بە کفر دەژمێردرێن. کفر بەو مانایەی کە بە ڕواڵەت، وەڵامە تیۆرییەکانی تا هەنووکە، تەرحکردنی خودی ئەم پرسیارانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە .

من پێموایە، بە تێڕوانینێکی وردتر لە تیۆری کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی سیاسی ئەوە دەرئەکەوێ کە، ئەم پرسیارانە هیچ نارۆشنییەک ناهێننە ئاراوە. وەلی من ئەم پرسیارانەم هەیە و دەمەوێ ئێوەش بیری لێ بکەنەوە و بەشداری لە تەرحکردنیدا بکەن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکەمین خاڵێک لە پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەمەیە :

دەسەڵاتی حیزب یان چین؟ کەسێک، کە بیر لە سەرئەنجامی ئەم باسە دەکاتەوە، ئەمە یەکەمین پرسیارێکە، کە ڕووبەڕووی ئێمەی دەکاتەوە . لێمان دەپرسێت، کە بۆچی دەتانەوێ لە بارەی "حیزب" و دەسەڵاتی سیاسییەوە بدوێن؟ بە پێی تیۆری سۆسیالیستی بڕیار بو، قسە لە بارەی "چین" و دەسەڵاتی سیاسییەوە بکەن، بڕیار وا نییە کە، ئێوە کۆمۆنیستەکان، سەبارەت بە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن حیزبەکەتانەوە بدوێن. سەرئەنجام (لەم ڕوانگەیەوە)، باسی "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" لەگەڵ تیۆری سۆسیالیستیدا ناکۆک دێتەوە. پێمان دەڵێن، بەو پێیەی، کە تیۆری دەڵێت، چینی کرێکار دەسەڵات لە بۆرژوازی دەسەنێت و خۆی بە ناونیشانی چینی فەرمانڕەوا ڕێک دەخات، ئەوە ڕۆشن نییە، کە حیزب لێرەدا، چ جێگایەکی هەیە و هەر لە بنەڕەتەوە، بۆچی باسی "حیزب و دەسەڵاتی سیاسی" ئەهێننە ئاراوە؟

ئەم "قەدەغەبوون"ە لە پەیوەند بە حیزب و دەسەڵاتی سیاسییەوە، تەنها بە ئێمە دەگوترێت. تەنها ئێمە کۆمۆنیستەکانین کاتێک کە باسی دەسەڵاتی سیاسی ئەکەین، هۆشداریمان پێ ئەدەن کە لە جێی خۆمان دانیشین، ئێوە بە پێی تیۆرییەکەی خۆتان، بڕیار نییە، وەکوو حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک ببنەوە، بەڵکوو بڕیارە چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە .

ئێمە، چ لە دەروونی بزاڤی سۆسیالیستی و چ لە دەرەوەی خۆمان، ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵوێستانە و ئەم جۆرە هۆشداریدانانە دەبینەوە. ئەمە بۆ ئێمە، لە ڕیزی چشتە "قەدەغەکراو"ەکان دەژمێردرێت. ئەگەر بێت و پێنج کەسی ناسیۆنالیست لە دەوری یەکدی کۆوەبن و پارتێکی نوێ دامەزرێنن، ئەوا یەکسەر باسی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەکەن، هیچ کەسێکیش نایات بیانوویان پێ بگرێت، هیچ کەس! دەڵێن، حیزبی



ناسیۆنالیستی تازەی ئێران دامەزراوە و بەڕێز فلانەکەس سەرۆکەکەیەتی و بڕیاری خۆی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی ڕادەگەیەنێ، سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی وەزیرانیش دەناسێنن و لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیش سەبارەت بەم مەسەلەیە، چاوپێکەوتن ساز ئەکەن، لێ ئەگەر ئێمە بڵێین، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەرەکێتی بە ئاقاری دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو بنێ، یەکەمین کەسێک کە یەخەمان دەگرێت، یەکێک لەو چەپانەی پەنا دەستی خۆمان، لە چەشنی" یەکێتی کۆمۆنیستی"یە، کە دەڵێت: کاکە ئەوە چی قەوماوە؟ ئەوە چینە کە بڕیارە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەی مەگەر دیاردەی یەکێتی سۆڤێتی نابینن؟

ئەمە، گراچو مارکس، کۆمیدیگەری بەناوبانگی ئەمریکاییم دێنێتەوە یاد کە، دەی گوت: من نابمە ئەندامی یانەیەک کە، کەسانی وەکوو من بە ئەندامی خۆی قبوڵ بکات! تێڕوانینی کەسانی بەرامبەریشمان لەو جۆرەیە. دەڵێت، من ئامادەم لە کۆمەڵگایەکدا، کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوالیبراڵدایە زیندەگی بکەم، ئامادەم لە ژێر سایەی حکومەتی کۆنسێرڤاتیڤ (پارێزگاران)ەکان زیندەگی بکەم، ئامادەم لە ژێر سایەی حکومەتی لیبراڵیدا زیندەگی بکەم، بەڵان لەژێر سایەی حکومەتێکدا کە، دەوڵەتەکەی لە کەسانێکی وەکوو من پێکدێت، ئامادە نیم زیندەگی بکەم !

ئەمە خاڵێک و لایەنێکی تیۆریی ئەو مەسەلەیەیە، کە قسەی لەسەر ئەکەین و پێویستە بچینە سەری. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە، لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بەو جۆرە بدوێین، کە ئەمڕۆ گەرەکمانە پێی بدوێین. پاشان دەچینە سەر باسە کۆنەکانی خۆمان لە مەڕ، شۆڕشی کرێکاری، ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران، گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاپەڕین .

مەهدی خانبابا تارانی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ "نیمروز"، کە من خوێندومەتەوە دەڵێت، کێشەی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵات بڕیوە! من تێناگەم. ئەی گوایە، بڕیارە ئۆپۆزیسیۆن چ کارێکی دی بکات؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرفتی مەهدی تارانی، بۆ نموونە، ئەوە نییە کە ئۆپۆزیسیۆن، لە مەڕ کۆمەڵگای مەدەنییەوە، باش یان خراپ بیر دەکاتەوە، دەڵێت، کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوەیە، کە چاوی لە دەسەڵات بڕیوە !

یەکەمین خاڵێک، کە من دەمەوێ بیڵێم و ڕەنگە وەک کفر تەماشای بکرێت ئەوەیە، کە ئەم حیزبە چاوی لە دەسەڵاتی سیاسی بڕیوە و گەرەکێتی دەسەڵاتی سیاسی لە چنگ بگرێت. ئەمە نەک هەر تەنها لەگەڵ بە دەسەڵاتگەییشتنی چینی کرێکاردا ناکۆک نییە، بەڵکە لە بنچینەدا، تەنها ڕێیەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە ئەوەیە ,کە لە ڕێگەی حیزبەکەی خۆیەوە دەست بۆ دەسەڵات بەرێت. هەڵبەتە ئەو مەسەلەیەی، کە دەسەڵاتگرتن لە لایەن حیزبەوە، دەکرێت دەسەڵاتگرتنی چینی بە دوادا نەیات، پەیوەستە بەوەی، کە ئەو حیزبە چ جۆرە حیزبێکە .قسەکانی من، سەبارەت بە حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکارییە .

خاڵێکی دیکە کە بە ڕواڵەت و گوایە لە تیۆرییەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەوەیە، کە پرۆسەی دەسەڵاتگیری سیاسی وەکوو پرۆسەی ناشتنی درەختێکە، ئەویش بەو مانایەی کە: کۆمۆنیستەکان، بە کارکردن لە نێو چینی کرێکار دەست پێ ئەکەن. تەبلیغ، تەرویج، سازماندەیی ئەکەن و لە نێو 'چین"دا پەرە ئەستێنن. وردە وردە چین ڕێک دەخەن. کەسان و کۆڕ و کۆمەڵی دەروونی چین، دەبنە کۆمۆنیست. ئەم توانا و چوونە نێو "چین"ەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕوو لە زیادی دەکات. توانای ئاکسیۆنی پەیدا ئەکەن. توانای خۆپیشاندان پەیدا ئەکەن و بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، پەیوەندی نێوان حیزب و چین بە جۆرێک مەحکەم دەبێت، کە حیزب دەتوانێت چینی کرێکار بۆ ڕاپەڕین بە کێش بکات. شۆڕش ڕێک بخات و دەسەڵات لە چنگ بگرێت .

ئەمە تیۆری چەپ و وێنای گشتیی کاری کۆمۆنیستییە .



من ئەمەوێ لێرەدا، یەک پرسیاری کفراوی دیکە بکەم: ئەگەر بێت و ئەم پرۆسەیە لە بیست ساڵ زیاتر درێژە بکێشێت، ئێمەش بە ڕێکخستنی چینی کرێکار دەست پێ بکەین، بۆ نموونە، کرێکارانێک کە هەنووکە بیست بیستودوو ساڵانن و سازماندەییان بکەین، لەم بارەدا، لە پاش ١٠ تا ١٥ ساڵی تر، بەشێک لەوانە دەبنە خاوەنی منداڵ، ژمارەیەک نەخۆش دەکەوون و ژمارەیەکیش لەوانە دەست لە کاری سیاسی دەکێشنەوە. سەرئەنجام دەبینین، لە پاش ئەم هەموو ساڵە ئێمە، لە لایەکەوە بە ڕواڵەت مرۆڤەکان دەکەین بە کۆمۆنیست، لە لایەکی دی، ئەوانە خانەنشین دەبن و لە کاری سیاسی دوور دەکەونەوە .

مەگەر فێرکاری سۆسیالیستی، کۆمۆنیزم، ڕێکخراوبوونی چین و پەیوەندی نێوان حیزب و چین، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوازرێتەوە؟ بۆ نموونە، ئێمە بێین، کار لەسەر کرێکارانی دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی ئێران بکەین و بە ئومێدی ئەوە بین، کە لەگەڵ کرێکارانی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمی ئێران بە دەسەڵات بگەین؟

ئایا دەکرێت، حیزبێکی کۆمۆنیستی بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە نێو کرێکاراندا کار بکات و پاش ٥٠ ساڵ بە دەسەڵات بگات؟

بۆ من، بە ناونیشانی ڕێبوارێکی بێگوناه لە کۆمەڵگادا، چاوەڕوانییەکی لەو جۆرە نەشیاوە. چونکە ئەم میراتە ڕێکخراوەییە، ئەم گفت و بەڵێنە ئایدیۆلۆژییە، ئەم وشیارییە چینایەتییە و ئەم پەیوەندییەی نێوان حیزب و چینە، هەروا بە سانایی لە وەچەیەکەوە بۆ یەکێکی دی ناگوێزرێتەوە. ئێمە گەرەکمانە ئەمە ببینین! ئێوە لە نێو کرێکاراندا هەڵدەسوڕێن و بۆ نموونە، بە ڕادەی لە سەدا ٢٠ پەرەتان سەند و پاش ماوەیەک حەوسەڵەیان نامێنێ، دەنا ڕادەی هاتن و چوون چەند دەبێت؟ ئێمە بەردەوامی بە ژیانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسیمان ئەدەین، لە کاتێکدا ئەو کرێکارانەی، کە کار و چالاکیمان لەگەڵدا دەکردن، دەڕۆن. ئێمە، ئەم دیاردەیە لە زیندەگی سیاسی خۆماندا دەبینین .

ئەم حیزبە، حیزبێک بوو کە، لە یەکی ئاپارەکانی شاری سنە دەخاڵەتی ئەکرد، لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان کە، گوێبیستی ڕادیۆ بوون، بەرنامەی حیزب و بەرنامەڕادیۆییەکانیان ڕونوس و بڵاو دەکردنەوە، سەفەری هەندەرانیان دەکرد، پەیوەندی هەبوو. هەنوکە لە خۆمان دەپرسین و خەڵکانی دیکەش لێمان دەپرسن، ئەو نفوزەی کە هەمان بوو، چی لێ بەسەرهات؟ سەیر لەوە دایە، کە ئێمە ئەو نفوزە کرێکاری و ئەو پەیوەندییانەمان لە نێو دڵ و لە دوای سەرکوتکارییە خوێناوییەکانی ٢١ (٣٠ی خورداد)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١دا پەیدا کرد، ڕایەڵە و پایەی کرێکاریمان هەبوو و ئێستا نیمانە. چییان لێ هات؟ مەسەلەکە ئاشکرایە، حەوسەڵەیان نەما، هەمویان لە چاوەڕوانی هاتنی شۆڕشدا نابن، تا ئەوان لەگەڵ خۆیدا بەرێت. پاش ماوەیەک، بڕیارێکی دیکە لە زیندەگی خۆیان ئەدەن و کارێکی دیکە دەکەن، یان هەر بە یەکجاری دەڵێن، ئەم کارە کەڵک و ئاکامێکی نییە. ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و هەڵسوڕاوە کریکارییانەی، کە لەو سەردەمانە، لەگەڵ ئێمەدا بوون، ئێستا دەبیستین کە، خەریکی کارێکی دیکەن .

ئەم دەسەڵاتە سیاسییە، ئەم دەسەڵاتە حیزبییە، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە ناگوێزرێتەوە. نفوزی کرێکاریی پارتەکان پاشەکەوت ناکرێت .ئەمە لە چەشنی دەخیلەیەک نییە کە، ئێوە پارە و پولی تێبکەن، تا دەگاتە برێکی وا کە بایەخی هەبێت .

کاتێک، کە نفوزی کرێکاری بەدەستئەهێنی، بە بڕوای من، یان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگری، یان کەڵکی لێ وەرناگری و دەبێت دووبارە بچیت کار بکەیتەوە تا بە شوێنێک بگەیت. ئایا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کەڵک لەو نفوزە وەردەگری، یان نا؟



ئەزمونی تەواوی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا بەو جۆرەیە. ئەزمونی تەواوی پارتە سیاسییە چەپەکانی دنیا بەو جۆرەیە .

ئەو حیزبانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە دێنە سەر کار، هەر چوار ساڵ جارێک، لە وڵاتە دیموکراتیکەکاندا، بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و خەڵکی، دەنگیان پێ دەدات، چەپەکانیش وەک هەمیشە، هیچ کاتێک دەنگ ناهێنن .ئەگەر بڕوانیتە داستانی زیندەگی چەپی سیستەمی پەرلەمانی و چەپی ڕادیکاڵ، دەبینیت کە، ترۆتسکییەکان، لە هەندێک کاتدا و سەرئەنجام، نزیک دەبنەوە لەوەی کە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ناوچەییدا، کەسێکیان بگاتە ئەنجومەن و تازە لە دوای ٢٠ ساڵ و تەنانەت لە وڵاتگەلێکی وەکوو ئینگلتەرا و فەرەنسا، ناتوانن ئەم کارەش لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا بکەن. ئەمە داستانی سەرکەوتنەکانی پارتە چەپە ڕادیکاڵەکانە، لە پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا. کاتێکیش کە بە ڕواڵەت هاوڕێ فلان چووە نێو ئەنجومەنی شارەوە، ئیدی باسێک لە مەڕ دەسەلاتی سیاسی نامێنێتەوە .

ئەبێ ئەم پرسیارە بکرێت :

ئایا ڕێی تێ ئەچێت، بە تیۆرییەکی لەم جۆرە، یانی تیۆری پەرەسەندنی پلە بە پلە، لە پەیوەست بە گەییشتن لە خاڵی A بۆB ، لە سفرەوە بۆ سەد و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین، بە ئاکامێک بگەین؟ هەروەها، ئایا ڕاپەڕینی کۆمۆنیستی، سەرئەنجامی پرۆسەیەکی لەو بابەتەیە؟

خاڵێکی تر و پرسیارێکی تر: ئایا، هەر کاتێک کە بمانەوێت یان بتوانین، دەتوانین دەسەڵات لە دەست بگرین، یان ئەوەتا لە کۆمەڵگادا، دەبێ ئاڵوگۆڕێک ڕووبدات؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وای دابنێ کە ئێمە پەرەمان سەند و لە سەدا ٣٠ تا ٤٠ی کرێکاران بە ڕیزەکانی ئێمەوە پەیوەست بوون، هەروەکوو حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، یان وەکوو حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسای ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستا. ئایا، کاتێک بە ئێرە گەییشتن، ئیتر خۆت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئامادە کردووە؟ ئایا مەسەلەی پەیوەندی نێوان حیزب و چین یەکلا ئەبێتەوە؟ ئایا، هەر کاتێک حیزب، چینی بۆ شۆڕش شۆڕش ئامادە کرد، شۆڕش ئەبێت؟

شۆڕش، دیاردەیەکە لە کۆمەڵگادا. سەرئەنجام، لە ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و فکریی چەپەوە دەگووترێت کە، هەر کاتێک ئێمە ئامادە بووین، ئەچین دەسەڵات لەدەست ئەگرین. بەڵام تیۆری مارکسیستی دەڵێت کە، پێویستە کۆمەڵگا بکەوێتە نێو دەورەیەک لە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەوە، تاوەکوو بتوانین لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگادا دەخاڵەت بکەین. کۆمەڵگایەک، کە نایەوێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، بە سەرکوت بەر بەو کرێکارە دەگرێت، کە دەست بۆ دەسەڵات دەبات، با ڕادەی ڕێکخراوبوونی بە هەر ئەندازەیەکیش بێت. ناکرێت تۆ، لە بەرەبەیانێکی ئارامدا، لە خەو ڕابیت و بڵێیت، من ئامادەم دەسەڵات لەدەست بگرم، خودی کۆمەڵگا لە بار و دۆخێکی وەهادا، ڕێگات پێ نادات کە دەسەڵات لەدەست بگریت .

جۆشخواردنی شۆڕشگێڕانە، هەڵکشانی کاری سیاسی، لە ئارابوونی ناکۆکییەک لە ناخی کۆمەڵگەدا، کە چینەکان بۆ ململانێکردن لەگەڵ یەکدی بە کێش دەکات و لە هەندێک برگەی تایبەتی نێو ئەو ململانێیەدا، دەکرێت دەسەڵات بگریت، لەو فاکتەرە گرنگانەن کە، کاریگەریان لەسەر مەسەلەی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. ئایا، لە هەر کات و ساتێکدا، دەکرێت دەسەڵات لە دەست بگیرێت؟ ئایا، ئەگەر پێت وا بوو، کە لە باری ڕێکخراوەیی، چەندایەتی، سەربازی و هێزەوە ئامادەیت، دەکرێت دەسەڵات لەدەست بگریت؟ ئایا دەسەڵات، لە هەر بار و دۆخێکدا، قابیلی لەدەستگرتنە،



یان ئەوەتا بە تەنها، لە نێو بار و دۆخێکی تایبەتیدا ئەکرێت دەستی بۆ ببردرێت؟

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارگەلە ئەمەیە :

بە دیدی من، تیۆری زرک، هەمیشە حیزب بە بێ چین و چین بە بێ حیزب لەبەرچاو دەگرێت. کاتێک کە دەربارەی حیزب دەدوێت، بە ناونیشانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانێکی بێ ڕەگ و ڕیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەک ئەویش ئەوەیە کە، ئەمە ئەنجومەنێکی شۆڕشگێڕانەیە و بە تەواوەتی لە دەرەوەی چینە و لە دەروونی خودی چیندا هیچ کاریگەرییەکی نابێت و بەر هیچ کاریگەرییەکیش ناکەوێت. ئەم مەسەلەیەمان لە ئەدەبیاتی پێشووترماندا شرۆڤە کردووە .کاتێکیش باسی چین ئەکات، پێی وایە کە، ئەم چینە بچووکترین حیزبیبوونیان (تحزب /وەرگێڕی کوردی) لە نێودا نییە، ئەوە خودی کرێکارانن کە لە حاڵی تەحەسون (ڕاگرتنی کار و مانەوە لە شوێنی کار/ و. ک) و مانگرتندان و بە هەمان سەروسیما و بە دەستەگەلی دەسەڵات دەگرن، وە ئەگەر هاتوو ئەوانە، خۆیان ڕێکخراو کرد، یان ڕێکخراوێکی سیاسی لە نێویاندا تەشەنەی کرد، ئەوا یەکسەر شۆڕشەکەیان لەکەدار ئەبێت !

بە شێوەیەکی گشتی، لە دەربڕینە زرکەکانی تیۆرییە باو و بڵاوەکاندا ئەم دوو جەمسەرە لە ئارادایە: حیزب لە لایەک بە بێ کرێکاران، کرێکاران لە لایەکی دی بە بێ حیزب .

ئەو مەسەلەیەی کە، خەسڵەتی کرێکاریی یەک حیزبی کۆمۆنیستی و کرێکارییبوونی، لە هەبوونی یەک بەرنامەی کرێکارییدایە، بە بێ ئەوەی بە ناچاری تێکڕای کرێکاران، یان زۆرایەتی کرێکاران لەگەڵیدا بن، دیاردەیەکە کە، ئێمە گەرەکمانە تەرحی بکەین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حیزبێکی کرێکاری، با لە نێو کرێکاراندا کەمایەتیش بێت، لە ساتەوەختی مێژوویی چارەنووسزازدا، دەتوانێت، بزاڤی زۆرینەی کرێکاران ڕێکبخات، ڕاپەڕین بەرپابکات، دەسەڵات بگرێت و بیپارێزێت و لە ڕاستیدا، لەم ڕێییەوە دەتوانێت، ببێتە زۆرایەتی. بە بڕوای من، ئەم کارە دەشێت بکرێت. پێویستە بەم جۆرە بێت، ئەگەر نا، هەر کەسێک بێت، هەر مامۆستایەکی زانکۆ کە سۆسیالیزمی خوێندووە بڵێت، ئەم کارە جووت نایەتەوە لە تەک ئەو شتەی کە من خوێندوومە، یان هەر چەپێک کە، وانەی لە ستالینیزمەوە وەرگرتووە، بە ئێمە بڵێت، ئێوە لە نێو کرێکاراندا، کەمینەیەکی تایبەتن و مافی ئەوەتان نییە دەست بۆ دەسەڵات ببەن، وەڵامی من بۆ ئەوانە بەم جۆرەیە: تیۆری ئێمە، هەر لە سەرەتاوە بەم جۆرە نەبووە، کە ئێوە باسی ئەکەن .

وەڵامی من ئەمە ئەبێت، ئێمە هیچ کاتێک، ئەگەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ئارادا نەبێت، ناتوانین زۆرینەی چین، بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، هیچ کاتێک ناتوانین. پێویستە کەمایەتیی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستیی چین، لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا، چەند هەنگاوێکیان نابێت، تا ببێتە هۆی ئەوەی، زۆرایەتی چین پێیانەوە پەیوەست بن. ئەگەر لە هەر جێیەک، شوێنپێیەکتان نەبێت، هیچ هۆکارێک لە ئارادا نییە، تاوەکوو کەسێک پێتانەوە پەیوەست بێت. هیچ کەسێک پاڵنەرێکی نییە، بە حیزبێکەوە پەیوەست بێت کە، بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ کارێکی گرنگ پێ نەبێت. جەماوەری خەڵک، بە کەسانێکەوە پەیوەست دەبن کە، بەرنامەیەکی تایبەتییان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ هەیە. جەماوەری چینی کرێکار، کاتێک تەماشا ئەکات کە، ئێوە ڕاپەڕین دەخەنە دەستوری کاریانەوە و پاشان پێتان ناکرێ و ڕێکخستنەکەیتان بۆ مەیسەر نابێت، دەڕوات پەیوەندی بە حیزبێکی ڕیفۆرمیستەوە ئەکات کە، بە لای کەمەوە دەتوانێت زیادبوونی کرێکانیان بۆ مسۆگەر بکات. پەیوەندی حیزب و چین لەگەڵ شۆڕش و چاکسازی،



پەیوەندییەکی تایبەتی و بە تەواوەتی مرۆڤایەتییە، ئەویش باشبوونی بار و دۆخە لە هەر ساتێک و باشبوونی بار و دۆخی زیندەگییە .

بەڵام ئەگەر کرێکاران ببینن کە، ئێوە بە نیاز نین و لەبارتاندا نییە بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیف، بزووتنەوەیەک ڕێک بخەن کە، ئاکامێکی هەبێت، چاکە، دەڕۆن دەنگ بە هەمان حیزبی چەپی بۆرژوایی دەدەن کە، لانیکەم پێیان دەکرێت بەر بە کۆنسێرڤاتیڤەکان بگرن، داکۆکی لە لانیکەمی ژیان بکەن، یان لە دەرمان و دکتۆری خۆڕایی پارێزگاری بکەن ...

وەڵامی خودی من بەم بابەتە ئەمەیە :

حیزبێکی کرێکاری، کە کەمایەتییەک بێت، هێزێکی واقیعی لە دەروونی چیندا هەبێت، حیزبێکی کۆمۆنیستی، کە هێزێکی واقیعی هەستپێکراوی لە دەروونی چیندا هەبێت، کە توانای کاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێ ببەخشێت، ئەوا لە ڕێگەی هەمان کاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی نێو مەیدانی کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانێ باقی "چین"ەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ. میکانیزمی نزیکبوونەوەی حیزب لە دەسەڵاتی سیاسی لە پەیوەست بە چینەوە ئەمەیە، حیزب کاتالیزاتۆری(catalysator) ، حفاز/ و. ک.) نییە تاوەکوو چین میتابۆلیزمی(کارلێکردن، تفاعل/ و. ک.) دەروونی خۆی تێدا ببینێت. بە هەمان شێوە و بە بڕوای من، هەمان کەمایەتی و هەمان حیزبە ناچارن، کە لە پاش گرتنی دەسەڵات یەکسەر، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدا بگێڕن .

بەم پێیە، ئێمەش هەروەکوو پارتەکەلی بۆرژوازی، هەڵپەی دەسەڵاتمانە، واتە، ئێمەش دەمانەوێت دەسەڵات بگرین. ئەگەر حیزبێکی بۆرژوازی بڵێت کە، دەیەوێت دەسەڵات بەدەست بهێنێت، ئایا پێیان دەڵێین کە، مەگەر ئێوە حیزبێکی بۆرژوازی نین، ئایا تەواوی بۆرژوازی لەگەڵ ئێوەدان و لێیان دەخوازین کە، نفوزی خۆیانمان لە نێو تاک بە تاکی بۆرژواکاندا پێ نیشان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بدەن؟ وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن، هەڵبژاردن ئەکەین، تا ببینین کە، ئەو نفوزەمان هەیە، یان نا؟ هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە کە ئەوان، پرۆسەی بەدەستهێنانی هێز و نفوز لە نێو چینەکەی خۆیانی پێ نیشان ئەدەن .

ئەگەر هەڵبژاردن بەرنامە و ڕێگای ئێمە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، ئەوا ئێمەش دەڵێین، شۆڕش ئەکەین و پاشان ببینین کە، کرێکاران پشتیوانیمان لێ دەکەن، یان نا؟ ئێمەش ڕێک ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە تەرح ئەکەین. بێگومان ئەوان دەڵێن کە: ئێمە شۆڕشەکەتانمان قبوڵ نییە. ئێمەش دەڵێین :هەڵبژاردنەکانی ئێوەمان قبوڵ نییە. ئەمەوێ بڵێم کە، ئەم دووتای تەرازووە هاوسەنگن .

کاتێک لە کۆنگرە چووینە دەرەوە، بۆ نموونە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئەڵێین، بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو ئەنێین، یەکسەر چەپی دەرەوەی خۆمان هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێت، ببینن ئەوانە سیکت )سیکتاریست/ و. ک)ن ، گەرەکیانە دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆیان پاوەن بکەن! وەڵامی من بۆ ئەوانە ئەمەیە کە، مەگەر ئێوە لە پێناوی چیدا هاتوون؟ ئایا ئێوە لەو ئۆتۆمۆبیلە کۆنە ئەڵمانییەن کە مۆتۆڕەکەی لە دواوەیە، تا چین بدەنە پێش خۆتان؟ ئەی فەلسەفەی بوونی خودی ئێوە چییە؟

بە بڕوای من، پەیوەندی نێوان حیزب و چین لە بازنەیەکدا دێت و دەچێت، لاواز دەبێت و بەهێز دەبێت. پلە پلە هەڵناکشێ و پاشەکەوت ناکرێ. ئێوە بە ناونیشانی حیزبێکی سیاسی، لە هەر دەورەیەکدا، هەلێکی دیاریکراوتان لەبەردەستدایە کە، چین، بۆ هەستانێک، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، ساز و ئامادە بکەن. ئەگەر لەمە کەڵک وەرنەگری، ئەبێ بڕۆیت لە سەرەتاوە تێ هەڵچیتەوە. هێز لە جێیەک بۆ ئێوە پاشەکەوت نابێت. ڕەنگە لە بیرەوەری مێژوویی کرێکاران، بیرەوەریی کۆمەڵگە، نفوزی نێو چەپدا بمێنێتەوە، بەڵام نفوزی سیاسی ئێوە لە نێو کرێکاراندا لە شوێنێکدا



پاشەکەوت ناکرێت. کرێکار دێت و دەڕوات، دەورەیەک لەگەڵتاندایە و دەورەیەک لەگەڵتاندا نییە. ئەگەر شۆڕش بکەیت و شۆڕش شکست بخوات، کرێکاران ڕیزەکانت شەپۆل شەپۆل بەجێ دەهێڵن. منیش بم ئەڕۆم و بەجێت ئەهێڵم. هەر کەسێک ئەقڵی پێ بشکێ، پاش تێکشکانی شۆڕش، حیزبە کۆمۆنیستەکان بەجێدەهێڵێت. بەردەوامی ژیانی حیزبێکی کۆمۆنیستی لە بار و دۆخێکی وادا، بەرنامە و نەخشەیەکە، کە ئەو حیزبە کۆمۆنیستە ڕێنوێنی بکات و لەسەر پێ ڕای بگرێ، بەڵام لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر کەسێک یەک هەنگاو لەو لای ئەو شوێنەوە ڕاوەستابێت، ئەوا دەڕوات، ئۆقرەی لێ دەبڕێت .

خەڵکی پێیان خۆشە، لە بری ئەوەی سیناریۆیەکی سەیر و سەمەرە بۆ زیندەگییان بکێشن، لە دنیادا بژین و باش بن، خۆشگوزەران بن، تێکەڵی و دۆستایەتییان هەبێت .

ئێمە کۆمەڵە کەسانێکین، لەبەر هەندێک هۆ، جۆرە سیناریۆیەکی زیندەگی، بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، وەلێ جەماوەری فراوانی خەڵک، ئەم کارە ناکەن . سەرئەنجام، دەورەیەک بۆ ئێمە هەیە، کە، کار و چالاکی تێدا ئەنجام بدەین، یان ئەوەتا بە ئەنجامێکی دەگەینین، یان ئەبێ هەمدیسان لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە .

ئایا گرتنی دەسەڵات، پەیوەستە بە نفوزی ئێمە لە نێو چینی کرێکاردا، بە جۆرێک کە، هەر کاتێک بەو ئاستە گەییشتین و هەر کاتێک گەرەکمان بێت، بچین دەسەڵات بەدەستەوە بگرین؟ بە بڕوای من، نەخێر! حیزبێک دەتوانێت دەسەڵات لەدەست بگرێت کە، ئەو هەلومەرجەی کە ئەم دەسەڵاتە لە نێویدا ئاوێزان) هەڵواسراو، معلق/ و. ک.)ە، دەسنیشان بکات. ئەگەر ئەم ڕوانگەیەمان نەبێت، هیچ کاتێک ناتوانین دەسەڵات لەدەست بگرین، تەنانەت ئەگەر هێزێکی مەزنیش لە کرێکاران لەگەڵماندابن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە مێژووی پارتە چەپەکاندا نموونەگەلی زۆر هەیە، کە تەنانەت سیمپاتی تەواوی کرێکارانی بۆ خۆی بەدەستهێناوە، ئەگەر دەستیان بۆ راپەڕین ببردبایە، کارەکە تەواو ببوو. راپەڕینیان نەکرد، ئەو کرێکارانەش کە لەگەڵیاندابوون، رۆیشتن، رابەرانیشیان گیران و لە سێدارە دران. چەندین نموونە لە سەر حیزبە چەپەکان هەیە، کە دواتریش سەرکۆنە کراوون کە: ئێوە ئەم هەموو نفوزەتان هەبوو، هێز و تواناتان هەبوو و ... بۆچی لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا، کە مەسەلەی دەسەڵات کراوە بوو، نەچوون دەسەڵات بگرن؟

ڕەنگە بڵێن، کرێکاران لە هەلومەرجێکی وادا ڕیزەکانمان بەجێ ناهێڵن .بەڵام بۆرژوازی کە بێکار دانانیشێ، پروپاگەندە ئەکات، پێشنیاری ڕیفۆرم ئەکات و چاکسازی لە کۆمەڵدا ئەکات، ئەو مۆڵەتی چوون بۆ پیکتpicket) ، کۆڕوکۆمەلی نارەزایەتی/ و.ک.) نادات، تا بگات بەوەی ئێمە، بۆ بەدەستەوەگرتی دەسەڵات، کار لە نێو کرێکاراندا بکەین، کارێک دەکات، کە لە توانای ئێوەدا نەبیت .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتۆرانە، بە بڕوای من مەسەلەکە بەم شێوەیە فۆرمولە ئەکرێت :

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە حالێکدا کە، خاوەنی بەشی کاریگەری کرێکاران بێت، بەشی کەمایەتی، وەلی کەمایەتییەکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی کرێکاران، کەمایەتییەکی خاوەن دەنگی کرێکاران لە کۆمەڵگادا و کەمایەتییەکی چالاکی کرێکاران بێت، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حیزبێک بێت بەم مانایە کە، پەیوەندی لەگەڵ چینی کرێکاردا پتەو بێت، بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، نفوزی خۆی لە سەردەمانێکدا بە ڕادەیەک گەیاندبێت، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە ناوجەرگەی دنیای سیاسەتدا، بە وێنەی یەکێک لە یاریکەرانی ئەسڵی گۆڕەپانی سیاسەت دەرکەوتبێت، ئەگەر ئەم حیزبە، هەستەوەری بزنکردنی بە جۆرێک بێت، کە



بکارێت، ئەو هەلومەرجەی، کە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا کراوەیە و بووە بە بابەتی مشتومڕی کۆمەڵایەتی، دەسنیشان بکات، دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێ .بێجگە لەمە، ناتوانێت دەسەڵات بەدەست بهێنێ .

چارەنووسێکی حەتمی و تەوزی (جبري) لە ئارادا نییە. بەو کفرانەی، کە گوتم، ئێمە دەسەڵات بەدەست ئەهێنین. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە مەسەلەکەشدا، حەتمی نەبوونی چارەنووسی ئێمەیە. مەسەلەکە بە پراکتیکی خۆمانەوە، بە توانستی دەستنیشانکردنمانەوە، بە فاکتۆری بڕیار و ئیرادەی بە ئاگایانەی خۆمانەوە، لەو دەورانانەی کە هەلی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕووی ئێمەدا کراوەیە، پەیوەستە. من پێشتریش گوتوومە، سۆسیالیزمیش چشتێکی حەتمی و تەوزی نییە ...

بەداخەوە، لە ژیانی ئێمەدا جارێک یان دووجار بارودۆخی وا دێتەکایەوە . ئێوە پێویستە بەرنامە و نەخشەی خۆتان بۆ ئەو بار و دۆخە بنووسنەوە . ئەوەی، کە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا حەتمی نییە و لە پاش من، کرێکاران و خەڵکانێک بە ناوی من و ئێوەوە دێن و سەرئەنجام دەسەڵات دەگرن، هیچ ئاراممییەک بە من و بەم حیزبە تایبەتە نابەخشێت. بەڵکوو پێویستە، ئەم حیزبە تایبەتە بێت و بڵێت، کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئێمە و لە زەمانی ئێمە و کرێکاراندا، هەوڵ ئەدات، نەک ئەوەی، خەریکی شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی سیناریۆیەک بیت، کە بڕیارە جیهان بەپێی یاساکانی خۆی تێپەڕێنیت .

سەرئەنجام، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی کارێکی عەمەلییە. بە یەک مانا، پێویستە بڵێم کە، دەسەڵاتی سیاسی ئەمانە دەگرێتەوە :

١ .ببێتە نەریت (سونەت)ێکی سیاسی و خەباتکاری زیندوو، لە هەناوی کۆمەڵگا و چینی کرێکاردا. ئەم نەریتە، کە لەگەڵ هەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵکشان و داکشانێکدا لەبەین ناچێت. ئەگەر ئێوە توانیبێتتان ببنە نەریتێکی سیاسی، ئەوا کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە بە یەکێک لە هێزە دەخاڵەتگەرە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیە، ئەگەر گریمان، هەڵبژاردن ئەنجام درا، ڕەنگە ١٠ یان ٣٠ی لە سەدی دەنگی کرێکارانی بەدەستبهێنێت، بەلام هێزێکە لە مەیداندا، بەشێکە لە ژیانی خەڵک، بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵ. ئەمە کارێکە، بەدەر لە هەڵکشان و داکشانەکان، بەدەر لە بار و دۆخی شۆڕشگێڕانە و ناشۆڕشگێڕانە، ئێوە دەتوانن پێوەی سەرقاڵ بن و ئەوە مسۆگەر بکەن، کە ئەم نەریتە بمێنێتەوە و ڕێگای خۆی بکاتەوە .

٢ .بە ناونیشانی یەک حیزب، پێویستە هەلومەرج و بار و دۆخێک کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ئامادەیە، بناسیت و دەستبکەیت بە دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی. ئەو دەمە شانسی ئەوەت ئەبێت کە، دەسەڵاتی سیاسی بەدەستبهێنیت و ببیتە حیزبی زۆرایەتی، یانی، حیزبی زۆرینەی کۆمەڵ. ئەمە میکانیزمی بە "زۆرایەتیبوون"ە، نەک بە پێچەوانەوە یانی،" زۆرایەتیبوون" میکانیزمی بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت .

دەستبردنی چینی شۆڕشگێڕ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، مەرجی زۆرایەتیبوونە لە کۆمەڵدا، نەک بە پێچەوانەوە. زۆرایەتیبوون لە کۆمەڵگای دەرەوە و لە پەراوێزی مێژوودا، مەرجی مانەوە لە مەیدانی ئەسڵی مێژوودا نییە. ئەمە ئەستەمە .ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە لە هەر گۆشەیەکەوە تێی بڕوانیت، تایبەتمەندییەکانی ئێمە و پرۆسەی زۆرایەتیبوونی ئێمە نیشان ئەدات. نەک پرۆسەی وردە وردەی پەرەسەندنی مێژوویی و بەرئەنجامی



پرۆسەی تەبلیغ و تەرویج و هاوخەتکردنی پێشوەختی زۆرایەتی چین، کە هەڵوێستی هەمیشەیی چەپی تا ئێستا بووە .

من هەوڵم دا، سەبارەت بەو پێویستییانەی کە، چۆن دەتوانیت بۆ نەریتێکی سیاسی زیندوو لە هەناوی کۆمەڵدا بگۆڕێیت، بدوێم. من کۆمەڵە تێزێکی دیاریکراووم لە پەیوەست بە حیزبێکی تایبەت و گراییشێکی تایبەت لە کۆمۆنیزم، خستە ڕوو .لە پەیوەست بە حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی، قسە و باسم نەکردووە. ئەو پێویستییانە دەژمێرم :

-یەکەمین مەرجی ئامادەبوونی ئێمە لەو جەنگەی کە بۆ دەسەڵات دەکرێت، ئەوەیە، کە ئالاهەڵگری چەپی زێدەڕەوی (افراطی) نێو هەناوی کۆمەڵگا بین، نەک کەسی دووەم و سێیەم. دەبێت ئالای چەپی زێدەڕەو لە کۆمەڵگادا، چەپی کرێکاری لە کۆمەڵگادا، بە بێ ڕکابەر (منافس) لە دەستی ئێمەدا بێت. ئێمە بە ناونیشانی نوێنەری ڕاپەڕینی کرێکاریی داهاتوو، بە ناونیشانی ئەو تارماییەی کە لە بان سەری کۆمەڵگاوە دێت و دەچێت، بناسرێین .ببینە ئەو لایەنەی کە، گشت ئەو هێزانە- کە داکۆکی لەو هەلومەرجەی کە هەنووکە لە ئارادایە ئەکەن- گەرەکیانە تاوانباری بکەن. ئەم حیزبە، ئەو حیزبە بێت کە، ئالای نارەزایەتی ڕادیکاڵی کرێکاری، ئالای مارکسیزم، ئالای ڕەخنەی سۆسیالیستی لەو کۆمەڵگایەی لە ئارادایە، لە دەستدابێت. نەک یەکێک لە بەشداریکەرانی چەپ، بەڵکە نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت. دواتر دەتوانین دەربارەی ئەوەی، کە تا چ ئەندازەیەک بەو ئاقارەدا چووینەتە پێش، یان هێشتا مەودای نێوانمان چەندە، یان بە کوێ گەییشتووین، بکۆڵینەوە .

ئەمە یەکێکە لەو قەڵەمڕەوانەی کە پێویستە ئێمە بچینە ناویەوە .چونکە کاتێک کۆمەڵگا ئێمە بە ناونیشانی چەپ بناسێت و کاتێک بیری کردەوە، کە ئەبێ دەسەڵات بداتە دەستی چەپی زێدەڕەو، ئەمانە بوار ئەکەنەوە، کە ئێمە دەسەڵات بگرین. بەلام ئەگەر کۆمەڵگا بۆ نموونە، حیزبی تودە بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناونیشانی نوێنەری چەپی زێدەڕەو بناسێت و ئارەزووی ئەوە بکات، کە دەسەڵات بە چەپ بدات، ئەوە بە حیزبی تودەی دەسپێرێت. ئەگەر کۆمەڵگا پێی وابێت کە مارکسیستەکان لە فیدائی و نەریتی فیدائیدا بەرجەستە بوونە و کاتێک کە پێی خۆشە و شەیدای ئەوەیە کە، دەسەڵاتی سیاسی بداتە دەستی سۆسیالیستەکان، ئەوە بە چریکە فیدائییەکانی ئەدات .

پێویستە ئالاهەڵگری ئەو خواستانە، ئەو پێویستی و ئەو بەرنامە و ئامانجە کۆمەڵایەتییانە، ئەو ڕەخنە سیاسییە لە هەناوی کۆمەڵدا بیت، تا خەڵکی بڵێن، با ئەمانە تاقی بکەینەوە، با لە پشت ئەمانەوە خۆمان تەیار بکەین . پێویستە لەسەر تۆ، ئەوە دەستەبەرکەیت، کە تۆ ئەو بزووتنەوەیەیت . ئەگەرنا، کەسانێکی زۆر، وێنەی مارکسیان بەرز کردەوە و بە سەرئەنجامێکی دیکە گەییشتن .

-دووەم، ئەوەی کە، ئەبێ بەشی چالاک، بەرچاو و مەلموسی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگا بین. ئەوەم لەسەرەتای قسەکانمدا گوت کە، دەبێت لە پەراوێزی سیاسەتەوە بەرەو دڵی کۆمەڵگا بڕۆین. دەبێت یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵی دابەشکردنی دەسەڵات و یەکێک لە چەند یاریکەری ئەسڵی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵگا بین. باسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسی تەنها ئەوە نییە کە، ئایا ئێمە دەتوانین دەوڵەت بەدەست بهێنین، یان نا؟ بەڵکە ئەوەیە، ئایا دەتوانین هێزێک لە دەروونی کۆمەڵگادا بەدەست بهێنین کە، جێگای سەرنج بێت و بتوانین دواتر لە ململانێی نێوان هێزەکان لەسەر دەسەڵات بە کاری بەرین و فکرێکی لێ بکەینەوە؟ ئەگەر بەرامبەرەکەمان سوپای هەیە، تاوەکوو کەسێک بە یەخسیری بهێڵێتەوە، ئەوا ئێمەش بە هەمان شێوە، گەرە نوێنەری ئەو هێزە بین لە کۆمەڵگادا. تەنانەت ئەگەر نەمانتوانی گشت دەسەڵاتیش گیربخەین، پێویستە لە هەناوی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، هێزێک بین، حیسابمان بۆ بکرێ و بڵێن،" ئەوانە جێگای مەترسین". دەبێت هێز بین، دەبێت قسەی خۆمان بکەین، بڵندگۆ بە



دەستمانەوەبێت و دەبێت بەشی واقیعی ئۆپۆزیسیۆن بین. دوایی ئەچینە سەر ئەوەی کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تا چ ڕادەیەک لەم تێڕوانینە نزیک بووەتەوە. من خۆشحاڵم کە خەریکین لەمە نزیک ببینەوە، چ لەیەکەم و چ لە دووەم نزیک بووینەتەوە .

-سێیەم، دەبێت حیزبی ئەو چینە بین. من ئەزانم کە، ڕەوتگەلێکی بە تەواوی بێ ڕیشە، دەتوانن لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ڕیشە دابنێن و بێن و بە ناونیشانی یەک داروودەستەی بێ نەریت دەسەڵات بەگیرخەن، لێ ناچارن لە میانەی پرۆسەیەکەوە، پایەکانی خۆیان لەسەر یەکێک لە چینە کۆمەڵایەتی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە، لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەن گیر بکەن، چونکە، چینگەلی کۆمەڵایەتی نێو ئەو کۆمەڵگایەن. ناکرێت تەنها بە ناونیشانی دوازدە کەسی نەگریس و گروهێکی دڕ، بڕۆی چنگ لە دەسەڵات گیر بکە. ئەبێ تەقەلای ئەوە بکەیت، لە لایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەکی ئەو، دەسەڵات بەدەست بهێنی. ئەو چینە بۆ ئێمە، چینی کرێکارە و ئەو توێژە بۆ ئێمە، توێژی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی چینی کرێکارە، کە لە مێژەوە سەبارەت بە وان قسەمان کردووە. ئێمە ئەبێ بەشێک بین لەم توێژە و بە کردەوە پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبیت. ئەمە گۆشەیەک لە پەیوەندی نێوان ئێمە و دەسەڵاتی سیاسییە کە، هێشتا بە عەمەلی فەراهەم نەبووە. ئێمە لە پەیوەندییەکی زیندوو، خوڵقێنەر و بەیەکترئاوێزان، لەگەڵ بەشی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست و نارازی چینی کرێکاری ئێراندا نیین. خودی ئەم بەشەی چینەکە، زۆر دەستئاوەڵە نییە، تاوەکوو خۆی نیشان بدات و تێبگەین کە، چۆن بیر دەکاتەوە و چ ئاراستەیەکی هەیە. بار و دۆخی سەرکوت، نەیهێشتووە ئەو بەشە، ئەم هەلەی بۆ برەخسێ، بەڵان بە هەر حاڵ دەتوانین، بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیف ئەوە ببینین کە، ئەمە یەکێکە لە کەموکورتییەکانمان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

-چوارەم، دەبێت توانای ڕابەری لە خۆت نیشان بدەیت، ئەمەش بەو مانایەیە، ئەو حیزبانەی، کە دەیانەوێت ڕەدووی جەماوەر بکەوون، ئەو حیزبانەی، کە بە قەولی خۆیان بڕیارە لە جەماوەرەوە فێربن، ئەو حیزبانەی، کە دەیانەوێت لە ئاراستەکانی خودی چینەکە بڕوانن و پاشان خۆیانی پێ ڕەنگ کەن، بە بڕوای من، شانسێکی زۆریان نییە، کە بە جێیەک بگەن. چونکە لە بار و دۆخی سەختدا، ئاراستە گشتییەکانی چینەکە ڕوو لە پاشەکشەیە و لە بار و دۆخی خۆشیدا، ئەشێت بە جۆرێکی دیکە بێت. لە بار و دۆخێکدا کە، حیزبێکی گەورەی ڕیفۆرمیست لە ئارادا بێت، دەشێت ئاراستەی چینەکە بەو جۆرە بێت کە، پشتیوانی لەو حیزبە بکات .

پێویستە قسەیەک بکەین، کە بتوانێت چینەکە لەو شوێنەی ئێستایەوە بۆ شوێنێکی دیکە ببات و توانایی ئەوەت هەبێ، کە ئەمسەر و ئەوسەر بکەیت و لەنێوچاوانی تۆدا ئەوە ببینن، کە قسەکانت ماقوڵ و عەمەلین، ئەمە یانی، توانایی گواستنەوەی باسی خۆتان بۆ چینەکە. یانی، توانایی ڕابەریکردنی دەوێ .ئەمە باسێک نییە، تەنها لە چوارچێوەی قاییلپێکردندا بێت، بەڵکە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە .

ڕێگە بدەن با بڕێک زۆرتر، هەر یەکێک لەو چوار خاڵەی کە لێی دوام، شی بکەمەوە :

-دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ چین. مەسەلەی بوون بە بەشێک لە چین، تەنها پەیوەندییەکی حزوری، تاک بە تاک و پەیوەندییەکی سوزنی و تاقیگایی نییە. ئەگەر چین تۆ (حیزب)، بە ناونیشانی بزووتنەوەیەک کە لە مەیداندایە، ببینێ، سەرنجی بۆلای تۆ (حیزب) دەچێت. بەم پێیە، بەشێک لە مەسەلەی، پەیوەندی نێوان حیزب و چین، پەیوەستە بەوەی، کە حیزب لە سەر ئاستی سیاسی، چ کارێک دەکات؟ بەشێکی پەیوەندیگرتنە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاری و ئامادەگیتە لە نێویاندا. بەشێکی بە فەرمی ناسینتە، بە ناونیشانی ڕەوتێکی واقیعی لە نێو چینی کرێکاردا، کە لە بیری ئەم



مەسەلانەدایە .هەموو ئەمانە، پلەیەک لە ئاکتیڤیزم /activism) و. ک.)ی سیاسی ئەخاتە دەستوری کارمانەوە. ئاکتیڤیزمێک، کە، ئەمڕۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەرەوەی وڵات لە خۆی نیشانی ئەدات، تەنها زەینی ڕای گشتی بۆ خۆی ڕاناکێشێ، بەڵکە سەرنجی کرێکاریش ڕادەکێشێ. سەرنجی کرێکار بۆ بەڵگەنامەکانت، بۆ کەسەکانت، بۆ باسەکانت، بەڵگەهێنانەوەکان(استدلال)ت، بۆ ڕێکخراوەکانت، ڕادەکێشی. سەرئەنجام، لە قسەکانی ڕۆژی یەکەمیشدا گوتم، کە ئەم مەیدانی ناوە و دەرەوەی وڵاتە بەیەکەوە گرێ دراوون و کار لە یەکدی دەکەن . سەرئەنجام دەتوانین لە باسەکانماندا بچینە سەر ئەوەی، کە بۆچی دەڕۆین و ئەم ئاکسیۆنە ڕێک ئەخەین؟ مەرج نییە فاکتۆرە ناوخۆییەکان، پێویستبوونی ئەو ئاکسیۆنە ڕۆشن بکاتەوە، یان هۆکارەکانی شی بکاتەوە. بەڵام من بە ئاکسیۆنێک هەڵئەستم، تا بە کەسێک- بۆ نموونە، لە تاران یان ئەسفەهانە، دەیەوێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکات- بڵێم، ئەگەر چوویتە دەرەوە و ویستت بزانێت کە ئەوانە کێن، بچۆ بۆ فڵانە شوێن، تاوەکوو بزانێت لەگەڵ بیرۆی کامە ڕێکخراو پەیوەندی ببەستێت، یان تەلەفۆن بۆ چ ژمارەیەک بکات .

-تا ئەو جێگایەی بە خاوەندارێتی ئاڵای چەپ و کۆمۆنیزمەوە پەیوەستە، بە بڕوای من ئەمە قەڵەمڕەوێک نییە کە، تەنها بە ئێران و زمانی فارسی، کوردی، یان عەرەبییەوە سنورداربێت .

حیزبێک، کە ئاڵا هەڵگری مارکسیزمە، ناتوانێت ئاڵاهەڵگری مارکسیزم لە ئاستێکی جیهانیتردا نەبێت، یان لانیکەم، یەکێک لە بانگەشەکەران و لایەنە ئەسڵییەکانی باس و توێژینەوەکانی مارکسیستی لەسەر ئاستی جیهاندا نەبێت .یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە، بەدەر لەوەی کە باسە مارکسیستییەکان لە ئاستی جیهانیدا داکشاوە، یان باو نییە، لەو ئاستەدا دەرنەکەوتووین. بە بڕوای من، ئەمە یەکێکە لە باسە بنەڕەتییەکانمان، هەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەندە بەسە، کە ئێمە دەست بەم کارە بکەین و بەو ئاراستەیەدا بڕۆین و تا جارێکی تر ئەوە بۆ کرێکار بچەسپێتەوە، کە ئێمە ئالاهەڵگری مارکسیزمین. ئێستا ئیتر، گروپە مارکسییەکان ئەمە بە فەرمی دەناسن و هەندێک جار پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە مارکسیستەکان ئەوانن و هەندێک جار دەکەونە نوکتە گێڕانەوە و دەڵێن: بڕوانن مارکسیزمی ئەوانە چۆنە! دەڵێن :ئەمە مارکسیزم نییە و ...

گۆواری تیۆری و سیاسی کە توانایی ئەم ڕەوتە لە بواری تیۆری مارکسیستی و سۆسیالیستی دەرئەخات، ئەبێ هەبێت. بەرنامەی حیزب، یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانمان کە، کەسانی تر دەبێت بێن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و پێی قانع ببن. هەروەها سەبارە بە باسە مارکسیستییەکانی تر و ڕەخنەی مارکسیستی ئێمە لە مەڕ پرسە جۆراوجۆرەکانیش. هەنووکە ئێمە ئەوەندەی وەک ڕەوتێکی دژەئاییینی دەناسرێین، ئەوەندە وەک ڕەوتێکی ئەهریمەن(طاغوت)ی ناناسرێین .دەڵێن ئەوانە، هەمان ئەو کەسانەن کە، بچوکترین بایەخێک بە ئایین نادەن .هەموو دەڵێن، ڕەخنەی ئەوانە ڕیشەییە. دەڵێن کە، ئایین هەر لە بناغەوە نابێت هەبێت، بۆ ئەم قسەیەشیان بەڵگەیان هەیە. ئەوانە مارکسیستن، ئەوانە چەپن. ئێمە وامان کرد کە، یەکجار و بۆ یەکەمین جار لە کۆمەڵگادا، کۆمۆنیزمێک لە ئارادابێت کە، قەرزارباری سازش لەگەڵ سۆزی خەڵک و مەیلی کۆمەڵ و خورافاتی نێو کۆمەڵدا نەبێت و بڵێن: ئەوانە دەبینی؟ ئەوانە دژی دینن. زۆر کەس بەو هۆیەوە، بەرەو لای ئێمە دێن و بەو بۆنەیە و بە هۆی ئەم هەڵوێستەی ئێمەوە بۆ نموونە، سەبارەت بە ئایین، ئەچن بڕوانن، تا بزانن مارکسیزم چی دەڵێت، یان مارکس لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟ یان باسەکانی ئێمە سەبارەت بە چارشێو، ناسیۆنالیزم و دژایەتیکردنی سەرسەختانەی ئەم حیزبە لەگەڵ ناسیۆنالیزم، کە کەسانی دیکە وەکوو لایەنی نێگەتیڤی ئێمە لێی دەڕوانن، لە کاتێکدا خاڵی بەهێزی لایەنی تیۆری ئەم حیزبەیە .



سەبارەت بە ئایین، با خاڵێکی دیکە بڵێم: ڕاهی کارگەر پێنج پرسیاریان بۆم ناردبوو، پرسیبوویان: ئایا وەڵامیان ئەدەمەوە، منیش نووسیم: بەڵێ وەڵام ئەدەمەوە. یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بوو: پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵێ، یان نەء؟ من بۆیانم نووسی: ئەم پرسیارە زۆر سەیرە. چونکە ئەم پرسیارە پێشفەرزێکی بۆ خۆی داناوە کە، یەک وەڵامی ئا، یان نا، هەڵناگرێ .چونکە وەڵامی ئا، یان نا، پێشفەرزێک لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ وەک ئەوەی کە تۆ، لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکدا، تێڕوانینی خۆت دەرئەبڕی و پەیوەندی دیپلۆماسی هەیە و شتی دیکە. ئەمە لە چەشنی ئەوەیە کە لێت بپرسن، ئایا" وەلی فەقیە" بەشێوەیەکی یاسایی بێت، یان لە دەرەوەی یاسا بێت؟ ئا، یان نا، بۆ وەلی فەقیە یاسایی؟ تۆ ئەگەر وتت، نا ،.. دەی چاکە، کەواتە تۆ، وەلی فەقیهی یاساییت دەوێ. ئەگەریش بڵێی، بەڵێ، دەی چاکە، کەواتە، تۆ هەر لە بنەڕەتەوە دەبیتە لایەنگری ویلایەتی فەقیە! لە دوا وەڵامم بۆ پرسیارەکانی ڕاهی کارگەر، ئەمەم نووسی: پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ دژایەتی ئێمەدا ڕووبەڕوو نابێتەوە. ئێمە بە ناونیشانی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی دژی ئیسلام، ئەوە مەسەلە و گرفتی ئێمە نییە کە ئاخۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندییان هەیە، یان نا .

من وەک هەڵوێستی خۆم بە ناونیشانی کەسێکی دژەئیسلام، ئاماژەم بە ڕەوتە ئیسلامییەکان کرد. ڕەنگە ئەمە لە بەرنامەی ئێمەدا باس نەکرابێ، بەڵام من خۆم بە هەڵسوڕاوی بزاوتی دژی ئیسلام دەزانم و دەمەوێ گسکی لێ بدرێ .ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا، یەک ڕەوتی واقیعییە و دەزانم، کە دەیەوێت، چی بەسەر هاوڕەگەزەکانی مندا بهێنێ. من ڕەوتێکی دژەئیسلامیم و ئەمە باسێکی تیۆرییە، نەک هەستێکی شەخسی بێت و لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە من لە خێزانێکی نوێژکەر نیم. دژی ئیسلامم و دەتوانم لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەوە بکەم، کە ئیدی، ئەمە ئەفیونی جەماوەر نییە. کۆرشی مودەڕیسی بابەتێکی لە ئەنتەرناسیۆنالدا نووسیوە دەڵێت، ئەمە ئیدی ئەفیونی جەماوەر نییە، کاشکێ وابوایە. ئەگەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەفیون بوایە، ئەوا کارمان پێی نەبوو، ئێمە لە بەرنامەدا، پێدانی برێک مەوادی بێهۆشکەرمان بۆ خوگرتوو(مدمن)انی واقیعی، ئازاد کردووە، دەی چاکە، ئەمەش-ئایین -مان دیسان ئازاد ئەکرد! ئەمە بزووتنەوەیەکی بۆگەنی دژی مرۆڤایەتییە کە خەریکی مرۆڤکوشتن و هەرەشەلێکردنیتی. هەرەشە لە ئازادی و مەدەنییەتی مرۆ دەکات، کە بە بڕوای من ئەمڕۆ، ڕۆژئاوا ناوەندی مەدەنییەتە. ڕەوتە ئیسلامییەکان ئەگەر بیانەویت، لە ڕۆژئاوا بۆمب بنێنەوە و ماڵی خەڵکی وێران بکەن، زەرەرمەندی یەکەم کرێکاران دەبن کە، بەو ڕادەیە پێشکەوتوون. بۆرژواکان، کە خۆیان حکومەتی فاشیستییان هەبووە، گرفتێکیان لەگەڵ ئەمەشدا نییە. ئەگەر دەوڵەتی جەزائیر بڵێت، کە ئەو تاوانانەی کە بەردەوام ڕوو ئەدەن، لە ژێر سەری ئیسلامییەکاندایە، خەڵکی باوەڕ دەکەن، چونکە بینیویانە تاوانکاری لە ئیسلامی سیاسیدا، لە چ ئاستێکدایە .

دەمەوێ بڵێم، کە ئەمانە لە هەمان کاتدا باس و بابەتی تیۆریشن، بە مەرجێک کە، قاڵبێکی تیۆریشی پێ بدەین و یەکێک بڕوات و بڵێت، ئیسلام ئیتر هەر تەنها ئەفیونی جەماوەر نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە لە سەدەی بیستەمدا، کە دەیەوێت ڕۆڵێکی دیاریکراو بگێڕێت .

-سەبارەت بە باسی بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی چالاک و بەرچاو. گەلێک فاکتۆرمان هەیە، کە دەکرێ بیانژمێرین: ئاکسیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، کەسایەتییەکان، چالاکییەکان، کۆبوونەوەکان، میتینگەکان، مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان و ...ئەمانە کۆمەڵە کارێکن، کە دەبنە مایەی ئەوەی خەڵکی بڵێن، ئەمە حیزبێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنە و یەکێکە لەو هێزانەی کە لە مەیدان دایە .فراوانبوونەوەی هەڵسوڕانی تەبلیغی، تەرویجی، سازماندەیی و ئاکسیۆنی، ئەمانە مەرجی بوونی حیزبە بە ڕەوتێکی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن. ئێستا گشت کەسێک دەزانێت، کۆمەڵگای ئێران چەندین پارتی سیاسی جۆراوجۆری تێدایە، بەشێکی لە ناوخۆ و بەشێکی تری، بە هۆی



جێگا و ڕێگای خۆیانەوە لە هەمبەر ڕژێم، مەسەلەی ئاساییش و سەرکوت، لە دەرەوە گرد بوونەتەوە. بەڵام مەرجێکی بنەڕەتی ئەوەیە، کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە پلەی یەکەم لە ناوخۆ بخەملێ، ئێستا ئەمە خاڵێکی لاوازە، بەڵام نابێت زیادەڕۆیی لەمەدا بکرێت. ئەگەر ئێوە لە دەرەوە ببنە هێزی ئەسڵی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ڕێکخستنەکانمان ٦٠ تا ٧٠ کەسیان سەرقاڵی ئیش و کاری ناوخۆ بن و ئەوەی دەمێنێتەوە خەریکی کاری دەرەوە بێت، هەموو کەسێک دەنگی ئەم حیزبە ببیستێت، بە یەک وشە، ئێمە دەبینە بەشێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆن. چونکە سبەی، ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ دەنووسێت :فڵان کەس لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بۆ کۆبوونەوەیەک چووە و وەڵامی" فەرخ نیگەهدار"ی داوەتەوە و ئابڕووی بردووە. یان فڵان کەس بۆ ئەوێ ڕۆییشت و ئەوان ئاکسیۆنیان بەرپاکرد، ٣٠٠٠ کەسیان لە مەیدانی فڵان کۆکردەوە و لە دژی چاوپێکەوتنی خاتەمی لەگەڵ فڵان پایەداری ئەورووپایی قسەیان کرد و خەڵکی بۆ ئەوێ چوون، دەستیان وەشاند و خواردنی پیسیان لە کاربەدەستانی ڕژێم گرت و ...

-چۆن نیشانی بدەین، کە دەتوانین ڕابەرایەتی بکەین؟ پێش هەر شتێک، دەبێ نیشانی بدەین، کە ڕابەریمان هەیە. دەبێت ڕابەری تۆ بە ناونیشانی ڕابەر بناسن. حیزبێک کە لە پشتی بەردێکەوە یان لە پشتی دیوارەوە ڕاگەیاندنی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، ناتوانێت ڕابەری کەسێک بێت. سەرئەنجام، مرۆڤ بەر کاریگەری مرۆڤ دەکەوێ (نەک تارمایی/ و. ک)، چ لەسەر ئاستی کارخانە، چ لەسەر ئاستی شار و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. ئێوە دەبێ پۆستەری گەورەتان هەبێت، تاوەکوو کاندیدەکانی ئێمە بۆ شورای شۆڕشگێڕانە بناسرێن، یان بۆ ئەنجومەنی شار، یان بۆ ڕابەرایەتی یەکێتییە کرێکارییەکان و ... ئێستا کاتی ئەوەیە کە، هاوڕێیان، جوانترین وێنەی خۆیان ئامادە بکەن، تا ئێمە بتوانین چاپیان بکەین و لە ڕۆژنامەکانی ناوەوە بڵاوبینەوە. مەسەلەی ئەمنی لە ئارادایە؟ بەڵام ئەمە هەلومەرجێکی تازەیە. ئێمە هەر هەموو لە شۆڕشی ٧٩دا ئامادە بووین،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڕیاری ترسناک جێبەجێ بکەین، هەموومان سەفەری ترسناکمان کردووە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان، شەڕی ترسناک و کاری سەربازی و سەرسوڕهێنەریان کردووە. بەڵام ئێستا بار و دۆخەکە بە جۆرێکە کە، ئەم وێنانە پێویست بن. ئەوە ئاشکرایە کە نامانەوێت زەبرمان لێ بدرێت، پەتەڕی نەبووینە، بەڵام دەبێت ڕابەریی لەبەر دەستی خەڵکی دابنێیت. لە بەرامبەر گورزێک وێنە کە، ئەوان بە دەرک و دیوارەکان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆیاندا، هەڵی دەواسن، دەبێت ئێمەش سەد بەرابەری ئەوان، وێنەکانی خۆمان، لەگەڵ بژی و بڕوخێکانی خۆماندا، بە دەرک و دیوارەکاندا، هەڵبواسین. من ئەگەر بژنەوم کە لە فڵانە شار گوتویانە، بژی هاوڕێ فڵان، هەروەکوو ئەوەی کە گوتویانە بژی محەمەدی ئاسنگەران، ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە من سەکۆکە لەژێر پای محەمەد دەرناهێنم! ... بەڵکوو بە دیاردەیەکی لەم جۆرە خۆشحاڵ دەبم و پێموایە کە دەبێت، ناوی زۆرێک لە ئێمە بنووسن. لەو بڕوایەدام، لە هەر جێیەک کە نفوزمان هەیە، دەبێ بڵێن، فڵانەکەست دێتەوە یاد؟ لە ژیاندا ماوە، سەرۆکی فڵانە سازمانە، ئەندامی فڵانە کۆمیتەیە، بەرپرسی فڵانە کەمپینە، ئاکتیڤیستی فڵانە ڕەوتە و ... ئەگەر ڕۆییشتیت بۆ لەندەن، دەبێ یەکەمجار ئەو ببینی و ...

کەسایەتییەکان، ڕابەرەکان، کەسانێک کە بە ناونیشانی ڕوخساری بەرجەستەی کۆمەڵایەتی کە، لێهاتوویی گرتنی دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، ئەگەر منی کرێکار لە ئێران بێمە مەیدان، ئەوانە بەو قسانەیانەوە، بەو شکڵ و شێوانەیانەوە، بەو سەر و سیمایەیانەوە و بەو سەرمەشقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیانەوە، دێنە سەر کار. ئەوانە خەڵکانی واقیعین، نەک ڕێکخراوگەلێکی سیاسی کە لە پشتی ناوێکی نهێنییەوە، ڕاگەیاندن دەربکەن . ئەوانە تەنانەت ناوەکانیشان ئاشکرایە و دەزانیت، کە لە پشتی ئەم ناوەوە، چ مرۆڤێک، بە چ ڕەفتار و خو و شکڵ و شێوەیەکەوە هەیە. بە کورتییەکەی، دەبێت، لە ڕێگەی خەڵکانێکی واقیعییەوە، لە بەرمەیدان دەربکەوین .



-هەڵوێستگیرییەکانی حیزب دەبێت هاوئاهەنگ و ورد بێت، وەڵامدەرەوەی پرسە سیاسییەکان بێت. ئەگەر ڕووداوێک هاتە پێشەوە، ئەبێ هەڵوێستێک وەربگری، کە بە دەردی ئەو خەباتە بخوات. لەم بارەیەوە قسەیەکی زیاتر ناکەم، چونکە هەمان باسە کۆنەکانی ڕابەری سیاسی و هەمان ئەو چەمکانەیە کە قسەمان دەربارەیان کردووە .

-لە کۆتاییدا، دەبێت دەستوبرد لە کاردا هەبێت. ناکرێت ڕابەری لە پشتی کاروانەکەوە بڵێت: ئەم کارە بکەن، یان بڵێت: بە بڕوای من، دەبێ ئەو کارە بکەن! دەبێت ڕابەری بۆ خۆی بچێتە بەرمەیدان. یەکێک لە هاوڕێکان دوێنێ وتی، منی بەرپرسی کۆمیتە، دەبێت لە کوێوە بزانم کە، "موهاجیرانی" بۆ دەرەوەی وڵات هاتووە؟ باشە! هەمان ئەو کەسانەی کە، بڕیارە ئەو هەواڵەت پێ بگەیەنن، دەبێت تۆ بۆخۆت، ئەوانی لی ئاگادار بکەیتەوە! ئێمە ئەم خێراییکارەمان نییە .

من دەمەوێ قسەکانم بە یەک خاڵ کۆتایی پێ بهێنم، ئەویش ئەوەیە، دەبێت چ وێنایەک لەسەر خۆمان، ببەینە نێو خەڵکەوە؟ ئێمە دەبێت، وێنایەک لە مەڕ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وێنایەک لەسەر بەرنامەی حیزب، سیاسەت و تێڕوانینەکانی، کە جێگای باوەڕ بێت، لە بەردەمی خەڵکی دابنێین و بە ماڵ، کارخانە و شەقامەکانی بگەیەنین .

کەواتە، ئەگەر بمانەوێت ئەم وێنایە بە چەند خاڵێک لە هزری خەڵکیدا جێگیر بکەین، ئەوا، ئەو نیشانانە چین، کە دەبێت لە مەڕ حیزبی ئێمەوە، لە هزری خەڵکیدا بن؟

بە بڕوای من، دەبێت بڵێن :

حیزبی ڕادیکالیستە زێدەڕەوەکانە، بەڵام پێیان لە زەوییە. وێنایەک کە دەبێت لە هزری خەڵکیدا بێت ئەوەیە، کە بڵێن، ئەمانە ڕادیکاڵێکی زێدەڕۆن،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵام پێیان لە زەوییە. دەزانن لە بارەی چییەوە دەدوێن، هەوایی نین . ئامانجەکانیان گەلێک زێدەڕەوانەیە و ئێستا دەیانەوێت پراکتیزەی بکەن، بەڵام هەوایی نین. دەزانن پرۆسەی واقیعی تێکۆشان چ کەند و کۆسپێک دەهێنێتە پێشەوە، لە بارەی ئاڵۆزترین مەسەلەوە، دیالۆگ ئەکەن و شارەزان، شارەزای ئەوەن، کە بارێک لە خاڵی ئەلیفەوە بۆ بێ ببەن، وەلی هەمیشە دەڵێن، ئامانجی ئێمە ئەمە نییە بە تەنها، دەمانەوێت، فلانە مەسەلە ڕیشەکێش کەین. لە ئەندازە بەدەر ڕادیکاڵن، ڕادیکاڵێکی کۆمەڵایەتی، نەک ڕادیکاڵێکی سیکتی و فیرقەیی. دەبێت وێنای خەڵکی لەسەر ئێمە، ڕادیکالیزمێکی کۆمەڵایەتی بێت. بە بڕوای من، دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە، چ کارێک بۆ نموونە، ڕادیکالیزمی ئێمە بەهێز دەکات، یان وێنایەکی ناکۆمەڵایەتی لەسەر ئێمە دەبەخشێت، یان بە پێچەوانەوە، بە خەیاڵی خۆمان خەریکین کۆمەڵایەتی دەبینەوە، بەڵام لە ڕادیکالیزمی خۆمان کورتدەهێنین. دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە ئەو ڕەوتەی ئێمە بەرەو دەسەڵات ئەبات، ڕادیکاڵبوونمانە. دەبێت خەڵکی بڵێن، ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، کۆمەڵێک شت قەدەغە ئەکەن، خوا دەس بە عومریانەوە بگرێت !

دەبێت دەوڵەتێک بێتە سەرکار کە بڵێت، دەبێت کچان بۆ قوتابخانە بنێردرێن .ئەگەر نا، لە کەشوهەوایەکدا کە ناردنی کچان ئارەزوومەندانە بێت و گشت ڕۆژێکیش ئاخوند(مەلا) لەبان سەری خەڵکیدا بێت، خەڵکی کچەکانیان بۆ قوتابخانە نانێرن. دەبێت دەوڵەتێک بێت کە، ئەگەر ئاخوند خەڵکی گەڕەکی بێزار کرد، سکاڵا بنووسن تاوەکوو پێشی پێ بگرێ .

ئەم مۆدێرنبوونە زێدەڕۆیە لە هەردووک لا، لە شێواز و لە بیردایە . شێوازەکانی ڕەوتێکی مۆدێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ناکرێت شێوازگەلێکی دواکەوتوو، بەسەرچوو و لاواز بن، دەبێ ئەوە ببینن، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە شێوەیەکی واقیعی، لە خەڵکانێک پێکهاتووە، کە لە بەکارهێنانی ئامێر و لە کارکردن لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کارکردن بە



کەرەستە و پێداویستییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا شارەزان. ئەگەر بیانەوێت لە کۆمەڵگایەکدا، بە شێوەیەکی یاسایی خەبات بکەن، دەزانن چ کارێک بکەن، ئەگەر بڕیارە خەباتی سەر شەقامەکان بکەن، دەزانن دەبێت چ کارێک بکەن، ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ یەکێتییەکان پەیوەندی ببەستن، ڕێیەکەی دەزانن، میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەناسن، میکانیزمەکانی بەڕێخستنی ڕێکخراوە خێرخوازەکان دەناسن. ئەگەر ئێوە ڕەوتێکی تێکۆشەرن، کە لولەکێشی ئاو دەوڵەت بیکات و ئێوە تەنها دەوڵەت ئاگادار بکەنەوە، بە بڕوای من شانسێکی کەمتان هەیە، کە ببنە دیاردەیەکی لەو جۆرە .

-لە کۆتاییدا، بە بڕوای من، تێکڕای ئەوانەی کە گوتم، چەند بەشێک لە بزاڤی سۆسیالیزمی کرێکاری پێکدەهێنن. دەمەوێ بڵێم، ئەمانە وێنایەکن لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی مارکسیزم. ئەوەی کە تەنها بە خەڵکی بڵێین ئێمە مارکسیستین، بەڵام نەتوانین کاریگەرییەکمان بەسەر زیندەگی خەڵکەوە هەبێت، هیچ شتێک ناگۆڕێت. یان تیۆری مارکسیستی و مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە کۆمۆنیستین، خۆی لە خۆیدا، ئەوە دەرناخات کە، ئێمە ڕەوتێکی مۆدێرنین .

-خەڵکی بزانن کە ئەم ڕەوتە لە ڕادە بەدەر مرۆڤن، یانی، ئەمە ڕەوتێک نییە، کە بە تۆپزی، باری (نوێڵ) کۆمەڵگا بە ئاقارێکی دیاریکراودا ببات، هیچ کەسێک لە ژێر دەست و پێی ئەم ڕێکخراوەدا، ناشێلرێت. هێز و دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوە، لە گەییشتنی مرۆڤایەتییە بە هێز و دەسەڵات . ئەمە بە چ جۆرێک نیشان ئەدرێت؟

بە بڕوای من، ئێمە لەم ڕووەوە کەموکوڕیمان هەیە. ئەوە ڕاستە کە، ئێمە لە نووسین و ئەدەبیاتماندا، داکۆکی لە مرۆڤایەتی ئەکەین، بەڵام پەیوەندی واقیعی ئێمە لەگەڵ خەڵکی، لەسەر ئەم بنەمایە نییە. من بەم جۆرەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبینم. ئەوەی کە مرۆڤەکان خەمبار ئەکەین، فشاریان بۆ ئەبەین، ئەوەی کە، نەرمی و میهرەبانیمان لەگەڵ خۆمان و یەکتریدا نییە، لە زۆر جێگادا، بەزەییمان بە مافە مەدەنییەکانی یەکتری و حورمەتی یەکتری نایەتەوە. بە بڕوای من، ئەمە کەموکوڕییەکە، لە دەرەوە دەبینرێت. لە پلینۆمێکدا کێشە نییە، دەڵێن، یەکتریان ئازار دا. بەڵام کاتێک لەدەرەوە تەماشا دەکرێت، خۆش نییە .<u>بە بڕوای من، بنەمای ئێمە، مرۆڤایەتی ئێمەیە، مەدەنییەتی ئێمەیە، ڕێزلێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکییە، تەنانەت ئەگەر دژایەتی قوڵ و خوێنینیشمان لە نێواندا بێت .</u>

سەرباری ئەوانە، پەیوەندی ئێمە لە هەمان کاتدا، لە تەک خەڵکیدا، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دۆستایەتی بنیات نراوە. من هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە گوتم، ئەگەر دنیا بە دەستی ئێمەوە بوایە، ئەمرۆکە ئێمە زۆر بەختەوەر ئەبووین. مەبەستم لە بەختەوەری، تەنها بەختەوەری خۆت و خێزانەکەت نییە. بەختەوەری کەسانێک کە، نایانناسی، بەختەوەری کەسانێک کە، خۆشییان بە تۆدا نایات، یان ساڵی پار لەگەڵ تۆدا شەڕیان بووە، یان ڕەنگیان شێوەیەکی ترە و نەژاد و نەتەوەیان جیاوازە و دوو و سێ جاریش لەگەڵ نەتەوەکەی ئێوە بەشەڕ هاتوون. بەختەوەری مرۆڤەکان، ئەو بەختەوەرییە و هەوڵدان بۆ خۆشبەختی، خۆشگوزەرانی، ئاسایش، زەردەخەنە و پێکەنین و ئەمنییەتی ژیانی مرۆڤەکان، دەبێت ڕۆژانە، لە هەڵسوکەوتی گشت ڕۆژێکمان خۆی بنوێنێ. ئەگەر لە دانیشتنێکدا بەشداریمان کرد، کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد، یان کەسێکمان بۆ خانەی حیزب بانگهێشت کرد، ئەگەر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی خۆماندا پەیوەندییەکمان بەست، ئەگەر ویستمان لەگەڵ یەکێکدا، بەشداری پلمیکێکی سیاسی بکەین، بە کورتییەکەی لە گشت هەڵسوڕانێکماندا، پێویستە خۆی دەربخات. ئەم حیزبە کۆمۆنیستە، بەم مەزنییەوە، نابێت تەنها جەنگ بکات، بەڵکوو دەبێت لە جێگایەکیشدا کۆمەک بکات. بایەخی فیدراسیۆنی پەنابەران لەوەدایە، کە ڕوخسارێکی مرۆڤانەی ئاوها پیشان بدات. ئەگەر بڕیار



بووایە، شورای پەنابەران تەنها لایەنگرانی خۆی لە تورکیا دەربکات، ئەم ڕوخسارە نەئەهاتەدی، بایەخی کارکردن بۆ مافەکانی منداڵان، ئەگەر دەستی پێ بدەین، لەوەدایە کە، سەربەخۆ لە ڕەنگ و ڕەگەز و خانەوادە، داکۆکی لە منداڵ و مافەکانی منداڵان دەکات، ئەمە داکۆکی واقیعی ئێمە، لە مافەکانی منداڵانە. نەک ئەوەی بچین سوتەمەنی بۆ خەبات لە پێناوی شتێکی تردا پەیدا بکەین، گوایە ئەمە فێڵی خۆمانە. پێویستە ئێمە بڵێین، کارم هەیە و فەرمانیشم هەیە، بەڵام ئامادەم لە پێناوی مافی منداڵدا، کوتەکیش بخۆم، چونکە مەسەلەیەکی واقیعیی منە .

-بڵاوکراوەکانمان بە چ زمانێک دەنووسرێن؟ بە بڕوای من ئەمە گرنگە .

بەدەستەوەدانی وێنایەکی مرۆڤدۆستانەی بەرجەستە و خۆشەویست لە حیزب، ئەرکی هەر هەمووومانە، بە تەنها ئەرکی ڕابەرایەتی گشتیی نییە. لە میانەی پەیوەندییەکانی ڕۆژانەمانەوە، ئەم ئەرکە لەسەر هەمووومانە. بە بڕوای من، دەبێت کارێک بکەین کە، بەهۆی خۆشەویستی و ئاشنایی ئەندامێکی حیزبەوە، هەستی خۆشەویستی بۆ تەواوی حیزب بهێنینە کایەوە. ڕەنگە ئەمە بە وێنەی وەعزێکی ئەخلاقی تێی بڕوانرێت، بەڵام بە بڕوای من حیزبی عەبوس، تا ڕادەیەک دەتوانێت بچێتە پێشەوە .

لە باسی سیناریۆی ڕەشدا، ئێمە چیمان گوت؟ گوتمان، لە بار و دۆخی سیناریۆی ڕەشدا، ئەگەر شوێنێک بکەوێتە ژێر دەستی ئێمەوە، لەگەڵ ئەو هەموو نەفرەتەی کە لە "ئیمپریالیزم" و ئەو بێزارییە زۆرەی کە لە بەرامبەر "بەکرێگیراو"ەکانیدا هەمانە، هەر یەکێک لە پزیشکانی بێ سنوور، تا ئەگات بە یونیسیف، دەکرێت حیسابمان بۆ بکەن کە، ئەگەر ئەتەوێ شتێک بە خەڵکی بگەیەنی، ئێمە ڕێگا ئەکەینەوە. ئێمە بژێوی خەڵکی بە بارمتە ناگرین .تەنانەت ئەگەر بزانین، بە هاویشتنی چەند گولە تۆپێک بۆ ناوچەیەکی خەڵکنشین، دوژمن ناچار بە پاشەکشە ئەکەین، ئەو کارە ناکەین. دەبێت ئەم وێنایە جێبکەوێت. لەبەر ئەوەیە کە، لە شۆڕشە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەزنەکاندا، ئەم وێنایە لە زەینی خەڵکیدا ئەبینی کە دەڵێن، ئەوانە مرۆڤگەلێکی پاک و شەریفی کۆمەڵن، ئەوانە قارەمانەکانی کۆمەڵن. ئەگەر کەسانی سیاسی و ڕادیکاڵی ئەو کۆمەڵگایە بن، بەڵام بەشێوەیەکی واقیعی، لە نێو دڵی خەڵکی جێی خۆتان نەکەنەوە، ئەشێت قازانجێکی هەبێت، بەڵام سەرئەنجام بە جێیەک ناگات و دەپوکێتەوە .

هاوڕێیان !

لە تەواوی ئەو مەیدانانەی کە باسمکرد، ئێمە کۆمەڵێک پێشڕەویمان کردووە، بە جۆرێک کە ئێستا بتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان لە خۆمان هەبێ کە، حیزب لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەخاڵەتی چالاکی ئەبێت. چەمکی دەسەڵاتی سیاسی خەریکە دووبارە بێتەوە بەر باس، کاتێک دەڵێم، دەسەڵاتی سیاسی، مەبەستم، تەواوی دەسەڵاتی دەوڵەتیی نییە، مەبەستم، ڕاکێشانی چمکێکی لێفەی دەسەڵات و زۆرانبازییە لەسەری. ئەمە ئێستا لە تواناماندایە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە لایەنی جێگا و ڕێگای ڕێکخراوەییەوە، بەو ئاستە گەییشتووە کە، خۆی لەبەردەم دیدی گشتیدا نمایش بکات و خەڵکی ببینن کە هەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە کەسی لەگەڵدایە کە، بتوانێت لە گەلێک لە مەیدانەکاندا، جێگۆڕکێ بە هێزە مادییەکان بکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەوەندە ڕاست و ڕەوایی لە سیاسەتەکانیدا هەیە کە، خەڵکی بڵێن، دەبێ جێگا بۆ ئەم ڕاستییانە بکرێتەوە .

چەند کەموکورتییەکی بنەڕەتیمان هەیە کە من، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە باسم کردووە و ئێستا دووپاتی ناکەمەوە. دەبێت ئەو کەموکورتییانە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە. بەڵام بەهەر حاڵ هاوڕییان، ئێمە لە مانەوەی ئەم نەریتەدا، دەتوانین ڕۆڵمان هەبێت. ئەگەر نەمانتوانی دەسەڵاتیش بەدەست بهێنین و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری توشی قۆرتێک هات، خەڵکانێکی دیکە هەبن کە، بیانەوێت درێژە بەو نەریتە بدەن، تا بەڵکوو لە



بار و دۆخێکی تر و لە درفەتێکی تردا، بەرهەمێکی هەبێت. بەڵام ئامانجی ئێمە لەم دەورەیەدا، ئامانجی ڕۆتینی هەمیشەیی بزووتنەوەکەمان، ئەوەیە کە، ئەو ئامانج و ئارەزوو و هێڵە فکرییانە زیندوو ڕابگرین. ئامانجی ئێمە ئەبێت، هەستانە سەر پێ و هەنگاوهەڵگرتنەوە ڕووە و دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بێت. لانی کەم دەبێت لە کێشمەکێش لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگادا، دەخاڵەت بکەین. ئەگەر لە من بپرسن، من ئەڵێم، دەمەوێت بە شێوەیەکی جیدی لە زۆرانبازی دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێراندا، دەخاڵەت بکەین دەخاڵەتێکی دیار و بەرجەستە .

ئێمە لەو جێوشوێنە قەرارمان گرتووە. ئەگەر باسەکەی من گەرەکی بێت کۆبەندییەکی بۆ بکرێت، ئەوا ئەڵێم، ئەم دەورەی یەک دوو ساڵە، لە مەڕ پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، یەکلاکەرەوەیە .

دەشێت هەنووکە، ژمارە و ئامار و بارۆمێترە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە نیشان بدەن کە، لێهاتوویی ئەوەمان نەبێت، بڕۆین تەواوی دەسەڵات بەدەست بهێنین. من دڵنیانیم، ئەمە پەیوەستە بەوەی کە، لە مانگەکانی ئاییندەدا، چیمان بەسەر دێت ... من نازانم بۆلشەویکەکان لە شۆڕشی شوباتدا، بە چ ئێنێرژی و توانستێک چوونە نێو شۆڕشی ڕوسیاوە؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەوان، لە ڕابەرییاندا، لە تانوپۆیاندا، لە پەیوەندییان بە چینی کرێکاری ڕوسیاوە، ئەو پێداویستییانە- کە دەربارەیان ئاخاوتم- یان هەبووە کە بتوانن لە وەرچەرخانێکی مێژوویدا ڕۆڵیان هەبێت. ئێمە لەمە بێبەش نین. ناڵێم کە ئەتوانین. نامەوێ لە خۆڕا هەست ببزوێنم، نامەوێ خۆمان بکەمە شێر. بەڵام ئەڵێم، بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ، کڵاوی خۆتان بکەنە قازی! هەر کەسێک کڵاوی خۆی بکاتە قازی، ئەگەر ئێمە لەم جێگا و ڕێگایەدا ببینێ، ئەو چاوەڕوانییەی لە ئێمە دەبێت کە، لە ئاییندەی سیاسی ئەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەملەکەتەدا، ئەو ڕۆڵە بگێڕین کە، وەک دەرئەکەوێ تا ئێستا، هیچ حیزبێک ڕۆڵی وای نەبینیوە .

چەپترین پارتەکانی ئەم وڵاتە، یان کۆمەڵایەتی نەبوونە و ئەوانەی کە کۆمەڵایەتی بوونە، وەکوو حیزبی توده، چەپ نەبوونە، یان کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبوونە، ئەگەر بوویبێتیشن، ئەوا دەبێت کۆمیتەیەک پێکبهێنین، تاوەکوو بڕوات لەوە بکۆڵێتەوە بزانێت، ئایا ئەوانە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوونە، یان نا؟

ئەمە ئەرکێکە لەسەر ئێمەیە، هوشیارانە و یەکگرتووانە، بە نەخشەیەکی سیاسی واوە کە، لەسەری پێکهاتبین و هاوئاهەنگ و زۆر چوست و چالاکانە، بە ئاکامی بگەیەنین .

هیوادارم کە بتوانین، بەم تەرزە لە کۆنگرە بچینە دەرەوە .

---

**تێبینی: ئەم وتارە لە زمانی فارسییەوە کراوە بە کوردی و لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەشدا بەراووردمان کردووە .**

**لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ ئەو هاوڕێیانەی، کۆمەکیان کردم، بە تایبەتی هاوڕێی ئازیز "سەعید ئەحمەد"، کە بە باسەکەدا چووە و بە سەرنج و تێبینییە بەنرخەکانی، وەرگێڕانەکەی بەپێزتر کرد. سەرچاوە :**

حزب و قدرت سیاسی
**سخنرانی در کنگره دوم حزب کمونیست کارگری ایران ۱۵ آوریل ۱۹۹۸**
**متن پیاده شده از روی نوار سخنرانی منتخب آثار- صفحات ۱۳۹۹ تا ۱٤۱۰**
**متن پیاده شده این سخنرانی اولین بار در "منتخب آثار"، انتشارات حزب**



**کمونیست کارگری- حکمتیست، خرداد ۱۳۸٤ (۲۰۰۵) منتشر شده است .**

الحزب والسلطة السياسية
**خطاب في المؤتمر الثاني للحزب الشيوعي العمالي الايراني ١٥ نيسان ١٩٩٨**
**ترجمة: يوسف محمد**

**وەرگێڕانی: سالار ڕەشید**

2006 .01 .12



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# سەبارەت بە گرژی نیوان ئیران و ئەفغانستان

**گفتوگوی‌ئیسکرا لەگەل منصور حکمت**

**ئیسکرا** :تەبلیغاتی جەنگیی‌و کەشو هەوای جەنگیی لە ئیران لە بەرامبەر تالیباندا، بەشیوەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندن دایە. پیشرەویی عەسکەریی تالیبان بەیارمەتی پاکستان لە ناوچەکانی باکوردا کە بە دەست بەسەراگرتنی مەزار شەریف لە سەرەتای مانگی ئابدا دەستی پیکرد، هەر بەردەوامە. هاوکات لەگەل ئەم پیشرەویانەدا، هەوالی تاوانکاريی‌و کوشت‌وبریکی‌زورو کوشتو کوشتاری بەکومەلی گروپە قەومی‌و دینی‌یەکان لەسەر دەستی تالیبان بلاودەکریتەوە. مانایەکی ئەم پیشرەویانە ژیرکەوتنی‌رژیمی کوماری ئیسلامي‌یە لە ئەفغانستان بەدەستی‌پاکستانو تالیبان‌و ئەمە جگە لە پشتیوانی کردنی رژیمی ئیسلامی ئیران لە رەوتە ئیسلامی‌یە نەیارەکانی‌تالیبان، دەتوانی کاردانەوەو تەدەخولی راستەوخوی سەربازیی جمهوری ئیسلامیش بە شوین خویدا بینی.کوژرانی دیبلوماتە ئیرانی‌یەکان لەلایەن تالیبانەوە بوتە بەهانەیەک بەدەست رژیمەوە بو ئەوەی لە ناوەوە خوی کوبکاتەوە، بە بروای ئیوە ئەم وەزعە روو لەکوی دەکاو ئەگەر جەنگیکی پراوپر لە نیوان ئەم دوولایەنەدا هەلگیرسا، چ ئاکامیکی لە ناوچەکەو لە ناوخوی ئیراندا دەبی؟

**منصور حکمت**" :جەنگی پراوپر "ناتوانی وەصفیکی دروست بی بو ئەگەری شەری جمهوری ئیسلامی‌و تالیبان. رژیمی ئیسلامی نەک هەر مەبەستی



نيیە تەدەخولی سەربازیی لەم ئاستەدا بکات، بەلکو هیزهاوسەنگی هەردوولاش ئیجازەی سەرهەلدانی شەریکی پروپر نادات .ئەگەر قسەیەک هەبی ئەوا لەسەر لیدانی سەربازیی‌لیرەو لەويیە لەلایەن رژیمی‌ئیسلامیيەوەو رەنگە رادەیەکی‌دیاریکراو لە تەواجد لە ناوچە سنووری‌یەکانو دواتر هەندیک هەنگاوی تولە سینانەو تخریبی بیت لەلایەن تالیبانەوە. شەریکی پراوپر کە بەکردەوە دەتوانی‌لە ئاکامی کیشمەکیشەکانی ئیستادا رووبدات، شەری ئیرانو پاکستانە. روودانی ئەم ئەگەرە بیگومان ناوچەکە ژیرەوژوور دەکات. بیجگە لەم حالەتەو ئەگەر کیشەکە بە بەرانبەرکيی نیوان رژیمو تالیبان بەرتەسک بیتەوە، لایەنە سەربازی‌یەکەی بە بروای من بەرچاو نابیت .

**ئیسکرا** :هەر لە ئیستاوە جەناحیکی رژیم دەستی کردووە بەکەلک وەرگرتن لە فەزای جەنگیی بو بەرتەسک کردنەوەی چاپەمەني لایەنگرانی جەناحەکەی‌تر (داخستنی روژنامەی توس)و پەرەپیدانی جەوی توقاندن لە کومەلگە لە دژی خەلکی نارازی.بەلەبەر چاوگرتنی کیشمەکیشی بالەکانو رووبە رووبوونەوەی جمهوری ئیسلامی بەهەموو بالەکانيیەوە لەگەل نارەزایەتی فراوانی کریکارانو جەماوەری خەلکدا، جوشدانی‌ئەم فەزا جەنگی‌یە لەلایەن رژیمی ئیسلامی ئیرانەوە چەندە دەتوانی‌پالنەری ناوخویی هەبیت؟

**منصور حکمت** :بەبروای من پالنەرە ناوخویی‌یەکانی رژیم زور لاوەکین. گومانی تیدا نی‌یە کە رژیمیکی کونەپەرست، لەم رووداوەش کەلک وەردەگریت بو بەرتەسکتر کردنەوەی بازنەی خەفەقان .هیرش کردنە سەر روژنامەی توس بو جەناحی خامەنەئی پیویستی بە لەشکرکیشی بو سەر ئەفغانستان نی‌یە. حەتمەن لە ژیر سایەی‌وەزعی نائاساییدا ئەم جەماعەتە هەول دەدەن خەفەقان پەرە پی‌بدەن. بەلام ئەم هەنگاوەی رژیم هەنگاویکە بو وەلامدانەوە بەو رەوەندانەی کە ئیستا لە ئەفغانستان لە ئارادانو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەسەلەی هیز پەیداکردنی پاکستان. نەک هەر رژیمی ئیسلامی، بەلکو هیچ کام لە وولاتانی دراوسیی ئەفغانستان حەز ناکەن ئەم وولاتە هەروا بەئاسانی ببیت بە ناوچەی نفوزی راستەوخوی پاکستان. ئەمانە یەک دەستبوونەوەی دەسەلات لەدەستیتالیبان بە پیشیل کردنی ریککەوتنی نائاشکرای وولاتانی دراوسی سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتیکی ئیئتلافیلە هیزو فراکسیونە سەرەکییەکان، لەقەلەم دەدەن. تا ئەو کاتەی کە کیشمەکیشی ئەم بالانە لە ئەفغانستاندا بەلایەکدا نەکەوتبوو ئەم حکومەتە ئیئتلافیە ئەگەریکی واقعیبووو دەکرا سەهمی هەر لایەنیک لەدەسەلات لە ریگەیشەری ناوخویئەفغانستانەوە کەمو زیاد بکری.بەلام سەرکەوتنی تەواوی تالیبان، ئەم پروژانە بە تەواوی هەلدەوەشینیتەوە. رژیمی ئیسلامی خەریکە سیاسەتی خوی لە بەرامبەر ئەفغانستاندا بەم شیوەیە دریژە پیدەدا. بەم هیز نیشاندانە هەولدەدا پاکستانو تالیبان ناچار بکا هاوسەنگییەکی کەمتر یەک لایەنە قبوول بکەنو ریگە لە پووکانەوەو لە ناوچوونی هیزە لایەنگرەکانی خوی بگری.وادیتە بەرچاو کە هەلویستی ئیران، واتە گیرانەوەی هەلومەرجەکە بو هیزهاوسەنگیی سیاسی بەر لە داگیرکردنی مەزار شەریفو بامیانو هەولدان بو شەریکەبەش بوونیباقی دارودەستەکانی تر لە حکومەتی داهاتووی ئەفغانستاندا، نەک هەر لەلایەن باقی وولاتە دراوسیکانی ئەفغانستانەوە، بەلکو لەلایەن بەشیکیگرنگی محافیلی سیاسی نیودەولەتییەوە جیگەی قبوولە. سەبارەت بە چوونە سەرو پەرەگرتنی فەزای جەنگی لە ناوخوی ئیراندا، هەروەک ووتم تەنها لە حالەتی رووبەرووبوونەوەی راستەوخوی نیوان ئیرانو پاکستان جیگەی نیگەرانی جددی بیت. بەبروای من دەخالەتی سەربازیی جمهوری ئیسلامی لە ئەفغانستاندا بەرتەسکو، تاکتیکیو لیرەولەویدەبی.مەبەست لەم عەمەلییاتانە بەدەست هینانەوەی توانای ساتوسەوداو مشتومر کردن دەبیلەگەل پاکستان سەبارەت بەچارەنووسی ئایندەی ئەفغانستان. باوەر ناکەم تەنانەت تاقە کەسیکیرژیمیش بو یەک سات ریگە بەخویبدات تصوریتەواجدیکیسەربازییلەچەشنیتەواجدیسوفیت لە ئەفغانستاندا



بکات .شەریکی فراوان کە قەرار بی کاربکاتە سەر نرخی قەندو شەکر بەریوە نییە .دووەم، بەبروای من تەنانەت ئەگەر رژیم بیەوی ئەم فەزا جەنگییە بەمەبەستی خاموش کردنەوەی نارەزایەتییەکانی خەلک بخولقینی، تەنیا شەپولیکی فراوانترو عەمەلیتری خەبات لە دژی خوی پەرە پیدەدا. شەر لەگەل تالیباندا، بەپیچەوانەی شەر لەگەل عیراق، نەک هەر نابیتە هوی سەقامگیریناوخویی رژیم، بەلکو دەبیتە هوی ناسەقامگیریرژیم. هیزهاوسەنگی زال لەکومەلگادا، دەرفەتی ئەو مانورانە بەرژیم نادات. بەبروای من هەرگیز ناکری هەلومەرجی ئەمروی ئیران لەگەل هەلومەرجی سەردەمی دەست پیکردنی شەر لەگەل عیراق وەک یەک چاوی لیبکری یان بەو بشوبهینری .

**ئیسکرا** :لەماوەی هەفتەی رابردوودا هەوالی زور دەربارەی هیرش کردنە سەر ئەفغانییەکانی دانیشتوانی ئیران بلاوکرایەوە کە چاپەمەنییەکانی رژیمیش ناچار بوون دانی پیدابنینو داوایان لەخەلک کرد کە میوان پەروەربن. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە نزیکەیدووملیون ئەفغانی لەسەراسەری ئیراندا بلاوبوونەتەوە، تەبلیغاتیرژیمو دەستو پەیوەندەکانی دەتوانی ئاکامی زور خراپی هەبی لە دروست کردنی قەلشتو دوژمنایەتی قەومیو دینی لە ئیراندا. حزبی کومونیستی کریکارییی لە ماوەی هەموو ئەم سالاَنەدا، دیفاع کردن لە مافی ئەفغانییەکان لە ئیراندا، بنەمایەکیهەمیشەیی سیاسەتو تەبلغاتەکانیبووە، لە هەلسوکەوت لەگەل ئەم هەلومەرجەدا چ هەنگاوو رینوینییەک بە پیویست دەزانی؟

**منصور حکمت** :بەر لە هەر شتیک دەبی بلیم کە موهاجیرە ئەفغانییەکانیدانیشتوویئیران بەبروای منو لە روانگەی بەرنامەی حزبی کومونیستی کریکارییەوە، هاوولاتیانی خاوەن مافی یەکسانی وولاتن. لەم وولاتەدا بەداخەوە کونەپەرستیحکومەت دەکاو کونەپەرستیمەیداندارە. لەم وولاتەدا چەقو کیشان لەسەر کارنو بلندگوکانیان بەدەستەوەیە. دەبی بەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەم کونەپەرەستیە بگیریت. کیشەکە لەنیوان" خەلکی هاندراوي" ئیران‌و "ئەفغانی‌یەکان"دا نی‌یە. کیشەکە لە نیوان کونەپەرستیی‌ئیسلامی‌و قەومی لە ئیران لەگەل بەشیکی‌تر لەخەلکی محرومی ئەم وولاتەدایە کە گوناهیان ئەوەیە کە لە ئەفغانستانەوە هاتوون. هەر ئەو کونەپەرەستیەی کە هیرش دەکاتە سەر ژنان هیرش دەکاتە سەر کومونیزم هیرش دەکاتە سەر مودیرنیزمو سکولاریزم، ئیستا خەریکە هیرش دەکاتە سەر ئەفغانی‌یەکانیش. روشنە دەبی خەریکی کاری‌ووشیارکردنەوە بینو چاو لە کەسانی‌ناوشیارو هاندان‌و بەکارهینانیان زەق بکەینەوە، بەلام وەلامی واقعی ریکخستنی مقاوەمەتیکی ماددي‌یە لەبەرامبەر ئەم هیرشو دەست دریژی‌یانەدا .واقعییەت ئەوەیە کە توانای‌ئیمە وەکو حزبیکی ناقانوونی لە ساحەی ناوخوی‌ئیراندا بو هەلخراندنی‌جەماوەر زور بەرتەسکە. بەلام بەهەر ئیمکاناتیکەوە دەبی ریگە لەم کارەساتانە بگرین. بەهەرحال بانگەوازی ئیمە بەرلە هەر کەسیک بو کریکارانی ئیرانە کە پەیگیرانە دیفاع لەم بەشە محرومترو بی مافترەی چینەکەی خویان بکەن. ئیمە بەدەوری خومان لە هیچ هەولو تیکوشانیک بو دیفاع کردن لە موهاجیرە ئەفغانی‌یەکان لەبەرامبەر ئەم دەست دریژیە کونەپەرستانەیەدا دریغی ناکەین .

**ئیسکرا** :لەحالەتی روودانی شەر لە نیوان تالیبانو کوماری ئیسلامي‌دا پیت وایە ئالوگوری هەلومەرجی ناوچەکەو وولاتانی دراوسی‌ی ئیرانو هەروەها سیاسەتی ئەمریکاو روژئاوا چون دەبیت؟

**منصور حکمت** :هەر بەوجورەی کە باسم کرد بەبروای من ئەم شەرە ئەگەر دەست پی‌بکات، هەر بە بەرتەسکي‌و پەراکەندەیی‌دەمینیتەوە. کاریگەرییەکەی‌ئەوە دەبی کە فشاری نیودەولەتی لەسەر پاکستانو تالیبان بو دروست کردنی جوریک حکومەتی ئیئتلافی یان دابەش کردنی دەسەلات لە ئەفغانستان‌دا پەرەپی‌دەدات. بەبروای من روژئاواش لە دوا لیکدانەوەدا



هەر پشتیوانی لەمە دەکا. هیزهاوسەنگیی ئیستا، واتە دەسەلاتی بی‌ئەملاوئەولای تالیبانو پاکستان، بەلە بەرچاوگرتنی تەسویریکی‌فراوانتری‌هیزهاوسەنگی لە هەموو ناوچەکەدا، وادیتە بەرچاو دریژە نەکیشی .

**ئیسکرا** :سیاسەتو تبلغاتی حزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیران لەبەرامبەر ئەگەری شەری نیوان جمهوری ئیسلامی‌و تالیبان چونە؟

**منصور حکمت** :بەبروای من، هەلبەت وەکو رایەکی شەخصی خوم، سیاسەتیکی دروست دەبی پشت بە چەند حوکمیکی پایەیی ببەستی .

١ -بەختەوەریی خەلکی ئیرانو ئەفغانستان لەگرەوی لەناوچوونو سەرنگونی هەر دوو رژیمدایە. بزووتنەوەیەک کە لە ئیراندا روو لەگەشەیە قەرارە جمهوری ئیسلامی تیکەوەپیچی.لەشەری جمهوری ئیسلامی‌و تال‌یبان، ئیمە خوازیاری لە ناوچوونی هەردووکیانین. حزبی کومونیستی کریکاری‌ی ئیران دوژمنی رژیمی ئیرانو دوژمنی تالیبانە .

٢ -بەبروای من بزووتنەوەیەک کە جمهوری ئیسلامی لە ئیران سەرنگون دەکا، دەبی بیریکیش لە حالی تالیبانو کونەپەرستی ئیسلامی لە ئەفغانستاندا بکاتەوە. سەردەمی ئیمە، سەردەمی مەسایلی ناوچەیی‌و نیودەولەتي‌و ریگاچارەی ناوچەیی‌و نیودەولەتی‌یە. حکومەتیکی کریکاری لە تاراندا ناتوانی لەگەل حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان بسازي‌و پەیوەندی دراوسییەتی‌باشی لەگەلدا هەبی.بەبروای من سەرجەم مروفایەتی نابی حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستاندا قبوول بکا. ژیانی یەک روژی‌ژنیک لە ئەفغانستانی‌ژیر سایەی دەسەلاتی تالیبان‌دا بەسە بو پیک هینانی بریگاردە سوورە نیونەتەوەی‌یەکان لە پیناو سەرنگون کردنی حکومەتی‌تالیبان‌دا. سەرەنجام حزبی کومونیستی کریکاری‌ی هیچ ئیعتباریک بو مافی حاکمیەتی تالیبان وەکو دەولەتی ئەفغانستان دانانی .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣ -بەم جورە بەبرواى من شەرى رژیمى ئیسلامىو تالیبان شەرى دوو دەولەت، دوو وولاتو دوو خەلک نىیە، بەلکو شەرى دوو داردەستەى کونەپەرستى ئیسلامىیە کە ئیمە لەگەل هەردووکیاندا لە کیشمەکیشداین. شیوازى ئیمە لەم کیشمەکیشەدا ناکرىو نابى لەسەر گیرانەوەى پەیوەندىیەکانى هەر دوولا بو پیش هەلومەرجى ئیستاو ئاموژگارى کردنى نەهیشتنى کیشەو ئاشتيکردن بیت. ئیمە وەکو ریزى سوسیالیزمو ئازادیخوازى، خومان لایەنیکى نەبەردیکى سیاسىو چارەنووس سازین لە ناوچەکەداو بیگومان مشتو مرىناوخوىئوردوگاىکونەپەرستىبەرامبەر بە خومان بەووردىیەوە تاقیب دەکەین. راى شەخسیى من، وەکو کومونیستیکى دوژمنى دینو ئیسلامو تیکوشەریکى ریگەى رزگارى خەلکى دنیاى هاوچەرخ لە چەنگالى مەینەتبارى ئیسلامى سیاسى، ئەوەیە کە خواخواىتەفرەقەو دوژمنایەتیمان بیت لە ریزى حەرەکەتى ئیسلاميداو قەدردانىلىبکەین. نازانم ئەوانىتر، بەلام من یەکیک نابم لەو کەسانەى کە چەتە ئیسلامىیەکان لە بەربوونە گیانى یەکتر ئاگادار بکەمەوەو داواى ئاشتىو ئیمزا کردنى پروتوکولیان لىبکەم. کارى ئیمە هیزکوکردنەوەیە بو سەرنگونکردنى هەردووکیان .

٤ -لە ئاستى ناوخویىدا بەرگرتن بە داسەپاندنىئیستبدادىزیاتر بەسەر فەزاىکومەلگادا بە بەهانەى هەلومەجى نائاسایى، وە دیفاع کردن لە ژیانو مافەکانى موهاجیرە ئەفغانستانىیەکان، دەبى کولەکەیەکى سیاسەتى عەمەلى ئیمە بیت. بەلام کارى ئیمە لەملایەنە دیفاعىیە زور واوەتر دەچى کیشمەکیشى رژیمى ئیسلامى لەگەل تالیبانو تەبلیغاتى خودى رژیم لە دژى تالیبان وەکو رەوتیکى کونەپەرستو کەللەپوت، زمانى خەلکى ئیران لە بەرامبەر ئیسلامىیەتى خودى رژیمىئیرانش دریژ دەکات. وەختیک هیرش کردنە سەر" لیکدانەوە کونەپەرستانەکان لە ئیسلام" لە ئەفغانستان، مولەتى پیدراو لە زمانى خودى سەرانى رژیمى ئیسلامىیەوە باس کرا، ئیتر کەس ناتوانى بەر بە خەلکى ئیران بگرىلە هیرش کردنە سەر کونەپەرستى ئیسلامى لە خودى ئیراندا .وەختیک خامەنەئى نارەزایەتى لەوە دەردەبرى کە "تالیبان خوینى لاوانى هەشت سالەى حەلال کردووە"، خەلک لەسەر چارەنووسى کچانى ٩ سالە لەرژیمەکەى ئەودا یەخەى ئەویش دەگرن. شەرى رژیم لەگەل تالیباندا، هیرش کردنە سەر ئیسلام لە ئیراندا دەکاتە شتیکى ئاسایىو مولەت پیدراو. لە پشتى شیعارى مەرگ بو تالیبان، شیعارى مەرگ بو جمهورى ئیسلامى زیندوو دەبیتەوە، بەم پىیە ئیمە دەبى سیاسەتیکى هیرش بەرانە بوپەرەپیدانى بزووتنەوەى سەرنگونى خوازى بگرینەبەر نەک تەنها سیاسەتیکى دیفاعى بو بەرگرتن لە مەحکەم کردنەوەى زیاترى خەفەقان .

٥ -گومانى تیدا نىیە کە خەلک بەشیوەیەکى ئاسایى ئینسان دوست، ئاشتىخوازو خوازیارى ئارامین. بەلام لە نیوان نیگەرانییهەمیشەیى خەلک لەشەرو داروخانى ئابوورىو پشیوى کومەلاَیەتى لەگەل دفاع کردنى ئەحزابى سیاسى لە هەلومەرجى ئیستا، جیاوازىیەکى زورگەورە هەیە. یەکەمیان نیشانەى مەدەنییەتو بیرکردنەوەیە لە خودى کومەلگاى مروفایەتىو دووەمیان بەلگەى خوپاریزىو دوژمنایەتى کردنە لەگەل ئالوگور.هەلویستىحزبى کومونیستى کریکارىى نەک هەر ناتوانى هەولدان بو نەهیشتنى گرژى نیوان رژیمى ئیسلامىو تالیبانو ئاموژگارى چارەسەرى کیشەکە بە شیوازى سیاسىو قانوونى بیت، بەلکو دەبى کریکارانو جەماوەرى خەلک لە ئیرانو ئەفغانستان بو کەلک وەرگرتن لەو قەلشتو ناکوکىیانەىکە لەئارادایە لە پیناو سەرنگون کردنى رژیمى ئیسلامىو حکومەتى تالیبانو بەر قەرار کردنى کومەلگایەکى بەراستى ئینسانىو ئاسوودە لە هەر دوو وولاتدا، بو مەیدانى خەبات بانگەواز بکا؟

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گفتوگوی‌ئیسکرا) بلاوکراوەی‌حزبی‌کومونیستی‌کریکاريی‌ئیران) لەگەل منصور حکمت سەبارەت بە گرژی‌نیوان ئیران و ئەفغانستان، لە ژمارە ١٣ی‌کوتایی‌سپتەمبەری١٩٩٨ دا بلاو بووەتەوە .

ترجمەي: شەمال عەلی

پیاچوونەوەی: سعید احمد



# حیزب و کومەلگا

## لە گروپی فشارەوە بو حیزبیکی سیاسی

ئەم نووسراوەیەی خوارەوە لە سەر بناغەی کورتەی بەشی یەکەمی قسەکانی نووسەر لە پلنیومی فراوانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران لە نوفەمبەری ١٩٩٨دا، ئامادەکراوە. لیرەدا سەرباری هەندی روونکردنەوەی ئیزافیو تەکمیلی، سەرباسی "حیزب، حیزبییەتو دەسەلاتی سیاسی "خراوەتە سەر ئەم دەقە. ئەم باسە لەبنەرەتدا پیشەکییەک بوو بو باسیکی دوورودریژترو موشەخەستر لەم پلنیومەدا لەبارەی لایەنە تەشکیلاتیو شیوەکارییەکانی هەلسوورانی حیزبەوە، کە ئەم بەشەیان لەم دەقەدا نەهاتووە .

لەم کوبوونەوەیەدا دەمەوی لەبارەی ئاسوی هەلسوورانی حیزبەوە قسە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکەم. کومەلیک جەبهەو ئەرکی تازەمان لەبەردەمدایەو دەبی تەعەهوداتیکی هاوبەش لەبەرامبەریاندا قبوول بکەین. پیویستە لەسەر ئەوە ریک بکەوین کە چون دەمانەوی رووبەرووی ئەم مەسەلانە ببینەوە. ئیمە دەبی چاوەروانییەکی تازەمان لە خومانو کارەکانمانو حیزبەکەمان هەبیت. هەندیک لەم چاوەروانییانە لایەنی چونایەتی هەیەو هەندیکیشی چەندایەتی. هەم دەبی پیبنیینە ناو کومەلیک مەیدانی تازەوەو هەم تەوژمو خیرایی هەلسوورانو جموجولی خومان زیاتر بکەین، چونکە مەسەلەکانیش لەدەرەوەی ئیمەدا تەوژمیان وەرگرتووە. دەبی مەوداو ئەبعادی هەلسوورانی خومان زور فراوانتر بکەینەوە .

**ریگایەکی بیست سالە**

هاورییان، ئەمرو بە چەند هەفتە پیشو پاشەوە یادی بیست سالەی دامەزراندنی یەکیتی تیکوشەرانی کومونیست (اتحاد مبارزان کمونیست)ـە. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بە باسەکەی ئەمرومەوە، چونکە دەمەوی ریگایەک کە لانی کەم لە میشکی مندا وەکو کەسیکی سوسیالیست لەم بیست سالەدا، لە دامەزراندنی یەکیتی تیکوشەرانی کومونیستەوە تا ئەمرو، بریوومانە روون بکەمەوە، رەنگە بەمە بتوانم باسەکەم مەفهومتر بکەمەوە. بەلام سەرەتا ریگەم بدەن لیرەدا پیروزبایی یادی بیست سالەی دامەزراندنی یەکیتی تیکوشەرانی کومونیست لە هاوری حەمیدی تەقوایی بکەم .ئیمە ئەم دووانە یەکیتی تیکوشەرانیکومونیستمان دامەزران. بەلام بو من ئەوە زور روشن بوو کە ئەگەر من نەبووایەم حەمید هەر ئەم کارەی ئەکرد، بەلام ئەگەر ئەو نەبووایە من خوم ئەم کارەم نەئەکرد. دەمەوی ئەوە بلیمو جەختی لەسەر بکەم کە قەدردانیی من لە هاوری حەمیدی تەقوایی بیپایانە) چەپلەی دووروودریژی ئامادەبووان .(

لەروانگەی منەوە لەماوەی ئەم بیست سالەدا ریگایەکمان بریووە کە تایبەتمەندیو خالی وەرچەرخانەکانی لەرووی سیاسی، تیوریو



میتودولوژییەوە دەکری روونبکریتەوە. ئەمە ریگایەکە کە بەبروای من دەبی بەهوشیارییەوە دریژەی پیبدریت. دەرکی بکەین. وەبەتایبەتی پیم وایە دەبی هەمیشە قوناغەکانی دواتری بدوزینەوە. چونکە راوەستان لە خالیکدا، لەکاتیکدا هەلومەرجی بابەتیو پیداویستییەکانی گەشەی بزووتنەوەکەمان دەگوریت، دەبیتە هوی ئەوەی کە ئینسان دوابکەویتو تەریک بکەویتەوە. هەر بزاوتیکی سیاسی دەبی لەگەل میژووی خویو شانبەشانی میژووی سەردەمی خوی بچیتە پیشەوە .دەبی ریچکەیەک بو خوی دیاری بکات .

بەبروای من ئەمروش لەبەردەروازەی قوناغیکی تازەی ئەم ریچکەیەداین . لەم قوناغە تازەیەدا چاوەروانیی تازەو ئەرکی تازەمان بو دیتە پیشەوە . ئامادەکردنی خومان وەکو کەسانیکی دیاریکراو بە پیشینەو کومەلیک تایبەتمەندی دیاریکراوەوە بو پیشوازیکردن لەو ئەرکانەی کە ئەم قوناغە تازەیە دەیخاتە ئەستومان، پیویستی بەوە هەیە کە روحی ئەم قوناغە تازەیە دەرک بکەینو خومان لەگەلیدا بگونجینین. ئەگەر بمانەوی ناویک لەم قوناغە بنیین، رەنگە بتوانین بلیین ئەمە قوناغیکە کە ئیمە تیایدا خەریکین پەیوەندی نیوان حیزبو کومەلگا ئەدوزینەوە. قوناغیک کە تیایدا لە پەیوەندی نیوان حیزبی کومونیستیو کومەلگا ورد ئەبینەوەو دەمانەوی میکانیزمەکانی کاریگەری دانانی حیزبو کومەلگا لەسەر یەکتری زیاتر بناسینو بەدەستیەوەی بگرین .

لە سەردەمی ریک پیش شورشی ٥٧دا (شورشی ١٩٧٩ی زاینی ئیران- وەرگیر(، مەسەلەی سەرەکی لەبەردەم ئیمەدا، مەبەستم ئەو گروپەیە کە حەمیدی تەقواییو منو هاورییانیکی دیکە لەدەرەوەی ولات هەمانبوو، مەسەلەی" کومونیزمو مارکس" بوو. بو ئیمە ئەو پرسیارە میژینەییە لەگوری بوو کە مارکسیزم لەراستیدا چی دەلیتو ئەو جەمسەرە کومونیستییانەی کە بەواقعی لەو کاتەدا هەبوون تا چ رادەیەک پەیوەندییان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به مارکسزمه‌وه هه‌بوو .له‌روانگه‌ی ئیمه‌وه کومونیزمی چین، سوفیت، ئه‌لبانیا، کومونیزمی تروتیسکیسته‌کان، کومونیزمی مارکس نه‌بوو. یه‌که‌مین پروسه‌یه‌ک که ئیمه بریمانو دواتر خوی له کاراکته‌ری یه‌کیتی تیکوشه‌رانی کومونیستدا به‌رجه‌سته‌کرد، هه‌لویسته‌کردنو جه‌ختکردنی ئیمه بوو له‌سه‌ر مارکسیزمی راسته‌قینه‌و شورشگیر. خه‌سله‌تی جیاکه‌ره‌وه‌ی یه‌کیتی تیکوشه‌رانی کومونیست مارکسیست بوونی ئه‌و بوو. مارکسیست بوونی دامه‌زرینه‌رانی بوو. به سه‌رهه‌لدانی شورش، پرسیاری په‌یوه‌ندی نیوان "کومونیسته‌کانو شورش" هاته ئاراوه. یان به‌واتایه‌کی دیکه، په‌یوه‌ندی کومونیسته‌کانی ئیران به شورشی ئیرانه‌وه. سه‌رنجی ئیمه چووه سه‌ر مه‌سه‌له‌کانی ئه‌م مه‌یدانه. چینه کومه‌لایه‌تییه‌کان له‌م شورشه‌دا چی ئه‌که‌ن، ئیمه ده‌بی چی بکه‌ین، هیزی شورش له‌کویدایه، ماهییه‌تی شورشه‌که چییه . ده‌وله‌ت چییه، بنه‌ماکانی مامه‌له‌کردن له‌گه‌ل حیزبه بورژواییه‌کان کامانه‌ن، مه‌سه‌له‌ی زه‌ویوزار چ جیوشوینیکی هه‌یه، شیوه‌ی هه‌لویست وه‌رگرتن له‌به‌رامبه‌ر ده‌وله‌تی کاتی، له‌به‌رامبه‌ر ره‌وتی ئیسلامیو باله‌کانیدا چییه، وه به‌مانه‌یه‌ک ئه‌م پرسیاره‌ی که وه‌کو کومونیست ده‌بی له‌م شورشه‌دا "چی بکه‌ین ."ئه‌مانه ئه‌و مه‌سه‌لانه بوون که چووینه سه‌ریان. له‌دریژه‌ی ئه‌م باسانه‌داو له‌جه‌رگه‌ی باسی شورشداو له‌سه‌ر بنچینه‌ی ئه‌و هه‌لومه‌رجو ئیمکاناتانه‌ی که شورش هینایه ئاراوه، مه‌قوله‌ی حیزبی کومونیست هاته ئاراوه. به‌واتایه‌کی دیکه مه‌سه‌له‌ی "کومونیزمو حیزب" هاته ئاراوه. تیزی ئیمه ئه‌وه بوو که ئه‌نجامی ئه‌م پروسه‌یه، واته به‌رهه‌می هه‌ولو کوششه‌کانی ریکخراویکی مارکسیستی وه‌کو ئیمه له جه‌رگه‌ی شورشدا، ده‌بی پیکهینانی حیزبیک بیت که به‌مانای واقعیی وشه، وه‌کو حیزبی چینی کریکار، حیزبی کومونیست، سه‌یری شورش بکات. ئه‌وه‌ی که ده‌بی قوناغی پیش حیزب کوتایی پیبیت. ئه‌گه‌ر له‌بیرتان بیت ئه‌مه قوناغیک بوو که تیایدا قسه‌وباس له‌سه‌ر هه‌ندی پرسیاری له‌م بابه‌ته چه‌قی به‌ست که حیزب چییه، پیشمه‌رجه‌کانی چییه، به‌رنامه چی جیگایه‌کی هه‌یه تیایدا، ره‌خنه‌ی ئیمه له تیوری په‌یوه‌ند چییه‌و...تاد. به پیکهاتنی حیزبی کومونیست ئه‌م باسانه



تیپه‌رینرا. دوای پیکهاتنی حیزب، مه‌سه‌له‌یه‌ک که هاته‌گور، مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ندی نیوان کومونیزمو چین(گبقه-و)، یان حیزبو چین بوو. ئه‌وه شتیکی سروشتی بوو که به پیکهاتنی حیزب، مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ندی حیزب له‌گه‌ل بابه‌تی کاره‌که‌ی له کومه‌لگادا، واته چینی کریکار بیته ئاراوه‌و باسی ئیمه له‌سه‌ر په‌یوه‌ندی نیوان حیزبو چین چه‌قی به‌ست. ئه‌م باسانه له باسی شیوه‌کار له کونگره‌ی یه‌که‌می یه‌کیتی تیکوشه‌رانی کومونیسته‌وه له کوردستان به‌شیوه‌یه‌کی جدیو به‌نووسراو ده‌ست پیده‌کاتو تا باسی کومونیزمی کریکاری دریژه‌ی ده‌بیت .

به هاتنه‌گوری باسی کومونیزمی کریکاری باسه‌که له په‌یوه‌ندی ریکخراوه‌یي-عه‌مه‌لی له‌گه‌ل چینی کریکار واوه‌تر رویشت. ئه‌مه هاوکاته له‌گه‌ل ده‌ستپیکردنی کوتایی هاتنی جه‌نگی ساردو ده‌ستپیکردنی سه‌رده‌میکی تازه که بورژواکان ناویان لینا "کوتایی هاتنی کومونیزم". له گه‌ران به‌دوای بنه‌ماکانی بزووتنه‌وه‌که‌ی خومانو جیاوازییه‌کانی له‌گه‌ل ئه‌و کومونیزمه‌دا که خه‌ریکبوون کوتایی هاتنه‌که‌یان رائه‌گه‌یاند، په‌یوه‌ندی نیوان کومونیزمو چینی کریکار له‌ئاستیکی بنه‌ره‌تیتردا بووه جیگه‌ی سه‌رنجی ئیمه. په‌یوه‌ندی تیوری له‌گه‌ل چین (گبقه-و)، په‌یوه‌ندی حیزب له‌گه‌ل چیندا، په‌یوه‌ندی مه‌سه‌له‌ی سوفیت له‌گه‌ل چینی کریکاردا، په‌یوه‌ندی شکسته‌کانی پیشوو به دابرانی کومونیزم له چینه‌که، په‌یوه‌ندی حیزبو چین، ئه‌مجاره‌یان به‌مانای یه‌کیتییه‌ک که حیزب ده‌بی له‌گه‌ل چیندا پیکی بهینی، یه‌ککگرتنی حیزب له‌گه‌ل چیندا، جیگای کریکار له حیزبدا، خه‌سله‌تی کریکاریی خودی سوسیالیزمو ته‌نانه‌ت خه‌سله‌تی کریکاریی تیوری مارکسیزم .تیروانین بو میژووی کومونیزمو سوسیالیزمی هاوچه‌رخ له ده‌ریچه‌ی ململانیی چینایه‌تیو ئینتیمای چینایه‌تی ئه‌و مه‌یلانه‌وه که ئیدعای کومونیزم ده‌که‌ن، ئه‌مه لایه‌نه جیاجیاکانی باسی کومونیزمی کریکاری بوون. نازانم چه‌ند که‌س له ئیوه له سیمیناری یه‌که‌می کومونیزمی کریکاریدا (١٠ سال به‌رله‌ئيٍَستا (ئاماده‌بوون. له‌ویدا یه‌کیک له باسه سه‌ره‌کییه‌کانی من ئه‌وه



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو كە مەقولەی كريكار نەک وەک بابەتيكی كار، بەلكو مەوجودييەتی كريكار وەكو دياردەيەكی كومەلايەتی لەجەرگەی تيوری چەوسانەوەدا دەچيتە نيو بناغەكانی ماركسيزمەوە. ماركس سەرەتا كومەلگای بەبی چينەكان رافە نەكردووە تا دواتر چينەكان وەكو جەنگاوەرانيک كە رووبەرووی يەكترين بكاتە نيو باسەكەيەوە. چين لەنيو خودی تيوری چەوسانەوەی ماركسدايە. چين لەنيو خودی تيوری گورانی ماركسدايە.. چين لەنيو خودی تيوری مەعريفەی ماركسدايە .ئەمە ئەو سەردەمە بوو كە ئيمە كومونيزمی خومان بە روشنی، بەشيوەی مانيفيست، بە كومونيزمی پروليتاری، يان كومونيزمی كريكاری پيناسە كرد. لە يەک قسەدا رەوتی جيابوونەوەی نەزەريی ئيمە لە ميراتو ميژووی سوسياليزمی بورژوايی، لە رووی تيوری، لەئاسوی كومەلايەتی ، لەبەرنامە، لە روانين بو ميَژووی كومونيزمو لە ليكدانەوەی ئيمە بو ئەركە پراتيكييەكانی حيزبيكی كومونيستی، بە باسەكانی كومونيزمی كريكاری تەكميل دەبيتو ئيمە تازە لە خالی دەستپيكردنی دامەزراندنی حيزبيكی سياسی دەخالەتگەر لەسەر بناغەی تيروانينی كومونيزمی كريكاری قەرار دەگرين. كاريک كە بەپيكهينانی حيزبی كومونيستی كريكاری دەستمان پيی كرد .

لە هەر دەورەيەكدا چەقبەستن لەسەر ئەم باسە تايبەتانە بووە مايەی بەهيزتر بوونمان. لە هەر دەورەيەكدا ئەم پرسيارە ميحوەرييانەو ئەو وەلامانەی كە دەيانخواست ئيمەيان دەبردە قوناغيكی بەرزترو پراتيكيكی سياسی بەهيزتر- چونكە ئەم پرسيارانە راستو مەوزوعی بوونو ئاوردانەوەی ئيمە لييان ئەگەر كافيش نەبووبيت، لانی كەم لەرووی جيهەتگيرييەوە دروست بووە. ئەمرو، لەدريژەی ئەو باسانەداو لەدريژەی رەوتی پيكهاتنی حيزبی كومونيستی كريكاريی ئيراندا كە بەرهەمی دانەدانەی ئەو باسانەو خو-روشنكردنەوانەيە كە ژماردمن، كومەليک پرسياری تازە لەبەمبەرماندا قوت دەبيتەوە كەدەبيت بەهەمان شيوە، وەكو پيشووو بەهەمان گوروتينو جدييەتەوە وەلام لە ئيمە وەربگرنەوەو ئەم



وەلامانە ببنە رينمای پراتيكی سياسيمان. باسەكانی "حيزبو كومەلگا"و "حيزبو دەسەلاتی سياسی" لەروانگەی منەوە ئەو باسانەن كە هەول ئەدەن پەنجە بخەنە سەر ئاستەنگەكانی بەردەم بوونی حيزبی كومونيستی كريكاری بە حيزبيكی پراوپری سياسيو ئەم ئاستەنگانە لەسەر ريَگای لابەرن .

## حيزب و حيزبييەت و دەسەلاتی سياسي

ئەمە يەكيک بوو لە باسە سەرەكييەكانی بەرنامەكاری كونگرەی دووەم، ئەو شتەی كە ريكخراويک دەكاتە حيزبيكی سياسيو لە گروپەكانی فشار، كوروكومەلە فيكری، فيرقە عەقيدەييەكان، ناوەندە ئەدەبيو چاپەمەنييەكانو توری كوروكومەلەكان جيای دەكاتەوە، لەپلەی يەكەمدا پەيوەندی ئەو ريكخراوەيە بە دەسەلاتی سياسيەوە. چ وەكو چەمكيک لە بيركردنەوەی ئەو ريكخراوەيەداو چ وەک واقعييەتيک لەژيانو پراتيكی ئەو ريكخراوەدا. مەبەستم لە دەسەلاتی سياسی تەنها دەسەلاتی دەولەتيی نييە. تەنها گرتنو بەدەستهينانی دەسەلاتی دەولەتيم مەبەست نييە. ئەمەيان مەسەلەيەک نييە كە روژانە رووبدات. بەلكو مەبەستم لە توانای ريكخراويكە بو كوكردنەوەی هيزو كاريگەری دانان لەسەر هاوكيشەكانی دەسەلات لە كومەلگايەكدا. ئەوەی كە ئەم ريكخراوە ببيتە ريكخراويكی ئەوتو كە قورساييەكی گەورەی هەبيت لەدياريكردنی چارەنووسی سياسی كومەلگادا. كاتيک دادوبيداد لە نەبوونی حيزبی چينی كريكار لەكومەلگايەكدا ئەكەين، مەبەستمان ئەوە نييە كە هيچ جورە گروپيكی كومونيستی لەو كومەلگايەدا نييە، بلاوكراوەو راديوی كومونيستی تيدا نييە، كوروكومەلو تورە سوسياليستييەكانی كريكارانو گريخواردو لەگەل ريكخراوە چەپو كومونيستەكان لەو كومەلگايەدا نييە. بەلكو مەبەست ئەوەيە كە چينی كريكار بيبەشە لە حيزبيک كە لەمەيدانی سياسەتی سەراسەريدا، لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ململانیی دەسەلاتدا، نوینەرایەتی بکاتو ریکی بخاتو هیزی ئەم چینە وەگەربخاتو رینوینی بکات .بەبروای من پەیوەندی هەر ریکخراویک بە دەسەلاتی سیاسییەوە، پیوەری حیزبی بوونو نەبوونی کاراکتەری ئەو ریکخراوەیە. حیزب هەر ئەوە نییە کە ریکخراوو گروپیکی سیاسیو فیکری لەرووی چەندایەتییەوە ئەوەندە گەشەی کردبیت کەسنووریکی دیاریکراوی تیپەراندبیت. حیزب ئەو ریکخراوەیەیە کە چووەتە نیو مەیدانی ململانیی دەسەلاتەوە. چووەتە نیو گەمەی سیاسەتەوە لەئاستیکی کومەلایەتیدا. ئەو ریکخراوو دامەزراوەی کە لەدەرەوەی گەمەی سیاسەتی سەراسەریو لەدەرەوەی ململانیی واقعی لەسەر دەسەلاتو دیاریکردنی دەسەلاتداران لە کومەلگادا دەژی، ئەو ریکخراوەیەی، کە چ بەپیی بریاری هوشیارانەی خوی بیت یان بەهوی تایبەتمەندییە چەندایەتیو چونایەتییەکانی خویەوە بیت، بکەویتە دەرەوەی ئەم ململانییە، حیزبیکی سیاسی نییە .لەسبەینیی ۲۲ی بەهمەنی ۵۷ (مەبەست لە شورشی ۱۹۷۹ی زایینی ئیرانە-و) هیزیکی مەزن لەدەوری فیدائی (چریکە فیدابییەکانی خەلکی ئیران- ریکخراویکی چەپ بوو لەوسای ئیراندا-و) کوبووەوە. بو حیزبیکی سیاسی ئەم هیزە ئامرازی دەخالەت کردنە لە دیاریکردنی چارەنووسی دەسەلات لە دەورەیەکی دیاریکراودا. یان لەم کارەدا سەرئەکەویتو هیزهاوسەنگییەکی نوی دینیتە ئاراوە، یان ئەم هیزە بو دەورەیەک لەدەست ئەدەیت. فیدایی سەرباری نفوزە فراوانەکەی لەدوای شورشدا، بەلام روخسارو تایبەتمەندییەکانی حیزبیکی سیاسی نەبوو. فیدایی سەرەنجام گروپیکی فشار بوو بەسەر بزووتنەوەی میللیو حیزبە ناسیونالیستە سەرەکییەکانەوە لە ئیراندا. نەئاسوی حیزبیکی سیاسی هەبوو، نەشانوشەوکەوتی ئەوی هەبوو، نەرەفتاو ئامانجەکانی ئەوی هەبوو. لقوپوپە جیاجیاکانی فیداییو ئاموزاکانیان لە راهی کارگەر (ریگای کریکار-و)و گروپەکانی دیکەی وەکو ئەو، ئەمروش هەر ئەوەن: گروپی فشار بو سەر حیزبە سەرەکیترەکانی نیو کومەلگا .



پەراویز کەوتنی ریکخراوە کومونیستییەکان لە ململانیی دەسەلات لەنیو کومەلگادا، ئیستا ئیتر لای هەمووان بووەتە شتیکی بەلگەنەویست. تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر وانەبیت دەبیتە مایەی سەرسورمانی چاودیران. بو زور کەس، بەتایبەتیو بەرلە هەرکەسیک بو خودی رابەرانو هەلسووراوانی ئەم ریکخراوانە، کومونیزم نەک رەوتیکی خوازیاری دەسەلات، بەلکو فیرقەی ئەو کاهینانەیە کە ئاگری مەشخەلی حەقیقەتە چینایەتیەکانو ئامانجە ئینسانییەکان بو نەوەکانی ئایندە بە گەشاوەیی ئەهیلنەوە. خزمەتکارانی سورپوشو متەوازعو بیئیدعای پەرستگای میژوون، قوربانیانی هەمیشەیی کونەپەرستین، زیندانیانی سیاسی ئەبەدین، کەسانیکن کە هەمیشە راستیەکانیان بەو جەماوەرە وتووە کە گوایە ئەوان هەمیشە ریگایەکی دیکەو رابەرانیکی دیکەیان هەلبژاردووە .

دیدی مارکسیستی، دیدی کومونیستی کریکاری، بو تەحەزوب ئەمە نییە. ئەرکی ئیمە پیکهینانی حیزبیکی سیاسی کومونیستی کریکارییە. لەماوەی ئەم بیست سالەدا ئیمە بلاوکراوە مارکسیستییەکانمان دەرکردووە، ئالای ئامانجو بەرنامە کومونیستییەکانمان هەلکردووە، ریکخراوەگەلی گەورەو بچووکمان دروست کردووە، دیعایەو تەحریزی کومونیستیمان کردووە. بەلام ئەرکی ئیمە پیکهینانی حیزبیکی سیاسییە کە لەچەقی ململانیی دەسەلاتی نیو کومەلگادا ئالای کریکار، ئالای یەکسانیخوازیو ئازادیخوازی هەلبکاتو بەشیوەیەکی بابەتی خوی لایەکی ئەم ململانییە بیتو شانسی سەرکەوتنی هەبیت لەم ململانی سیاسیەدا. کومونیزم بو گورانکارییە. گورینی کومەلگای بورژواییش واپیویست ئەکات کە چینی کریکار لە ململانیی دەسەلاتدا سەرکەویت. کومونیزمی کریکاری دەبی ببیتە حیزبیکی سیاسی لە کومەلگادا. ئەم بیروکە سەرەتاییو بەلگەنەویستەی مانیفیستی کومونیست، وەک هەموو بیروکەکانی مانیفیست، وەک دیدی رەخنەگرانەی مارکس، دەبی لەژیر ویرانەی تەحریفات دەربکیشریتە دەرەوە. هەر ئەو بوچوونە دزیوانەی کە شورشی کومونیستیو کومەلگای سوسیالیستییان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەوالەی ئایندەیەکی دوورو دنیایەکی دیکە کردووەو ئینکارییان لە دەمودەستیو مەتلوبییەتو ئیمکان بوونی ئەمروی ئەو کردووە، تەحەزوبی کومونیستی کریکاری، واتە خونواندنی کومونیزمی کریکارییشیان وەکو حیزبیکی سیاسی خوازیاری دەسەلات، بەشیوەی جوراوجور رەتکردوتەوەو بە نامومکینو نامەتلوب لە قەلەمیان داوە .

بەلام ئەوەی کە مانا دەبەخشیتە هەلسوورانی کومونیستی ئیمە، ریک هەر ئەم پیکهینانی حیزبی کومونیستی کریکارییەیە کە لەئاستی هەموو کومەلگادا، لە مەیدانی ململانی لەسەر یەکلاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی کومەلگادا، خوی بنوینی. حیزبیک کە کریکارو، هەر ئینسانیکی لایەنگری ئازادیو یەکسانی، بتوانی پیوەی پەیوەست بیتو لەوە دلنیابیت کە لەریگای ئەوەوە دەتوانی بەکردەوەو بەواقعی کاریگەری لەسەر کومەلگاکەی خوی، دەوروبەرەکەی خویو چارەنووسی ئینسانەکانی سەردەمی خوی دابنیت .

ئەگەر شتیک بیەویت ناوەروکی هاوبەشی قوناغە جیاجیاکانی هەلسوورانی ئیمە لەم بیست سالەدا بەیان بکات، هەولدانە بو قەوارەدان بە کومونیزمیکی کریکاری کە نەک لە پەراویزی کومەلگا، بەلکو لە چەقی سیاسەتی کومەلگادا، لە جەرگەی جەنگی دەسەلاتدا، چینی کریکار بهینیتە مەیدانو نوینەرایەتی بکات .

**میکانیزمە کومەلایەتییەکانی دەسەلات**

چوونە سەر باسی دەسەلاتی سیاسی لەپلەی یەکەمدا مەقولەیەکی کومەلایەتیە، ململانی لەسەر دەسەلاتی سیاسی داهینانی کومونیستەکان نییە. کومەلگا بو دەستاودەست پیکردنی دەسەلاتی سیاسی کومەلیک میکانیزمی هەیە. دیعایەو وروژاندنو سازدان داهینانی مارکسیزم نییە. زەبروزەنگ، خروشان، یاخی بوون، جەنگ، هیچ یەکیک لەمانە داهینانی



سوسیالیزمو بزووتنەوەی سوسیالیستی نییە. دەولەت، سەرنگونیو شورش، هیچ یەکیکیان داهینانی کومونیستەکان نییە. ئەمانە دیاردەو میکانیزمی کومەلایەتین، ئەوە تایبەتمەندییە بابەتیەکانی کومەلگایە کە بە کومونیستیک دەلیت چون دەکریت دەسەلات بگریت، کەیو لە چ کاتیکدا دەکری دەسەلات بگریت، لە چ سەردەمانیکدا دەتوانری بیگریت، نەک بەرنامەی لەپیشدا داریّژراوو ریورەسمو ئەوشتانەی لای ئیمە خومان پەسەندە. ئیمە داهینەری مەنجەنیقە سیاسییە تازەکان نین بو گرتنی قەلاکانی میژوو. ئەگەر بەدەستهینانی دەسەلات مەسەلەی ئیمەیە، یەکەمین پرسیار ئەمەیە :میکانیزمە کومەلایەتیەکانی بەدەستهینانی دەسەلات، میکانیزمەکانی بەهیزبوونو سەرکەوتن لە قەلەمرەوی سیاسیدا، لە کومەلگای هاوچەرخدا چییە؟ ئەمە باسیکی زور مەلموسە. ریگە بدەن بپرسین لەم دنیایەدا چون دەکریت قسە بو ئینسانگەلیکی زور بکریت. چون دەکریت ئینسانگەلیکی زور یەکگرتووو ریکخراو بکریت. چون دەکریت بزووتنەوەیەک دروست بکریت کە کاریگەری لەسەر بیروبوچوونی ئینسانەکان لەئاستیکی فراواندا دابنیت. چون دەکریت بچیتە شەری بیروبوچوونی زال. ئەم بیروبوچوونە زالە لەجیهانی ئەمرودا چون دروست دەکریتو خەلکی پی قانع دەکریت. میکانیزمەکانی کامانەیەو چون دەکری بچیتە جەنگیان. چون دەکریت لە جیهانیکدا بەم تایبەتمەندییە بەرهەمهینانەوە، بەم تایبەتمەندییە سیاسی، سەربازی، ئینفورماتیک، کەلتووری، تەعلیمییەوە، ببیتە هیزیک کە بتوانی کاریگەری لەسەر ژیانو ئیرادەی ملیونەها ئینسانی ئەندامی چینی کریکارو، ئەو جەماوەرە فراوانەی خەلک دابنیت کە ئازادیو یەکسانییان دەویت، وە بیانهینیتە مەیدانو بە ئاراستەیەکی راستدا رینوینییان بکات؟ ئەگەر حیزبی سیاسی کومونیستی کریکاری بیەویت کاریک لەم دنیایەدا بکات، دەبی بەهیز بیت، دەبی بەهیز ببیت، دەبی ئەوەندە بەهیز ببیت کە بورژوازی ئەمرو لەجیهانەکەی خویدا بەشکست بهینی. ئەمە قسەی دیرینی مارکسە کە بو گورینی شتیک، تەنانەت بو نابودکردنیشی، دەبی بزانیت چون کار دەکات. دەبی یاساکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەرەکەتی بناسین. ئەوە ئیمە نین بریار ئەدەین کە چون دەکریت لەجیهانی ئەمرودا ببینە هیزیکی بەتوانای سیاسی. خودی کومەلگا بەپیی تایبەتمەندییەکانی میکانیزمەکانی ژیرەوژوورکردنی خویشی دیاری دەکات. دەبی ئەم میکانیزمانە بناسین. ئەو میکانیزمانەی کە ریگە بە ئیمە، بزووتنەوەو حیزبی کومونیزمی کریکاری، ئەدات کە گەشە بکەین، نفوز پەیدا بکەین، هیز کوبکەینەوە، شورشی پیبکەین، دەسەلات لەدەستیان دەربینینو، بەرنامەی خومان پیادە بکەین .

کاتیک قسە لە میکانیزمەکانی خودی کومەلگا ئەکەین مەبەستم لە میکانیزمە قانوونییەکانی کومەلگا نییە. راپەرینو شورش میکانیزمەکانی کومەلگای هاوچەرخن بو گورانکاری. خروشان، یاخی بوون، جەنگ، میکانیزمەکانی کومەلگای هاوچەرخن بو گورانکاری بەلام دەرمانخواردکردنی نەیاران لەدەعوەتی نان خواردندا، شیوازیکی گونجاوی ئەم کومەلگایە نییە. لەکاتیکدا کە مەئمونی خەلیفەی عەباسی دەکرا چەندین جار ئەم شیوەیە بگریتە بەر. لە سلسلەی سەربەداران، هەلبەتە مەبەستم گرووپی یەکیتی کومونیستەکانی ئیران نییە، یەکیک لە پادشاکان ئاوا دیتە سەر کار کە میر بە چەقوی قەسابییەکەی دەکوژیتو خوی دەکاتە پاشا .بەلام ئیمە ئەم ریگایانەمان لەپیش نییە. ئیمە خەریکە ئەچینە ناو دەورەیەک لە ژیانی حیزبەوە کە مەسەلەی نفوزی سیاسی لە کومەلگادا، ئامادەبوون لەشەری دەسەلاتداو بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی گواستنەوەی هیز لە کومەلگادا، بەشیوەیەکی جدی بومان دیتە پیشەوە. ئەو ئامرازو قەلەمرەوانەی کە بەپیی تایبەتمەندییەکانی کومەلگای هاوچەرخ بەدەستەوە گرتنیانو چوون بو ناویان بو هیزیک کە بو گورینی کومەلگا خەبات ئەکات، خولادانی تیا نییە، ئیمە لەئیستادا نەختیک دەستمان بو ئەم ئامرازانە بردووە، بەلام وادیتە پیش چاو کە جاروبار لە توانای خومان سەرسامو تەنانەت نیگەران ئەبین. لەسەرکەوتنەکانی خومان ئەترسینو رائەکەینەوە بو مالو لەپشتی دایکمانەوە خومان حەشار ئەدەین. هەندی کەس هەست بەناموییی ئەکەن لەگەل ئەم



جموجولو خونواندنە سیاسیەدا، کومونیزمیک کە لە گەرەکو کوروکومەلەکاندا دیعایەو تەحریز دەکات، کومونیزمیک کە لە مەوعیدە ریکخراوەییەکانو کوبوونەوە بچووکە نهینییەکاندا ئامادەیە، بویان ئاشناو خوییە، بەلام بەو کومونیزمەی کە ئالاکەی خوی لەناوەراستی شار دابکوتیت، کومونیزمیک کە وەها هەمووان ببیننو بەرەسمی بناسن کە ئەو کریکارەیش کە حیزب لە کولانەکەیاندا نییە راستبیتەوەو بیەویت بەم کومونیستانەوە پەیوەست بیت، عادەتیان نەکردووە. بەلام لەدەرەوەی ئەم پەنجەرەیەدا جەنگی دەسەلات هەموو روژیک لەئارادایەو، هەمیشە کەنالو شیوازی تازە لەم جەنگەدا پەیدا دەبیت. دەخالەتکردنی ئیمە لە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسیدا ئەوە دەخوازیت کە ئیمە بچین بە شوین میکانیزمە کومەلایەتییەکانی دەسەلات لە کومەلگای هاوچەرخدا. ناسینو لەویش گرنگتر بەدەستەوەگرتنی ئەم ئامرازو شیوازانە بیگومان شتیکی سادە نییە. بەلام دەستنیشانکردنی ئەو شیوازانەی کە بیهیچ دوودلییەک بەکار حیزبیکی کومونیستی کریکاری سەردەمی ئیمە نایات کاریکی زور دژوار نییە .

### "نەریتی کلاسیکی کومونیستی" یان میراتی سەرکوتو تەریک کەوتنەوە

هەر حیزبیکی کومونیستی تا نەبیتە حیزبیک کە دەست بو ئەم شیوەو شیوازە کومەلایەتییانە ببات بەدەسەلات ناگات. لەلایەکی دیکەشەوە لە هەموو رەوتەکانی دیکە بو دەستبردن بو ئەم ئامرازانە نائامادەترەو توانای کەمترە. ئەوەی کە بەسەر کومونیزمدا هاتووە ئەوەی کە بورژوازی توانیویتی بەسەپاندنی چەندین شکستو سەرکوتو گوشاردانانی روژانە لەسەر کومونیستەکان، کومونیزم، واتە یەکیک لە حیزبەکانی خوازیاری دەسەلاتی سیاسی لە کومەلگادا کە سەدوپەنجا سال بەرلەئیستا هەر بەم میکانیزمانە هەولی ئەدا کە دەسەلات بەدەست بهینی، بکاتە فیرقەیەکی نیمچە-مەزهەبی پەراویزکەوتوو کە ژیانی سیاسی خوی لە گوشەیەکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومەلگادا پیناسە دەکاتو ناسنامەی خوی لەو گوشەیەدا پەیدا دەکاتو لەبنچینەدا خوی نایەوی ئیتر لەم گوشەیە بیتە دەرەوە. وەک ئەو ئورگانیزمو فایروسانەی کە لە سەهولبەندانیکی گەورەدا خویان لەگەل ئەو سەرمایەدا رائەهینو بەزیندویتی دەمیننەوە، بەلام پاش تەواوبوونی سەهولبەندانەکەو گەرم بوونی کەشوهەوا، ئیتر ناگەرینەوە بو خورەتاوو گەرما، بە سەهولبەندان رادینو ئیتر تەنها لەو کەشوهەوایەدا دەژین. ئەو ئیجبارە دەرەکییەی کە روژیک ئەو ئورگانیزمەی ناچار کرد لەپیناوی مانەوەدا خوی لەگەل ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا بگونجینی، دوای دوو سی سوور (دەورە) دەبیتە شیوەی ژیانی زاتی (ژاتي) خودی ئەو ئورگانیزمە . دەبیتە بەشیک لە وجودی ئەو، نەریتی خودی ئەو، ناسنامەی خودی ئەوو ئیتر تەسەوری ژیانیکی دیکەی جگە لەمە دەبیتە شتیکی مەحال. ئیمە کومونیستەکان لەژیر سەرکوتدا ژیاوین، پییان وتووین ناتوانن بینە دەرەوەو بەئاشکراو ئازادانە بچنە سەر مینبەرو بو خەلکی قسە بکەن. پییان وتووین دەتوانن لەگەل هاوریکەی خوتاندا لەگوشەو کەناریکدا، لە کوچەو کولانیکدا، بەنهینی، شوینیک کە هیچ کەسیک گویی لە دەنگتان نابیت هەرچییەکتان بوویت بەگویی یەکتریدا بچپینن. هەردووکتان ناچارن لەو گوشەیەدا بژینو لەگەل یەکتریدا قسە بکەن، هەرچییەکتان دەویت بەیەکتری بلین، بە هەر زمانیک کە پیتان خوشە، چەندیک پیتان خوشە دریژەی پییدەن. ئەوە فیرقەی خوتانەو بەزمانی فیرقەیی خوتان هەرچییەکتان دەویت بەیەکتری بلین. بەلام مولەتی ئەوەتان نییە کە لیرە، لەبەردەمی خەلک، لەبەردەمی کومەلگادا دەم بکەنەوە .لەم پەراویزەدا ئیمەو ئەمسالی ئیمە فیری ئەوە ئەبین کە حیزبی کومونیست لە ئامرازیکی خەباتەوە بکەین بە دالانیک بو هیلانەکردنو ژیان. وەسیلەیەک بو بوون، بو ژیان، کە دەبی لەچوارچیوەی ئەو نەریتەدا بژیت. ئەم نەریتە سومبلو خوداو فریشتەی خوی هەیە. بتو ئەخلاقییاتی خوی هەیە. میژوو نەریتو حەدیسو زمانو ئاخاوتنی خوی هەیە، کار بەوە گەیشتووە کە دەلیی بو خودی ئەندامانی ئەم رەوتەش، کومونیزم ئامرازی خەبات نییە، بەلکو ئایینیکە کومەلە



کەسیک کە بەهوی سەرکوتو پروپاگەندەی فراوانی بورژوازییەوە لەدژیان بەژیان لە پەراویزی کومەلگادا مەحکوم کراون، ئەم کەسانە بو هەست بە شەرافەت کردنو مانابەخشین بەژیانی خویانو بو خو قانع کردن بەوەی کە خەریکی گورینی جیهانن، ئەم ئایینەیان بوخویان داهیناوە. ئەم جورە کومونیستە هەرکاتیک لەم نەریتە لابدات، ئیتر دەبیتە شتیکی نامو لە کومەلگادا، دەستو پی سپییە، هیچ کارەیە، کلاوی لەسەر ئەنینو ئەینیرنەوە. کاتیک دیتە دەرەوە بوئەوەی بلیت من دەمەوی شورش بکەم، کەسیک کە تا دوینی کاریکی بە مارکسیزمەوە نەبوو، ماموستای راسترەوی زانکوی لەندەن یان قوتابی بەکالوریوسی زانکوی تەکنەلوژی تەهرانە، وەیان کورە نویژکەری فلان حاجی ئاغایە کە بو دەرس خویندن بو فەرەنسایان ناردووە، دەستبەجی لەبەردەمیدا قوت دەبیتەوەو دەلیت کاکە ئەم قسانەی تو لەگەل مارکسیزم ناکوکە. بوچی هەلومەرجی بابەتیو زاتی بو شورشەکەتان ئامادە بووە؟ وە کومونیستەکەی ئیمە دائەمینیو دەلیت بەراستتە؟ ناکوکە؟ وە دووبارە دەچیتە قاوغەکەی خویەوەو دەچیت بوئەوەی لە فیرقەکەی خویدا لەبارەی هەلومەرجی بابەتیو زەینی شورشی کریکاریو پیداویستییەکانی هاتنی نوبەی میژوویی سوسیالیزم لە سالی ٣٠٠٠دا قسەوباس بکات. کاتیک کومونیست پیدەنیتە مەیدانی دەسەلاتەوە پەنجا سەرزەنشتکەری کومەلایەتی لی پەیدا ئەبیت کە بلین کاکە نابیت. تو تیوریکیت، ئیوە نەریتیکتان هەیە، ئیوە باوەرتان بە قانوونمەندیی میژوو هەیە، ئیوە مارکستان هەیە. کوا چینەکەتان؟ وەبیرمانی دەهینننەوە کە ئیمە لەجنسیکی جیاین، کە ئیمە نابیت خومان لە باسی دەسەلات بدەین. کاتیک ئیمە ناوی دەسەلات ئەهینین، هاواریان لی هەلئەسیت کە ئای سەرکوتگەرو توتالیتەرەکان هاتن، ئەمە لەکاتیکدایە کە زیندانەکان هی خودی ئەوانە، دادگاکان هی خودی ئەوانە، ئەوانن کە خەلکی زیندانی ئەکەنو لییان ئەدەن، کورەکانی ئینسان سووتاندن خودی ئەوان وەرییان خستووە، جەنگەکان خودی ئەوان وەرییان خستووە، هەموو روژیک کیویک لە چلکو جەرعاتو هەرەشەو گوللەمان تیئەگرن بوئەوەی هەر لەو گوشەیە بمینینەوەو سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرز نەکەینەوەو کاریکمان بە دەخالەتکردن لە کومەلگاو بە میکانیزمە کومەلایەتییەکانی دەخالەت لە کومەلگاو پیکهینانی گورانکاری لە کومەلگادا نەبیت. بوئەوەی بچین ژیانی خومان لەنیو "دنیای چەپ"دا بکەین. وە هاورییان، لانی کەم لە بەلشەفیزم بەم لاوە بەشی هەرە زوری چەپی رادیکالو گروپە کومونیستییەکان لەم دالانانەی پەراویزی کومەلگادا ژیاون .

بەشیکی زور لەو شیوازو نورمانەی کە پیمان وایە حەقیقەتو تایبەتمەندیی زاتیی بزووتنەوەکەمانە، ئاکامی تیئاخینراوو "داخلی کراوی" ئەو گوشارە خارجییانەیە کە بەدریژایی سالەهای سال خستوویانەتە سەرمانو بەهیچ جوریک هی خومان نییە. زمانی ئیمە زمانی ئالوزی قسەی دژوارو نامەفهوم نییە، هەرچەند ئیمە دەبی کەسانیکی هوشمەندو ئاگادار بینو ئالوزترین بینەوبەردە تیوریەکان تاقیب بکەین، بەلام زمانی ئیمە هەر ئەو زمانەیە کە ئینسانی هاوچەرخی ئیمە سەبارەت بە مەسەلەکانی خوی قسەی پیدەکات. سەرقالییەکانی ئیمە، سەرقالییەکانی فیرقەکەی خومان نییە، سەرقالییەکانی ئیمە، سەرقالییەکانی ئینسانی ئەمرویە، هەرچەندە کە دەبیت بە ریزەکانی خوشمان رابگەین بوئەوەی ریزیکی بەهیز بیت. سەرقالییەکانی ئیمە رازاندنەوەو پیچانەوەو ریکوپیککردنی دووبارەو چەندبارەی ئەو شتانە نییە کە پیشینانی ئیمە وتوویانە، بەلکو وەلامدانەوەیە بە مەسەلەکانی کومەلگای هاوچەرخ. من لایەنگری پررەنگترین مارکسیستیکم کە بکری پەیدا بکریت، پیم وایە پررەنگترین مارکسیسم ئەو مارکسیزمەیە کە دەتوانی کاریگەری لەسەر جیهانی دەرەوە دابنیت. بنچینەی قسەی مارکس ئەوە بوو کە گووتی کومەلگا ئەسلە، ئەوە کومەلگایە کە روحی ئیمە، فیکری ئیمە، هەستو سوزی ئیمە، جوانناسی ئیمەو هەموو شتیکی ئیمە دیاری ئەکات. وە ئیستا ریک هەر ئەو کەسانەی کە کومەلگا بریارە ئەم جیگاوشوینە چارەنووسسازەی هەبیت لە بیرکردنەوەیاندا، بوونەتە بیدەربەستترین گروپ لەبەرامبەر یاساکانی حەرەکەتو میکانیزمەکانی خودی کومەلگادا. کاتیک باسی ئاژیتاتورە



کومونیستەکانو کورو کومەلە کریکارییەکانمان دەکرد، خەریک بووین هەر ئەمەمان دەگووت کە سەیرکەن لانی کەمی میکانیزمیک کە خودی کومەلگا بو یەکگرتووبوونی کریکاران هیناویەتییە ئاراوە چییە، وەرن با بچین پیوەی پەیوەست بینو کاری پیبکەین. قسەکانتان لەوی بکەن، لەوی گویگری هەیە، باسی کورۆکومەلە کریکارییەکان لەسەر ناسینەوەی سەرلەنویی گوشەیەک لە میکانیزمە واقعییەکانی کومەلگا بوو. وەبیرهینانەوەی ئەوە بوو کە چینی کریکار بوونەوەریکی کومەلایەتییەو لەنیو کومەلگادا قەوارەی گرتووە. ئاوا نییە کە کریکاران لە نەبوونی گروپە چەپەکاندا ژمارەیەک ئینسانی پرشوبلاو بن کە سرو بیجوولە سەیری ئاسمان دەکەن بوئەوەی یەکیک بیتو پییان بلیت هەژاری خراپەو یەکیتی باشە. وتمان دلنیابن لە هەموو ساتیکدا لەنیو کریکاراندا کوروکومەلی بەرەنگاری هەیە. گووتمان مەرجی دەخالەت لە چارەنووسی کومەلگادا، بەرەسمی ناسینی میکانیزمەکانو یاساکانی حەرەکەتی کومەلگایە. ئەمە بنچینەی مارکسیزمە. تەریک کەوتنەوە لە کومەلگا، بیتوانایی لە دەستبردن بو میکانیزمەکانی کومەلگا بو جیگورکیی هیزو خونواندنی سیاسی، ئامادەنەبوون لە شەری دەسەلاتدا، بیدەربەستی لەبەرامبەر کیشەکانی روژانەی کومەلگاداو جیگاخوشکردن لە قاوغی بوونەوەریکی پیشەییو فیرقەییو لاکەوتەدا، ئەمانە نەریتی کاری کلاسیکی کومونیستی نین. بەلکو میراتی ئیستبدادو سەرکوتو شکستە. نابی ئەو وینایە قبوول بکەین کە لە ژیانی سیاسیو شیوەی "کلاسیک"ی هەلسوورانی کومونیستی بەدەستەوە ئەدریت. یەکەم، خودی ئەم "کلاسیک"ە بیست سال بەرلەئیستا شتیکی دیکە بوو، دووەم، خودی ئیمە لە گورینی ئەم ئەم "کلاسیک"ەدا رولیکی بەرچاومان گیراوە. سەرئەنجام من هیچ بایەخیک بو ئەو قسەیە دانانیم کە دەلین ئەمە شیوازی کلاسیکی کاری کومونیستی نییە. ئەوە ئیمەین کە دەبی بلیین کاری کومونیستی چییە، وە ئەگەر ئیمە بەپیی عەقلو هوشی خومانو پیداویستییە سیاسیو ئامانجە کومەلایەتییەکانمان پیمان وایە کە دەبی بە ئاراستەیەکی دیاریکرودا بروین، دەبی بروینو نیگەرانی ئەوە نەبین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که پیشتر هیچ کەسیک بەم ریگایەدا نەرویشتووەو ئەم ریگایە ناهەموارو دژوارە .

### هەلسوورانی سیاسی لە ناوەروکدا هەلسوورانیکی ئاشکرایە

ریگە بدەن لەسەر چەند ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم پیشەکییە هەلویستەیەک بکەم .یەکەمین خال ئەوەیە کە خەبات بو دەسەلاتی سیاسی خەباتیکی ئاشکرا) عەلەني)یە. خەلکی بەشیوەیەکی سروشتی ئاشکرانو ئەوەش خەلکو چینە کومەلایەتییەکانن کە لەپیناوی دەسەلاتدا خەبات ئەکەن. هەول ئەدەن بیگرنو نەیدەن. خەباتی سیاسی لە کومەلگادا، بەوینەی خەباتیک لەنیو ئینسانەکانی کومەلگادا، کومەلیک میکانیزمی ئاشکرای هەیە. گوتن، قسەکردن، نووسین، هاوارکردن، بانگ کردن، سەرنج راکیشان، هیز کوکردنەوە، ئیرەو ئەوی پیکردن، مقاوەمەت کردن، سەنگەربەندی کردنوتاد، هەموو ئەمانەی لەگەلدایە .خەباتی سیاسی نهینی شتیکە کە بەسەر بزووتنەوەی ئیمەدا سەپینراوەو تاکو ئیستاش ئەسەپینریت. خوشمان بەم واقعییەتە سەپینراوە خوومان گرتووە .شیوازەکانی هەلسووران لەو هەلومەرجەدا کە لەژیر سەرکوتدا نین نازانین .دەلیی ئیمە هەر دەبی بروین لە ژیر سەرکوتداو بەپەنهانی کار بکەین. ئەوە راستە کە حیزبی کومونیستی دەبی بتوانی ئەم هەلسوورانە نهینییە ئەنجام بداتو هەمیشە بەشیک لە خەباتی کومونیستی خەباتیکی نهینییە. بەلام ئیمە دەبی ئەوە بزانین کە ئامانجی هەلسوورانی ئیمە شکاندنی ئەم بەربەستی ئیستبدادەیە کە ئیمە لە دەستبردن بو میکانیزمە کومەلایەتییەکانی قسەکردنو هیزگرتنو جەنگ لەئاستیکی کومەلایەتیدا مەحروم دەکات. ئیمە خەریکین بو ئەوە خەبات ئەکەین کە ئەم بەربەستە بشکینینو بتوانین لە کەشوهەوایەکی ئاشکراو بیئیستبداددا کار بکەین، بەلام ئەوە بورژوازییە کە ناهیلیت. ئیمە دەمانگووت ئەرکی شورشی ٥٧ (شورشی ١٩٧٩ی زایینی



لەئیران-و (دابینکردنی پیشمەرجە دیموکراتیکەکانی شورشی کریکارییە. بەلام ئەگەر ئەم هەلومەرجە برەخسایە ئایا دەمانتوانی بەدروستی کەلکی لیوەربگرین؟ ئایا ئەو چەپە رادیکالەی کە لەزاتی خویدا گروپی فشارە نەک حیزبیکی سیاسی کە چاوی برییبیتە کومەلگاو دەسەلات، تەنانەت لە هەلومەرجیکی دیموکراتیکیشدا دەتوانی دەخالەت لەچارەنووسی کومەلدا بکات؟ پیم وانییە .

یەکەمین ئەنجامگیری من ئەمەیە کە هەلسوورانی سیاسی دەبی لە بوعدیکی عەلەنی، فراوانو لەبەرچاوی خەلکدا ئەنجام بدریتو ئیمەش دەبی پیبنیینە ئەم مەیدانەوە. وە ئەو شیوەیەی کە چەپەکان تائیستا نەریتیان بووەو خەباتیان کردووە، واتە شیوەی غەیبی، شیوەیەک کە تیایدا حوکمو شیعارو خواستەکان وەکو ئەحکامیکی بەلگەنەویست لەپشتی دیواریکەوە بو خەلکی فری ئەدرین، گوایە میشکیکیان لەشوینیکدا شاردوتەوە، گوایە چاوگیک لە ژیریو حیکمەتیان لە شوینیکدا شاردوتەوەو شوینەکەی بەخەلکی نالینو، رادەگەیەنن" ئیمە دەزانین کە میژوو بەم ئاراستەیەدا ئەرواتو بەو ئاراستەیەدا ناروات"، هەرگیز شیوەیەکی کارسازو کومونیستی نییە. ئەمە شیوازی رەوتە سیاسییە جدییەکان نییە. سەرەنجام ئەگەر دەتانەویت خەلکی بەشوین ئیوەدا بین دەبی خوتان نیشان بدەن. دەبی بانگەوازی خوتان ئاشکرا بکەنو خەلک بەدوای خوتاندا بهینن. وە کەسیک کە ئەوە دەرک بکات کە بو هینانە مەیدانی دوو ملیون کەس پیویستت بە دە هەزار ئینسانی واقعیو خاوەن ناسنامەو روخساری ناسراو هەیە کە هەر کامیان نفوزیکیان لەنیو خەلکدا هەبیتو لەشوینیک بایەخو قەدریکیان هەبیت، لەوە تیدەگات حیزبیک کە پەنجا شەخسییەتی کومونیستی بە کومەلگا ناساندووەو پیی وایە هیشتا کەمە، خەتی راستو چەپی بەسەر تیوری حیزبی لینینیدا نەهیناوەو نەبووەتە "حیزبی شەخسییەتەکان". بەلکو زور بەسادەیی خەریکە دەلیت هیشتا شەخسییەتی کەممان هەیە. ئەوەی کە شەخسییاتت هەبیت، روخسارە واقعییەکانت هەبیت، رابەرانو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەلسووراوانی ناسراوت هەبیت، شیوازیکی باوو واقعی ژیانی ئەو حیزبە سیاسییانەیە کە دەیانەویت بەهیز بین .

تاک لە خەباتی سیاسیدا گرنگە. تاک ئەو دیاردەیەیە کە روخسار دەداتە یەکیتییەکان، حیزبە سیاسییەکانو بزووتنەوەکان. بو جەماوەری فراوانی خەلک مەلموسیان دەکاتو ئەوان دەخاتە بەردەستی خەلک. لە تیروانین بو هەر دامەزراویک ئیوە تەنها ناروانە فونکسیونو دەورو بەرنامەو فەلسەفەی وجودی ئەو دامەزراوەیە، بەلکو سەیری ئەو کەسانەش دەکەن کە ئەو دامەزراوەیە دروست ئەکەن، وە ئەمە لە مەلموسکردنو واقعی کردنی پەیوەندی کومەلگا لەگەل ئەو دامەزراوەیەدا رولیکی چارەنووسسازی هەیە. هەر تاکیک، هەرچەندە بەشیکیش بیت لە ریکخراویکو دامەزراویکی جەماعی، دەوریکی تاکەکەسیی ئەگیریو رولیکی تایبەت بەخوی لە ژیانی سیاسیدا هەیە. ئەو ریکخراوو بزووتنەوەیەی گوی بە تاک نەداتو تاک بسریتەوە خوی بیتەئسیرو پووچەل کردوتەوە. ریکخراو نیشاندەری یەکیتییەکی قوولە لەنیوان تاکەکاندا، لەدوا ئەنجامدا ریکخراو حیکمەتیکی زیاتر لە یەکخستنی تاکەکانی خوی نییە .ئەوە دەزانم کە لەمیژووی هەر حیزبیکدا تاکەکان دینو دەرون، بەلام گرنگیی ریکخراو لەوەدایە کە لەهەر قوناغیکدا کومەلیک تاکی دیاریکراوی هاوراو یەکگرتوو کردووە. ئەم ریکخراوە توریکە کە ئەم تاکانەو خەباتی ئەوان بەیەکەوە دەبەستی، بەهیزی ئەکات، هاوئاهەنگی ئەکات، هیزی ریکخراوەکە دەکاتە پشتیوانەی هەلسوورانی تاکو هیزی هەموو تاکەکان دەکاتە هیزی ریکخراو .بەلام ریکخراو جیگای خەباتی تاک ناگریتەوە .

هەلبەتە ئەم باسەش لەنیو ئیمەدا تازە نییە. ئیمە ١٥ سال بەرلەئیستا بە دوورو دریژی باسی مەقولەی ئاژیتاتورە کومونیستەکانو رابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کریکاریو رولی تاکو رابەری ناسراوو جیگەی متمانەمان کرد لە بزووتنەوەی کریکاریدا. کومونیزمی مارکسی، کومونیزمی کریکاری، بەم



پییە هەمیشە" حیزبی شەخسییەتەکان"ە. تواندنەوەی ناسنامەی فەردیی کومونیستەکان لە ریکخراویکی ئیداریو عەسکەری بیروخساردا، تا رادەی گورینی ناوەکانیان بە پیتی کورتکراوە، سەندنەوەی ناسنامە لە کومونیستەکانو، ئەوەی کە دیعایەو تەحریزو شیعارو بانگەواز بکریتە بەرهەمی سکرتاریەتو ستادەکانی ریکخراوە غەیبییەکان، ئەمانە بەرهەمی بزووتنەوەی ئیمە نین، تایبەتمەندی بزووتنەوەی ئیمە نین. قسە لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابیت کومیتەی هەبیت، لەسەر ئەوە نییە کە حیزب نابیت هەیکەلیکی توکمەی ژیرزەمینیی هەبیت کە بتوانیت لە هەموو هەلومەرجیکدا خەبات بکات. باس لەسەر ئەوە نییە کە ئەوە هەر ئەو تورە ژیرزەمینییەی ئیمەیە کە دەرفەتی پیداوین بگەینە ئەم جیوشوینەی ئیستامان، وە ئەوە دیسپلینی توکمەی ئیمەیە کە پشتیوانەی کاری ئیمەیە. قسە لەسەر هیچ یەکیک لەمانە نییە، بەلام ئایا ئیمە بەئەندازەی پیویست مەیدانمان لەدەستی ئەوانی دیکە دەرهیناوە کە ئیستا کەسیک بکەویتە گومانەوەو بلیت ئایا زور بەم ئاراستەیەدا نەرویشتوون؟

ئیمە دەبی دیسان سەدان ئەوەندە بەم ئاراستەیەدا بروین، ئیمە دەبیت هەر بەم مەودایەی ئیستامانەوە دەیان روخساری ئاشکرای دیکەمان هەبیت، بوئەوەی کەسیک کە لەئیران بیر لە بەدەسەلات گەیشتنی ئەم رەوتە دەکاتەوە بتوانی بەدیاریکراوی ئەوە بینیتە بەرچاوی خوی کە چ تەرزو چ تیپیک لە ئینسانەکان، بە چ بیروباوەرو هەلسوکەوتو تایبەتمەندییەکەوە دینە سەرکار. وە بتواننو بیانەویتو ئاواتی ئەوە بخوازن کە ئەم تەرزە لەئینسانەکان بینە سەرکار. ئیمە تائیستا لەم ریگایەدا تەنانەت بەدروستیش هەنگاو نەناوە. رەنگە کەسیک بلیت ئەم کارانە سوسیالیستی نییە؟ راستە بە مانای کونو فیرقەیی وشەکە، بەپیی ئاستی هوشیاریو تیگەیشتنی چەوتی ئەوانەی کە دەیانەویت لە گوشەو کەنارەکانی کومەلگادا بژین، بەلی ئەمانە سوسیالیستی نییە. بەلام بو مارکسیستیک ئەمە دەقاودەق سوسیالیزمە. بو کەسیک کە دەیەویت دەسەلات لەچنگی بورژوازی دەربهینی ئەمە دەقاودەق



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سوسیالیزمە. ئیمە ئەم زەرورەتەمان ریک لە کومونیزمەکەمانو مارکسیزمەکەمانەوە هەلینجاوەو پیمان وایە ئەمە مەرجی پیشرەوییە لە خەبات لەپیناوی وەدیهینانی ئامانجەکانماندا. ئەگەر بریار بیت خاوەنداریتی تایبەتیو نیزامی کاری بەکری ژیرەوژور بکەینو ئەو ئامانجو خواستە میژووسازانە بەکردەوە دەربینین کە رامان گەیاندوون، دەبی بەوینەی ژمارەیەکی فراوان لە ئینسانی واقعیو خاوەن روخسارو سیمای سیاسی تایبەتیی خومان، بچینە بەردەم کومەلگاو بانگەوازی خومان بە کومەلگاو بە گشت چینی کریکار رابگەیەنین. خو حەشاردان لە کونجیکداو بیروخساریو ژیان لە پەراویزدا تایبەتمەندیی کومونیزم نییە. ئەمانە خواستەکانی بورژوازییە لە کومونیستەکان. ئەوان دامودەزگای سەرکوتیان داناوە، دامودەزگای مەزنی دروهەلبەستنیان داناوە، تا ریک هەر ئەمە بەسەر کومونیزمو ریزی کومونیستی چینی کریکاردا بسەپینن. خودەرخستن بەوینەی ئینسانگەلیکی واقعی بو کومەلیک ئینسانی مارکسیست، دەقاودەق سوسیالیزمە. ئەرکی سوسیالیزمە، خالی دەستپیکردنی سوسیالیزمە، بە غەیری ئەمە سوسیالیزم نییە .

**حیزب و چین: پەیوەندی مەحەللیو پەیوەندیو کومەلایەتي**

کاری حیزب لەگەل کریکاراندا چی بەسەردیت؟ هەلبەتە کاری راستەوخوو حزوریی حیزب لەگەل هەلسووراوانو کوروکومەلو تورە کریکارییەکاندا بەشیکی هەمیشەیی کاری حیزبیکی کومونیستییەو دەبی هەمیشە مەشغولی بین. ئەمە ئەو جورە هەلسوورانەی نیو کریکارانە کە هەم لەبارەیەوە زورمان وتووەو هەم لە بەلگەنەویستەکانی هەلسوورانی روژانەی حیزبەو هەر لەپیناوی ئەمەدا ریکخراومان پیکهیناوە .جوریکی دیکەش لە کاری کریکاری ئەوەیە کە ئیمکانی هەلبژاردنی کومونیزم بو کریکاران فەراهەم بکەیت. بەکریکاران بلیی ئەم جەنگە ئەبینن؟ دەتوانن لەم کیشمەکیشەدا



کومونیزم هەلبژیرن، کومونیزمی کریکاری هیزیکی هەنوکەییو مەوجودە. ئیتر جەنگ لەنیوان جەبهەی میللیو حیزبی تودەو لایەنگرانی پاشایەتیو ئیسلامدا نییە. ئەمە حیزبی کومونیستی کریکارییەو دەتوانن ئەو هەلبژیرن. هەلبژاردنی ئیوە تەنها لەنیو بازنەی حیزبەکانی چینی دەسەلاتداردا نییە. ئەمە حیزبی خوتانەو دەتوانن سبەینی بچن بو سەنتەری شاری تاران، بو نووسینگەی حیزبو، پەیوەست بن بە حیزبەوەو بەمجورە لەگەل باقی کریکارانی ئەندامی حیزبدا لە شوینی ژیانو کارگەو شارەکەی خوتاندا پەیوەستو یەکگرتوو بکرین: دەتوانن هەر لەو روژەوە مەسئولییەت لەئەستو بگرن. هاورییان، ئیمە دەمانەویت مافی هەلبژاردن بدەین بە کریکاران. ئەگەر ئیمە لە کونا بین، کریکار بوچی دەبی ئیمە هەلبژیریت؟ تروتسکیستەکان دەیان سالە خەریکی ئەوەن کە دولمە بو پیکیتەکان ئەبەنو شانبەشانی کریکاران بەدەستی پاسەوانەکان کوتەک ئەخون، کەچی هیشتا دەبینن کاتیک کریکار بیر لە مەسەلەی دەسەلاتو دەولەت ئەکاتەوە لە کومەلگادا، دیسانەوە بیر لە سوسیال دیموکراسی ئەکاتەوە. چونکە حیزبی تروتسکیست خوی نەخستوتە ئەو جیوشوینەی کە وەکو هیزیک لە کومەلگادا لیوەشاوەیی ئەوەی هەبیت لەلایەن کریکارەوە وەک ئامرازیکی دەخالەت لە مەسەلەی دەسەلاتدا هەلبژیردریتو دەستەبژیری بکریت. ئاخر دەبی حیزبیک خوی لە مەیدانی سیاسیدا حزوری هەبیت تا بکریت توش هەلیبژیریت. بوئەوەی ئەوە دەرک بکریت کە ئەم رەوتە کاریکی لەدەست دیتو ریگای خوی ئەزانیت. دەتوانی هاوسەنگی هیزەکان بگوریت. حیزبی ئیمە دەبی لەئاستیکدا دەربکەویت کە کریکاری ئیرانی بتوانی هەلیبژیری . مەبەست ئەوە نییە کە لە هەلبژاردندا دەنگی پیبدات. مەبەستم ئەوەیە کە کریکار وەکو چینیک ئەم حیزبە هەلبژیریتو بلیت من لەنیو ئەو ئەلتەرنەتیفانەدا کە هەن لەگەل ئەم حیزبەدا دەروم. بوعدیکی هەمیشەییو لەپسان نەهاتووی هەلسوورانی ئیمە ئەوەیە کە پەوەندییە کریکارییەکانمان جوش بدەین. بوعدیکی دیکەی هەلسوورانمان ئەوەیە کە بەپانتایی کومەلگاو لە کیشمەکیشی دەسەلاتدا حیزب وەکو ئامرازیکی واقعی بخەینە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەردەستی چینی کریکار تا بو یەکلاییکردنەوەی یەکجاریی کومەلگا ئەم ئامرازە وەک حیزبی خوی بەدەستەوە بگریت. ئەگەر ئەمەی دووەمیان ئەنجام نەدەین، ئەوە لە ئەکی کومونیستیی خوماندا دریغیمان کردووە. چینی کریکار چ گوناهیکی کردووە کە دەبی تا ئەبەد سوسیالیزم لە قالبی گروپە دە کەسییەکانی "یەکیتیو خەبات لەریگای دیفاع لە مافەکانی کریکان"دا ببینیتو، حیزبەکانی چینە داراکانیش لەناوەراستی گورەپانی سیاسیو سەرگەرمی یاریکردن بەچارەنووسی خویەوە ببینیت. دەبی کوتایی بەم دوخە بهینریت، وە ئەمەش ئەو کومونیستانەی پیویستە کە تەقلیدو نەریتی گوشەگیرییو فیرقەسازییو کەلتوری گروپی فشاری بنینە لاوەو لەجەرگەی جەنگی دەسەلاتی نیو کومەلگادا دەرکەون .

وشەی کومونیزمو سوسیالیزم بەتەنهایی بەبی هیچ روونکردنەوەیەک بو کریکار زور موعتەبەرە. کریکار بەشیوەیەکی غەریزییو سروشتی لەکاتی شەریکی کومەلایەتیدا بەدوای سوسیالیستەکاندا دەگەریت. ئەمە بەشیکە لە نەریتی چینی کریکار. سوسیالیزم خوی بەرهەمی چینی کریکارە، ئەوە بزووتنەوەکەی ئەوانە کە کومونیزمی بو جیهان بەرهەم هیناوە. لە هەر شوینیکی جیهاندا، لە ئەرجەنتینەوە تا کوریا، کاتیک کریکاران کودەبنەوە، لەپیشەوە دەتوانی پیشداوەری ئەوە بکەیت کە ئەدەبیاتی مارکسیستی لەناویاندا دەگەریتو دەخوینریتەوە. ئیمە دەبی حیزبیکی کومونیستی کریکاری دروست بکەین کە لە کومەلگادا، لە مەیدانی نەبەردی چینەکان لەسەر موقەدەراتی کومەلگا، حزوری هەبیتو ببینریت. نەک تەنها ناویک بیت لە خوار راگەیاندنەکانی ریکخراو لە فلانە کوروکومەلدا. ئەمە ئەو نەبەردەیە کە ئەمرو لەپیشمانە. حیزبی کومونیستی کریکاری وەک حیزبیکی کریکاری، حیزبیک کە لەسەر بناغەی ململانیو مشتومرە چارەنووسسازەکان لەسەر مارکسیزمو جیاکردنەوەی کومونیزمی کریکاری لە کومونیزمی بورژوایی بیناکراوە، ئەمرو گەیشتووەتە شوینیک کە تەنها ریگای بەرەوپیشەوەچوونی بریتییە لە دەرکی پەیوەندی نیوان حیزبو



کومەلگاو دەرکی مەقولەی میکانیزمە کومەلایەتییەکانی بەدەستەوە گرتنی دەسەلات .مەبەستم لە بەدەستەوەگرتنی دەسەلات پەلاماری روژی ئەخیر بوسەر کوشکی زستانەو پیکهینانی دەولەت نییە، بەلکو مەبەستم بەهیزبوونو برەوسەندنی حیزبە لە کومەلگادا، بەشیوەیەک کە ببیتە یەکیکە لە جەمسەرە گرنگەکانی ململانیی چینەکان لەسەر دەسەلات. بەجوریک کە نەتوانن لەسەرووی ئەوەوەو بەبی حیسابکردن بو ئەو شتیک بەسەر کومەلگادا بسەپینن. ئەمە هەرئیستا دەستی پیکردووەو ئیمە دەرکەوتەکانی دەستپیکردنی ئەم رەوتە دەبینینو خوتان دەبینن کە چەندە روو لەسەر لەپیشرەویدایە .

هاورییان، سەرکەوتن بەسەر بورژوازیدا دەبی لە گورەپانەکەی ئەودا ئەنجام بدریت، ئیمە لە کونگرەی خوماندا بەسەر هیچ کەسیکدا سەرناکەوین .دەسەلاتی سیاسی لە ئوردوگای خوماندا بەدەست ناهینین. بویە دەبی بچینە گورەپانی ئەوان، وە ئیستا خەریکین ئەروین، ئیمە دەبی خومان بو گیرانی ئەم دەورە ئامادە بکەین. ئیمە لە هەرکویوە هاتبین، چ مرەوجی سیاسی بووبیتینو چ رابەری کریکاریو چ پارتیزان، چ شاعیر چ نووسەر، ئیستا گەیشتووینەتە شوینیک کە دەبی کومەلیک دەور لەئاستی کومەلایەتیدا لەئەستو بگرینو بیانگیرین. وە بەوینەی شەخسییاتی زیندووی بزووتنەوەی سوسیالیزمو کومونیزمی کریکاری ولاتیک دەربکەوینو قسەبکەین. لەگەل هەموو کومەلگادا قسە بکەین .

**حیزبی مارکسیستي- حیزبی کومەلایەتي**

ئیمە حیزبیکی مارکسیستیینو لەم رەوتی پەرەسەندنەدا، وەکو هەر دیاردەیەک کە هیزی کیشکردنەکەی بریارە بگاتە شوینە زور دوورەکانیش، ناوکوکەی مەرکەزیمان دەبی زور پوختو سەنگین بیت. لە کونگرەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووەمدا ئاماژەم بوئەوە کرد کە لەرووی میژووییەوە حیزبە چەپەکان کاتیک ویستوویانە کومەلایەتی ببنەوەو لە ئاستیکی کومەلایەتیدا دەربکەون، بەلای راستدا بایانداوەتەوە. ئەمەشیان بەو جورە پاساو کردووە کە کومەلگا راسترەوەو ئەگەر ئەمانیش دەنگیان بوویت دەبیت بەلای راستدا بابدەنەوە. وە هەلبەتە لەرووی میژووییەوە لەم کارەدا شکستیان خواردووە. رەنگە نوینەریک لە حیزبیکی رادیکالی چەپ بو دەورەیەک چووبیتە پەرلەمانەوە، بەلام لەدەورەی دواتردا ئەو تاکە کەسەش فایلەکەیان ناوەتە بن دەستیو ناردویانەتەوە. ئیمە یەکیکین لەو پەنجەبژیرە ریکخراوە کومونیستییانەی دوای بەلشەفییەکان کە دەیانەویت بە رادیکالیزمو ماکزمالیزمەکەیان جەماوەری ببنەوە. ریکخراویک کە ریک دەیەویت ماکیزمالیزمو کومونیزم جەماوەریو کومەلایەتی بکاتەوە. دەیەویت ئامانجەکانیو بیروکەی شورشی کومونیستییەکەی بباتو جەماوەریو کومەلایەتی بکاتەوە. دەیەویت ئەوپەری قسەی خوی لەبارەی دینەوە بکات بە قسەی کومەلگا. ئیمە ئەو کەسانەین کە پیمان وایە دەبی ئەم کومونیزمە کەم رەنگ نەکراوەیە جەماوەریو کومەلایەتی بکەینەوە .

ئەم ئاسویە، دوو پرسیار دەخاتە بەردەممان. یەکەم ئەوەی کە ئایا کاریکی وەها ئیمکانی هەیە؟ کە بەبروای من تەجروبە ئەوەی سەلماندووە کە لە سەردەمی ئیمەدا هەر ئەم شیوازە شیوازیکی کارایە. کومەلگای هاوچەرخ وەلامی رادیکالو ئینسانی رادیکالو لەسازش نەهاتووی دەویت. کەسانیک کە قسەی بنەرەتیو بنچینەیی خویان دەلینو دەیانەویت هاوبیرانو هاوریبازانی خویان یەکگرتوو بکەن بوئەوەی سەرلەبەری ئەم ئاسو رادیکالە وەدیبهینن. کافییە پینج لەسەدی کومەلگا قسەیان وەک ئیمە بیت بوئەوەی سەرلەبەری دەسەلات بگرین. کافییە پینج لەسەدی خەلکی ئیران چالاکانە دیفاع لە حیزبی کومونیستی کریکاری بکەنو ئەم حیزبە بەحیزبی خویان بزانن بوئەوەی سەرتاپای ئەم ولاتە بەدەستەوە بگرین. ئەوە گرنگ نییە کە بلاوکراوە ریگەپیدراوو قانوونییەکانی ئیران رووی خوش بەئیمە نیشان



نەدەن. ئەو مەملەکەتە لەسەدا شەست ئینسانی دژی دینو دژی خودای هەیە کە بەدەست رژیمی ئیسلامییەوە چەقو گەیشتوتە سەر ئیسقانیان وە هەموویان پشتیوانی سبەینیی ئیمەن، ئەوانەی کە بەدەست ئیسلامەوە ئەنالینن ئیمەیان هەیە، ئەوانەی کە بەدەست نایەکسانیی ژنو پیاوەوە ئەنالینن ئیمەیان هەیە، کەسانیک کە بەدەست شەرقیبوونی زال بەسەر رژیمو ئوپوزسیونەکەیەوە ماندوو بوون، ئیمەیان هەیە. وە ئەوە مافی ئیمەیە کە ئیمەیان هەبیت. ئەم تویژانە ئەگەر ئیمە بە نوینەری خویان بزانن بەمە ناسنامەی کریکاریو کومونیستیی ئیمەیان بەلاریدا نەبردووە. کەسانیک هەن کە دەلین ئیمە بویە لەگەل ئیوەدا هاتووین چونکە قسەی دلی لاوان ئەکەن. ئیمە بویە لەگەل ئیوەدا هاتووین چونکە قسەی دلی ژنان ئەکەن. یان لەبەر ئەوەی باسی کەلتووریکی مودیرنتر ئەکەن. یان لەبەرئەوەی لەبەرامبەر دیندا راوەستاونەتەوە .ئەمە هیچ خەوشیکی تیدا نییە. کەسانیک کە لەگەل ئیمەدا دین بەهوی ئەو دەورەوە لەگەلمان دین کە ئەو روژە لە کومەلگادا دەیگیرین. وە ئەگەر نەیگیرین ئیتر لەگەل ئیمەدا نایەنو لەگەل ئەوانی دیکەدا ئەرون کە ئەو دەورە ئەگرنە ئەستو. وەهیچ عەیبیکی تیدا نییە کە ئەمانە لەدەوری خومان کوبکەینەوە. لەسەرەتاوە بریار وابوو کە چینی کریکارو کومونیزمی کریکاری وەکو ئالابەدەستی هەموو ئازادیو یەکسانییەک لە کومەلگادا دەربکەون .

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئەگەر ئەم هیزو خواستو مەیلانەمان لەدەوری خومان کوکردەوە، چ زەمانەتیک هەیە کە نەبینە حیزبی ئەوان. تەنها نەبینە حیزبی ئەو کارانە. لیرەدایە کە دەبی جەخت لەسەر ئەودیوی مەسەلەکە بکەین. ئەم حیزبە دەبی بربرەپشتیکی کومونیستی پابەندی هەبیتو ئەم بربرەپشتە دەبی هەمیشە گەشە بکات. ریگەم بدەن لیرەدا نەختی بچمە سەر باسی ئەندامو کادر. من پیم وایە هەر کەسیک پیی خوشە ببیتە ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی بتوانی ببیتە ئەندام، فەرزی ئیمە لەسەر ئەوەیە کە هەموو ئینسانەکان بەشەرەفن، هەرکەسە خوی دەزانیت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که بوچی بووەته ئەندام. بیگومان بوچوونو سیاسەتەکانی حیزبی بەدل بووە. بەلام دەبیت ئەم حیزبە تویژیک کادری هەبیت کە ئەم حیزبە رینوینی دەکات. زیندوو رابیگریو بەرهەمی بهینیتەوە، بەسەروکاری ئیشەکانیەوە بچیت، گەشەی پیبدات .کەسانیک کە هەموو نەخشەکەیان لەلایە، هەموو باسەکەیان لەلایە، ئەوپەری ئاسوکە ئەبیننو پابەندیی تیوریکیو ئینتمای فیکریو بروایان بەئامانجەکەیان بەهیزو کامل بیت. ئەمە بوعدیکی ئەرکەکانی ئیمەیە کە نابیت پشت گوی بخریت. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئیمە ٥٠٠ هەزار ئەنداممان دەویتو بو ئەم کارە پیویستمان بە دوو هەزار کادری بەتوانای کومونیست هەیەو دەبی ئەمانە لەم حیزبەدا پەروەردە بکەین. سەرەنجام یەکیک لە کارەکانی کادری حیزب ئەوەیە کە ئەندامە باشەکان هەلئەبژیریتو کاریان لەسەر ئەکات، ماتریالیان ئەداتی، قسەوباسیان لەگەل ئەکاتو هەول ئەدات پەروەردەیان بکات. مەقولەی حیزبی فراوانی کومەلایەتیو حیزبی مارکسیستی بەبروای من ناکوک نین لەگەل یەکتردا. ئیمە دەمانەویت بیسەلمینن کە ناکوک نین، دەکری مارکسیست بیت، ماکزیمالیست بیت، تیئوریک بیت، خوازیاری سەرلەبەری گورانکاری سوسیالیستی بیتو لە هەمانکاتدا حیزبیکی فراوانی کومەلایەتیت هەبیت کە بە بچووکترین لیکچوون لەگەل ئارەزووەکانی خەلکدا فراوان دەبیتەوە . رەنگە بلین کەسیک کە بو خواستەکانی لاوان لەگەل ئیمەدا هاتووە، کاتیک بە مەبەستەکەی خوی بگات، ئیتر لەگەل ئیمەدا نامینیتەوە. رەنگە وابیت، بەلام تا ئەو روژەی کە لەگەل ئیمەدایە، ئیمە قازانجمان کردووە . پشتیوانەی چەند دەیەیی ئەم حیزبە لەرووی فیکریو پراتیکییەوە، ئەو ململانییانەی کە چووەتە ناویانەوەو بە سەروچاوی خویناوییەوە لییان هاتوتە دەرەوە.. خەریکە پیمان دەلیت کە ئەم حیزبە لەکوی وەستاوە .ئیمە کومونیستین، وە ئەم کومونیزمە بەئەندازەی پیویست بەهیزە کە چەندینو چەند بەرابەری ئەوەی ئیستا بروینە پیشەوە بەبی هەست بە مەترسیو نیگەرانی کردن لە ئالودەبوون بە دنیای پیسی سیاسەت، بروینە پیشەوەو هیز کوبکەینەوە، وە ئەم هیز کوکردنەوەیە ئەمرو چارەنووسسازە .



**ژیاندنەوەی کومونیزمی جیهاني**

من سەبارەت بە رویشتنی حیزبی خومان بو ناو مەرکەزی جیهانی سیاسەتو مەرکەزی کومەلگا قسەم کرد. بەلام خالیکی دیکەیش بەبروای من چارەنووسسازە. ئەگەر کومونیزم لەئاستی جیهانیدا ئایندەیەکی هەبیت، ئەوا لەریگەی ئەو حیزبانەوە دەبیت کە ئەم کارە ئەکەن. نەک لەریگەی پەیوەندی گرتنی سکرتاریەتو پەیوەندییە گشتییەکانی ئیمە لەگەل هەلسووراوانی بریتانیو ئەلمانیو ئوسترالیو پرسینی رای ئەوان سەبارەت بە هەلویستەکانمان، هەلبەتە ئەمەش کاریکی باشو پیویستە. بەلام ئەگەر بریار بیت شتیک کومونیزم لەدنیادا زیندوو بکاتەوە تواناو لیوەشاوەیی دوو سی حیزبی کومونیستی کریکاری دنیایە کە لە ولاتانیکدا بەئەندازەی پیویست ببنە هیز. ئەمە کومونیزم زیندوو ئەکاتەوە، تیوری مارکسیزم زیندوو ئەکاتەوە، مانیفیست زیندوو ئەکاتەوە، کاپیتال زیندوو ئەکاتەوە، ئەمە ئەرکی ئیمەو قەرزی بزووتنەوەی کومونیستی جیهانییە لای ئیمە کە بەهیز ببین .ئەوەندە بەسە کە دوو سال لە گوشەیەکی جیهاندا دەسەلاتمان بەدەست بیت .سەرکەوتنی ئیمە لەشەری دەسەلاتدا، یان تەنانەت شکست دانو وەدەرنانی کونەپەرستی لە گوشەیەکی ئەو مەملەکەتەدا، چاوی خەلکی جیهان بەرووی کومونیزمی کریکاریو حیزبە سەرکەوتووەکەی هەلئەهینیو ئەوسا ئیوە دەتوانن لەبارەی مارکسو لینینو ئەنتەرناسیونالی کومونیستیو مافی کریکار لە جیهانی ئەمرودا بو هەموو دنیا قسە بکەن. ئیمە، واتە ئەو حیزبانەی کە بتوانین لە کومەلگادا ببینە دەسەلاتیک، کومونیزم زیندوو ئەکەینەوە. ئەمە تەنها وەلامی واقعی دوای هەرەسی بلوکی روژهەلاتە. وەلامدانەوەکانی پاش هەرەسی بلوکی روژهەلات وەلامدانەوەی تیوریک نییە، وەلامە تیورییەکانیمان پیشتر داوەتەوەو دابوویانەوە. وەلامەکانی پاش هەرەسی بلوکی روژهەلات وەلامی پراتیکین. پراتیکی بەمانای فراوانی وشەکە. وەلامی واقعی ئیمە بە زیندووکردنەوەی کومونیزم، دوای رووداوی هەرەسی بلوکی روژهەلات، بەرپاکردنی ئەم ئالایەیە لە شوینیک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

که ژمارەیەکی ئەوتو لە خەلکی، بەدەنگدانەوەیەکی بەئەندازەی پیویست گەورەوە، تیایدا بن کە ئەم کەوکەبە سەرنجی بچیتە سەر ئیمەو سەرهەلدانەوەی ئیمە. ئەم کارە لە ئیمە ئەوەشیتەوە، راستییەکەی من نازانم چ حیزب گەلیکی دیکە لەدنیادا خەریکن ئەم کارە ئەکەن. بەلام ئەوە دەبینم کە لە ئاستی ولاتیکی وەکو ئیراندا ئیمە ئەم توانایەمان هەیە. ئەمە ریکخراویکە کە ئەم توانایەی هەیە کە کاریکی ئیجابی لەو ئاستەدا کە من باسم کرد ئەنجام بدات. بەجوریک کە بزووتنەوەی کومونیستی بەشیوەیەکی گشتی ئاستیک بباتە سەرەوە .

ئەو ئەرکەی کە ئەمرو لەبەردەممانداپە سوود وەرگرتنە لەم سەرمایە بیست سالەیە، لەم هەستە بیست سالەیە، لەم ئەزموونە بیست سالەیە، سوود وەرگرتنە لەم هیزانەی کە بەدریژایی ئەم سالانە کوبوونەتەوەو خاراوبوون بو ئەنجامدانی کاریک لەدەرەوەی بازنەی ئەم نەریتەداو لەدەرەوەی ئەم میژووە پەراویزکەوتووەدا. کاریکی کاریگەر لە کومەلگادا. وە ئەمە کاریکە کە ئیمە دەستمان پیکردووەو هەمووومان پیی سەربەرزین .

بەلام لە هەمانکاتدا ئیمە بەئەندازەی پیویست بەم قەلەمرەوانەدا ئاشنانین، پسپوریمان نییە تیایاندا، شارەزای پیچوپەناکانی نین، دەبی بەخیرایی فیری ببینو لە رەقیبەکانمان هوشیارترو چالاکتر بین، داهینەرتر بین. دنیایەک کار لەم ریگایەدا هەیەو دەمەوی دواتر لەم دانیشتنەدا لەسەر ئەبعادە جیاجیاکانی هەلویستە بکەین .

ئەم بابەتە بو یەکەمجار لە "انترسیونال"ی ژمارە ٢٩ی ئایاری ١٩٩٩دا بلاوکراوەتەوە .

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد



# ئیسلام بەشیکە لە لومپنیزمی نیو کومەلگا

## گفتوگوی رادیوی "همبستگی"

### لەگەل مەنسوور حیکمەت دەربارەی ئیسلام و کەلتووری ئیسلامي

**رادیوی هەمبەستەگي** :حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران تەنها حیزبیکە باس لەوە ئەکات کە جمهوری ئیسلامی لەگەل خواست و ئارەزووەکانو شیوەی ژیانی خەلک لە کومەلگای ئیراندا نایاتەوەو وەک پینەیەکی ناجور خوی بە جەستەی کومەلگاوە لکاندووە. تو چ بەلگەیەکت هەیە بو ئەم لیکدانەوەیەت لەبارەی کومەلگای ئیرانەوە، هەروەها لەبارەی ئەو خالەوە کە دەلیی ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییە؟

**مەنسووری حیکمەت** :سەرەتا دەبی لە پیناسەی ئەو کەسانە وردبیینەوە کە دەلین ئیران کومەلگایەکی ئیسلامییە، یان بەگشتی هەندی کومەلگا بە کومەلگای ئیسلامی پیناسە دەکەن، بوئەوەی لەوە تیبگەین کە ئەم جورە پیناسەکردنانە دەیانەوی وەلام بەچ پیداویستییەک بدەنەوە. وینایەک کە لە خورئاوادا لەسەر کومەلگای ئیسلامی هەیە وینای خەلکیکی بروادار بەئیسلامە کە ریوشوینەکانی ئیسلام بەریوە دەبەن. واتە نویژو روژوویان لەکاتی خویدایەو بوچوونەکانیان لە کتیبە ئایینییەکانەوە وەرئەگرن. لەراستیدا هاوولاتی کومەلگایەکی وەک ئیران ئاوا وینا دەکەن کە گوایا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

موریدی جەنابی خومەینییە، یان لەناخەوە نارەحەت ئەبیت ئەگەر کەسیک بەبی سەرپوش بیتە سەرجادە، حەزی لە موسیقای خورئاوایی نییە، مەشروباتی کحولی ناخواتەوەو گوشتی بەراز ناخواتوتاد .

بەلام ئیمە هەمووومان دەزانین کە هەر بەم بەلگانە کومەلگای ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییە. ئەم وینایە وینایەکی ئستریوتایپو کلیشەییە کە خورئاوا خوی بو ئەو کومەلگایانەی کیشاوە کە دەستی هاوولاتییەکانی خوی پی ناگاتو هاوولاتییەکی سویدی یان بریتانی ریگایەک شک نابات بو لەمەحکدانیکی بابەتییانەو سەربەخوی ئەم حوکمە. دینی ئیسلام لەئیراندا، هەروەکو مەسیحییەت بو نموونە لە ئیتالیا یان ئیرلەندادا، بیگومان کاریگەری هەیە بەسەر بیروبوچوونو هەلسووکەوتی کومەلیک خەلکەوە. ئەو کەلتوورە دینیو ئەو میراتو مەلوزمە دینییە چەند هەزار سالەیە بیگومان قورسایی هەیە بەسەر هەلسووکەوتی ئینسانەکانەوە، بەسەر پیشداوەرییەکانیان، تەنانەت بەسەر شیوەی تیروانینی ئینسانەکانیش بو یەکتری، گومانیک لەمەدا نییە .بەلام ئەمە لەبارەی هەر ئەو ئیتالیاو ئیرالەنداو فەرەنسایەشەوە، سەرباری هەموو نادینیبوونیکیان، راستە. سەرەنجام کەسیک ئەتوانی بلیت ئەوانیش مەسیحین، بیگومان فەرەنسەوییەکیش وەلامتان ئەداتەوە کە فەرەنسا کومەلگایەکی مەسیحی نییە بەلام مەسیحییەت بەشیکە لە رابردوویانو قورسایی هەیە بەسەریانەوە. لەئیرانیش هەر بەم جورە بیگومان ئیسلام قورسایی هەیە. بو نموونە ئیوە بەرهەمەکانی روشنبیرانو نووسەرانو شاعیرانی ئیران بخویننەوە، وینەیەک کە لەبارەی ژنەوە وەری ئەگریت میراتی ئیسلامە لەبارەی ژنەوە. وینایەک کە لەبارەی شادیو خەمەوە بەدەستی دینیت، ئەو حالەتە شەیداییەی کە لەگەلأ بەدبەختیو مەرگو قوربانیدانو شەهیدبووندا ئاویتەیەو سەرتاپای ئەم کەلتوورەی داگرتووە، ئەمانە دەماری ئیسلامیان تیدایە. بەلام کاتیک لە خورئاوا باسی کومەلگای ئیسلامی ئەکەن مەبەستیان کومەلگایەکە کە یاساوریسا ئیسلامییەکان بووەتە شتیکی دەروونیو زاتی بو



خەلکەکەیو لەناخیانەوە هەلئەقولیت. لەکاتیکدا باسی ئیمە ئەوەیە کە ئەم ئیسلامە لەپروسەیەکی سیاسیداو لەریگای زیندانو کوشتوبرو گرتنەوە، لەریگەی گەلە حیزبوللاکانو گەشتەکانی سەئرولّلاوە (ئەمانە هەندی هیزی تایبەت بوون کە لەناو جادەو شوینە گشتییەکاندا چاودیری خەلکیان ئەکردو هەرکەسیک لەجلوبەرگو رویشتنو هەلسووکەوتیدا سەرپیچی ریوشوینەکانی ئیسلامی بکردایە هەر لەویداو بە بەرچاوی خەلکەوە ئەیاندایە بەر قەمە یان تیزابیان پیپیا ئەرشت، یاخود دەستگیریان ئەکردو دواتر بە بەرچاوی خەلکەوە بەپیی حوکمی ئیسلامی جەلدەیان لیئەدا یان شەللاق کارییان ئەکرد -وەرگیر) بەسەر خەلکی ئیراندا سەپینراوە. ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییە بەو بەلگەیەی کە پیش ئەوەی ئەمانە بین، ئیسلامی نەبوو. لەو کاتەوەش کە ئەمانە هاتوون خەلکی بەردەوام لەبەرامبەریاندا وەستاونەتەوەو دیفاع لەخویان ئەکەن. وای دابنین ئیوە دەتانەوی سپرینگیک بچەمیننەوە. بەردەوام ئەیچەمینیتەوە بەلام کاتیک گوشارەکە لەسەری لائەبەیت دەگەریتەوە دوخەکەی یەکەمی خوی. ئەو حالەتی چەماوییە شیوەی واقعی ئەو شتە نییە، شیوەی ئاسایی ئەو سپیرینگە شکلیکی راستە، هەربویە کاتیک ئەشی چەمینیتەوە مقاوەمەتی هەیەو دەیەوی بگەریتەوە بو دوخەکەی خوی. ئەگەر کەسیک بیست سالأ بە کوشتو کوشتارو بەزور، بە پروپاگەندەی هەموو روژە لەریگەی دەیان کەنالی تەلەفزیونیو رادیوییەوە دەیەویت ژنانی ولاتیک بخاتە ژیر حیجابەوە، هیشتاش کاتیک توزیک دەست لە تیزابو قەمە هەلئەگریت حیجابەکان نامینن، ئەو کاتە دەبی حالی ببن کە ژنانی ئەم کومەلگایە پیودانگە ئیسلامییەکان قبوولأ ناکەن. بیگومان لەنیو ٦٠ ملیون خەلکی ئیراندا، سەد هەزار کەس قبوولی ئەکەنو تەنانەت جاریشی بو ئەدەن، بەلام خەلکی ئاسایی ئەم ولاتە لە ئاستی ملیونیدا حیجابی ئیسلامی بە بەشیک لە زاتو کەلتووری خوی دانانیتو نایەویت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو موسیقایەی کە خەلکی ئیران گویی لیئەگرن ئەوە نییە کە ئەوان بەرەسمی بویان دیاریکردوونو ریگەیان پیداوە. بەلکو مایکل جاکسونو مادوناو گورانیبیژە پاپەکانی دیکەی خورئاوایە. لەمیژووی ئەم ولاتەدا گوگوش شەخسییەتیکی زور خوشەویستتر بوو لە خومەینی. بەکاربردنو بەرهەمهینانی بیرە لەم مەملەکەتەدا هەمیشە زورترە بووە لە بەرهەمهینانی بەردەنویژو تەسبیحو بەرمالأ، ئەم خەلکە هەر ئەو خەلکەیە. ئەگەر کەسیک وەکو منو تو لەوی ژیابیتو نەیەویت ئیران لەریگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بناسیت، ئەوە دەزانیت کە ئەم ولاتە ولاتیکی ئیسلامی نەبووەو بەئیسکو پروسکو لەناخەوە ئارەزووی ئەوەی کردوە کە وەکو کومەلگا خورئاواییەکانی لیبیت .هەتاکو ئیستاش، هەرکاتیک ئیرانییەک دەگاتە خارج خیراتر لە خەلکی گەلیک لەولاتانی دیکە خوی لەگەلأ ئەویدا ئەگونجینیو لەرووی هەلسووکەوتی روژانەوە وەکو خەلکی خورئاوای لیدیتو تەنانەت هەندی دەستەواژەی وەک ناموسپەرستی، غیرەتو شوفینیزمی پیاوی شەرقی هەرچەند لەنیو ئیرانییەکاندا هیشتا زور بەهیزە، بەلام لای ئەمان زووتر لاواز ئەبیت بە بەراورد لەگەلأ گەلیک لە ولاتانی دیکە کە بەشیوەیەکی جدی دوچاری مەلوزمی ئیسلام هاتوون .

بەدیاریکراوی ئیران، بەپیچەوانەی پیناسەکانی خورهەلاتناسانی خورئاواوە، بەپیچەوانەی پیناسەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی خورئاواوەو بەپیچەوانەی پیناسەکانی خودی دەستەی فەرمانرەوای ئیرانەوە، کومەلگایەکی ئیسلامی نییە .ئیران کومەلگایەکی تینوی رووناکیو تینووی مەدەنییەتە کە بەتاییبەتی بەچاوی لایەنگری بو کەلتووری سەدەی بیستی خورئاواوە دەروانیتە جیهان. باوەری بەزانست بووە، دوو نەوە بەر لە ئیمە بەبی حیجاب بەجادەوباندا دەرویشتن، موسیقاو سینەمای خورئاوا هەمیشە بەشیک بووە لە کەلتووری ئەم مەملەکەتە، وە ئینسانە ناودارەکانی کومەلگای خورئاوا بەشیک بوون لە ناودارەکانی ئەم کومەلگایەش. لاساییکردنەوەی خورئاوا چ لەشیوەی راکیشانی بوری ئاوو شیوەی شارنشینیدا، چ لە قوتابخانەکان، چ



لە شیوەی دروستکرنی زانکوکانو چ لەزانستو کەلتوورەکەیدا بەشتیکی ئیجابی لەقەلەم ئەدرا. رەنگە کەسیک رەخنەشی لەمە هەبیت، من نامەوی لیرەدا بچمە ناو ئەم باسەوە بەلام کومەلگای ئیران کەلتووری خورئاوایی وەکو ئەلگویەک (نەمتیک) کە دەبی بوی بچیت قبوولأ کردووەو ریک هەر لەبەر ئەمەش جمهوری ئیسلامی لەحەقی ئەم خەلکە نایات .ئەو نەوەیەی کە لە سەردەمی جمهوری ئیسلامی خویدا هاتوونەتە دنیاوەو هەموو شتیکیان لەژیر سایەی دەسەلاتی ئەم رژیمەدا بووە، تەنانەت لەمنو توش زیاتر دوژمنی ئەم رژیمەن .

ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییەو ئیسلامییەت قبوولأ ناکات، بەلام تاکو ئیستا بزووتنەوەیەکی بەهیزی دژی ئیسلامی، بزووتنەوەیەکی فیکریو سیاسی دژی ئیسلامیی بەهیزمان نەبووە کە ببیتە دەستکەوتیکی میژوویی ئەم کومەلگایە .بزووتنەوەیەکی وەهامان نییە کە بو نموونە بلیین لە سالی ١٩٩٩دا کومەلگای ئیران حیسابی خوی لەگەلأ ئەم میراتەی کومەلگای کون واتە ئیسلام یەکلایی ئەکاتەوە، وە ئەمە یەکیکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم مەملەکەتە .

**رادیوی هەمبەستەگي** :پیشتر ئەوروپا مەلبەندی خەبات لەدژی دین بووو سەرەنجام دین بووە مەسەلەیەکی تاییەتیی خەلک. ئیستا وادیتە بەرچاو کە لە ئیراندا خەباتیکی بەم جورە لەئاراد بیت، ئایا دەکری ئەم جیوشوینە لەگەلأ ئەو بزووتنەوە دژی دینییەدا بەراورد بکریت کە لە ئەورووپادا هەبوو؟ پرسیاریکی دیکەم ئەوەیە ئەو لایەنانەی کە شەرموکانە دیفاع لە ئیسلام دەکەن یەکیک لە کولەکەکانی چالاکیی ئیعلامییان لەبارەی ئیسلامەوە، دابەشکردنی ئیسلامە بو ئیسلامی باشو خراپو ئەوەی کە دەبی لەبەرامبەر ئیسلامی خراپدا دیفاع لەئیسلامی باش بکریت، وە ئەوەی کە ئیسلام دەکری رزگارییبەخش بیتو، بەگشتی مەقولەی ئیلاهییاتی رزگارییبەخشیان داهیناوە. رای ئیوە لەم بارەیەوە چییەو ئەم بزاوتە سیاسییە چون هەلدەسەنگینن؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**مەنسووری حیکمەت** :لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە هەروەک پیشتریش گوتم، ئیمە شاهیدی نەفرەتیکی دژی ئیسلامیو خەباتیکی کەلتووریی کومەلانی خەلکین لەدژی ئیسلام. تا ئەو جیگایەش کە بە خەباتی عەقیدەییو پەردەمالین لەسەر بنەماکانی ئەم دینەو ریسواکردنی دینداری بەگشتی دەگەریتەوە، بو ئینسانیکی ئازادئەندیش دین بەشیکە لە لومپنیزمی نیو کومەلگاو، چەقوکیشییو دین سەر بە یەک خیزانن کە دەبی هەردوکیان توربدات. ئەگەر ئەم خەباتە ئیستا بەریوە ئەچیت ئەوا بەلوتفی کومونیستانیکی لەبابەت ئیمەمانانەو ئەویش لەچوارچیوەی ئیمکاناتی ریکخراویکی سیاسیدایە. بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیری ولات لەئاستی کومەلایەتیدا بە خاوەنی کومەلیک روشنبیری روشنگەرەوە کە هاوار بکەن من دینم نییەو خوانەناسم، بزووتنەوەیەکی ئاوامان نییە. لەکاتیکدا ئەوروپا کاتی خوی پربووە لەو گەورە بیرمەندانەی کە بەرامبەر بە هەیبەتی کلیسا وەستاونەتەوەو قسەی خویان کردووە. لە قەلەمرەوەکانی زانستیو فەلسەفیو کومەلایەتیدا رەخنەیان لەم خورافاتانە گرتووەو زوریکیان باجی ئەمەشیان داوەتەوە. ئیمە لەنیو تویژی بیرمەندانی ئەم مەملەکەتەدا ئەم بویرییە مەعنەویو سیاسیو فیکرییەمان نییە. ئەمرو "نەیارانی فیکری" بەشیوەیەکی گشتی بە کەسانیک ئەوتری کە هاوریی جەنابی خاتەمی بن. سەرەنجام رەنگە ئەمە دەستی چینی کریکارو دەستی حیزبی کومونیستی کریکاری ماچ بکات کە ئەم خەباتە بە سەرەنجامیکی بنەرەتی بگەیەنن. من پیم وایە ئەم خەباتەی کە لەئیراندا لەئارادایە، ئەگەر ببیتە مایەی گەشەسەندنی ئەحزابیکی وەک حیزبی ئیمەو بزووتنەوەیەکی وەک بزووتنەوەی سوسیالیستی کریکاریو ئەم بزووتنەوەیە بتوانی سەرباری هەموو گرفتەکانیو ئەو ئاستەنگانەی کە لە سەر ریگای دایدەنین بتوانی لەسەر پیی خوی رابووەستی، دەکری لەدریژماوەدا لەریشەی دین بدری. بەلام ئەگەر بریار بیت تەنها بە لابردنی جمهوری ئیسلامی ئیکتفا بکریتو، ئەو شیوە حکومەتییانەیان بوویت کە پەرلەمانی بو زیاد کرابیت، یان مافە



مەدەنییەکان بو جمهوری ئیسلامی زیاد بکەن، من پیم وایە خەلکی بە مافی خویان نەگەیشتوون .

لەبارەی ئیلاهییاتی رزگارییبەخشەوە، ئەمانە میراتی حیزبی تودەن. بەبروای من هیچ یەکیک لەمانە ئەندیشەیەکی راستگویانەو واقعی نییە کە لەناخی دلی کەسیکەوە هەلقولابیت. هەر ئەو ئینسانەی پیی دەلی ئیلاهییاتی رزگارییبەخش، ئامادە نییە بروات لەگەلأ ئەهلی ئەو ئیلاهییاتە رزگارییبەخشەدا تیکەلاو ببیت یان لەگەلیاندا بژیت یان بچیتە ناو حیزبەکەیانەوە. هەمیشە مەسەلەکە تاکتیکە، فیلبازییە، دەیانەوی لەنیو خودی ئاخوندەکاندا بالیک بدوزنەوە کە بتوانیت کومەک بەخویان بکات بوئەوەی بەرەی فراوان لەدژی سەرکوت دروست بکەن. ئەمە بیرکردنەوەیەکی تودەییە، لەجیاتی ئەوەی بیروباوەری خوی بەیان بکات هەمیشە خەریکی کەلەکو فیلأو فەرەجی سیاسییە .ئیلاهییاتی رزگارییبەخش ناوی ئەو ئاخوندە مەسیحییانەیە کە ئامادەن لەدژی دیکتاتورییەکانی ئەمریکای لاتین قسەیەک بکەن. بەمە دەلین ئیلاهییاتی رزگارییبەخش. بەلام هیچ ئیلاهییاتیک بەپیی پیناسەکەی خوی رزگاییبەخش نییە، ئیلاهییات واتە خالی بەرامبەر بە رزگارییبەخش، ئیلاهییات واتە داخستنی چاوو گویی ئادەمیزاد، واتە بەرگرتن بە بیرکردنەوەی سەربەخوی خویو حەوالەکردنی بو جیهانو خالقیکی نەناسراو. ئیلاهییاتی رزگارییبەخش قسەی پووچە. وەکو ئەوە وایە کە بلیین فاشیزمی ئازادیخواز، کە ئەمەش تەناقوزیکە لە خویدا .ئیلاهییات ناتوانی رزگاییبەخش بیت، چ مەسیحی بیت، چ بوزایی، چ ئیسلامی. بو روشنفکرانی سەدەی نوزدە ئەسلەن رزگایی بەر لە هەر شتیک بەمانای رزگاریی لە چەپوکی دین بوو. بو ماوەی دەیانو سەدان سالأ رزگاری بو روشنفکر بەمانای رزگاری لە دینو لە قەیدو بەندی ئەندیشە سەپینراوەکان بوو. ئیستا ئیلاهییات خوی بووەتە رزگارییبەخش؟ لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی بلوکیک بەناوی بلوکی روژهەلاتەوە بو بەناو مقاوەمەتی لەبەرامبەر روژئاوادا، پیویستی بەوە بوو کە بەشیک لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کومەلگای روژئاوا بەرامبەر بە خوی خوشبین بکاتو بو خوی هاوپەیمانی تاکتیکی دابتاشی. ئەوکات جەنابی تالقانی دەبووە "ریزی شورش"و ئیستاش جەنابی خاتەمی، یان فلان کەشیش لە کولومبیاو پولیفیا. لەکاتیکدا کە لەراستیدا رزگاریی ئەم ولاتانەو رزگاریی خەلکەکەیان، رزگاریی ئەوانە لە هەموو جورە ئیلاهییاتیک. من ئەمەم قبوولأ نییە، پیم وایە کەسانیک کە ئەمانە ئەنووسن بەر لە هەرشتیک خەریکن تەربییەتی ستالینیو تودەییانەی خویان نیشان دەدەن نەک تەنانەت ئەندیشەی شەخسیی خوشیان. کەسیک کە دەلیت ئیلاهییاتی رزگارییبەخش خوی ئامادە نییە بروات لە ولاتیکی ژیر دەسەلاتی حوکمرانیی ئیلاهییاتی رزگارییبەخشدا بژیت، وای پیباشترە بروات لە فەرەنسا یان ئەنگلستان بژیت، بەلام گەلالەی ئەوە دائەریژیت کە خەلکی پولیفیا دەبی بە ئیلاهییاتی رزگارییبەخش رازی بن؟ بەرای من ئەمە کاریکی ریاکارانەو نا راستگویانەیە .

**رادیوی هەمبەستەگی** :هەندیک دەلین کە ئیسلام دەکری مودیرن بکریتو خوازیاری مودیرنیزەکردنی ئیسلامن. ئەم مەسەلەیە لە بەشیک لە بزووتنەوەی چەپیشدا رەنگیداوەتەوەو خوازیاری ئەنجامدانی هەولیکن لەمبارەیەوە. رای ئیوە لەبارەی ئەم بزاوتەو ئەو تەقەلایانەی کە ئەکرین چییە؟

**مەنسووری حیکمەت** :کەسیک کە دەیەویت ئیسلام مودیرنە بکات وەکو ئەو عەبقەرییە بیرخراپە وایە کە دەیەویت لە گەراجی خانووەکەیدا دەزگایەک دروست بکات کە مسی بو بکات بە زیر! ئایا کاریکی باشە کە ئیسلام مودیرنە بکریت؟ یەکەمین پرسیار ئەوەیە کە ئیستا بوچی دەبی ئیسلام مودیرنە بکریتو لەپیناوی چیدا؟ ئەگەر کەسیک بلیت کویلەداریش دەکری ئینسانی بکریت، من دەلیم ئیستا لەپیناوی چیدا دەتەوی کویلەداری ئینسانی بکەیت، مەگەر ریبازی ئینسانیو مودیرن کەمە؟ دەبی لەو کەسەی کە باس لە ئیسلامی مودیرن ئەکات پرسیار بکریت ئایا خوت ئەو ئیسلامە



مودیرنەی؟ ئەگەر نا، ئیتر بوچی خەریکی ریگا ئەکەیتەوە بوئەوەی کە دیوەزمەکانی سەرکوتو دواکەوتوویی میژوویی دیسانەوە لە شیوەی تازەدا دریژە بەژیانی خویان بدەن؟ وای دابنین ئیسلام دەکریت مودیرنیش بکریت، بوچی خەریکی کومەک بەوە ئەکەیت کە مودیرن بکریت؟ لیگەری ئەوەشی کە هەیە دەرگای دوکانەکەی دابخاتو بروات. جگە لەمەش، بە بروای من ئەو پیناسەیەکی بەرتەسکی هەیە بو "مودیرن" کە دەلیت ئیسلام دەکریت مودیرن بیت. بیگومان ئەگەر ئیسلام بو نمونە ریگا بدات کە کچان بە تەنوورەی خوار ئەژنووە بتوانن بچن بو قوتابخانە یان ریگا بدات کە ژن ببیتە قازی بەو مەرجەی کە هیچ کاتیک باس لە میولە جنسییەکانی نەکات، لەروانگەی ئەم کەسانەوە ئیسلام مودیرنە .ئەمە ئیتر قبوولأ نییە .

ئەو شتەی کە من بە مودیرنی دائەنیم- لەراستیدا خودی ئەم وشەیەش نیسبییە- وە ئەو کومەلگایەی کە من دەمەویت تیایدا بژیمو ئەو مودیرنیزمەی کە من پیم وایە شایستەی هەین، ئیسلام تیایدا جیگای نابیتەوە. ئیسلام دەبی هەلبپیچریت. هەرچون کە هەندیک بروایان بە فاشیزم هەیە، هەر چون هەندیک کەس هیشتا بەتوندی باوەریان بە پیاو سالاری هەیە، کەسانیکیش باوەریان بە ئیسلام هەیە. من لەنیو ئەمانەدا نیمو پیم وایە ئیسلام کارنامەکەی لەوە روونترە کە کەسیک قولی رزگارکردنی بو هەلمالیت. من ئەو کەسەی کە دەلیت ئیسلام دەتوانی مودیرن بیت بە موسلمانیک دەزانم کە دەیەویت دریژە بەعومری دینەکەی بداتو دینەکەی بپاریزیت. ئەگەر وانییە، ئینسانیک کە خوی موسلمان نییە، پیداگرتنی لەسەر ئەم مەقولەیە دەرک ناکەم، مەگەر ئەوەی کە بیەوی هاوپەیمانی تاکتیکی بو شورشەکەی خوی دابتاشی

ئەم دەقە، کە بەزمانی فارسی لە "انترناسیونال هفتگی" ژمارە7 ٩ی ٢٠٠١/١١/٩دا بلاوکراوەتەوە، بەشیکە لە گفتوگویەکی دوورودریژتر کە لە بەرواری ١٩٩٩/٦/١٣دا لە رادیوی هاوپشتی شاری مالموی سویدەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەخش کراو لە دوو ژمارەی بلاوکراوەی "همبستگی" (هەمبەستەگی واتە هاوپشتي- بلاوکراوەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانییە) بلاوکرایەوە .



# سەرنگونی، شۆڕش، سۆسیالیزم

## نامە بۆ حەمیدی تەقوایی، فاتیحی شێخ

ژمارە: ٧٠٠٦

بەروار: ١٧ی جولای ١٩٩٩

فاتیح گیان، حەمید گیان

گفتوگۆکەم بەدەست گەیشت. بەبڕوای من ئەم بابەتە لێکدانەوەیەک لە مەسەلەی ئەوزاعی سیاسیو ستراتیژی سیاسی حزب لەخۆ دەگرێت کە بلآوکردنەوەی، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی باسەکەو ئیعتیباری ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ کراوە، قاڵبێکی بآمرونەو وشک ئەسەپێنآ بەسەر ئاسۆی سیاسی حزبو تێگەیشتنی ئێمە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ئایندە لە ئێراندا. بەم پێیە ئەم وتارە) مەبەستی گفتوگۆکەیە-و) لەڕووی عەمەلییەوە بە هەڵوێست دەربڕینێکی قەتعی لەسەر ڕەوتی عەمەلیی ئەوزاعی سیاسی دەژمێردرێت کە بەبڕوای من بڕیاری پەیوەست بە جمهوری سۆسیالیستی مەبەستێکی لەم جۆرەی نەبوو. من لەبەرئەوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە نیم چونکە ئەوزاعی ئایندەی ئێران زۆر سادە ئەکاتەوەو وێنایەکی میسالی لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەنێتە جێگای هەموو ئەگەرە واقعیەکانو هەربەم پێیە جۆرێک لە بینینی یەکلایەنەو بآمرونەو تەنانەت سادەئەندێشی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەشێوەی هەڵوێستی حزبدا دروست دەکات .ڕێگەم بدەن ئەمانە هەندێک ڕوون بکەمەوە .

وێنای بابەتەکەی حەمید ئەمەیە. لە ئێران حەتمەن شۆڕش بەرپادەبێت . شۆڕش حمهوری ئیسلامی سەرنگون دەکات. چینی کرێکار، بەپشتیوانی زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی جمهوری سۆسیالیستی بەرپادەکات. دیارە ئەم وێنایە هەڵە نییە، چونکە بەهەرحاڵ یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە ڕەنگە ڕووبدات. بەلآم ڕاست نییە، چونکە کۆمەڵێک ئەگەری مومکینی تر ڕەتدەکاتەوە. بابەتەکەو سازدەری گفتوگۆکە چەند شتێکی دیکەشیان بەفەرز وەرگرتووە کە جێگەی پرسیارن .

ئەوەی کە شۆڕشێک لە ئێراندا دەستی پێکردووەو لەسەروبەندی هەڵگیرساندایە، ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاري بە هەڵگرتنی ئەم شیعارە) مەبەست لە پەسەندکردنو بەرزکردنەوەی شیعاری "جمهوری سۆسیالیستی"یە-و (شۆڕش بەشتێکی حەتمی دەزانآ. ئەوەی کە لەمە بەدوا دەکرآ هێزەکان بەسەر بەرەی شۆڕشو بەرەی دژی شۆڕشدا دابەش بکرێن. ئەوەی کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی هەمەگانیی‌یە. ئەوەی کە مەبەست لە شۆڕش، شۆڕش لەدژی ڕژێمی ئیسلامیی‌یەو بە سەرنگونکردنی ڕژێم شۆڕشیش سەردەکەوآ. ئەم فەرزانە بە بڕوای من هەموویان جێگەی پرسیارن .

١ -بەبڕوای من سەرنگونیو شۆڕش بەیەکەوە گرێیان نەخواردووە . سەرنگونی بەبآ شۆڕشیش ئیمکانی هەیەو موحتەمەلە. سەرنگونی دەتوانآ بەرەنجامی پرۆسەیەکی سەربازی، قەیرانو هەرجو مەرج، پرۆسەی عوسیانی مەدەنیو کردارو پەرچەکرداری ئینتخاباتیو... هتدیش بێت. دەتوانآ بەرەنجامی سەرکەوتنی کۆمەڵێک هێزبێت بەدەرلە هێزە شۆڕشگێرەکان یان بەوانیشەوە .



بەبڕوای من بە ئیحتمالی زۆر سەرنگونی نەک بەرەنجامی شۆڕش دەبێت لە ئێراندا، بەڵکو یەکێک دەبێت لە ساتەکانی دەستپێکردنی شۆڕش. بەبڕوای من شۆڕش لە ئێراندا بە ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئینجا دەستپێدەکات، وە نەبەردە چینایەتی‌یە جدی‌ترەکان دوای ڕووخان دەبێت. بەبڕوای من لە سەرنگونیدا زۆرێک بەشداری دەکەن، بەلآم لە شۆڕشدا، کرێکاران "زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک"یان لەگەڵدا نابێت .

٢ -جمهوری سۆسیالیستیش نەبەستراوەتەوە بە شۆڕش لەدژی ڕژێمەوە . بەبڕوای من ڕاگەیاندنی جمهوری سۆسیالیستیش دەتوانآ بەرهەمی سەرکەوتنی سەربازی، قۆستنەوەو دەستبردن بۆ دەسەلآت لەحاڵەتی بۆشایی سیاسیدا، کودەتاو هەر شتێکی تر بێت. چونکە جمهوری سۆسیالیستی دەتوانآ وەکو دەوڵەتی دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی قەیران، دەربکەوێت. ڕەنگە پێکهێنانی حکومەتی شورایی کرێکاری، لەدوای ڕاگەیاندنی جمهوری، کارێکی دژوارتر بێت. وە پێویستی بە جەنگی ناوخۆ هەبێت .

وێنای حەمید کەموزۆر دووبارەکردنەوەی پرۆســەی شۆڕشی ٥٧ ـە (مەبەست لە شۆڕشی ١٩٧٩ی زاینی ئێرانە-و). من ئەمە بە موحتەمەلترین حاڵەت نازانم .چونکە باڵەکانی جمهوری ئیسلامیو هێزە سیاسیەکانی دەخیل لە ئێراندا، موجاهیدین، ڕاستی غەربیو کۆمۆنیستەکانو...تاد، بە گورزێک گۆڕەپانەکە بەدەستەوە ناگرنو بە گورزێکیش چۆڵی ناکەن. ئەمجارەیان بە ئیحتمالی زۆر ڕاپەڕین لەسەرەتای شۆڕشدا ڕووئەدات نەک لە کۆتاییەکەیدا .

هەندآ بۆچوونی ناو دەقەکە زۆر یەکلایەنەو هەندآ جار هەر هەڵەشە. بۆ نموونە :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**"هیچ گومانێک لەوەدا نەماوەتەوە کە شۆڕشێکی دیکە لە ئێراندا خەریکە شکڵ ئەگرێت "**

بەبڕوای من هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە خەبات بۆ سەرنگونی لە ئێراندا پەرەدەستێنآ. بەلآم ئەوەی کە ئایا ئەمە تا ئاستی شۆڕشێک بالآئەکات جێگەی گومانە. بۆ حەمید شۆڕش بەفەرز وەرگیراوەو پرسیار ئەوەیە کە "شۆڕش چ ڕەوتێک دەگرێتەبەر". بەبڕوای من ڕەوتێکی موحتەمەل ئەمەیە کە کار نەگاتە شۆڕش، کودەتاو پەرچەکودەتا بکرێت. ڕژێم بڕواتو مەملەکەت بچێتە ناو قۆناغێکی ئاڵۆزی ناسەقامگیریی سیاسیو کێشمەکێشی عەسکەرییەوە .

**"ئێمە بە شیعاری جمهوری سۆسیالیستی رایدەگەیەنین کە لەو شۆڕشەی کە بەڕێوەیە کرێکاران لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا سەرمایەداری لەگۆڕدەنێن ."**

بێگومان ئێمە ئەمەمان دەوێت. بەلآم بەم شیعارە ئێمە شتێک لەبارەی حەتمیەتی بەرێوەبوونی شۆڕشو ئەوەی کە کرێکاران چی دەکەن نالێین، بەڵکو قسە لەسەر حەتمیەتی سەرنگونیو ئەوە دەکەین کە ئێمە چیمان دەوێت .

**"بەرزکردنەوەی ئەم شیعارە لەلایەن حزبەوە پشت بە حەتمی بینینی ڕوودانی شۆڕشو سەرنگونی ڕژێم دەبەستێت)** "دەقی خودی پرسیاری دووەم ).

بەبڕوای من وانییە. بڕیارەکە باس لە حەتمیەتی پەرەسەندنی خەبات بۆ سەرنگونی دەکات نەک شۆڕش. بەرزکردنەوەی ئەم شیعارە لەلایەن حزبەوە، بەپآی دەقی بڕیارەکە، بەمەبەستی مەلموسکردنی شیعاری حزبە لە جەرگەی خەبات بۆ سەرنگونیدا .

**"هەروەک حزبی ئێمە پێشبینی شۆڕشو سەرنگونی ڕژێم دەکات ."**

پێشبینی سەرنگونیمان کردووە، بەلآم شۆڕش مەرج نییە .



**"شۆڕشێک کە لە ئێراندا خەریکە ڕووئەدات لەم ڕێسایە بەدەرنییە "**

*** "شیعاری جمهوری سۆسیالیستی لەراستیدا دەربڕینێکی جەماوەریتری شیعاری حکومەتی کرێکارییە لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆی ئێراندا ".**

پێم وانییە بکرێت هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران بە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە وەسف بکرێت. بەلآم شیعارەکەی ئێمە بۆ هەلومەرجی خەباتی بەربلآوە لەپێناوی سەرنگونیدا. تەنانەت ئەگەر شۆڕشێکیش لەئارادا نەبێت .

*** "جمهوری سۆسیالیستی تەنها بە شۆڕش دەکرآ بەرقەرار بکرێت چونکە ڕژێمی ئێران بەزمانی خۆش لاناچێت ".**

شۆڕش تەنها بەدیلی "زمانی خۆش" نییە .ڕژێمی ئێران دەبآ بە زۆر سەرنگون بکرێت. بەلآم مەرج نییە هەموو زۆرێک شۆڕش بێت .

*** "لەم شۆڕشەدا چینی کرێکار تەنیا نییە. زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵگا واتە ژنان، لاوانو بەشێکی فراوانی توێژە بێبەشە شارییەکان لەم شۆڕشەدا لەپاڵ کرێکاراندان "**

لە کام شۆڕشدا؟ لە نەبەرد بۆ سەرنگونیدا ڕەنگە ئەم وێنایە ڕاست بێت (هەرچەندە لاوانو ژنانیش دابەش دەبن) بەلآم لە شۆڕش بۆ کردنی "ڕژێمی ئیسلامی بە دوایین ڕژێمی سەرمایەداری [لە ئێراندا-و"]، بەپێچەوانەوە بەبڕوای من کرێکاران زۆرینەیەکی هەرەزۆریان لەگەڵدا نابێت .

خولاسەی کەلام، ئەم بابەتە لەسەر حەتمی بوونی شۆڕشەو شیعاری جمهوری سۆسیالیستی لەمەوە هەڵئەهێنجآ. پێویستیی شۆڕشو تەنانەت موحتەمەل بوونی، واتە واقعی بوونی ئیحتمالی شۆڕش، وە خەیاڵی نەبوونی ئەم ئیحتماله لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەکرآ هەڵوێستی حزب بێت. بەلآم بەحەتمی زانینی شۆڕش هەڵوێستی ڕەسمیی ئێمە نەبووەو بەتەواوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەستوپآی ئێمە دەبەستێتەوەو ئێمە ئەبەستێتەوە بە یەک ڕێگەی نێو چەندین ڕێگەی موحتەمەلەوە .

بەبڕوای من، وە بەپآی دەقی بڕیارەکە، دەبآ شیعارەکە پەیوەست بکەین بە خەبات بۆ سەرنگونی‌یەوە وە لەبارەی شۆڕشەوە دەبآ پڕوپاگەندە بۆ پێویستی‌یەکەی بۆ ئێمەو بۆ خەڵک بکرێت. ئیدەی حەتمی بوونی [شۆڕش-و]، چ جای ئەوەی کە ئێستا لەحاڵی ڕووداندایە، بەبڕوای من دروست نییە. لانی کەم بڕیارە پەسەندکراوەکەی ئێمە ئەمە نییە. بۆچوونێکی بەم جۆرە پێویستی بە بڕیارنامەیەک هەیە لەسەر هەلومەرجی سیاسی کە تیایدا حەتمیەتی شۆڕشی نیشاندابێت .

ئەگەر حەمید لەباسێکی جیاوازدا لەسەر ڕەوتی موحتەمەلی ئەوزاعەکە لەڕوانگەی خۆیەوە قسەبکات، دەکرآ هەموو ئەمانە چاپ بکرێت. بەلآم ئەم تەفسیرە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیارێکی گرنگی نوآ، بەمانای پەسەندکردنی ئەم تەفسیرەیە بەوێنەی هێڵی ڕەسمی. وە ئەمە بەبڕوای من دروست نییە .

چەند خاڵێکی تر :

* دەربڕینی پرسیاری سێهەم بەبڕوای من باش نییە. هەر لەسەرەتاوە ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ کراوە دەخاتە هەڵویستێکی دیفاعی‌یەوە تا بە هەزار زەحمەت گومان لەسەر خۆیی‌و حزب لابەرێت. حەمیدیش زۆر ئەوەی هێناوەتەوە کە سۆسیالیزمی ئێمە لەگەڵ جۆری ڕوسی‌و چینی‌دا جیاوازە. کە زۆرتر ڕەنگدانەوەی نیگەرانیەکی خودی ئێمەیە. ڕەنگە حاڵەتێکی ئیسپاتی ترو کەم دەستوپێگیرتر لە پرسیارەکەدا، ببێتە مایەی وەلآمێکی ڕۆشنگەرانەترو مەحکەمتر .

* وەلآمی پرسیاری پێنجەم ناتەواوە. سەرەڕای باسی شۆڕش کە ئاماژەم پێیدا، پێم وایە پرسیارکەر لەبارەی پەیوەندی سەرنگونی بە خەباتی



ڕۆژانەو ریفۆرم خوازانەو ڕەنگە ئابووری‌و، پەیوەستیی ئەڵقە بەڵقەی لەمڕۆوە تا ئەو ڕۆژە پرسیاری کردووە. ئەم لایەنەی پرسیارەکە وەلآمی وەرنەگرتۆتەوە .

ماندوو نەبن

وە رگیرانی سەعید ئەحمەد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# تاوانی یەکیتی نیشتمانی لەدژی خەلکی کوردستان مەحکومە

## ئیمە ئەمینینەوە، ئیوە ئەرون !

کوشتنی بیشەرمانەی ٥ کومونیستی شورشگیری کوردستان بەدەستی جەلال تالەبانیو یەکیتی نیشتمانی، کوشتنی پینج ئینسانی پاکو شەریف کە ژیانی خویان نابووە پیناوی رزگاری بیبەشانو ئازادیو یەکسانیی ئینسانەکانو بەختەوەریی کومەلگای کوردســتان، ئیتر ئایندەی خەلکی کوردستانی لەگەل ئەم کونەپەرستانەدا بەیەکجاری روشن کردەوە. هەرەشەو دەستگیری کردنەکانو ئاوو کارەبا برینو شەقاوەچیتی کردنە راسترەوانەکانی تائیستای ئەم تاقمە، هیشتا زوری فەرقە لەگەل هیرشی چەکدارانە بوسەر نوسینگەی حیزبیکی سیاسی بەمەبەستی کوشتو کوشتارو ئار.بی.جی وەشاندن لە سەیارەی سەنتەری پاریزگاری ژنانو خەلتانی خوین کردنی سەرنشینەکانیو وەرگرتنی راسپاردەی ئینسان کوشتن لە تارانەوە. ئەم پەلەی نەنگە پاک نابیتەوە. هاوری‌یانی ئیمەیان بو کوشت؟ بگەرینەدواوەو چاویک لە "شکاتنامە"کەی چەند مانگ لەمەوبەری "دادگا"ی حکومەتە عەشیرەتی- لومپنی‌یەکەی تالەبانی لەدژی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بکەن. بەخەتی رەش لەسەر سپی نووسیویانە تاوانی ئیمە ئەوەیە کە بانگەشە بو یەکسانیی ژنو پیاو ئەکەین، کە لەبەرامبەر تیروریزمی ئیسلامیو عەشیرەتی‌دا دیفاع لە ژنان ئەکەین، کە بانگەوازی خەلک ئەکەین بو دیفاع لە حیزب، کە لەبەرامبەر رەوتە



کونەپەرستە ئیسلامیەکان راوەستاوینو لەدژی بەئیسلامی کردنی کومەلگای کوردستانو زالکردنی موتەکەی رەشی دین بەسەر ژیانی ملیونەها خەلکدا خەبات دەکەین، کە خوازیاری راگەیاندنی جیابوونەوەی کوردستانی عیراقو کوتایی هینان بە بی‌مافیو بی‌ناسنامەیی‌و بی‌ئایندەییەکین کە هاوشیوەکانی تالەبانی نزیکەی دەسالە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو دەولەتە کونەپەرستەکانی ناوچەکە بەسەر خەلکی کوردستانی عیراقیاندا سەپاندووە .تاوانی ئیمە ئەوەیە کە جەنابی تالەبانیو تایەفەکەی پولو تفەنگو مەئموریەتیکیان لە ئەملاوئەولاوە وەرگرتووە، تاوانی ئیمە ئەوەیە کە خەلکی کوردستان بەشایستەی شتیکی لەمە باشتر ئەزانین، تاوانی ئیمە ئەوەیە کە بووینەتە ئاستەنگ لەبەردەم راوورووتو فەرمانرەوایی کومەلیک سەروک عەشیرەتو چەتە لە کوردستانداو دەمانەوی خەلک خوی دەسەلاتدار بیتو چارەنووسی خوی بەدەستەوە بگریت .

تالەبانیو یەکیتی نیشتمانی یەکەمین کونەپەرستانیک نین کە لەدژی کومونیستەکان دەست بو چەک ئەبەن. یەکەمین کەسانیکی ساویلکە نین کە پی‌یان وایە بەزەبری چەک دەکری بەسەر کومونیزمدا زال بیت. حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق لەم شەرەدا خاراوتر دیتە دەرەوە. پەیوەندی ئیمە لەگەل خەلکی کوردستاندا لەجاران زیاتر توندوتول ئەبیت. ئەمانە بو سەدەمین جار گرەو لەسەر ئەسپی دوراو ئەکەن .

کەمیک لەولاتری نووکی‌دەماغی جەنابی تالەبانیو هاوریبازەکانیەوە، خەلکی کوردستانی ئیران خەریکن جمهوری ئیسلامی کە تالەبانی بو پی‌ماچ کردنی رویشتووە، دەکیشنە ژیرو ئالای کومونیزمو ئازادیخوازیو حیزبی کومونیستی کریکاریی هەلئەکەن. دەمەوی بزانم کاتیک بەزوویی جمهوری ئیسلامی رویشتو خەلکی هاتن، کاتیک شورش لە کوردستانی ئیران، جاریکی تر کوردستانی عیراقی کردە مەیدانی گەرموگورترین بزووتنەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئازادیخوازانە، کاتیک هاوپەیمانانو مشتەرییەکانی تالەبانی لە تاران تارومار بوون، کاتیک ئالا سوورەکان سەرتاپای کوردستانی گرتەوە، جەنابی تالەبانیو ئەو کەسانەی کە بەفەرمانی ئەو پەنجەیان خستەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان لەدژی کومونیزمو رولە پاکەکانی ئەم خەلکە لەکوی خویان حەشار ئەدەنو پەنا بو کی ئەبەن .

کومونیزمی کریکاری بزووتنەوەیەکی فراوانە. تەنها بینایەیەک نییە لە سلیمانی. نورەی ئیمەو خەلکە. سەردەمی دەسەلاتی تایەفەکانو دارودەستە چەکدارەکانی سەربە دەولەتە جیاجیاکان بەسەر چووە .

بریاردەرو جیبەجیکەرانی کوشتنی هاورییانی ئیمە دەبی دەسبەجی بناسیرینو لەپیشچاوی خەلکو لەلایەن دادگا خەلکییەکانەوە دادگایی بکرین .یەکیتی نیشتمانی دەبی لە سیاسەتی کونەپەرستانەی هەرەشەو تەنگەبەری دروستکردن بو حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق دەست هەلگریت. خەلکی کوردستان، لەدژی ئەم تاوانانەو جیبەجیکەرانی بینە مەیدان. ئەم کونەپەرستانە لەجیگای خویان دابنینەوە. پەشیمانیان بکەنەوە. بینە ناو ریزەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریەوە .

**سلاو لە یادی پاکی ئەو کومونیستانەی کە بو بەرگری لە بیبەشانوبو ئازادیو سوسیالیزم**
**لە شەقامەکانی سلیمانیدا خەلتانی خوین کران!**
**نەنگو نەفرەت بو بریاردەرانو جیبەجیکەرانی ئەم تاوانە چەپەلە!**
**بژی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق!**

**منصور حکمت- ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق**
**١٦ی جولای ٢٠٠٠**



# سەبارەت بە رەئی دەرنەبرینی حزب لە پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملووە

هاوری بابەک، هاورییانی خوشەویست

سەبارەت بە رەئی دەربرین (یان لە راستیدا رەئی دەرنەبرین) ی حزب لە پەیوەند بە مەرگی ئەحمەدی شاملووە، پرسیاری بوچوونی منت کردبوو. وا دیارە ئیوە باسی بەرفراوانتان کردبیت ، جیی داخە کە من لە باس و دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی باسەکەی ئیوەدا نەبووم. هەر بویەش رەنگە شتی بلیم کە لای ئیوە جیگای باس و لیکولینەوە نە بووبی. بەلام بەهەر حال، من بوچوونی تایبەتی خوم دەلیم .

بە بروای من، حزب نە دەبوو لە پەیوەست بە مەرگی شاملووە ، نووسینیکی ئامادە بکردایە کە تیایدا بەودا هەلبیدایە یاخود رەخنەی لیبگرتایە .دروستتریش ئەم کارەی نەکرد. ئاخر لە مانگەکانی تردا، هونەرمەندان و شاعیرانی تریش مردوون، لە پەیوەند بەوانیشەوە ئیمە بە دروستی هەلویستی رەسمیمان نەگرت. مەبەستم لە (گل شیری، رحمانی، نادرپور و فردین)ە. بەلام هاورییانیک دەیانەویت بلین: لە پەیوەند بە مەرگی شاملووە فەرقی دەکرد. لە پەیوەند بەم "فەرقکردنەوە" من چەند خالیک دەبیستم .

یەکەمیان: ئەوەیە کە شاملو رادیکال یاخود ئینساندوست بوو .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووەمیان: ئەوەیە کە شاملو لەبەرانبەر کوماری ئیسلامی ئیراندا، سەری نەوی نەکرد و"نە"ی

بە حوکمەت وت. تەنانەت لە هەندی لە شیعرەکانیشیدا، هیما و ئاماژەی لەم جورە بە دژی کوماری ئیسلامی دەبینریت .

دواهەمین خالیشیان: پلە و پایەی هونەری و ئەدەبی بەرجەستەی شاملویە .

بەلام ریم پیبدەن کە من لەم خالەی دواییانەوە دەستپیبکەم .

بەبروای من لەم پەیوەندەیاندا دەبوایە لە پاش مەرگی شاملووە نووسین هەبوایە. بەلام ئەمە وەزیفەی حزبیکی سیاسی نییە، بەلکو ئەرکی هونەردوست ، ئەدەبدوست و ئەو کەسانەیە کە پەیوەندییان بە شیعر و ئەدەبی شاملووە هەیە .

دەستپیشخەری حزب و دانی هەلویستی رەسمی لەم مەیدانەدا و لە پەیوەند بە جیگاوریگای ئەدەبی تاکەکانەوە، هیچ کاتیک نزیکایەتی لەگەل ترادیسیون و ئامانجەکانی ئیمەدا نییە. شیعر و ئەدەبیات ، مەیدانی داهینان و تیگەیشتنی

فەردییە و حزبی کومونیستی کریکاری و دەولەتی کریکاری دوو سبەی ئەو، جیگایەکی بو "ملک الشعرأ" و ئەدەبیاتی ریپیدراو و ریپینەدراو، ئەدەبیاتی رەسمی و غەیرە رەسمی تیا نابیتەوە .

سەبارەت بە ریزلینان لە شاملووەک رادیکالیک و ئینساندوستیک ، هەستدەکەم لیرەدا قەلەمرەوی شیعر و ئەدەب، هیشتا بە نیگایەکی خورهەلاتی ژیر دەسەلاتیکی سەرکوتگەرەوە سەرنجدەدریت .



لە خورهەلاتدا بە گشتی و لە ئیراندا بە تایبەتی، شیعر و ئەدەب جیگای خالی رەخنەی سیاسی و کار و چالاکی سیاسی پرکردوتەوە. لە شوینی رابەرانی سیاسی و هەلسوراوانی بزووتنەوەکان کە بە نووسین و لە دلی هەر هەمان کومەلە چالاکییە مادییەکانی روژانەدا کاری سیاسی خویان دەبەنە پیشەوە و کومەلگا پولیندەکەن. شاعیر و ئەدیبیک دەبینینکە بە شیوەی سەربەخو دیفاع لە حەق دەکات و لە جیاتی ئەوان دانیشتووە .

شوینی خالی خوپیشاندان و مانگرتن و ریکخستن و دانی بەرنامە و پلاتفورمی جیاواز، بە شیعر و هیمای ئەدەبی هونەرمەندان پرکراوەتەوە. لە جیاتی ریکخستنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوان، بە خودی خویان و ریکخراوەکانیانەوە، بە خویان و رووخسارە ناسراوەکانیانەوە، بەیتیکی شیعری سەبارەت بە هاواری ژنیک لە خەیالی ئینساندا دەبینین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەوەیشی بخریتە سەر کە چون دواکەوتوویی لە شکلە هونەرییەکاندا ئامادەیی هەیە. لە ئەمریکا و ئیتالیادا فیلمساز گرنگە، (بەلام لەمرودا موسیقاژەن گرنگترە.) لە خورئاوادا شاعیری جەماوەری و ناسراو نییە. بەلام لە ئیراندا شاعیر بوون گرنگ بووە، (لە ئیستادا گەلیک کەمتر). بەلام ئەگەر بە شوین رادیکال و ئینساندوستەوە بن، ئەو کاتە شاعیر بوون، خەیات بوون، نانەوا بوون و گەلیک ناونیشانی تر لە لە ئینسانەکان بکەینەوە و با بەیەک چاوەوە سەرنجی هەموویان بدەین! ئایا بە بروای ئیوە حزبی کومونیست پشت بکاتە ئەو ریزە فراوانە بەرینەی ئینسانەکان کە لە کارنامەی خەباتیاندا سەبارەت بە ئازادی و بەرابەری زیاتر دەبینریت وەک ئەوەی لە بەیت و دیرە شیعرییەکاندا هەیە و پلە و پایەکانی ریزلینانی لە تیکوشانی ئینساندوستانە و رادیکالبوونی شاملودا بەرجەستە بکات؟ بەراستی ئەمە بە مانای هینانەخوارەوەی پیوەر و ستاندارتەکان نییە؟

ئایا شاملو چ کەموکورییەک و ریگرییەکی هەبوو کە نەیدەتوانی وەک من و تو و بە زمانی عادی و لە ژیانی روژانەدا و بە بی هیچ هیما و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لیکچوواندنیکی شیعرییانە، سالەهای سال دەربارەی ئازادی و بەرابەری ئینسانەکان قسە بکات، ئەندامی ریکخراویک بیت، شەربکات، شیعار بدا، خەلک وشیار بکاتەوە و بەر هەلستی بکات. شاملو ئەندامی هیچ بزووتنەوە و ریکخراویکی رادیکال و ئینساندوست نەبوو. لە بەرهەمەکانیدا سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی، مافی منال، بیمەی بیکاری، قەدەغەکردنی ئیعدام، لەناوبردنی کاری کریگرتە، سیستەمی نویی جیهان، گەمارۆی ئابووری لەسەر عیراق، مافی تاوانباران و چەندەها شتی تر نابیستریت و نەوتراوە. هات و هاواری قەلەمرەوی شیعر لە ناو دەستەبژیریکی بچووکی ئەدەبی ئیران و خوینەوارانی ئیراندا ناتوانیت و نابیت بوونەوەرانیکی سیاسی دابراو بو شاعیران و ئەدیبان دروست بکات کە لەویدا بنەما و پیوەرەکاتن شتی ترن. شاملو "نەْ"ی بە کوماری ئیسلامی ئیران وت، فەرەیدونی فەرەخزادیش، داریوشیش هەروەها. بەلام ئەوانە "نە ْ" ی شەخسی بوون کە هیچ کاتیک ریگای بو یەک بزووتنەوەی "نەْ" وتنی فراوان بە کوماری ئیسلامی ئیران خوش نەکرد. شاملو دەیتوانی ئەندامی رابەری حزبیکی سیاسی بیت و "نەْ"ەکەی پراکتیزە بکردایە، بو نەبوو؟ بەلام ئەگەر شاملو شاعیریکی کومونیست بوایە چی؟

بە بروای من دەبی ناودارانی کومونیست بەرززراگرین. ئەگەر شاملو شاعیریکی کومونیست بوایە، ئەگەر فیلمساز یان وەرزشکار و زانایەکی بەناوبانگ بوایە کە ناو و ناوبانگی دەبووە بەلگەی دەسەلاتگیری ئەم بزووتنەوە کومەلایەتییە، دەبوایە بەیاننامەمان دەربکردایە و گەورەمان رابگرتایە. بەلام شاملو ناسیونالیست و ئیران دوست بوو. بە کالبوونەوەی فەرهەنگی میللی لە نیوەندی ئیرانیانی دەرەوەی ولاتدا، بە ناشیرینترین شیوە جنیوی دەدا .

شاملو مەرگی کومونیزمی راگەیاندبوو. شاملو ئەدیبیکی باش و داهینەری بزووتنەوەی میللی و میللەتپەرستی ئیرانی بوو. هەمان بزووتنەوە بوی



هەیە بە ئازیزی خوی بزانی. بە راستی ئەوە چ میراتیکی ئەدەبییە کە ئەو دەرفەتە دەدات ببینە شەریکی تەواوی هیزەکانی ئوپوزسیونی ئیرانی و تەنانەت سەروکی خودی کوماری ئیسلامی ئیرانیش ئەگەر جورئەتی بکردایە و لە پەیوەند بە شاملووە قسەیەکی هەبوایە .

بەهەر شیوەیەک ئیمە وەک حزب لە پەیوەند بە مەرگی شاملووە بەیاننامەمان دەرنەکرد. چونکە بە پەیامی سیاسی و کومەلایەتی ئەوەوە نزیک نەبووین. ئەو جورە بەیاننامانە ئیمەی وەک ئەندامیکی بنەمالەی هیزە ترادیسیونییەکانی ئوپوزسیونی ئیران پیناسەدەکرد .

خوجیاکردنەوە لەم ترادیسیونە سیاسییە و دروستکردنی یەک بزووتنەوەی کومەلایەتی نوی و جیاواز، کە رەخنەی لە کومەلگا و ریگاچارەکانی بو کومەللە بناغەوە جیاوازی هەیە لەوەی کە تا ئەمروش بەستەری ئەسلی ئوپوزسیونە لە ئیراندا بە هەموو سیمبول و پەیکەرە ناودارەکانیانەوە،ئەمەکاری ئیمەیە. دەرچوون لە هەمان زەمینە سیاسییە ترادیسیونییەکان و پیکهینانی دابرانیک لەوەی کە وەک ناوکوییەکی ئەدەبی و فەرهەنگی چاوی لیدەکریت. بە دژی تەوژمەوە روشتن، پیشرەوی بزووتنەوەی ئیمەیە .

شاملو کەسیکی خوشناو و بەریز و ئینسانی بوو. کاری پروفیشیونالانەی خوی باش دەزانی. ئەم جورە ئینسانانە، دەولەمەندی بە کومەلگا دەبەخشن. لە دنیای ئیمەدا، داهینانی ئەم جورە کەسانە، سەد بەرابەر زیاتر بەرجەستە دەبیتەوە. بەلام شاملو ئەلگو و سیمبول و چرای سەر ریی بزووتنەوەی ئیمە نەبوو .

بەلام ئایا نەدەکرا بەیاننامە دەربکرایە و دیدگای ئوبژیکتیفی شاملو دەستنیشان بکرایە و ئەگەر رەخنەیەکیش هەبوایە بووترایە؟ وەکو حزب ئەم کارە دروست نەبوو. ئینسانیکی خوشناو لە دەست دەرچووە، حزبی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسی نابیت جیاوازییەکانی خوی هەر هەمان روژ رابگەینیت. بەلام وەک کەسانی ئەهلی ئەدەب، هاورییان دەیانتوانی ئەو کارەیان بکردایە، بە ئیمزای خویانەوە نووسینیان هەبوایە و کار و بەرهەمی شاملویان هەلسەنگاندایە. ئیستاش نەچووە بچی، دەبی ئەو کارە بکەن .

بە هەر حال ئەمە بوچوونی منە، پیخوشحالم بوچوونی هاورییان بزانم .

وەرگێرانی: بەکر ئەحمەد



# بزووتنەوەی سەلبی و ئیسپاتی

## دەقی قسەکان، لە کاسێتی سیمیناری کۆنگرەی سێهەمەوە - ئابی ٢٠٠

٠ هاورێیان! من پشتگیریم لەو بریارنامەیە کرد، کە دوێنێ حەمید دابووی و دواتریش دەنگم پێی دا. گرفتی من لەگەڵ هیچ یەکێک لەو خاڵانەی کە، حەمید گوتی نییە. پێموایە، لە نەریتی کلاسیکدا، لێکدانەوەی بار و دۆخی سیاسی، رۆڵی پارتەکان، خەباتی شۆرشگێرانە، خەباتی کۆمۆنیستی، راپەرین و ئامانجی کۆتایی، دروشمی ئیسپاتی، جێ دەگرن. ئەو شتەی کە من دەمەوێ لێرەدا بیلێم، لەگەڵ ئەم تێگەییشتنە جیاوازی هەیە، نەک هەر تەنها لەگەڵ قسەکانی حەمید جیاوازی هەیە، بەڵکە لەو بروایەدام، لەگەڵ ئەو تێگەییشتن و شێواز و نەریتەی کە هەر یەکە لە ئێمە لەسەر هەڵسورانی کۆمۆنیستی لە دەورەی شۆرشگێرنەدا هەمانە، جیاوازی هەبێت. من دەورەی شۆرشگێرانە لە دەورەی ناشۆرشگێرانە لەیەک جودا ئەکەمەوە. من گەرەکمە لێرەدا چەمکگەلێک تەرح بکەم کە، خودی خۆم تازە پێی گەییشتووم و هیچ پێ لەسەر ئەوەش داناگرم کە، کەسێک بێت قبووڵیان بکات. پێموایە، رادیۆکەمان لەسەر ئەو هێڵەی حەمید کار دەکات، بڵاوکراوەکانمان لەسەر ئەو هێڵ و ئەو تێروانینانەی کە حەمید تەرحیان ئەکات دەنووسێت. درکی هەر کادرێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بەو جۆرەیە کە حەمید راڤەی ئەکات و دروستیشە کە بیلێن. خاڵێک کە من دەیلێم، بە یەک وشە، جیاوازە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە ناکەم کە تەنانەت بیانکەمە بریارنامە، چونکە بەر لە هەر چتێک ئەوانە یەک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

میتۆدێکن. من پێموایە، باسی هەستی "بۆنکردن"ی ڕابەریی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستیی کرێکاری لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا مەترەحە. بە بڕوای من، دەورەی شۆڕشگێڕانە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دەورەی پێش خۆیی و لەگەڵ دەورەی پاش خۆی جیاوازە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی شۆڕشگێرانەیە، هەر بەو جۆرەی، کە چۆن مانۆر لەگەڵ جەنگدا جیاوازی هەیە. چونکە لە مانۆردا، بۆ نموونە، مەسەلەی ترس لە ئارادا نییە، بەڵان بۆ جەنگ، لە ئارادایە .جەنگ، مانۆڕێک نییە کە بە شێوەیەکی ناواقیعی بە ئەنجام بگەیەنرێت. جەنگ دیاردەیەکی نوێیە. با مانۆڕەکەتان بە هەر ئەندازەیەکیش بێت، جەنگ دیاردەیەکی نوێیە و قانونمەندی خۆی هەیە. لە مانۆردا، کاتێک ببینن فیشەکێک لە مادەیەکی ڕەنگ سوور تەقێنرا و بەر پای ئەفسەری فەرماندە کەوت، هەموو ڕاناکەن، بەڵکە ئەیبەن تیماری ئەکەن. بەڵام لە جەنگدا، ئەگەر فەرماندە فیشەکی بەرکەوێت، هەموو ڕائەکەن .

من بە پێچەوانەی تەواوی بزووتنەوە "دەبێت بۆچوونی ئیسپاتی بدرێت"، کە بیر دەکەمەوە هەر کۆمۆنیستێک بگریت دەڵێت، دەبێت ئاڵتەرناتیڤی ئیسپاتی بدرێت، لە دە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا، ئەگەر هەر کەسێک پرسیاری لە من کردبێت، ئاڵتەرناتیڤی ئیسپاتی ئێوە چییە؟ گوتوومە: نیمانە! ڕۆژی خۆی مەعلوم دەبێت، پێویست ناکات بیخەینە ڕوو، گرنگ نییە. ئاڵتەرناتیڤی ئیسپاتی کە بزووتنەوەی ئێمە ئەیخاتە ڕوو، ئاڵتەرناتیڤێکە کە، لە بەرنامەکەی، لە تیۆرەکەی، لە تیۆرە سۆسیالیستییەکەیی و لە ڕەخنەی خۆی لە کاپیتالیزم، خۆی بەرجەستە کردۆتەوە. دەورەی شۆڕشگێڕانە، دەورەی سەلبە. دەورەی نەریٚ(نەفی)یە. بڕوانن، شەریعەتی و موتەههەری ناتوانن ڕۆڵی خومەینی بگێڕن .خومەینی گوتی، نا، نا بۆ شاە. هیچ شتێکی زیاتری نەگوت، هیچ ئەلگۆیەکی نەدا، هیچ دروشمێکی ئیسپاتی نەدا و دواهەمین کەسێک بوو کە، خەڵکی قسەیان قبوڵ کرد" .شا"یان لە حاڵێکدا بڕێک لاواز بووە، قبوڵ نەکرد، شایان بە بەختیارەوە قبوڵ نەکرد، شایان بە



شەریف ئیمامییەوە قبوڵ نەکرد و بەردەوام وتیان و وتیان، نا بۆ شاە. لەسەر بناغەی ئەم بزووتنەوە سەلبییەی کە لە ساڵی ٧٩دا ڕوویدا، چوونە پشتی خومەینی، چونکە تەنها نیشانەیەکی گرنگی "نا" وتن بوو. من و ئێوەش لە کۆڵاندا ئەمانگوت، بە هێواشی ئەمانگوت نا، نا، بەڵام کەسێک گوێی لێ نەبوو. "نا"ی خومەینییان خستە نێو شەیپوورەوە و بۆ ئەنتێنەکانی دنیایان نارد و خومەینی بووە سیمبۆلی نا بۆ ڕژێمی پاشایەتیی، ئەوە گرنگ نەبوو لە ڕووی ئیسپاتییەوە چی دەڵێت، ڕێک وەهابوو کە، خەڵکی ئامادە بوون کە، قسە ئیسپاتییەکانی فەرامۆش بکەن، نەبیستن و درۆ لەگەڵ خۆیاندا بکەن. ئەیانزانی و ڕۆشن بوو کە، چ بۆگەناوێک لە ژێر ئەو مێزەرەدایە. بە بڕوای من، هیچ ژنێکی ئێرانی گومانی لەوەدا نەبوو کە، ئەگەر ئەم مرۆڤە بێت، باری خراپ دەبێت. هیچ ڕۆشنفکرێک، هیچ کارمەند و هیچ مامۆستایەک وا بیری نەکردەوە کە، ئێستا ئەوانە دێن، کۆمەڵگا ئازاد دەبێت و هەر هەموو، یەکی مێزەرێک دەخەینە بان سەرمان و دەچین لە پارکی شاردا پیاسە ئەکەین!! بەڵکوو ئەوانە وا بیریان دەکردەوە کە، ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، یەکەمین کارێک کە دەیکەن، چارشێو دەسەپێنن. من خۆم لە خۆپیشاندانی تاسوعا کە حەمید ئاماژەی پێ دا، لەگەڵ ژنەمامۆستایەکی زانکۆ، کە دروشمی، بژی کۆماری ئیسلامی ئەدا، کەوتینە قسە و پێم گوت: ئاخر ئەگەر ئەوانە بێنە سەرکار، ئەوا سبەی چارشێو ئەکەنە سەرت، گوتی: هەنووکە دەبێت شاە نەمێنێت .بزووتنەوەکەی خۆی بە سەلبی پێناسە دەکات و تا کۆتایی لەگەڵ نوێنەری سەلبیدا دەڕوات. ئەگەر کۆمەڵگا بڕیاری ئەوەی دابێت کە، سەلبییەکەی خۆی دوادوایی پاشایەتیە و پاشایەتی گەرە نەمێنێ، ئەو دەمە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەڕوات کە تا دواهەمین ڕۆژ دەڵێت، مردن بۆ پاشایەتی و لەگەڵ گرنگترین کەسێکدا دەڕوات، کە دەڵێت، مردن بۆ پاشایەتی. بەبڕوای من ئەوە هەڵەیە، شۆڕش لەسەر بنەمای دروشمی ئیسپاتی سازمان بدرێت و بە دروشمی ئیسپاتی ڕابەرایەتی بکرێت، هەڵەیە! ئایا بزووتنەوەی ئێمە دەبێت زۆر بە سەختی ئیسپاتی بێت، بە وردی بزانێت کە، ئەگەر بچوکترین چمکێکی دەسەڵاتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەگیرخست، چ یاسایەک دائەنێت؟ چ ئابورییەک دائەمەزرێنێت؟ چ ڕێکخستنێک ئەهێنێتە ئاراوە و چ فەرهەنگێک بە فەرمی ئەکات و هتد.؟ هەموو ئەمانە دەبێت بگوترێت، نالێم، نەیلێین، من هیچ خیلافێکم لەگەڵ بۆچوونەکەی حەمیددا نییە کە، دەبێت داوای کۆماری سۆسیالیستی بکرێت، دەبێت مەسەلەکان شرۆڤە بکرێن، دەبێت لەسەریان بنووسرێت، دەبێت خشتەبەندی بکرێت و هێڵ بکێشرێت، دەبێت دروشمە ئیسپاتییەکان بگوترێن، دۆخی گشت توێژەکان لەو دروشمانەدا بگوترێن، بەڵام بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە، ئەوانە بە دەرد ناخوات! ئەم لایەنە ئیسپاتییانە دەبێت بگوترێن، تا بزانن کە، ئێوە دەتوانن حکومەت بکەن، وەلێ ڕابەریکردنی شۆڕش، بە ڕاوەستاویت لەسەر بزووتنەوەی سەلبییەوە گرێی خواردووە و بەوەی کە تا کوێ دەتوانن، بزووتنەوەی سەلبی بۆ خۆتان بەکێش بکەن. ئەگەر کۆمەڵگای ئێران ئامادە نەبێت تا دروشمی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی "بڕوات، من و ئێوە ناتوانین بە زۆر و بە دروشمی ئیسپاتی بیان بەین. دەڵێت نایەم! هەر ئەو ئاغای خاتەمییە دەڵێت، زیدەڕەو! تێکدەر! ئاژاوەگێڕ! تۆ شەرم لە خۆت بکە! ڕێگامان نادەن کارێک بکەین. پەراوێز ئەکەوین و لەو گۆشەیەدا دەمێنینەوە. دەبینە یەکێک لە هێزە لاکەوتەکان. ئەگەر کۆمەڵگا دەیەوێت تا بەکۆتاییگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بڕوات، هونەری ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبێت ئەوە بێت کە، نوێنەرایەتی ئەو ئاڵا سەلبییە بکات. ئالێرەدایە کە، دروشمە ڕیشەییەکانی ئێمە وەکوو، "بەرابەری ڕەهای ژن و پیاو، بە بێ هیچ نەرمینواندنێک"، ئەو سەلبییەیە! من هیچ هەڵاواردنێک قبوڵ ناکەم! هیچ ئیسلامێک قبوڵ ناکەم! هیچ چارشێوێک قبوڵ ناکەم و هیچ هەژارییەک قبوڵ ناکەم! ئەمانە سەلبیبوونی بزووتنەوەکەی تۆن کە، کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک قبوڵیان ناکات. ئەمە خەسڵەتی سەلبیی بزووتنەوەکەی ئێمەیە کە، بوار دەکاتەوە، تا خەڵکی بێنە پێشەوە. خەڵکی هەموویان بەیەکەوە نابنە سۆسیالیست. بە دروشمی ئیسپاتی، سەوزەفرۆشەکان نابنە سۆسیالیست، بە دروشمی ئیسپاتی ئێمە، کارمەندان نابنە سۆسیالیست، بە دروشمی



ئیسپاتی ئێمە، ئەندازیاران نابنە سۆسیالیست، بە ئەگەرێکی زۆرترەوە، کرێکاران نابنە سۆسیالیست. بزووتنەوەی ئیسپاتی ئێمە، گەلێک لەو بزووتنەوەیەی کە دەتوانین بە شێوەی سەلبی ڕابەرایەتی بکەین و دەسەڵاتی پێ بەدەستبهێنین، بچوکترە. باسی من ئەمەیە، باسی هەژمونی لێرەدایە. کام بزووتنەوەی ئیسپاتی لە بزووتنەوەی سەلبیدا هەژمونی هەیە؟ کامە بزووتنەوەی ئیسپاتی؟ بزووتنەوەی ئایینی، بزووتنەوەیەکی ئیسپاتییە. دەزانێت چ خۆڵێک بە سەر کۆمەڵگادا بکات، ئەوە دیارە کە، پەڕاوی "حکومەتی ئیسلامی "لە لایەن خومەینییەوە نوسراوە. ئەبولحەسەن بەنی سەدر وتبووی کە، گەرەکێتی چ کارێک ئەنجام بدات. لە ئاغای شەریعەتی بپرسن، ئەو دەزانێت بۆ ئەم مەملەکەتە چی دەکەن. بزووتنەوەی ئیسپاتی ئیسلامی، باڵی کۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆنی میللی- ئیسلامی ئێران، کۆنەپەرسترین بەشێکی ئەوانە کە قسەی خۆی کردبوو، بنکاری حکومەتیشی نووسیبوو کە، لە ژێر سایەیدا، دارایی بۆ پشکی ئیمام دەگۆڕێت و ژن مافی دەنگدانی نییە و گشت ئەو مەسەلانە دەبنە بنەمای زیندەگی خەڵک. نەیانتوانی تەنانەت پیادەشی بکەن. ئاشکرایە کە پێیان نەکرا. ئەم بزووتنەوەیە چونکە ڕابەری خەباتی سەلبی جەماوەری خەڵک بوو، بە سەرکەوتن گەییشت، ئەگەر قسەی ئیسپاتی بگوتبایە، خەڵکی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە پێلەقەیەکیان تێ ئەسرەواندن. هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێن، ئیمام پیانۆ لێ ئەدات، هاوسەرەکەی ئۆپێرا دەخوێنێت و ئەبولحەسەن بەنی سەدر بە تەنها خۆی، مۆدێلێکی تازەی "فایتەرپلین"ی داهێناوە. دەڵێن، تەواوی فەلسەفەکارانی جیهانیان بۆڕ داوە، بەو ئەندازەیە ئەوانە پێشڕەوون! ئیتر بینیمان ... خەڵکی قبوڵیان کرد، باوەڕیان پێ کردن، خەڵکی بڕوایان کرد کە، ئەوانە کۆنەپەرست نین. خەڵکی بڕوایان کرد کە، ئەوانە ڕێگە ئەدەن قسەبکەن. خەڵکی نەفرەتی ئەوانەی دەزانێ، خەڵکی نەفرەتی ئەوانەی لە کۆمۆنیستەکان دەزانێ، تەنانەت لە شۆڕشی مەشروتەدا سەرانی ئەوانەیان لە سێدارە دا، بەو جۆرە، هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە پاشایەتی، لەو ساتە مێژووییە و تەیارکردنی سەرجەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سۆزی کۆمەڵگا لە دژی ڕژێمی شا، بەو ڕادەیە بەهێز بوو کە، خەڵکی لەگەڵ هەرکەسێکدا گوتی، نا بۆ شا، بڕوخێ. من بیر لەم یادەوەرییە ئەکەمەوە، دەبێت ئەم میتۆدۆلۆژییە لەبەردەم ئێمەدا بێت .

بڕوانن، بزووتنەوەی ئیسپاتی، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دەورەی شۆڕشگێڕانە، بزووتنەوەی ئاگاهگەری نییە، کە هەنووکە بهێنرێتە سەر شەقامەکان. ئاگاهگەری هیچ کاتێک ناکرێت بهێنرێتە سەر شەقامەکان. ئاگاهگەری هیچ کاتێک ناچێتە بەردەم سەربازگە، دروشمی ئیسپاتی ناچێتە بەردەم سەربازگە. سەرئەنجام، بە بڕوای من ئەوە هەڵەیە، ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بار و دۆخی فیعلی و ڕێک لەم دووڕێیانەدا، "نا بۆ کۆماری ئیسلامی"!،" نا بۆ ئیسلام!"، "نا بۆ چارشێو!'، بێت و بڵێت، ئێمە دێین و ٣٧ سەعات کار دائەنێین و کۆتایی ساڵ کرێی هەرکەسێک بەم شێوەیە حیساب ئەکەین و ئەی دەین. ئێوە گەرەکتانە چۆنچۆنی حکومەت بکەن؟ یەکێک لە ئەنتەرنێتەوە پرسیاری کردبوو، ئێوە ئامارێکمان پێ بدەن، پێمان بڵێن کە، خەرجی حکومەتەکەتان چەندەیە؟! ئامار نادەم! مەگەر خومەینی ئاماری بە ئێوە دابوو؟! مەگەر فرانکۆ لە ئیسپانیا، ئاماری بە کەسێک دابوو؟! ئەو شێخانەی تالیبان، ئاماریان دابوو؟! هاتن، زەبریان وەشاند و گرتیان، پاش ئەوە گوتیان کە، دەیانەوێت چی بکەن. بەو ڕادەیە ناسراو بوون کە، خەڵکی نەڵێن، ئەمانە لە ئاسمانەوە هاتوون. هەتا ئێستا لە ئاسمانەوە دێن و داوای ڕابەری ئەکەن. ماوەیەک لە پێش هەڵبژاردنەکانی پۆڵۆنیا بوو کە، لایەنێک لە ئەمریکاوە هاتبوو دەیویست ببێتە سەرەککۆمار. لە چیک گەرەکیان بوو، ئۆلبرایت بۆ سەرۆکایەتی کۆماری چیک کاندید بکەن، کە ئەم کەسە بۆخۆی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بوو. بە بڕوای من دەبێت، ئەوەندە ناسراو بن کە، بزانن ئێوە کێن و لە ژێر بنچک سەوز نەبووبن، بەڵام دەبێت ڕابەری بزووتنەوەی سەلبی کۆمەڵگا بن. دەبێت بزووتنەوەکەت بناسن و "نا"ی تۆ بڵێنەوە. من ئەمە دەڵێم، نەک ئەوەی جێگای "چی ئەکەین"ەکانە. لە بەرنامەی ڕادیۆدا ئەوەمان هەبوو کە،



ئەگەر دروشمەکان بخوێننەوە هەموویان سەلبین، ئەوە بۆچی خەڵکی دروشمی ئیسپاتی ناڵێنەوە، لە بری وتنی" مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"، ئەوە بڵێین کە، چ نیزامێک لە شوێن کۆماری ئیسلامی دائەمەزرێنن. ئەم کارە و ئەم شێوازە، ژەهرن، جەختی لەسەر ئەکەمەوە، ژەهرن! ئەگەر گەرەکتانە، خەڵکی خۆی لێتان بە دوور بگرێت، بڕۆن لە جێی، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەوە بڵێن کە، دەتانەوێ چی لە جێگەی کۆماری ئیسلامی دابنێن. ڕۆژی شۆڕش، ڕۆژی ڕاپەڕین، ڕۆژی پشێوی، دەبێت بڵێن، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی. بڵێن، "نا" بۆ ئەم ئاخوندە و "نا" بۆ ئەو ئاخوندە، هەڵبەتە نە بە شێوەی "ئەکسەرییەت"، نە بە شێوەی "دووی خورداد"یش. هیچیانم ناوێت، کۆماری ئیسلامیم ناوێت. چونکە خەڵکی نایانەوێت، ئەو دەمە، خەڵکی دەکەونە دووی ئێوە .

بە بۆچوونی خۆم، هەنووکە سەڵتەنەتتەڵەبان، نوێنەرایەتی بزووتنەوەی سەلبی ناکەن. گرفتی باڵی ڕاستی لایەنگری ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەوەیە، ئەوەندە جوامێر نین کە، بوەستن و بڵێن، کۆماری ئیسلامیمان گەرەک نییە، خاتەمیش دیسانەوە نا. داریوشی هومایون و هاوکاران و لایەنگرانی بە خاتەمی دەڵێن، بەڵێ. لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەیبەینەوە. لەبەر ئەوەیە، خەڵکی دەڵێن، ئەو ڕادیۆی ئەنتەرناسیۆناڵە زۆر چاک دەپەیڤێ. بە جێنشین دەڵێن، ئەوە چ دەور و دوکانێکە داتانناوە. ئەگەر دەتەوێ ڕادیۆیەکی پرۆ - خاتەمیت هەبێ، ئەوا هەبوو. ڕۆژنامەی پرۆ- خاتەمی کە هەیە، تکایە ئێوە لەبارەی سەرنگونییەوە قسە بکەن. خەڵکی تێلیفۆن بۆ ڕادیۆ ئەکەن و ئەوانەمان پێ دەڵێن. پێمان دەڵێن، ڕاست دەفەرموون، نیوەی خەڵکی پشتیوانی ئێوەن. بە هەرحاڵ، بە بڕوای من، میتۆدۆلۆژی و جێگانەکردنەوە بۆ دەورەی شۆڕشگێڕانە، شتێکی نوێیە. من دەمەوێ لەسەر ئەم میتۆدە بیر بکەمەوە و چاوەڕێی ئەوە ناکەم، کەسێک بە فیعلی پەسەندی بکات. من تەواوی باسەکەی هاوڕێ حەمیدی تەقوایی، تا ئەو جێگایەی کە، بزووتنەوەکەمان بە خەڵکی ئاشنا ئەکات، دەیخاتە نێو جەرگەی "چین"ەوە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەیکات بە بزووتنەوەیەکی سەرنجڕاکێش لە کۆمەڵگادا، پەسەندی ئەکەم، بەڵام لە میکانیزمی شۆڕش و لە دەورەی شۆڕشگێڕانە و لە دەورەی "نا" گوتنی خەڵکیدا، ئێمە دەبێت نوێنەری" نا" بین و هەر چەشنە تەقەلایەک بۆ "بەڵێ" گوتن، شرۆڤەکردنی شتی ئیسپاتی، بە بڕوای من، ئەو بزووتنەوە بەهێزە مەزنەی کە، دەکرێت بێتە پشتی ئێمە، پارچەپارچە ئەکات. ئەم باسە سازش نییە. مەرگ بۆ شا، سازش لەگەڵ کەسدا نەبوو. "نا بۆ کۆماری ئیسلامی"، سازش لەگەڵ کەسدا نییە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، دژی سازشە. مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ چارشێوی ئیسلامی و مەرگ بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی، سازش نییە. "بژی"یەکانیشمان دەڵێین، وەلی ئەگەر خەڵکی بژییەکانمان دەڵێنەوە، لە سۆنگەی ئەوەیە کە، لە زمانی ئەو هێزەوە دیتە دەرەوە کە، ئەو دروشمە سەلبییانە دا ئەدەن. ئەگەر هاتوو گوتیان، بژی کۆماری سۆسیالیستی، لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن، چونکە تاقە هێزێکی بە بایەخی سەرنگوونخواز، ئەمە دەڵێت. واتە لە هزری خەڵکیدا، دەبێت ئێمە ببینە ئەو هێزەی کە، دەتوانێت ڕژێمی ئیسلامی سەرنگوون بکات، ئەوجا دەتوانێت، بار و دۆخەکە ڕێکبخات، نەک بە پێچەوانەوە، یانی ئەوەی کە، ئێمە ڕژێمی ئیسلامی داگرینە خوارەوە و هێزێکی دیکەش بێت ئەوەی ئێمە بێنێتە خوارەوە. دەبێت خەڵکی ئەوەیان قبوڵ بێت کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕژێم دەڕوخێنێت و بۆ دەسەڵاتگرتن ئامادەیە. لە کۆنگرەشدا گوتم، بە باوەڕی من، کۆمەڵگا هەمیشە وا هەست ئەکات کە، لە نێوان چەپ و ڕاستدا هەڵبژێرەرە. چەپ چییە؟ ڕاست چییە؟ لە بار و دۆخێکدا کە خەڵکی هەژار و بێبەش هەست بەوە ئەکەن کە، پێویستییان بە ئاساییشە، هەست ئەکەن، پێویستییان بە خۆشگوزەرانی و ئازادی و بەرابەرییە، چەپەکان دێنە پێشەوە .کاتێک ڕاست دەیەوێت زەبر بوەشێنێت، دەڵێن، هەموو چتێک بە داهێنانی تاکەوە گرێی خواردووە، دەڵێن، کێ گوتویەتی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرپرسیارن لە خەڵکی، هەر کەسە با بۆخۆی بڕوات، نانی خۆی پەیدا بکات، کێ گوتویەتی، هەموو چتێک با خۆرایی بێت، مەگەر شار بێخاوەنە، لە بار و دۆخێکی وادا، ڕاست دێتە پێشەوە .



کۆمەڵگا لە نێوان چەپ و ڕاستدا، هەڵبژاردنی خۆی ئەکات، بەڵام لەسەر بنەمای قابیلی باوەڕبوون، لەسەر بنەمای قابیلی پایەداربوونی ئەو بزووتنەوەیە. ئایا ئەم ئاڵتەرناتیڤە پەسەندە، ئیمکانی هەیە، دەکرێت تەرح بکریت؟ من پێموانییە هیچ کەسێک لە ئەمریکا بڵێت، دەتوانین بزووتنەوەی ترۆتسکیستی لە هەمبەر کلینتۆن ڕاستکەینەوە. لایەنێک بە هەر ئەندازەیەک لە دەروونی ترۆتسکیستدا بێت، بەڵام ئازادە لەوەی کە بچێت دیموکرات و کۆماریخواز هەڵبسەنگێنێ و بیرێک لە حاڵی خۆی بکاتەوە. گرنگ ئەوەیە، کۆمەڵگا ئەوە قبوڵ بکات کە، کێ دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. کێ دەتوانێت زەبر بوەشێنێت، بڕوخێنێت و دواتر دەسەڵاتی خۆی بپارێزیت. ئەمە وەزیفەی ئێمەیە .

بەم پێیە، یەکەم دەبێ بڵێم، ئێمە گەرەکمانە زەبر بوەشێنین و بڕووخێنین، دووەم، نیشانی بدەین کە، دەتوانین حکومەتەکەمان بپارێزین .پرسیاری خەڵکی ئەوە نییە کە، چ پەیوەندگەلێکی خاوەندارێتی دائەمەزرێنین .دەڵێن، وەرامی ئەگەری دەخاڵەتی ئەمریکا چۆن ئەدەنەوە؟ وەرامی هەژاری چۆن ئەدەنەوە؟ پێش هەر شتێک دەپرسن، ئایا ڕێگەتان پێ ئەدەن حکومەت بکەن؟ لە کوێ هەیت؟ دەبێت خەڵکی ئەو دەمەی کە یەکدی دەبینن بڵێن، لە ماڵەکەی ئێمەدا هەن، لەگەڕەکەکەی ئێمەدا هەن، لە کۆڵانەکەی ئێمەدا هەن، لە قوتابخانەکەی ئێمەدا هەن و لە گشت جێگایەکدا هەن و بڕوانن، ئەوانە بە ڕاستی هێزیان هەیە. سەرئەنجام، بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵێک دروشمی ئیسپاتی بە شێوەی چەپکێک ئایدیاڵ و پەیڤگەلی دروست و ڕۆشن، ئەگەر ئەو دروشمانە ببەیتە نێو ماڵی خەڵکی، شتێکتان لێ قبوڵ ناکەن. دەبێت خەڵکی باوەڕ بەوە بهێنین و متمانە بەوە بکەن کە، ئێمە هێزێکین لە بارماندایە بوەشێنین و دەسەڵات لەدەست بگرین .

سەرئەنجام من وای بۆ دەچم کە، دەبێت هاوکێشەکان بە چەشنێکی دیکە ڕێک بخرێن :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١ .حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێت نوێنەری "نا"گوتن بە کۆماری ئیسلامی و هەر جۆرە چاکسازییەکی ئەو نیزامە بێت .

٢ .حیزب دەبێت نوێنەری "نا"گوتن بە هەر بەشێکی دیکەی میللی- ئیسلامی کۆماری ئیسلامی بێت، کە گەرەکی بێت، هەر توخمێک لەوانە بخاتە نێو سیستەمەکەی خۆیەوە .

پاشاییخوازان دەیانەویت بڕۆن پێنج نەفەر بهێنن، بۆ ئەوەی یاسای مەشروتەی پاشایەتی لە ڕوانگەی ئایینەوە هەموار بکەن، هیچ کاتێک نکۆڵییان لەم هەڵوێستەیان نەکردووە. هیچ کاتێک بڕیار وا نەبووە کە، مەشروتەی پاشایەتی لەگەل "ئایینی پاکی ئیسلام!" دژایەتییەکیان هەبێت. لەبەر ئەوەیە کە، لە حکومەتی ئاخوند ئەدات، لێ بە خودی ئاخوند، بە وانەگوتنەوەی ئیمام جومعەی تاران لە زانکۆی تاران کە لەگەڵ "شا"شدا حەشر و نەشری هەیە، مەسەلەیەکی نییە. مەشروتەی پاشایەتی نایەوێت ئەم لایەنە بکوتێت. کێ گوتویەتی ئەمانە، دەیانەوێت لە کاروباری هاوسەرێتی و جیابوونەوە، مافی یەکسان بە ژنان بدەن؟ کێ گوتویەتی ئەمانە، لەگەڵ ئازادی پەیوەندی جنسی گرفتێکیان نییە؟ کێ گوتویەتی پەیوەستەگییە ئایینی و ئایینزاییەکانی خەڵکی لە ناسنامەکانیان کوێر ئەکەنەوە و بە هیچ کلۆجێک ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەن کە، لە پەیوەست بە بیر و باوەڕی ئایینی تاکەکانەوە بپرسێتەوە؟ ئەمانە تێکڕا سەلبین. ئەمانە تێکڕا "نا"گوتنە بە دیاردەیەک کە لە بەرامبەر ئێمەدایە و ئەگەر ئێمە بتوانین نوێنەرایەتی بێزاری خەڵک لە ئیسلام بین، پاشاییخوازان شانسێکی زۆریان نییە. چونکە هەر بۆخۆیان دژی ئیسلام نین، هەر بۆخۆیان گەرەکیانە بێن و بڵێن، شمشێر هەردەم لەدەستی ئێمە و مزگەوت لە دەستی ئیسلامییەکاندا بێت، کە بەو هۆیەوە خەڵکی بچەپێنن. بێگومان ئێمە دەبێ لەسەر شەپۆلی دژی ئیسلامی، لەسەر شەپۆلی دژی پیاوسالاری و لەسەر شەپۆلی دژی سەرکوت کە لە ئارادان، بچینە پێشەوە. پاشاییخوازان



کە لایەنگری ئازادی بێ بەند و مەرج نین، یەکەمین کارێک کە پاشایەتیی مەشروتە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ ئەوەیە کە، بە شێوەیەک لە شێوەکان یاسای ١٣١٠ زیندوو بکاتەوە و سنوورێک بۆ سەندیکا ڕەسەن و نارەسەنەکان، مۆڵەتپێدراوەکان و مۆڵەتپێنەدراوەکان بکێشێت. بێگومان دەیانەوێت، خۆپیشاندانەکان بە بڕیارگەلێک بڕێک سنووردار بکەنەوە. بێگومان دەیانەوێت، یاسای سانسۆر دابنێن. سبەی ڕۆژ ئەمانە گشت دەڵێن، ناتوانن نەیڵێن. چونکە ئەمریکا لێیان قبوڵ ناکات و دەڵێت، دەبێت بتوانن بە جۆرێک بەرسڤی کۆمۆنیستەکان بدەنەوە کە، مادە و گەلاڵەیەک پەسەند بکەن !

من وای بۆ دەچم کە، ئەگەر میتۆدۆلۆژی دەورەی ئاگاهگەری و بزووتنەوەسازی دەیەوێت ببێتە ڕابەری شۆڕش، دەبێت هاوکات ئاڵوگۆڕ بەسەر میتۆد و شێوەڕوانینی خۆیدا بهێنێ، ئەبێ بچێتە پای سەلب. ئەمە خۆبەخۆ، نیشانەی هیچ جۆرە کاڵبوونەوەیەک لە سۆسیالیستبوون نییە. بەڵکوو نیشانەی ئەوەیە کە، ئەو کەسانە دەیانەوێت هەموو خەڵکی بخەنە دوای خۆیان، تەنانەت کاتێک کە دەزانن ناکرێت مرۆڤ بە سۆسیالیزم قانع بکەن. من بە چ جۆرێ کەسێک بە سۆسیالیزم قانع بکەم، لە کاتێکدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەودا نەیاتەوە! لە حاڵێکدا ئەگەر ئەمڕۆش گوتی بەڵێ، ئەوا سبەی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دەیەوێت لەگەڵ شەپۆلی "نا"گوتن بە کۆماری ئیسلامیدا بێت. سەرئەنجام، ئەم میتۆدۆلۆژییەی من جیاوازی هەیە. لەگەڵ تەواوی قسەکانی حەمیدم. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت کە، میتۆدۆلۆژی و تاکتیکی دیاریکراوی خۆمان، شێوازی دەخاڵەتی خۆمان لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا بسپێرین بەو قسە ڕاستە هەمیشەییەمان کە، دەبێت خەڵکی بزانن، ئێمە چی دەڵێین و بزانن لە جێی کۆماری ئیسلامی گەرەکمانە چی دابنێین، لەوەی کە، خەڵکی دەبێت بزانن و فراوانترین پڕوپاگەندە بکەینە بنکاری خۆمان، نکۆڵی ناکەم، کاتێک ڕادیۆکەشمان دروشمی ئیسپاتی ئەدات و ... هتد .نارەحەت نابم. بەڵام جیاوازی بەشێکی حیزب کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پڕوپاگەندە دەکات و هەمیشە تەبلیغات ئەکات و خۆی دەناسێنێت، لەگەڵ بەشێکی دیکە کە، ئەرکی ئەوەیە، ئەم بزووتنەوەیە لەم دوو ساڵە دیاریکراوەدا، بە سەرکەوتنێکی سیاسی و سەربازی بگەیەنێ، نابێت تێکەڵ بکرێت. ئەگەر ڕابەریی سیاسی بڕوات لە پێشی خەڵکەوە بوەستێت و بە شێوەیەکی ئیسپاتی تەرویج بۆ سۆسیالیزم و چۆنیەتی پیادەکردنی بکات، خەڵکی هەمان ئەو وەرامە بەو ڕابەرییە دەدەنەوە کە، بە بەرەی میللییان دایەوە کە، گەرەکی بوو، بە لەبەرگرتنەوەی یاسای بەلژیک، خەڵکی بخاتە پاڵ خۆی. خەڵکی دەبێ ئەوە بزانن، ئێمە هێزێکین، بەو بار و دۆخەی کە هەنووکە لە ئارادایە ناڕازین. ڕادیۆکانمان دەبێت بڵێن، گەلۆ لە مانە قبوڵ مەکەن! گەلۆ بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک، ڕێگە مەدەن کە، ئیسلام تێکەڵی ژیانتان بێت! گەلۆ بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک، ڕێگە بە دژایەتیکردنی ژنان مەدەن! ژنان، پیاوان، خەڵکینە! تۆزقاڵێک جەور و ستەم قبوڵ مەکەن، لە هیچ کەسێک قبوڵ مەکەن، بە هیچ شتێکی کەموکوڕ ڕازی مەبن ... و بە ڕێکوپێکی خەڵکی لە بزووتنەوەی سەلبی  ئاگادار بکەینەوە. ئەو دەمە لەو حاڵەدا، خەڵکی دەڵێن، دەی چاکە، ئەی چی دێتە شوێنی؟ ئەگەر خەڵکی ببینێت، ئێمە ڕادیۆمان هەیە، سوپامان هەیە و لە شاردراین، ئیتر ئاشکرایە و دەڵێن، ئەمانە شوێنی دەگرنەوە. یان ئەمانە دێن، یان حیزبی پەهلەوی، حیزبی پەهلەوی بۆ ئەو مەبەستە تازە دەبێت زەحمەتی بکێشێت .کەسێکی دیکە نییە. لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە، ئەو هێزەی کە، نوێنەری" نا"یە، دروشمی ئیسپاتیشیان لە لای ئەوان پەسەندە کە، دەکرێت زیندەگی لە گەڵدا بکەن، باشتر لەو دۆخەی کە لە ئارادایە. ئەو دەمە کۆماری سۆسیالیستی لای خەڵکی، دەبێتە گشت ئەو شتانەی کە حەزیان پێیە. کۆماری ئیسلامیش تا ماوەیەک بەو جۆرە کاری کرد. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە نەیگوت، من دێم لە ملی خەڵکی ئەدەم، بەڵکوو بە پەیماندان بە، چەسپاندنی دادپەروەریی ئیسلامیی موجاهیدین و شەریعەتیچییەکان هات. گوتیان بە صەڵەوات نان بە ماڵان ئەدەین، داهاتی فرۆشی نەوت دابەش ئەکەین و بە ئۆتۆمبیل مرۆڤەکان بە فڕگە دەگەیەنین!



بە ڕاستی ئاوهایان بە خەڵکی گوت. مرۆ باشرین جۆری زیندەوەرەکانی سروشتە کە، دەتوانێت کڵاو بکاتە سەر خۆی ... مرۆڤە، ئینسانە. هیچ غەریزەیەکی بۆ داکۆکیکردن لە خۆی نییە، دەتوانێت کڵاو لە سەر بکات، ئەگەر پێی وابێت، شتێک کە بە دوایدا ئەڕوات بە قازانجێتی، دەشێت خۆی هەڵداتە نێو ئاگرەوە. خەڵکی خۆیان بڕوا بە خۆیان ئەهێنن کە، ئەو خواستەی تۆ هەتە، ئەوان دەیانەوێت، ئەگەر هاتوو پێیان وا بوو، ئەو دیاردەیەی کە نایانەوێت، تۆ دەتوانیت بیخەیتە لاوە. ئەمە تەواوی مەسەلەکەیە، خەڵکی تێئەگەن، تۆ تەنها هەر خواستت نییە، بەڵکە توانای ئەوەشت هەیە. بە بڕوای من، گرفتێک کە ئێمە لە شۆڕشی داهاتوودا هەمانە، بێباوەڕی خەڵکە بە کۆمۆنیزم. بێباوەڕی بە کۆمۆنیزم نەک وەکوو ئایدیۆلۆژی، کە کەسانێکی زۆر و دوژمنانمان، لە دژی و لە میانەی داکۆکیکردن لە بازاڕی ئازاد، گوتویانە و پڕوپاگەندەی ئەوەیان کردووە کە، کۆمۆنیزم دوایی هات و ... هتد. مەبەستم لە بێباوەڕی بە کۆمۆنیزم، بە ناونیشانی یەک بزاڤ کە، ئایا دەتوانێت زەبر بوەشێنێت، دەسەڵات بگرێت و لێیدا بمێنێتەوە. ئەوەی کە ئێمە لە هزری خەڵکیدا، لە کەسایەتییگەلی جونیۆر و گچکەبەشداری سیاسەتەوە بە نەفەری ئەصڵی و سینیۆر لە مەیدانی سیاسەتدا دەگۆڕێت .

سەرئەنجام من لە بری دروشمگەلی ئیسپاتی و شیکردنەوەی ئیسپاتی و ئەندازەگیری و بودجەبەندی سۆسیالیزم، ڕابەرانی جۆراوجۆر و ناسراو پێشنیار ئەکەم. لە بری دروشمگەلی دەبێت چی بکەین، هێزی سەربازی بەهێز پێشنیار ئەکەم، لە بری گەلێک لە کارەکانی دی، ڕادیۆی بەهێز و چەند سەعاتە پێشنیار ئەکەم. تەلەڤیزیۆن پێشنیار ئەکەم. بەناوبانگبوونی هەرچی زیاتری حیزب پێشنیار ئەکەم. با خەڵکی تاووتوێی بکات. خەڵکی تاووتوێی ئەوە بکەن کە، ئەمانە دەتوانن حکومەت بکەن. بە بڕوای من بۆڵشەویکەکان جگە لەوەی، کۆتایی بە جەنگ ئەهێنن، هیچ شتێکی ئیسپاتییان نەگوت. خەڵکی جەنگی نەدەویست، بۆڵشەویکەکان گوتیان، ئێمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆتایی پێ دەهێنین. خەڵکی گوتیان تزاریشمان ناوێت، زۆر نەبوو ئەو ڕۆیشتبوو. خەڵکی دەیانەویست کۆتایی بە جەنگ بهێنن، گوتیان یەک هێزی دژی جەنگ لە کۆمەڵگادا هەیە و ئەوانەش ئەمانە، بۆلشەویکەکانن .

ئیتر، بە پێچەوانەی لێکدانەوەی دیموکراتەکان، بۆلشەویکەکان لە ڕوسیادا، خەڵکیان قانع نەکرد، کۆمەڵێک لەوان، ڕۆییشتن و حکومەتیان لەدەست گرت و ڕایانگەیاند کە، هەنووکە حکومەت بە دەستی ئێمەوەیە، چی دەڵێن؟ بە کورتییەکەی، پشتیوانی لەو مەسەلەیە ئەکەن کە، جەنگ کۆتایی پێ بهێنین و نان دابەش بکەین، یان نا؟ بڕۆ بڕیاری خۆت بدە! بە دڵنیاییەوە، ئەگەر خەڵکی بییان گوتبایە، نەء، گەرەکمان نییە لە تەک ئێوەدا بین، من وەک شەخسی خۆم، وای بۆ دەچم کە، بۆلشەویکەکان حکومەتیان تەسلیم ئەکرد .

بە هەر حاڵ، باسەکەی من ئەمەیە ... من دەڵێم، ئاراستەگیری(جهەت گیری (لە لایەنی ئیسپاتییەوە و بزووتن لە دەورەیەکدا کە، کۆمەڵگا گەرەکێتی بزووتنەوەی سەلبی تاقی بکاتەوە، بە نرخی لاکەوتەبوونی بزاڤی کۆمۆنیستی تەواو دەبێت. ئێوە دەبێت ڕابەری بزووتنەوەی سەلبی بن. دەبێت ڕابەری بزووتنەوەی سەلبی بن و بۆ ڕابەرایەتیکردن دەبێت، هێزێکی بەرچاوتان هەبێت و لێوەشاوەیی بەردەوامیدان بە زیندەگیتان هەبێت و لەو بارودۆخەدا بتوانن بمێننەوە و دەبێت بەڕاستی هێز بن. من ناکۆکییەکم لەگەڵ پرانسیپدا نییە و لەگەڵ ئەوەی کە، کۆمەڵگا پێویستە بزانێت، ئێمە چی دەڵێین، ئاڵترناتیڤی ئیسپاتی ئێمە ئەبێت چی بێت، قسەیەکم نییە .

سەرئەنجام، لە بەرامبەر باسگەلێک کە دێن، بەرنامە و تاکتیکەکانمان تەرح ئەکەن، هەروەها بە مەبەستی پروپاگەندەی باشتری بەرنامە و داخوازییەکانمان کە، کاری هەمیشەییمانە، سەرنجی زیاتر بۆ باسی حیزب و کۆمەڵگا بە دروست دەزانم. یانی، ئەوەی کە، حیزب بخەینە بەر چاوی خەڵک، لە ماڵان دەربارەی حیزب قسە بکەن، ئارمەکەی بناسن، دەنگمان



ببیستن، قسەمان ببیستن و بزانن لە هەر شارێک، ئەوە کەسە کێیە و چۆن پەیوەندییان بۆ دروست ئەکات .

* * *

## بەشی دووەم:

لە وەڵامی باسی دووەمی حەمیدی تەقواییدا، بە کورتییەکەی ئەڵێم: یەکێک لە هاوڕێیان، لە کاتی پشوودا، پێی گوتم، ئایا ئیتر واز لەو باسانە و لە تەبلیغی ئەو بەرنامانەی خۆمان کە بە سۆسیالیزمەوە پەیوەستن بهێنین ! بزووتنەوەی سەلبییە، ئیتر ئەگەر هەر کەسێک بپرسێت، بۆچوونی ئێوە چییە؟ وەڵامی ئەدەمەوە، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟! پێمواپە، ئەم کۆمەڵە شتە ڕۆشنە: ئێمە کێین، چیمان دەوێ، بە ناونیشانی یەک حیزب، تا چ ئەندازەیەک وێنا و دروشم و ئامانجەکانمان دەبەینە نێو کۆمەڵگاوە، تەنانەت چۆنیەتی پیادەکردنی ئەوانە لە کۆمەڵگادا. پرسیارەکە لەسەر شێوازی ڕابەریکردن و بەدەستهێنانی هەژمونییە لە بزووتنەوەیەکی سیاسیدا کە، لە دەورەیەکی دیاریکراو و لە وڵاتێکی دیاریکراودا دێتەکایەوە .سەرئەنجام، بە بڕوای من، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، دەبێت گشت ڕۆژە، دروشم و ئومێد و ئامانج و سیاسەتەکانی لە کۆمەڵگادا پەمپ بدات، تا بتوانێت وێنای خۆی بۆ کۆمەڵگا دەربخات. بەشێک لە مەسەلەی ناساندنی حیزب بە کۆمەڵگا ئەوەیە کە، ئامانجەکان چین و دەویستریێت چ سیستەمێک بۆ کۆمەڵگا بهێنرێت. باسەکەی من ئەمەیە، ئەگەر شیکردنەوەکەی خودی حەمید قبوڵ بکەین، ئەمە ئیتر کافی نییە. حەمید ئەڵێت، یەک بزووتنەوەی سەرنگوونی لە ئارادایە کە، چینەکان گەرەکیانە ڕابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن و هێدی هێدی بۆ بزووتنەوەیەکی گشتی دەگۆڕێت. خەڵکی، ڕۆحیان لە کۆماری ئیسلامی بە کونەلوتیان گەییشتووە و ئیدی ئەوانیان گەرەک نییە. تەواوی مەسەلەکە لەسەر یەک دەستەواژە دامەزراوە، دەڵێت، گەرەکیان نییە. کەسێک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەتوانێت ڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە لە ئەستۆ بگرێت کە، نوێنەری <u>گەرەکنەبوون</u> بێت و نوێنەری هەتاسەری بردنی ئەم گەرەکنەبوونە بێت . دەشێت کەسێک ئەم شیکردنەوەیە ڕەت بکاتەوە و بڵێت، خەڵکی شتگەلێکی لە حکومەت دەوێت و شتگەلێکی دیکەشی ناوێت، یان پێیان ڕازی دەبێت و سەرئەنجام، شانس بۆ هێزە ڕیفۆرمخوازەکانە. تەبەرزەدی و "ئۆفیسی تۆکمەکردنی یەکێتی"، بۆ نموونە، دەبێ هەروا بڵێن. یان موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی و ئەکسەرییەت، دەشێت هەر بەو جۆرە بن. بالانسی ئەمانە، جۆرێک لە چاکسازی ڕژێمی ئێستایە و ئاسۆی خۆیان بەم جۆرە دەوێت، لە بری قسەی خەڵک، بڕیار بدەن. بەڵام ئەگەر خەڵکی ڕژێمیان نەوێت، تەنانەت ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە، ئەو گەرەکنەبوونەی ئەوان، پلەیەک زیاتر بەرز بکەینەوە، ئەمە ئەرکی حیزبێکی شۆڕشگێڕە. ڕابەرایەتی بزووتنەوەی سەرنگوونی، بە دروشمی سەرنگوونی بەولاوە، بە هیچی دیکە بەدەست نایات. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە، ئەو ڕابەرییە نادەنە دەستی هەر هێزێک کە بڵێت، "من زیاتر دەڵێم، نا". دەبێت خەڵکی لە نێو ئەو هێزە سیاسییە کۆمەڵایەتییانەی لە ئارادان و دەزانن کێشێکیان لە کۆمەڵگادا هەیە، ڕووی خۆیان پیشانی ئەو هێزە بدەن و لە دەوری ئەو هێزە خڕ ببنەوە، کە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوە سەرنگونیخوازییە ئەکات. لە دوا ئەنجامدا، خەڵکی قسە و مرازی خۆی لە درووشمەکانی ئەو هێزەدا دەبینێتەوە. بڕوانن هەنووکە پاشاییخوازان مایکیان ئازاد کردووە، تا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری قسە بکات. هەنووکە تەقەلای ئەوە ئەکەن کە، جیاوازییەکانیان لەگەڵ ئێمەدا، بەلای خۆیانەوە، کەمڕەنگ تێی بڕوانن. لە بەردەم خۆیان وا دەنوێنن کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مۆدێرنە. ئەوانە ئیسلامییەکان دەرئەپەڕێنن. لەگەڵ ئەمریکا دەڕۆین و دەیگرین. لە لای ئێمە هەوڵ ئەدەن، چاوپۆشی لە دەستداماڵین، خاوەنداری سۆسیالیستی و هەڵوەشاندنەوەی کاری بە کرێ بکەن و وەک هێزێک کە، کۆماری ئیسلامی لاواز دەکات، چاومان لێ بکەن. ئێمە هەر کارێک بکەین، ئەم جۆرە هێزانە لێکدانەوەی خۆیانی لەسەر ئەکەن و بە خۆیان دەڵێن، نا .. ئەمانە



مەبەستیان داماڵینی خاوەنداریێتی نییە، هەر بەو جۆرەش دەڕواننە خۆیان کە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی تێکبشکێنن، چاو دەبڕنە هێزەکان تا بزانن، چ هێزێک لە هەمبەر هەڵوێستی هەڵوەشانەوەی خاوەنداریێتی ئێمەدا دابمەزرێنن. لە هەمان پرۆسەدا، بەشێک لەوانە تەنانەت هەوڵ ئەدەن کە، پێش بەم داخوازانەی حیزب بگرن. بە بڕوای من، گراییشە کۆمەڵایەتییەکان بێگومان، سوود لە حیزب وەردەگرن و گوشار دەخەنە سەر حیزب. باسەکەی من ئەوەیە کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەبلیغ ئەکات، تەرویج و سازماندەیی ئەکات، ئەمانە بە جێی خۆی و بەشێکی دانەبڕاوەن لە تیۆری و لە ڕوونکردنەوەی بەرنامە و لەو دروشمانەی کە خەڵکی بەوانە مەرامی خۆیانی تێدا دەناسنەوە. بەڵان لە یەک دەورە و لە یەک بڕگەدا کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە مەیدانی جەنگی دەسەڵاتدا جێ ئەگرێ، ئەو دەمە دەبێ بزانن چ قاییشمۆتۆڕێک تۆ لە دەسەڵات نزیک دەخاتەوە، نەک ئەوەی کە، چ قاییشمۆتۆڕێک تۆ دەناسێنێت. لەو ڕۆژانەی کە، دەبێت دەسەڵات لە چنگ بگرن، ناتوانن ڕاوەستن تا خۆتان بناسێنن. دەبێت دەسەڵات لە چنگ بگرن. لێرەدایە دەبێت بزانن، خەڵکی چۆنچۆنی ڕیگە بە ئێوە ئەدات کە، دەسەڵات بگرن و ڕوو لە ئێوە ئەکەن، هەروەها چی بکرێت، تا ڕوو لە ئێوە بکەن؟ لەم لایەنەوەیە کە دەڵێم، ئەگەر لە ڕادیۆ و تەبلیغاتمان بڵێین، دروشمی "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی" بە تەنها بەس نییە، بەڵکوو خەڵکی دەبێت دروشمگەلێکیش بدەن کە، بزانن چییان دەوێت! بە بڕوای من، ئێمە گەرەکمانە بەم جۆرە، خەڵکی گومڕا بکەین. مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی کافییە! ئایا لە ڕاستیدا، ئەگەر ببیستین کە، لەم زانکۆیە و لەو گەڕەکە، لەم کارخانەیە و لەو کارخانەیە، دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی بەرز بۆتەوە، ئیتر کافی نییە؟ دەبێت چی بڵێن؟ دەیانەویت دروشمی کێ بڵێنەوە؟ دروشمی داریوش هومایون؟ نا! دروشمی پارتگەلی دووی خوردادی؟ نا! دەیانەوێت دروشمی ئێمە بڵێنەوە. هەنووکە ئەوە هەر ئێمەین کە دەڵێین، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی. حەمید دەڵێت، ئەو دەمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوانە گشت دێن ئەم دروشمە دەڵێنەوە .باشە، تەواوی مەسەلەکە ئەمەیە، تەواوی مەسەلەی هەژمونیش ئەمەیە .

)لە نێو ئامادەبوواندا: موجاهیدینیش دەیڵێت (!

...موجاهیدین ناڵێت، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، دەڵێت، مەرگ بۆ حکومەتی ئاخوندی. هەر وەکوو باوە دەووترێت، لە زۆر مەسەلەدا، ئیسپاتی لە سەلبدا خۆی بەرجەستە ئەکات. ئەوەی کە ئێوە هەتا کوێ گەرەکتانە نەفی بکەنەوە، نیشانی ئەدات کە، گەرەکتانە ئاڵوگۆڕ لە چیدا بکەن. ئەوە ڕۆشنە کە، دەبێت بۆچوونی ئیسپاتی تۆ لە ژوور سەری کۆمەڵگادا بێت. من دەمەوێت بڵێم کە، دروشمی ڕۆژی جەنگ، ئەو دروشمە، ئایا "جەنگاوەرێک هەیە "دەخوازن و با بەرەو سەربازگەکان بڕۆین، زەبر بوەشێنن و بیگرن، نامانەوێت، ڕازی نابم، یان بۆ نموونە بڵێن، تەبەرزەدی نۆکەری بێدەسەڵات، لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە من ئاڵتەرناتیڤم گوتووە. دروشمەکان لەوەوە سەچاوە ئەگرن کە، ئەوانە دەیانەوێت سازش بکەن، بەڵام تۆ ناتەوێت، تەنها لەمەوە. یەکە یەکەی سیاسەتمەدارەکانی چینەکانی دیکە دەیانەوێت سازش بکەن، وەلێ تۆ ناتەوێت. یەکە یەکە لە پاراستنی ئەو دۆخەی کە لەو ڕۆژەدا هەیە، سودمەند ئەبن، وەلێ تۆ سودمەند نیت. ئەگەر خەڵکیش سودمەند نەبن و هەست بکەن کە، سودمەند نین، ئەوا بۆ لای تۆ دێن. یان دەبێت تۆ کارێک بکەیت کە، هەست بکەن سودمەند نین. بەم مانایە قبوڵی ئەکەم کە، هەر چەند بچینە پێشەوە، بار و دۆخەکە پشێوتر بێت، بڕی زیاتری ئەوەی کە، ئاڵتەرناتیڤ چییە دەبێت بیهێنینە گۆڕ. سەرئەنجام، خەڵکی دەبێت لە نێوان دوو هێز کە هەردووکیان لایەنگری سەرنگوونین هەڵبژاردنێک بکات. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێش ئەوەی کە، لە دروشمی ئیسپاتی تۆوە سەرچاوە بگرێ، لە هەڵبژاردنی نێوان چەپ و ڕاستی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و لەوەی کە، کام یەک لەو دووە شانسی مانەوەی هەیە. بە بڕوای من،



خەڵکی پاش ئەوەی کە ڕژێمیان ڕوخاند، دەچنەوە ماڵی خۆیان. چینی کرێکار ڕەنگە بییەوێت لە مەیداندا بمێنێ و کاری دیکە ئەنجام بدات، بەڵام بە بۆچوونی من، خەسڵەتی گشتی بزووتنەوەکە لەگەڵ سەرنگوونیدا کۆتایی دێت. خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی گەرەکیانە ئەوە ببینن، چ هێزێک دەتوانێت کۆتایی بەو گرفتارییانە بهێنێت و نۆرمێک دائەمەزرێنێت .ئەگەر چەپی کۆمەڵگا، چەپی لایەنگری ئەلبانی و پرۆ ڕوسی بێت کە، دەیەوێت وێنای خۆی لە کۆمەڵگای ئەلبانییەوە وەربگرێت، من لێتان قبوڵ ئەکەم و دەڵێم، نامانەوێت، تەنانەت ئەگەر زەبر بوەشێنێت و بیگرێت، هەمدیسان نامانەوێت. بەم مانایە، ئەوەی کە، چ وێنایەک لە کۆمەڵگا لەسەر تۆ هەیە، گرنگە. لێ ئەم وێنایە لە ڕادیکالیزەکردنی خەڵکیدا ڕۆڵێکی نییە، لە هەڵبژاردنی تۆ بە ناونیشانی ئاڵتەرناتیڤی ڕادیکاڵ ڕۆڵی هەیە. دەمەوێت جیاوازی ئەمانە باس بکەم. لە بزووتنەوەی سەرنگوونیدا، بۆپێشەوەڕاندنی ئاڵتەرناتیڤی ئێمە مانایەکی نییە. ئەگەر بزووتنەوەی سەرنگوونی پێشڕەوی کرد، بۆ قبوڵکردنی حکومەتەکەی تۆ، ئەوە گەلێک ڕۆڵی هەیە کە، تۆ کێیت، دەتەوێ چی بڵێیت و دەتەوێ چ کارێک بکەیت. بە بڕوای من، ئەگەر ئێمە لە خەمی شتگەلێکی دیکەدا بووینایە، دروستر کارمان دەکرد. لە بارەی مەسەلەی گوتنی ئەوەی، ئێمە کێین، لەسەر ئەو خاڵە چەقبگرین کە، ئێمە بە ناونیشانی لایەنێکی بەهێزی سیاسی کە، دەتوانێت حکومەت بکات، دەتوانێت ڕاپەڕین سازمان بدات، دەتوانێت لە گشت جێیەک حزوری هەبێت، بوونی هەیە و سەبارەت بەوانە، درۆ و زیادەڕەوی نەکراوە، بناسن. لە خودی هەمان کۆنگرەی سێدا، ژمارەیەک دەڵێن، ئەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە گەزافکاری ئەکات، لە گشت جێیەک نییە. دوو ساڵ لەمەوبەر دە بەرابەری ئەمانە لە بارەی ئێمەوە دەگوترا. پاشان دەبینی کە عەبدوڵلای دارابی و مەجیدی حوسێنی لە دەوروپشتی مەریوان پیاسە ئەکەن و قسە بۆ خەڵکی دەکەن. ئیدی ناتوانن وامان پێ بڵێن. خەڵکی کوردستان، با هەرچەندە دروشمی ئیسپاتیشمان بۆیان ڕوون کردبێتەوە، بەڵان ئەوان ئێستا زیاتر باوەڕمان پێ دەکەن، کاتێک کە، مەجیدی حوسێنی یەک مانگی ڕەبەق لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوچەکەدا دەسوڕێتەوە، چووە نێو شار و هاتە دەرەوە، تێکەڵی خەڵکی بوو، بەڵام ئەم حکومەتە زاتی نەکرد سۆراخی بکات .خەڵکی باوەڕ دەکەن کە، ئەمانە دەتوانن، ئەهلی کارن، هێزی ئەوەیان هەیە. تەنانەت بە بڕوای من، پڕوپاگەندەی ئەوەی کە، "ئەوانە پارە لە ئیسرائیل وەردەگرن!". بە قازانجی ئێمەیە. با بڵێن! ئیسرائیل کە ئامادە نییە، بێت کۆمەک بە دەستەیەکی چوارنەفەری بکات، ئەگەر قازانجی خۆی تێدا نەبینێ، بێگومان ئەبێ تاووتوێی ئەوەی کردبێت کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێزێکە، دەکرێت سەرمایەگوزاری پێوە بکرێت! با وا بڵێن! ئەوە ڕۆشنە کە، وەڵامی ئەوانە ئەدەینەوە. بەڵام ئەم خۆشباوەڕانە تێناگەن کە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە ناونیشانی هێزێکی سیاسی لە دەوڵەتێکی وەکوو ئیسرائیل کە، هەر دەوڵەت نییە و بە هیچ جۆرێک تەنانەت وەکوو ئەردەن نییە و بەڵکە دەبێت، پێشتر لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبێت کە، پارە بە کێ بدات، سەفتە سەفتە پارەی وەرگرتووە. وێنایەکی لەم جۆرە چووەتە نێو ماڵانەوە و سەرئەنجام، خەڵکی دەڵێن، ئەمانە دەتوانن دەسەڵات بگرن و بیپارێزن، تەنانەت ئەشێ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بە سازشێک بگەن، تا بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. ئەم وێنایە چووەتە نێو ماڵانەوە. ئایا ئێمە کۆمەڵێک لاوی ئاوانتۆریست و ئایدیالیست و ماگزیمالیستین، یان حیزبێکی سیاسی بەهێز و ڕادیکاڵ کە، زەبر دەوەشێنێت و دەسەڵات دەگرێت، دەتوانێت بمێنێتەوە و دەوڵەت دابمەزرێنێت، کشتوکاڵ دەخاتە ڕێ و ئابووری دەخاتەوە سەرپێک، قوتابخانە و نەخۆشخانە دەخاتە ڕێ؟ بە بڕوای من ئەم وێنایە گرنگە، تا ئەو شوێنەی قسەکانتان لە دروستکردنی ئەم وێنایەدا ڕۆڵی هەبێت، زۆر ڕاست و دروستە و تەنانەت لە سەرنگونیدا، دەبێت هەر درێژەی پێ بدەین .وەلێ جێگای ئەوەی کە، تۆ ئەرکتە توانایت، هاوئاهەنگیت، جەماوەرییبوونت، حزورت و لەبەردەستبوونت نیشان بدەیت، ناگرێتەوە. ئێمە کۆنگرەمان خستە بەردەست، تا خەڵکی بڕوامان پێ بکەن. هێزی سەربازیمان خستە بەردەست، تا خەڵکی بڕوامان پێ بکەن. ڕابەریمان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیمان خستە بەردەستی خەڵکی، تا



بڕوامان پێ بکەن. ئەم لایەنەیە کە، سەرباری باسەکانی ئێوە، گرنگە. "یەکێتی کۆمۆنیستی"یش لەوانەیە کە، ئاڵتەرناتیڤی ئیسپاتی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵان ناتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات .

وەرگێڕانی: سالار ڕەشید



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# وتاری ئیفتتاحیەی کونگرەی سییەمی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران

**(ئوکتوبەری ٢٠٠٠)**

لەسەرەتای کونگرەی پیشوو لەباسی ئیفتتاحیەدا باسی ئەوەمان کرد کە باروودوخ خەریکە دەگوریتو حیزب دەبی خوی ئامادە بکات. جیگاوریگای حیزبمان بە شەمەندەفەریک تەشبیە کرد (ئەوەبوو دواتر ئەم مەسەلەیە خویندنەوەی جوراوجورو سەرنج راکیشی بوکرا)، شەمەندەفەریک کە خەریکە ئەکەویتە ری، لەویستگە دەرئەچیتو زوری پیناچیت کە سەرنشینەکانی دیمەنی زور جیاوازیان دیتەبەرچاو کە هیچ ویکچوونیکیان لەگەلساتی کەوتنەریدا نییە. دیمەنەکان بەخیرایی ئەگورین. دوو سالأو چەند مانگیک لەمەوبەر وتمان حیزب بەئاراستەیەکدا دەروات کە ئالوگوریکی زوری بەسەردا بیتو بەئاسانی نەناسریتەوەو، دەوریکی بەتەواوی جیاوازو تازە پەیدا بکات. لەو کونگرەیەدا خوازیاری ئەوە بووین لەخومان کە پیبەپیی ئەم هەلومەرجە پرلەئالوگورە ئیمەش ئالوگورمان بەسەردا بیت. توخمیکی سەرەکی چوونەپیشی ئیمە ئالوگوری خومانە، دواتر دیینە سەر ئەوەی کە بوچی بوئەوەی لەبنەرەتدا بتوانین گورانکارییەک وەدی بینین دەبی لەپیشدا گورانکاری لەخوماندا پیکبهینین. دیینە سەر ئەوەی کە بوچی تەنها کومونیزمیکی دیکە دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بینیت. وە ئیمە هەمیشە خەریکین بەئاراستەی ئەم ئالوگور پیکهینانە لە خوماندا ملی ریگا دەگرینو ئەم کونگرانە لەو برگە میژووییانەن



کە تیایاندا ئیمە ئالای ئەم گورانکارییانە بەرز ئەکەینەوە، کە دەبی بەم ئاراستەیەدا بروینو دەبی بەم شیوەیە ریگامان بنەخشینینو کاروانەکەمان دریژە پیبدەین .

ئیمە لەکونگرەی پیشوودا پیشبینی ئەوەمان کرد کە هەلومەرج بەخیرایی ئالوگوری بەسەردا دیت، بەسەریدا هات، بەخیرایی گورا. ئەگەر بمانەویت ئەم دەورەیە بە سالی شتیک ناوبەرین، نەسالی خاتەمی بوو، نە سالی (دەفتەری تەحکیمی وەحدەت)، نە سالی دووەمی خورداد بوو، بەلکو سالی حیزبی کومونیستی کریکاری بوو. لە هەرکەسیک بپرسیت پیتان دەلیت کە رووداویکی تازە کە لەدنیای سیاسەتی دوو سالی رابردووی ئیراندا رووی دا، حیزبی کومونیستی کریکاری بوو. ئەم حیزبە لەسەر نەخشە (خەریتە)ی ئیران نەبوو، لەناو هاوکیشە سیاسییەکانی ئیران نەبوو، ئیستا هەیە. گرفتی وەلی فەقیە نەبوو، ئیستا هەیە، گرفتی وەزراەتی ئیتلاعات نەبوو، ئیستا هەیە، گرفتی روشنبیرانی مولەتپیدراوی ناو ئیران نەبوو، ئیستا هەیە. شتیکی تازە هاتە سەر هەموو هاوکیشەکانی پیشوو ، ئەویش حیزبی کومونیستی کریکارییە. لە کونگرەی پیشوودا وتمان ناوخوو دەرەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بوئەوەی تو لەئیراندا ببیتە بزووتنەوەیەک پیویست نییە ئەندامانی حیزب لەدەرەوەی ولاتەوە لەریگەی کومپانیاکانی گواستنەوەی ئاسمانییەوە بنیریتەوە بو ناو ئیران. هەرواش بوو. ئەمرو تەواجودی ناوخوی ئیرانی حیزبی کومونیستی کریکاری لە تەواجودی دەرەوەی ولاتی ئەم حیزبە گەورەتر، موعتەبەرترو مەترەح ترە. نەتەنها دەکری ئەمە بە ئامارو ئەرقام بسەلمینریت، بەلکو دەکری بچیتە ناو ساحەی سیاسی ئیرانەوەو سەیر بکەیتو بزانیت حیزبی کومونیستی کریکاری لەکوییە، دەکری لە کەسیکی سەرجادە بپرسیت لەکوییە، لە "ئوستانداری کوردستان" بپرسیت لەکوییە، لە سەرنووسەری فلانە روژنامەی دووەمی خوردادی بپرسیت لەکوییە، لەو خامەنائیییەی کاتیک دەچیت بو نویژی جومعە بپرسیت حیزبی کومونیستی کریکاری لەکوییە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وە ئەوان پیتان دەلین کە ئایا لەم دوو سالەدا بەراستی دیمەنەکان گوراون یان نا. حیزبی کومونیستی کریکاری کە دوو سالأو چەند مانگ لەمەوبەر دەیگووت "ئیمە حیزبیکی دەرەوەی ولاتیینو ئیستا کومەلە ئەرکیکی تازەمان کەوتوتە ئەستو، بارودوخ لەئیراندا خەریکە دەگوریتو ئیمە دەبی خومان ئامادە بکەین بوئەوەی ببینە حیزبیکی کومەلایەتی لەسەر ئاستی ئیراندا"، ئیستا دەتوانی ئاوربداتەوەو بلیت ئیمە حیزبیکین لە ئیراندا، حیزبیکی ناسراو، بەنفوزو بە ئەندامانیکی زورەوە. وە ئەمە بریاری کونگرەی پیشوو بوو کە دەبی حیزبیکی لەم چەشنە دروست بکەین .

هەروەک وتم ئەو دیمەنانە بەتەواوی گوران، پرسیاریک ئەگەر هەبیت ئەوەیە کە ئایا ئیمەش پیەپیی ئەوان گوراوین؟ وە بەبروای من ئەم کونگرەیە هیشتا بەمانایەک لەسەر خومانە. لەسەر خومانەو لەسەر ئەوەیە کە ئایا دەتوانین ئەوەندە بگوریین کە ئەو دەورەی لیمان چاوەروان دەکریت بیگرینە ئەستو؟ ئیتر ریگای گەرانەوە لە حیزبی کومونیستی کریکاری گیراوە، ئەم حیزبە ئیتر بەهیچ جوریک ناکریت بگیردریتەوە بو ئەو قالبە بیتواناو تەریکو بیکاریگەرییەی کە چەپ لە چەندین دەیەی یەک لەدوای یەکدا لە ئیران هەیبووە. ئەم حیزبە ئەگەر منو ئیوەش وازی لیبینین، لە تارانو ئەسفەهانو عەبادانو رشتو تەبریز کەسانیک کە ئیمە تەنها قسەکانی خومانمان بویان کردووە، لقەکانی ئەکەنەوە، تەنانەت چاوەروانی ئیمەش نابن. حیزبی کومونیستی کریکاری تەنانەت ئەگەر منو ئیوەش بریار بدەین داییخەین، لە هەراوهوریاکانی ئایندەی ئیراندا پیکدیت. ریگای گەرانەوە لە حیزبی کومونیستی کریکاری گیراوە، ئەم حیزبە تەنها دەبی بوپیشەوە بروات. وە بوئەوەی بو پیشەوە بروات، پیویستە کەسانیک کە لەم کونگرەیەدا کوبوونەتەوە دیدیکی تازەو، تیروانینیکی تازەیان بو خویانو ئەرکەکانیان هەبیت. وە ئەگەر ئەم کونگرەیە بتوانیت جاریکی دیکە ئەم دیدە تازەیە بخاتە رووو تەنانەت پالیکی دیکە بەئیمەوە بنیتو ئیمە بخاتە سەر ئەو ریچکەیەی کە دەبی پییا بروین، بەبروای من کونگرەیەکی



سەرکەوتوو دەبیت، تەنانەت ئەگەر ژمارەی بریارنامەکانمان لە دوو روژی ئایندەدا لە سی چواریکیش زیاتر نەبیت .

هەروەک پیشتریش وتم قسە لەسەر خودی ئیمەو ئەو گورانکارییانەیە کە ئیمە وەکو حیزبیکی سیاسی بەسەر خومانیدا دینین. ئیوە سەیر کەن، هەمیشە لە هەموو جیگایەک کومونیزم وەکو رزگارییبەخشی جیهان، رزگارییبەخشی خەلک پیناسە دەکەین. وەکو ماموستای چینی کریکار، وەکو ماموستای کومەلگا کە بیروباوەری نوی دەبات، روشنگەرە، حیزبیک کە رزگارییبەخشە، ئازادییبەخشە. لەکاتیکدا، لانی کەم لەم بیستو پینج شەش سالەی کە ئیمەمانان چالاک بووینە (هەندیکمان زورتر)، لەوە حالی بووینو دواتر بەسەیرکردنی دنیای "سوسیالیزم"و بزووتنەوەی جیهانیی "کومونیزم" دلنیا بووین، کە راستییەکەی یەکەمین کاریک کە دەبی بکریت ئەوەیە کە خودی ئەم رزگارکەرە دەبی ئازاد بکریت. ئەگەر دەبی کەسیک ئازاد بکریت، یەکەمین کەس خودی ئازادکەرە، ئەگەر دەبی کەسیک فیر بکریت، یەکەم کەس خودی ئەم ماموستایەیە. ئەم بزووتنەوەیە بە قیافەیەکەوە کە لە سالی ١٩٧٨دا هەیبوو، ناتوانی بەشوینیک بگاتو بەو قیافەیەوە ناتوانی شتیک بگوریت. لەگوشەو کەناری کومەلگادا کەوتووە، کاریگەریی نییە، لەپەراویزدایە، لەدەرەوەی خوی بریاری بو ئەدەن، چارەنووسی دیاری ئەکەنو هەموو جاریک لە برگە میژووییەکاندا دەیکەنە قوربانی. چەپیک کە بییەویت رزگار بکات، ئازاد بکات، خەلک فیر بکات، روشنگەر بیت، سەرەتا دەبیت خوی رزگاری بیت، ئازاد ببیت، روشن ببیتەوەو فیر ببیت. وە ئەمە ئەو پروسەیەیە کە ئیمە لە بیستو چەند سالەمەوبەرەوە دەستمان پییکردووە. کاتیک ئەمرو لە کوتایی ئەم پروسەیەدا، دەروانینە رابردووی ئەم رەوتەی خومان کە لە روژیخویدا رەوتیکی پرپیکدادانو پرهەراوهوریای مانەوەو خەباتو هەلسوورانو بلاوبوونەوەو تەقەلا بوو، چەند ئەلگویەکی تیادا دەبینین. دەبینین کە چون جورە کومونیزمیکی دیاریکراو لەئیران پەیدا دەبیت، خوی پیناسە دەکاتو دیسانەوە پیناسەی خوی تازەدەکاتەوە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قەیدوبەندی ئەو میراتە دەستوپیگیرەی کە پەیوەندی بەکومونیزمەوە نییە، بەلکو بەرهەمی تەحریفی کومونیزمو شکستی کومونیزمە لەدەستو پیی خوی دەکاتەوە، جوریک سوسیالیزمی جیاواز دروست دەکات بوئەوەی تازە بتوانی بروات دنیا رزگار بکات. بوئەوەی بتوانی بروات کەسیک روشن بکاتەوە. بوئەوەی بتوانی بروات شتیک بگوریت. ئیمە هیشتا لەناوەراستی ئەو ریگایەداین. حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی وریا بیتو ئەو ریگایە بەهوشیارییەوە دریژە پیبدات، ریگایەک کە لە کومونیزمیکی لاکەوتووی، ناکومونیستی، ناکریکاری، ناچالاک، ناپراتیکی، ناکومەلایەتییەوە ببیتە کومونیزمیکی کریکاری کومەلایەتی دەخالەتگەر لە چارەنووسی کومەلگادا کە تواناو پەروشیی ئەوەی هەیە کە دەسەلات بگریتو ژیانی خەلک بگوریت .هەموو داستانی ئیمە لەسەر گورینی ژیانی خەلکە. هیچ شتیک جگە لە گورینی ژیانی ئینسانی سەردەمی خومان، فەلسەی کومونیزم پیکناهینی. کومونیزم نە تیورییە، نە تیزو نە کەوتنەشوینی دیالەکتیکو فەلسەفەی ماتریالزم. بەلکو هەولی ئینسانەکانی هەر سەردەمیکە بوئەوەی دنیای خویان بگورن، بەوجورە کە فەلسەفەو تیوریو هەموو شتیک بویانی روشن کردوتەوە. بوئەوەی یەکسان بنو ئازاد بن. کومونیزمیک کەنەیەویت ئەم کارەبکات، ئایندەیەکی نابیت . وەکومونیزمیک کە بییەویت ئەمە بکات، سەرەتا دەبی بزانیت کە چون دەتوانی شان بداتە بەر ئەم کارە. چ شتیک ریگرە لەبەردەم بەهیزبوونیدا، چ شتیک ریگرە لەبەردەم بەتوانا بوونو سەرکەوتنیدا. ئەم وشانە هەموویان لە قامووسی ئەو کومونیزمەدا کفر بوون. "دەسەلات"، "سەرکەوتن"، "بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی کومەلگا"، بریار بوو کومونیستەکان ئەم کارانە نەکەن! بریار بوو کومونیستەکان برون کتیب بنووسن، ئەندیشە بدەنو دواتر سیاسەت بسپیرنە دەستی حیزبیلیکی دیکە کە بەروالەت دەیانەویت "دیموکراسی "بیننو هیچ کاتیکیش نایهینن، بو نەوەتو نو لەسەدی خەلکی هیچ کاتیک نایهینن .کومونیستەکانیان وەکو رەوتیک پیناسە کردووە کە دەبی لەپەراویزی کومەلگاوە قسە بکات، وەکو نمایشگا (مەعرەز)یک کە



دەبی ئەویش لەنیودا بیت، نەبوونی خراپە، بەلام نابی خوی لە چارەنووسی کومەلگاو لەچارەنووسی دەسەلاتدا هەلبقورتینی. بەجوریک کە کاتیک ئیمە قسەمان لە دەسەلات کرد، کەسانیکی زور راچلەکین. کاتیک من دوو ساللەمەوبەر بە روژنامەیەکی ئەلمانیم گوت، بە پینج لەسەدی کومەلگاوە کە دەکاتە سی ملیون کەس ئیمە دەسەلات ئەگرین، سەلتەنەت تەلەبەکان نەیانوت نابیت، ئەمریکا نەیوت نابیت، ئەوە چەپەکان بوون کە گوتیان نابیت. بە سی ملیون کەس دەتەویت دەسەلات بگریت؟ !من ئیستا دەمەوی ئەم ژمارەیە کەمتر بکەمەوە (پیکەنینو چەپلەی ئامادەبووان). بەبروای من بە دوو ملیون، بە یەک ملیونیش دەکریت. بوچی ناکریت؟ دەبی بکریت. من بیستوومە کە ئەو حکومەتانەی هەلبژیردراوی دەستی خەلکن ناکریت بەهیزی کەمایەتییەک بروخینریت، بەلام بوچی ناکریت حکومەتە سەرکوتگەرە بیپەردەکان بە کەمایەتییەک بروخینریت؟ ئەم قسەیە لەکویوە هاتووە؟ بوچی ناکریت ئاپارتاید بە کەمایەتییەکی خەباتکار بروخینریت؟ بوچی ناکریت ئەلمانیای داگیرکەر بە کومەکی کەمایەتییەکی خەباتکاری چەکدار لە ولاتی فەرەنسا بکریتە دەرەوە؟ بوچی ناکریت رژیمیکی ئاخوندیی لە مەملەکەتیکدا بەکومەکی کەمایەتییەک بروخینریت؟ من بیستوومە حکومەتی پەرلەمانیی دیموکراتیک ناکری بەهیزی کەمایەتی بروخینریت، بەلی، بەلام ئەگەر حکومەت بەراستی پەرلەمانیو دیموکراتیک بیت ئەوکاتە ئیمە دەنگی زوربە بەدەستدینین. بەلام کاتیک حکومەتی جیگای باس خوی نوینەری کەمایەتییەکی کەمو سومبلی دواکەوتوویو کونەپەرستییەو بەزوی چەک خوی راگرتووە، ئەگەر بە دوو کەسیش بکریت بروخینریت دەبی بروخینریت. بەلام چەپیک کە ئیمە خەرکین خومانی لی جیائەکەینەوە، نایەوی کاریک بکات، دەیەوی لەگەلهاوریکەی خویدا زیکرو حالبکات. ئەم باسەی قبوولنییە کە حیزبیکی کومونیستی بییەویت سەرەنجام لە برگەیەکی دیاریکراودا دەسەلات بگریت . بەدەستهینانی دسەلات مەسەلەیەکی پراتیکیو بابەتیانەیە. دەسەلات بەشیوەیەکی گشتی ناگرن، روژیکی چوارشەممە لە مانگیکی دیاریکراودا، لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەشوهەوایەکی ئاسمانیی دیاریکراودا، ژمارەیەکی دیاریکراو هەلئەسن ئەچن دەسەلات ئەگرن. ئەگەر بریار بیت دەسەلات هەمیشە فەسلی ئەخیری کتیبە علمییەکەی ئیمە بیت، هیچ کاتیک پیی ناگەین. دەبی روژیک دیاری بکەین کە بتوانین لەو روژەدا دەسەلات بگرین. وە ئەو روژە بو حیزبی کومونیستی کریکاری یەکیکە لەو روژانەی کە لە یەکسال، یەکسالأو نیو، یان دوو سالی ئایندەدا رەنگە بیتە پیشەوەو ئەگەر ئیمە دەسەلات نەگرین، ئاوا نییە کە خەیالبکەینو بلیین دەسەلاتمان نەگرتووە بەلام "سبەینی بوی دیینەوە .سبەینی ئیتر ناگەرییینەوە، کومونیزمی شکستی خواردوو دەکوتنو وردوخاشی دەکەن .کومونیزمی شکستخواردوو لیبرالیزمی شکست خواردوو نییە کە بڕواتە مالەوەو روژنامەکەی دەربکات. کومونیزمیشکست خواردوو وەها دەکوتن کە بو (٣٠ (سالبکەویتە لاوە. دەرفەتیکی میژوویی لەبەردەم کونگرەو لەبەردەم حیزبی کومونیستی کریکاری دایە کە بروات دەوری خوی بگیریت، وە ئەگەر ئەم کونگرەیە بتوانی بلیت دەیەوی چی دەوریک بگیریت وە چون دەبی بیگیریتو سەرەنجام بەئیمە بلیت کەدەبی چ شتیک لەخوماندا بگورین بوئەوەی بگەینە ئەوی، کونگرەیەکی سەرکەوتوو دەبیت .

ریگایەک کە ئیمە گرتوومانەتە بەر، رەوتیکی پیکهاتن کە لە بیستو چەند ساللەمەوبەرەوە گرتوومانەتە بەر، لە گروپیکی فشار هینەرەوە (تەنانەت گروپی فشارهینەریش وشەیەکی قەبەیە. راستییەکەی ئەوەیە کە لەئاستی سیاسیدا کەسیک هەستی بە گوشاری ئیمە نەئەکرد). لە کورو کومەلی فکري-تەبلیغیی کومونیستییەوە بو حیزبیکی سیاسی پروسەیەکە کە دەبی هوشیارانە بەئەنجامی بگەیەنین. کەسانیک وا بیر ئەکەنەوە کە پەرینەوە لە تیورییەوە بو سیاسەت، هەرەسهینانە. گوایا هەرچی تو لە قەلەمرەوی پاکوبیگەردی تیوری دوور بکەویتەوەو لە کردار نزیک ببیتەوە خەریکیت نوشست دینیت: "فلانە کەس پیشتر ئەناتومی لیبرالیزمی چەپی دەنووسی، کەچی ئیستا تەنها قسە لە سەرنگونی دەکات!". ئەمە لە قاموسی ئەواندا بە



داکشان دەژمیردریت نەک پیشرەوی. هەنگاویک لەولاتری ئەوانەوە ئەگەر ئەو ئەناتومی لیبرالیزمی چەپەش نەنووسیو لەجیاتی ئەمە تەنها شیعر بلییت تەنانەت ئینسانیکی گرنگتریشی! لەراستیدا لەو فەرهەنگی روشنفکرییو ئەلیتیستییەی کە نیازی گورینی کومەلگای نییە، بەواقعی تەنانەت نیازی لیکدانەوەیشی نییە. فیکر هەمیشە لە کردەوە گرنگترە، بزووتنەوەی فیکری هەمیشە پلەیەک لەسەرووی بزووتنەوەی عەمەلییەوەیەو کوروکومەلی فیکری هەمیشە دەتوانی پوز بەسەر حیزبی سیاسیدا لیبدا. بو ئیمە وانییە. حەرەکەت کردن لە ئەندیشە کومونیستییەکانەوە بو بزووتنەوەیەکی زەمینیومەلموسی سیاسی کە بتوانی دەست ببات بو ئەو کومەلگا دیاریکراوە، بە ئابوورییەکەیەوە، بە سیاسەتەکەیەوە، بە پولیسەکەیەوە، بە ئاخوندو مەلاکانییەوە، بە نەزانییەکەیەوە، بە وەزعی فیرکردنو پەروەردەو تەغزیەی فیکریی خەلکییەوەو...تاد، وە بییەویت هەمووی بگوریت، حەرەکەتیکی روو لە هەلکشانە. ئەگەر فیکر نەیەویت ببیتە کردەوە بەبروای من پولیک ناکات. لەگەلخاوەنەکەیدا دەمریت. بەم پییە حەرەکەتیک کە ئیمە تائیرەمان هیناوە لە کوروکومەلی روشنگەریی کومونیستییەوە کە رەخنەی خوی لە کومەلگا، لە کومونیزمی هاوچەرخی خویو لە ئیستنتاجە خەلەتەکان بەیان دەکات، بوحیزبیکی سیاسی کە دەیەویت دەست بوئەوە ببات کە شتیک بگوریت، گەشەسەندنو هەلکشانی بزووتنەوەکەیە. هاورییان وشەی "حیزبی سیاسی "وشەیەکی میحوەرییە .

هاورییان! ئیمە دەمانەویت حیزبیکی سیاسی پیکبهینین، باوەر بکەن کە هیشتا پیکمان نەهیناوە، خەریکین پیکی ئەهینین. ئیوە سەیرکەن، بیستو چەند ساللەمەوبەر منی کومونیستی بیستوحەوت بیستوهەشت سالە کە دەمەویست چالاکی بکەم، دەبووایە بچوومایە بەشوین عیباراتە عەجیبو غەریبەکانی چەپی ئەو زەمانەدا کە لە هیچ جادەو کولانو کارگەیەکدا نەبووو، تەنها لە کوروکومەلە چریکی (پارتیزاني) (کە تازە ببوونە ناچریکي) یەکانی خویاندا هەبوو بەشوین هەندی وشەی میحوەریدا بگەریم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تابزانم چی ئەلی. سەبارەت بە" ریفیژینزم" چی ئەلی؟ سەبارەت بە "بورژوازی نەتەوەییو نانەتەوەیی" چی ئەلی؟ وە ئەم رەمزو وەلامانە سەیر بکەمو بزانم ئەتوانم لەگەلیاندا کار بکەم یان نا. وە هەلبەتە ئەوان هیچ کاریکیان لە من نەئەویست تەنها ئەوە نەبیت کە وەکو ئەوان قسە بکەم. ئەمرو کەسیک کە لەئیران لە وەزعی ژیانی نارازییە، کریکاریک کە دەلیت ئەمە شایانی من نییە، کومەلگا نابی ئاوا بیت، لاویک کە دەلیت بوچی لە هەموو جیهاندا من دەبی لەم بەدبەختییە بژیم؟ من جیاوازیم چییە لەگەلخەلکی فەرەنساندا؟ ژنیک کە دەلیت ئەمە چ بەشیکە کە بەبالای منیان بریووە، ئەمانە دەبی بتوانن برون پەیوەندی بەشوینیکەوە بکەن، ریکخراو ببن، یەکبگرنو لە سبەینیوە خەباتیان دەست پیبکەن، لە سبەینیوە تەبلیغ بکەن، هەرا ساز بکەن، ریپیوان بکەن، مانگرتن بکەن، راپەرین بکەن. ئەگەر من سالی ٥٧ (١٩٧٨-١٩٧٩ی زاینی) ریکخراویکم بناسیایە کە بکرایە لەگەلیدا بیتو ئەم کارانە بکەیت، ئیستا لیرە نەئەبووم. منو ئیوە ئەگەر لە سالی ٥٧و ٥٨دا لەجیاتی پەیوەستبوون بەو کورو دەستە فیکری سیاسیو ریکخراوە چەپییانەی کە قسەیان لەسەر خویان ئەکردو بیریان لەخویان ئەکردەوە، حیزبیکی سیاسی کومونیستی رادیکالمان لە ساحەی کومەلگادا بینیبایە کە بکرایە پیوەی پەیوەستبین، ئیمە ئەو کاتە بەشداریمان دەکرد لەشورشداو ئەوکاتە خومەینی نەدەهاتو ئەوکاتە خامەنائییەک نەبوو وە ئەوکاتە سەد هەزار ئیعدام نەبوو، ئەوکاتە نەوەیەک لە ژنانی ئەم مەملەکەتە وەکو هاوولاتی پلە دوو نەئەژیان ("هاوولاتی پلە دوو"یش وەسفیکی زورە ...راستییەکەی نازانم چون باسی بکەم کە سووکایەتی نەبیت). ئەگەر شتیکی وەکو حیزبی کومونیستی کریکاری کە بکرایە بچیت ببیتە ئەندامیو دەست بەتیکوشان بکەیت، لەبەردەم منو توو کەسانی دیکەدا هەبووایە، ئەم بیستو چەند سالبەدبەختییە نەدەبوو. بەلام نەبووو ئیمە ناچار بووین خومان یەکیک دروست بکەینو لە قوناغی "مانیفاکتور"ەوە دەست پیبکەین. بەلام دەبی ئەمە بەئەنجام بگەیەنین، ئەمە دەبی ببیتە حیزبیکی سیاسی. دەبی بروات لە کولانەکانی خەلکیدا، لە تاک تاکی شارو



گەرەکو دیهاتەکاندا، لە هەموو شوینیک، لقی هەبیت، هەر ئینسانیک کە لە وەزعی ژیانی نارازی بیت بتوانیت ببیتە ئەندامی، بتوانی تیایدا رای خوی بلیت، تیایدا چەک بەدەستەوە بگریت، بتوانی بەیارمەتی ئەو مانگرتن بەرپا بکات، بتوانی بە یارمەتی ئەو وەلامی کەمینەیەکی بورژوازی ملهور بداتەوە کە ئیستا لەسەر کارەو ئەگەر ئەم حیزبە وجودی هەبیت لەشەوو روژیکدا شکستیان ئەدات. ئیمە حیزبی زورینەین .تەنانەت ئەگەر زورینەش لەگەلماندا نەبیت ئیمە حیزبی زورینەین. بوچی زورینە لەگەلماندا نییە؟ چونکە نایەلن لەگەلماندا بن. کوا ئەو هەلومەرجە ئازادەی کە ئینسانەکان بتوانن رای خویان بلین؟ کوا ئەو هەلومەرجە ئازادەی کە ئینسانەکان بتوانن قسەی خویان بکەن؟ ئیمە حیزبی زورینەینو لەسەرمانە ریگە بدەین زورینە یەککگرتوو ببیت. لەسەرمانە ریکخراویک دروست بکەین کە زورینە بتوانن تیایدا ببنە ئەندام. لەسەرمانە ریکخراویک دروست بکەین کە زورینە بتوانیت بە یارمەتی ئەو ریپیوان بکات یان سوپای سوور دابمەزرینیت. ئیمە لەسەرمانە. هەرکەسیک دەیەویت ئەمرو تیوری باس بکات با بروات بیکات. ئیمە باسی تیوریمان کردو باشترو جدیتر لەوانی دیکە، بوئەوەی بەئیرە بگەین، بوئەوەی بتوانین کلیلی گورینی جیهان پەیدا بکەین .بوئەوەی بتوانین بزووتنەوەیەکی سیاسی دروست بکەین کە دەست بو کومەلگا دەباتو دەیگوریت، بەجوریک کە دوای ئیمە ئیتر تەمەنی ئینسانەکان دریژتر ببیت، خانەولانەیان باشتر ببیت، حورمەتیان زورتر بیت، خوشبەخت بن، ئەو ئینسانە واقعییانەی کە منو ئیوە نایان ناسین. ئامانجی ئیمە ئەمەیەو لەسەرمانە کاریک بکەین کە ئەم ئینسانانە بتوانن چارەنووسیان بەدەستەوە بگرن. ئیمە دەبی "حزبیکی سیاسی" دروست بکەین. حیزبی سیاسی کلیلی مەسەلەکەیە. وە ئەم کونگرەیە، وە عەلەنی بوونی، بو نموونە بەشیکە لەو پروسەیەی کە ئیمە تیایدا حیزبیکی سیاسی دروست دەکەین. کاتیک ئەم کونگرەیە بەعەلەنی دەبەستریت، ئیتر هی ئیمە نییە، هی ئەوانە، هی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەن. سەیری ئەکەن، قەزاوەتی لەسەر ئەکەن، بریاری خویانی لەسەر ئەدەن، پەسەندی ئەکەن یان پەسەندی ناکەن. حیزب دەبیتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هی ئەوان. ئیمە خەریکین حیزبی کومونیستی کریکاری دەدەینە دەستی خەلک، دەدەینە دەستی کریکاران. میراتی باوکی منو ئیوە نییە. حیزبی ئەو خەلکەیە کە دەیانەوی بە یارمەتی ئەم حیزبە، ئەمجارەیان ئیتر کلاویان بو نەدوورن. ئەم جارەیان ئیتر نایەنەویت شکست بخونو ئیمە لەسەرمانە لەکاتی خویدا بگەین پییان، لەکاتی خویدا بگەینو ئەم حیزبە بگەیەنینە دەستیان. وە ئەمە پەنجەرەیەکی بچووکی سیاسییە کە لەبەردەمی ئیمەدایە، پەنجەرەیەکی بچووکی میژووییە کە لەبەردەمی ئیمەدایە. دەرفەتیکی مەحدودە. کاتیک من لە روژنامەی (انترناسیونال هفتگي)دا گوتم ئەمە هەلیکی مەحدودەو ئیمە رەنگە لەدەستی بدەین. هاورییانیک ئاگاداریان کردمەوە کە ئەمە ورەی هاورییان دینیتە خوارەوە. من گوتم رەنگە لەوە تینەگەین کە مەسەلەکە چییەو رەنگە خراپی بکەینو رەنگە ئەم هەلە لەدەست بدەین .بەبروای من ئەوەی شکوداره ئەوەیە کە ئەم هەلەمان هەیە. ئەگەر کەسیک پیی وایە "نا ئیمە ئەنجامی ئەدەین! نا حەتمەن ئیمە سەرئەکەوین! بەبروای من مەسەلەکەی بەتەواوی دەرک نەکردووە. دەلین"سەرکەوتنی کومونیزم حەتمییە!"، نەخیر، هیچ شتیک لە کومونیزمدا حەتمی نییە، بەندە بەوەوە کە کومەلە ئینسانیک بچن ئەو کارانە بکەن، وە دەبی لەکاتی خویدا، لەجیگای خویداو، بەخیراییو بەوزەی پیویستەوە بیکەن. کومونیزم، ئەگەر کومەلە ئینسانیکی دیاریکراوی کومونیست لە لەحەزاتیکی دیاریکراوی میژوودا کومەلیک ئیرادەی دیاریکراو نەکەنو ئەو تواناو وزەیە لەخویاندا پیکنەهینن کە ئەو ئیرادەیە عەمەلی بکاتەوە، شکست دەخوات. کومونیزم ناکریت وەکو نووسینگەی گەشتیاری لە ولاتیکدا بیکەیتەوەو بیپاریزیت. کومونیزم ناکریت هەشت سالوەکو فروشگایەکی زنجیرەیی لە ولاتیکدا بهیلیتەوە. لە ولاتانی ئیستبدادیدا ئەمە ناکریت. یان سەرئەکەوی یان لیت دەدەن، وە بەجوریک لیت دەدەن کە بتوانن بو ماوەی ٣٠ سالکەلەکەی سەرمایەی خویا بکەن، ٣٠ سالی بیمانگرتن ببەنەسەر، ٣٠ سالأ بتوانن خەلکی ئەملاو ئەولا پیبکەن. بویە وا بیر نەکەنەوە ئیمە



جیگاوریگامان وەکو لیبرالەکانو سەلتەنەت تەلەبەکانو دووی خوردادییەکانە، ئاوا نییە. ئیمە یان دەبی ببیەینەوە یا لیمان دەبەنەوە .

لیرەوەیە کە پیم وایە ئەم کونگرەیە لە گرنگترین برگەی میژووی ژیانی حیزبی کومونیستی کریکاریدا بەرپا دەکریت. ئەو پەیامەی کە لیرەوە ئەچیتە درەوە، ویرای ئەو ئینسانانەی کە دەچنە دەرەوە، دەبی ئەوە نیشانی خەلکی بدەن کە ئەم حیزبە هەیە، ئیتر ریگە نادات کە چارەنووسی خەلکی ئیرانو چارەنووسی چینی کریکاری ئیرانو چارەنووسی ئازادیخوازیو حورمەتو شەرەفی ئینسانیی لە ئیراندا لەدەستی مشتیک ئاخوندو نەتەوەپەرستو کاپیتالیست دا بیت کە لە شورشی مەشروتییەتەوە تا ئیرە، خەلکیان کردوتە یاری دەستی خویان .یەک لەدوای یەک دیکتاتورییان هیناوە. خەلکیک کە دەتوانن بوخویان خوشگوزەرانیو خوشبەختی بهینەدی، ئەمان لە بەدبەختیدا رایانگرتوون. دەبی دەورو زەمانەی ئەمانە کوتایی پیبیت. حیزبی کومونیستی کریکاری هەلیکی بچووکی هەیە کە ئەم دەورە بگیریت. برواتە ئەوی. وە ئەگەر نەرواتە ئەوی، هاورییان، ناگەریتەوە بو ئیرە! دەگەریتەوە بو سەردەمیکی ئیستبدادی کە ئینسانی کومونیست تیایدا دەگمەنو قاتییە. بەلام ئەگەر حیزبی کومونیستی کریکاری ئەم دەورە بگیری، ئەوزاع تەنها لە ئیراندا ئالوگوری بەسەردا نایات، هەر حیزبیک ئەمرو لە ولاتیکی شەست ملیونیدا کومونیزم بباتە بەر دەروازەی دەسەلات، تەنانەت نەک ناویشی، ئالای سوور لە یەک بە یەکی پایتەختەکانی ئەوروپادا بەرز دەکاتەوە، بزووتنەوەی کریکاریی ئەم ولاتانە دەبووژینیتەوە، کومونیزم لە یەک بە یەکی زانکوکانی ئەوروپادا زیندوو دەکاتەوە. ئەگەر لە ئیران، لە کوریا، بەرازیل، ئەرجەنتین، ئەفریقیای جنوبیو لە هەر ولاتیکدا کە ئەبعادو گرنگییەکی ئاوای لە ئابووری سیاسیی جیهانی ئەمرودا هەبیت، حیزبیکی بەلشەفی لە بابەتی ئیمە بو جاریکی دیکە کاریک کە بەلشەفییەکان کردیان ئەنجام بدات، نەخشەی جیهان جاریکی دیکە دەگوریت، جاریکی دیکە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

روژیکی تازە دەستپیدەکات. مەسەلە تەنها ئیران نییە، حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی بیربکاتەوە کە ئایا هەیکەلی ئەوەندە گەورەیەو شەهامەتی ئەوەندە زورە، کە ئەم ئەرکە میژووییەی بوی فریدراوە بیگریتەوەو لەدەستی نەدات! هاوریيان! ناکری نەیگریتو نەکەویت، ئەگەر نەیگرینەوە ئەکەویتو تەواو ئەبیت. بەبروای من ئەمە داستانی ئەم کونگرەیەی ئیمەیەو، دەوریکە کە دەبی حیزبی ئیمە بیگیریت .

بەبروای من ئیمە بەم ئاراستەیەدا زور چووینەتە پیشەوە، زور لە چەپی تائیستا دوور کەوتووینەتەوە. ئەم حیزبە نە لە زەینی ئیمەدا، نە لە زەینی خەلکیداو نە لە زەینی خودی ئەم چەپانەدا کە پییان وایە خزمایەتییان لەگەلماندا هەیەو هیشتا دەبی نەسیحەتمان بکەن، لەگەلأ ئەم چەپەدا بەراورد ناکریت. بەلام ئیوە نابی خوتان لەگەلأ ئەوانەدا بەراورد بکەن. خوتان بەو ئەرکانە لە مەحەک بدەن کە لە ئەستومانە. ئایا ئیمە دەتوانین لە ئیران حکومەت بەدەستەوە بگرین؟ چون چونی؟ بە چ میکانیزمیک؟ ئایا ئیمە ئەوەندە کادرمان هەیە کابینەیەکی کومونیستی پیکبهینین؟ ئایا دەتوانین لە هەر کوچەوکولانو جادەیەکدا ئاژیتاتوریکی سوسیالیست دابنیین کە خەلکی لەدەوری خوی کوبکاتەوە؟ ئەگەر ئەمریکا حەزی لە حکومەتەکەی ئیمە نەبوو چی لەگەلدا ئەکەین، سیاسەتی ئیمە چییە؟ پاکستان بومبی ئەتومی هەیە، چی ئەکات؟ وەلامی ئیمە بەم مەسەلەیە چییە؟ ئیسلامییەکان چون لەمەیدان ئەکەینە دەر؟ چەندیک دەخایەنیت تا ئیمە یەکسانیی خەلک لە جارنامەیەکدا رابگەیەنینو چەندە هیزی ئەوەمان هەیە کە پیادەی بکەین؟ ئەمە ئەو پرسیارە واقعییانەیە کە دەبی ئەو ئینسانانەی کە بریاریان داوە کاریک بکەن بو کومەلگاکەیانو هاوسەردەمەکانی خویان، لەخویانی بکەن. ئیمە دەبی خومان لەگەلأ ئەرکەکانمان بەراورد بکەین نەک لەگەلأ کەسانیکدا کە بەجیمان هیشتوونو بەداخەوە هیشتا زور لییانەوە نزیکین. هیشتا بەداخەوە لەو چەپەوە نزیکترین وەک لە ئەرکەکانمان، بەلام ئەم کونگرەیە



بەبروای من دوا هەنگاوە کە ئیمە ئەتوانین هەلیبگرینو نیشانی بدەین کە دەمانەوی بو شوینیکی دیکە بروینو کاریکی دیکە بکەین .

من نامەوی کاتتان لیبگرم، لەو باسانەدا کە لە هەردوو بریارنامەی بارودوخی سیاسیو جیوشوینی تایبەتی حیزبی کومونیستی کریکاریدا دەیکەم دەگەریمەوە سەر ئەم مەسەلەیە، لیرەدا تەنها دەمەوی سەرخەتی باسیک بخەمە روو کە بەبروای من ئەم کونگرەیە دەبی لەسەری هەلویستە بکات .

هاوریيان! ئیمە لە یەکیک لە چارەنووسسازترین ساتەوەختەکانی میژووی کومەلگای ئیراندایین. هەمووتان دەزانن حکومەتیک کە لەسەرکار بووە خەریکە بەو رقوبیزارییە گشتییەی کە لەناو خەلکیدا دروستی کردووە هەرەس دینیت .بوشاییەکی سیاسی دیتە ئاراوە. ئەم بوشاییە سیاسییە نابیتە شتیکی روتینیی کومەلگا، نابیتە شتیکی هەمیشەیی، یەکیک پری دەکاتەوە. یەکیک ئەم بوشاییە پردەکاتەوە. حیزبی کومونیستی کریکاری بو یەکەمجارە کە لەبن دەستی سەرکەوتنیکەوە دانیشتووە. بەبروای من دەبی رووی وەرچەخینیو ئەم سەرکەوتنە ببینیتو ئیتر بیر لە رابردووی نەکاتەوە. وە بەبروای من دەبی بروات بو ئەم سەرکەوتنە. بروات بو دەسەلات. بروات دەسەلات بگریت، وە دەتوانین. بەلام کاریکی هەرقلییە هاوریيان! کاریکی هەرگیز سادە نییە. جوریکی دیکە لە رابەریی لە ئیمە دەخوازیت، جوریکی دیکە لە هەلسووران لە ئیمە دەخوازیت، جوریکی دیکە لە راگەیاندن لە ئیمە دەخوازیت، جوریکی دیکەی ئینیرژی دەویت، جوریکی دیکەی لە یەکیتی دەویت، کەسانیک کە بیانەوی بچنە کامی ئەم مەهلەکەیەوە جوریکی دیکەیان لە یەکیتی پیویستە. جوریکی دیکەیان لە ئیرادەو بریار دەویت، تکایە هەرکەسیک پیی خوشە ببیتە دارتاش، ببیتە بیناساز، شیعر بلیت، کتیب بنووسیت لییگەری بو دوو سالی دیکە ئەگەر شکستمان خوارد. ئیستا حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی وەکو هیزیکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چروپری سیاسی بچیته ناوجەرگەی کومەلگای ئیرانەوە. دەبی بیگوریت. بەبروای من دەبی ئەم کارە بکاتو دەتوانین بیکەین. ئەو شتەی کە زور مایەی دلخوشییە ئاسوی سەرکەوتنمان نییە. چونکە بەبروای من شانسی سەرکەوتنمان کەمە. ئەو شتەی کە مایەی دلخوشییە ئەوەیە کە بو یەکەمین جار ئیمکانی هەیە. بویەکەمین جار چارەنووسی ئیوەیان داوەتە دەستی خوتان. وە بو یەکەمین جار ئیمە دەتوانین کومەک بەوە بکەین کە خەلکی چارەنووسی خویان بەدەستەوە بگرن. ئەم شانسە، هەرچەندە کە بچووکە بەلام دلخوشکەرە .

وە ئەمە پرسیاریکی بنەرەتییە کە لەبەردەمی ئیمەدایە. پیشتر وتم کە حیزبی کومونیستی کریکاری ریگای گەرانەوەی لەخوی بەستووە. ئەم دیوە ئیتر ناکری بکریتە ناو ئەوقوتووەوە. تەواو بوو. حیزبی کومونیستی کریکاری هاتوتە دەرەوە، خەلکی بینیوویانە، چاوەروانییان لیی هەیە، رەخنەتان لیئەگرن، بچنە سەر تەلەفون بزانن لە تارانەوە چی بەحیزب ئەلین. چی لەسەر ئەم کونگرەیە ئەلین؟ دەپرسن دەتانەوی چی بکەن؟ ئیمە لە ئیران چی بکەین؟ بەرنامەتان چییە؟ ئەلتەرنەتیف چییە؟ چ شیعاریک بدەین؟ لەکوی کوببینەوە؟ وەئیمە نابی تەنها وەلامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، دەبی وەلامی ئەوەش بدەینەوە کە ئەگەر خامەنائی بریاری دا بداتە بناگویی خاتەمیدا، چەندیکی پیئەچیت بوئەوەی ئیمە شارەکان لەدەستی هەردوکیان دەربینین؟ ئەگەر لە تاران کودەتا بکریتو ببیتە حکومەتیکی عەسکەری، حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی ئەمە بەوینەی فیکەی دەستپیکردنی قوناغیکی تازە تیبگات. وە حیزبی کومونیستی کریکاری دەبی حیزبیک بیت کە خروشانی خەلک ریکدەخاتو رابەریی دەکات. چەندیک دەخایەنیت تائیمە خومان بو ئەمە ئامادە ئەکەین؟ حیزب تا چ رادەیەک لە قالبی نەفسیو زەینی ئەنجامدانی ئەم کارەدایە؟ چەندە رابەرایەتی ئیمە توانای ئەمە لەخویدا دەبینی؟ ئەمرو خەلکی توانای ئەمە لە ئیمەدا ئەبینن .ئەمرو ئەگەر خەلکی چوار دانە هیز لە ئیراندا بژمیرن،



یەکیکیان حیزبی کومونیستی کریکارییە. دوو سالأو نیو لەمەوبەر کاتیک لە کونگرەی دووەمدا ئیمە ئەمەمان پیشبینی کرد، لەروانگەی زور کەسەوە بەجدی وەرنەئەگیرا .ئیستا چ کەسیک ئەتوانی گومان لەوەدا بکات کە حیزبی کومونیستی کریکاری چاوو چرای رادیکالیزمی ئیرانە؟ ئیوە سەیر کەن، کومەلگا کومونیزمی خوی پەیدا دەکات. هەر کومونیزمیک کە لەبەردەستی دا بیتو بتوانی پەیدای بکات. لە سەردەمی شلەقاندا کومەلگا پیویستی بە چەپی رادیکالأ هەیە، ئینسانی مەحروم پیویستی بە چەپی رادیکالأ هەیە، ئەمرو ئالایەک ئەبینن ئەویش حیزبی کومونیستی کریکارییە. خەلکی ئیمەی وەکو کومونیزمی ئەم دەورەیەی ئیران هەلبژاردووە. کەس جگە لە حیزبی کومونیستی کریکاری بەشوین ریکخراوی کومونیستی چەپەوە نییە لە ئیراندا. ئەگەر کومونیزم لە ئیراندا بییەویت خوی ریکبخات بەدوای ئەم حیزبەدا دەگەریت. لە کریکاری کارگەوە تا لاوانی زانکوکانو تا ماموستاو هەموو کەسیک، لەخوی دەپرسیت حیزبی کومونیستی کریکاری لەکوییە؟ چاوەروانیی ئەوەی هەیە کە حیزب ریکی بخات. بەشوین رابەرایەتیو کادرانی حیزبدا دەگەریت. ئەمە بزووتنەوەیەکی سەراسەری، گەورەو زور گەورەترە لەم کومەلە کەسەی کە لیرە دانیشتوون، ئەم بزووتنەوەیە هیزەکانی خوی دەدوزیتەوە، لە دوو سالی رابردوودا ئەو پیشوازییەی کە لە ئیران لەئیمە کراوە، وە رەگدانەوەیەک کە لەئیران بوومانە ئەوەندە سەرسورهینەر بووە کە ئیستا ئیتر بەشیوەیەکی واقعی هیچ کەسیک نیگەرانی دەرەوەی ولاتی بوونی حیزب نییە. پرسیار ئەوەیە کە ریگا بەم هیزانەمان لە ئیران نیشان بدەین. پرسیار ئەوە نییە کەهیزەکانی ئیمە لە ئیران لەکوین، پرسیار ئەوەیە کە هیزەکانی ئیمە لە ئیران نەخشەیان چییە؟ ئیستا دەبی چی بکەن؟ بەرنامەی ئیمە بو ئەوان چییە؟ دەبی چ کاردانەوەیەکیان هەبیت لە بەرامبەر مەسەلە جیاجیاکاندا؟

هاورییان لیرەدا من قسەکانم تەواو ئەکەم، بەو ئومیدەی کە کونگرە ئەم ئەرکە میژووییەی دەرک بکات. گوتم ئیمە دەرفەتیکی میژوویی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیاریکراومان بەدەستهیناوە کە رولی خومان بگیرین. ئەم دەرفەتە ئەروات. بوچوونی خوتان بو سیاسەت لە حیزبە لیبرالەکانەوە وەرمەگرن، لە ئەورووپاوە وەرمەگرن، لە حیزبە دووی خوردادییەکانی ئیرانەوە وەرمەگرن، لە "بیرجیاوازەکان (دگراندیشان)"ی ئیرانەوە وەرمەگرن. کومونیزمی رادیکالأ لە یەک فرسەتیکی دیاریکراودا دەتوانی سەربکەویت. ئەم شانسە بو یەکەمین جار لەماوەی سەدەیەکدا لەئیران هاتوتە ئاراوە، هاورییان ئەم شانسە تەنها بو ئەوە نییە کە ئیمە لە ئیران کاریک بکەین، ئەگەر ئیمە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران بکەینە حیزبیکی نزیکە دەسەلات، ئەگەر حیزبی کومونیستی کریکاری حیزبیک بیت کە لە روانگەی خەلکەوە دەبی دەولەتی بەدەستەوە بیتو دەتوانیت دەولەتی بەدەستەوە بیتو ئەم پروسەیە دەستی پیکردبیت، ئەو کاتە ئیمە دنیا دەگورین، ئیمە دنیا دەگورین. تەمەنیک لە مشتومری تیوریو دیفاع لە مارکسیزم بو ئەوە بوو کە کاتیک دەگەینە ئەم لەحزە میژووییەی ئیستا، ئیتر شمشیری خومان لەدەستماندا بیت. ئیستا کاتی ئەوە نییە کە بگەریینە دواوەو شتیک دروست بکەین. کاتی ئەوە نەماوە تو برویت شتیک دروست بکەیت. دەبی بە چەکیک کە دروستت کردووە بچیتە مەیدانەوەو ئیمە ئەم چەکەمان لە بیستوچەند سالدا دروست کردووە .

من ئومیدەوارم کونگرە ئەم رولەی خوی دەرک بکاتو لەمەش زیاتر ئومیدەوارم کە دوای کونگرە ئەم رولەی خومان دەرک بکەین. هاورییان! لەشیوە هەلسوورانی ئیمەدا، لە حیزبە کومونیستەکانو بەتایبەتی ئیمەدا، رابەرایەتیو کادر کومەلیک مەقولاتی چارەنووسسازن، میحوەرین. ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە چی ئەکات بەوەوە بەستراوەتەوە کە رابەرییو کادرەکانی خەریکن چی ئەکەن .چونکە ئیمە ئەزانین کە چینی کریکارو خەلک بەگشتی پەیرەوی لە حیزبی شورشگیری خویان ئەکەن. چونکە ئەزانین قیافەو شکلی هەر بزووتنەوەیەک وەکو رابەرییو کادرەکانی لیدیت. سەرئەنجام توپ لە ساحەی ئیمەدایە. ئیمەین، ئیمە لیرەو ژمارەیەکی زور



لەدەرەوەی ئیرە، کە رابەرانو کادرانی ئەم بزووتنەوەیە پیک ئەهینینو ئەوە ئیمەین کەدەبی بریاری خومان بدەینو من پیم وایە ئەمە نەبەردیکە کە لیرەدا لەبەردەم حیزبی کومونیستی کریکاری دایە .هەروەک پیشتر گوتم دواتر دەچینە سەر تاک تاکی ئەم باسانە، بەتایبەت باسی جیوشوینی تایبەتیی حیزبی کومونیستی کریکاری، من لەویدا نورەیەک لەسەر ئەو بریارنامەیە قسە ئەکەم. ئومیدەوارم کونگرە بەم ئاراستەیەدا بروات . ئومیدەوارم بتوانین بە شیوەیەکی حیرفەیی بچین بەشوین مەسەلە میحوەرییەکاندا. بتوانین سەرنجی کونگرە بو ئەو ئەرکانە رابکیشین کە هەیەتیو وە سەرنجی بو رینوینییەک رابکیشین کە لەمەودوا بە حیزبی دەدات .هاورییان! دژوارییەکان لەدوای ئەم کونگرەیەوە دەست پیدەکەن، ئەگەر ئەم کونگرەیە ریگایەکی راستی نیشان دابیت، ریچکەکەی دیاری کردبیت، کاری ئیمە ئاسان دەکات. بەلام بەراستی دژواریی کارەکە لەدوای ئەم کونگرەوەیەو من سەرنجی هەمووتانی بو رائەکیشم. زور سوپاستان ئەکەم. (چەپلەی دووروودریژی ئامادەبووان )



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# میزگردي: بالاكردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

## گفتوگوی وەرزنامەی "پرسین" لەگەل مەنسووری حیكمەت زستانی ٢٠٠١

**پرسین** :تیگەیشتنی ئیوە لە هەندی چەمكی وەكو بونیادگەرایی ئیسلامیو ئیسلامی سیاسی چییە؟ جیاوازی ئەم دوو عیبارەیە لە چیدایە؟

**منصور حكمت** :من عیبارەی بونیادگەرایی ئیسلامیی بەكار ناهینم چونكە بەرای من ئەمە تیگەیشتنیكی راسترەوانەی ئامانجدارە كە بەئەنقەست وینایەكی گومرایانە لە ئیسلامو بزووتنەوە ئیسلامییەكان بەدەستەوە دەدات. ئەوەی واقعییە، بالاكردنی ئیسلامی سیاسییە. ئیسلامی سیاسی بەرای من بزووتنەوەیەكی كونەپەرستانەی هاوچەرخەو جگە لەشكلأو شیوە ئیتر هیچ خزمایەتییەكی لەگەلأ بزووتنەوە ئیسلامییەكانی كوتایی سەردەی نوزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا نییە .لەرووی ناوەروكی كومەلایەتیو ئەو مەسەلە سیاسي- كومەلایەتیو ئابوورییەی كە مەبەستیتی، ئەم بزووتنەوە نوییە بەتەواوی ریشەی لە كومەلگای هاوچەرخدایە. دووبارەبوونەوەی هەمان دیاردەی پیشوو نییە. ئەمەیان ئاكامی شكست وەیان باشتر بلیم ناكامو نیوەناچلأ مانەوەی پروژەی مودیرنیزەكردنی غەربیی ولاتانی ئیسلام نشینی خورهەلاتی ناوەراستە لە كوتایی سالانی شەستەكانو سەرەتای هەفتاكانی زاینیدا، وە شانبەشانی ئەمەش ئاوابوونی ئەو بزووتنەوە سكولار- ناسیونالیستییە بوو كە جیبەجیكەری سەرەكی ئەم



مودیرنیزەكردنە ئیداریو ئابووریو فەرهەنگییە بوو. قەیرانی حكومەتییو ئایدولوژیكیی لەناوچەكەدا پەرەی سەند. بزووتنەوەی ئیسلامیی لەئاكامی ئەم بوشاییە ئایدولوژیك سیاسییەو سەرلیشیواویی بورژوازیی محەللی ئەم ولاتانەدا بەوینەی یەكیك لە ئەلتەرنەتیفەكانی بالی راستی كومەلگا بو تازەكردنەوەی هەیكەلی حوكمرانیی بورژوایی لە رووبەرووبوونەوە لەگەل چەپو چینی كریكاریك كە لەگهل گەشەی سەرمایەداریدا ئەمیش پەرەی سەندبوو هاتە مەیدان .لەگەل ئەمەشدا بەبی ئالوگورەكانی سالی ٧٨- ١٩٧٩ی ئیران، ئەم رەوتانە بەبروای من هیشتا شانسیكی ئەوتویان نەبووو بە لاكەوتەیی ئەمانەوە. لە ئیراندا بوو كە ئەم بزووتنەوەیە خوی لە شیوەی حكومەتیكدا ریكخستو ئیسلامی سیاسیی لە گشت ناوچەكەدا كردە هیزیكی بەرچاوو جیگەی باس .

ئیسلامی سیاسی لەروانگەی منەوە ناونیشانیكی گشتیی ئەو بزووتنەوەیەیە كە ئیسلام بە ئامرازیكی سەرەكی دەزانی بو دەستپیاهینانەوەیەكی راسترەوانەی چینی دەسەلاتدارو نیزامیكی حكومەتیی لەدژی چەپرەویی لەم كومەلگایانەدا، وەبەم پییە لە پیشبركی لەسەر بەشی خوی لە دەسەلاتی جیهانیی سەرمایە لەگەل بەشەكانی دیكەو بەتایبەت لەگەل قوتبەكانی هەژمونیی جیهانی سەرمایەداریدا لە كیشمەكیشدایە. ئەم ئیسلامە سیاسییە مەرج نییە ناوەروكیكی سكولاستیكو فیقهی پیدراوو دیاریكراوی هەبیت. ئیسلامی سیاسی مەرج نییە بونیادگەراو دكترینر بیت. لە مرونەی سیاسیو پراگماتیزمی عەقیدەیی خومەینییەوە تا ناوەندە وشكە موقەدەسەكان لە بالی راستی حكومەتی ئیراندا، لە نەهزەتی ئازادیو مەهدی بازرگانو ئەمەلو نەبیە بەریی بیعەمامەو بوینباخ لەملەوە تا تالیبان، لە حەماسو جیهادی ئیسلامییەوە تا" پروتستانیزمی ئیسلامی"ی وەكو سروشو ئەشكوەری لە ئیران، هەموویان بەشە جیاجیاكانی ئەم ئیسلامە سیاسییەن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەلاتەکانی غەرب، وە میدیاو جیهانی ئەکادیمییان، مەقولەی بونیادگەراییان هیناوەتە پیشەوە بوئەوەی لقو بالە تیروریستیو دژی غەربییەکانی ئەم رەوتە ئیسلامییە لە لقە لایەنگرەکانی غەربو ئەوانەی ئەهلی سازشن جیا بکەنەوە. دژی غەربەکان بە بونیادگەرا ناو ئەبەنو هیرش ئەکەنە سەر بونیادگەرایی بوئەوەی ئیسلامی سیاسی بەشیوەیەکی گشتی، کە لەروانگەی ئەوانەوە کولەکەیەکی حوکمرانیی راسترەوانەو دژی سوسیالیستە لەناوچەکەدا کە لەئیستادا بەهیچ شتیک جیگاکەی پر ناکریتەوە، مەحفوز بکەن. بەلام رەوتە دژی غەربییەکان هەموویان بالی وشکە موقەدەسو موتەعەسیبە فیقهییەکان نین لەم بزووتنەوەیەدا. بونیادگەراترین بەشەکانی مەعەسکەری ئیسلامیی، وەکو تالیبانو سعودیە، خویان نزیکترین یارانی غەربن .

**پرسین** :بەدەسەلاتگەیشتنی ئیسلامیستەکان تا چ رادەیەک نیشانەی پاشەوپاشگەرانەوەیەکی دینییە؟ ئایا ئەمە گەرانەوەیەکی دینییە لەم کومەلگایانەدا؟ گەرانەوەیەک بو بەهاو باوەرە دینییەکان لەژیانی فەردیو کومەلایەتیدا؟

**منصور حکمت** :بەبروای من سەرچاوەی ئەمە ناگەریتەوە بو زیندووبوونەوەی ئیسلام بەوینەی دەزگایەکی ئیعتقادی .ئەمە ئیسلامی فیقهی نییە، بەلکو ئیسلامی سیاسییە. بنەماکەی ئەگەریتەوە بو هەندی هاوکیشەی سیاسی دیاریکراو. ئەوە بەلگەنەویستە کە بە پەرەسەندنی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی گوشار بو زیندووکردنەوەی دیاردە دینییەکان لە کومەلگادا زیاد دەکات. بەلام ئەمە گوشاریکی سیاسییە. هەندی جار خەلکی مل بەم گوشار دەدەن. کولەکەی ئەم "رینیسانس"ە ئیسلامییە زەبروزەنگو تیرورە. لە جەزائیر بەشیوەیەکو لە ئیران بەشیوەیەکی دیکە . لە ئیران راستییەکەی ئەوەیە کە بەپیچەوانەوە، شانبەشانی بالاکردنی ئیسلامی سیاسیوحوکمرانیی دینی، شەپولی هەلگەرانەوەی دژی ئیسلامیی



لە ئاستی مەعنەویو عەقیدەییو لەژیانی شەخسیی خەلکدا بەشیوەیەکی سەرسورهینەر پەرەی سەندووە. بالاکردنی ئیسلامی سیاسی لەئیراندا بووەتە پیشەکییەک بو شورشیکی فەرهەنگیی دژی ئیسلامیو دژی دینی لە زەینی خەلکیداو بەتایبەتی لەجیلی لاواندا کە بەتەقینەوەیەکی مەزن سەرنجی جیهان بولای خوی رائەکیشیتو زەنگی کوتایی هاتنی عەمەلیی ئیسلامی سیاسی لە سەرتاپای خورهەلاتی ناوەراستدا لیدەدات .

**پرسین** :ئاروەندی ئابراهامیان هەر لەم میزگردەدا دەلیت هەرەسی جمهوری ئیسلامیی ئیران دوا بزمار نابیت لەتابووتی بزووتنەوەی ئیسلامی، چونکە مەیلەکانی دیکە، بەتایبەت غەیرە شیعەکان، دەتوانن خویان نەبەنە ژیر باری ئەم شکستەوە. ئایا تو لەگەل ئەم لیکدانەوەیەدای؟

**منصور حکمت** :بەبروای من جولانەوەی ئیسلامی لە خورهەلاتی ناوەراستو لەئاستی نیونەتەوەییدا بە هەرەسی رژیمی ئیسلامی ئیران لە هەناسەدان ئەکەویت. باسەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئیرانی ئیسلامیی مودیلیکی شکستخواردو دەبیت کە ئەوانی دیکە ئەتوانن خویانی لیبیبەری بکەن. شکستی جمهوری ئیسلامی لەئیراندا لەجەرگەی خروشانیکی سکولاریستیی مەزنی جەماوەریدا روو دەدات. خروشانیک کە دەست بو بنەماکانی بیرکردنەوەی کونەپەرستانەی ئیسلامی دەباتو نەتەنها لە بیرورای گشتی جیهاندا تروی دەکات بەلکو مەحکومو ریسوای ئەکات. شکستی رژیمی ئیسلامی شتیکی لەبابەت هەرەسی ئەلمانیای نازی دەبیت. هیچ فاشیستیک ناتوانی بەسادەییو تەنها بە خوجیاکردنەوەی مەکتەبیو ریکخراوەیی خوی لەم جەمسەرە هەرەس کردوەدا هەلویستو جیگاوریگای خوی بپاریزیت. هەرەسی جمهوری ئیسلامی، تیکرای ئەم رەوتە دەیان سالأ دەباتە سووری متبوونەوە. شکستی ئیسلامی سیاسی لە ئیراندا، سەرکەوتنیکی دژی ئیسلامیستییە کە ئەم سەرکەوتنە تەنها بە چوارچیوەی ئیران مەحدود نابیتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پرسین** :ئیوه وەسفکردنی ولاتانیکی وەکو ئیران بە "ولاتی ئیسلامی" رەت دەکەنەوە. بوچی؟

**منصور حکمت** :هەر پولینکردنو ناولکاندنیک ئامانجیکی لەپشتەوەیە. ئیسلام هەزارو چوارسەد سالأ لەئیراندا بەریوە چووەو بیگومان موری خوی ناوە بە هەندی شتەوە. بەلام ئەمە تەنها یەک فاکتەری نەخشاندنی سیمای ئەم کومەلگایەیە. هەروەکو سەرکوت، پاشایەتی، حکومەتی پولیسی، دواکەوتوویی پیشەسازی، ئینتمای قەومی، زمان، خەت، پیشینەی میژوویی، میژووی سیاسی، دابونەریتەکانی بەرلە ئیسلام، تاییەتمەندییە جسمییەکانی خەلک، بالا، شکلأو شیوەو رەنگو روو، پەیوەندیو هاموشوی نیونەتەوەیی، جوگرافیاو ئاوو هەوا، خوراکی خەلک، پانودریژی ولات، رادەی چریی دانیشتووان، پەیوەندییە ئابوورییەکان، نیزامی سیاسی، رادەی شارنشینی، تەلارسازییو تاد .هەر یەکیک لەمانە تاییەتمەندییەکی واقعی ئەم کومەلگایە نیشان دەدات. جا ئەگەر کەسیک جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەنیو ئەو سەدان فاکتەرەدا کە لەنیوان ئیرانو پاکستانو فەرەنساو یاباندا جیاوازی دروست ئەکات، پەنجە بخاتە سەر حزوری ئیسلام لە هەندیک گوشەی ژیانی ئەم کومەلگایەداو ئەم مورە بنیت بە نیوچەوانی منو توو دەشتیو هیدایەتەوە بو ئەوەی ئەو زوربەی هەرە زورەی کە نەخوی بە ئیسلام دەزانیو نە بو ئیسلامو ئاخوند هیچ بایەخیک دا ئەنیت، ئەوە بیگومان بەشوین ئامانجیکی تاییەتییەوەیە. ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییە. حکومەت ئیسلامییە. ئیسلام دیاردەیەکی سەپینراوە لە ئیراندا، نەتەنها لەمرودا بەلکو لەسەردەمی پاشایەتیشدا هەروا بووە، وە لەریگەی داپلوسینو کوشتنەوە لەسەرکار ماوەتەوە. ئیران کومەلگایەکی ئیسلامی نییە. بیست سالە دەیانەوی بەزور بیکەنە ئیسلامی نەیانتوانیووە. ناوبردنی کومەلگای ئیران بە کومەلگایەکی ئیسلامی، بەشیکە لە جیهادیکی کونەپەرستانە بو بەئیسلامی کردنی .



**پرسین** :ئایا تو ئیسلامی سیاسی وەکو هیزیک سەیر ئەکەیت کە لە پیکهاتەی سیاسی ولاتانی موسلمان نشینی خورهەلاتی ناوەراستو باکوری ئەفریقادا هەروا دەمینیتەوە؟

**منصور حکمت** :مانەوە، مەقولەیەکی نیسبییە. سەرەنجام زەمانیک دیت کە ئەم ناوچەیە ئیسلامی سیاسی بە یەکجاری توربداتو بیکاتە دیاردەیەکی بەسەرچوو کە ئەگەرچی هیشتا بو تەماشاو لیکولینەوە ماوەتەوەو تەنانەت پەیرەوانیکیشی هەیە، بەلام بەکردەوە هیچ دەوریک لەژیانی خەلکیدا ناگیریت. بەلام ئەوەی کە ئەم ساتە کەی دیت، بەتەواوی بەستراوەتەوە بە رەوەندە سیاسییەکانی ئەم کومەلگایانەوەو بەدیاریکراویش بە خەبات بو ئازادیو سوسیالیزمەوە. هیشتا رەنگە چەند نەوەیەکی دیکەش ناچار بن تەحەمولی ئەم ئیسلامە بکەنو بیگومان هەندی زاناو لیکولەرەوەش ئیسلام بە شتیکی هەتاهەتایی دائەنین .بەلام هیچ شتیکی هەتاهەتاییو بونیادی لە ئیسلامیەتی خورهەلاتی ناوەراستدا وجودی نییە. بزووتنەوە ئیسناندوستو ئازادیخوازانەکان دەتوانن مەلەفی ئیسلامیەت دابخەن. لەئیراندا ساتەوەختی رزگار بوون لەدەستی ئیسلام دەتوانری زور زوو بیتەپیشەوە. بەبروای من جمهوری ئیسلامی ئیستا رەوتی لەناوچوون دەپیویو لەگهل ئەمیشدا ئیسلامی سیاسی لەئیراندا تیک دەشکینریت. وە ئەگەر گوشاری سیاسی ئیسلامو ئیسلامیەت لابچیت، ئەوکاتە پووچیو بیریشەیی ئەو شتەی کە بە هەژموونی کەلتووری ئیسلام بەسەر کومەلگایەکی وەکو ئیراندا لەقەلەم ئەدریت بەخیرایی ئاشکرا ئەبیت. ئیران لەماوەی چەند سالیکدا لەپیگەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسەیەوە دەبیتە ناوەندو رابەری خەبات لەدژی ئەو .

یەکیک لەشیوەکانی مانەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، بەرای من تیروریزمە. خەبات لەدژی تیروریزمیئیسلامی بەبروای من تا چەندین سالأ پاش سەرکەوتنی سیاسی مروفایەتی بەسەر ئیسلام لەناوچەکەدا هەروا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دریژەی دەبێت. پیچانەوەی گروپەکانی تیروری ئیسلامی پیویستیی بەکاتیکی زورتر دەبیت .

**پرسین** :ئیوە پیشتر لە چەند نووسراویکدا گیان بەبەرداهاتنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی تا رادەیەکی زور دەبەستنەوە بە مەسەلەی فەلەستینو کیشمەکیشی نیوان عەرەبو ئیسرائیلەوە. بەشداربووەکانی دیکەی ئەم میزگردە لەگەل ئەم جەختکردنە تایبەتەی ئیوەدا نین لەسەر جیگاوریگای ئەم کیشمەکیشە .

**منصور حکمت** :بەبروای من ئەوان بەشیوەیەکی ستاتیک چاو لە مەسەلەکە ئەکەن. پرسیار تەنها ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ئیسلامی لەوەلام بە چ گریوگولأو لەسەر میحورەی کام ململانی بالایکردووە. هەرچەندە تەنانەت هەر لەم چوارچیوەیەشدا کیشمەکیشی عەرەبو ئیسرائیلو مەسەلەی فەلەستینو وجودی "دوژمن"یکی قەومي- ديني -ئەمپریالیستی کە ناسیونالیزمو عیلمانیەتی عەرەب لەبەرامبەریدا چوکی داداوە، کولەکەیەکی بالاکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی پیکدەهینیت بەوینەی ئالتەرنەتیفیکی مودەعی دەسەلات. پرسیاری لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر مەسەلەی فەلەستین نەبووایە، ئەگەر ولاتی ئیسرائیل لەسەر ئەم خاکە دیاریکراوە نەبووایە، رەوتە ئایدولوژی، سیاسیو کەلتوورییەکانی جیهانی سەدەی بیستەم ولاتانی عەرەب نشینو موسولمان نشینی خورهەلاتی ناوەراستیان بە چ ئاراستەیەکدا دەبردو تا چ رادەیەک ئەم ناوچەیەش وەکو ئەمریکای لاتینو ئاسیای باشووری روژهەلات دەرفەتی ئاویتەبوونیان دەبوو لە سیستمیکی جیهانیی" غەربی"دا؟ تاچ رادەیەک کاپیتالیزم، تەکنەلوژی، سەنعەتو سەرمایەی غەربی بە هەموو کارکردە یەکسانسازو ویکچووسازە ئیداریو کەلتوورییەکانیەوە لەم ناوچەیەدا گەشەی دەکرد. تا چ رادەیەک ئیسلامیش وەک باقی دیانەتەکان لەسەدەی بیستەمدا دەبووە یەکیک لە لقە بەرەسمی ناسراو، مودیرنیزەکراو، دەستپیپاهینراوو ئاویتە بووەکان لە



روبینای سیاسی کاپیتالیزمیکی جیهانیدا؟ پرسیار ئەوە نییە کە ئایا مەسەلەی فەلەستینو ئەم کیشمەکیشە بووەتە مایەی گەشەکردنی ئیسلامیکی سیاسی نویکراوە (کە بەبروایمن دەوریکی گەورەی هەبووە)، پرسیار ئەوەیە کە تا چ رادەیەک ئەم کیشمەکیشە بووەتە ریگر لەبەردەم ئاویتەبوونی موسولمانەکانو ولاتانی موسلمان نشین لە پەیکەرەی سەدەی بیستەمو لە سیستمی کاپیتالیستی جیهاندا، تا چ رادەیەک مەسەلەی گەشەی ئابووری، گواستنەوەی تەکنەلوژی، ئاویتەبوون لەگەل ئەو کەلتوورە غەربییەی کە لەجیهاندا زالە، سەرهەلدانی کولەکەکانی کومەلگایەکی مەدەنی کاپیتالیستی، گەشەی ئەو دامودەزگا سیاسیو ئیدارییانەی کە لەگەل نەموزەجی غەربیدا دینەوەو گەشەی رەوتە فیکریو کەلتوورییەکانی غەربی )وەک عیلمانیەتو مودیرنیزمو لیبرالیزم) لەم ولاتانەدا کاریگەری سلبییان لە مەسەلەی فەلەستینەوە وەرگرتووە. رەوتی مودیرنیزاسیون، بەعیلمانی بوونو غەربگەرایی لە ولاتانی گیرودەی ئیسلامدا لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پیکردبووو تا سالانی شەستەکانی زاینی کومەلیک ئەنجامی باشیی بەدەست هینابوو .بەلام غەرب، بەهوی مەسەلەی فەلەستینەوە، بەهوی بوونی کیشمەکیشیکی ناوچەییەوە کە خوی سیبەری قوتب بەندییەکی بنەرەتی جیهانیی بوو لە سەردەمی جەنگی سارددا، بەهوی هاوپەیمانیی ستراتیژییانەی لەگەل ئیسرائیلدا، تیکرای مەسەلەی ئاویتەبوونی ولاتانو کومەلگا عەرەب نشینو موسولمان نشینەکانی خورهەلاتی ناوەراستی لەگەل مەعەسکەری جیهانیی کاپیتالیزمی غەربیدا نامومکین کردو رەتیکردەوە. وەلامی واقعی بە کونەپەرستیی دینی تەنها لە سوسیالیزم ئەوەشیتەوە، بەلام گەشەی ئیسلامی سیاسی میلیتانت لە خورهەلاتی ناوەراستدا بەرئەنجامی شکستیناسیونالیزمو عیلمانیەتو مودیرنیزمی بورژواییە لەم ولاتانەدا کە بەپیی لوژیک دەیتوانیو تەنانەت بەرەو ئەوە ئەچوو کە ئیسلامیەت لەخویدا بتوینیتەوە. تەنانەت ئەگەر قسەیەکیش لەبارەی پروتستانیزمی ئیسلامییەوە لەئارادا نەبوو، ئەم رەوتە دەیتوانی ئیسلام لەم کومەلگایانەدا لانی کەم لەو جیگاوشوینەدا دابنیت کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاسولیزم لە ئیرلەندادا هەیەتی. بەلام مەرجی ئەم سەرکەوتنە بورژواییە گەشەی کاپیتالیزم، گەشەی سەنعەتو گواستنەوەی تەکنەلوژی سەرمایە بوو کە بەهوی بوونی کیشمەکیشی عەرەب ئیسرائیلەوە لە جەرگەی جەنگی سارددا، غەرب مەیلیکی لیی نەبوو. خورهەلاتی ناوەراستو خەلکەکەی لە کەلتووری سیاسی غەربدا، وەکو شەیتان وینا کراون. ئەمانە مەعالمە سلبییە سەرەکییەکانی نیو کەلتووری سیاسی غەربن لەپاش سەرهەلدانی ئیسرائیل. خورهەلاتی ناوەراست بو غەرب وەکو ئەمریکای لاتینو ئاسیای باشووری خورهەلات نییە. ناوچەیەکی قەدەغەکراوە. ناسەقامگیرە، پرمەترسییە، جیگەی متمانە نییە، دوژمنانەیە. ئیسلامی سیاسی لەم چالە تاریکەدا گەشەی کردووە. ئەگەر مەسەلەی ئیسرائیل نەبووایە، گرفتەکانی میسرو سعودیەو عیراق، لەبابەتی گرفتەکانی بەرازیلو پیروو مەکسیک دەبوو. حەتمەن ئیسلامی سیاسی هەر دەبوو، بەلام وەکو بزووتنەوەیەکی لاکەوتەو فیرقەیی دەمایەوەو نە ئەچووە ناو گورەپانی سەرەکی سیاسەتی ئەم ولاتانەوە .

**پرسین** :ئیوە عیلمانیەت چون پیناسە دەکەن؟ دینو بزووتنەوە دینییەکان لە سیستمیکی عیلمانیدا تاچ ئەندازەیەک بواری خونواندنیان هەیە لە مەیدانی سیاسەتو کەلتووردا؟

**منصور حکمت** :عیلمانیەت دەبی هەر بەو شیوەیە پیناسە بکەین کە باوە. ناکریت رادیکالیزمیکی زور بچەسپینین بەم مەقولەیەوە. عیلمانیەت واتە جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردن. جیاکردنەوەی دین لە ناسنامەی هاولاتیو پیناسەکردنی مافو دەسەلاتو ئەرکەکانی هاوولاتیان. کردنی دین بە مەسەلەی تایبەتی تاکەکان. ئەوکاتەی کەئیتر دینی تاکەکان لە پیناسەکردنی تایبەتمەندییە کومەلایەتیو سیاسییەکانی ئەوانو لە پەیوەندی نیوان تاکو دەولەتو تاکو بوروکراسیدا حیسابی بو نەکریت. بەم جورە عیلمانیەت کومەلیک هەلومەرجی لانی کەمە. بو نموونە من ناتوانم هەموو



هەلویستگیریی خوم بەرامبەر بە جیگاوریگای دین لەنیو کومەلگادا، لە چوارچیوەی ئەم مەقولەیەدا جی بکەمەوە. من تەنها خوازیاری عیلمانیەت نیم، بەلکو خوازیاری خەباتی هوشیارانەی کومەلگام لەگەل دیندا . خوازیاری ئەوەم کە چون بەشیک لە داهاتی کومەلگا بو بەرگرتن بە مەلاریاو نەخوشییە درمەکان خەرج ئەکریت، هەر چون لەدژی ستەمکیشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منالان هوشیارانە سیاسەت دائەریژریت، بەهەمان شیوە وزەو توانایەک لە کومەلگادا بو سرینەوەی ئاسەواری دین تەرخان بکریت .هەلبەتە مەبەستم لە دین، دامەزراوەی دینیو دینە پیناسەکراوەکانە، نەک ئەندیشەی دینیو تەنانەت بروا بوون بە دینە کونەکانو ئەوانەی ئیستا. من کەسیکی دژی دینمو خوازیاری ئەوەم کە کومەلگا سنووریکی زور زیاتر لەوەی کە لە سیستمیکی عیلمانیدا هەیە، بو دینی خوریکخستووو "پیشەسازیی دینی" دابنیت .ئەگەر قانوون دیانەتەکان ناچار بکات کە خویان وەک کومپانیا قازانج هینەرەکانو دامەزراوە ئەهلییەکان ناونووس بکەن، باج بدەن، لەژیر پشکنیندابن، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی هەلاواردنی جنسی، مافەکانی منالان، قەدەغەکردنی بلاوکردنەوەی درو، قەدەغەکردنی تومەتو وروژاندن، یاساکانی پاراستنی گیاندارانوتاد رەچاو بکەن، ئەگەر وەک "پیشەسازیی جگەرە" مامەلە لەگەل "پیشەسازیی دین"دا بکریت، تەنها ئەوکاتە ئیمە لە هەلویستیکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خونواندنی دین لەکومەلگادا نزیک دەبینەوە .

**پرسین** :رەنگە جیاوازییەکە لەوەدا بیت کە بشی سرینەوەی دین بە سەرکوتی بیروباوەری ئەو کەسانە لەقەلەم بدریت کە بروایان بەو دینە هەیە. چون دەکریت ئەم هەلویستە چالاکە دژی دینییە لە پیشیلکردنی ئازادی ئەندیشەو رادەربرین جیابکریتەوە؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**منصور حكمت** :هەروەک پیشتر گوتم من باسی دینی خوریکخستووو "پیشەسازی دینی" ئەکەم، نەک بیروباوەری دینی. هەموو کەسیک دەتوانی هەر بیروباوەریکی هەبیتو بیریتو دەری ببریتو جاری بداتو خەلکی لەدەور ریکبخات. پرسیار ئەوەیە کە کومەلگا چ ریوشوینیک دائەنیت بو پاریزگاری لەخوی. کومەلگای ئەمرو هەولأ ئەدات منالان بەدوور بگریت لە پروپاگەندەکانی پیشەسازیی جگەرەو بیانپاریزیت. لەبارەی پیشەسازیی دینیشەوە دەکری هەمان کار بکریت. ئینسانی جگەرەکیش هەموو مافیکی خوی هەیەو دەتوانی هەر دامەزراوو ئەنجومەنیک بو پروپاگەندەکردن بو باشییەکانی تووتنو یەکخستنی جگەرەکیشەکان دروست بکات. بەلام ئەمە بەمانای دەرگا خستنەسەرپشت نییە بو پیشەسازیی جگەرە. دەزگای دینی ئیسلامو دینە سەرەکییەکانی دیکە (مەسیحی، یەهودی، هیندوسیوتاد)، ئەنجوومەنی دلخوازانەی ئەو کەسانە نین کە باوەریان بە ئەندیشەیەکی دیاریکراو هەیە، دەزگای سیاسیو دامەزراوەی مالیی زور گەورەن کە هەرگیز بەشیوەیەکی واقعی حیسابوکیتابیان لەگەلدا نەکراوە، نەخراوەنەتە ژیر رکیفی قانوونە عیلمانیەکانی کومەلگاوەو مەسئول نەبوون لە بەرامبەر کردەوەکانی خویاندا .هیچ کەسیک حاجی روحوللا خومەینی نەکیشایە دادگا لەسەر دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان روشدی. ئەمە لەکاتیکدا کە هاندان بو کوشتنی ئینسان لە هەموو ولاتانی جیهاندا تاوانە. ئەمە هیشتا گوشەیەکی بچووکە لە توریکی کوشتوبرو برینی ئەندامەکانی لەشی ئینسانو توقاندنو ئینسان رفاندنو شکەنجەو ئازاردانی منالان. بەبروای من کارتیلی ماددە بیهوشکەرەکانی مدی ئین (سکوبارەکان)و بازرگانانی چینو مافیای ئیتالیا (وە ئەمریکا) بەئەندازەی پەنجە بچووکی دینە خوریکخستووەکان نابن. من باس لە خەباتیکی رەواو بەرنامەریژیکراوی کومەلگایەکی ئازادو کراوە ئەکەم لەدژی ئەم دەزگاو دامەزراوانە. لەهەمان کاتدا بروا بوون بە هەر شتیک، تەنانەت دواکەوتووترینو دژی ئینسانیترین بیروباوەر، بەمافی حاشاهەلنەگری هەر ئینسانیک ئەزانم .



**پرسین** :ئەو عیلمانیەتو سرینەوەی دینەی تو باسی لیوە ئەکەیت، چەندە زەمینەی هەیە لە ولاتانی نیو بازنەی دەسەلاتی ئیسلام لە خورهەلاتی ناوەراستدا؟ چەندە ئیمکانی ئەوە هەیە کە عیلمانیەت لەم کومەلگایانەدا سەرهەلبدات؟ ئاروەندی ئابراهامیان باسی لەوە کرد کە ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەم کومەلگایانە هەم بە ئیسلامی بمیننەوەو هەم عیلمانیش بن. کام بزووتنەوانە سەرچاوەی عیلمانیەت پیک ئەهینن لەم کومەلگایانەداو چەندە چانسی سەرکەوتنیان هەیە؟

**منصور حكمت** :بەبروای من ماندوویەتی چەپ لەرووی تیورییەوەو ئەو گورزانەی کە ئامانج خوازییو ئەندیشەی رەخنەگرانەو رادیکالأ لە ناوەراستی سالانی حەفتاکان بەم لاوە خواردی، ژمارەیەکی زور لە تیوریسینە چەپو خیرخوازەکانیشی لەبەرامبەر وەدیهینانی ئاواتە سەرەتاییەکانی ئینساندا دوچاری دیدیکی مەرحەلي- تاکتیکیو تەدریج گەراییەکی ئەسەف بار کرد. سەد سالأ بەرلەئیستا بەشەرییەتی پیشرەو گالتەی بەوە ئەکرد کە رزگاری ئینسان بەدەستی کەشیشەکانو لەریگای چەکوپینەکردنی دینو سەرهەلدانی خویندنەوەو لیکدانەوەی تازەی دین لەنیو کلیسادا بەدەست بیت. ئەمرو تویژەرەوەو بیریارانی پسپور دەتوانن گەلالەی ئەوە دابریژن کە ژنی ئیرانی لەئیستادا دەتوانی عیلمانیەت بە زیادکردنی رەنگیکی کراوەتر بو سەر رەنگە مولەتپیدراوەکانی دەولەت بو حیجابی ژنان لیکبداتەوە. ئەمە بەبروای من نەبینینی دینامیزمی گورانو شورشە لە کومەلگادا. جیهان تاکو ئیستا لەریگەی ژیرەوژوورکردنەکانەوە بەرەوپیش چووە. لەریگەی گورانکارییە سەرسورهینەرو خیراکان لە بواری بیرکردنەوە، تەکنیکو پەیوەندییە کومەلایەتییەکان .

بەبروای من ئەوەی بەراستی خەیالیو ناموکینە، چەکوپینەکردنی ئیسلامو گورینی هەنگاوبەهەنگاوی رژیمە ئیسلامییەکانە بو حکومەتی عیلمانی. ئەوەی کە واقعییە، مومکینە، وە لەپەیوەست بە ئیرانەوە ئیتر ناچارییە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەدیهاتنی عیلمانیەتە لەریگای خروشانی دژی دینیی خەلکییەوە، لەدژی ئەم حکومەتانەی کە هەنو لەدژی هەموو رافەکردنو خویندنەوە جیاجیاکان لە ئیسلام .

**پرسین** :ئەو هیزە کومەلایەتیو بزووتنەوانە کامانەن کە دەتوانن مژدەدەری سکولاریزم بن لە خورهەلاتی ناوەراستدا؟

**منصور حکمت** :بەپیی قاعیدە ئەمە دەبووایە پەیامی میژوویی بزووتنەوە بورژواییەکانو کاپیتالیزمی تازەپیگەیشتووی ئەم ولاتانە بووایە لە سەدەی بیستەم-دا. کاری لیبرالیزم، ناسیونالیزم، مودیرنیزمو غەربگەرایی بووایە. بو دەورەیەک وا تەسەور دەکرا کە ئەم پروسەیە هەرچەند بەشینەییو نیوەناچلاً، بەلام لەئارادایە. بەلام ئەم بزووتنەوانە لە سالانی حەفتاکاندا ئیتر تەمەنیان بەسەرچووو پروژەی گەشەپیدانی خورئاوایی راوەستاو قەیرانی حکومەتیی پەرەی سەند. بزووتنەوە سەربەخویی خوازەکان لە خورهەلاتی ناوەراستدا لەزوربەی حالەتەکاندا دەولەتی پرو غەربیان پیک نەهینا. روخاندنی بنەمالە پاشایەتییەکان بووە مایەی سەرهەلدانی دەولەتە عەسکەرییەکان کە بەشی زوریان لە ململانیی نیوان خورهەلاتو خورئاوادا کەوتنە نیو بازنەی دەسەلاتی سوفیتەوە .کاپیتالیزمو پیشەسازی لەولاتانی خورهەلاتی ناوەراستدا بەگشتی لەریگەی دەولەتە ناسیونالیستو سەرکوتگەرەکانەوە بلاوبووەتەوە. کومەلگایەکی مەدەنی بورژوایی پیک نەهات. لیبرالیزمو مودیرنیزمی بورژوایی دوو بزووتنەوەی بەسەنگ نین لە خورهەلاتی ناوەراستدا. ناسیونالیزمی دەسەلاتدار، چ لایەنگری سوفیتو چ لایەنگری خورئاوا، بەگشتی لەهاوپەیمانیەکی سیاسیدا بووە لەگەل ئیسلامدا .

بەهەرحالاً سکولاریزم بەوینەی بەرهەمیکی فیکری، سیاسیو ئیداری گەشەی کاپیتالیزم، لەخورهەلاتی ناوەراستدا سەری هەلنەدا. بەبروای من بورژوازی ناوچەکە نەخشەکاریکی سکولاری نییە، وەیان تەنانەت توانای



هەلویستگیرییەکی بەم جورەی نییە. دامەزراندنی نیزامیکی سکولار ئیتر کاری بزووتنەوە سوسیالیستیو کریکارییەکانە. وە ئەمە بەبروای من مەسەلەیەکە کە سەرکەوتنی چەپ لە ناوچەکەدا، لانی کەم بەدەستوبردی لەئیراندا، دەکاتە ئەگەریکی واقعیو ماددی. خەلکی نیزامیکی سکولاریان دەویت، وە لەنەبوونی جەبهەیەکی عیلمانیی راسترەودا، خەلکی لەدەوری ئالای چەپی کومونیست کودەبنەوە کەئامادەی خەباتیکی بنەرەتی بیت لەدژی دەسەلاتداریتی دین .

**پرسین** :بەرای تو تا چ رادەیەک دەکری سکولاریزم لەم کومەَگایانەدا پیادە بکریت؟

**منصور حکمت** :لەجیهانی ئەمرودا، بەم پەیوەندیو رایەلە فراوانە لەنیوان بەشە جیاجیاکانیدا، بەبروای من پاراستنی سەرخانیکی ئیسلامی لەناوچەیەکی ئاوا فراواندا، نا مومکینە. ناکری بەر بە سەرهەلدانی سکولاریزم بگیریت لە خورهەلاتی ناوەراستدا. بەبروای من سکولاریزم نەک تەنها دەکری پیادە بکریت، بەلکو دوای ئەزموونی ئیرانو ئەفغانستانو جەزائیر، بووەتە پیویستیو خواستی خەلکی ناوچەکە. کیشەکە هیشتا لەبنەرەتدا هەر مەسەلەی فەلەستینە. ئەم کیشمەکیشە هەروەک چون بالە کونەپەرستە دینییەکان لە ناو ئیسرائیل خویدا بەهیز دەکاتو توانایەکی زور زیاتریان پیدەبەخشیت لەو سەنگە واقعیو بچووکەی کە لەنیو کەلتوورو بیروباروەری خەلکدا هەیانە، لە بەرەی بەرامبەریشدا تەمەنی ئیسلامی سیاسیو ناسنامەی ئیسلام دریژ دەکات. هەرچی زووتر ولاتی سەربەخوی فەلەستین دابمەزریت، ئەوەندە زووتر گوری ئیسلامو ئیسلامیەت لەناوچەکە گوم ئەبیت .

**پرسین** :راتان چییە بەرامبەر بە تیزی "ململانیی شارستانیەتەکان"ی ساموئیل هانتینگتون؟ بەپیی بوچوونەکانتان ئیوە دەبی ئەگەری سەرهەلدانی ئیمپراتوریەتیکی شەر لەژیر ئالای ئیسلامدا رەت بکەنەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منصور حکمت :وتارو تیزەکەی هانتینگتون لەرووی زانستیو ناوەروکەوە بیئەندازە بینرخو پووچ بووو، دەستبەجیو بەدوورودریژی لەلایەن زوریک لە تویژەرەوەکانەوە وەلامی پیدرایەوە. لیکدانەوەی دلخوازانە، گونجاندنی واقعییاتەکان لەگەل بوچوونە زهنییەکانی نووسەردا، شیواندنی راستییە حاشاهەلنەگرەکانو میتودولوژیەکی بیئەندازە هەژارو دواکەتووانە لە شیکردنەوەدا، ئەمانە جیگایەک بو بەجدی وەرگرتنی باسەکە ناهیلنەوە. ئەم باسەی هانتینگتون لەسالی ١٩٩٣دا تەرح کرا، دوای هەرەسی سوفیتو راگەیاندنی "کوتایی کومونیزم"و "کوتایی میژوو" لە میدیاو ئەکادیمیای غەربدا. بو ماوەی دەیان سالأ هەموو زەینو هوشیاریی سیاسی بورژوازی خورئاوا لەدەوری بوونی دوژمنیکی جیهانی، جەمسەریکی جیهانییو بەهیزی رەقیب، گەلالە کرابوو. لەسالانی دواییو لە سەردەمی ریگان-دا، ئەم ململانییە تەنانەت لیکدانەوەیەکی تەواو هولیودی پەیداکردبوو. "ئیمپراتوری شەر"،" شەری ئەستیرەکان" چەند مەقولەیەکی ئەم کەلتوورە سیاسییە بوون. دوای نەمانی سوفیت، مەسەلەی "دوژمن کییە؟"و مەسەلەی سەرلەنوی پیناسەکردنەوەی ئەرکەکانی ناتوو ریکخراوی سی ئای ئەیو سیاسەتی خارجی ئەمریکاو گەشەی سەرلەنویی تەریکخوازیی لە هەندی بالی کوماریخوازەکاندا پەرەی سەند. "ململانیی شارستانیەتەکان" وەلامیکی پرلەهاتوهاوار بوو، لەنیو هەمان کەلتووری هولیودیدا، بەم پرسیارانە .

من لەگەل ئەم خالەی گراهام فولەردا بەتەواوی هاورام کە جیاوازییە "شارستانیەتی" یەکان قالبیکن بو سەرهەلدانی ئەو جیاوازییە کومەلایەتییانەی کە لەئارادان. مەقولاتی "شارستانیەتەکان" لە پروپاگەندەی جەنگیو دوزینەوەی بازاری سیاسی بو ئەم بەرژەوەندییانەدا دەوریان هەیە. بەلامی لەخودی کیشمەکیشەکەدا دەوریکیان نییە. ئیسلامیەتو لیکدانەوە ئیسلامییەکانو دەمارگیریی ئیسلامی ئامرازی هەلخراندنی کومەلایەتین لەو کیشمەکیشە ماددییە کومەلایەتییانەدا کە خویان پەیوەندییەکیان بە ئیسلامو شارستانیەتی ئیسلامیو ململانیی ئەو لەگەل



کەلتووری غەربییەوە نییە .رووداوەکانی یوگوسلافیا لەسەر جیاوازی شارستانیەتی مەسیحی خورئاوا لەگەل مەسیحیەتی ئەرتەدوکسی خورهەلات نییە (کە مەعلوم نییە لەم نیوەدا بوچی" شارستانیەتی"ئیسلامی لە بوسنەو کوسوفو سەری ناوەتە سەر سەرینی" شارستانیەتی" خورئاوا!). یان دە سالأ ویرانکردنی عیراق ئاکامی ململانیی نیوان شارستانیەتی خورئاواو ئیسلامی نییە. دنیا چینایەتییە. شانوی خەباتی چینایەتییە. شانوی ململانیی بالأو بەشە جیاجیاکانی سەرمایەیە لەسەر دەسەلاتی سیاسیو بەرژەوەندیی ماددیو قازانجو بازنەی دەسەلاتو قەلەمرەوی چەوساندنەوە. شانوی خەباتە لەپیناوی ئازادیو سرینەوەی هەلاواردندا. شانوی ململانیی نیوان چەپو راستە. شانوی ململانیی شارستانیەتەکان نییە .

وە سەرەنجام، قسەکردن لە شارستانیەتی ئیسلامی، وەکو شتیک کە گوایە لە روژهەلاتی ئەو هیلەی جەنابی هانتینگتون لەسەر نەخشەی جیهان کیشاویتی دەسەلاتدارە، شتیکی پووچە. نە ئیسلام شارستانیەتە، نە لەو ولاتانەدا دەسەلاتدارەو نە توانای گیرانی دەوری ئیمپراتورییەتیکی شەیتانی هەیە .پروپاگەندەی روژانە لە خورئاوادا، بەتایبەت کاتیک کلینتونو بلیرو ناتو دەم ئەکەنەوە، ئەم وینایە بەدەستەوە ئەدات کە گوایا صدام حسین لەبەر دەروازەی داگیرکردنی جیهاندایەو ژیانی ئیمە لەسایەی مەرحەمەتی ناتودایە کە تاکو ئیستا لەبەردەم ئەم دیوەزمەیەدا بە چنگو ددان مقاوەمەتی کردووە! وروژاندنی بیرورای گشتیی خورئاوا لەدژی خەلکی خورهەلاتی ناوەراست بەرژەوەندییەکی ماددی زوری تیایە بو هەندیک ناوەندی جیاجیا، بەلام پەیوەندییەکی بە ریزبەستنە حەقیقییەکانەوە نییە لەجیهانی ئەمرودا .بەهەرحالأ باسەکەی هانتینگتون لەرووی عەمەلییەوە نفوزیکی پەیدا نەکرد، هەرچەند رەنگە خیریکی زوری بووبیت بو پیشەکەی هانتینگتونو بودجەی دامەزراوەی لیکولینەوەی ستراتیجی "ئەلین" لە زانکوی هاروارد .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەم میزگردە بو یەکەمجار لە ژمارە-٣ی زستانی ٢٠٠١ی گوفاری فارسی زمانی "پرسش" (بەمانای پرسین- کە گوفاریکی وەرزیی سیاسی کومەلایەتی کلتوورییەو سەرنووسەرەکەی عەلی جەوادییە) بلاوکراوەتەوە. باقی بەشداربووانی میزگردەکە بریتی بوون لە: ئولیفەر روی، گراهام فولەر، ئیرفەند ئەبراهامیانو ئیان لیسەر .**



# رووبەرووبوونەوە لەنزیکەوە:

## راپورتیکی پزیشکی

لەم هەفتانەی دواییدا دوستانیکی زور، لە هاوری‌یانی شەخسی، هەلسووران‌و دوستانی حیزب، خوینەرانی ئەنتەرناسیونالی هەفتانە (انترناسیونال هفتگی)و گویگرانی رادیوی ئەنتەرناسیونال، نیگەرانی خویان لە غیاب‌و بیدەنگی چەند هەفتەیی من دەربریووە. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە من تازە لە گرفتیکی تارادەیەک گەورەی پزیشکی دەرچوومەو، ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە بەنامەیەک کومیتەی ناوەندیی حیزبم لە مەسەلەکە و رەوتی چوونەپیشەوەی کارەکان ئاگادارکردەوەو لە دواکوبوونەوەی مەکتەبی سیاسیشدا بەئامادەبوونی خوم روونکردنەوەی پیویستم دا، ئیستا ئیتر وەزعەکە بەئەندازەی پیویست گەراوەتەوە سەر باری ئاسایی خوی کە بتوانم مەسەلەکە بەئاگاداری هەمووان بگەیەنم .

چەند هەفتەیەک بەرلەئیستا، دوای هەندی فحوصات دەرکەوت ئەو برینە بچووکەی کە لەم مانگانەی دواییدا لەدەوری زمانم سەری هەلدابوو، لەراستیدا لو (غودە)یەکی سەرەتانی‌یە کە دەبی نەشتەرگەریی بکریت. ئەم نەشتەرگەرییە یە خیرایی لە کلینیکیکی باکوری ئەمەریکا ئەنجامدرا . لووەکەو بو دلنیاییش بەشیک لە شانە تووشنەبووەکانی چواردەورەکەی‌و هەروەها چەند تویژالیک لە غوددە لمفاوی‌یەکانی گەردن کە ئەیانتوانی ببنە دەروازەیەک بو دزەو بلاوبوونەوەی نەخوشی‌یەکە لابران. شیکاری دەری خست کە ئەم نەخوشی‌یە لەقوناغی سەرەتاییدا بووە، لووەکە بچووک بووەو بەتەواوی لابراوەو شانە پیس(خبيپ)ەکە دزەی نەکردوتە ناو غودە لمفاوی‌یەکانەوە. لەروانگەی پزیشکەکانەوە، موعالەجەکانی من لەم قوناغەدا، رەنگە دوای چەند روژیک لە رادیوتراپی تەواوکەرو ئیحتیاتی، تەواو دەبیت. ئەمە نەخوشی‌یەکی دریژخایەن (موزمین) نییە. دوای نەشتەرگەرییەکە لەروانگەی زانستی پزیشکی‌یەوە ئەم نەخوشی‌یە کوتایی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیهاتووه. بەلام ئەگەریکی کەم بو سەرهەلدانەوەی هەیەو ئەمەش لەسالانی ئایندەدا چاودیری‌یەکی پزیشکیی ریکوپیکو تایبەتی دەخوازیت. زوربەی تووشبووانی ئەم نەخوشی‌یە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە قوناغە سەرەتاییەکاندا موعالەجە ئەکرین، شانسیکی باشیان بو چاکبوونەوەو ژیانیکی کەم تازور نورمال هەیە. بەقەولی فودی ئالن، گرنگ نییە مەرگ کەی‌و لەکوی دیتە سوراغم، گرنگ ئەوەیە لەو کاتەدا من لەوی نەبم .

ئیستا ئیتر ئەعرازە جانبی‌یەکانی نەشتەرگەرییە قورسەکەی من کەم تازور نەماوە. سەرباری ئەو زیانەی کە نەشتەرگەری‌یەکە بە ماسولکەی زمانی گەیاندبوو، قسەکردنی من تووشی گرفتیکی ئەوتو نەبووەو روو لەچاکبوونەوەی یەکجاری‌یە. هەروەک وتم ئەم نەخوشی‌یە موزمین نییە. وە تا ئەوکاتەی کە نەگەرابیتەوە، نییە. بەپی‌ی قاعیدە دەبی ئەم رووداوە لەئیستادا کاریگەری‌یەکی جسمیی لەسەر منو توانای کارو هەلسوورانی من دانەنیت. بەلام بەهەرحال بەداخەوە هیشتا سەرەتان ووشەیەکی ترسناکەو، ئەگەرچی ئیستا لەئەنجامی دەستکەوتە پزیشکی‌یەکانی ئەمرودا ئیتر بی‌سی‌ودوو بە سزای ئیعدام دانانریت، هیشتا سیبەریکی رەش، هەرەشەیەکی هەمیشەیی، میژوویەکی لەناوچوونو حوکمیکی تەنفیزنەکراو، بەسەر سەری ئەوکەسانەوە رادەگری کە تووشی دەبن. دەبی حیساب بو ئەم رووداوە بکریت. جەبهەیەکی تازەی شەر لەژیانی ئەو کەسەو نزیکەکانیدا دەکریتەوە. دەبی جیگای ئەم رووداوە لەنیو ژیاندا بکریتەوەو خوتی لەگەلدا رابهینیت. هەندی شتی روتینی دەبی بگوریت. ئەم رووداوە، بەتایبەتی لەسەرەتای کاردا، بەهەرحال کاریگەری خوی لەسەر جوری هەلسووڕانو رولی من لەحیزبدا دادەنیت. بەرنامەی من ئەوەیە کە لەرووی سیاسی‌و حیزبی‌یەوە زور هەلسووراوبم. لەم رووەوە، ئەم رووداوە هیچ شتیک بومن ناگوریت. لەهەمانکاتدا بەهاوبیری لەگەل رابەرایەتی حزبی کومونیستی کریکاریدا خەریکی پەیداکردنی ئەو ریگایانەین کە گوشارو قورسایی کاری ریکخراوەیی‌و حیزبی لەسەر من کەم ببیتەوەو بتوانم بە



دەستئاوەلاییەکی زیاترو مەسئولییەتیکی راستەوخوی کەمترەوە کاربکەم . یەکیک لەو کارانە گورینی هەمیشەیی سەرنووسەری (ئەنتەرسیونالی هەفتانە)یە. بەسوپاسەوە بو کورشی ئازیز، (هەیئەتی دەبیران) بەم زووانە سەرنووسەریکی هەمیشەیی تازە دیاری ئەکات. گورانکاری‌یەکانی دیکە، دەبی پلنیومی داهاتووی کومیتەی ناوەندی لەمانگەکانی داهاتوودا پەسەندی بکات .

وە سەرەنجام، هەرکەسیک لەنزیکەوە لەگەل سەرەتان رووبەروو ببیتەوە، پیتان دەلیت کە چون ئەم ئینسانە بو چەند روژیک بو گەشتوگوزاریکی سەیروسەمەرەی فیکریی‌و مەعنەوی دەنیریت. دەلی‌ی چاوبەستەکانتان دەکەنەوە، قفلەکان لەسەر سوزو ئەفکارتان لادەبەنو ئەیەلن جاریکی دیکە سەرلەنوی ئازادانەو بەخیراییەکی سەرسورهینەر گەشتیک بەناو هەموو کولانو لاکولانەکانی دنیاو ژیانتاندا بکەن. من ئەم گەشتەم کرد. زور شتی لیوە فیربووم. دوزینەوەی خوتو رەنگە سەرەدەرزی‌یەکیش نزیکبوونەوە لە حەقیقەتو مانای ژیان. دەمەوی لەیەکەم فرسەتدا کە بتوانم ئەم سەفەرنامەیە، بەتایبەت روو لەو سەدان ئینسانە میهرەبانەی کە لەو روژانەدا لەدوورو نزیکەوە منو خیزانەکەمیان گرتە باوەش، بنووسم . لەئیستادا تەنها پربەدل سوپاسیان ئەکەم .

حزبی کومونیستی کریکاری بەرنامەیەکی گرنگی بەدەستەوەیە بو خەلک . ئەمسال سالیکی چارەنووسسازە لەمیژووی ژیانی حیزبو بزووتنەوەی ئازادی‌و یەکسانیدا. کارمان زورە. منیش گەرامەوە.

لە "انترناسیونال هفتگی"ی ژمارە ٥٥ی ٢٥ر٥ر٢٠٠١ەوە

وەرگێڕانی: سەعید ئەحمەد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# تەرحی سازماندەیی رابەری حیزب

## پەسەندكراوی پلینومی ١٤ هەمی كومیتەی ناوەندیی (سیپتامبەری ٢٠٠١ )

**پیشەكی** :ئامانجی ئەم تەرحە، خستنەرووی شیوەیەكی خوازراو، بو سازماندەیی دریژماوەی رابەریی حیزبی كومونیستی كریكارییە، كە جووت بیتەوە لەگەل موشەخەساتی تایبەتی حیزبمان .تاقیكردنەوەی ئەم دواییە نیشانی دا، تەرحی پەسەندكراوی پلینومی پیشوو، كە لەویدا دەسەلاتەكانی كومیتەی ناوەندی بەسەر مەكتەبی سیاسی و لیدەری حیزبدا دابەش بووە، دەتوانیت لەكاتی لە ئارادابوونی پیویستییە دیاریكراوەكانی، بو هینانەكایەوەی رابەرییەكی كاریگەر و بەهیز، تەرحیكی گونجاو بیت. لەهەمانكاتدا لە كاتی لە ئارادانەبوونی ئەو پیویستییانە، حیزب بەرەو شكست ئەبات. بونمونە، گردەوەبوون و كوبوونەوەی یەك لەدوای یەك و زووبەزووی مەكتەبی سیاسی، وە لە ئارادابوونی سیستەمیكی ئیداریی ناوخویی پشتبەستوو بەو مەرجە، سەرەنجامی ئەركی ئەم ئورگانەیە، بە ناونیشانی دەزگایەكی سەرەوەی حیزب، كە سیاسەت دائەریژی و لیی دەپرسیتەوە. بە نەبوونی ئەم گردەوەبوون و دەخالەتگەرییەی مەكتەبی سیاسی، لایەنیكی بنەرەتی تەرحی پەسەندكراوی پلینومی پیشوو، نایتە جیبەجیكردن. لەلایەكی ترەوە، هەلبژاردنی كەسیك بە ناونیشانی لیدەر، تا ئەوكاتە بە شیوازیكی كارساز دەژمیردری كە: یەكەم، كاندیدگەلیكی كافی و ئامادە بو گیرانی ئەم رولە لە ئارادابیت، دووەم، لە هەمانكاتدا، كەسیك وەیان چەند كەسیك لە كاندیدەكانی ئەم پوستە، لە ئوتوریتەیەكی سیاسی



و مەعنەوی جیكەتوو، كە یەكگرتوویی كومیتەی ناوەندی و تەواوی حیزب لە ژیر رابەرایەتی خوی رابگری، بەهرەمەند بیت. ئەگەر بەم جورە نەبیت، ئەوا دانانی لیدەر، ئەشی، بە یەكیك لە گەورەترین كیشەكانی سازمانكاری رابەری، بگوریت. هەلبژاردنی لیدەریك بو حیزبیكی ئاسایی و جیكەوتە لە كومەلگایەكی روژئاواییدا، حیزبیكی بەهرەمەند لە نەریتی بەهیزی كاری حیزبی، بە فراكسیون و بالگەلی شكلگرتووەوە، شیوازیكی گونجاوە. بەلام لە حیزبیكی شورشگیری دژەریرەودا، ئەركیكی بنەرەتی لیدەر پیكەینان و پاراستنی یەكیتییەكی بەرفراوانی حیزبییە. ئەوەی كە لەهەر دەورەیەك و لە هەر هەلومەرجیكدا، كەسیك وەیان كەسانیك بەم تایبەتمەندی و ئوتوریتەیەوە حزوریان هەبیت و ئامادەی ئەم لیپرسراویتییە بن، ناتوانریت مسوگەر بكریت .

**سەرەنجام، ئەم تەرحەی بەردەست، لەسەر چاوپیاخشاندنەوە بە دوو خال لە شیوازی سازمانكاری ئیستا، بنیاتنراوە .**

١ -لە جیگای فەردی لیدەر، كوریك (مجمع)، دەستەگالیك، جەمعیكی رابەری جیگیر، پیشنیار ئەكریت. ئیستا كەسیك لەسەرەوەی ئەم جەمعە قەراری گرتووە، بەلام دەسەلاتەكانی تا ئاستی سكرتیری ئەم جەمعەیە و لە مافی فیتوی تایبەتی بەهرەمەند نییە .

٢ -دابەشبوونی دەسەلاتەكانی كومیتەی ناوەندی بەسەر لیدەر و مەكتەبی سیاسیدا، هەلئەوەشیتەوە. تەواوی دەسەلاتەكانی رابەری حیزب لە ماوەی نیوان دوو پلینومدا، بو مەكتەبی سیاسی ئەگویزریتەوە. رابەریی جیگیر (كە لەم تەرحەدا، ناوی نراوە هەیئەتی دائیمی مەكتەبی سیاسي)، بەشیكە لە خودی مەكتەبی سیاسی، كە لەلایەن مەكتەبی سیاسییەوە، بو رابەرایەتی سیاسی و رینوینیكردنی عەمەلی و سازماندەیی حیزب هەلئەبژیردریت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەم تەرحە بەرووکەش، لە میلەگشتییەکانیدا، گەڕانەوەیە بو شیوە کونەکەی سازماندەیی رابەری حیزب (مەکتەبی سیاسی بە ناونیشانی رابەری حیزب، لە ماوەی نیوان دوو پلینومدا). بەلام ئەبی، جەخت لەسەر چەند جیاوازییەکی عەمەلی و شیوەکاریی کەلەم تەرحەدایە، لەگەل شیوە کونەکەیدا بکریت :**

١ -لە ئارادابوونی رابەرییەکی جەمعی جیگیر و گردوکو لە جوگرافیایەکدا، کە بە شیوەیەکی هەمیشەیی لە سەرەوەی حیزب حزوری هەیە، کولەکەی بناغەیی ئەم تەرحەیە. هەتا ئیستا حیزب، لە ئاوها گردوکویەکی رابەری بەهرەمەند نەبووە .

٢ -ئەم جەمعە بە تەنها رابەرایەتیکردنی جیبەجیکردن و ئیدارەکردنی حیزبی لە ئەستودا نییە، بەلکوو رابەرایەتیکردنی، بە مانا فراوانەکەی، لە ئەستودایە. نەخشەدانەری گشت سیاسەتەکان، تاکتیکەکان، نەخشەکانی کار، کەمپینەکان و شتی تر، شیکردنەوەی ئەوانە لە ناوە و لە دەرەوەی حیزب، داکوکیکردن لییان، پیادەکردنیان، سازدان و ئامادەکرنی هیز، لە نیو حیزب و چین و کومەلگادا، بوبەجیگەیاندنی ئەوانە، بناغەی هەلسورانی ئەم جەمعەیە. نوسین و قسەکردن لەسەر لایەنی جوربەجور، لە مەسەلەی تیورییەوە هەتا ئەگاتە مەسەلەی سازماندەیی، بەشیکی بنچینەیی و لە دابراننەهاتووی کاری ئەم جەمعە و ئەندامەکانییەتی. گورینی ئەم هەیئەتانە بە ئورگانی جیبەجیکردن و بەریوەبردنی رووت و بەس، بەمانای تەواوی وشە، یانی مەحرومکردنی حیزب لە رابەری .

٣ -بناغەی بەکارەینانی چاودیریکردنیکی سەربەخو لەسەر رابەری نیشتەجیی حیزب لەم تەرحەدا، لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە (چاودیریکردنیک، کە لە تەرحی پلینومی پیشوودا، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە لەسەر لیدەر بەکارئەهینرا)، بە هەلبژاردنی سکرتیریک بو



کومیتەی ناوەندی، کە ئەندامی رابەری جیگیری حیزب نییە و سەربەخو، راپورتی خوی ئەداتە پلینوم، زامن ئەکریت .

سەرەنجام، هەر تەرحیک، تەنها بە ئەندازەی ئیرادە و توانایی جیبەجیکەرانی کاریگەر و بەکەلک ئەبیت. یەک پرانسیپی بناغەیی هەر تەرحیک بو سازماندەیی رابەری حیزب، لە ئارادابوونی کەسانیکە کە ئامادەبن بە پلەی یەک رابەری سیاسیی و حیزبیی بەمانای دروست و تەواوی وشەکە، دەرکەوتبن .لیرەدا دیسانەوە، ئامادەیی کومیتەی ناوەندیی، مەکتەبی سیاسی و بەتایبەت، هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی، بو بەئەنجامگەیاندنی کاروباریک کە لە ئەستوی دەگرن، مەرجی سەرکەوتوویی ئەم تەرحەیە .

**بینای رابەری حیزب و ئورگانەکانی** :

١ -کونگرەی حیزب، کومیتەی ناوەندیی هەلئەبژیریت .

٢ -کومیتەی ناوەندیی، ئورگانیکی پلینومییە. لەماوەی نیوان دوو پلینومدا، مەکتەبی سیاسی هەلبژیراوی پلینوم، رابەریی حیزبی لە ئەستودایە .

٣ -مەکتەبی سیاسی بو مسوگەرکردنی رابەریی هەمیشەیی و نیشتەجیی حیزب، لە نیوان خویاندا "هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی" و "سەروکی مەکتەبی سیاسی "هەلئەبژیرن .

٤ -هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی، رابەریی جیگیری سیاسی و ریکخراوەیی حیزبە. سەروکی مەکتەبی سیاسی، لەسەرەوەی هەیئەتی دائیمی، قەراری گرتووە و کوبوونەوەکانی هەیئەتی دائیمی بە سەروکایەتی سەروکی مەکتەبی سیاسی ئەنجام ئەدریت. بریارەکانی هەیئەت، بە زورایەتی ریژەیی دەنگەکان بەئەنجام ئەگەیەنریت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥ -دەسەلاتەکانی سەروکی مەکتەبی سیاسی لە هەیئەتی دائیمیدا، هاوشیوەی سکرتیری ئورگانیکە. سەروکی مەکتەبی سیاسی لە پروسەی بریارداندا، هەروەکوو ئەندامانی تری هەیئەتی دائیمی، خاوەنی یەک دەنگە .

٦ -هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی، جەمعیکی گردوکو و جیگیر لە تاکە ولاتیکدایە .

٧ -تەرح و سازماندەیی بەریوەبەرایەتی جیبەجیکردنی حیزب (پیکەینانی هەیئەتی سکرتیرەکان، کومیتەی جیبەجیکردن، مەکتەبی ناوەندی و ئورگانی تر)، لە دەسەلاتەکانی هەیئەتی دائیمییە .

٨ -پلینومی کومیتەی ناوەندیی بەهەمان شیوە، کەسیک بە ناونیشانی سکرتیری کومیتەی ناوەندیی، هەلئەبژیریت. سکرتیری کومیتەی ناوەندیی نابیت، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بیت. سکرتیری کومیتەی ناوەندیی، مەرجەعیکی تەنفیزی نییە، هەروها مەرجەعیک نییە بو دارشتنی سیاسەت و بو رابەریکردن. ئەرکی سەرەکی سکرتیری کومیتەی ناوەندیی کە لەلایەن کومیتەی ناوەندیەوە پیی ئەسپیردری، چاودیریکردنیکی سەربەخویە، لەسەر هەلسورانی مەکتەبی سیاسی و رابەری حیزب، وە ئامادەکردنی راپورتیکی جیاکارە لەوبارەوە، بو پلینوم. بانگەوازکردن و سازماندەیی پلینومەکانی کومیتەی ناوەندیی، لەلایەن سکرتیری کومیتەی ناوەندییەوە ئەنجام ئەدریت .

٩ -پلینومی کومیتەی ناوەندیی بەلای زورەوە، شەش مانگ جاریک و کوبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، دوو مانگ جاریک، ئەبەستریت .

١٠ -سەنگوپیوانەکانی جیبەجیکردن و وردەکارییەکانی تری ئەم تەرحە، لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، دائەریژری و بریاری لەسەر ئەدریت .



منصور حکمت

* * *

سالار رەشید لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی ٢٠٠٤/٩/٢٣



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم کاری ئێمەیە

## گفتوگۆی بلۆکراوەی ئەنتەرناسیۆنالی هەفتانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت دەربارەی ئاکامەکانی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر خەڵکی ئەمریکا (ئەیلولی 2001)

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :لە ئەنجامی هێرشی تیرۆریستیو خۆکوژی بۆ سەر باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهان لە نیویورکو بینایەی پنتاگۆن لە واشنتۆن هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمریکا گیانیان لە دەست داوە. هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا چییە؟

**مەنسور حیکمەت** :دوابەدوای ڕووداوەکە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەستبەجێ بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد، ئیمە ئەم هەنگاوە بە وینەی تاوانیکی گەورە لە دژی بەشەریەت، بە وینەی کۆکوژیەکی پڕاوپڕ مەحکوم دەکەین. دڵمان لەگەڵ خەلکی لە خوین هەڵکیشراوی ئەمریکادایەو پڕ بەدل لەم ناخۆشییەی ئەواندا بەشداری دەکەین. ڕیکخراوو دەولەتانی کۆنەپەرست تیرۆریزمیان کردووە بە گۆشەیەکی جێکەوتوی ژیانی هاوچەرخ. ئیمە باوەرمان وایە کە دەتوانرێو دەبێ بە هیزی خەلک کۆتایی بە تیرۆریزم بهینریت، بە دەولەتیو غەیرە دەولەتییەوە. ئەوە بۆ ئیمە ڕۆشنە کە ئەم ڕووداوە، سەرەرای ئەبعادی سەرسوڕهێنەری تاوانیک کە ڕاستەوخۆ ڕووی داوە، تازە خۆی سەرەتایەکە بۆ پەرەسەندنی پێشبرکێی تیرۆریستی لە ئاستی جیهاندا. ڕۆژیکی ڕەشو پەردەی یەکەمی



کوێرەوەرییەکی زۆرترە. بانگەوازی ئیمە بۆ خەلک ئەوەیە کە بینە مەیدانو خۆیان دنیا بەدەستەوە بگرن. دەبێ دنیا لە دەستی بۆمب ڕیژانو جەنەراڵەکان دەربهینرێ .

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :ئەم هەنگاوە تیرۆریستییە لەلایەن کێوە ئەنجام دراوەو بە دوای چ ئامانجیکەوەیە؟

**مەنسور حیکمەت** :هیشتا ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا نەبووە. دەکرێ ئیحتمالاتی جۆراوجۆر لەئارادابێت. لە ڕووداوی ئۆکلاهمادا بە خیرایی دەرکەوت کە دەستەیەک لە باڵی ڕاستی توندرەوی خودی ئەمریکا هۆکاری ئەو کارەساتە بوون. بەلام ئەمجارە لە نیشانەکان وا دەرئەکەوێ کە ڕەوتیکی ئیسلامی لە پشتی ئەم تاوانەوە بێت. خەسلەتی خۆکوژی کردەوەکە، ئەم ڕووداوە ئەخاتە خانەی نەریتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە. ئەوەی کە کام ڕیکخراوی ئیسلامی یان کام پیکهاتە لە ڕیکخراوەو دەولەتان لە پشتی ئەم هیرشەوە بوون ئەمەیان نارۆشنترە . ئەبعادی کردەوەکە، بوونی چوار گروپ بە چوار فرۆکەوانی مەشقپێکراوەوە بۆ لیخورینی فرۆکەی نەفەرهەلگر کە ئامادەی خۆکوژی بوون، نیشانەی نەخشەیەکی دریژماوەی ٤-٥ ساڵەیە. ئەوەی کە سەرەداوێ لەم نەخشە گەورەو دریژ ماوەیە دزەی نەکردووەو نەگەیشتووەتە ڕیکخراوە جاسوسیەکانی غەرب، بەلگەی ئەوەیە کە سەرچاوە زانیاریەکانی دەولەتانی غەربی نفوزیکی ئەوتۆیان لە نیو ئەم ڕەوتانەدا نەبووە. کە ئەمەش دیسانەوە ئاماژە بۆ دەرەوەی ئەمریکاو ئەوروپا ئەکات. سەرباری ئەمانە ناتوانرێ بە یەقینەوە سەبارەت بە ئەنجامدەرانو هۆکارەکانی ئەم هیرشە قسە بکریت .دەولەتی ئەمەریکاو میدیاکان بەشیوەیەکی سەرەکی پەنجە بۆ گروپی بن لادن دریژ ئەکەن .

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :بەرپرسانی ئەمریکا قسە لە تۆڵەو تەمێ کردنی تیرۆرستانو وولێتانی لایەنگری تیرۆریزم دەکەن. بن لادن تاوانبار کراوەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەڵێن ئەگەر تالیبان ئەو تەسلیم نەکاتەوە رەنگە هێرش بکرێتە سەر ئەفغانستان. رای ئیوە لەم بارەیەوە چی‌یە؟

**مەنسور حیکمەت**:بەرای من بێ شک ئەمریکاو ناتۆ دەست دەدەنە کردەوەیەکی گەورەی توندوتیژی. مەرج نییە، وەیان لەبنەرەتەوە مەبەست تەمێ کردنی ئەنجامدەرانی ئەم رووداوە نییە، کە رەنگە نیشانەی ئەمەریکا هەر ڕووی لەوان نەبێت، بەلکو بەمەبەستی هیزنواندن لە ئاستی جیهانی‌داو هەروەها بۆ لەبەرچاوگرتنی هەندێ عاملی نەفسیو مەعنەوی ناوخۆیی لە خودی ئەمریکادا. ئەمریکا لە نیوان ریگایەکی سیاسی کاریگەر بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە تیرۆریزمی دژی ئەمریکاییو ریگایەکی سەربازیی بودەڵەدا، بێ شک دووەمیان هەڵدەبژیرێ .چونکە تیروانینی ئەمریکا بۆ خۆیو بالادەستیی خۆی، لەسەر توانا سەربازی‌یەکەی دامەزراوە .

لە بارەی ئەبعادی کاردانەوەکەی ئەمریکاوە هیشتا شتیکی براوە لەئارادا نییە، پیم وا نی‌یە کە خۆشیان بۆمبو مووشەک وەشاندنی دووراودوور بۆ شارو ناوچەکانی ئەفغانستان بە هەنگاوو ریگایەکی کافی بزانن. ئەگەر تالیبان بن لادن تەسلیم بکاتەوە، رەنگە ئەبعادی کاردانەوە سەربازی‌یەکەی ئەمریکا لەچوارچیوەیەکی بەرتەسکتردا ببینیتەوە. ئەگینا، بە پێی قاعیدە جۆریک لە داگیرکردنی زەمینیو پیشرەوی لە ئەفغانستانو تەنانەت لە عیراقدا دەخەنە بەرنامەیانەوە. ئەمە زۆر شت دەگۆڕێ، روخساری سیاسی دنیا دەگۆڕێ .

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :لە کاردانەوە بەراییەکاندا بەرامبەر بەم روداوە، لەخودی ئەمریکادا باس لەلاوازی ئەمنیو زانیاریی کراوە. بە شیوەیەکی واقیعیش، لە خاکی ئەمریکادا هیرش کراوەتە سەر بینایەی وەزارەتی دیفاع و گرنگترین مەرکەزی مالییو خەلکیکی زۆریش بوون بە قوربانی. ئەم روداوە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەمریکا وەک زلهیزی جیهان دائەنیت،



ئەمریکا بۆ پیش گرتن بەهاتنە خوارەوەی مەوقعیەتی خۆی مومکنە چ کاریک بگریتەبەر؟

**مەنسور حیکمەت** :بەپیچەوانەوە بەرای من ئەم تیرۆریزمە بەقازانجی جیگیرکردنی روخساری ئەمریکا وەک زلهیزیک کاردەکات. زلهیزیی ئەمریکا کاریکە کە لەبەرامبەر جەمسەرە ئابوری وسیاسی و عەسکەریەکانی دیکە لە جیهانی سەرمایەداریدا پیناسە دەکریت، نەک لەبەرامبەر ئەفغانستان یان عیراق یان جیهادی ئیسلامی یان حەماس. زلهیزیی ئەمریکا بەمانای ئەوەیە کە هەرچی‌یەکی بوویت لە جیهاندا بیکات. نەک ئەوەي کە فرۆکەخانەکانی ئیمکانی نفوزتیکردنی نەبیت، یان بیناکانی لەسووتاندن نەیات. فەزای ئەمرۆی دنیا، دوای ئەم رووداوە، ریک وەک دەورانی دوای داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە، فەزای دەربرینی وەفاداریی سەرلەنوێی هیزەکانی دیکەی غەربە بۆ ئەمریکاو تەسلیم بوون بەخواستە سیاسی وعەسکەریەکانی دەستەی حوکمرانی ئەمریکایە. ئەم تاوانە تیروریستیە وەرەقەیەکی سپی ئیمزاکراو دەداتە دەستی ئەمریکا بۆ دەخالەت کردنی عەسکەری لەهەر شوینیکی دنیاو بۆ پی‌داگری سەرلەنوێ لەسەر بالادەستیی جیهانیی خۆی. تا یەک رۆژ پیشتر دەولەتی ئەمریکا بە هۆی لایەنگری توند ولاسارانەی لە ئیسرائیلو دەرچونی لەژیر باری پەیماننامەی کیوتو (سەبارەت بە پاراستنی ژینگە) لەلایەن کۆوکۆمەلە بالی‌کان و میدیاکانی ولی‌تانی غەربەوە لەژیر فشاردا بوو. ئەمریکا وەک ئامرازو بەهانەو پیشەکیەک کەلک لەم روداوە وەردەگریت بۆ هیزنواندنی عەسکەریی خۆی. لە کورت ماوەدا هەموو دەولەتە غەربیەکان "بەڵێ قوربان"ی بۆ دەلینو ئامادەباش رادەوەستن .بەلام لەدریژماوەتردا هاوکیشە ئابوری وسیاسی‌یە جیکەوتووترەکان دیسانەوە خالی هاوسەنگیی بەزیانی ئەمریکا دەگۆڕن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :لەباری سیاسیەوە ئایا ئەم روداوە مەسەلەکانی وەک ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراستو مەسەلەی فەلەستین دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە؟ چۆن؟

**مەنسور حیکمەت** :لە کورت ماوەدا بێگومان هەموو شتێک دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هەردوولای کیشمەکیشەکە لە فەلەستین وئیسرائیل حەپەساوو نیگەرانن. عەرەفات بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە مایکرۆفۆنو مەحکومی دەکات، نەکا گۆشەیەکی ئەم رووداوە بەناوی ئەوەوە بنوسن. سەرانی ئیسرائیل بە توندی لەو فۆرمۆلەبەندیەیە کە دەلی ئەم رووداوە دریژەی مەسەلەی فەلەستینو کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر توندوتیژیەکانی ئیسرائیلدا، دەپەشۆکێنو شانی خۆیان لە مسئولیەت خالی دەکەن. بەلێم کاریگەری ئەم رووداوە لەدێژماوەتردا بەستراوەتەوە بە کاردانەوەی سەرەتایی ئەمریکاوە لەبەرامبەر ئەم رووداوەدا. ئەگەر هێزنواندنێکی خویناوی دژی ریکخراوە ئیسلامیەکان روودات، ئەو کات لە کۆتایی ئەم بینەوبەرەیەدا، هەروەک لەکۆتایی هیرش بۆ سەر عیراقدا بینیمان، سوورێکی دیبلۆماسیی بۆ ئاشتی هەردوولا لە دلی ئەم هاوسەنگیە عەسکەریە تازەیەدا دەست پیدەکات. بەلێم مەسەلەی فەلەستینو جیگاوریگای ئیسرائیلو عەرەبەکان ریشەیەکی قوولتری لەواقیعیەتە محەللیەکاندا هەیە. ئاشتی لە فەلەستین بەبێ وەرچەرخانی هەردوو کۆمەلگا لە ئیسرائیل وفەلەستین بەرەو چەپ لە تواناد‌ا نیە. سکولاریزم و عەدالەتخوازی لەهەردوو بەری کیشەکەدا دەبیت بەسەر قەوم پەرستی ومەزهەبدا سەرکەوی تا ئاشتی مومکن بیت .مەسەلەی فەلەستین ریگاچارەی عەسکەری نیە. تۆقاندن لە بەینی نابات .سەرئەنجام لەئاکامدا تا روانگەی هەردوو کۆمەلگا بەرامبەر بەیەکو ریزبەستنی سیاسیی نیوان چەپو راست لەدەرونی هەردوو لادا ئالوگۆر نەکات ، مەسەلەکە لە جیگای خۆی ئەمینیتەوە .



**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :لە راگەیاندنی تا ئیستای میدیای غەربدا، ئەم هیرشە تیرۆریستانەیە بەبەرامبەرکێ لەگەڵ دیموکراسي پیناسە دەکەنو هەندێ لە "وولاتانی ئیسلامی" بە جۆریک خراونەتە ناو ئەم بەرامبەرکێیەوە. ئایا ئەمە ئەشێ ببیتە هۆی گەشەی راسیزم لە غەربدا؟

**مەنسور حیکمەت** :لەدەزگاکانی راگەیاندنی غەربدا لیرەو لەوێ ئاماژە بۆ تیزەکانی "شەری شارستانیەکان" ی هانتیگون بەدی ئەکرێت. ئەوەی کە ئەمە کیشمەکیشیکی "شارستانی"یە، هیرشیکە بۆ سەر"شیوە ژیانی" غەربی، بۆ سەر دیموکراسی و... هتد،لیرەولەوێ دەبیسترێ .بەلێم حەرەکەتی رەوتی ئەصلی کۆمەلگاو تەنانەت خودی قسەکەرانی دەولەتی ئەمریکا بەلگەی ئەوەن کە قسەی ئەم تێروانینە نایگرێت. من نیگەرانی گەشەی راسیزم نیم لەئەنجامی ئەم رووداوەدا. راسیستەکان بیگومان ماوەیەک چالاکتر دەبن و خەڵکی هان دەدەن، بەلێم کۆمەلگای غەربی رەتیان دەکاتەوە. بەپیچەوانەوە بە بروای من خەلکی ئەمریکا تا ئەوەندەی بکریت لەدوورەوە لێی تێبگەیت، میهرەبانییو ئینسانیەتێکی جێگەی ستایشیان لەبەرامبەر ئەم کارەساتە راچلەکینەرەدا نیشان داوە. بەبڕوای من خەلکی ئەمریکا تەنانەت کاردانەوەیەکی عەسکەریی لەدەولەتی ئەمریکا لەدژی خەلکی رۆژهەلێتی ناوەراست بە سادەیی قبول ناکەن کە تەڕو وشک پێکەوە بسووتێنێ. ئەم رووداوە لەوە گەورەترە کە بکریت بە بەکلیشە باوەکانو پروپاگەندە برۆیتە سۆراغیەوە. سەرئەنجام بەبروای من کۆمەلگای غەربی مامەڵەیەکی ئالۆزترو تیگەیشتووانەتر لەگەڵ ئەم رووداوەدا دەکات .تەکنولوژی پەیوەندی گرتنی ئەمرۆ گێلکردنی خەلکیو دەرخواردانی دەمارگیری دژوارتر کردووە. هەر ئەو تەلەفزیونەی کە کارەساتی نیویورک دەخاتە بەرچاوی جیهان، وێران بونی کابولیش نیشان دەدات. کەسیک کە بۆ کارەساتی نیویورک فرمیسکی هەڵڕشتبیت، ناتوانێ بەئاسانی بۆ دوبارەبونەوەی لەکابولدا هەلهەلە لێبدات .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەنتەرناسیونالی هەفتانە** :لە راگەیاندنی حزبدا پەنجە بۆ ئەوە راکیشراوە کە کارەساتی نیویورک حەلقەیەکە لە توند بوونەوەی پێشبڕکێیەکی تیرۆریستی، مسابەقەیەک کە زۆربەی دەولەتانی دنیا لەلایەکو لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان بە تایبەت ئیسلامیییەکان تیایدا بەشدار دەبن. چۆن دەکریت بەر بەم پێشبڕکێیە بگیرێو بەرای ئیوە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەبێ لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا چ دەوریک بگیرێ؟

**مەنسور حیکمەت** :کۆتایی هینان بە تیرۆریزم کاری ئیمەیە. کاری ئیمەمانانێک کە لە پیناو یەکسانی مافو حورمەتی ئیسنانەکانو جێخستنی بەهای ئەوان تێدەکۆشین. تیرۆریزمی دەولەتیی دەبێ بە روخاندنی دەولەتانی تیرۆریست کۆتایی پێ بهینرێ. تیرۆریزمی غەیرە دەولەتیی دەبێ لە ریگای کۆتایی هینان بەو کوێرەوەریو هەلێواردنو چەوسانەوەو سەرکوتانەوە لە بەین ببرێ کە ئینسانەکان بەرەو بێ بێئومێدی پال پیوە دەنێنو دەیانکەنە قوربانیی رەوتو ریکخراوە کۆنەپەرستە دژی بەشەریەکان. لەڕێگای پەردەهەڵماڵین لەڕووی دینو نەتەوە پەرستیو نەژاد پەرستیو هەر ئایدۆلۆژیایەکی بودەڵە کە ریز بۆ ئینسان دانانیت .وەلامی ئیمە خەباتە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەلگا کراوەو ئازادو یەکسانانەی کە لەویدا ئادەمیزادو گیانو حورمەتو ئاسایشی نرخی هەبیت .حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو حیزبە هاوشیوەکانمان، لە بەرامبەر هەردوو لای ئەم پێشبڕکێ تیرۆریستییەدا رادەوەستن. هەم لەبەرامبەر دەولەتانی کۆنەپەرستو هەم بزوتنەوەو حیزبە کۆنەپەرستەکان. بەلام لە ئیستادا ئەوە ئەوانن کە روخساری جیهان دیاری دەکەن. ئیمەو ئەحزابی وەکو ئیمە، دەبێ بەشەریەتی ئینساندۆستو ئازادیخواز لە دژی گشت ئەم هەلومەرجە بهینینە مەیدان. تا کاتیک کە ئەمە نەکرابیت، ئەم نەهامەتییە دریژەی دەبیت .



بۆ یەکەمجار لە ئەنتەرناسیونالی هەفتانە (انترناسیونال هفتگی)ی ژمارە ٧١ی رۆژی ١٤ ی ئەیلولی ٢٠٠١ بلێوکرایەوە

وەرگێرانی: سەعید ئەحمەد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دنیا دوای ١١ی سیپتەمبەر

## بەشی یەکەم: جەنگی تیروریستەکان

### دوو جەمسەری کونەپەرستانە

تاوانی تیروریستیی سامناکی ١١ی سپتامبەری ٢٠٠١ لەدژی بەشەرییەتو کوشتاری هەزاران کەس لە خەلکی بیدیفاع لە ئەمریکا، جیهانی خستوتە بەر دەروازەی یەکیک لە تاریکترینو خویناویترین سەردەمەکانی میژووی هاوچەرخ. ئەوەی کە دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا ناوی لی ناوە جەنگی جیهانی لەدژی تیروریزم، لەراستیدا چوونی جیهانە بو ناو قوناغیکی تازەو، ویرانسازی لە جەنگی جیهانیی تیروریستەکاندا .

لە هەردوو بەری ئەم کیشمەکیشە دژی بەشەرییەدا دوو ئوردووی سەرەکی تیروریزمی نیونەتەوەیی راوەستاون کە موری خویناویی خویان داوە لە ژیانی دوو نەوە لە خەلکی جیهانی ئیمە. لە جەمسەریکیاندا، مەزنترین ماشینی تیروریزمی دەولەتییو توقاندنو باجخوریی نیونەتەوەیی راوەستاوە. کە پیکهاتووە لە دەستەی فەرمانرەواو دەولەتی ئەمریکا، واتە تەنها هیزیک کە چەکی ئەتومی لەدژی ئینسان بەکارهیناوەو سەدان هەزار ئینسانی بیئاگاو بیگوناهی هیروشیماو ناکازاکی لەماوەی چەند چرکەیەکدا کردووەتە خولەمیش، ملیونەها ئینسانی لە فیتنام کوشتووەو خاکەکەیانی بە بومبارانی کیمیایی بو سالەها سووتاندووەو لەکەلکی خستووە. ناتوو ئیئتلافەکانی دەولەتانی غەربی کە لە عیراقەوە تا یوگوسلافیا مالأو



مەدرەسەو نەخوشخانەی خەلکیان بەسەریاندا روخاندووەو نانو دەرمانی ملیونەها منالیان بەبارمتە گرتووە. بورژوازیو دەولەتی ئیسرائیل، کە داگیر دەکات، دەست بەسەرا دەگریت، کوشتار دەکات، مەحروم دەکات. ئەمانە ئوردوگای ئاوارەکان دەدەنە بەر بومبو روکیتو ئەو منالە دەسالانانەی کە خویان لەباوەشی باوکیاندا پەناداوە یان لەریزی مەدرەسە راوەستاون، دەدەنە بەر گوللە. لە هیروشیماو فیتنامەوە تا گرانەداو عیراق، لە مەیدانەکانی تیربارانی ئەندونیزیاو شیلییەوە تا کوشتارگاکانی فەلەستین، کارنامەو مەلەفی ئەم جەمسەرە جیهانییەی تیروریزمی دەولەتیو ملهوریی ئەمپریالیستی، بەشیوەیەکی ئاشکراو حاشاهەلنەگر بە بەرچاوی خەلکی جیهانەوەیە .

لە جەمسەری بەرامبەردا، تیروریزمی ئیسلامیو بزووتنەوەی کونەپەرستانەو چەپەلی ئیسلامی سیاسی راوەستاوە. ئەمانە کە زەمانیک خویان دەست سازو پەروەردەی دەستی ئەمریکاو غەرب بوون لە جەنگی سارددداو ئامرازی ریکخستنی کونەپەرستیی محەللی بوون لەدژی چەپ لە کومەلگاکانی خورهەلاتی ناوەراستدا، ئیستا بوونەتە جەمسەریکی چالاکی تیروریزمی نیونەتەوەییو یەکیک لە رەقیبەکانی جەنگی دەسەلاتی بورژوایی لە خورهەلاتی ناوەراستدا. میژووی دژی ئینسانیی ئیسلامی سیاسی، لە ئیرانو ئەفغانستانو پاکستانەوە تا جەزائیرو فەلەستین لیستیکی دوورودریژە لە کوکوژیو تاوانی دلتەزین. لە کوشتارە دەولەتیو نیمچە دەولەتییەکانی ئیرانو ئەفغانستانەوە تا تاوانکاریی روژانەی گروپەکانی تیروری ئیسلامی لە ئیسرائیلو جەزائیرو نیوجەرگەی ئەوروپاو ئەمریکا، لە سەرکوتی خویناویی نەیارانی فیکرییو سیاسییەوە تا زالکردنی یاسا کونەپەرستو دژی بەشەرییەکانی ئیسلام بەسەر خەلکیداو بەتایبەت بەسەر ژناندا، لەسەربرینو دەستبرینە شەرعییەکانەوە تا بومب نانەوەو قەتلوعامەکانی نیو پاسو کافتیریاو شوینی دیسکوکان، ئەمانە سەرەقەلەمی کارنامەی ئەم کونەپەرستانەیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیستا بریارە ئەم کیشمەکیشە سەدان هەزارو بگرە ملیونەها ئینسانی دیکە، سبەینی لە ئەفغانستانو دوو سبەی لە هەر گوشەیەکی دیکەی جیهان، بکاتە قوربانی. دەبی لەبەرامبەر ئەمەدا رابووەستین .

## پروپاگەندەی جەنگي:

شانبەشانی ئەم ریزبەستنە سەربازییە، ئیمە ریزبەستنی ئایدولوژییو ئیعلامیی ئەم دوو ئوردوگایە دەبینین. درزتیکردنو روخاندنی ئەم دیوارە ئیعلامییەو، دەرکیشانی حەقیقەت لەپشتی شەپولیکی مەزن لە ریاکاریو درو کە جیهان لووش دەدات، مەرجی یەکەمی ریکخستنی ریزیکی سەربەخویە لە بەشەرییەتی ئازادیخواز لەبەرامبەر جەنگی جیهانیی تیروریستەکاندا. ئالای توندرەوان لە هەردوو ئوردوگادا لەدوورەوە ئاشکرایەو دەبینریت. دنیای ئالوزی ئەمرو ئیتر پیشوازییەکی ئەوتو لەم بیروبوچوونە کرچوکالانە ناکات. ئالای چەرخانیو جینگوئیسمی ئەمریکاییو غەربی، راسیزم، زوربلییی "شەری شارستانیەتەکان"و شتی لەم بابەتە تەنها دەتوانی لە گوشەوکەناریکی کومەلگای غەربیدا نفوز پەیدا بکات. سەرانی ئەمریکاو دەولەتەکانو میدیای غەربی خویان دەزانن کە ئەم بیروبوچوونو هەلویستە کرچو کالانە ناتوانیت چوارچیوەی ئایدولوژیو ئیعلامی کیشمەکیشیک پیکبهینن کە چوونەتە ناویەوە. لە جەمسەری بەرامبەریشدا بیروکەی جیهادی ئیسلامی، خوینرشتنی بیجیاوازی چ لەریگای "خودا"و ئاییندا، چ بو "ئازادی قودس"و رزگار کردنی خاکی ئیسلام لە چنگالی زایونیزمو ئەمپریالیزمی خوینخوری جیهانیی، بەشیوەیەکی گشتی تەنها لەنیو ریزەکانی خودی توندرەوەکانو هەلسووراوانی ئیسلامی سیاسیدا برەوی هەیەو جەماوەری خەلک لە کومەلگای هاوچەرخ لە پانایی خورهەلاتی ناوەراستدا ناهینیتە پشتی خوی. ئەو مشتومرە ئیعلامیو نەبەردە ئایدولوژییانەی کە بریارە ئەم کیشمەکیشە عەسکەرییە خویناوییە پاساو



بکات کە بەریوەیە، ناتوانی لەسەر ئەم لیکدانەوە سافوسادە توندرەو، سکتاریستیو ساویلکانانەیە بینا بکریت. ئەوەی کە سەرەنجام دەتوانی جەماوەری فراوانی خەلک لە غەربو خورهەلاتی ناوەراست بکیشیتە کامی ئەم جەنگەوەو لە پال هەردوو لایەنی ئەم بەرامبەرکی کونەپەرستانەیەدا رایان بگریت، ئەم بیروبوچوونە کرچوکالانە نییە، بەلکو لیکدانەوەو پاساوی لەمانە ئیسک سووکترە کە تاکو ئیرەش شاهیدی پەرەسەندنی خیرایان بووین .

لە فورمولەی غەربییەکاندا، بەجیا لە ئاماژە چەقوکیشانەکانی بوش، "بەشەرییەتی شارستانی" لەبەرامبەر بەلای تیروریزمدایە. ئەمریکا وەکو رابەری ئەم بەرەی شارستانیەتە نیشان دەدریت. ئامانج پووچەلکردنەوەی تیروریزمو سپاردنی تیروریستانە بە دادو عەدالەت. مەسەلەکە بەروالەت لە هیرش بو سەر عیراقو بومبارانی بەلگراد سروشتیترە. چ کەسیک ئەتوانی لەسەر سیاسەتە عەسکەرییەکەی گلەیی لە "ئەمریکا" بکات لەکاتیکدا کە ٦٠٠٠ کەس لە "خەلکەکەیان" بەو شیوە درندانەیە کوشت؟ چ شتیک لە کاردانەوەی عەسکەریی دەولەتی ئەمریکا بو لیدان لەم تیروریزمەو پاراستنی "هاوولاتیانی"و، بگرە خەلکی جیهان، لە تاوانەکانی ئایندە کە رەنگە بەریوە بیت بەلگەنەویستترە؟ بو ئامادەبوون لە یانەی "بەشەرییەتی شارستانی"دا هیچ مەرجیکی نەتەوەییو نەژادیو دینییان دانەناوە. داواکاران هەر رەنگو شیوەو دینو رابردوویەکیان هەبیت، کافییە فورمی پشتیوانی لە ئەمریکا پربکەنەوە .پروپاگەندەی جەنگیی ئەم جارە بریار نییە نەژادی، نەتەوەیی، دینیو تەنانەت سیاسییش بیت. مەسەلە پاراستنی هەناردنی نەوت، دیفاع لە دیموکراسیو گیرانەوەی کویت بو شیخەکانی نییە. ئەگەر سوپای ئەمریکا جاریکی دیکە بو دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە پیش ئەمە چەندین جار ئەنجامیداوە خوی ئامادە دەکات، وانیشان دەدات کە بو دیفاع کردنە لەمافی ژیان، دیفاعە لەمافی سەفەر، لەمافی نەتەقینەوەی ئینسانەکان لەگوشەی مالو شەقامەکانیان .تاوانی ١١ی سپتامبەر، بەهیزترین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چوارچیوەی ئایدولوژیو ئیعلامیی تاکو ئیستای فەراهەم کردووە بو دەخالەتگەریی عەسکەریی ئەمریکاو ناتو لە گوشەو کەنارە دووردەستەکانی جیهان. لەم ساتەدا جیاکردنەوەی جەماوەری فراوانی خەلک لە غەربدا لەسیاسەتی عەسکەریی دەستەی حوکمرانی ئەم ولاتانە پیویستیی بە کاریکی هەرقلیی هوشیارکردنەوە هەیە. ئەم هاوسەنگییە فیکرییە رەنگە لەگەل ئالوگوری تازەدا بەخیرایی بگوریت، بەلام لەم ساتەدا تیزی "مشتومری شارستانیتی لەگەل تیروریزمدا"، کونترولی بیرورای گشتیی لە غەربدا داوەتە دەستی سیاسەتمەدارانو میدیای غەربی .

لە جەمسەری بەرامبەریشدا چوارچیوەیەکی ئالوزو تارادەیەک کاریگەر بو بەرگری لە ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامی خەریکە شکل ئەگریت. کەم کەس جورئەتی ئەوەی هەیە کە دیفاع لە شەلالی خوین کردنی هەزاران کەس لەم تاوانە ئاشکرایەدا بکات. تەنانەت جانەوەرانی دەسەلاتدار لەئیرانو ئەفغانستانیش ناچارن قسەکانیان چاک بکەن. دیفاعی ئاشکرا لە ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامی ئالای ئەم جەمسەرە نابیت. لایەنی ئیسلامی لە جەنگی تیروریستەکاندا پشت بە لیکدانەوەو پاساویکی کارا، بەلام کون، بو تیروریزم دەبەستیت کە کولەکەیەکی "دژي- ئەمپریالیزم"ی وردە بورژوایی جیهانی سییەمو بەتایبەتی خورهەلاتی ناوەراست بوو. ئیمە ٧ سال پیش ئیستا لەئاکامی شەپولیک لە ئینسان کوژیی ئیسلامیی لە ئیسرائیلو میسرو جەزائیر، لە ستوونی یەکەمی) ئەنتەرناسیونال)دا راشکاوانە پەردەمان لەرووی ئەم دیفاعە کونەپەرستانەیە لە تیروریزم هەلمالیو مەحکوممان کرد. بیسوود نییە ئەگەر ئەو نووسینە کورتە لیرەدا بهینینەوە :

"شەپولیک لە ئینسان کوژیی ئیسلامی، خورهەلاتی ناوەراستو باکوری ئەفریقای گرتوتەوە، قوربانیانی ئەم شەپولە، سادەترین خەلکانی سادەن. لە میسرو جەزائیر خەلکی بیانی، بە کریکارو گەشتیارو بازنشستەوە دەدەنە



بەر گوللەو سەریان دەبرن، ریزی منالانی خویندنگای سەرەتایی بە بومب کوشتار دەکەن، ئەو کچە لاوانەی کە مل بە زەواجی زورەملی نادەن شەلالی خوین دەکەن. لە گردی ئایو ریبوارانی بیئاگا بە منالو پیرو لاوەوە لە شەقامو پاسەکاندا دەکوژن. وە قارەمانانە، لە ئیسرائیلەوە تا جەزائیر، بەشەرییەتی سەرسام دلنیا دەکەنەوە کە ئەم "خەباتی چەکدارانە"یە دریژەی دەبیت .

سەردەمانیک چەپی تەقلیدیو "دژی ئەمپریالیست" زەبروزەنگی کویرانەو هەوسارپچریوی رەوتە جیهان سییەمیو دژی غەربییەکانیان ئەگەر بەستایشەوە سەیرنەکردایە لانی کەم چاوپوشییان لیئەکرد. ستەمیک کە لە میللەتانی مەحرومو گەلانی ستەمدیدە دەکرا بە قەولی ئەمان ئەم تیروریزمەی وەکو کاردانەوەیەکی بەرحەق پاساو دەکرد. تیروریزمی گروپە فەلەستینییەکان، رەوتە موسلمانەکان وەیان سوپای رزگاریخوازی ئیرلەندا، کە قوربانییەکانیان روژلەروژ زیاتر خەلکی بیدیفاعو بیئاگای مەدەنی دەگرتەوە، نموونە بەرجەستەکانی ئەم تیروریزمە "بەرحەقە" بوون لە سەردەمەکانی پیشوودا .تیروریزمیک کە بەروالەت وەلامی ستەمەکانی رابردووو ئیستای ئەدایەوە، تیروریزمیک کە بەروالەت لە کاردانەوە بە زەبروزەنگو سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی دەولەتو دەسەلاتە سەرکوتگەرەکان سەری هەلدابوو. سەیر لەوەدایە کە دەولەتی ئیسرائیلیش بەدریژایی چەندین سال ریک هەر بەم پاساوە، واتە بە پشتبەستن بە کوکوژییە لەوەسف نەهاتووەکانی فاشیزمی هیتلەریو رەوتە دژی یەهودییەکان لە ولاتانی جوراوجوردا لەدژی خەلکی یەهود، سەرکوتی زەبروزەنگاویی خەلکی مەحرومی فەلەستینو کوشتاری هەموو روژەی لاوانی فەلەستینی پاساو کردووە .

ئەم جورە پاساوەو، تیروریزمیکی کویرانە کە بە پشتبەستن بەم پاساوانە لە خورهەلاتی ناوەراستدا، چ لەلایەن ریکخراوە عەرەبو فەلەستینییەکانو چ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەلایەن دەولەتی ئیسرائیلەوە بەریوە چووە، هەمیشە لەلایەن کومونیزمو چینی کریکارەوە ریسواو مەحکوم بووەو مەحکومە. بچووکترین پەیوەندی واقعیو مەشروع نەبووەو نییە لەنیوان ئەو میحنەتە سامناکانەی کە لەسەدەی ئەخیردا بەسەر خەلکی یەهوددا هاتووە لەگەل سەرکوتگەریو تاوانەکانی دەولەتی راستو توندەرەوی ئیسرائیل لەدژی خەلکی فەلەستین. بچووکترین پەیوەندی واقعیو مەشروع نەبووەو نییە لەنیوان ئەو دەردو کویرەوەرییانەی کە خەلکی فەلەستین چەشتوویانە لەگەل تیروریزمی ئەو ریکخراوانەی کە دراونەتە پال ئەم خەلکە، چ ئیسلامیو چ غەیرە ئیسلامی. ئەمە بەدکەلک وەرگرتنو سەرمایەگوزاری کردنی رەوتو بالەکانی بورژواییە، بە دەولەتیو نا دەولەتییەوە، لە کویرەوەرییەکانی خەلکی مەحروم. مەحکومکردنو لەمەیدان وەدەرنانی ئەم تیروریزمە لەلایەن چینی کریکارەوە، بەتایبەتی لەولاتانی ناوچەکەدا، مەرجیکی بنەرەتیی بەدەستهینانی جلەوی خەباتی کومەلایەتییە لەلایەن کریکارەوە بو کوتایی هینان بەم کویرەوەریانە .

شەپولی تازەی ئینسان کوژیی ئیسلامی، بەتایبەت لە باکوری ئەفریقیا، وادیارە ئیتر تەنانەت پیویستی بەم جورە پاساوە سیاسییەش نییە . عەمامەیەکو تفەنگیک، گشت ئەو شتەیە کە بو دەستپیکردنی ئەم جیهادە چەپەلە لەدژی ئینسانییەت پیویستە. ئەمە گانگستەریزمی ئیسلامییەو چاوگەکەی رژیمی دەسەلاتداری ئیرانە. چارەنووسی ئەم رەوتەش هەر لەئیران یەکلایی دەبیتەوە." (م. حیکمەت، ئەنتەرناسیونال-ی ١٦، نوفەمبەری ١٩٤٤ (

بە پەرەسەندنی ئەم کیشمەکیشەو بەتایبەت بە هیرشی پیشبینیکراوی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوسەر ئەفغانستان، "دیفاعی دژی ئەمپریالیستی" لە رەوتی ئیسلامیو تەنانەت پاساوکردنی کردەوە تیروریستییەکانیان بە بەهانەی تاوانکاریو سەرکوتگەرییەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە دەتوانی



جاریکی دیکە جیگای خوی لەناو خەلکو حیزبە سیاسییەکانی خورهەلاتی ناوەراستو هەروەها چەند بەشیک لە چەپی رادیکالی تەقلیدیو روشنفکریی کومەلگاکانی غەربدا بکاتەوە. پەناگای عەقیدەیی سەرەکی گانگستەریزمو کونەپەرستیی ئیسلامی لەم شەری دەسەلاتەدا، شیعارە بوگەنو بەئاشکرا دژی بەشەرییە دینیو ئیسلامییەکان نابیت، بەلکو ئەم بەناو "دژی ئەمپریالیزم"ە میللي-دینیو وردە بورژواییە دەبیت .

هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا ناتوانی بەبی پەردەلەروو هەلمالینو تیکشکاندنی ئەم چوارچیوە عەقیدەییانەو پروپاگەندە جەنگییە ریاکارانەیە لە هەردوو بەری ئەم کیشمەکیشە کونەپەرستانەیەدا سەرکەوتن بەدەست بینیت .

## کیشمەکیشەکە لەسەر چییە

ئەمە لە هەردوو لاوە شەری دەسەلاتە .تیروریزم واقعییەتیکی ئەم کیشمەکیشەیە، بەلام ئەم مشتومرە، وە جەنگیک کە خەریکە ئاگر بسینیت، لەسەر تیروریزم نییە. هەمووان دەزانن کە چوونەژوورەوەی ئەمریکا بوناو ئەفغانستانو تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادن بەقەد سەرەدەرزییەک لەو کەمپینە تیروریستییەی کە لەلایەن رەوتی ئیسلامییەوە هەرەشە لە غەرب ئەکات کەم ناکاتەوەو هیمنیو ئاسوودەییەکی زیاتر بو دانیشتووانی ئەوروپاو ئەمریکا دابین ناکات. بەپیچەوانەوە، تەنانەت مەترسییەکە زورتر دەکات. مەسەلەی فەلەستین ئەو قەلەمرەوەیە کە تیایدا ئەمریکاو بزووتنەوەی ئیسلامی راستەوخو لەگەل یەک رووبەروو دەبنەوە. بەلام ئەم کیشمەکیشە بەمانای تایبەتی وشەکە لەسەر یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی فەلەستینیش نییە. سیاسەتی راگەیەنراوی ئەمریکا، واتە شەریکی عەسکەریی "فراوان، دیژخایەنو هەمەلایەنە" بە ئاشکرا هەردوو مەسەلەکە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واته مەسەلەی فەلەستینو مەسەلەی تیروریزمی ئیسلامی، خەستتر دەکاتەوە. نەتەنها ئەمە، بەلکو شەری ناوخویی پیشبینیکراو لەپاکستان بە کومەلیک ئاکامی زور ویرانکەرەوە لەناوچەکەو لەئاستی جیهانیدا، وە ئەزمەی قوولی حکومەتیی لە ولاتانی بەروالەت سەقامگیری ئیستای خورهەلاتی ناوەراستدا، ئەشی لە ئەنجامە بەراییەکانی ئەم سیاسەتە عەسکەرییە بیت. خویان ئەمە بەباشی دەزانن. بەلام بو ئەمریکا، مەسەلەی سەرەکی لەم نیوەدا جیخستنو پەرەپیدانی هەژموونیو دەسەلاتی سیاسیو سەربازیی خویەتی بەسەر جیهاندا وەکو تاکە زلهیز. چارەسەری مەسەلەی فەلەستین یان خەبات لەدژی تیروریزمی ئیسلامی ئامانجی ئەم سیاسەتە نییە. پتەوکردنو پەرەپیدانی جیوشوینی جیهانیی ئەمریکا، لە جەرگەی ئەو گوشارو هەروەها ئەو دەرفەتانەی کە تاوانی ١١ی سپتامبەر هیناویەتییە ئاراوە، ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتەیە .

بو ئسلامییەکانیش ئەمە شەریکە لەسەر دەسەلات. نە دەردو کویرەوەرییەکانی خەلکی فەلەستینو نە زولمو ستەمی میژوویی غەرب لە شەرق، سەرچاوەی ئەم تیروریزمە نییە. رەوتی ئیسلامی لەپیناوی مانەوەو پاراستنی جیوشوینی روو لە نشیوی خویو سەرەنجام بو پەرەپیدانی جیوشوینی خوی لە بونیادی دەسەلاتی بورژوایی لە خورهەلاتی ناوەراستدا تیدەکوشیت. تیروریزمو دوژمنایەتی کویرانە لەگەل هەر شتیکدا کە بونی غەربو غەربگەرایی لیوەبیت، سەرمایەی سیاسی ئەوانە لە کومەلگاو لەنیو ئەو جەماوەرەدا کە بەحەق ئەمریکاو ئیسرائیل بە فاکتەری سەرەکی بیمافیو مەحرومییەتەکانی خویان دادەنین. ئاشتی لە خورهەلاتی ناوەڕاست، پیکهاتنی ولاتی فەلەستین، سووک کردنی باری دەردو کویرەوەرییە نەتەوەییو میللییەکانو هەلپیچانی جیاکارییەک کە بەسەر خەلکی فەلەستیندا سەپینراوە، زەنگی مەرگی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خورهەلاتی ناوەراستدا لیدەدات. تیروریزم ئامرازی سەرەکی رەوتی ئیسلامییە بو قوولترکردنەوەی قەلشتە میللیو نەتەوەییو دینییەکان لە



خورهەلاتی ناوەراستداو، بو زیندوو هیشتنەوەی ئەم کیشمەکیشە وەکو سەرمایەی سیاسیو سەرچاوەی هیزگرتنی خوی. ئیسلامیستەکان، سەرباری ئەو گوشارە عەسکەرییەی کە لەلایەن ئەمریکاوە دەخریتە سەریان، پیشوازی لەم رووبەرووبوونەوەیە دەکەن .

بو بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخو لەبەرامبەر ئەم رووبەرووبوونەوە بیوینەو مەرگبارەی جەمسەرە عەسکەریو تیروریستییە نیونەتەوەییەکان، دەبی راستییەکانی ئەم گورانکارییانە لەپشتی ئیعلامی جەنگییو پاساوەکانی ئوردوگا دژەبەیەکەکان درەبکیشرینە دەرەوەو ببرینە نیو خەلک. ئەم رووداوەو سیاسەتیک کە ئەمریکا گرتوویەتییەبەر، کومەلیک ئاکامی جیهانییو ناوچەیی گرنگی هەیە. روخساری سیاسیو فیکریی جیهان دەستخوشی گورانکارییەکی قوول دەکات. سیاسەت لە ئیراندا بە توندی کاریگەری لەم گورانکارییانە وەردەگریت. پیویستە بچینە سەر ویستگا سەرەکییەکانی ئەم گورانکارییانەو سەرخەتەکانی سیاسەتیکی مەبدەئیی کومونیستی .

ئەم بەشە بو یەکەمجار لەژمارە ٧٢ی ٢١ی سپتامبەری ٢٠٠١ی (انترناسیونال هفتگي)، بلاوکراوەی حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیران بلاوبووەتەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دنیا دوای ١١ی سیپتەمبەر
## بەشی دووەم: "جیهانی شارستانی" لەکویدایە

### بەربەرییەت حەتمی نییە

جەنگی تیروریستەکان دەتوانی سەرەتای یەکیک لە خویناویترین سەردەمەکانی میژووی هاوچەرخ بیت. هەرئیستاش ملیونەها ئینسان هەناسە سوار بووە. بەلام ئەم ئاسویە حەتمی نییە. گورەپانەکە تەنها بە دوو لایەنی کیشمەکیشەکە بەرتەسک نابیتەوە. هیزیکی سییەم، دیویکی نووستوو، لە ئارادایە کە دەتوانی ئەوزاعەکە بگوریت. ئەگەر ئەم دیوە لەخەو هەستیت، ئەم سەردەمە دەتوانی سەرەتای دەستپیکردنی گورانکارییەکی ئیجابیو وەدیهینانی ئەو ئامانجانە بیت لە جیهاندا کە مروفایەتی لە دەیەکانی کوتایی سەدەی بیستەمدا لیی بیئومید ببوو. بوشو بلەرو خامەنائی، ئەمریکاو ناتوو ئیسلامی سیاسی، ئەوە نازانن کە بەراستی بەشەرییەتیکی شارستانی، جیهانیکی شارستانی، وجودی هەیە کە رەنگە لەم نیوەدا لەخەو راپەریتو لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا بەرگری لەخوی بکات. سەرباری ئەم هەموو تاریکییەو مەترسییەک کە لەبەرامبەر ئیمەی خەلکدا دایان ناوە، سەدەی بیستو یەکەم دەتوانی سەدەی بەربەرییەتی کاپیتالیستی نەبیت. ئەم روژانە، روژانیکی چارەنووسسازن .

میدیاکان روخساری ئایدولوژیو مەعنەوی راستەقینەی جیهان نیشان نادەن .بوچوونی خویان دەلین، بوچوونی زال، بوچوونی چینی دەسەلاتدار. بوچوونیک کە بە کەلکیان دیت. میلیتاریزم، تیروریزم، راسیزم، نەتەوەپەرستی، فەناتیزمی دینیو سودپەرستی، لەریزی پیشەوەی هەوالەکاندان، بەلام ئەمانە لە قولایی زەینی زوربەی خەلکی سەردەمی



ئیمەدا جیگەیەکی مەحکەمیان نییە. سەیرکردنیکی سادەی جیهان، نیشانی دەدات کە جەماوەری فراوانی خەلکی جیهان لە دەولەتو میدیاکان چەپترن، ئینساندوستترن، ئاشتیخوازترن، یەکسانیخوازترن، ئازادترن، ئازادیخوازترن. خەلکی لە هەردوو بەری ئەم کیشمەکیشە نەنگینەدا، هیچ ئارەزوویەکیان لەوە نییە کە سەرانی بورژوازی بەسەر خویاندا سوار بکەن .دەستەی فەرمانرەوای ملهوری ئەمریکا دەستبەجی بوی دەرئەکەوی کە سەرباری یەکیک لە مەزنترین تاوانە تیروریستییەکان، سەرباری نمایشی زیندووو لەحزەبەلەحزەی لەلیدان کەوتنی دلی هەزاران ئینسان، سەرباری ماتەمیو رقوبیزارییەک کە هەرکەسیک کە ویژدانی بە بەرژەوەندییەک نەفروشتبی دادەگریت، هیشتاش هەر ئەم کومەلگای غەربە، هەر ئەم خەلکەی کە هەموو روژیک میشکی شوردراوە، هەر ئەوانەی کە لەبەیانییەوە تا ئیوارە بە راسیزمو دژایەتیکردنی بیگانە "دەرس" دەدرین، خوازیاری خوبواردن، ئینساف، عەدالەتو کاردانەوەی ئەقلانی دەبن. خەلکی خورهەلاتی ناوەراست کە چ لەدنیای چەپەلی نیو کەللەسەری خامەنائییەکانو خاتەمییەکانو مەلا محەمەد عومەرەکانو شیخە وردو درشتەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیداو، چ لە ستودیو دیلوکسەکانی سی ئین ئینو بی بی سیدا ئوممەتی موتەعەسبی موسلمانو ئەندامانی "شارستانیەتی ئیسلامی" وینا دەکرین، شانبەشانی خەلکی ئەمریکا ماتەمبار دەبنو نارەزایەتی دەردەبرن. دەرک کردنی ئەوەی کە زوربەی خەلکی خورهەلاتی ناوەراست لە ئیسلامی سیاسی بیزارن، دەرک کردنی ئەوەی کە بەشیکی زور فراوانی خەلکی ئەوروپای غەربیو ئەمریکا لەدەستی ملهورییەکانی دەولەتی ئیسرائیل وەتەنگ هاتوونو خویان لەپال خەلکی مەحرومی فەلەستیندا دەبیننەوە، دەرک کردنی ئەوەی کە زوربەی ئەم خەلکە خوازیاری لابردنی گەمارووی ئابووری سەر عیراقنو دەتوانن خویان بخەنە جیگای دایکو باوکە جەرگ سوتاوەکانی عیراق کە بیدەرمانیی منالەکانیان بو باوەشی مەرگ دەبات، دەرک کردنی ئەوەی کە ئەم جەماوەرە فراوانەی خەلکی بەشەرەفو بەویژدانی جیهان لەم شەری بوشو بن لادنەدا، ئەم دوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوسته قەدیمیو دوژمنەی ئەمرو، لەگەل هیچیاندا نین، هوشیکی زوری ناویت. ئەم بەشەرییەتە شارستانییە لەژیر کەلاوەی پروپاگەندەو میشک داشورینو توقاندندا لە غەربو شەرق بیدەنگ کراون، بەلام دەکری بەروشنی ئەوە ببینریت کە ئەم تەلەکەبازییانەی قبوول نەکردووە. ئەمە هیزیکی مەزنە. دەتوانی بیتە مەیدان. لەپیناوی ئایندەی بەشەرییەتدا دەبی بیتە مەیدان .

هەموو دژواریی کارەکە لیرەدایە. هینانە مەیدانی ئەم هیزە مەزنە. لە جەنگی تیروریستەکاندا جەبهەکانی شەرەکە دیاری کراوە، ریزەکان لیک جیاکراوەتەوە، سەرچاوەو هیزەکان ئامادەکراون، ئەمە روبەروبوونەوەیەکی عەسکەریو سیاسیو دبلوماسیی فراوانە، سەرباری هەموو ناروشنییەکان، بەلام چوارچیوەی فیکریو سیاسی ئەم جەنگە بو سەرانی هەردوو ئوردوگاکە روشنە .بەلام لە جەبهەی ئیمەدا، لە جەبهەی ئەو بەشەرییەتەدا کە دەبی لەبەرامبەر ئەم سیناریو سامناکەدا بوەستیتەوە، هەموو شتیک ناروشنە .

گومان لەوەدا نییە کە ریزی مقاوەمەت لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا هەر لەئیستاوە لە ولاتانی جوراوجوردا پیکهاتووەو کەوتوتە هەلسووران. بەلام هەر بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامیستەکانو ئەمریکا پیویستیان بە تیوریو ستراتیجیکی روشن، بە لیکدانەوەیەکی هاوبەشو کارا هەیە، ئەم بزووتنەوە خەلکییەش پیویستی بە ئالایەکی فیکریو سیاسیو کومەلە مەبادئیکی ستراتیجیی کارا هەیە. بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان، بەتایبەت لەنیو بالی چەپدا، لە ئایندەدا هەول دەدەن کە ئەم مقاوەمەتە ئاراستە بکەنو رابەرایەتییەکەی بەدەستەوە بگرن. پرسیارەکە لیرەدایە کە چ خەتیک بەسەر خودی ئەم "چەپ"ەدا زالە .

لە بەشی پیشوودا وتمان کە لەپال دالەکانی هەردوو جەمسەردا، واتە میلیتاریستەکانی ئەمریکاو فاشیستەکانی ئیسلام، دوو لیکدانەوەی ئالوزترو



پوختەترو "موحتەرەمانەتر"یش بو دیفاع لە هەردوولای ئەم کیشمەکیشە لەئارادایە. لە هاوشانی میلیتاریزمی ئەمریکادا کەسانیک هەن کە فورمولەی جەنگی شارستانیتی لەدژی تیروریزم جار ئەدەن. لە هاوشانی ئینسانکوژەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا، کەسانیک هەن کە تیروریزمی ئیسلامی بە" دژي-ئیمپریالیزم"ی میللي- دینییو جیهان سییەمیی باوی دەیەی حەفتادا پاساو دەکەن. هیچ یەکیک لەم لیکدانەوانە لەبزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکیدا نفوزیکی جدی نابیت. حیزبو گروپەکانی راستی سەنتەر لە غەربو پاشماوەی چەپی تەقلیدیی خویندکاریي- روشنفکریی دەیەکانی پیشوو لە غەربو شەرقدا دەبنە مشتەری سەرەکی ئەم فورمولە ژیرانەترەی ئیعلامی جەنگیی هەردوو لایەن .ئەوەی کە لەئاستی تیوریو سیاسیدا دەتوانی بزووتنەوەی ئایندەی خەلکی پیشرەوی جیهان بەلاریدا بەریت، بەرای من هەلویستی پاسفیستیو هەولی عەبەسی لیبرالییە بو پاراستنی ئەم وەزعەی کە هەیە (تەنها بەرگرتن بە هیرشی ئەمریکا بو سەر ئەفغانستان) وەیان گیرانەوەی هەلومەرجەکە بو دوخی پیشوو) پیش ١١ی سیپتامبەر .(

روداوی ١١ی سیپتامبەر کردەوەیەکی شیتانەی بیپیشنەی کەسانیکی دابراو لە دەروونی کومەلگا نەبوو. هەرچون کردەوەی عەسکەریی ئەمریکاش کە بەم زووانە روو ئەدات وا نەبوو. جیهان بەرلە ١١ی سیپتامبەر لە هاوسەنگیدا نەبوو، بەلکو لە رەوتیکی گورانکاریي پاشەوپاشگەرانەوەدا بوو. کومەلیک گرفتی ئابووریو کومەلایەتیو سیاسی گرنگ لەپشتی ئەم ئەم رووداوانەوە هەیە .ئەم گرفتانەن کە جیهانیان بەم ئاراستەیەدا بردووە. ئەم گرفتانە دەبی وەلام وەربگرنەوە. ١١ی سیپتامبەر گوشەیەکە لەوەلامی ئیسلامی سیاسی بەم هەلومەرجە. هەرچون هینانە سەرکاری تالیبان، ویرانکردنی بەغداد، برسیکردنی خەلکی عیراق، تاساندنی خەلکی فەلەستین، بومبارانی بەلگرادو ئیستایش "جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم" گوشەیەکە لە وەلامی سەرانی سەرمایە لە ئەمریکاو ئەوروپا بەم کیشمەکیشانە. بزووتنەوەی حەلکیی لەبەرامبەر هەلومەرجیکی وەهادا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناتوانی بزووتنەوەیەکی بانگەشەکەر بو ئارامیو "هیرش بوسەر ئەفغانستان قەدەغەیە" بیت. ئارامیو پاریزگاری کردن لە دوخی ئیستا نەتەنها عەمەلی نییە، نەتەنها خەیالپلاوییە، بەلکو نە عادیلانەیە، نەئازادیخوازانەو نە کارا. بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکیی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا تەنها دەتوانی لەدەوری وەلامە ئیسباتییەکان بە گرفتە سیاسیو ئابوورییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئیمەو لەدەوری هەلویستیکی چوستوچالاک نەک بو پاریزگاریکردن لە دوخی ئیستا، بەلکو بو گورینی دوخی ئیستا، ریکبخریت. ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەو گرفتانەی کە بەم رووداوانە بەرجەستەبوونەوە، مەسەلەی باکورو باشوور، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی عیراق، مەسەلەی ئیسلامی سیاسی، مەسەلەی ئەفغانستانو ئیران، مەسەلەی میلیتاریزمو زلهیزیی ئەمریکاو ناتو لە سیستمی نویی جیهاندا، مەسەلەی راسیزم، مەسەلەی قەلای ئەوروپاو تاد بەرنامەکاری سەربەخوو وەلامی سەربەخوی خومان بووە. هەر ئەمە دەبی ببیتە بەرنامەکارو وەلامی بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکیی لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. ئەمە جیاوازی ئیمەیە لەگەل ئارامیخوازیی تالیبانو ئەو پاسیفیستانەی کە کەلینو کیشمەکیشو نائارامییەکانی دنیای پیش ١١ی سپتامبەر نابینن، یان بەلایانەوە گرنگ نییە. ئەگەر ئیمە بەرلە هەموو ئەم رووداوانە بەرنامەیەکمان بو گورینی جیهان بووە، بناغەی هەلویستگیرییەکی مەبدەئی لە هەلومەرجی ئیستاشدا دەبی بردنەپیشەوە هەمان بەرنامەکار بیت لەم هەلومەرجە تازەیەدا. ئیمە بەنیازنین کە ئەفغانستان لەژیر دەستی باندی ئینسانکوژی تالیباندا بهیلینەوە، ئیمە بەنیاز نین لەسایەی دەسەلاتی ئەمریکای دەست بە مووشەکدا بژین، ئیمە بەنیاز نین ئیسلامی سیاسیو حکومەتە ئیسلامییەکانی خورهەلاتی ناوەراست تەحەمول بکەین، ئیمە بەنیاز نین بە بیولاتیی خەلکی فەلەستینو سەرکوتی هەموو روژەیان رازی ببین. ئیمە تیروریزممان نەئەویست، چ ئیسلامیو ئینتحاری و چ لەلایەن سوپاو کەتافیەپوشەوە بیت، ئیمە ئەم هەژارییە لە نیوەی جیهاندا قبوول ناکەین، ئیمە سەربازگەی چواردەورەی ئەروپامان



ناویت، ئیمە مل بە راسیزمو قەومپەرستی نادەین. نە تاوانکاریی ١١ی سپتامبەرو نە ئەو جیهادەی ناتو کە بەم زووانە لە هیندوکش رووئەدات، نابی لە بزووتنەوەیەکی چوستوچالاک بو گورینی جیهان، ریزیکی خیرخوازو ئارامیخوازی بیرەخنەو بیئەرک دروست بکات .

بزووتنەوەی "ئینساندوستانە"و ئاشتیخوازانە وەلامی هەلومەرجی ئەمرو ناداتەوە. بەلام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنیو خەلکی سادەی کومەلگای غەربیدا، بەهوی دژی زەبروزەنگییو ئینساندوستیو هەروەها محافەزەکاریی خوبەخوی خەلکەوە، زور فراوانە. هەلویستیکی بەم جورە دەخالەتی ئەمریکا لە ئەفغانستان مەحکوم دەکات، بەلام لەبەرامبەر حوکمرانیی تالیباندا خوی بە بەرپرس نازانیت. خەلک هاندان لەدژی موسلمانەکانو راسیزم مەحکوم دەکات، بەلام هویەک نابینی بو گوشاردانان لەسەر ئیسرائیلو ئەمریکا بەقازانجی خەلکی فەلەستین. ئەم هەلویستە هیوای سەرکەوتن بو جاک ئەسترا ئەخوازی لە سەفەرەکەیدا (بو ئیران-وەرگیر) بوئەوەی بەلکو ئەم کارە جەمسەری تیروریزمی ئیسلامی ئارامو جلەو بکات، جا با ئەمە حوکمرانی ئەم گورگانە بەسەر خەلکی ئیرانەوە سەقامگیر بکات، ئەم هەلویستە بەرگری لە مافە مەدەنییەکانی خەلکی موسلمانی ولاتانی غەربی دەکات، بەلام لەپیناوی نەهیشتنی بارگرژیدا، رەخنەگرتن لە حیجابی ئیسلامیو بیمافییەکانی ژنان لە ولاتە ئیسلامییەکانو ژینگە ئیسلامییەکان رەت دەکاتەوەو بەری پیدەگریت .ئەم هەلویستە هەمووان بو مەیدان چولکردنو وازلیهینانی هەلومەرجەکە هەربەوشیوەیەی کەپیشتر هەبوو، بانگەواز دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بەسەر زەینو کردەوەی خەلکی نارازیدا زال ببیت بەشەرییەتی شارستانی مەیدان بو تیروریستە غەربیو شەرقییەکان چول دەکات. ئەگەر بمانەوی ئایندەیەک هەبیت، ئەوا بەندە بە پەیدابوونی بەرنامەکاریکی چالاک، ئازادیخوازانەو پیشرەوەوە لەریزی پیشەوەی خەلکیدا. ئەمە کاری کومونیستەکانی مارکسە .ئەمە کاری ئیمەیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له بەشی داهاتوودا دەچمە سەر سەرخەتە گشتییەکانی بەرنامەکاریکی چالاک لەبەرامبەر جەنگی تیروریستەکاندا. بەلام پیویستە بەکورتی ئاماژەیەک بو فەوریترین مەسەلەیەک بکەم کە ئەم روژانە لەئارادایە، واتە هیرشی ئەم زووانەی ئەمریکا بوسەر ئەفغانستان. ٩٩ لەسەدی خەلکی جیهان ئەوە دەزاننو دەتوانن بەروشنی ئەوە روونبکەنەوە کە بوچی هیرشی عەسکەریی ئەمریکا بوسەر ئەفغانستانو تەنانەت دەستگیرکردنی بن لادنیش، کە ئامانجی راگەیەنراوی ئەم کردەوە سەربازیانەیەو لەرووی عەمەلییەوە زور ناموحتەمەل دیتە بەرچاو، نەتەنها مەترسییەکانی تیروریزم لەدژی ئەمریکاو ئینگلتەرا کەم ناکاتەوە، بەلکو موجازەفەی کردەوە تیروریستییەکانی ئایندە زور زیاتر ئەکات. زور ئاشکرایە کە خودی دەولەتانی ئەمریکاو ئەنگلتەرا ئەم مەسەلەیە دەزانن. لیکدانەوەی رەسمیی غەرب بو مەسەلەکە لەچوارچیوەی ئەو لیکدانەوە هولیودیو جیمزباندییانەدایە کە وادیارە ئەوان پییان وایە دەرخواددانی ئەم جورە لیکدانەوانە بە خەلکی سادەترو خیراترە. ملیونیر یان گانگستەریکی شیت لە گوشەیەکی دوورە دەستی جیهاندا دەیەوی شارستانیتی نابوود بکات، سەدام، میلوسوفیچ، بن لادن، وە قارەمانانی ئەمریکایی بو نەجاتی مروفایەتی دەکەونە خو. بەلام لیکدانەوەکانی خویان نیشانی دەدات کە ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامی یەک بارەگایەکی مەرکەزیو یەک فەرماندەیی هاوبەشو یەک ریکخراویکی هەرەمیی نییە، بزووتنەوەیەکی نیونەتەوەییە کە لە کومەلیک شانەو ریکخراوو تورو ناوەندی دەولەتیی پیکهاتووە کە بە کومەلیک پەیوەندیی رەسمییو نارەسمیی، وەکو بزووتنەوەیەکی نیهینی، بە کومەلیک داهینانی فراوانەوە لە ئاستی محەللیدا، پیَکەوە بەستراون. بو غەرب، چوونە ناو ئەفغانستانەوە سەرەتای هەلمەتیکی عەسکەرییو سیاسی فراوانترە .دەستگیری یان کوشتنی بن لادن ئەو ئەنجامەی دەبیت کە لە ئاستی ناوخوی ئەمریکادا لە فەورییەتی هەنگاوە عەسکەرییەکانی دواتر کەم بکاتەوەو ببیتە مسداقییەتیک بو "تولەسەندنەوەی ئەمریکا"، کە ئەمەش دەتوانی فەزای نیوخوی ئەمریکا تا



پەلاماری تیروریستیی ئایندەی ئیسلامییەکان، وە تەنها تا ئەو کاتە، ئارام بکاتەوە. بەلام ئەمە هەنگاویکی بچووکە لە پروسەیەکی سیاسیو عەسکەریی فراوانتر لە خورهەلاتی ناوەراستدا کە مەودای کوتاییەکەی تاکو ئیسَتا رانەگەیەنراوە. لە دوالیکدانەوەدا ئەمە هیزنیشاندانیکە بە ئیسلامی سیاسی. واتە بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانە کە غەرب خوی لە پەراویزی کومەلگاکانی خورهەلاتی ناوەراستدا هینایە ئاراوەو، بەمەبەستی روبەروبوونەوە لەگەل چەپ لە سیستمە سەرمایەدارییە تازە لەدایکبووەکانی ئەم ولاتانەدا وە هەروەها وەکو گوشاریک بو سەر بلوکی شەرق ئەوانی هینایە سەرشانو. ئەم هیزنیشاندانە دەکری بە بەرتەسکیی بمینیتەوە، بەلام بەتایبەت بەهوی خەسلەتی ناموتەمەرکزییو توندرەویتی ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامییەوە، بە ئیحتمالیکی زور بەرەو یەکلاییکردنەوەیەکی بنەرەتیتر بەکیش دەکریت. ئیسلامی سیاسی بەبی پشتیوانیی غەرب ناتوانی لە خورهەلاتی ناوەراستدا بمینیتەوە. هەر بەمەندەی ئیستا، پەرەسەندنی نەبەردی عیلمانیەکانو ئیسلامیەکان لە پاکستانو کەوتنە حالی پەیکەری نیوەگیانی خاتەمییەکان لە ئیرانو پەرەسەندنەوەی دووبارەی کیشمەکیشی نیوان بالەکان، بەلگەی ئەوەن کە نەبەردی غەب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا دەتوانی ببیتە هەوینی گورانکارییەکی جدی لە هیزهاوسەنگی نیوان فراکسیونەکانی بورژوایی لەم ولاتانەدا بەزیانی ئیسلامییەکان .

لەبەرامبەر خودی هیرشی ئەمەریکا بوسەر ئەفغانستان دەکری چی بلیین. ئایا" دەست لە ئەفغانستان هەلگرن!" هەلویستیکی مەبدەئیو پیشرەوە؟ خەلکی ئەفغانستانو ئوپوزسیونەکەی شتیکی دیکەی جگە لەمەتان پیدەلین. ئاسوی هەرەسی تالیبان، واتە باندیکی ئینسانکوژو دەلالیکی گەورەی ماددە بیهوشکەرەکان، هیزە سیاسییەکانی ئەفغانستانی خستوتە جوشوخروشیکی گەشبینانەوە. خواستی روخاندنی تالیبان خواستیکی ئینسانیو پیشرەوە. نابی ریگابدریت دژایەتی بەرحەقو مەبدەئیی لەگەل میلیتاریزمی ئەمریکادا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به ویلکردنی ئەفغانستان لەژێردەستی تالیباندا رافەبکرێت. ئەمە یەکێکە لە نموونە زیندووەکانی ناکافی بوونو نادروستبوونی ئارامیخوازیو دیفاع لە هەلومەرجێک کە لەئارادایە. خەلکی ئەفغانستان تەمەنێکە چاوەریی روژی هەرەسی تالیبانن. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمریکا بو رزگارکردنی ئەفغانستان پێنانێتە ئەم ولاتەوە. خویان تالیبانیان هێنایە سەرکار. ئەمجارە رەنگە لاوازی بکەن، بەلام وەکو ئەمری واقع بوونی قبوول بکەن. قەولیان بە موشەرەف داوە کە حکومەتی ئایندەی ئەفغانستان دیسانەوە جێگەی رەزامەندیی پاکستان بێت. قەرارە کومەلێک جانەوەر لابەرنو هەر لەو قوماشە کەسانێکی دیکە لەجێگایان دابنێن. هەلویستی مەبدەئی بەشداریکردنە لە هاوشانی ئوپوزسیونی پێشرەوی ئەفغانستان بو روخاندنی تالیبان لەجەرگەی هەلومەرجی ئیستاداو بەرقەرارکردنی دەولەتێکی هەلبژێردراوی خەلکە لەم ولاتەدا. دەبێ ئەمە بەسەر غەربو ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا بسەپێنرێت. هەرجورە هێرشێکی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوسەر خەلکی مەدەنی ئەفغانستانو روخاندنی شارو لادیو ژێرخانو ئامرازە مادییەکانی ژیانیان دەبێ مەحکوم بکرێت . هەرجورە بەندوبەستێک لەنێوان ئەمریکاو پاکستانو ئێرانو باقی دەولەتاندا بو سەپاندنی دارودەستەیەکی تر بەسەر خەلکی ئەفغانستاندا مەحکومە. بەلام روخاندنی تالیبان لەلایەن سوپا دەرەکییەکانەوە خوی لەخویدا مەحکوم نییە .تالیبان دەولەتێکی مەشروع نییە لە ئەفغانستاندا. دەبێ بروخێنرێت .مەسەلەکە لەسەر ئەو دەولەتەیە کە لەجێگای دادەمەزرێت، هەروەها زامنکردنی ئازادیو ئیمکانی عەمەلیی دەخالەتی خەلکی ئەفغانستانە لە دیاریکردنی نیزامی سیاسی ئایندەی ئەم ولاتەدا .



## دنیا دوای ١١ی سێپتەمبەر
## بەشی سێیەم: ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

لەدەرەوەی هەردوو جەمسەری بەرامبەرکیی کونەپەرستانەی ئەمرودا، واتە میلیتاریزمی ئەمریکاو دەولەتە غەربییەکان لەلایەکو بەرەی ئیسلامی سیاسی لەلایەکی تر، فەزای زالأ بەسەر زورینەی خەلکی ئینساندوستو ئاشتیخوازی جیهاندا فەزای هەراسانیو نیگەرانییە. فەزای بێئومێدییە. هەمووان نیگەرانی ئالوتربوونی وەزعەکەن: واتە پەرەسەندنی پێشبرکێی کاری شیتانەو تیرور .ئاوارەییو مەرگی سەدان هەزار خەلکی بێگوناهی ئەفغانستان، پەلاماری کیمیاییو میکروبیی لەغەربدا، تەقینەوەی سیاسی لەپاکستان، کەوتنەدەستی بومبە ئەتومییە "گیرفانی"و "لاپ توپ"ەکان بەدەستی ئاوانتوریستە سیاسیو موتەعەسبە دینییەکانو تاوانکارانی نیونەتەوەیی. "جەنگی تازەی ئەمریکا"و قوناغێکی تازە لە خوێنرشتنێکی جیهانیی لەئاستێکدا کە تەنها ئەمریکا توانای ئەمەی بووەو هەیە. شیعارو نارەزایەتییەکانی خەلکی شەرافتمەندی جیهان بەشێوەیەکی گشتی رووی لە پاراستنی وەزعی مەوجودو گێرانەوەیە بو خالی هاوسەنگیی پێشوو. ئەمە بەشەرییەتێکە کە ئومێدێکی بە ئایندەیەکی باشتر نییە. لەباشترین حالەتدا داوای ئارامیی دەکات. لەدەستی بومبو جەنگو توندوتیژی هەلدێت. بەشەرییەتێک کە سەرباری روالەتی بێرسادەییو کەم هوشیاریو ملکەچی روژانەی، توانا دژی ئینسانییەکانی ئەو درندانەی کە پێیان ناوەتە مەیدان، واتە ئیسلامی سیاسیو میلیتاریزمی ئەمریکا، دەناسنو دەیانەوێت بەهەر قیمەتێک بێت بەر بە کارەساتەکانی دواتر بگرن. لەنێو تەیفی فراوانی ئەو هێزانەی کە بو دژایەتی کردنی ئەم کێشمەکێشە هاتوونەتە مەیدان،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشماوەی گروپە چەپە حاشیەییەکانی ئەوروپاشی لەگەلدا بیت کە تا ١٠ی سپتامبەر بە شتیکی کەمتر لە "شورشی جیهانی" رازی نەئەبوون، ئیستا ئارامیی خوازیی، کوشش بو بەرگرتن بە رەوتیک کەبەری کەوتووە، کوشش بو پاراستنی وەزعی مەوجودو گەرانەوە بو هاوسەنگییەک کە بەرلە ١١ی سپتامبەر لەئاراد بوو، بووەتە سیاسەتی زال .پاسفیزم مەیلی زالە بەسەر بزووتنەوەی مقاوەمەتدا. وە ئەمەش سیاسەتیکی لەرادەبەدەر زیانبارە کە نەتەنها بەر بە کویرەوەریو کارەساتەکانی ئایندە ناگریت، بەلکو تەنانەت روودانیان زامن دەکات .

سیاسەتی پاسفیستی، وە شەوارە بوون بە لایەنی عەسکەرییو چەکدارانەی ئەم بەرامبەرکییەو زەبروزەنگیکی فیزیکی کە ئەشی بەسەر جیهاندا بیت، ریک ئەو زیانەی هەیە کە خەلکی دوچاری ئیفلیجیی سیاسی دەکات. بەرگرتن بەم پیشبرکی تیروریستییەو ئەم شەپولە لە تەقاندنەوەو خاپوورکردنو کوشتاری بەکومەل کە بویان ئامادەکردووین لەگرەوی دەخالەتی جەماوەری فراوانی خەلکدایە، هەم لە ئەوروپاو ئەمریکاو هەم لە خورهەلاتی ناوەراستو ولاتانی ناوبراو بە جیهانی سییەم لەو پروسە سیاسییانەدا کە ئەم رووداوانەیان لی ئەکەویتەوە. دەخالەتیک لەسەر بناغەی بەرنامەکاریکی چالاکو ئیسباتی. لەم حالەتەدا، ئاسوی ئایندە مەرج نییە تاریک بیت .

**پیویستە ئەم پروسانەو واقعییەتە سیاسییەکان لەژیر خاکوخولی ئیعلامی جەنگیدا بدوزینەوە .**

لەودیوی ئیعلامیی رەسمییەوە: تیروریزم و ئیسلامی سیاسي گومان ناکەم هیچ کەسیک، تەنانەت لە خودی سوپای ئەمریکاشدا، ئەم رافەکردنە قبوول بکات کە تاوانی ١١ی سپتامبەر کاری گروپیکی فەناتیک بوو کە کەسیک بەناوی ئوسامە بن لادن لە ئەفغانستان ریوشوینیان بو دیاری ئەکات کە دوژمنایەتییەکی شەخسییو کویرانەی لەگەل ئەمریکاو "شیوەی ژیانی"



ئەمریکاییو "دیموکراسی"دا هەیە .دەزگاکانی راگەیاندنی غەرب لەسەر ئەوە سوورن کە ئەم کردەوەیە "کاری موسولمانەکان" نەبوو، کە لە "ریوشوینەکانی قورئان"ەوە سەرچاوەی نەگرتبوو .جورنالیستە بەتەجروبەکان هەول ئەدەن کە بەپیی ئیمکان ناوی مەسەلەی فەلەستینو ئیسرائیل نەیەتە ئاراوە. دەلین هەرجورە بەستنەوەیەکی مەسەلەی فەلەستین بەم هیرشە تیروریستییەوە بەمانای داننانە بەوەی کە ئەم کردەوەیە لەراکیشانی سەرنجی غەرب بو سەر وەزعی فەلەستینییەکان کاریگەر بووە. لە ئەنجامدا لەجیاتی ئیسلامی سیاسیو ئیسرائیل، ئیمە حەوالەی بن لادنو ئەفغانستان دەکەن. جەنگی ئەمریکا لەگەل تالیبان لە ئەفغانستان روداویکی زور گرنگە بە کومەلیک ئاکامی دریژخایانەوە لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا. ئەم جەنگە بیگومان کاریگەری لەسەر چارەنووسی ئیسلامی سیاسیو تەنانەت مەسەلەی فەلەستینیش دادەنیت. بەلام پەیوەندییەکی بە دوزینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی کردەوەکەی ١١ی سپتامبەرەوە نییەو تەنانەت ئەگەری کردەوەی تیروریستی لەدژی غەرب زور زیاد دەکات. (دواتر دیمەوە سەر ئەمە (

تیروریزمی ئیسلامی واقعییەتیکی سەردەمی ئیمەیە. ئەم تیروریزمە کولەکەیەکی سەرەکیی ستراتیجی ئیسلامی سیاسییە. ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەیەکی کونەپەرستانەی ناوچەکەو ئیستاش لەئاستی جیهانیدایە کە لەسەر ستەمی میژوویی ئیسرائیلو غەرب لە خەلکی عەرەب زمانو بەشیوەیەکی تایبەتی لەخەلکی فەلەستین، ئەلەوەریت. بیولاتیی خەلکی فەلەستینو ستەمی دەولەتی ئیسرائیلو هاوپەیمانە غەربییەکانی لە فەلەستینییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی بیزارییە لە غەربو ئەمریکا لە ناوچەی خورهەلاتی ناوەراستدا. لەمەش گرنگتر، بوونی مەسەلەی فەلەستینو پشتیوانیی هەمیشەیی ئەمریکاو غەرب لە ئیسرائیل لەبەرامبەر عەرەبدا چ لە سەردەمی جەنگی ساردو چ دوای ئەو، قەلشتیکی گەورەی ئابووری، کەلتووریو نەفسیی لەنیوان غەربو خەلکی خورهەلاتی ناوەراستدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دروستکردووه. بەلام ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەک دەرفەتی ئەوە پەیدا دەکات کە ئەم نارەزایەتیو قەلشتە بکاتە سەرمایەی دەستیو لە پەراویزی کومەلگاکانی خورهەلاتی ناوەراستەوە بیبنیتە نیوجەرگەی مشتومر لەسەر دەسەلاتی سیاسی، ئیتر ئەمەیان راستەوخو بەرهەمی خودی ئەمریکاو غەربە. ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی تاوانکارانە بەم مەودا فراوانەی دەسەلاتەوە، دروستکراوی دەستی ئەمریکاو غەربە. ئەم دیوەزمەیە خودی خویان دروستیان کردو بەریاندایە گیانی خەلکی ناوچەکەو ئەمروش خەلکی سەراسەری جیهان. ئیسلامی سیاسی ئامرازی دەستی غەرب بوو لە جەنگی سارددا لەدژی سوفیتو ئامرازی تیکشکاندنی بزووتنەوەو شورشە چەپو کریکارییەکان بوو لە هەموو ولاتانی ناوچەکەدا. ئەمە ئامرازیک بوو کە دوای بنبەستی حکومەتە ناسیونالیستییەکان لە خورهەلاتی ناوەراستدا بو بەرگرتن بە هیزگرتنی چەپ هینایانە مەیدان .مەسەلەی فەلەستینو بوونی حکومەتە ئیسلامییەکان لە خورهەلاتی ناوەراستدا، کولەکەکانی تیروریزمی ئیسلامی پیک ئەهینن. وە هەر سیاسەتیکی چالاکو پیشرەوی خەلکی بو بەرامبەرکی لەگەل تیروریزمی ئیسلامیدا دەبی لیرەوە دەست پیبکات :

١ -چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین. دەبی ئەم گرفتە میژووییە چارەسەر بکریت. خەلکی فەلەستین پیویستە ولاتی سەربەخوی خویان هەبیت. دەبی ئەمریکاو دەولەتانی غەربی ناچار بکرین کە دەست لە پشتیوانی یەکلایەنەی خویان لە ئیسرائیل هەلبگرن. دەبی ئیسرائیل ناچار بکەن ئاشتیو سەربەخویی فەلەستین قبوول بکات. چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین گرنگترین کولەکەی روبەروبوونەوە لەگەل ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامیو بەشیکی سەرەکی بەرنامەکاریکی پیشرەوو چالاک پیک دەهینیت لەبەرامبەر هەلومەرجی ئیستادا .



٢ -غەرب دەبی دەست لە پشتیوانیی کونەپەرستانەی لە دەولەتە ئیسلامیو کونەپەرستەکانو حیزبەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە خورهەلاتی ناوەراستدا هەلگریت. بەبی پشتیوانیی غەرب رژیمی ئیسلامیی ئیران نەدەهاتە سەرکارو لەسەر کار نەدەمایەوە. بەبی پشتیوانیی غەرب نیزامە کویلەداریو شیخە موتەفەریقەکانی سعودیەو میرنشینە وردو درشتەکان لەسەرکار نەدەمانەوە .بەبی پشتیوانیی غەرب نەتەنها تالیبان، بەلکو دەستەوتاقمەکانی پیشووی موجاهیدینی موسلمانیش نەیاندەتوانی ئەفغانستان بکەن بە شانوی تراژیدیایەکی ئینسانیی گەورە. هەر ئەمروش بە برینی ئەم پشتیوانییە سیاسیو عەسکەریو دبلوماسییەی غەرب لە بزووتنەوەی ئیسلامی، خەلکی ناوچەکە بەخیرایی ئەم حکومەتانە دەکیشنە خوارەوە. خواستی روخاندنی حکومەتە ئیسلامییەکانو بەرگرتن بە بەندوبەستی ئەمریکاو دەولەتە غەربییەکان لەگەل ئەم حکومەتانەدا دەبی بەشیکی گرنگی دیکەی پلاتفورمی دژی تیروریستی هەر بزووتنەوەیەکی پیشرەوی خەلکیی بیت .

٣ -گەماروی ئابووریی عیراق دەبی کوتایی پیبیت. کویرەوەرییەکانی خەلکی عیراق لە زەینی خەلکی ناوچەکەدا بووەتە مەسەلەی فەلەستینیکی دووەم . بووەتە بەلگەیەکی زیندووی تیروریزمی ئەمریکاییو غەربیی لە خورهەلاتی ناوەراستدا. سەرباری ئەمە ئەم گەماروی ئابوورییە تەمەنی حکومەتی کونەپەرستی عیراقی دریژکردووەو خەلکی مەحرومی عیراقی لە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە بو جەنگیکی هەموو روژە لەپیناوی مانەوەی فیزیکیدا پاشەکشە پیکردووە. خەبات لەپیناوی لابردنی گەماروی ئابووری سەر عیراق کولەکەیەکی دیکەی پلاتفورمیکی پیشرەوە لەدژی تیروریزمی ئیسلامی .

٤ -دەبی چالاکانە بو بەرگری لە عیلمانیەت لە ولاتانی موسلمان نشینو ژینگە کومەلایەتییە ئیسلامییەکانو گیرودە بەئیسلامەکان لە خودی ولاتانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

غەربیدا ببینە مەیدان. بوچوونی دواکەوتووانەی (هەرکومەلگایەک کەلتووری خوي)و دریغی کردن لە بەرگریکردن لەمافە مەدەنیو ئینسانییەکانی خەلکو بەتایبەت ژنان لەم ولاتو ژینگانەدا، دەستی ئیسلامی سیاسی بو توقاندنی خەلکیو بزواندنی لاوان ئاوەلاکردووە. دەبی جیهانی بوونی مافەکانی مروفو مافە مەدەنییەکانی ئینسانەکان بە ئەسل وەربگیریتو هەرجورە سازانیک لەگەل دینو حوکمرانیی کونەپەرستانەی دین لەسەر حیسابی مافەکانی مروف مەحکوم بکریت. تیروریزمی ئیسلامیی واقعییەتیکە. تیروریزم کاری موسلمانەکان نییە، بەلام سیاسەتیکی رەسمیی بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە. ئەمە بزووتنەوەیەکی بیناوەروکو دروستکراوی دەستی غەربە لە جەرگەی جەنگی ساردو لە ململانیی ئەنتی کومونیستی لەگەل کریکارانو ئازادیخوازانی خورهەلاتی ناوەراستدا. ئەم بزووتنەوەیە سستو لاوازە. نفوزیکی سیاسیو مەعنەوی ئەوتوی لەولاتە گەورەکانی ناوچەکەدا نییە. لە واقعیاتە کومەلایەتییەکانی ناوچەکە لەدواترە. بەبی پشتیوانی غەرب، ئیسلامی سیاسی بەدەستی سوسیالیزمو عیلمانیەت لەناوچەکەدا شکست دەخوات. لە ئیران، کە وەکو فەلەستین، یەکیک لە گرنگترین مەیدانەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئیسلامی سیاسییە، ئاوابوونو روخاندنی ئیسلامی سیاسی هەرئیستا دەستی پیکردووە .

**لەبەشی داهاتوودا:**

*جەنگی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە ئیستا لە ئەفغانستان دەستی پیکردووە، جەنگیک نییە لەدژی تیروریزم، چونکە نەتەنها وەلام بەهیچ یەکیک لە پیداویستییەکانی خەبات لەدژی تیروریزم، کە لەسەرەوە ئاماژەم پیکرد، ناداتەوە بگرە پشت بە بەشیک لەخودی رەوتی ئیسلامی دەبەستی. لەگەل ئەمەشدا بەبروای من ئەمریکا چووەتە ناو کیشمەکیش لەگەل ئیسلامی سیاسییەوە. ئەمە شەریکە لەسەر دەسەلات. ئەم کیشمەکیشە بەپیی مەنتق



دەبیتە مایەی لاوازکردنی ئیسلامی سیاسی. بەلام ئامانجی غەرب سرینەوەی ئیسلامی سیاسی نییە، بەلکو لاوازکردنی، ملکەچ کردنو پیکهینانی ئارایشیکی تازەیە لەریزەکانیدا بو دروستکردنی هاوسەنگییەکی تازە. جەنگ لە ئەفغانستاندا لەسەر تازەکردنەوەی پیناسەی پەیوەندی غەربە لەگەل ئیسلامی سیاسیدا. ئیمە دەبی ئەم چوارچیوەیەو ئەم سازشە تازەیە بشکینینو سیاسەتی سەربەخوی خومان بو رزگارکردنی ناوچەکە لەم هیزە کونەپەرستە لەجەرگەی ئەم هەلومەرجە تازەیەدا چالاکانەتر ببەینە پیشەوە .

*هەلویستی پاسفیستی، ئەم کیشمەکیشە تازەیەی غەرب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا نابینیت، گرنگیی ئەمە چ بو خەلکیک کەخویان قوربانیی ئەم بزووتنەوە کونەپەرستە بوونەو، چ گرنگییەکەی لە رەوتی گورانکارییە سیاسییەکانی ئایندەی جیهاندا لەبەرچاو ناگریتو لەم بارەیەوە هیچ ئەرکیک بوخوی دانانیت .دەبی رەخنە لەم هەلویستە ئارامیخوازو موحافەزەکارانەیە ببریتە نیو بزووتنەوەی مقاوەمەتی خەلکییەوە لەدژی تیرورو میلیتاریزم .

*بەهوی ئەبعادو لایەنە جیهانیو میژووییەکانی ئەم کیشمەکیشەوە، تایبەتمەندییە ئایدولوژیو زەینییەکانی خەلکی جیهانی ئەمرو بەتایبەت لە غەربدا زور لەگەل سەردەمی هیرش بوسەر عیراقو تەنانەت سەردەمی هیرش بوسەر یوگوسلافیادا جیاوازە. بە رووهینانی فراوانتری خەلک بو سیاسەتو خەباتی مەدەنی، میلیتاریزمی ئەمریکا لەم کیشمەکیشەدا لەرووی سیاسییەوە لاوازتر دیتە دەرەوە. ئەم کیشمەکیشەی ئیستا، کە خوی لەسەر چەند گوشەیەکی نەزمی نویی جیهانیی دوای هەرەسی سوفیتە، دەتوانی لەحالەتی دەخالەتی عونسری پیشرەودا، تیکرای ئەم مەسەلەیەو خودی مەسەلەی زلهیزییو ملهوریی ئەمریکا لەئاستی کومەلایەتیدا بداتە بەر رەخنە. وە ئەمە لەدیدگای مەسەلەی ئازادیو یەکسانییەوە لەئاستیکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهانیدا مەسەلەیەکی چەند بەرابەر لە چارەنووسی ئیسلامی سیاسی گرنگترە .

)دریژەی هەیە )

ئەم دووبەشەی وتاری "دنیا دوای ١١ی سپتامبەر" بو یەکەمجار لە ژمارەکانی ٧٣ی روژی ٢٨ی سپتامبەرو ٧٥ی روژی ١٢ی ئوکتوبەری ٢٠٠١ی بلاوکراوەی فارسی زمانی (انترناسیونال هفتگي)دا بلاوکراوەتەوە .

## دنیا دوای ١١ی سیپتەمبەر
## بەشی چوارەم: دوای ئەفغانستان

### ئەفغانستان: جەنگ یان تیروریزمی ئاسمانیی؟

لە ئەفغانستاندا جەنگیک لەئارادا نییە. بەپیی لوژیک جەنگ لانی کەم پیویستی بە دوو لایەن هەیە. ئەوەی ئیستا لەئارادایە، بومبارانی ئەفغانستانە لەلایەن ئەمریکاوە. لەم تاکتیکە تازەداهینراوەی تاکە زلهیزی جیهانو پولیسی خوسەپاندووی نیونەتەوەییدا، تیرورو توقاندن لە ئاستیکی ملیونیدا بەرەسمی جیگای جەنگی گرتوتەوە. لەدوای فیتنامەوە، وا بریارە کە کومەلگای ئەمریکا جاریکی تر شاهیدی گەرانەوەی کیسەی تەرمی ئەو سەربازانە نەبیت کە بو بەرە دووردەستەکان نیردراون. وە بەهای ئەمەش ئیستا دەبی خەلکی مەدەنی ئەو ولاتەدا بیداتەوە کە لە بەدبەختیدا لە



تیزەکانی دکتور سترنج لاوەهای شورای ئەمنی قەومیو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەسەرپییی بە لانکەو پەناگەی دوژمنی چەتوونی ئەمریکاو رابەری تازەی "ئیمپراتوریی شەر "پیناسەکراوە. زیانیک کە سوپای ئەمریکا لییناکەویت بە سەدقاتەوە لە خەلکیکی مەدەنی بیئاگای دەسەنن کە لەولاتیکی عادەتەن هەژارو پەراویزکەوتووی جیهاندا خەریکن بە چنگەکری نانی خویان پەیدا ئەکەن. روژیک ئەم بیتاقەیە بو خەلکی عیراق دەرئەچیت، روژیک یوگوسلافیا، روژیک لیبیاو روژیک ئەفغانستان. لەتاریکی شەودا لەبەرزایی دەیان هەزار مەترو لە کەشتیو ژیردەریاییەکانی ئەودیوی شەپولی ئوقیانووسە دوورەکانەوە، دەیان هەزار تەن بومبو مووشەک بەسەر شارەکانی خەلکیدا دەبارینن. بەشانازییەوە رادەگەیەنن کە ولاتی بەرامبەر "بە بومب دەگەرینینەوە بو چاخی بەردین"، لەگەل ئەمەشدا سوورن لەسەر ئەوەی کە بومبە "ژیر"ە ئەمریکییەکان تەنها گوناهکاران دەپیکی. ئامانج توقاندنە. توقاندنی هەموو کومەلگا. زالکردنی ترس، ترس لە مەرگ، لە ئاوارەیی، لە خاپوورکردنی هەموو سیمایەکی شارستانی، تا ئەوکاتەی کە کومەلگا ئیفلیج دەبیتو، ئیمکانی مقاوەمەت نامینیت. سوپای پیادەی ئەمریکا، ئیستا تەنها سەگیکی راوە کە دوای تەواوبوونی تەقەکانو نیشتنەوەی تەپوتوزو هەراوهوریاکان دەبی بچیتو نیچیرە بیگیانەکە بهینیت . شەر راگەیاندنی هیچ کەسیک، تەنانەت ئەمریکاو غەربیش، لەدژی تالیبان ناکری مەحکوم بکریت. تالیبان دەبی برواتو سەرەنجام دەبی هەر لەریگای زەبروزەنگو کردەوەی سەربازییەوە بروات. دوژمنایەتی غەرب لەگەل تالیباندا باشترە وەک لەدوستایەتی تائیستایان. هیچ کەسیک بەر بە پیچانەوەی دەورودوکانی ئینسانکوژانیک ناگریت کە غەرب خوی هیناونییە سەرکار. بەلام لەنیوان جەنگو تیروردا جیاوازی هەیە. کردەوەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە ئەفغانستان تیروریستییە. بومبارانی شارەکانو ناوچە سەکەنیەکانی ئەفغانستان دەبی مەحکوم بکریتو رابگیریت. ئەفسانە بیسەروبەرەکان لەبارەی توانای سەربازیی تالیبانو میژووی بەچوکداهاتنی زلهیزەکان لە ئەفغانستان خزمەت بە دریژەپیدانی ئەم شیوە تیروریستییە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکات. موجاهیدنی ئەفغان لەجەنگی دژی سوفیتدا هیزی خەتی پیشەوەی جەبهەی ئەمریکاو غەرب بوون. تالیبان باندیکی گانگستەریی تاوانو بەرهەمهینانو دابەشکردنی مادده سرکەرەکانە کە غەرب خوی بە هاوکاری پاکستانو سعودیە دروستی کردووە. دەتوانن لە سویچەوە بیکوژیننەوەو لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بیپیچنەوە. بەلام تیروریزمی ئاسمانیی سەلامەت ترە، بەرچاوترە، بو خەلکی نارازیی جیهان بەعیبرەت ترە، زلهیزانەترە. دەبی لەبەرامبەر ئەم شیوە دژی ئینسانییەدا رابووەستین .

## لەنیوان تالیبان و ئیسلامی سیاسیدا

کردەوە سەربازییەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە ئەفغانستان، تەنانەت ئەگەر ببیتە مایەی روخاندنی تالیبانو مەرگی بن لادنیش، نە تەنها هەرەشەی تیروریزمی ئیسلامی لەدژی غەرب کەم ناکاتەوە، بەلکو ئەبعادەکانی ئەم تیروریزمە پەرە پیدەدات. سەرانی دەولەتانی غەربی ئەمە دەزاننو بەرەسمی خەلکی غەرب لەمە وریا ئەکەنەوە. بەلام هەلبژاردنی ئەفغانستان وەکو یەکەمین گورەپانو مەیدانی" تولەسەندنەوە"ی ئەمریکا لەبەرامبەر تاوانی ١١ی سپتامبەردا، بو ئەوان دوو خاسیەتی بنەرەتی هەیە :

یەکەم، تەنانەت ئەگەر ئەوەشیان قبوول بیت کە تیروریزمی ئیسلامی و ئەو نەفرەتە دژی غەربییەی کە ئەم تیروریزمە لەسەری ئەلەوەریت، واقعییەتیکی سیاسییەو ریگاچارەیەکی سیاسی هەیە، ئەوان تەنها کاردانەوەیەکی سیاسی بە هیرشیکی فیزیکیو سەربازیی گەورە کە لەناوخوی خاکی ئەمریکادا ئەنجام دراوە بەکافیو گونجاو نازانن. میلیتاریزم کولەکەیەکی ئایدولوژی رەسمییە لە ئەمریکاو بەردی بناغەی پیناسەی ناسنامەی ئەوە وەکو زلهیزیک. لەم دیدگایەوە هیرش بو سەر ئەمریکا تەنها دەکری بە هیرش بوسەر کەسیکی دیکەو جیگایەکی دیکە وەلام



بدریتەوە. بو ئەمریکا تولەسەندنەوەی ١١ی سپتامبەر، سەربەخو لە ماهییەتو زەمینەو خەسلەتەکانی ئیسلامی سیاسیو تیروریزمی ئیسلامی، تەنها دەکری کردەوەیەکی سەربازی بیت. ئەم کردەوە سەربازییە دەبی گەورەبیت، دەبی "رقو دەسەلاتی ئەمریکا"، زەبروزەنگی ئەمریکا، نوینەرایەتی بکات. بەلام کردەوەی سەربازیی گەورە پیویستیی بە مەیدان هەیە. جەنگ پیویستی بە مەیدانی جەنگ هەیە. هەلبژاردنی ئەفغانستان لەبەر بوونی بن لادن نییە لەوی، بەپیچەوانەوە هەلبژاردنی بن لادن لەبەر ئەوەیە کە لە ئەفغانستاندایە. کەم نین لە ئەمسالی بن لادن، لەسەرانی تیروریزمی ئیسلامی کە بە ئاشکراو نهینی لە ئیران، بریتانیا، فەرەنسا، میسر، پاکستان، لوبنانو فەلەستین، چیچانو بوسنە دەژین. ئەو وینایەی کە تیروریزمی ئیسلامی توریکی هەرەمییە بە پیکهاتەیەکی ئیداری دیاریکراوەوە کە بن لادن لەسەرەوەی راوەستاوە، گالتەجارییە. بە عەقلەوە ناچیت خامەنائییەک لەم پیکهاتەیەکی ئیدارییەدا لەژیر سەرکردایەتی بن لادن بووبیت. ئەفغانستان، دەروازەیە. ئەو گورەپانەی کە دەکری مەیدانی کردەوەیەکی گەورەی سەربازی بیت. ئەفغانستان تەنها مەیدانی شیاوە بو "تولەسەندنەوەی ئەمریکا "لە مەودایەکی سەربازیی فراوانو سامناکدا کە دەستەی حوکمرانی ئەم ولاتە بەلینی داوە. لەدەرەوەی ئەفغانستان وەها ئامانجیکی سەربازیی کە بکری دیاری بکریتو هیرشی بکریتە سەر لەئارادا نییە. تازە لیرەشدا سەرانی غەرب دادوبیدادی ئەوەیانە کە تەلاری هیندە بەرزو پردی هیندە گەورەی تیا نییە بو ویران کردنی .

دووەم، هەروەک لە بەشی پیشوودا وتم، ئەو شتەی کە بریارە لەپشتی کیشمەکیش لەگەل تالیبانو بن لادن لە ئەفغانستاندا یەکلایی بکریتەوە، پەیوەندیو هیزهاوسەنگیی ئەمریکاو غەربە لەگەل ئیسلامی سیاسیدا. "جەنگی دریژماوە لەدژی تیروریزم" ناوی رەمزیی هیزنیشاندانیکە بە ئیسلامی سیاسی .جەنگیکی دەسەلاتە کە لەروانگەی ئەمریکاوە دەبی لەپیناوی پیناسەکردنی کومەلیک تایبەتمەندی پایداری نەزمیکی نویی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهانیی لەدوای هەرەسی سوفیتەوە درەنگ یان زوو دەبی ئەنجام بدریت.
ئیسلامی سیاسی، ئەم بەهەرمە لاوەکییەی جەنگی سارد، لەدوای هەرەسی سوفیتەوە وەکو کەمپیکی بورژوایی خوازیاری دەسەلات لە ولاتانی خورهەلاتی ناوەراستو لە مەلبەندە "ئیسلامی"یەکانی خودی کومەلگا غەربییەکاندا سەری هەلداوە. ئەم رەوتە لە بەشیک لە جیهانو لە ولاتانیکی زور گرنگی وەکو ئیرانو پاکستان، یان بەرەسمی لە دەسەلاتدایە وەیان قورساییەکی سیاسی زوری هەیە. گوشەیەکە لە کیشمەکیش لەسەر ئایندەی فەلەستینو ئیسرائیل. لە جمهورییەکانی پیشووی سوفیتدا، هەنگاویک لەم لای جبەخانە ئەتومییەکانەوە، راوەمشک دەکات. لە خودی غەربدا، لەسایەی پارەی سعودیەو کومەکی دەولەتییو ئایدولوژی ریسوای (هەرکومەلگایەو کەلتووری خوی)، پول پول لاوانی ئەو مەلبەندانە دەکاتە ئەندامی خوی کە گیرودەی ئیسلام بوون. لەروانگەی غەربەوە ئەم ئیسلامە سیاسییە ئیتر ئەو رەوتە دەستکەلاو گویرایەلە نییە کە بریار بوو لە ئابلوقەدانی سوفیتدا دەوری هەبیت، بەر بە دەسەلاتی چەپ بگریت لە شورشی دژی پاشایەتی ئیراندا وە ببیتە دەردی سەر بو عەرەفاتو ناسیونالیزمی عەرەب. ئیستا ئەم دیاردەیە ئیدعای زورتری هەیە. لەژیر سایەی غەرب هاتوتە دەرەوە. وە لە ١١ی سپتامبەردا، لەروانگەی ئەمریکاوە، ئیسلامی سیاسی پیی زیاد دریژ کرد. هیرشی تیروریستی لەم ئاستەو لە نیوجەرگەی ئەمریکادا، چەخماخەی ئەم هیزنیشاندانە حەتمییەی لیدا. ئەم رووداوانە لەبنەرەتدا چەند بەشو قوناغیکی جیاجیای جەنگیکی دەسەلات پیکدەهینن لەنیوان ئەمریکاو غەرب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا .
لەروانگەی ئەمریکاوە ئەمە نەبەردیکە لەگەل دەولەتە ئیسلامییەکان، حیزبە ئیسلامییەکانو تیکرای بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا. تالیبان، لاوازترینو لەرزوکترینو پووچترین سومبلی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسییە لە خورهەلاتی ناوەراستداو سەرەنجام لەروانگەی ئەمریکاوە گونجاوترین خالی چوونەژوورەوەیە بو ناو ئەم جەنگی دەسەلاتە هەمەلایەنەیە.
سەرکەوتنی ئەمریکا لە ئەفغانستان لەروی سەربازییو عەمەلییەوە، دەست



لە بناغەکانی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی نادات. خویان ئەمە دەزانن.
مەلبەندە سەرەکییەکانی دەسەلات لەپلەی یەکەمدا لەئیران، سعودیە، وە لە ریکخراوە ئیسلامییەکانی میسرو لوبنانو فەلەستیندایە. بەلام ئەمە جەنگی دەسەلاتە، جەنگی مانو نەمان نییە. ئەفغانستان تاقە مەیدانە کە تیایدا بەشیوەیەکی واقعی، لانی کەم لەچوارچیوەی ئیستای جیهاندا، روبەروبوونەوەیەکی سەربازیی لەنیوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا ئیمکانی هەیە. تاقە مەیدانیکە کە "جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم" دەتوانی بە کردەوەیەکی سەربازیی بەرچاوو خیرا دەست پیبکات بیئەوەی هەموو شتیک بەیەکجاری بدات بەسەریەکدا .

## ئەمە کیشمەکیشیکی سیاسییە

"جەنگی دریژخایەن لەدژی تیروریزم"، واتە جەنگی دەسەلاتی ئەمریکا لەگەل ئیسلامی سیاسیدا، دوای ئەفغانستان تەنانەت ئەگەر هەردوو لایان لەهەندی برگەدا دەست بو کردەوەی سەربازیی لیرەولەویو کردەوەی تیروریستی لەدژی یەکتریش ببەن، لەناوەروکدا کیشمەکیشیکی سیاسی دەبیت. ئامانجی ئەم جەنگە لەلایەن ئەمریکاوە نەهیشتنی ئیسلامی سیاسی نییە. بەپیچەوانەی دەستخوشانە ئیعلامییەکانی دووەمی خوردادییەکان (مەبەست لەبالی خاتەمییە- وەرگیر) ئەوە جەنابی خاتەمیو سیاسەتە ژیرانەکەی نەبوو کە "ئیرانی لە بومباران نەجات دا". هیرش بو سەر ئیرانو بومبارانیکی لەم جورە لەبنەرەتەوە لە بەرنامەی غەربدا نییە .ئەو وینایەی کە دوای ئەفغانستان ئەمریکا یەک لەدوای یەک لەگەل ئەو ولاتانەدا دەچیتە شەرەوە کە روژیک بەتیروریست لە قەلەمی داون، زور ساویلکانەیە.
مەبەستی غەرب لەم هیزنیشاندانەدا نەک نابوودی ئیسلامی سیاسی وەیان تەنانەت مەرج نییە روخاندنی دەولەتە ئیسلامییەکانیش بیت، بەلکو پیقبوولکردنی هەژموونی سیاسی خویەتی بە بزووتنەوەی ئیسلامیو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیاریکردنی ریوشوینی گەمەکەیە. لەروانگەی ئەمریکاوە ئەم بزووتنەوەیە دەبی سنووری خوی بزانیت. دەبی قەلەمرەوی عەمەلیاتەکانی خوی بە ناوچەکە بەرتەسک بکاتەوە، جیوشوینی خویو جیگاوریگای تایبەتی ئەمریکا دەرک بکات. نەتەنها دەولەتە ئیسلامییەکان دەتوانن لەسەر کار بن، بەلکو تەنانەت تیروریزمیش مولەتی هەیە، بەو مەرجەی قوربانییەکانی ئەم تیروریزمە کومونیستەکانو چەپەکانی ئیرانو ئەفغانستانو پاکستانو تورکیا بن. بەلام پەلامار لەناو خاکی ئەمریکا خویدا ئەمە ئیتر هەلەیەکی زیادەیە. ئەمریکا دەیەویت ئەم دەرسەو ئەم هاوسەنگییە بباتە خورهەلاتی ناوەراست .

ئەمە جەنگیکی دەسەلاتە نەک کیشمەکیشیک لەسەر ئیسلام، لیبرالیزم، دیموکراسی غەربی، ئازادی، مەدەنییەت، ئاسایشو ئارامی یان تیروریزم. ئەمە نەبەردیکە لەنیوان ئەمریکای زلهیز لەگەل بزووتنەوەیەکی سیاسی خوازیاری دەسەلات لە خورهەلاتی ناوەراستدا، کە مەودایەکی هەلسوورانی جیهانیی هەیە، بو پیناسەکردنی هاوسەنگییەکی سیاسیو دیاریکردنی قەلەمرەوەکانی نفوزو هەژموونیی خوی. غەرب بەشوین پیکهینانی دیموکراسییە غەربییەکانەوە نییە لە خورهەلاتی ناوەراستدا. ئەمریکاو پاکستانو ئیرانو تەیفی فراوانی کونەپەرستان لە ناوچەکەدا لەئیستاوە خەریکن بو سەپاندنی حکومەتیکی ئیستبدادیو دواکەوتووی دیکە بەسەر خەلکی ئەفغانستاندا لەگەل یەکتریدا بەندوبەست دەکەن. ئیرانو سعودیەو پاکستانو شیخ نشینەکانی خەلیج، ئەم کونەپەرستترین رژیمانەی جیهانی ئەمرو، هاوپەیمانانی رەسمییو عەمەلیی غەربن لەم کیشمەکمیشەدا. تەنانەت لە حالەتی هەرەسهینانی دەولەتە ئیسلامییەکانیشدا، ئالتەرنەتیفی حکومەتیی جیمەبەستی غەرب لەناوچەکەدا حیزبە راستە کونەپەرستو نیزامە پولیسیو سەربازییەکان دەبیت .



## ئەمریکا میژوو دروست ناکات

بەلام غەرب ئایندەی ئەم رەوەندە دیاری ناکات. سیاسەتی ئیستاو کردەوەکانی ئەمریکا بمانەویو نەمانەوی چوارچیوە سیاسییەکانی ئیستای خورهەلاتی ناوەراست دەشیوینی، بەلام ئەوە کومەلیک هیزی دیکەن کە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئالتەرنەتیفە دیاری دەکەن کە لەئایندەدا شکل دەگریت. گومان لەوەدا نییە کە روبەروبوونەوەی غەرب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا دەبیتە مایەی لاوازبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیو حیزبو دەولەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە. بەلام ئەم کیشمەکیشە لە گورەپانیکی خالیدا رونادات. خورهەلاتی ناوەراست، هەروەکو خودی غەرب، شانوی کیشمەکیشی نیوان کومەلیک بزووتنەوەی کومەلایەتییە کە بەرلەم کیشمەکیشەی بورژوازی غەرب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا وجودیان بووەو رەوەندی سیاسی کومەلگا جیاجیاکانیان شکل پیداوە. کیشمەکیشی غەرب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا، بەهەموو گرنگییەکەوە کە هەیەتی، هیزی بزوینەرو موتوری بەرەوپیشەوەبردنی میژوو نییە لەم کومەلگایانەدا، بەپیچەوانەوە، خوی دەچیتە چوارچیوەی ئەم میژووەوەو هەر لەم چوارچیوەیەدا رافە دەکریت. ململانێ لەسەر دیاریکردنی نەزمی نویی جیهانی کومەلیک ئەکتەری گرنگتری هەیە. چینە کومەلایەتیو بزووتنەوە سیاسیەکانیان چ لە غەربو چ لە خورهەلاتی ناوەراستدا، بو دیاریکردنی ئایندەی سیاسیو ئابووریو کەلتوری جیهان ریزبەندییان کردووە. ئەوە بزووتنەوەکانن کە سەربەخو لە خواستی سەرانو سیاسەتمەدارانی غەربو سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی، دوا ئاراستەی ئەم رەوندانە دیاری دەکەن .

بەشیوەیەکی دیاریکراو، تا ئەو جیگایەی پەیوەندنی بە خورهەلاتی ناوەراستەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر غەرب خوازیاری پاشەکشەپیکردنیکی جوزئیی ئیسلامی سیاسیو پیناسەکردنی بنەماکانی پیکەوەژیانیکی تازەش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بيت لەگەليدا، بزووتنەوە سوسياليستيو ئازاديخوازو عيلمانيەكان لە ناوچەكەدا لەم هەلومەرجە تازەيەدا سەربەخو لە نەخشەكانى غەرب دينە سەر شانو. بو نموونە بەراى من ئيسلامى سياسى لە ئيراندا دەروخيت، نەك لەبەر ئەوەى كە غەرب لەم روبەروبوونەوەيەى دواييدا خواست يان مەبەستيكى بەم جورەى هەيە، بەلكو لەبەرئەوەى كە لە جەرگەو شانبەشانى ئەم كيشمەكيشە تازەيە خەلكى ئيرانو لەپيشەوەياندا كومونيزمى كريكارى حكومەتى ئيسلامى دەكيشنە خوارەوە. شكستى جمهورى ئيسلامى گەورەترين گورز دەبيت لە پەيكەرى ئيسلامى سياسى. ئەگەر چارەسەركردنى مەسەلەى فەلەستين مەرجى لەنيوبردنى زەمينە سياسيو فيكريو كلتورييەكانى گەشەى ئيسلامى سياسييە لە خورهەلاتى ناوەراستو لە ئاستى جيهانيدا، ئەوا شكستى جمهورى ئيسلامى مەرجى تيكشاندنى ئەوە وەكو بزووتنەوەيەكى خوازيارى دەسەلات لە خورهەلاتى ناوەراستدا . بەبى جمهورى ئيسلاميى ئيران ئيسلامى سياسى لەئاستى خورهەلاتى ناوەراستدا دەبيتە رەوتيكى ئوپوزسيونى بيئاسوو بيئاينده .

)دريژەى هەيە (

ئەم بەشەى وتارى (دنيا دواى ١١ى سيپتامبەر) لە (انترناسيونال هفتگي)ى ژمارە ٧٧ى بەروارى ٢٠٠١/١٠/٢٦ دا بلاوكراوەتەوە. (بەعەمەلى هيچ ئەلقەيەكى ديكەى ئەم باسە بلاونەبووەوە (

وەرگێڕانى: سەعيد ئەحمەد



# تويژينەوەيەكى كورت سەبارەت بە فيدراليزم

**نەتەوە پەرستى دەبى ببيت بەكاريكى شەخسى بەشيك لە كوبوونەوەى پالتاكى مەنسور حيكمەت لە ٢٦ ديسەمبەر ٢٠٠١ سەبارەت بە فيدراليزم**

ريگە بدەن چەند ووشەيەك سەبارەت بە فيدراليسم بليم. ئيمە ئيستا هەموومان (پيم وايە هەموو ئەوانەى كە لەم ژوورەدان مەگەر ئەوە بەراستى كەسيكى دواكەوتوو بيت) بيست و چەندساليكە لە پيناو ئەوەدا خەبات دەكەين كە دين لە دەولەتو پەروەردەو فيركردنو لەژيانى كومەلايەتى ئيمە بكەينە دەرەوە وە ببيتە كارى شەخسى .دين ببيتە كاريكى شەخسى . ئيستا پاش بيست و چەند سال ژمارەيەك هاتوون وە دەلين وەرن با نەتەوە پەيوەست كەين بە دەولەتەوە، بە پەروەردەو فيركردن و حكومەت وە ببيتە شيوەى ژيان. من ئەليم هەر بەو جورەى كە مەزهەب دەبى كارى شەخسى بيت قەوميەتيش بە هەمان شيوە دەبى ببيتە كارى شەخسى. بوى هەيە كەسيك نەتەوەى هەبيت وەكەسيكى تر نەيبيت. هەر بەو شيوەى كەسيك دينى هەيە وە يەكيكى تر نيەتى. بويان هەيە ئينسانەكان قەوميەتى جوراو جوريان هەبيت بويان هەيە ژمارەيەك بيانەويت. بويان هەيە ژمارەيەك بيانەويت لە بەيانيەوە تا ئيوارە رابەرە نەتەوەييەكانيان بەگەورە بگرن و پيروزيان بكەن. ژمارەيەك بيانەوى لە بەيانيەوە تاشەو گالتە بە ميراتى نەتەوەى ئەوان بكەن (كە من لە دەستەى دووهەمم (.ئەوەش هەر دەبى كارى شەخسى ئيمە بيت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئایا ئیمە ریگە ئەدەین پاش بیست و سی سال حکومەت بەناوی دینەوە، بە گورینی دین بەیەکیک لە پیک هاتەکانی حکومەت، بە گورینی مەزهەب لە کاریکی شەخسیی وە (کە زەمانی شایش بە هەمان شیوە کاری شەخسی نەبوو.) بو دامەزراوەی دەولەت، پاش بیست سال حکومەتی ئیسلامی سیاسی، ئەنجا قەومیەت ئەم دەورە لەئەستو بگریت؟ نەخیر! ئازیزی من، نەتەوەیی بوونی ئینسانەکان، تورک وفارس و کورد و عەرەب و بەلوج بونیان هەر بەو شیوەی کە شیعە و سونی و بەهایی و یەهودی بونیان کاری خویانە. بو خوشیان بەریزە. خوشی لە خویان، نابی ریگە بدەین ئەم (جیگەیە) پەیدا بکات لە گەل شیوەی ژیانی کومەلایەتی ئیمە وە پەیوەست بیت. وە نابی ریگە بدەین بیبیتە یاسا. وە سبەینی ئیمەش بە هەمان شیوە کە ریگەنادەین هەویەی دینیمان بدەنی وە بلین تو شیعەی، تو سونی، تو بەهاییت، تو مەسیحی ویەهودیت پاشان لەگەل ئەوانی تر لەم سەردەمە دیاری کراوە یا لەو سەردەمی دیاریکراو جیاوازیت هەیە، سبەینی بلین تو لوریت لیرە چی ئەکەیت تو کوردیت چون هاتیتە کەنار ئەم شەقامە؟ تو کە ژمارەی سەیارەکەت سمنانیە چون لە بلواری ناوەراستی شاری سنە دا سەیارەکەت وە ستاندوە؟ نامانەوی نەتەوە مان بگورن بە شناسنامەمان وە نامان ئەوی بیگورن بە بەشیک لە دەسەلات. ئەگەر ئیوە باوەرتان بەوەیە کە ئیسلامی سیاسی بوگەنە وە دەسەلاتی ئیسلامی و حکومەتی دینی وە حکومەتیک کە دین دەگوریت بەئایدولوژی دەسەلات و بە بەپایەیی دەسەلات، بە بوچونی من بە یەک توز بیر کردنەوە دەتوانی تیبگەیت کە چون ئیمە باوەرمان بەوەیەکە حوکمەتی نەتەوەیی، و فیدرالیزم پیسە، وە بە هەمان شیوە قیزوونە، خوین ریژیە، و بە هەمان شیوە دواکەوتوە .

ئەمە هەلویستی ئیمەیە سەبارەت بە فیدرالیزم. ئەگەر کەسیک بیەویت حکومەتی ئیسلامی لە ئیران پاریزگاری لیبکات ئەوە لەگەل ئیمە تەرەفە . لەگەل هەموو ئیمە کە لەم ژوورە ئامادەین تەرەفە. سبەی دیسان ئەگەر کەسیک بیەویت حکومەتی نەتەوەیی بینیتە سەرکار، لەگەل ئیمە تەرەفە .



باشترە کە ئەوە بزانیت. کە لەلای ئیمەوە رە د ئەکریتەوە. ئەبی شوینی ئازار دان و ئیعدام کردن دروست بکات. بروات سیا (CIA) بهینیت وە پال بدات بە ناتووە دواتر بروات بیبیسی و سی ئین ئین بینیتە پشت خوی. لە لایەن جیلیکەوە رەد بکریتەوە تا مولەتی پەیدا بکات لەو وولاتە حکومەتی قەومی ئاراستە بکات (راگەیەنیت)کە ئەو هیلە هی تورکە کانە. ئەمە سنوری لورەکانە وە ئەمە سنوری بەلوجەکانە .

لیرەدا سەرنج راکیش ئەوەیە کە کومەلگای فیدرالیان لە سەر بنەمای دابەشکردنی پاریزگاکانی جمهوری ئیسلامیە. باشە ئەگەرسبەی کوماری ئیسلامی ئازەربایجانی کرد بە سی بەشەوە ئەو کاتە سی کوماری ئوتونومی و کوماری فیدرالمان هەیە یان نا؟ ئەگەر نە ئەو سنورانە چ کەسیک دەیان کیشیت؟ لیرەدایە کە باسی (شاری) تاران نموونە یە. تارانی مانای چی؟ هەرکەس دیتە تاران بە خوی دەلی تارانی وە راستیش دەلي، راست دەلي. تاران ... لە خەلکیک کە لە شوینەکانی تری مەملەکەتەوە هاتوون، ئەیانەوی لەوی بژین. فیدرالیزم یانی ئەوانە بەردانە گیانی یەکتر. نەک لە گردو شاخەکانی لورستان و کوردستان، بەردانیان بو گیانی یەکتر لەتاران! لە بەر ئەوەی کە وولاتی هەریەکەیان ئەیەویت وەفاداریان بو کوماری فیدرالی بسەلمینیت. کیشەکە لە سەرایفو (لە بوسنا) رویداوە. بینیمان. یوغوسلافیا لە بەر چاومانە. ئەوە فیدرالیزمە. چیا (یەکیک لەوانەی کە لە کوبوونەوە پالتاکیەکەدا پرسیاری کرد) ئەپرسی باشە ئەی چونە جیابوونەوە قوبوول دەکەن؟ ئایا ئەمە ناکوکی نیە؟ نەخیر ناکوک نیە .لە بەرئەوەی لە حالتیکدا نەفرەتی نەتەوەیی ئەوەندە قولدەبیتەوە، بە هەولی شوفینستی ناوەندی و ناسیونالیزمی ناوچەیی ئەوەندە ئەم نەفرەتە قوول ئەبیتەوە کە میژوویەک لە شەرو پیکادان، نارەحەتی و دژایەتی لە نیوان تاکە جیاوازەکانی کومەلگەدا پیک ئەهینیت کە هیچ ریگایەک جگە لەوە نامینیت بو ئەوەی کە نیاز پاکی خوت نیشان بدەی وە بلیی بە لەبەر چاو گرتنی ئەو میژووە خویناویو خوین ریژی یە، نەتەوەیەک کە بەو ریژەیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ژیر چەوسانەوەدا بووە وە ئیتر نا توانیت ریک بکەویت، وەرە ریگەبدە سەیرکەین ئەیەویت یەک جاریتر تاقی بکاتەوە کە ئەیەویت پیکەوە بژین یا دەیەویت وولاتی خوی دامەزرینیت. ئەمە چارەسەریکی تالە .جیابوونەوەی ژمارەیەک لە کومەلگایەک کە پیشتر ژیانیان تیدا بەسەر بردوە و بەشیان کرد وە جیا بوونەوەیان لە سەر بنەمای قەومیەتیان یەک رووداوی تالە. بەلام ئەگەر ناچار بووین دەبی ئەم کارە بکەین. هیچ کاتیک نەمان ووتووە کە قایلین بە مافی هەموو میللەتیک بو دامەزراندنی دەولەت. حەتمەن بەو جورە نیە .هەروەک چون قوبوولمان نیە وولات بو هەموو دینەکان دامەزرینن، بو هەموو میللەتانیش قوبوولمان نیە بە تەئکید وولات ماناکەی نە نەتەوەیە وە نە گەلە وە نە مەزهەبە، یەکیتی دلخوازانەی ئینسانەکانە. لە ئەنجامدا هەر ژمارەیەک کە بیانەوی پیکەوە بژین ئەبی بتوانن بە یەکەوە بژین، هینانی (ووشەی) میللەتو ناسیونالیزم لە پیناسەی دەولەتدا، )بەومانایەی کە) ئیرە حوکمەتی ئیرانیەکانە. ئیرە حکومەتی لورەکانە وهتد، ئەمە بە بوچونی ئیمە کونەپەرستانەیە .

سەبارەت بە کوردستان، ئیمە بەردەوام ووتوومانە کە کیشەیەکی میللی مەترەحە. هەروەک چون کیشەی فەلەستین کیشەیەکی نەتەوەیی یە و مەترەحە. بەلام کیشەی باسک کیشەیەکی نەتەوەیی و مەترەح نیە. سەرەرای ئەو هەموو توپ بارانەی کە باسکەکان لە باکوری ئیسپانیا دەیهاویژن. کیشەی باسک کیشەیەکی نەتەوەیی مەترەح نیە. کومەلگای ئیسپانیا دەگەرینیتە دواوە. بەلام کیشەی فەلەستین کیشەیەکی نەتەوەیی و مەترەحە ئەبی وەلام وەرگریتەوە. کیشەی کوردستان کیشەیەکی نەتەوەیی مەترەحە ئەبی وەلام وەرگریتەوە. مانای ئەوە نیە کە کیشەی خوراسانیش ئەبی وەلام وەرگریتەوە. لیرە کیشەیەکمان نیە. هەرکاتیک ناسیونالیستیکی نەتەوە پەرست لە هەر دوو لاوە پاش پەنجا سال درو و خوین ریژی، ئەوکاتە ئەبی لەگەل هەمان سیاسەت هەلویست بگرین .



بەلام سیاسەتی نوی و پیشنیاری ئیمە بو خەلکی کوردستان چی یە؟ ئەوەیە کە یەکیتی دلخوازانە هەلبژیریت. ئیمە ئەبیت ریفراندوم بخەینە بەردەم بو ئەوەی ئەو خەلکە بزانن کە بریار بەدەست خویانە، بەلام دەتوانین پیشنیاری بو بکەین کە بمیننەوە وە نەرون، سیستەمەکە شورایی یە. دەسەلات لە گەرەکەکانە، دەسلات بەدەست تاک تاکی کومەلگاوەیە. لە ئەنجامدا، نەخیر ناکوکی نیە. ئیمە راسپاردەی جیابوونەوە ناکەین. ئیمە مافی ریفراندوم بەرسمی دەناسین .ریفراندوم بە میهرەبانی ئینسان کوژەکانی دەولەتانی ئیسلامی و پاشایەتی لە کوردستان، بە میهرەبانی مەحروم کردنی لە مافە بنەرەتیە کانیان، بەمیهرەبانی میلیتاریزە کردنی بەشیک لە لایەن حکومەتی هەمان وولاتەوە و بومب وتوپیک کە کویان کردوتەوە، ناچار بووە، تو بوئەوەی کە بتوانیت ئەو متمانەیە بەدەست بینی، تاخەلکی کوردستان بتوانن ئاسودە بمینن وە بو ئەوەی بتوانی وەلامی ناسیونالیستە کوردەکان بدەیتەوە ئەبی بیدەتە دەست خەلک خوی. راستیەکەی من لەو باوەرەدام سەرەرای هەموو ئەو میژووچەیە خەلکی کوردستان لەیەک ریفراندومی ئازاد دا دەنگ بە جیابوونەوە نادەن. لیکدانەوەی شەخسی من ئەوەیە. ئیستا ئاوایە. هەتا سەرەرای ئەو هەلومەرجە کارەسات بارە، تا ئەوەی بگات بەوەی حکومەتیکی ئازادی خواز لە تاران لە دەسەلاتدا بیت کە نوینەرایەتی خەلک بکات، وە شورای سنە بە هەمان ئەندازە دەسەلاتی هەیە کە شورای هەر شاریکی تر هەیەتی.

وەرگیرانی: کاوە عومەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com